. عەلی وەردی

11

خەونەکان لەنێوان زانست و بیرو باوەڕدا

و. عەبدوڵڵا جبار

ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان

چاپی یەکەم

٢٠٠٥

خەونەکان
لە نێوان زانست و ئایدۆلۆژیا دا

لێکۆڵینەوەیەکە

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی خەون لە بیر و باوەڕ و نەریتی خەڵکی و ئەو بیردۆزانەی کە زانستی نوێ لەم بارەوە پێی گەیشتوە

نوسینی: دکتۆر عەلی وەردی

گۆڕینی بۆ کوردی: عبداللە جبار (مەشخەڵ کەوڵۆسی)

ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان

ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی

سلێمانی ـــــــــــــــــــــــــ ٢٠٠٥

مافی لەچاپدان و لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە بۆخانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : خەوتەکان لەنێوان زانست و بیروو باوەڕدا

بابەت : لێکۆڵینوە

نوسینی : د/ عەلی وەردی

گۆڕینی بۆکوردی : عبدالله جبار

تایپ : شێرزاد موکریانی

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

ساڵی چاپ : ٢٠٠٥

تیراژ : (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: (٢٢٧) ساڵی٢٠٠٥ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پێڕست

پێش دەستی پاچڤەکار................................ ٥
پێشەکی.. ٩

دەروازەی یەکەم

بەشی یەکەم : بۆچەنی قەیمیەکان لەمڕخەون......... ٤٣

بەشیدووەم :ڕای موسوڵمانان لەبارەی خەونەوە............ ٥١
بەشی سێیەم: ئاسەواری خەون لەکۆمەڵگای ئیسلامدا............. ٥٩
بەشی چوارەم : کاریگەری خەون لەسەر بیروباوەڕە ئیسلامیەکان........ ٧١

دەروازەی دووەم

بۆچونە نوێیەکان لەمەڕخەون

بەشی پێنجەم : پەرچەکردار............................... ٨٩
بەشی شەشەم : مەزنیەتی فرۆید ٩٤
بەشی حەوتەم : خەون و سروشتی مرۆیی ١٠٠
بەشی هەشتەم : ئاوەزی ناوەکی............................. ١٠٨
بەشی نۆیەم : فرۆید و ئارەزووە مرۆییەکان.................... ١٢٠
بەشی دەیەم : فرۆیدو خەونەئازار بەخشەکان.................. ١٣٠
بەشی یانزەیەم : خەواندنی کۆمەلآیەتی........................ ١٤٣
بەشی دوانزەیەم : خەونەکیشۆتیەکان.......................... ١٥٧

دەروازەی سێیەم

زانست و دیاردە نائاسییەکانی خەون

بەشی سیازدەیەم :هەوڵدانەکانی خەو.......................۱۸۳

بەشی چواردەیەم : هەوڵدانەکانی خەون پاشگر......................۱۹۸

بەشی پازدەیەم : خەونەکانی خەواندنی موگناتیس......................۲۱۳

بەشی شازدەیەم : بلیمەتی خەونەکان ۲۳۳

پاشکۆکان

پاشکۆی یەکەم : کۆمیدیاغی ئاوەزی مرۆڤ......................۲۵۹

پاشکۆی دووەم : لەنێوان گونجاوو ئەستەمدا......................۲۸۰

پاشکۆی سێیەم : هەستی شەشەم، دیاردە نامۆکانی ئاژەڵ ۳۰۳

پاشکۆی چوارەم : ئەست چییە؟ ۳۲۹

پاشکۆی پێنجەم : لەنێوان دێوانەیی‌و بلیمەتیدا ۳۵۷

پاشکۆی شەشەم : دێوانەیی و کۆمەڵگە ۳۷۹

وتەی ماڵئاوایی......................٤٠٩

(پێش دەستی پاچڤەکار)

ئەمرۆ باری ڕۆشنبیری و کەلتوری گەلی کورد بە قۆناغی دروست بوون و فۆرمەلە بووندا تێدەپەڕێت ، هێشتر (ڕۆشنبیریی کوردی) ئەدگار و خەسڵەتەکانی ئاشکرانین ••• زۆرێك روتەن و، لێرەوارو ، ئاوێزەو، زورگەن و ، کەژو ، کێف ماون که ڕوناکبیری کورد تا هەنوکەش خۆی لەقەرەیان نەداوە و هەڵوێستەی لە ئاقاریاندا نەکردووە ، چ جای ئەوەی تێگەیشتنێکی تۆکمەی هەبێت لەسەریان ، گەر هەشی بێت نا توانێت ئەو تێگەشتنە بگوازێتەوە بۆ نێو ئاوەزی تاکی کوردی، چونکە زۆر جار باەای ڕۆشنبیر بۆ خۆیشی یان توخنی (پرس) ەکە نەکەوتووە ، یاخود هێشتا ماوەیەنی تێگەشتنێکی تۆکمەی لە ئاقاردا گەڵاڵە بکات •

هەر بەم پێودانگە دەتوانین بڵێین : (کتێبخانەی کوردی) یش ، هەرچەندە هەنگاوی باشی بڕیوە بەڵام لەزۆر ڕووەوە هەژاری و نەداری (و فرە جاریش لاساری ، بەتایبەت کەدەبینین شەپۆلێ کتێب و نامیلکەی کوردی بێ ئەرزشی زانستی و ڕۆشنبیری چاپ دەکرێن و دەخرێنە سەر شۆستە و جادە کانمان !!) پێوە دیارە ••• ئینجا پڕکردنەوەی ئەو ئاتاجەش ئەرکی هەموانە و تەنها کاڵای باڵای بژاردە و کۆمەڵە کەسانێکی تایبەت نیە ، ئەمەش بەو واتایەی کە کار کردن لە کایە کەلتوریەکاندا ئەوەندەی ئەرك و بەر پرسیاریە ، نیو ئەوەندە ئیمتیاز و دەسکەوت نیە ، هەر بۆیە دەبینین شەقامەکانی بازێری ڕۆشنبیریمان چۆڵ و هۆڵن و تاك وتەرا خەڵکیان تێدا دەبینرێت •

هۆکاری خامۆشیو کرو کپی شەقامی ڕۆشنبیریمان ڕەنگە لەم دوو خاڵە دا قەتیس بێت :

١- لە بنەڕەتەوە بوارە ڕوناکبیری و کەلتوریەکەمان هێندە بەر تەسك و کەم مەودایە ڕێگە نادات ڕێوارەکانی نێوی ، وەك ئەوەی هەن خۆیان نمایش بکەن •••

بە دەربڕینێکی دیکە : بوارە ڕوناکبیریەکەمان هێشتر کۆرێیە !! بەم پێ یە کەم وکوڕی و ناتەواوی زۆریشی تێدا بەدی دەکرێن ، هەم لە ڕووی خودی بوارە کەوە و هەم لە ڕووی کارەکتەرەکانی ناویەوە •

٢- زۆر بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی ، ئەوەندەی ڕێز و حورمەتی چەقۆکێش و پیاوە فۆشمەکانی لەلایەو دەیان نرخێنن ، ئەوەندەی پیاوی دەوڵەمەند و موتربلی تێدا سەنگینە ، نیو ئەوەندە نگینەکانی فیکر و زاری ڕۆشنبیرانی لا بەبایەخ نیە !! ••• حیزبەکانی کوردستان و دەستەڵاتی کوردیش لەم ڕووەوە هیچیان کەمتر نیە لە کۆمەڵگەی کوردی ، هەر دەبی واش بێ ! چونکە خۆ دەستەڵاتی کوردی لە بۆشایی ئاسمانەوە نەهاتووە ، ئەدی هەر کوری نێو کۆمەڵانی خەڵك نیە ؟•

لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ولەژێر سایە وساباتی دەستەڵاتی کوردی دا ، تەنانەت نوسەر و ڕۆشنبیرە مەزنەکانیشمان (ئەگەر هەبن !!) نابێ چاوەڕوان بن ڕۆژێك لە ڕۆژان بە چاوی ڕێزەوە لە کۆمەڵگەدا سەیر بکرێن ••• بەڵکو ئەبێت هەمیشە چاوەڕوان بن تاکو لە زیاندان بکرێنە دەرەوەی کۆمەڵگەوە (کەنگێ بابای

ڕۆشنبیری ڕوت و ڕەجاڵ هاوشانی پیاوە بەرز و دراو لەمشت و چەك لەپشتەکان دەبێ !) بۆیە دەبێ چاوەڕوان بن لە بری ئەوەی پاداشت بکرێن ، باجی زمان درێژی و ڕەخنە گرتن و چاو تیژیەکەیان بدەن ، چونکە توانیویان ناتەواو یەکانی کۆمەڵگە و دەستەڵات ببینن !!•

وەلێ ئەفسوس ! کەنوسەرە گەورەکانمان دەمرن و عومری درێژ بۆ پیاوە دەبەنگەکان بە جێ دێڵن ، ئەوجا هەزار خاوەنیان بۆ دروست دەبێت ••• یەکێك پەیکەرێکی بۆ دەتاشێ ، ئەوی تر دێت پارکێ یان شەقام وشارێەکی بە ناوەوە ناو زەد دەکات •••• هتد !!•

ئەدی هەیاران ، ئەمە کوشندە ترین پەتا نیە لەنێو ئەقڵیەتی جەماعی کوردی دا!! ئەمە سەقەت ترین تێڕامان نیە لە ڕۆڵ ونرخی ڕۆشنبیران !! ئەمە بەهێزترین فاکتەر نیە بۆ وەی خەڵکی لە بوارە ڕۆشنبیریەکان دوربکەونەوە و ، شەقام و تولە ڕێکانی بازاڕی ڕۆشنبیریمان چۆڵـــــتر بکەن •!

*** *** ***

ئەمە حاڵ وباڵی پانتایە ڕۆشنبیریەکەمانە و ، لە نێو ئاوا بارو دۆخێکدا پەڕاوگەیەکمان بنیات ناوە ، و ناونراوە (کتێبخانەی کوردی) ! کەمێشتر زۆرێك لە ڕەفەکانی بەتاڵ و خاڵین و چاوەڕوانن بە بەرهەمی بەهێز پڕبکرێنەوە •• لەم کاتەشدا پتر لەهەر ساتێکی کە پێویستە بە بابەت و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی هەمەجۆر و پڕ بایەخ کتێبخانەکەمان پڕبکەینەوە •

*** *** ***

ئەم پەرتوکەی هەنوکە لە بەردەست و دیدی خوێنەرانی بەڕێزدایە ، یەکێکی ترە لە هەوڵ و کۆششە زانستی یەکانی مامۆستا(دکتۆر عەلی وەردی) ••• لەم لێکۆڵینەوەیەدا (د• وەردی) توانیویەتی هەڵکۆڕمان و هەڵوێستەیەکی قوڵ وکاریگەر بکات لەگەڵ (خەون) دا ••• چ لەڕووی زانستی یەوە یان لەڕووی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی خەونەوە •

من بۆ خۆم کاتێ پەرتوکەکەم خوێندەوە و لە ئەکیدا ژیام ، هەستم کرد پێویستە ئەرکی بە کوردی کردنی لە ئەستۆ بگرم ، چونکە بەڕاستی وەرچەرخانێکی نوێی دروست دەکات لە تێگەشتنی دیاردەی (خەون) دا ، سەرباری ئەوەش هێشتر ئەم پەرتوکە سەنگینە نەکراوەتە کوردی ، کە دەبوا بەر لە چەندین ساڵ بە کوردی کرابا ، وەلێ ئێستاکەش نەچوە بچێ !! بالە ئێستەوە بکرێتە جوانترین مەدالیا و بیکەین بەبەرۆکی پەڕاوگەی کوردی •

هەر چەندە نامەوێت لێرەدا خوێندنەوەیەکی کورتی کتێبەکە بکەم ، یاخود (دکتۆر عەلی وەردی) بە ئێوەی بەڕێز بناسێنم ، چونکە پێم وایە ئەو زۆر لەمێژە لای هەموان ناسراوە• •• بەڵام ئەوەندە دەڵێم : پەڕاوەکە بەهایەکی زانستی و ڕۆشنبیری گەورەی هەیە و، لەکاتی خوێندنەوەشی دا پتر بەنێو دەریا فراوانەکەی (د• وەردی) دا ڕۆدەچین و ، پەی بەزۆرێك لەو نهێنیانە دەبەین کەلە بابەتی خەون و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانیەوە لەلامان شاردراوەبوون ••• وەلێ با لێگەڕێین لێکۆڵینەوەکە خۆی نمایشی خۆی بکات •

*** *** ***

بەر لەوە ی كۆتایی بەم پێش دەستی‌یە كورتە بێنم ، حەز دەكەم ئاماژەیەك بدەم بەو ورتكە ڕەخنانەی كەلەدوای چاپكردنی پەرتوكی (واعیزەكانی سوڵتان) ئاراستەی من (وەكو وەرگێڕی كتێبەكە) كرابوو ••• ئەخاسمە ئەو برادەرەی كەلە ڕۆژنامەی (ڕێگای كوردستان) دا لە گۆشەی (یێژن) دا بەتوانجەوە نوسیبووی :(یەژن برادەریّ پەرتوكێكی عەلی وەردی وەرگێڕاوە و لەبەرانبەر "صاحب الشوكە " دا " خاوەنی دڕك " ی بەكار هێناوە) •

مەبەستی لەوەیە : من لەبەرانبەر واژەی " صاحب الشوكە" ی تێكستە عارەبیەكەدا ، واژەی " خاوەنی دڕك " م وەكار بردووە ، ئەو برادەرەشمان ئەو تەرزە بەكار هێنان و پاچڤە كردنەی بە هەڵەو ناتەواو داوەتە قەڵەم !! بۆیە بە شانازیەكی زۆرەوە (وەك هەنگی لە گوێزدا دیێتەوە) لە ڕۆژنامەكەی دا ئاماژەیەكی گاڵتە جاڕیانەی پیّ دابوو ••• هەنووكە منیش دەخوازم زۆر بە كورتی لە وەڵامی ئەو برادەرە دا بڵێم :

١- من خۆم بە خاوەنی ئەو وەرگێڕانە دەزانم و شانازیشی پێوە دەكەم •

٢- گرفتی هەندێ لە ڕۆشنبیرەكانی لای ئێمە ، ئەوەیە ڕەخنە دەگرن ،بەلام بیّ ئەوەی بزانن ڕەخنە لەچی دەگرن و ، قوڵ بوونەوەی پێویستیان هەبێت لە بابەتەكەدا••• بەدەربڕینێكی تر: هەندێ لەو بەڕێزانە تەنها بۆ خۆدەرخستن و " ئیسبات وجود " لە ڕۆژنامەكاندا دەنوسن ، نەك لە خەمی پرۆسە ڕۆشنبیریەكەدا بن (ئەدی سەرێ لەنێو سەراندا نەبێت بۆ برین نەبیّ بۆ چی باشە ! - وەك كورد دەڵێت) !! هەر بۆیە زۆر جار نوسینەكانیان تەنها دڵ ڕەش كردنەوەیە بیّ ئەوەی پەیامێكیان هەبێت •••

٣- ئەبیّ ئەو برادەرەمان بزانێت ، هەر ووشەیەك پێك دێت لە دووبەش (فۆرم + ناوەڕۆك) بۆیە من كاتێ "صاحب الشوكە" م كردۆتە " خاوەنی دڕك " گەر تەنها لەم ڕووەشەوە سەیربكرێت ، واتە لەڕووی فۆرمی وشەكەوە سەدا سەد مەبەستم پێكاوە و ، هیچ زمان زانێكیش ناتوانێت بڵێت: وانیە !!

٤- نوسەر كەدەڵێت : "صاحب الشوكە" مەبەستی لە كەسێكی بەدەسەلات وستەم كارو زۆردارە (ئەمە مانا " ئیستلاحی" یەكەی ئەو وشەیە) ئەو برادەرەش پێی باش بوە منیش بەو شێوەیەم وەربگێڕایە ••• بەلام من وەكو كوردێك لەكاتێكدا مامەڵە لەگەڵ دەقێكی بیگانەدا دەكەم وئەمەوێت بیكەمە كوردی ، سەربەستم لەوەدا بەهەركام لە دیالێكتە كوردیەكان وەری بگێڕم ، مادامێك ئەو وشەیەی بەكاری دێنم لە تۆشەدانی فەرهەنگی كوردی دا جێگەی دەبێتەوە و كوردیش لێی حاڵی دەبن •• لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕونكردنەوەیەدا ، بە برادەرەكەی (ڕێگای كوردستان) دەڵێم : لە بناری سورێن و هەوزەی شارەزووردا بەهەركەسێك گوترا: " فلان كەس دڕكی هەیە " ، مەبەستیان لەوەیە: " زۆردارە و توند وتیژی ودەسەلات و توانای هەیە " ••• من بەزمانی خەڵكی دەڤەری شارەزوور ئەو وشەیەم وەرگێڕاوە " واش دەزانم كارێكی خراپ و یاساغم نەكردبێت ! " ئیدی گوناهی، من یان خەڵكی دەڤەری شارەزوور چی یە، كە برادەرێكی

ڕەخنەگرو زمان زانمان لەو دیالێکتە کوردیە تێ نەگات !! ئەو برادەرەمان دەتوانێت بچێتە شارەزوور و لەهەر کوردێک بپرسێ : " فلان کەس درکی هەیە ، یانی چی ؟" دەست بەجێ وەڵامی دەدەنەوە :" مانای ئەوەیە زەبر و زەنگ و دەسەڵاتی هەیە " جانازانم ئێستا ئەو برادەرەمان قەناعەت دەکات یاخود زەحمەتی سەفەرێک بۆ دەڤەری شارەزوور دەخاتە بەر خۆی !!•

لە کۆتایی دا بەو برادەرە دەڵێم : بەڕێزت مەحکومیت بەوەی زیاتر بخوێنیەوە و ، شارەزایی لە لەهجە ناوچەییەکانی زمانی کوردیدا پەیدا بکەیت ، نەک ئێمە وەمان ناچار بین بەوەی لەبەر ئارەزوو و ئاستی تێگەشتنی بەڕێزتان دەست بەرداری ووشە ڕەسەنەکانمان بین !!•

***　　***　　***

ماوەتەوە بڵێم : هەندی لەو دەستەواژەو شێوازە نوسین و زاراوانەی لەم پەرتوکەدا بەکارهاتوون ، مامۆستا (عەلی وەردی) بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون ، تەنانەت ڕەنگە هەندێ لە ناوزەد کردنەکان تەنها مڵکی (د• وەردی) بن ••• بەندەش لەو ڕوانگەیەوە ، هەندێ جار ناچاربووم مامەڵەیەکی (حەرفی) ڕووت لەگەڵ ناوزەد کردنەکاندا بکەم ، هەرچەندە هەوڵیشم داوە تارادەیەکی زۆر ناوزەد کردنەکان هەم نزیک بن لە تێگەشتنی خوێنەری کوردەوە و ، هەم بە بابەتەکەشەوە گرێ بدرێت و لە بازنەی مەبەستەکەی نوسەر دەرنەچێت •

بۆنمونە: مامۆستا (وەردی) ئاماژە بەیەکێک لە قوتابخانە فەلسەفیەکان دەکات وناوی دەنێت(لاادریین) ئینجا من لە ئاقاری ئەم وشەیەدا لەوێکەیە زیاترم پێ شک نەهات کەبە (نازانمیەکان) وەری بگێڕم ، واتە ناچار بووم مامەڵە لەگەڵ (فۆرم)ی وشەکەدا بکەم ، چونکە هەرچەند سەرنجم دەدا لەگەڵ مەبەستەکەی مامۆستادا وێک دەهاتەوە ، جگە لەوەش هەقە دان بەو ڕاستی یەدا بنێم کەئەوشێوازە دەربڕینە جوانترم شک نەبردا!•

ئیتر نازانم لەگۆشەی کام ڕۆژنامەدا بابەتێکی تر دێت و بەمەرەدی "صاحب الشوکە" کەی لەسەر واعیزەکانی سوڵتان "سەر پێیی یانە توانجمان ئاراستە دەکاتەوە !! •

لەو توانجە سەر پێ یانەش بترازێ ، ئیدی شادومانم بە خستنە ڕوو و پێشکەش کردنی ڕەخنە بابەتی و زانستی و قوڵەکانتان ، وەك دیاریەکی سەنگین و خەڵاتێکی بەنگین ••• تاکو لەچاپەکانی داهاتوودا کەڵکی لێ وەربگرم•

سەربارێ ئەم ڕازانەش، خوازیارم ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد ، ئەم هەوڵەم وەك دیاریەکی بچوك لێ قبوڵ بفەرموون (ئاخەر دیاری شوان یان شنگە یان هەڵەکۆك) ••• هیوادارم توانیبێتم ڕازەیەکم بە خوێنەرانی کورد و پەراوگەی کوردی کردبێ ••

عەبدوڵا جەبار شەمسەدین (مەشخەڵ کەولۆسی)

mashxalkaulusy @yahoo.com　　abdula_m@hotmail.com

mob- 07301121586　　tel - 0538840167

پێشەکی

پەیڤێ کە دەبێ بگوترێ

ئەم پەرتوکەی هەنوکە لە بەردەستی خوێنەراندایە چیرۆکێکی هەیە کە لە کۆمیدیا خاڵی نیە، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٧ دا دەستم بە چاپکردنی ئەم پەرتوکە کرد، وا بڕیار بوو لە هاوینی هەمان ساڵدا کۆتایی بە چاپکردنی بێت، هەر بۆیە چەندین جار لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا باسم لە وادەی نزیکی دەرچونی پەرتوکەکە کرد.

پەرتوکەکە وەك خوێنەر دەبینێت دابەشکراوە بۆ سێ بەش، هێشتر چاپخانە لە چاپکردنی دوو بەشی سەرەتا نەبووبوویەوە کە داوام لێکرد چاپکردنی ڕابگرێت، و دوای بخات و ئەو بەشانەش کە چاپکراون لەسەر ڕەفەکان دابنێت .. چاپخانەش بێئەوەی بزانێت هۆکاری ئەم داوایەم چییە، بە قسەمیان کرد ... ئیدی پەڕە و بەشە چاپکراوەکانی پەرتوکەکە لە نێو گەنجینەی چاپخانەکەدا پەیتا پەیتا تەپ و تۆزی لەسەر دەنیشت و تیشکی خۆر لێی دەدا و دەی پورتوکاند.

بەم باسە نامەوێ بانگەشەی نازایەتی و پاڵەوانێتی بۆ خۆم بکەم،یاخود وا نیشان بدەم کە پەرتوکەکە دژایەتیەکی ئاشکرای ڕژێمی ڕامیاری پێشووی تێدایە ... لەڕاستی دا کتێوەکەم خاڵییە لە هەر جۆرە دژایەتیەکی بەو شێوەیە ... خوێنەریش هەر کە پەرتوکەکەی خوێندەوە ڕاستی گوتەکەمی بۆ دەردەکەوێت ... وەڵێ دواخستنی چاپکردنەکەی بۆ وە دەگەڕێتەوە کە هاوڕێیەکم ئامۆژگاریەکی کردم و باسی شتێکی کرد کە من لە بەردا هەستم پێ نەکردبوو.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی پێشودا، نەریتم وابوو کتێبێکم چاپ و بڵاو نەدەکردەوە بۆ خەڵکی، دوای ئەوە نەبێت کە ئەم خستنە بەر دەستی هەندێك لەو هاوەڵ و برادەرانەی کە دەرك بە ناواخنی شتەکان دەکەن و سەریان لەسیاسەت دەرنەچێ ...

ئنجا گوێشم بۆ ئامۆژگاریەكانیان دەگرت تاكو نەگلێم لە گرفتێكەوە كە هیچ پێویستیەكم پێی نیە، یان خۆم وەردەم لە بابەتێك بەهۆیەوە توند بكرێم لەبەندیخانە.

ڕۆشتم بۆ لای هاوەڵێكم و بابەتەكانی ئەم كتێوەم خستە بەر دەستی، سەیرێكی كرد و ئنجا برۆكانی بەرز كردەوە و زەردەخەنەیەكی نائومێدی لەسەر لێوی بوو، گووتی: براكەم! ئامۆژگاریت دەكەم كە لەم كاتەدا ئەم پەرتوكە بڵاو نەكەیتەوە.

لەم ئامۆژگاریەی هاوڕێكەم سەرسام بووم، چونكە دڵنیا بووم لەوەی پەڕاوەكە باسی (خەون) دەكات و هیچ فڕێكی بەسیاسەتەوە نیە، نە لە دوور و نەلە نزیك ... لە ڕاستیش دا لە نێو هەموو پەڕاوە چاپكراوەكانم دا كەمترین سیخورمە و گەستنی تێدایە...

بەڵام هاوڕێكەم دەربارەی كتێبەكەم گوتی ڕاستەوخۆ هەستی بنەماڵەی دەستەڵاتدار و خێزانی پاشایەتی بریندار دەكات، چونكە بە پەنامەكی توخنی (چینی شەریفان)[1] دەكەوێت كە وەچەی پێغەمبەرن ... ئەم توخن كەوتنەش پادشا و خزمەكانی توڕە دەكات، چونكە ئەمان لە حوكم كردن دا (وەك خۆیان بڕوایان پێیەتی) پشتیان بەستوە بەو مافەیان كە بە میراتی بۆیان ماوەتەوە بەو پێیەی كە لە (ئەهل و بەیتی) پاكی پێغەمبەرن.

هاوڕێكەم گەشتە ئەو دەرئەنجامەی كە ئەوان ئارام دەگرن لەسەر رەخنەیەك كە ئاراستەی سیاسەتی وەزیرەكان یاخود فەرمانبەرەكانیان بكرێ، بەڵام ئارام ناگرن لە كاتێك دا رەخنە ئاراستەی بنەماڵەی پادشا یا خود ئەو هێزە پەنامەكیە بكرێت كە لە پشتی پەردەوە یارمەتیان دەدات ... بنەماڵەی پادشا بە جەفەنگ و دروشمی ڕژێم دادەنرێن، جا ڕەخنەگرتنیش لەو جەفەنگە لە دیدی واندا گەورەترین و دزێوترین تاوانە كەمرۆڤ لەم وڵاتە دا بیكات ... وەك بانگەشەیەكیشە بۆ ڕماندنی ئەو بناغەیەی كە قەوارەی ڕژێمەكەی لەسەر بنیات نراوە.

هێشتر ماوەیەكی زۆر بەسەر ئەم هەڤپەیڤینەی من و هاوڕێكەم دا گوزەری نەكردبوو، كە لە عێراق و لوبنان و ئوردون دا، هەرایەك بەرپاكرا، لەبەرانبەر وتارێك دا كە نوسەرێكی میسری بڵاوی كردبویەوە و تیای دا ئاماژەی دابوو بەوەی كە ئیسلام

پاساوڵ و داربەدەستەکانی سەردەمی رابردوو ئەم هەڵەیان قۆستەوە و دەهاتن و دەچوون و هەر مل ئەدانێك بە فەزڵ و پلە وپایەی نەژادی (شریف)یان بەدەرچوون لە ئاین دەدایە قەڵەم.

ئەز لەم هەرایە دا جارێکی‌تر هۆکارێکی جیدیم بینی کەهانی دام بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕاوە دوا بخەم ... گەر بهاتبا و ئەم پەرتوکەم لەکاتی هەراکەدا چاپ بکردایە ئەوا هەندێك لە خەڵەتاوەکان دوودڵ نەدەبوون لەوەی لەبەر خاتری خوا بمکوژن، وەك ئەوەی کە هەوڵیان دا لە دوای چاپکردنی پەرتوکی (واعیزەکانی سوڵتان) دەرهەقم بیکەن.

لێرەدا دەمەوێت سەرنجی خوێنەر رابکێشم بۆ لای ئەوەی کە من لەم پەرتوکەدا هەوڵم نەداوە لە پلە و پایەی (ئەهل بەیت) بێنمە خوارێ، چونکە من خۆم یەکێکم لەوانەی بروایان بە فەزڵ و رێزی (ئەهل بەیت)ی پێغەمبەر (د.خ) هەیە ... تەنانەت لە هەندێ لە پەرتوکەکانی پێشوم دا باسم لە شوێنەواری چاکی ئەوان لە ئیسلام دا کردوە.

بەڵام گەر ئێمە (ئەهل بەیت) بە پیرۆز بزانین تەنها پشت بە نەژاد نابەستین، چونکە نەسەب لای خودا چ نیە ... وەك زانراوە ئیسلامیش یەکسانی خستە نێوان گەورەیەکی قورەیشی و کۆیلەیەکی حەبەشی.

لە ئیسلام دا پێوەری رێز و پلە و پایە کردەوەی چاکە، وەڵ ئەو سەیدەی کە کردەوەی بەد دەکات و ستەم لە خەڵکی دەکات لای خودا نەژادەکەی شفاعەتی بۆ ناکات کە لەوەچەی پێغەمبەرە ... لە پێغەمبەریش گێردراوەتەوە کە دەرهەق بە ئەهل و بەیتی خۆی فەرموویەتی (انی لااغنی عنکم من الله شیئا)!

ئەهل و بەیت لەسەرەتای ئیسلام دا بۆیە پلە و پایەی بەرزیان هەبوو، چونکە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ بون و ماڵ و گیانی خۆیان بەخشی لە پێناوی قەڵاچۆکردنی ستەم داوەڵ ئەوانەیان کە لایەنگری ستەم کاران بوون، موسڵمانە یەکەمینەکان بە سوك سەیریان دەکردن، وەك چۆن هەر کەسێکی‌تری لایەنگری ستەم کارانیان بە سوك و بێئەرزش سەیر دەکرد.

پێغەمبەر، دژایەتی ئەو چینەی دەکرد کە بەهۆی ئەژادیانەوە خۆیان لە خەڵکی بە بەرزتر دەزانی ... بۆیە ناچێتە عەقڵەوە پێغەمبەر لە وەچەکانی خۆی چینێك دروست بکات جێگەی ئەو چینە بگرێتەوە (کە خۆی لەناوی برد)... لەم ڕووەوە ملەجەڕێی ئەوە ناکەم کە پێغەمبەری ئامۆژگاری ئەتەوەکەی کردبێت تا بەچاکی و جوانی لە گەڵ وەچەکانی دا بجولێنەوە ... بەڵام ئەمە یانی نە کە لە ئەهل و بەیتەکەی چینێك پەیدا ببێت کە بە باڵایی تاهەتایە بمێنێتەوە.

پێغەمبەر (د.خ) بۆیە ئامۆژگاری بەچاکی جولانەوەی کرد لە گەڵ وەچەکانی دا، چونکە بە چاو تیژی خۆی دەیزانی، کە هەندێ لەوانەی کە دژن بە خۆی! لە دوای مردنی تۆڵە لە وەچەکانی دەکەنەوە، وەك ئەفامەکان کە بەرانبەر دوژمنەکانیان دەیکەن ... لە بەر هەمان هۆکاریش ئامۆژگاری خەڵکی کردوە لە گەڵ پشتیوان (ئەنسار)ەکان دا بەچاکی بجولێنەوە. خوداش زاناترە.

*** *** ***

ڕەنگە یەکێك لێم بپرسێت: جا چ پەیوەندیەك هەیە لە نێوان ئەم کتێبە دا کە لە خەون دەدوێت لە گەڵ مەسەلەی سەیدەکان و ئەهلی بەیت دا؟

ڕاستیەك کە شیاوە خوێنەر بەر لەوەی ئەم پەرتوکە بخوێنێتەوە بیزانێت، ئەوەیە کە من لە بارەی خەونەوە، لەسەر شێوازی زانا دەروونناسەکانی پێشوو ئەمنوسیوە، دانیش بەوە دا دەنێم کە من پسپۆڕ نیم لە بابەتی خەون لە ڕوە سایکۆلۆژیەکەیەوە، پسپۆڕێتی بەندە، وەك خوێنەریش دەزانێت، بریتیە لە زانستی کۆمەڵناسیی، وەڵێ هەستم کرد کە (خەون) بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ توخنی بابەتی پسپۆڕێتیەکەم دەکەوێت ... ئەمەش مەسەلەیەکە لە وڵاتە پێشکەوتوو شارستانیەکاندا زانایانی سۆسیۆلۆژی گرنگی پێنادەن ... چونکە ئەوان وا نابینن کە لە وڵاتەکانیان دا خەون پەیوەندی توند و تۆڵی هەبێت بە پرسە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەمە لە کاتێك دا لە وڵاتەکانی ئێمە دا، بە پێچەوانەیە.

دەتوانم بڵێم: ئێمە لەو ئەتەوانەین کە زۆر لە ژێر کاریگەری خەون داین، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە زۆربەی بیر و باوەڕ و نەریتەکانمان، لە ئەنجامی بە پیرۆزکردنی

خەونەکانمانەوە تیاماندا دروست بون و گەشە و نەش و نمایان کردوە ... هەندێک لە پیاوانی ئاینی لای ئێمە پێیان وایە جاری وا هەیە هەندێک لە خەونەکان دەربڕی سروش (وحی)ن کە نابێت گومان لە ڕاستی و دروستیان بکرێ ... نەخوێندەوارەکانیش لەم ڕووەوە بە دوای پیاوانی ئاینی دا ڕۆشتون، تا ڕادەیەک کاریگەریەکی زۆر خراپی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە.

ئەم بیر و باوەڕە کاتێک تیایاندا زیاتر بنچ دادەکوتێ کە لە خەویاندا پێغەمبەر (د.خ) یاخود پێشەوایەکی ئاینی دەبینن و فەرمانێکیان پێ‌دەدەن. ئەمان لەو کاتەدا بڕوایان وایە خەوەکانیان راست و دروستە بۆیە دەبینین هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەو فەرمانەی پێغەمبەر (د.خ) یان پێشەوا ئاینی‌یەکە لە خەودا پێی گوتون، هەروەکو لەکاتی بێداری دا پێی گوتبن. یەکێک لەو فەرمودانەی کە لەم بارەوە گێڕدراونەتەوە، ئەو فەرموودەیە کە (ئەهلی سوننە) دەیگێڕنەوە و لە پەڕاوەکانیشیان داهاتووە، و دە فەرمێت: (من رآنا فقد رآنا، فان الشیطان لایتکوینی)[٣] واتە "هەر کەس بمان بینێ لە خەودا، ئەوە هەر بەراستی بینیوینی، چونکە شەیتان خۆی ناکات بە ئێمە"، هەر لەم بارەوە شیعەکانیش ئەم فەرمودەی ئاوها لە پێشەواکانیان دەگێڕنەوە. فەرمودەی دیکەی هاوشێوەی ئەم فەرمودەیە بە بەربڵاوی لە نێو پەرتوکەکانی فەرمودە دا هەن ... ئەمەش بەلگەیەکە لەسەر ئەوەی هەموو پێڕە ئیسلامیەکان، جگە لە (موعتەزیلە و زەیدیە)، یەکڕان لەسەر ئەوەی هەرچی لە سەر زاری پێغەمبەر و پێشەوایان هاتە دەرێ کاتێ لە خەودا دەبینرێن راست و دروستە ... ئەمەش وایکردووە موسڵمانان هەندێ بیر و بۆچوونی وا وەرگرن کە خودا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەهێناوەتەخوارێ.

یەکێکە لەو بیر و باوەڕانەی بە هۆی خەونەوە تەشەنەی کرد و دروست بوو لە نێو موسڵمانان دا بریتی‌یە لە (بیر و باوەڕی پیرۆزکردنی سەیدەکان "وەچەکانی پێغەمبەر") بە چاوپۆشین لەوەی چ کارێک دەکەن یان چ ئاکارێکیان هەیە.

لە بەشی چوارەمی ئەم پەرتوکە دا چیرۆکی هەندێ لەو خەونانەم باسکردوە، کە تیای دا موسوڵمانێک پێغەمبەر (د.خ) یان فاتیمەی زەهرا، یاخود پێشەوایەکی ئاینی

ئەهل و بەیتی دیوە و، فەرمانی ئەوەیان پێداوە کە ڕێز لە سەیدەکان بگرێت و گوێڕایەڵیان بێت سەرەڕای هیچ و بوچی و ستەم کاریان ... هەندێك لە موسڵمانانیش زۆر بە داخەوە ، ئەم چیرۆکانە دەگێڕنەوە و بڕوایان پێیەتی و بە گرۆگی شەریعەتی ئیسلامیشیان دادەنێن.

خوێنەر لە بەشی چوارەمی ئەم پەرتوکە دا دەبینێت، کەمن بە تایبەتی باسم لەو خەونانە کردووە کە (ئیبن و لحەجەری هەیتەمی) لە کتێبەکەی دا (الصواعق المحرقە) باسی کردوە ... ئەو پەرتوکەی (ئیبن و لحەجەر) بۆ ئێمەی عێراقی گرنگی تایبەتی هەیە ... چونکە ئەو لە کاتێك دا ئەو پەرتوکەی نوسیوە، لە (حیجاز) دا ژیاوە، لە ژێرستەمی بنەماڵەی (هاشمی) دا، ئەو بنەماڵەیە کە ئێمەش بەم دواییانە کەوتینە ژێر ستەمیان و ئەوی چەشتمان بە دەستیانەوە چەشتمان.

وا دیارە (ابن الحجر) یەکێك بوە لە (واعیزەکانی سوڵتان). هەرلە بەر ئەوەش دەبینین لە پەرتوکەکەی دا ستایشی بنەماڵەی هاشمیەکان دەکات و باس لەو خەونانە دەکات کە تیایان دا پێغەمبەر (د.خ) یاخود فاتیمەی کچی بینراون و فەرمانیان بە موسڵمانان کردووە (سەیدەکانیان خۆشبوێت و مل کەچی حوکم و دەستەڵاتیان بن و ڕێزیان بگرن).

هەندێ ئاکار و بیر و باوەڕ:

کاریگەری خەون لە سەر موسڵمانان تەنها لەو بوارە دا کورت هەڵناهێنرێ کە لێی دواین ... بەڵکو چەندین بواریتر هەیە کە خەون تیایاندا جێپەنجەی کۆمەڵایەتی گەورەی هەبوە ... لەم کتێبە دا هەندێکیانم باسکردوە و هەندێکیتریشیانم لە دەست چوە و باسم نەکردوە.

لەم ماوەیەی دوایی دا نامیلکەیەکی بچوکم دۆزیەوە پەیوەندیەکی بەم باسەی ئێمەوە هەیە .. نامیلکەکە بریتیە لە ژیاننامەی شێخ (ئەحمەد ئەحسائی) و هەر بە پێنوسی خۆیشی نوسراوە.

زۆرینەی خوێنەران شێخ (ئەحمەد ئەحسائی) ناناسن، دیارە ئەویش پیاوێکە شایستەیە خوێنەران بیناسن و لێکۆڵینەوە لە ئاسەوارەکانی بکەن، ئەم پیاوە لە کۆتاییەکانی سەدەی دوانزەی کۆچی دا، گروپێکی ئیسلامی تایبەت بە خۆی دامەزراندوە و شوێنکەوتوانێکی زۆری هەبوە و ئەمڕۆش لە هەندێ ناوچەی عێراق و ئێران دا بلاّو بونەتەوە ... ئەم گروپە بە زیادەڕۆیی ناسراون لە بەرانبەر دوانزدە ئیمامەکەدا ... دواتر هەر لەم گروپەوە، گروپەکانی (کەشفی و بابی و بەهائی و ... هتد) سەریان هەڵدا.

کاتێ سەرنج لە ژیاننامەی (شێخ ئەحمەد ئەحسائی) دەدەین، دەبینین زۆربەی بیر و باوەڕە توندەکانی لە خەونەوە وەرگرتوە، پشتیشی بەو فەرمودەیە بەستوە کە دەڵێت: (من رآنا فقد رآنا حقاً ...).

شێخ دەربارەی خۆی دەڵێت: یەکەمجار لە خەودا حەسەنی کوڕی عەلی (سلاّوی خوای لێ بێت)ی بینیوە، داوای لە حەسەن کردوە شتێکی فێر بکات هەر کات حەزی کرد حەسەن یان هەر کەسێکیتر لە خەودا ببینێت، ئەو حەزەی بێتە دی و لەخەو دا بیان بینێت... بۆیە حەسەن چەند کۆپلەیە هۆنراوەی فێرکردوە ... دواتر ئەو چەند کۆپلەیە بونە کلیلی گەنجینەیەکی گەورەی زانیاریەکانی شێخ ... چونکە بە هۆی ئەو کۆ پلانەوە توانیویەتی بەپێی پێویستی خۆی هەر ئیمامێکی بوێت لە خەو دا ببینێت.

شێخ ئەحمەد بۆ خۆی سەبارەت بە خەونەکانی ئاوەها دەدوێت بە دەق: "لە ئەنجامدا زۆرینەی پێشەواکانم لە خەو دا دیوە ... تەنانەت دەڵێم هەموویان جگە لە جەواد ـ سلاّوی خوای لێبێت ـ کە گومانم هەیە لە بینینی ـ هەر کامێکیشیانم دیوە بە دەم داواکاریەکانمەوە هاتون ... چەندین ساڵ هەر چیەکم لێ گیر بوبێت لە بێداریم دا ئەوا لە خەون دا چارەکەیم پێ گوتراوە. شتەکانیش هێندە زۆرن ناتوانم بە تەواوی و وردی باسیان بکەم ... لەوەش سەیرتر: لە خەون دا بەو شێوەیە دیومن کە لە بێداریم دا دەمەوێت، بە جۆرێ هەر چی پشتیگیری بەڵگەکانی بکات بۆم دەکرێتەوە و نیشانم دەدرێت و بەپێچەوانەوە .. ئەگەر تۆش دەتەوێت راستی قسەکانم بزانیت ئەوا سەرنجی کتێبە (حکمی ـ فەلسەفی، وەرگێڕ)یەکانم بدە، دەبینی لە زۆربەیان دا و لەزۆرینەی هەرە

زۆری بابەتەکان دا، پێچەوانەم لە گەڵ ڕای فەیلەسوفان دا. لەو لاتر گەر سەرنجی ڕاکانم بدەیت دەبینی هاوتایە لە گەڵ فەرمودەی پێشەوایان دا(سڵاوی خوایان لێ بێت) هیچ فەرمودەیەك نابینی پێچەوانەی قسە و ڕاکانی من بێت ... دەشبینی، وتەی زۆرینەی فەیلەسوف و ئەهلی کەلام پێچەوانەن بە ڕاکانی من و فەرمودەکانی پێشەوایان ... جا کەواتە من قسە ناکەم بە بەڵگەی ئەوانەوە نەبێت".

(هەروەها شێخ باسی ئەوە دەکات کە لە خەو دا حەسەنی کوڕی عەلی بینیوە و پرسیاری هەندێ شتی لێکردوە، حەسەن وەڵامی داوەتەوە، ئنجا دەمی خستۆتە سەر دەمی شێخ و لیکی دەمی خۆی کردۆتە دەمی شێخەوە، شێخیش ماوەی نیو کاتژمێر لەو لیکەی خواردۆتەوە، هەر چەند لیکەکە گەرم بوە بەڵام لە هەنگوین بە تامتر بووە...)[٤].

بەم باسە نامەوێت بیر و باوەڕی گروپی (شێخیەکان) یان گروپەکانیتر پوچەڵ بکەمەوە، چونکە خوێنەر دەتوانێت کتێب و دانراوەکانی ئەو گروپانە بخوێنێتەوە و ئنجا خۆی حوکم دەربکات ... بەڵکو دەمەوێت هەندێ نمونە باس بکەم، لە بارەی کاریگەری خەون لە سەر بیر و باوەڕی موسلمانان.

خەریکم بڕوا بێنم بەوەی کە خەون کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشت و ئاکار و سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەروەك چۆن کاریگەری هەبوە لەسەر بیر و باوەڕ و ڕاکانی. ئەمەش لەو چیرۆکەی (ابن عكاشه) دا ڕوون دەبێتەوە کە لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە دا باسم کردوە.. ئەم پیاوە لە خەون دا پێغەمبەری دیوە، پێغەمبەر یەکێك لەو قسانەی بەو پیاوەی گوتوە ئەوە بوە کە گوتویەتی: یەکێك لە بنەڕەتەکانی سوننەتی محمد ئەوەیە کە موسڵمانان لە ژێر بەیداخی سوڵتان دارێ بکات و هەرگیز بە شمشێر لە دژیان نەوەستێت هەر چەندە ئەوان ستەم کاریش بن...

ئەمەش یانی شۆڕش کردن لە دژی سوڵتانی ستەم کار، پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە و گوێڕایەڵی سوڵتانیش گوێڕایەڵی کردنی خودایە.

(ابن حجر)یش لە (الصواعق المحرقة)دا، هەندێ لەو خەونە پیرۆزانە باس دەکات کە بەڵگە بەدەستەوە دەدەن لەسەر ئەوەی سوڵتان هەر چەندە ستەم کار و بەد ئەتوار و خوێنڕێژ بێت، قەیدی نیە چونکە لەوانەیە خودا بەشفاعەتی پێغەمبەر یاخود ئەهل و

بەیتەکەی لێی خۆش بوێت!! ... بۆ نمونە (تەیموری لەنگ) کە (ئیبن حەجەر) خۆی دان بەوە دا دەنێت، ستەمکارترین دروستکراوی خودا بوە، لەخەو دا بینراوە کە خودا لێی خۆش بوە، چونکە ئەو وەچەکانی پێغەمبەری خۆش دەویست.

هەروەها (ئیبن حەجەر) دەگێڕێتەوە بۆمان، یەمەنیەک لە گەڵ ماڵ و خێزانی دا دێن بۆ حەج بۆ شاری مەککە، لە ڕێگە دا پاسەوانەکانی (شەریف) زۆر توند و تیژیان لە بەرانبەری نواند کە ئەو کات (شەریف) فەرمانڕەوای ناوچەکە بوە ... یەمەنیەکە دەستی کردە پاڕانەوە لە خودا دژی شەریف... بەڵام پێغەمبەر (د.خ) چوە خەوی یەمەنیەکە و پێی گوت: ئایا هیچ کەسێکیترت لەم کوڕەی من ستەمکارتر نەدیوە؟! یەمەنیەکە بە ترساوی لە خەو ڕاپەری و پەشیمان بوەوە، لەوەی توخنی هەر یەکێ لە وەچەکانی پێغەمبەر بکەوێت کە خودا ڕێزگرتنیانی سەپاندوە بەسەر بەندەکانی دا.

لە هەندێك لەو خەونە پیرۆزانە دا کە هەندێك لە نوسەران دەیگێڕنەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە شفاعەتی پێغەمبەر یان ئەهل و بەیتەکەی موسڵمان دەرباز دەکات لە هەر هەڵەیەك کردبێتی هەر چەندە هەڵەکەی قورس و گەورەش بێت.

بەر لە چەند دە ساڵێك کتێبێکم لە بازار بینی چەندین چیرۆکی لەمجۆرەی لە خۆ گرتبوو ... وا چەند نمونەیەکی دەخەمە بەر دەستی خوێنەر، دانەری پەرتوکەکە باس لە هۆزانڤانێکی سەرخۆش دەکات کە عارەق خۆر بوە و ئەهل و بەیتیشی خۆش ویستوە و بە هۆنراوەکانی هەمیشە ستایشی کردون ... لەسەرەمەرگدا ڕوی ڕەش هەڵگەڕا و زمانی شکا و لە گۆ کەوت... بەڵام لە دوای مردنی، کوڕەکەی لەخەو دا بینیویەتی کە کڵاوێکی سپی لەسەرە و جلکێکی سپیشی لە بەرە... کوڕە پرسیاری لێکرد خودا چی دەرباره کردوە؟ شاعیرەکە لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوەی لە سەرەمەرگ دا لێی بینرا وەك ڕووڕەش بون و زمان شکان، ئەنجامی عارەق خواردنەوە بوە لەو دنیا دا... بەڵام لە دوای مردنی پێغەمبەری بینیوە و هەندێ لە هۆنراوەکانی خۆی بۆ خوێندۆتەوە کە باس لە ستایشی ئەهل و بەیت دەکەن .... لە بەر ئەوە پێغەمبەر شفاعەتی بۆ کردوە و جلکە سپیەکەی خۆیشی داوەتێ[٥].

وەك خوێنەریش دەزانێت، ئەم چیرۆکە، کاریگەریەکی کۆمەڵایەتی خراپ لەسەر خەڵك دا دەنێت، چونکە هانیان دەدات لە دنیا دا چی دەکەن بیکەن بە ئارەزووی خۆیان، ئنجا لە دوای مردن پێغەمبەر دێت و شفاعەتیان بۆ دەکات و لە سزای دۆزەخ رزگاریان دەکات.

هەر هەمان دانەر چیرۆکێکی دیکە دەگێڕێتەوە کە لە خراپی و کاریگەری نێگەتیڤی‌ی دا لەوەی پێشو کەمتر نیە... بوختەکەی ئەوەیە هۆنەرێك عەلی کوڕی ئەبی تالب لە خەون دا دەبینێ، لە بەر دەستی عەلی دا هۆنراوەیەك لەستایشی عەلی دا دەڵێت بەم تەرزە:

ابا الحسن انت عين الاله	فهل عنك تعزب من خافية
وانت مدير رحى الكائنات	وإن شئت تشفع بالناصيه
وانت بك الذي ام الانبياء	لديك إذا حشرت جاثيه
فمن بك قدتم ايمانه	يساق الى جنة عالية
واما الذين تولواسواك	يساقون غداً الى الهاوية

راوی دەڵێت: ئیمام زەردەخەنەیەکی کردوە و بە هۆنەرەکەی گوتوە: (ئافەرم)! هۆنەرەکەش چەمیوەتەوە و دەستەکانی ئیمامی ماچ کردوە.. ئنجا لە خەو ڕاچەنیوە و هۆنراوەکەی لە بەر بوە، خەڵکیش ئەم هۆنراوەیەیان لێوە وەرگرتوە و دەماودەمیان پێکردوە و کردویانەتە پێنج خشتەکی و کۆپلاندویانە..[٩]

لێرەدا دەمەوێت بپرسم: کاریگەری ئەم هۆنراوەیە چی دەبێت لە سەر ئاوەزی ئەوانەی گوێیان لێی دەبێت و باوەڕی پێ‌دەکەن؟!

ئەم هۆنراوەیە لای زۆر کەس دەبێتە بیر و باوەڕێك بەو پێیەی کە خودی ئیمام عەلی پێی باش بووە و مۆڵەتی داوە .. دیارە هۆنراوەکەش لەو هۆنراوە زیاد رۆچوانەیە کە موسڵمان وا لێ دەکەن متمانە بکەن بەوە لە ئاخیرەت دا رزگار دەبن، تەنها بەوەی دەست بگرن بە ویلایەتی ئیمام عەلیەوە، ئیدی قەیدی نیە لە دنیا دا بە ئارەزوی خۆی چی دەکات.

گلکۆ وەهمیەکان:

دەمەوێت ئەم هەلەم لەکیس نەچێت، تا ئاماژە بدەم بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناو موسڵمانانندا کە لە دێرزەمانەوە ناسراوە، و پەیوەندیەکی گەورەشی بە خەونەوە هەیە.. ئەویش بریتیە لە دیاردەی گۆڕە وەهمیەکان کە خەڵکی سەردانیان دەکەن و بە پیرۆزیان دەزانن و قوربانیان بۆ سەر دەبڕن، کەچی لە ڕوی مێژووییەوە ئەو گۆڕانە هیچ پشتیوانێکیان نیە.

وا دەبێت کەسێك لە خەونی دا شتێك دەبینێ کە دەگرێتە بەڵگە لە سەر بونی گۆڕی یەکێ لە ئەولیاکان یان وەچەی ئیمامەکان لە جێگەیەکی تایبەت دا... ئنجا لە خۆشیاندا لە خەو رادەپەڕێت و مەسەلەی گۆڕەکە بە خەڵکی رادەگەیەنێت، ئەوانیش بڕوای پێ دەکەن و دادەبارن بەسەر جێگلکۆکە دا و تەبەرکی پێ دەکەن ... پیاوەکەش بەو هۆیەوە پلە وپایەکی کۆمەڵایەتی بەرزی دەست دەکەوێ.

مامۆستا (جعفر الخليلي) لە یەکێك لە پەرتوکەکانی دا چیرۆکی پیاوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە ناوی (مزعل الفحام) بوە، ئەم پیاوە زۆر هەژار بوە و بە درێژایی ساڵ کاری کردوە و هیچ سودێکی لە کارەکەی نەدیوە... لە دوایدا بیری لە فێڵێك کردۆتەوە تاکو ئەو هەژاریە لەسەر خۆی و خێزانەکەی لابەرێت.

ئەم پیاوە رۆژێك بەناو خەڵکی دا بڵاوی کردەوە کە (حەزرەتی خدر) لە خەوی دا پێی گوتوە، گوایە گۆڕی هەندێ پیاوچاك لە ماڵەکەی دا (واتە لە ماڵی مزعل الفحام - مزعلی خەڵوزفرۆش) دا هەیە!

هەواڵی ئەم خەونە بەناو خەڵکی دا بڵاو بویەوە، خەڵکی گوندەکە پێی دڵخۆش بوون، چونکە دەیان زانی گوندەکەیان لەوەولا دەبێتە مەزارێکی پیرۆز ... ئەوە بوو هەر بە ڕاستی گوندەکە بویە مەزارێکی گەورە و خەڵکی لە هەموو لایەکەوە ڕویان تێکرد... مزعلی خەڵوز فرۆشیش بوە شێخێکی گەورە و گران کە لە هەموو لایەکەوە پارە و پوڵیان بۆ دەهێنا.

لەوانەیە ئەم قسە خەیاڵی بێت، بەڵام لێکچوونی زۆری هەیە بەوەی زۆر جار لە نێو خەڵک دا ڕوو دەدات.

(دکتۆر مصطفی جواد)یش، بەسەرهاتی خەونێك دەگێڕێتەوە کە ساڵی (٥٣٥ی کۆچی) لە بەغداد بینراوە، لە کۆتایش دا ریسواییەکی ئایدیۆلۆژی گەورەی لێکەوتەوە... پوختەی بەسەرهاتەکەش ئەوەیە، یەکێك لەو فێڵبازانەی پڕوپاگەندەی دنیانەویستی و پارێزگاری دەکەن، بەشەو دەچێتە سەر گۆڕی منداڵێك کە تازە بە تازە مردووە و خراوەتە ئەو گۆڕەوە، تەرمی منداڵەکە دەردێنێ و لە جێگەیەکیتر دەینێژێ... دوای ئەوە ڕای دەگەیەنێت گوایە لە خەونی دا عومەری کوڕی خەتتاب و عەلی کوڕی ئەبی تالبی دیوە و پێیان گوتوە: لە فلان جێگەدا گۆڕی منداڵێکی عەلی کوڕی ئەبی تالبی لێیە.

خەلکی دابارین بەسەر جێگەکە دا و هەڵیان کەند، دەبینین تەرمی منداڵێکی تێدایە، خەڵکەکە دەست دەکەن بە دڕینی کفنەکەی و هەر کەس پارچەیەکی لێدەکاتەوە بۆ بەرەکەت و پیرۆزی، هەر کەسێکیان تاڵی موی لەسەری منداڵەکەی بەربکەوتایە وەك ئەوە بوو هەموو دنیای درابێتێ... پیاوانی دەوڵەت و خەڵکێکی زۆر و زەوەند لە جێگەکە کۆبونەوە و گوڵاو و بخوردێکی زۆریان بردە سەر گۆڕەکە، ئاپۆڕاکە هێندە زۆر بوو، کەس نەیدەتوانی بچێتە سەر گۆڕەکە، خەڵکەکە هەر بۆ پیرۆزی دەستیان کرد بە بردنی خۆڵی سەر گۆڕەکە... لەولاتریش دەگەڕانەوە بۆ لای کابرای فێڵباز کە گۆڕەکەی دۆزیبویەوە و دەستیان ماچ دەکرد و ئاپۆرەیان لە سەر دروست دەکرد، ئەمیش پارێزکاری خۆی نیشان دەدا و لە ترسی خودا دەگریا!

تەرمەکە چەند رۆژێ لەسەر زەوی مایەوە و دانەپۆشرایەوە و خەڵکی بەردەوام ئاپۆڕەی زیاتریان لێدەدا و ماچیان دەکرد، تا ئەوە بوو بۆگەنی پەیدا کرد... لە ناو حەشاماتی خەڵکەکەدا باوکی منداڵە مردووەکەش هاتبوو (باوکی راستەقینەی تەرمەکە)، هەر کە تەرمەکەی بینی، بە ناو حەشامەتەکەدا هاواری کرد! (بە خودای ئەمە کوڕەکەی منە...!) هەر کە پیاوە فێڵبازەکە ئەوەی بیست ڕای کرد و خەڵکی کەوتنە

شوێنی، دەستگیریان كرد، دانی نا بەوەدا كە بە فێڵ وای كردوە، ئەوە بوو سزایان دا بەوەی سواری گوێ درێژێكیان كرد و بە بازاڕدا سوڕاندیانەوە بۆ سوكایەتی پێكردنی.[٨]

هەر لە بەغدا و لەسەردەمی (مەغۆل) دا بەسەرهاتێكیتر ڕوی دا، لەوی پێشو خراپتر... لەو كاتەدا پیاوێ لەوانەی خۆیان بەوەچەی عەلی دەزانن، هەڵدەكوتێنە سەر منداڵێك و دەیكوژێت، بە جلەكەی خۆیەوە دەینێژێت، پیاوەكە كاغەزێك دەخاتە ژێر سەری كوژراوەكە و لێی دەنووسێت "ئەمە گۆڕی عمر كوڕی عبداللەیە".. ئنجا لەناو خەڵكی دا بڵاوی كردەوە كە لەخەوی دا پێیان وتوە گۆڕی منداڵی هەندێ ئیمام لەو شوێنە دایە كە خۆی تەرمەكەی تێدا شاردبویەوە... خەڵكی وروشەیان كردە سەر جێگەكە و هەڵیان كەند و تەرمەكەیان دەرهێنا ... لەو كاتە دا یەكێك لە ئامادەبوان هاوار دەكات: بە خودا ئەوە كوڕی منە و چەند ڕۆژێكە دیار نەماوە... هەر كە (صاحب الدیوان) ئەم بەسەرهاتەی بیست، پێداگری كرد لەسەر كوشتنی كابرای فێڵباز كە درۆكەی ئاشكرا بوە، بەڵام پیاوماقوڵ و ریش سپیەكان شفاعەتیان بۆ كرد لەبەر خاتری ئەوەی لە وەچەیەكی پیرۆزە.[٩]

جگە لەوانەش چەندین بەسەرهاتیتر لە بەغدا ڕویان داوە، تیای دا هەندێ خەڵكی بانگەشەی ئەوەیان كردوە لە خەویان دا پێیان گوتراوە گۆڕی وەچەی هەندێ ئیمام لە شوێنێكی دیاریكراو دایە، خەڵكیش بڕوایان پێكردوون بێئەوەی فێڵەكە ئاشكرا بێت... وابوە لەو جێگەدا گۆمەزی گەورە كراوە و پارە و پوڵی زۆر خەرج كراوە، تەنانەت ڕەنگە هەندێكیان تا ئەمڕۆ مابێتن.

مەبەستم ئەوە نیە بڵێم هەموو ئەوانەی گۆڕی پیاو چاكانیان لەرێگەی خەونەوە دۆزیوەتەوە فێڵباز و درۆزن بوون .. بەڵكو دەگونجێت تیایاندا بێت بەڕاستی خەونی بینی بێت... پێغەمبەر یا خود ئیمامێك هاتبێتە خەونی و هەواڵی بونی گۆڕێكی پیرۆزیان لە جێگەیەكدا، پێدابێ، بەڵام ئەمە ناكرێتە بەڵگە لەسەر بونی گۆڕەكە لەو جێگەیە دا لەڕووی مێژووییەوە.

مرۆڤ لە خەونی دا پێغەمبەر یان ئیمامێك دەبینێت، وەك چۆن هەر کەسێکیتر دەبینێت... لە ڕوی زانستیشەوە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە مرۆڤ لە بێداری دا حەز لە هەر چی بکات و بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان بیری لێبکاتەوە، خەون بەوەوە دەبینێ.

کەواتە ناکرێت خەون بکرێتە بەڵگە لەسەر هیچ شتێ، تەنانەت با لە خەونەکەدا هەموو پێغەمبەران و پیاوەپیرۆزەکانیش دەربکەون.

یەکێك لەو کەسانەی جێگەی متمانەن، خۆی خەڵکی نەجەفە باسی ئەوەی بۆ کردم کە زۆرینەی مەزاری پێغەمبەران و پێشەوایان کە ئێستە لە مزگەوتی (کوفە) و مزگەوتی (السهلة) دان دروستکراوی خەونن... سەد ساڵ بەر لە ئێستا (بەر لە نوسینی کتێبەکە - وەرگێڕ) گۆڕێك لە نزیك شاری (هندیە) دەرکەوت، گوتیان گوایە گۆڕی کوڕەزایەکی (جعفری صادق)ە کە ناوی (صطبان) بووە .. سەیریش لەوە دایە ئەم ناوە عەرەبی نیە و عەجەمیە و واتای پاسەوانی سەگ (سەگەوان) دێت!! ئیدی من نازانم چۆن دەبێت کوڕەزای (جعفر صادق) ناوێکی ئاوا سەیر وسەمەرەی لێبنرێت؟! هەر چۆن بێت خەڵکی بڕوایان پێکرد، وروشەیان کردە سەری بۆ تەبەڕك و قوربانیبۆ کردنی... شایەنی گوتنە هۆکاری دەرکەوتنی گۆڕەکە خەوێك بوە کە لادێنیەکی ناوچەکە دیویەتی و گۆڕەکەیان نیشان داوە.

ڕوداوێکیترم بیستوە کە بەر لە نزیکەی چل ساڵ (چل ساڵ بەر لە نوسینی کتێبەکە - وەرگێڕ) لە نزیك نەجەف ڕوی داوە... پوختەی ڕوداوەکە ئەوەیە: کابرایەکی جوتیاری خەڵکی گوندی (قریشات)ی نێوان (کوفە) و (سهلة)، لە خەوی دا بینیویەتی گوایە پیاوچاکێك کە ناوی (سید محمد)ە لە نزیکی ماڵەکەیەوە نێژراوە... هێشتر چەند ڕۆژێ بەسەر بڵاو بونەوەی خەونەکە دا تێنەپەڕی بوو، خەڵکی بۆ تەبەڕك ڕوویان لێکرد ... جوتیارەکەش بەو هۆیەوە دەوڵەمەند بوو .. ئەمەش وایکرد کەسانیتریش خەون ببینن بەوەی گۆڕێکیتر بەناوی (سید ابراهیم) لەو ناوە دا هەیە، هەروا گۆڕی سێیەم و چوارەمیش دەرکەوت (هەر بە خەون) تاوای لێهات ناوچەکە پڕبوو لە گۆڕی پیرۆز بە جۆرێ شیاوی گاڵتەپێکردنە.

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە گۆڤارێکی میسری دا هەواڵی گۆڕی پیاوچاکێکی تازەم خوێندەوە لەشاری (بنی سویوف)، کە گلکۆکەی بوەتە مەزارێکی سەیر و خەڵکی زۆر و زەوەند ڕوی تێدەکەن و داوای جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی خۆیانی لێ دەکەن ... لە بەدواداچوونی گۆڤارەکەدا دەردەکەوێت خاوەنی گۆڕەکە چ نەبووە، جگە لە گەنجێکی شێت کە زۆر لە مردن دەترسا، بە جۆرێ هەر کە تەرمێ بەلای دا تێپەڕیبا دەبورایەوە و لە هۆش خۆی دەچوو... ئنجا کە دەمرێ دێتە خەوی باوکی خۆی و داوای لێ ئەکات لەسەر گۆڕەکەی مەزارێ دروست بکات، تا وای لێهات خەڵکی لە دورەوە هەستیان بە تیشك و نور دەکرد کە لەسەر گۆڕەکەی دەدرەوشێتەوە. ئنجا هەندێ لە نەخۆشەکان لە خەودا دەبینن کە لە نەخۆشینەکە چاکیان دەکاتەوە، جا هەر بەهۆی ئیحانی دەرونیشەوە هەر بەڕاستی چاك دەبنەوە.

نوسەری گۆڤارەکە پیاوێکی ئایینی لە سەر گۆڕەکە دەبینێت و پرسیاری لێ دەکات، پیاوە ئایینیەکە لە وەڵامی دا دەڵێت گوایە کە هەواڵی کەرامەتەکانی پیاوچاکە تازەکەی بیستوە لەسەرەتا دا باوەڕی نەکردوە، بەڵام پیاوچاکەکە هاتۆتە خەوی و داوای لێکردوە سەردانی مەزارەکەی بکات ... ئەوەتا ئەمیش پەیمانی داوە هەموو هەفتەیەك سەردانی مەزارەکەی بکات.[١٠]

بەرەنجام و هۆکارەکان

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بدەم بەو کەسانەی بڕوا بە خەون دەکەن و دەڕۆنە سەرگۆڕە وەهمیەکان، سوود و کەڵکی دەروونی لێ دەبینن.. زۆربەیان هەژار و نەخۆشن و ئازاردیدەن و لەدنیایان دا چارەسەرێ بۆ نەخۆشین و گرفتەکانیان نابینن .. بۆیە پەنا دەبەنە بەر (وەهم) و لە نێو وەهمدا دڵدانەوەیەك یاخود ئیمانێکی دەروونی دەبینن. زۆر جاریش ئەم ئیمانە سودیان پێ دەگەیەنێت... وەلێ ئەمە لە ڕویەکیترەوە زیانیان لێدەدات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی بیر و باوەڕێك وەرگرن کە پوچە و ئارەزویان بەنج دەکات و ڕێگەکانی ژیانیان لێ پڕدەکات لە لەمپەر و کۆسپ.

ئێمە پاساوێك دەبینین بۆ بڵاوبونەوەی وەهم لەچاخە دێرینەکاندا، وەلێ لەم سەردەمە دا کە تیایدا دەژین، پێویستە کەمتەرخەمی نەکەین لە هەوڵی قەڵاچۆکردنی دا، هیچ نەتەوەیەك کە لە سەدەی بیست دا بژی ناتوانێت یەکبینە دەست بگرێت بە وەهمەکانی چاخە بەسەر چوەکانەوە.

لەوەی رابورد، گوتومە موسڵمانان زیاد لە هەموو نەتەوەکانیتر پابەندن بەوەهمەکانی خەونەوە... ئەمەش مانای ئەوە نییە کە، نەتەوەکانیتر بەتەواوی خاڵین لەم وەهمە ... لە راستیدا هەموو نەتەوەکان بەو قۆناغە دا کەم و زۆر گوزەریان کردوە کە موسڵمانان گوزەری پیا دەکەن .. بەڵام موسڵمانان بەوە جیا دەکرێنەوە لەوانیتر کە هەندێك خەونیان خزاندۆتە نێو کرۆکی شەریعەتەکەیان و بەوەی لە قورئان و فەرمووده دا هاتوە پشت ئەستوریان کردوە... بۆیە هەر وەکوو سروشتێ هاتبێتە خوارێ وایە لایان.

لە پەڕتوکێکی (شێخ مفید) دا وتەیەکم خوێندەوە کە دەیەوێت ڕای (موعتەزیلە و زەیدیەکان) کە ملەجەڕێ لە خەون دەکەن پوچەڵ بکاتەوە... بەڕای شێخ خودی قورئان پشت ڕاستی خەون دەکاتەوە[١٨]... وەڵێ منیش هەر وەك موعتەزیلە و زەیدیە بڕوام وایە: قورئان زۆر بەرزتر و گەورەترە لەوەی غەش و چاوبەست لە شوێنکەوتەکانی بکات، یاخود بیانخاتە سەر ڕێگەی وەهم و ئەندێشە.

*** *** ***

بڕوا بوون بە ڕاستی خەون نەریتێکی دێرینە، خەڵکی لە گەلەسەرەتاییەکانەوە بۆیان ماوەتەوە... ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە گەلە سەرەتاییەکان ئەکەن بۆیان دەرکەوتوە: مرۆڤی سەرەتایی جیاوازیەکی گەورە نابینێت لە نێوانی ئەوەی لە خەون دا دەیبینێت و ئەوەی لەبێداری دا دەی بینێت ... لای مرۆڤی سەرەتایی خەون بەهۆی دەرچونی گیان لە جەستە لە کاتی نوستن دا دروست دەبێ، گیان لەو کاتەدا بەناسۆکاندا دەگەڕێت و ڕاستیە دور و نزیکەکان دەردەخات... هەربۆیە ناتوانێت (گیان) بەدرۆ بخاتەوە لە هەر هەواڵێك کە لە خەون دا دەیداتێ... بۆ نمونە ئەگەر لە خەون دا ببینێ کەشتێك

هێنی ئەوە و لای کەسێکی‌تره (واتە کەسێکی‌تر بەراستی خاوەنیەتی - وەرگێڕ) دوای ئەوەی خەوەکەی بینی ڕەوایە بۆی بچێتە سەر خاوەنی شتەکە و، داوای شتەکەی لێبکاتەوە (چونکە لە خەوی دا هێنی خۆی بووە! - وەرگێڕ) تەنانەت رەنگە خاوەنی ڕاستەقینەی شتەکەش، شتەکەی بداتێ؟!

مرۆڤانی سەرەتایی سەرسام نابن لە پیاوێك کە دوژمنایەتی و ڕەقەبەرێتی کەسێك بکات کە لەخەوی دا خراپەیەکی دەرهەق کردوە... تاوانبباریش ناتوانێ مل جەرێ لە تاوانەکە بکات ... ئەمە چونکە لە خەون دا دیتراوە کە کارێکی کردوە، بۆیە چار نیە، ئەبێ دان بە تاوانەکەی دابنێت.

مامۆستا (هادفیلد) بۆمان دەگێڕێتەوە: پیاوێك لە (هندیە سور)ەکان لە خەوی دا دەبینێت یەکێك لە مژدەدەرەکان (المبشرین) ، شوتی‌یەك لە بێستانەکەی دەدزێت.. پیاوەکە لە خەوەکەی ڕادەچەنێت و زۆر تورە دەبێت، عەزمی جەزم ئەکات کە داوای قەرەبوو بکاتەوە لە مژدەدەرەکە، بۆ ئاگاداریش کابرای مژدەدەر لە جێگەیەك دەژیا کە (دووسەد میل) لەو جێگەوە دوور بوو کە هندیە سوورەکەی تیا دەژیا... ئاوڕی دایەوە بە لای بێستانەکەی دا، بینی شوتی‌یەکە لە جێگەی خۆی دا ماوە ونەدزراوە و کەسیش دەستی لێنەداوە... لە گەڵ ئەوەشدا پێداگری کرد لەسەر داواکردنی قەرەبوو، چونکە بڕوای پتەو بوو بەوەی بینینی مژدەدەرەکە لە خەو دا بەدزی کردنەوە، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە سەر ئەوەی کابرا ئامادەباشە بۆ دزی‌کردن ئەگەر لەنزیکی بێستانەکە بوایە.

هەر مامۆستا (هادفیلد) باسی ژنێکی گەنجمان بۆ دەکات کە تازە بە تازە شوی کردوە، گوایە لە خەونی دا دیویەتی هاوسەرەکەی لەگەڵ ژنێکی سور و سپی دا دەم سوعبەتی کردوە، بۆیە بە تورەیی و شپرزی لە خەو ڕابەڕی، دەستی کردە بوڵە لە تەك مێردەکەی‌دا و بەخیانەت کردنی هاوسەرێتی تۆمەتباری کرد، کە پێشی گوترا مێردەکەت پاکە لەو تۆمەتەی بۆی دەکەیت.. گوتی: ئەگەر من لە خەونی خۆم دا ببینیم مێردەکەم لەگەڵ ژنە سور و سپی‌یەکاندا دەم سوعبەت دەکات، ئەبێ خۆی لە خەونی دا چی دەبینێت بەخۆیەوە و چی دەکات؟![12]

لێرەدا ئەوەی شیاوە ئاماژەی پێبدەین،ئەوەیە: ئەم وەهمە سەرەتاییانەی لە مەڕ خەون باسکران، لەلایەکەوە، لەو وەهمانە دەچن کە لەنێو موسڵمانان دا بڵاون و لە لایەکیتریشەوە لێک جیاوازن.. گەلانی سەرەتایی هەموو خەوێک بەبێ جیاوازی بەڕاست و دروست دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا موسڵمانان تەنها بڕوا بەو خەونانە دەکەن کە پێغەمبەر یان ئیمامەکان تیای دا دەربکەون... موسڵمانان ئەوەیان لە دەست دەرچووە کە خەونەکان هەمویان جون یەکن، هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان خەونێک دا پیاوچاکێکی تیادا دەربکەوێت و یەکێکیتر کەشەیتانی تیادا دەربکەوێت، چونکە هەر دوو خەونەکە بەرەنجامی ئەو بیرکردنەوانەیە کە مرۆڤ لە بێداری دا پێیەوە سەرقاڵە و، دواتر لە خەون دا بەجۆرێک لە جۆرەکان دەیبینێتەوە.

شێخ حفید دەڵێت: (ئێمە حوکمە ئاینیەکان لە ڕێگەی خەونەوە سەقامگیر ناکەین و ناسەلێنین، بەڵکو راڤەی ئەو حوکمانە دەسەلێنین کە لەڕێی خەونەوە یەکێک لە وەچەی پێغەمبەران دەی بینن)... دەکرێ ئەم ڕایەی شێخ بە ڕایەکی جوان وەرگرین، بەڵام وتەکەی نابێتە ڕێگرلەوەی نەخوێندەوارەکان بخزێنە نێو ئەو وەهم و بیر و باوەڕانەی کە لە ڕێی خەونەوە دروست دەبن.

نەخوێندەوارەکان لە هەموو سەردەمەکان دا، وا ڕاهاتوون بیر وباوەڕیان لەو دەوروبەرە وەرگرن کە تیای دا پێگەیون، زۆربەی جاریش بیر و باوەڕەکەیان پوچە، کەچی خۆیان بە هەقێکی دەزانن کە پێغەمبەران و پیاوچاکان لێی رازین و هەموو ئەوانەش پێچەوانەی ئەو بیر و باوەڕانە بن، کافر و تاوانبارن!! دوریش نیە یەکێک لەو نەخوێندەوارانە لە خەودا پێغەمبەرێک یان پێشەوایەک ببینێت و پشتیوانیشی لێ بکەن لە بیر و بۆچونە هەڵەکەی دا، تەنانەت ڕەنگە لە خەونی پێغەمبەر فەرمانی پێبدا شمشێرەکەی هەڵبکێشێت و بیخاتە سەرگەردنی خەڵکی... کە وایشی کرد هەست بە ناڕەحەتی ویژدانی ناکات... بەڵکو بە پێچەوانەشەوە، بڕوای وایە موجاهیدێکە لە پێناوی ڕێگەی خودادا و، خوداش بەهەشتی دەداتێ لە بەرانبەر خوێن ڕشتن و تاڵانکردنی ماڵی خەڵک دا.

بوختـەی فسان: بڕوابوون بـە خـەون زۆربـەی جار بـە زیـان دەشـكێتەوە لـە ڕوی دەروونی و كۆمەڵایەتیەوە.. هەروەها ئەم هەلە لەدەست نادەم و باسی ئەوە بكەم كە من چاوم كەوتوە بەهەندێ لە پیاوە ئاینیـە تێگەیشتو و پێگەیشتوەكان و پرسیاری ئـەم مەسەلەیەم لێكردوون، دەبینم ئەوانیش ڕای موعتەزیلە و زەیدیە كۆنەكانیان هەیە لەم ڕووەوە پێیان وایە، هیچ خەونێك نابێتە بەڵگە لە سەر هیچ شتێ.

هیواخـوازم ئـەم بۆچـونە بـەهێزە لـە نێـو موسڵمانان دا بڵاو بێتـەوە... ئەمـەش مەبەستی یەكەمینە لە نوسینی ئەم پەڕاوەدا.

*** *** ***

بەشەكانی ئەم پەرتوكە:

لەسەرەتای ئـەم پێشـەكیە دا ئامـاژەم كـرد، بـۆ ئـەوەی ئـەم پەرتوكـە كراوەتـە سـێ بەش... مەبەستی یەكەم لە دانانی ئەم پەرتوكـە لـە بەشی یەكـەمی دا فـەتیس دەبێـت، چونكە لەم بەشەدا لە ڕوی كۆمەڵایەتیەوە تاوتوێی خەون دەكەین. بـەڵام دوای ئـەوەی دەستم بەتاڵ بوو لـە نوسینی ئـەم بەشـە، هەستم كـرد، بابەتەكـە ناتـەواو دەردەچێت، ئەگەر هاتوو توێژینـەوەیەكی لەمـەڕ بیردۆز و بۆچونەكانی تایبـەت بەخـەون، بـەدوا دا نەنوسرێت... ئەم بیردۆز و ڕایانەش دابەش دەبـەن بـۆ دوو بـەش... لقێكیـان لـە خـەون دەكۆڵێتەوە و لە ژێر ڕووناكی (زانستی شیكردنەوەی دەروونی)دا، لقەكـەی دیكەشیان لـە خـەون دەكۆڵێتـەوە لـە ژێـر ڕونـاكی زانستێكی نـوێ دا كـە هەنوكـە نـاونراوە (زانستی پاراسایكۆلۆژی)... لـە بـەر ئـەوە لـە بەشـی دوەمـدا هـەوڵم داوە بـیردۆزە دەرونیـەكانی تایبـەت بـە خـەون كـورت بكەمـەوە، پاشـان لـە بەشـی سێیەمـدا هـەوڵم داوە بـیردۆزە پاراسایكۆلۆژیەكان كورت بكەمەوە.

لێرەدا دەمەوێ دان بەوە دا بنێم كـە لـە بەشـی دووەمـدا بەتـەواوی سـەركەوتنم بـە دەست نەهێناوە.. لەبەر ئەوەی كورت كردنەوەكانم بۆ بـیردۆزە دەرونیـەكان كورتەیەكـە و گشتگیر نیە.. لە ناتەواویەوە نزیكترە وەك لە تەواوی و كامڵی .. هۆكارەكەیشی ئەوەیە

کە گرنگیم زۆر داوە بەو بیردۆزانەی لە وولاتانی خۆرئاوا دا دەرکەوتوون، وەك بیردۆزەکانی (فرۆید و ئەدلەر)... بێ ئەوەی گرنگی بدەم بەو بیردۆزانەی لە وڵاتانی رۆژهەڵات وەك یەکێتی سۆڤیەت و چین دا سەریان هەڵداوە.

لە ماوەی گەشتەکەی ئەم دواییەم دا بۆ (چین و ڕوسیا)، بۆم دەرکەوت کە لەوێندەر چەندین بیردۆز لەم بارەیەوە هەیە کە گاڵتەیان پێناکرێ... بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەتەواوی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەم، لە بەر کەم وکورتی ئەو ماوەیەی لەوێ مامەوە، هەروا لە بەر ئەوەی زمانەکەشیانم نەدەزانی ... کاشکای بتوانم لە داهاتووی دور یان نزیک دا ئەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە... ئەخاسمە کە شۆڕش دەروازەکانی جیهانی بۆ خستوینەتە سەر پشت و دەتوانین بێهیچ سانسۆر و سنوردانانێك لێکۆڵینەوە بکەین لە هەموو بیردۆز و بۆچونە زانستییەکان.

هەر چۆن بێت، هەست دەکەم سەرەڕای ناتەواویەکەی، بەڵام بەشی دووەم سودبەخش دەبێت بۆ خوێنەران... لەوانەیە خوێنەر هەندێ شتی تیا بدۆزێتەوە کە رۆشنبیری بکات یان حەزی ئەوەی تیا بجوڵێت کە زیاتر شت لەو بارەوە فێر بێت... ئەوجا بۆی ڕون دەبێتەوە کە چەندە پێشینیان بەهەڵە دا چون، کاتێك لە ڕێگەی خەونەوە ڕەگ و ڕیشەی بیر و بۆچونە کۆنەکانیان وەرگرتوە.

*** *** ***

بەڵام بەشی سێیەمی پەرتوکەکە، ئەو بەشەی کە لە بیردۆزەکانی (پاراسایکۆلۆژی) دەدوێت، خوێنەر هەندێ زانیاری سەرنج راکێشی دەربارەی خەون تیادا دەبینێت... کە چۆن هەندێ جار دەتوانێت ڕوکارەکانی کات و شوێن ببەزێنێت و ڕوداوەکانی ئایندە پەی پێبەرێت.

پێویستە کەمێك لێرەدا هەڵوێستە بکەم، بۆ وەی وەڵامی هەندێك لەو ڕەخنانە بدەمەوە کە لەسەر ئەم بابەتە دەوروژێنرێن... رەنگە کەسێك بڵێت: چۆن ڕێگەت پێدراوە، ئەو بیر و باوەڕانەی لە سەر خەون بەندن، پوچەڵ بکەیتەوە، لەبەشی یەکەمی

پەرتوکەکەدا و، دواتر لەبەشی سێیەمدا دێیت و پشتگیری ئەو پڕوپاگەندانە دەکەیت کە لەسەر توانای لەڕادەبەدەری خەون بڵاو دەکرێنەوە؟ ئایا دژایەتی و ناچونیەکیەک لەمەدا نیە؟!

وەڵامی من بۆ ئەو ڕەخنەیە: مەسەلەکە ناچۆنیەکی نیە! ئەو خەونانەی کە پشت بە (مألوفات)ی ناو خەڵك دەبەستێ، لەوانەیە بە جۆرێ بێ لە گەڵ بیر و باوەڕ و شتە باو و مەئلوفەکانی ناو خەڵك دا بگونجێت، بەو پێیەش هیچ ڕاستیەکی بابەتی تێدا نیە... سەرەڕای ئەوەش، خەون هەندێ جار پەردە لادەدات لە ڕوی ئەو هێزە گەورە و تیشکە داهێنەرانەی لە ناو دەرونـدان.. ئەمەش پرسێکە لێکۆڵینەوەی ئەزمونی نوێ، دانی پێداناوە تا ڕادەیەك نارەحەتە گومانی لێبکرێ.

دروست و ڕەوایشە بۆمان، کە بخزێینە نێو (ڕق بوون) لە خەونە (عەقیدەییەکان) و شۆڕش کردن لە دژیان.

لە بەشی دووەمی پەرتوکەکەدا ئاماژەم بەوە داوە (کاردانەوە) پاڵی ناوە بە هەندێ لە توێژەران لە چاخی نوێدا، کە ملەجەڕێ بکەن لە سەرجەم ئەو بیر و باوەڕانەی لە چاخە کۆنەکاندا بڵاو ببونەوە، بە بێجیاوازی... ئەمەش پێچەوانەی سروشتی ڕێبازی زانستیـیە.

لەمەسەلەی (خەون)دا، نابێت توندڕەو بین و بە توندی پشتگیری ئەوانە بکەین کە خەون بە ڕاست دەزانن، یاخود توندڕەو بین و بەتوندی پشتگیری ئەوانە بکەین کە خەون بە درۆ دەخەنەوە... بەڵکو پێویستە لەو نێوەندە دا ڕایەکی ناوەندی وەربگرین، تاکو بە پێی توانا لە لێکۆڵینەوەکەماندا بابەتی بین.

زانستی (پاراسایکۆلۆژی) لە توێژینەوەی خەونـدا ئەم ڕێبازە ناوەندیە دەگرێ... خەونەکانی خستۆتە سەر مێزی لێکۆڵینەوەی ئەزمونی و ئاماری.. لەو ڕێیەش گەشتۆتە بەرەنجامێکی بابەتی سارد کە هیچ جۆرە توند و تیژی و دەمارگیریەکی پێوە نیە.

ساڵی ١٩٤٥ لە وڵاتی میسر دا پەرتوکێ لەبارەی (خەون)ەوە لە نوسینی (دکتۆر تۆفیق تەویل) بڵاو کرایەوە... پەرتوکێکی بەسود بوو، تەنانەت ڕەنگە باشترین کتێبێ بوبێ لە

بارەی خەونەوە بە زمانی عەرەبی نوسرابێ.. بەڵام نوسەر کاتێك مەسەلەی ئەو دیاردە نائاساییانەی دەدرێتە پاڵ خەون باس دەکات، حوکمی بەپەلەی بەسەردا دەدات و دەڵێت: ئەو شتانەی باس دەکرێن پێچەوانەی زیرین.[١٤]

وا دەردەکەوێت (دکتۆر تەویل) لێکۆڵینەوەی نەکردوە لەسەر ئەو بۆچونانەی بەم دوایە لە زانستی پاراسایکۆلۆژی دا هاتوون.. تەنانەت ڕەنگە نەزانێت زانستێ بەو ناوە هەبێت!! ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوبراو نوسراوەکەی پێشکەشی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی قاهیرە کردوە تاکو بڕوانامەی دکتۆرای پێوەربگرێ.[١٥]

پێویست بوو لەسەری هەرچی نوسراوێ زۆر یان کەم پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، بتوێژێتەوە.

خەریکە بڕوا بکەم بەوەی، ئەو هۆکارەی هانی دکتۆر (تەویل) داوە نکۆڵی بکات لە دیاردە نائاساییەکانی خەون، ئەوەیەکە لە ژێر کاریگەری ئەو نەزعە مادیە دایە کە زاڵ بیوو بەسەر ئاوەزی زانایان لە سەدەی نۆزدەیەمدا... وا دیارە زۆربەی بیریارەکانمان تا هەنوکەش لە ژێر کاریگەری ئەو نەزعەیە دان، بەهەمان شێوەی (دکتۆر تەویل)، بێ‌ئەوەی ئاگادار بن یان گرنگی بدەن بەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە سەدەی بیستەمدا هاتۆتە ئاراوە.

زانایانی سەدەی نۆزدە، هەر وەك زانایانی کۆنی ئیغریق لە مادە تێدەگەیشتن.. ئەویش ئەو مادەیەی کە لە هەموو شوێنێك دا دەی بینین... ئەوان بڕوایان وابوو هەموو گەردوون لەم مادەیە پێکهاتوە و جگە لەمە پێکهاتەکەی شتێکیتری تیادا نیە... (بوخنەر) لە نێوەڕاستی سەدەی ڕابردوو دا پەرتوکێکی دەرکرد و ناوی نابوو (هێز و مادە)... تیای دا هەوڵی داوە هەموو گەردون ڕافە بکات، لە سادەترین شتیەوە تاکو ئاڵۆزترینی، بە هۆی کارلێکی مادە و جوڵەوە... پەرتوکەکەشی بوە سەرچاوەی هەرە گەورەی (مادیەکان) لەو سەردەمەدا، تەنانەت کردبویانە ئەو ئینجیلەیان کە هیچ گومان هەڵناگرێ... لێرەوە وایان لێهات بڕوایان نەدەکرد بەڕاستی هیچ دیاردەیەکی سروشتی ئەگەر هۆکارێکی مادی نەبوایە، بەو جۆرەی خۆیان لە سروشتی مادە تێدەگەشتن.

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، زانایان نهێنییەکی سەرسامکەریان لە گەردوندا دۆزیەوە، سەرسامکەر تارادەیەك زۆربەی تێگەشتنە کۆنەکانیانی وازگون کرد... بەوەی دەرکیان کرد کە گەردون لە شەپۆلی (کارۆموگناتیسی)[19] پێکهاتوە... جۆرەکانی ئەم شەپۆلەش هێندە زۆرن ئامار ناگرێن... تەنانەت ئەم مادەی هێمە دەی بینین چ نیە جگە لە جۆرێکی تایبەت لەو شەپۆلە، کە لەوانەیە لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بێت.

زانست ژمارەیەکی کەم نەبێت لەو شەپۆلانەی لە گەردون دان، هیچیتری نەدۆزیوەتەوە، بەڵام لە رێگەدایە بەرەو دۆزینەوەی زۆرترین ژمارە لەو شەپۆلانە، هەر کات ئامێر و ئامرازەکانی باشتر بوون (واتە کە ئامێری باشتر لەبەر دەست دابوو، زانایان شەپۆلی زیاتر دەدۆزنەوە ـ وەرگێڕ)، ئەمەش یانی ئەو گەردونەی تیایدا دەژین لێوانە لەو شەپۆلانەی کە نابینرێن و، لە هەموو ساتێکیش دا، بەر لەشمان دەکەون، بێئەوەی هەستیان پێبکەین یاخود دەرك بکەین بەرادەی کاریگەریان لەسەر جەستەمان.

تکام وایە لە خوێنەران، وا تێنەگەن ئەم تێگەیشتنە نوێیە تایبەتە بە زانایانی رۆژئاوا یاخود زانایانی رۆژهەڵات.. بەڵکو تێگەیشتنێکی زانستی گشتییە و هەموو زانایان هاوبەشن تیای دا لە هەموو جیهان دا، بەچاوپۆشین لە ڕەوتی ڕامیاری و ئایدیۆلۆژییان.

پوختەی مەبەست: زانایانی ئەمڕۆش، تا هەنوکە لەبیرکردنەوەیاندا مادیین.. بەڵام مادە لەبەر دەستی ئەماندا لەشێوەیەکەوە گۆڕاوە بۆ شێوەیەکیتر.. دوای ئەوەی دەگوترا مادە پێکهاتوە لە (گەردیلە)ی بچوك کە دابەش ناگرێن.. ئێستا بڕوا وایە ئەو مادەیە پێکهاتوە لە ئەنرژی لەسەر شێوازی شەپۆلی (کارەبایی ـ موگناتیسی).

ئەم ئاڵ و گۆرە، یاخود ئەم چەمکی گۆڕانە لە تێگەیشتنی مادە دا، ئاسۆیەکی فراوانی بیرکردنەوەی لەبەر دەم زانایان دا خستە سەر پشت کە لەبەردا پێی ئاشنا نەبوون.. بەم پێیەش ئەو مەسەلانەی لەڕابردوو دا جێگەی بڕوا نەبون لەمڕۆماندا دەگونجێت جێگەی بڕوا بن... یەك لەو مەسەلانەش، پرسی تایبەت بە (دیاردە نائاساییەکانی) خەونە.

زانایانی ئەمڕۆ سەرسام نابن، گەر بۆ نمونە ببیسن: ژنێك خەون ببینێت بە مردنی کوڕەکەیەوە، لەکاتێکدا کوڕەکەی سەدان میلیش لێیەوە دوور بێت.. ئنجا بەدەم پرمەی گریانەوە لە خەوەکەی ڕاچەنێت... دواتر هەواڵی بۆ بێت کە هەر بەڕاستی کوڕەکەی مردوە... ئەم چیرۆکە لە سەدەی نۆزدە دا شایستەی بڕوا پێکردن نەبوو.. وەلێ ئێستا لەژێر ڕوناکی (ڕاڤەی نوێ بۆ مادە) دا، بەتەواوی جێگەی بڕوایە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر مادە کراون، سەلماندویانە (مێشکی مرۆڤ)یش وەك هەر شتێکیتری نێو ئەم گەردونە شەپۆلی تایبەتی کارۆموگناتیسی هەیە.. بەم پێیە دەگونجێت وەڵامدانەوەیەکی (شەپۆلی)ی هەبێت لە نێوانی کوڕەکە و مێشکی دایکی دا سەرەڕای دووری نێوانیان... وەك زانراویشە (دووریی) لەمڕۆ دا ئەو گرنگیەی نەماوە کە لەدوێنێ دا هەیبوو.

دەگەڕێمەوە و دەڵێم: دکتۆر تەویل زۆری پەلە کردوە لە کاتێك دا حوکمی داوە بەسەر دیاردە نائاساییەکانی خەون دا و هەموو دیاردەکانی بە پێچەوانەی ئاوەز داناوە... هەرگیز لە خۆی نەپرسیوە: کام ئاوەز نکۆڵی لە دیاردە نائاساییەکانی خەون دەکات، ئایا ئاوەزی سەدەی نۆزدەیە، یاخود ئاوەزی سەدەی بیستەم؟

بەڕاستی دنیا گۆڕاوە، بێئەوەی تێگەیشتنەکان لەگەڵی دا بگۆڕێن...

لەساڵی ١٩٥٢ پەرتوکێکم دەرکرد بەناوی (خوارق اللاشعور).. لەو پەرتوکە دا هەندێ دیاردەی نائاسایی دەروونی مرۆڤم باسکردوە، لەهەمان ئەو جۆرەی کە لەبەشی سێیەمی ئەم پەرتوکەدا باسکراوە... حەسرەتبار بووم کە بینیم هەندێ لەبیریار و ئەدیبەکانمان بۆ گاڵتە پێکردن لێیان لە پەرتوکەکەم هەڵدەقورچاند و بە پەرتوکێکی ناماقوڵ و ئەفسانەیی دایانە قەڵەم، بۆیە دەشترسم بەهەمان شێوەی پەرتوکەکەیترم سەیری ئەم کتێبەی ئێستەشم بکەن.

گرفتی ئەوانە بەگشتی ئەوەیە مەغرورن بە ئاوەزیان، شتە باوەکانی ناوخۆیان جۆنیان ئاراستە بکات، ئاوەزی خۆیان بەو جۆرە دەسوڕێنن، بێئەوەی سەریەشەی ئەوە ئاوقەی خۆیان بکەن کە سەرنجی ئەو بەرەنجامانە بدەن کە زانست لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئەزمونکاریەوە پێی دەگات... ئەوان حوکمی ناماقوڵ یاخود ماقوڵی شتێك

دەدەن، دوای ئەوەی سەرنجێکی ئەبستراکتیکی لێ دەدەن... ئیدی ناشزانن سەرنجی ئەبستراکتیکی عەقڵی ناگونجێت لەگەڵ ئەو ڕێبازە مادیە دا کە زانستی نوێی لەسەر دادەمەزرێت.

بەدەربڕینێکیتر: ئەوان جیاوازی ناکەن لە نێوان زانست و ئاوەز دا... لەکاتێکدا ئەو دوانە هەندێ جار پێکەوە دەگونجێن و هەندێ جاری زۆریش ناکۆك دەبن... ئەقڵ ئەگەر ئەبستراکت بێت، هەمیشە پێوەرەکانی لەو شتە باوانەوە وەردەگرێت کە لەسەری پێگەیوە... لەبەر ئەوەشە دەیبینین کە ئەمڕۆ حوکم دەردەکات کە فلان شت نامافوڵە و، دواتر و دوای ئەوەی خووی پێوە دەگرێت هەست دەکات کەشتەکە ماقوڵە... وەلێ زانست حوکم نادات بەسەر هیچ شتێك دا دوای ئەوە نەبێت کە ئەزمونی لەسەر دەکات و بەشێوازێکی بابەتی دەیسەلێنێت. ئیدی لەو کاتەدا گوێ نادات بە شتە باوەکانی نێو خەڵك یاخود بە ئیعتیبارە ئەقڵیەکانیان.

مامۆستا (رابن) دەڵێت: (زانست، ئەستەم ناناسێت)،[٢٣] ئەم گوتەیە هەقە لە بەر چاومان بێت هەر کە ویستمان لە دیاردە جۆراوجۆرەکانی گەردون بکۆڵینەوە.. تا ئێستە چەند پرس هەبووە لە ڕوی ئەقڵیەوە بە ئەستەممان زانیوە، دواتر بۆمان دەرکەوتوە کە لەسەر هەڵە بووین... گەر باب و باپیرانمان لە گۆڕەکانیان زیندوو ببنەوەو چاویان بەو هەموو دۆزینەوانە بکەوێت کە لە ژیانی ئێمە دایە، بڕوای پێ ناکەن، تەنانەت ئێمە خۆشمان باوەڕمان پێنەکرد، کە یەکەمجار هەواڵەکەیمان پێگەیشت... وەلێ دواتر پێیان ڕاهاتین و ئێستاکە لامان بونەتە شتانێکی ماقوڵ... جگە لەوەش دێین فرەبلێیی دەکەین و باسی کەماڵی عەقڵی خۆمان دەکەین.

لە گەشتەکەمدا بۆ وڵاتی (چینی میللی)، بینیم (ماوتسی تۆنگ)ی رابەر و فەیلەسوفی چینیش بەدەست هەندێ لە بیریارە چینیەکانەوە دەناڵێنێت، وەك چۆن ئێمە بە دەستی هەندێ لەبیریار و وێژەوانەکانمانەوە دەناڵێنین... ئەو جۆرە کەسانە بەئەنقەست مشت و مڕی درێژ و پان دەکەن. تەنها بە پشت بەستن بەوەی بیرکردنەوەی خۆیان سروشیان دەداتێ، بەبێ ئەوەی کەمێك ئیست بکەن و لێکۆڵینەوە بکەن لەو واقعەی کە هەیە، تاکو تێبگەن و بزانن چ بابەتێکی نوێی تێدا دەبینرێت.

بەڕاستی زانست وەك ئاوەز نیە.. ئەمەش یانی نا، ئێمە لە نرخی ئاوەزی مرۆڤ دێنینە خوارێ... چونکە بەڕاستی ئاوەزی مرۆڤە چەکێکی گەورە و سەنگینی مرۆڤ و رۆڵێکی گەورەی دیوە لە ڕەوتی گەشتنی ژیاری مرۆڤایەتی بە لوتکە سەرکەشەکان... ئەوەندە هەیە دەمانەوێت ئاوڕ بدەینەوە بەلای ئەو هەقیقەتە دا کە ئاوەزی مرۆڤ چەکێکی دوو دەمە... لە لای توێژەرێکی ئەزمونکار هۆکاری پێشکەوتنە... لە لای کابرای زیری لەخۆبایی بە ئاوەزیەوە، ئاوەز دەبێتە لەمپەری بەردەم پێشکەوتن.

پەیڤی کۆتایی:

دوای ئەوەی هەر بەشێك لەم پەرتوکەم بە جیاواز باس کرد، دەخوازم بە شێوەیەکی گشتی باسی هەموو پەرتوکەکە بکەم... وەك لەمەو پێشیش باسم کردوە، ئەم پەرتوکە، بەشی هەرە زۆریم بەر لە هەڵایسانی شۆڕش نوسیوە و چاپیشم کردبوو... ئەمەش یانی لە ڕووی شێواز و سروشتی بیرۆکەکانیەوە جیاواز نیە لەو پەرتوکانەی دیکەم کە لە سەردەمی رژێمی پێشوو (سەردەمی پادشایەتی عێراقی مەبەستە - وەرگێڕ) دا نوسیومن... بۆیە دەبێت دان بەو ڕاستیەیە دابنێم و بڵێم: ئەم پەرتوکە ئەگەر بۆ سەردەمی ڕابردوو گونجاو بوبێت، ئەوا بۆ ئەم سەردەمە شۆڕشگێڕیە نوێیە ناگونجێت.

ئەمە لە ڕووی دان نان بە واقیع دا دەڵێم هەر چەندە تاڵیش بێت، هەقە دان بەو خاڵە دابنێم و ئاشکرای بکەم تاکو خوێنەر بەرچاوی ڕون بێت، لە کاتێکدا ئەم پەرتوکە یان هەر پەرتوکێکیترم دەخوێنێتەوە کەلە سەردەمی پێشوو دا نوسیومە... ڕاستیەك هەیە نابێ لەبیر خۆمی بەرمەوە، ئەویش بریتیە لەوەی زەوقی خوێنەری عێراقی بەهۆی هەڵایسانی شۆڕشەوە گۆڕانی گەورەی بەسەر دا هاتووە... جاران چێژیان لەو بابەتە کۆمەڵایەتی و دەرونیانە دەبینی کە من و هاوشێوەی من دەمان نوسی و تونتی سیاسەت نەدەکەوتین، بەڵام خوێنەری ئێستە دەیەوێت نوسەر لە نێو کرۆکی سیاسەتەوە بنوسێت و ڕای خۆشی دەربارەی ئەو مەسەلانە ڕابگەیەنێت کە خەڵکی ململانێی لەسەر دەکەن.

وام دێ بە خەیاڵ دا، كە خوێنەرێ ئەم پەرتوكەم دەخوێنێتەوە خەندەی بەزەیی هاتنەوە بكەوێتە سەر لێوەكانی، ڕەنگە بشڵێت: سەرنج بدەن لەو نوسەرە باس لە خەو دەكات لە كاتێكدا مرۆڤ دەچێتە سەر مانگ... بەڵێ... من نكۆڵی ناكەم لەو قسەی ئەو خوێنەرە دەیكات... گەر منیش لە شوێنی ئەو بوایەم هەمان قسەم دەكرد.. گومانی تێدا نیە شۆڕشی (١٤ی تەمموز)، شۆڕشێكی ڕادیكاڵی گەورە بوو، ئەقڵی خەڵكی لەرزاند و تێگەیشتنەكانیانی واژگون كرد.. بڕواشم وایە سەردەمی شۆڕش پێویستی بە كۆمەڵێ نوسەر و وێژەری نوێ هەیە، كە جیاواز بن لەو وێژەر و نوسەرانەی، خەڵكی لەسەردەمی ڕابردوو دا پێیان ڕاهاتبوون. لەوانەشە كەسێك بپرسێت: ئەگەر مەسەلەكە وابێت كە خۆت دەیڵێیت، دەی كەواتە بۆچی شێوازی خۆت ناگۆڕیت تاكو بگونجێت لە گەڵ سەردەمی نوێ دا؟!

وەڵامیش بۆ ئەم قسەیە، بەم تەرزەیە: نوسەر بە شێوەیەكی گشتی ئاسان نیە بۆی بە ویستی خۆی شێواز بگۆڕێت، چونكە شێواز بەشێكە لە كەسێتی، كەواتە ناگۆڕێت مەگەر پێكهاتەی كەسایەتی ئەو بگۆڕێت، ئەمەش زۆر سەختە، ئەخاسمە لە كەسێكدا وەك من وابێت، و سەردەمی لاوێتی گوزەراندبێت و ماوەیەكی درێژیش بێت پێی نابێتە سەردەمی پیرێتی‌یەوە... وە بیرم دێت خۆشم جارێكیان لە كۆبونەوەی یەكێتی ئەدیبان دا ئاوا قسەیەكم كرد، هەندێ لە ئەدیبە لاوەكان كە ئێستا ئامادەگی‌یان هەیە پێی قایل نەبوون.

ئەو لاوانە وا دەزانن نوسەر چۆنی بوێت و هەر كات بیەوێت دەتوانێت شێوازی خۆی بگۆڕێت... ڕەنگە بۆیە ئەو ڕایەیان هەبێت چونكە هێشتر گەنجن و كەسایەتیان لە قاڵب نەدراوە وەك ئێمەومانان... گەر ڕێگەشم بدەن پێیان دەڵێم: زۆربەیان خاوەنی نوسینی تایبەت بە خۆیان نین، تاكو ڕەوا بێت پێیان بڵێین دەتوانن شێوازەكەیان بگۆڕن... هەندێ لەوانەیان كە لەسەردەمی شۆڕش دا دەنوسن، نوسینەكانیانمان تاقی كردۆتەوە و ئەو شێوازەمان تێدا نەدیوە كە كەسایەتی هەر یەكێكیانی پێوە دەناسرێت... تەنانەت لەوانەیە زۆربەی بەرهەمەكانیان لە ڕووی دەربڕینەوە لەیەك دەچن، وەك ئەوەی

لەیەك سەرچاوەوە هاتبن... بەجۆرێ گەر بمەوێت وەكو ئەوان بنوسم، زۆرێ لەو نوسینانە دەنوسم... وەلێ بەدیدی من گرفتەكە زۆر لەوە قوڵترە...

زۆر سەرسامم لە قسەی ئەو وێژەوانە گەورەیەی كەلە یەكێك لە كۆبونەوەكانی (یەكێتی ئەدیبان) دا كردی. ئەو ئەدیبە گەورەیە لۆمەی زۆری ئەدیبانی عێراقی كرد، بەڕای ئەو گوایە ئەدیبەكان لە دوای جەماوەرەوە ڕۆشتون نەك لە پێشی جەماوەرەوە... هەر ئەمەش بوە هۆی تێوەگلانی جەماوەر لە چەندین هەڵەی بەئازار دا كە وایكرد ڕێگەی ژیان لەم وڵاتە دا پڕ بێت لە كۆسپ و لەمپەر.

*** *** ***

نامەگەلێ پێگەیشتووە لە خوێنەرانەوە، تیای دا پرسیاری ئەوەم لێدەكەن كە بۆچی لەم قۆناغە گرنگەی ژیانمان دا بێدەنگیم هەڵبژاردوە... خاوەنی ئەو پەیكانە وایان لەمن دەوێت كە وەك پێشوتر لەسەر نوسین بەردەوام بم... واش گومان دەبەن مەسەلەكە بە دەست منە و قەڵەمەكەشم گوێڕایەڵە و چۆنم بوێت دەتوانم ئاراستەی كەم بە ئارەزووی خۆم و بەگوێرەی ویستی بارودۆخە كۆمەڵایەتیە نوێكەش.

لەراستی دا لەسەرەتای شۆڕشەوە، هەوڵم دا وتار بنوسم بۆ ڕۆژنامەكان و تیای دا سروشتی شۆڕش شی بكەمەوە.. دوای ئەوەی وتارەكانم بڵاو كردەوە هەستم كرد شكستم هێناوە... بەڵای زۆرێكیشەوە وتارەكان پوچ و سارد بوون، پتر لە جارێكیش لۆمە و سەرزەنشت كرام بە هۆی ئەو وتارانەوە. خوداش دەزانێت زۆر نیگەران بووم و ئەفسوسم خوارد، كاتێ بینیم دەستەوسانم لەوەی بە پێنوسەكەم لە گەڵ ڕەوتی شۆڕش دا بگوزەرێم، وەكو چاوەڕانم لێدەكرا... وەلێ ئەفسوس خواردن هیچ سودێ ناگەیەنێت.

هەر كەس پەرتوكەكانی پێشوم بخوێنێتەوە هەست دەكات من ئارەزوم لەوەیە بە دوای ناتەواویەكانی كۆمەڵگە و ئەو بیر و باوەڕە زیانبەخشانەدا بگەڕێم كە بەسەر ناوەزی ڕۆڵەكانی كۆمەڵگەدا زاڵن... پێدەچێت قسەیەكی ڕاست بێت ئەگەر بڵێم: من

پسپۆڕیم لەم جۆرە نوسینە کۆمەڵایەتیە دا پەیدا کردوە، تۆزقاڵێك نەبێت ئیتر ناتوانم لەو شێوازە لا بدەم.

لە ماوەی ڕابردوودا بڕیارم هەبوو تیای دا بنوسم و لە لایەن خوێنەرانیشەوە دەست خۆشی بکرێم و هان بدرێم... وەلێ هەنوکە شۆڕش دەروازەکانی نوسین و بڵاوکردنەوەی واڵا کردوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتوە من و هاوشێوەکانی من گۆشەگیری بکەین لە نوسین و بوار بدەین تازەنوسەرەکان ئەسپی خۆیان تاو بدەن.

لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە خوێنەران باری گرانی ئەم پەرتوکەم هەڵگرن و ئارام بگرن لەسەری، لەڕاستی دا ئارەزووم نەبوو لەوەی بڵاوی بکەمەوە ئەگەر بەر لە شۆڕش بەشی هەرە زۆری چاپ نەکرایە... ماوەیەك پشت ئەستور بوم لەوەی چاپی نەکەم و ئەو پارە و هەوڵەش تیای دا سەرفم کردوە بە فیڕۆ بچێت... هەر چۆن بێت خوێنەران دەتوانن ئەم پەرتوکە بە فیلمێکی سینەمایی سەرنەکەوتو بدەنە قەڵەم... لەبەر ئەوەش هەوڵم داوە نرخی یەك دانەی بە قەدەر نرخی بلیتێکی چونە نێو سینەما بێت.. چەند زۆریشن ئەو فیلمانەی خەڵکی دەچن بۆ بینینیان و دوایی کە دێنە دەرێ پەشیمانن لە بینینی.

*** *** ***

پەرتوکێکم هەیە بەر لە چەند ساڵێ ئامادەم کردوە بۆ چاپ... جارێکیان بانگەوازێکی کۆمێدیم بۆ کرد و گوتم: ئەو پەرتوکە خوا بیەوێت لە دوای مردنی نوسەر بڵاو دەکرێتەوە... هۆکاری ئەم بانگەوازە کۆمیدیەش ئەوە بوو کە من بڕوام نەدەکرد: لای ئێمە شۆڕش لەماوەیەکی نزیك دا ڕوو بدات... ئێستاش کە شۆڕش خێراتر لەوەی من بۆی دەچووم، بەرپا بووە، ئایا من دەتوانم ئەو پەڕاوە کۆنانە چاپ و بڵاو بکەمەوە؟ نەخێر!

یەك لەو پەرتوکانەی ئامادەم کردون بۆ چاپ، هەوڵێکی زۆرم لە گەڵ داوە و ناوم ناوە (شاکاری خەڵکی عێراق)... هەر چۆن بێت، کتێبێکە لە ناتەواویەکانی کۆمەڵگای عێراق و ئەو بەها خراپ و توندڕەویە دەکۆڵێتەوە کە لەو کۆمەڵگەیە دایە.

هەر کەس لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەو سەردەمانەی رابردوو بکۆڵێتەوە وەك گەلی عێراق گوزەری کردوە پیایان دا، دەگات بەهەمان بەرەنجام کە بەندە پێی گەشتووم.. لەگەڵ ئەمانەش دا متمانەم پتەوە بەوەی گەر ئێستە ئەو پەرتوکە بڵاو بکەمەوە زۆرێك لە خوێنەران بە تەرێزلێکردن پێشوازی لێدەکەن و ڕووبەڕووی دەبنەوە... خوێنەران لەو هەڵوێستەیان دا لۆمەیان لەسەر نیە... ئەوان لەم قۆناغە شۆرش گێریە دا دەیانەوێت نوسەر شتێ بۆ گەل بنوسێت هانی بدات و کردەوەکانی بەرز راگرێت... نەك لۆمەی بکات و... هەڵەکانی بۆ بژمێرێت.

*** *** ***

لە پەندێکی کۆن دا هاتووە: هەر سەردەمە پیاوی خۆی هەیە... لەسەر هەمان تەرزی ئەو پەندە، دەکرێت بێژین: هەر سەردەمێ نوسەر و خوێنەری خۆی هەیە...

و علی کل فالأم لله الواحد القهار!..

د.عەلی وەردی

پەراوێزەکانی ئەم پێشەکیە:

١. چینی شەریفان (طبقه الاشراف): مامۆستا وەردی مەبەستی لەو گروپە خەڵکانەیە کە نەسەبی خۆیان دەدەنەوە پاڵ پێغەمبەری خودا... لە نێو کوردەواری دا بەو چینە دەگوترێ (شێخ یان سەید "سەیی") و بەخەڵکانی‌تر دەگوترێ (مسکێن یاخود نۆمی) ئێمە لە ئێستە بەدواوە دەستەواژە کوردیەکان (یان بەکوردی کراوەکان) لە کاتی وەرگێڕاندا بەکار دێنین بە تایبەت هەر دوو وشەی (سەید) بۆ چینی ئەشراف و (نۆمی) بۆ خەڵکی ڕەشۆکی، وەك باوە لە نێو کوردەواری دا بە کار دێنین، مەبەستمانە لە فۆرمی ئاسان دا مەبەستەکان بگەیەنین، نەك ئێمە پشتگیری یان دژی زاراوەکان بین ـ وەرگێڕ ـ

٢. بنوارە: مصطفى عمارة، جواهر البخاري، ل ٥١٥.

٣. بنوارە: محمد السماوي، ظرافة الاحلام، ل ٥.

٤. بنوارە: د. حسين محفوظ. سيرة الشيخ احمد الاحسائي، ل ١٧.

٥. بنوارە: محمد السماوي، ظرافة الاحلام، ل ١٥ ـ ١٦.

٦. بنوارە: هـ . س. ل ٢١ ـ ٢٢.

٧. بنوارە: جعفر الخليلي، اولاد خليلي، ل ١١ ـ ١٤.

٨. بنوارە: مصطفى جواد ، ونسيم سوسة، بغداد، ل ٢٢٠ ـ ٢٢١.

٩. بنوارە: هـ . س، ل ٢٢٢

١٠. بنوارە: آخر الساعة، ژمارەی ڕۆژی ١١/ ١٢/ ١٩٥٩.

١١. بنوارە: مقالات الشيخ الحفيد، ل ٩٢ ـ ٩٣.

١٢. بنوارە: Hddfield, Dreams and Nightmares, p 3 – 4

١٣. بنوارە: Rhine, new World of the mind

١٤. بنوارە: توفيق الطويل، ل ٢٠.

١٥ـ کۆلێژەکەش بڕوانامەی دکتۆرای پێبەخشی (سوپاس بۆ خودا) و ئێستاکە دکتۆرێکە بە ئەنگوست ئامازەی بۆ دەکرێ.

١٦ـ بنوارە: Electro-magintic, Waves

١٧ـ بنوارە: Jeans Mysterious universe, p 93 – 94

١٨ـ بنوارە: Rhine, Reach of mind, p 50

دەروازەی یەكەم:

خـەون و بیر و بـاوەڕ

بەشی یەکەم:

(بۆچونی قەیمیەکان لە مەڕ خەون)

خەون لای خەڵکە سەرەتاییەکان:

مرۆڤی کۆن بە سادەیی بیرکردنەوەی دا دەناسرێتەوە، ئەو دەبینێت کۆمەڵی دیاردەی سەیر لە هەموو لایەکەوە دەوریان داوە، ئیدی هەوڵ دەدات بە گوێرەی چەمك و تێگەیشتنە سادەکانی خۆی ئەو دیاردانە شیکار بکات.

خەون یەکێك بوە لەو دیاردانەی کە مرۆڤی سەرەتایی سەرسام کردوە.. لەوانەیە لە خۆشی پرسیبێت چۆن دەتوانێت شتێك لە خەونی دا ببینێت کە لە نزیکیشەوە نین... بۆیە پێدەچێت بەو هۆیەوە گەشتبێتە ئەو بڕوایەی کە خوداوەند و شەیتانەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروست بونی خەون دا.. لە دیدی وی دا بە تەنها خوداوەند و شەیتانەکان دەتوانن کاری وا بکەن.

هەر بۆیەش بڕوایان وابوو، خەون ئەرکێکی زۆر گەورەی مرۆیی لەسەرە، ئەرکەکەش بریتییە لەوەی خەون ئەو شتە نادیارانە بۆ مرۆڤ دەدۆزێتەوە کە ڕۆژگار لێیانی شاردۆتەوە.[1]

دەڵێن: لە نێو هۆزە سەرەتاییەکان دا، کەسەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان کردەوەیەکدا کە بە واقعی و لە ساتەوەختی بێداری دا بیکەن و کردەوەیەکیش کە لەساتی خەوبینین دا بیکەن.. ئەگەر لە خەون دا ببینێت کەسێك دەست درێژی دەکاتە سەر یاخود هەڕەشە و گوڕەشەی لێدەکات، بە تەواوی بڕوا بەوە پەیدا دەکات کە فلان کەس هەر بە ڕاستی وای کردوە. تەنانەت سڵ ناکاتەوە لەوەی بەیانی بڕواتە سەر ئەو کەسە و لۆمەی بکات یاخود تۆڵەی لێبکاتەوە.... جێگەی پێکەنینیشە کە دەبینین دو پیاوی سەرەتایی دوژمنایەتی سەختی یەکتر بەوپەڕی توندی دەکەن بە هۆی ئەوەی

یەکێکیان لە خەونی دا دیویەتی کەسەکەی تر دەست درێژی کردۆتە سەری... خەڵکیش لە دەوروبەری دا ئەوە بە شتێکی ئاسایی دەبینن کە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە.

نەریتی هەندێ هۆزی سەرەتایی ڕێگە بەوە دەدات، کابرایەک کیژێك بکاتە ژنی خۆی، ئەگەر لە خەونی دا بینیبێتی لە گەڵ ئەو کیژەدا کردەوەی سێکسی دەکات[٢] بەبڕوای ئەوان مادەم لە خەون دا کردەوەی سێکسی لە گەڵ ئەو کیژە کردوە، ئەوا ڕەوایە لە ژیانی واقیعیش دا درێژە بەو کردەوەیە بدات.

خەون و ئاینی سەرەتایی:

لە زانستی کۆمەڵناسی دا دوو بیردۆز هەن کە لە مەسەلەی دروست بونی ئاین دا گرنگی زۆر بە خەون دەدەن، دوو بیردۆزەکەش بریتین لە تیۆری (سبنسر و تیۆری تیلەر).

(سبنسر) دەڵێت: مرۆڤە سەرەتاییەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان نوستن و مەرگ دا... لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ڕۆح لە جەستەی خاوەنەکەی دێتە دەرێ... بەڵام لە دوای نوستن دەگەڕێتەوە نێو جەستەی خاوەنەکەی.. ئەمە لە کاتێکدا لەباری مردنی دا بەتەواوی لێك جیا دەبنەوە... بەڕای (سبنسر) ئەم بۆچونە سەرەتاییە، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئاینە جۆراوجۆرەکان... هەر کەسێکیان لێمردایە، خزم و نزیکەکانی هەڵپەیان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی هەندێ سروتەی تایبەت و قوربانی کردن بۆ ڕۆحەکەی، لەپێناوی ئەوەی لە ڕۆحەکەیەوە یارمەتی وەرگرن... لێرەشەوە (پەرستنی پێشینان) سەری هەڵدا کە یەکەمجۆری پەرستنە لە نێو مرۆڤ دا.[٣]

(تیلەریش) پێی وایە بیرۆکەی (ڕۆح) لای مرۆڤی سەرەتایی لە تێبینی کردنی خۆیەوە لە کاتی نوستن دا پەیدا بوە... ئەو خەونە سەیر و سەمەرانەی کە دەیان بینێت هانی دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە بونی (گیان) لە جەستەی دا... ئەوەش گەیاندیە ئەو بڕوایەی کە هەموو شتێ لەم دنیایەدا گیان و جەستەی هەیە، بەم پێودانگەش جیهان پڕە لە ژمارەیەکی بێکۆتایی (ڕۆح).. گیانیش لە یەك کاتدا دەتوانێت هەم سود و هەم زیانیش بە مرۆڤ بگەیەنێت... خواوەندەکانیش چ نین جگە لە بژاردەیەکی

تایبەتی ئەو (رۆحانە) و لە رۆحەکانی‌تر بەرز بوونەتەوە و، بەو جۆرە بونەتە جێگەی ترسان و پەرستن...[4]

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە هەرتکە تیۆرەکە بە لای زانایانی سۆسیۆلۆژی نوێوە کۆن بوون... چونکە لە بریتی ئەم دوو تیۆرە، بیردۆزی نوێ سەریان هەڵداوە کە لە شیتەڵ کردنی سەرهەڵدانی ئاین دا ڕای نوێتریان پێیە... بەڵام هەر چۆن بێت ئاماژە دەدەن بە کاریگەری خەون لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی.

خەون لەشارستانیەتە دێرینەکاندا:

وا دەردەکەوێت گەلانی پێشکەوتووی سەردەمی کۆن زۆر جیاواز نەبوون لە گەڵە سەرەتاییەکان لە مەسەلەی بەپیرۆز سەیرکردنی خەون و بە ئیلهام لە قەڵەمدانی... دەڵێن بابلیە کۆنەکان خودایەکی تایبەت بە خەونیان هەبوە بەناوی (ماخر)ەوە... هەروەها میسریەکانیش خوایەکی تایبەتی خەونیان هەبوە بەناوی (بس)، تەنانەت وێنەی ئەم خودایە لەسەر زۆربەی ئەو سەرینانە نەخشێنرابوو، کە میسریەکان بۆ نوستن سەریان دەخستنە سەر.[5]

قورئان و تەورات ئاماژە دەدەن بەوەی چەندە میسریە کۆنەکان گرنگیان داوە بە شرۆڤەکردنی خەون... و باسی ئەوە دەکەن کە چۆن (یوسفی راستگۆ) توانیویەتی لە ڕێگەی زیرەکی لە ڕاڤەکردنی خەونەوە بگاتە باڵاترین پۆستی دەوڵەت.

ئیغریقە کۆنەکان لەم ڕووەوە لە میسریەکان دەچون... تەنانەت لەوانەیە هەندێ لە بیر و باوەڕەکانی تایبەت بە خەونیان لە ڕێگەی دەریاوە لە میسریەکان وەرگرتبێت... دەستەڵاتدارانی (ئەسپارتە)ش، لێیان دەگێڕنەوە کە لە نێو پەرستگایەکی تایبەت دا دەخەوتن، بەو هیوایەی لە کاتی نوستنەکەیاندا دەنگ و باسی غەیبی و نادیار وەربگرن.. خەون کاریگەری گەورەی هەبوو لە ئاراستەکردنی سیاسەتەکانیان بۆ حوکم کردنی وڵات.

لە (ئەسینا) دادگای باڵا لە ڕێگەی بڕیارێکەوە کە لە خەون دا دەدرا، بڕیاری تاوانباری و بێتاوانی دەدا بەسەر تۆمەتبارەكانی دا.. دەشگێڕنەوە پیری فەیلەسوفەکانیان (ئەفلاتۆن) بڕوای بە ڕاستی خەون هەبووە.

لە (ڕۆما)ش، ڕەوشەکە جیاواز نەبوو لە (ئەسینا و ئەسپارتە)... سەیریش لەوە دایە ئەنجومەنی نوێنەرانی ڕۆمانی، بەدەم داواکاری هەر خەونێکەوە دەچوو کە کەسێکی ئاساییش بیدیبا.

یەکەم دانەر لە بواری خەوندا:

کاتێ لە نێو ئیغریقەکان دا نەریتی دانان لە بواری زانستە جیاجیاکاندا بڵاو بویەوە، لە نێویاندا نوسەرێ بە دەرکەوت کە تایبەتمەند بوو لە بواری خەون دا بەناوی (ئەرتەمیدۆس).. ئێمە بە دڵنیاییەوە نازانین: ئایا لەم بوارە دا کەس پێشی ئەم دانەرە کەوتوە یان نە..ئەوەی دەیزانین تەنها ئەوەندەیە ئەم کابرایە یەکەم دانەرە لە بواری خەون دا لە مێژووی جیهان دا... پێنج کتێبی لەسەر خەون نوسیوە کە لەسەردەمی عەباسیەکاندا کرانە عەرەبی... کتێبەکانی شوێنەوارێ گاڵتە پێنەکراویان لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بەجێهێڵا.

(ئەرتەمیدۆس) هەموو خەونەکان دەداتە پاڵ خواوەندەکان... بەڵام دەیانکاتە دوو بەشەوە: بەشێکیان بێپەردە و ڕاشکاون و ڕاستەوخۆ هەواڵی غەیب دەدەن. بەشێکی دیکەشیان شاراوەن... ئەرتەمیدۆس لە پەرتوکەکانی دا یاسا و ڕێسای داناوە بۆ شیکردنەوەی جۆری دووەمی خەونەکان...کە کتێبەکانیشی دەخوێنینەوە هەست دەکەین لێکچونێکی زۆری هەیە لە گەڵ ئەو پەرتوکانەی لە نێو موسڵمانان دا بڵاون.

ئەرتەمیدۆس بڕوای وایە جەفەنگەکان لە خەون دا ڕەگ و ڕیشاڵی خۆیان لە بارودۆخ و نەریتی کۆمەڵایەتی و کەسێتی کەسە خەو بینەکەوە وەردەگرن. لە بەر ئەوە پێویستە (شرۆڤەکەری خەون) ئەم مەسەلانە بە تەواوی لە بەر چاو بگرێت و لێیان تێ بگات، تاکو بتوانێت بەی بەرێت بەوەی جەفەنگی نێوخەونەکان واتای چ هەواڵێکی نادیار و غەریب دەگەیەنن.[٧]

تیۆری ئەرستۆ لەبارەی خەونەوە:

(ئەرستۆ تالیس) بەوە لە بیریارانی دێرین جیا دەكرێتەوە، كە ئەم بەشێوەیەكی بابەتی لە خەونی كۆڵیوەتەوە، خەونی دارنیوە لە دەست تێوەردانی خواوەند... دەگرێ ئەرستۆ لەم ڕووەوە بەیەكەم زەندیقی شیزامی دابنرێت... ئەو دەڵێت خەون لە ئەنجامی كاریگەریە بەرهەستەكانەوە پەیدا دەبێ... زۆر جار مرۆڤ لە بێداری دا چێژێ یان ئازارێكی پێدەگات بەڵام گرنگی پێ نادات لەبەر ئەوەی سەرقاڵە بە ئەركەكانی ژیانەوە... بۆیە كە دەخەوێت بە ئاشكرا لە خەونی دا ئەوەی بۆ دەردەكەوێت... ئەمەش یانی خەون هەستكردنە بچوكەكان دەگۆڕێت بۆ هەستكردنی گەورەكراو... كەسێكی خەوتوو گەر ورتەورتێكی سوك ببیسێ، لە خەونی دا وا دەزانێت چەخماخەیەك كەوتۆتە سەری.. یاخود گەر كەمێك قلّغ (بەلغەم) بە گەروی دا بچێتە خوارێ، لەخەونی دا وادەزانێت هەنگوینی زۆر بەتامی نۆش كردوە... یان گەر كەمێك گەرمی بەر لەشی بكەوێت، لە خەونی دا وادەزانێت بە نێو ئاگر داگوزەر دەكات...

ئەرستۆ هەروا پەی برد بە كاریگەری ئارەزوو و سۆز و میزاجە جیاوازەكان لە دروستكردنی خەون دا... خۆشەویست دارێ لەخەونی دا بەگوێرەی ئارەزووی خۆی خەو دەبینێ. ترسنۆكێكیش هۆكاری ترسەكەی لە خەونی دا دەبینێ.. تەنانەت زۆر جاران مرۆڤ خەون بەشتێكەوە دەبینێ كە جێگەی گرنگی پێدانی بوە لەساتەوەختی بێداری دا...[٨]

گەورەیی (ئەرستۆ) لەكاتێكدا دەردەكەوێت كە بەرەو ڕووی (خەونە ڕاستەكان) دەبێتەوە.. (خەونە ڕاستەكان) ئەو خەونانەن كە بە ماوەیەك لە دوای بینینیان دێنە دی... ئەرستۆ پێی وایە هاتنە دی ئەو خەونانە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی بەڕاست هەواڵی نادیاری داوە، وەك ئەفلاتۆن و بیریارانی‌تر پێیان وابوە.. بەڵكو هاتنەدی ئەو خەونانە بۆ چەند فاكتەرێ كە دورن لە دەست تێوەردانی خواوەندەكان، دەگێڕێتەوە.

ئەرستۆ چوار فاكتەر بۆ هاتنەدی خەونەكان دیاری دەكات. بەم تەرزە:

١. هۆکاری ڕێکەوت: ئەمەش زۆر جار لە هەر دوو حاڵەتی خەون و بێداری دا بەسەر مرۆڤ دا دێت... زۆر جار مرۆڤ باس لە ڕوودانی شتێك دەکات و ماوەیەك دوای ئەوە بە ڕێکەوت شتەکە ڕوو دەدات.

٢. هۆکاری ئیحا: بەواتای ئەوەی مرۆڤ کاتێ خەون بە ڕودانی شتێکەوە دەبینێ، ئەو خەونە لە لای وەك ئیحایەکی لێدێت و بەسەر ئاوەزی دا زاڵ دەبێت، ئەمەش هانی دەدات کە هەوڵ بۆ بەرجەستەکردنی خەونەکەی و هێنانەدی ڕووداوەکە بدات.

٣. هەستکردنی قەبە گراو: هەندێ جار مرۆڤ خەون دەبینێ بە نەخۆشین یان مردنەوە کە دوچاری دەبن.. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی بە (ئاڵۆز بوونی وردی ئەندامی) لە کاتی نوستن دا... ئەم هەستکردنەش بەڵگەیە لەسەر بونی نەخۆشییەکی پەنهانی کە مرۆڤ بە هۆی سەرقاڵی بەژیانی ڕۆژانەیەوە هەستی پێناکات.

٣ـ گرنگی دانی تایبەت: ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆوەی مرۆڤ گرنگی زۆر دەدات بە بارودۆخی خزم و نزیکەکانی زیاد لەو گرنگییەی دەیدات بە بارودۆخی خەڵکانیتر... بۆیە هەندێ جار لە خەونی دا دەبینێ ڕوداوێك دێت بەسەر خزمەکانی دا، دواتر هەر بەڕاستی ڕوداوەکە لێیان ڕودەدات، ئەمەش بۆ ئەو گرنگییە دەگەڕێتەوە کە لە کاتی بێداری دا بە خزم و نزیکەکانی داوە.

تیۆری ڕەواقیەکان:

تیۆری ڕەواقیەکان لە خەون دا پێچەوانەیە لە گەڵ بیردۆزەکەی (ئەرستۆ)دا... ئەمان دوچاری سەریەشەی زۆر بوون لە بەرگریکردنیان دا لە (خەونی ڕاست) و بە سروش لە قەڵەم دانی... ڕەواقیەکان دەڵێن: دەروونی مرۆڤ لە کاتی بێداری دا نێچیری ئارەزووە جەستەییەکانیەتی، بەخەوتن لەو ئارەزوانە قوتار دەبێت، بەو جۆرە بە هێزتر دەبێت بۆ دۆزینەوەی شتە نادیارەکان.

ئەرستۆ پشتی بەخەون دەبەست کە نکۆڵی لە خەونی ڕاست دەکرد.. ئنجا ڕەواقیەکان هاتن و گوتیان: ئاوەز ناتوانێت لەمجۆرە بابەتانەدا ببێتە دادوەر، ئاکرێ

مرۆڤ ملەجەڕێی شتێ بکات تەنها لە بەر ئەوەی عەقڵی دەستەوسانە لەوەی پێشبینی بکات یاخود لێی تێبگات.

ڕەواقیەکان بە نمونەیەکی بەرهەست پشتگیری ڕاکەیان دەکەن کە ئەویش (موگناتیسە)...

هەر کەس نهێنی هێزی موگناتیسی نەزانێت، ملەجەڕێ دەکات لەوەی موگناتیس ئاسن ڕادەکێشێت، لە کاتێکدا بە چاوی خۆشی دەیبینێت[٩] .. بەڵام کاتێ خەڵکی بەو دیاردەیە ڕاهاتن، ئێستا بە شتێکی ماقوڵی دەزانن، کەچی دیاردەکە (ڕاکێشانی ئاسن لە لایەن موگناتیسەوە) هیچ پاساوێکی لۆژیکی ماقوڵی نیە.

کورتکردنەوە و جیاکاری:

ئەمانەی باسکران کورتەی ئەو ڕایانە بوون کە بەر لە ئیسلام لە مەڕ خەون گوتراون.. دەتوانین بەم تەرزە بیان پۆلێنین:

١. بۆچونە گشتیەکان: بریتین لەو ڕایانەی کە خەونیان دەدایە پاڵ دەستێوەردانی خواوەند و شەیتانەکان... ئەم ڕایە زاڵ بوو بەسەر ئاوەزی زۆربەی بیریارەکاندا.

٢. بۆچونە ئەرستۆ تالیسیەکان: بریتیە لەو بۆچونانەی لە ڕویەکی عەقڵانیەوە ڕاڤەی خەون دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هێزە میتافیزیکیەکانی بەسەرەوە بێ.

٣ـ بۆچونە ڕەواقیەکان: ڕاو بۆچونگەلێ ڕەخنەگرانەی سۆفیانەن، لە پلەی ئاوەز دادەبەزێنێت و هەوڵی ئەودیوی ئەقڵ دەدات.

لە بەشی داهاتوودا، خوێنەر دەبینێت، چلۆن ڕای موسڵمانانیش دابەشبوە بۆ ئەو سێ بۆچونە... ئەو ئەزعەیەی لەم سەردەمانەی دوایی دا زاڵ بوە بە سەر ئاوەزی موسڵمانان دا ئەزعەی ڕەخنەگەرایی بوو... مەبەستیشمان لەو ئەزعەیە کە لە پلە و پایەی ئاوەز دادەبەزێنێت و دان دەنێت بە کەمتوانایی ئاوەز لە تێگەشتن لە ڕاستی ڕەها.

وا دیارە سۆفیەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بڵاوبونەوەی ئەو ئەزعەیە بە نێو موسڵماناندا... وەك لەمەودوا ڕون دەکرێتەوە.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١. بنوارە: Freud Bascic Wirtings. P 184

٢. بنوارە: ابومدين الشافعي، الوهم، ل ٢٤.

٣. بنوارە: روجيه باستيد، علم الاجتماع الديني، ل ٢١٨ ـ ٢١٩.

٤. بنوارە: هـ. س، ل ٢٢٠ ـ ٢٢١.

٥. بنوارە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ١١٢.

٦. بنوارە: هـ. س، ل ١١٤ ـ ١١٥.

٧. بنوارە: Freud Interprehion Dreams, p 82

٨. بنوارە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ٦٩.

٩. بنوارە: توفيق الطويل، التنبؤ بالغيب، ل ١٦٩.

بــــەشــی دووەم:

ڕای موسڵمانان لە بارەی خەونەوە

گرنگی دانی زۆر بە خەون:

دەتوانین بڵێین نەتەوەی ئیسلامی، یەكێكە لەو نەتەوە كۆنانەی كە زۆر گرنگیان بە خەون داوە و بە پیرۆزیان داناوە.. لەم ڕووەوە تەنها (موعتەزیلە) و كەمێك لەو فەیلەسوفانە لێیان جیا دەبنەوە كە لە ژێر كاریگەری موعتەزیلەدان.

جێگەی سەرنجە، ئەو فەیلەسوفانەی ئیسلام كە لە دوای (ئەرستۆ) چوون، لە زۆربەی بۆچونەكانی دا، لەمەسەلەی خەون دا پێچەوانەی ئەرستۆن و ڕای ئەویان پەسەند نەكردوە.. بەڕای ئەمان لەكاتی خەو دا دەروون پەیوەست دەبێ بە ئاوەزی كاراوە (كە ئەوان ناویان ناوە ئاوەزی گەردونەكان) و ئیدی بەو جۆرە و لەو ڕێگەیەوە دیاردە نادیارەكان دەدۆزێتەوە...

وا دیارە فەیلەسوفەكان لە تورەیی و ڕقی خەڵك ترساون، بۆیە لە مەسەلەی خەون دا هاوشانی جەماوەر ڕۆشتون و لە گەڵیان دا لەپیرۆزراگرتنی خەوندا هاوڕان...

خەون و فەرمودەكانی پێغەمبەر(د.خ):

لە پێغەمبەرەوە (د.خ) فەرمودەگەلێ زۆر لە بارەی خەونەوە دەگێڕنەوە.. سەرجەمیشیان ئاماژەن بۆ وەی (خەونی ڕاست) سروشێكە لە خوداوە.. بەناوبانگترینی ئەو فەرمودانە، دوو فەرمودەن.. یەكیان دەڵێت: "خەون بەشێكە لە چل و شەش بەشی پێغەمبەرایەتی...[1]" لەویتریان دا هاتووە: "سەحابەكان ناڕەحەت بوو بەلایانەوە كە لە دوای پێغەمبەر (د.خ) ئیدی سروشی دەبچڕێت.. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دڵنیای كردونەتەوە و گوتویەتی: (لە دوای من هەندێ شتی مژدەدەر دەمێنێتەوە)،

کەپرسیاریشی لێکرا (شتی مژدەدەر چیە) فەرمووی: (خەونێ راستە کە پیاوچاکێ ببینێ، یان پێیەوە ببینرێ).[٣]

ئێمە دڵنیا نین لەوەی ئایا ئەو فەرمودانە تا چەندە (صحیح)ن کە بە دەمی پێغەمبەرەوە گێڕدراونەتەوە... دەگونجێ بە درۆش نرابن بەدەمیەوە... چونکە وەکو زانراوە فەرمودەگەلێ زۆر بە درۆ نراون بە دەمی پێغەمبەرەوە (د.خ)... هەر چۆن بێ ئەو فەرمودانە لە نێو موسڵمان دا بڵاون... لای زۆرێك لە موسڵمانان پیرۆزن و ناکرێ گومانیان ئاراستە بکرێ... تەنانەت هەندێکیان گەشتونەتە بڕوایەك کە کوفرانەکردن بە خەون، کوفرانەکردنە بە پێغەمبەرایەتی... چونکە لە دیدی وان دا خەون و پێغەمبەرایەتی لە یەك سەرچاوەوە پەیدا دەبن.

قورئان و خەون:

لە قورئان دا هەندێ ئایەت هاتوە دەربارەی خەون... بەتایبەت دەربارەی ئەوەی کە بەسەر (ئیبراهیم پێغەمبەر) داهاتووە ئەوە بوو خودا لە خەون دا داوای کرد لە ئیبراهیم تاکو کوڕەکەی سەر بڕێت.. هەروا ئەوەی بەسەر (یوسف) دا هات و لەمیسر دا شۆرەتی پەیدا کرد بە هۆی لێزانینێتی لە خەو بەرزێن کردنی خەوندا... هەندێ لە شرۆڤەکارانی قورئان ئەو ئایەتانە بە بەڵگەی بەهێز دادەنێن لە سەر ڕاستی خەون...

قورئانیش وەسفی بڕواداراني کردوە بەوەی (لهم البشرى في الحياة الدنيا و الاخرة)[٣]... (فەخری رازی) ئەو (بشرى = موژدە)یەی بە خەونێکی چاك ڕاڤە کردوە کە موسڵمانێ دەیبینێ یا خود پێیەوە دەبینرێ... ئەم ڕاڤەیەش بەنێو موسڵمانان دا بڵاو بویەوە تاکو لە هزریاندا ئەوە چەسپاوە کە قورئان دان بەوە دادەنێت کە خەونی ڕاست سروشێکە لە خوداو .[٤]

ڕای موعتەزیلە:

لەوەی رابورد باسمان لەوە کرد، کە موعتەزیلەکان لە هەموو موسڵمان جیا بوون بە تایبەتی لەمەسەلەی بیرۆزکردنی خەون دا... ئەمە جگە لەوەی لە زۆرێك مەسەلەیتردا لە موسڵمانان ڕیزپەڕ بوون... موعتەزیلە بە شێوەیەکی گشتی متمانەیان بە لۆژیك و

ئاوەزی ئاگا (العقل الواعي) هەیە... وە بڕوایان وایە خودا لە فەرمان و پاساغ كردنەكانی دا هەرگیز لە راستەڕێی ئاوەزی سەقامگیر دەرناچێ. جا هەر شتێ ئاوەز فەرمانی پێ بكات، خوداش فەرمانی پێ دەكات.

ئەمەش هانی دان گاڵتە و سوكایەتی بەو فەرمودانەی پێغەمبەر (د.خ) بكەن كە لە دیدی ئەوان دا پێچەوانەی ژیری بووە.. ڕاڤەی قورئانیشیان بەگوێرەی ئارەزووەكانی خۆیان كردوە.. هیچ گوێیەكیان بە خەڵكە رەشۆكیەكە نەداوە، تەنانەت بە سوكیش سەیریان دەكەن... سڵیش ناكەنەوە لە ڕاگەیاندنی هەر ڕایەك، كە ئەقڵی خۆیان پێی قایل بێت، ئیدی با ئەو ڕایە پێچەوانەی بیر و باوەڕی زۆرینەی خەڵك و فوقەها و واعیزەكانیش بێت.

لە بارەی خەونەوە ڕایان وایە كە بریتییە لە دالغەی تێكەڵ وپێكەڵ و وەهم... بەڵگەشیان ئەوەیە، دەرك كردنی راستەقینە لە كاتی بێداری دا نەبێت بۆ مرۆڤ نایەتە دی.. هەروەها دەڵێن دەرك كردن و نوستن پێچەوانەی یەكدین و پێكفە كۆنابنەوە.[٥]..بۆیە لایان وایە بەهیچ جۆرێك ناگونجێت لە كاتی نوستن دا ژیری پەی بەرێت بە ڕاستیەكانی گەردون.. بەو پێیە دەرك كردنیش بە ئەندازەی وەئاگا بونە.

ڕای سۆفیەكان:

سۆفیەكان ڕایان لەم بابەتە دا بە تەواوی پێچەوانەی ڕای موعتەزیلەیە... ئەمان ژیری بە كانگای شتە پڕ و پوچ و وەهمەكان دەزانن.. تەنانەت زۆر جار شێتێتی‌یان پێ باشترە لە ژیرێتی... ئا لێرەشەوە بیرۆكەی بەپیرۆز ڕاگرتنی شێتەكان لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی دا تەشەنەی كردوە... تەنانەت (ئیبن عەرەبی) شانازی بەوەوە دەكات كە پتر لە جارێك دوچاری شێت بوون بوە...[٦]

هەندێ لە سۆفیەكان وا دەبینن بێداری خەونە، و خەونیش بێداریە.. لە كاتی بێداری دا دەروونی مرۆڤ سەرقاڵە بە دیاردە بەرهەستەكان و خواستەكانی جەستەوە... لەم حاڵەتەدا نوستوە و جگە لەو شتانەی لە ڕێگەی هەستەوە پێی دەگات لە هیچی

دیکە تێناگات... وەلێ لە کاتی نوستن دا، پەردە لە ڕوی بینینی لا دەدرێت و بە ئاسمانی بەربلاوی زانین دا دەسورێتەوە و، هیچ شتێ سەرقاڵی ناکات.

(غەزالی) بڕوای وایە، ئەوەی مرۆڤ لە کاتی خەون دا دەی بینێت نزیکترە لە مەعریفەوە وەك ئەو شتانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێی دەگات.. خەڵکیش بەهەڵەدا چوون کە وا گومانیان بردوە گوایە مەعریفە لە ساتەوەختی بێداری دا دروست دەبێ... چونکە ئەوەیان لە بیر چوە کە لە کاتی بێداری دا ئاوەزی مرۆڤ سەرقاڵە بە ئەرك و ناڕەحەتیەکانی ژیانی دنیایەوە، بەو پێیە ناتوانێ چ شتێ لە هەقیقەت تێبگات.[7]

(غەزالی) خەون بە شێوازێکی لاوازی پێغەمبەرایەتی دەزانێت.[8] ئەمەش یانی هەموو خەڵکی (بە پلەی جودا جودا) پێغەمبەرن. هەر کاتیش دەرون پاکژ بویەوە لە چڵك و چەپەڵیەکانی دونیا، ئەوجا جیهانی نادیار لە بەردەستی دا واڵا دەبێت و بەو جۆرەش بە پلەکانی پێغەمبەرایەتی و سروش دا سەردەکەوێت.

پوختەی مەبەست:

پوختەی مەبەست ئەوەیە: ڕای موسڵمانان لە بارەی خەونەوە ئەوەیە کە پێیان وایە خەونی ڕاست لە هەمان سەرچاوە و چاوگەوە هەڵدەقوڵێت کە پێغەمبەرایەتی لێوە هەڵدەقوڵێت.[9] ئەمەش یانی سروشی خوایی بە سێ پلە دادەبەزێتە سەر مرۆڤەکان... پلەکانیش ئەمانەن:

١. یەکەمین پلەیان: کە پلەی هەرە بەهێزیانە و تیای دا جیهانی نادیار (غەیب) بەتەواوی ڕون دەبێتەوە، ئەم پلەیە تایبەتە بە پێغەمبەران، هەر بەوەشدا پێغەمبەران لە خەڵکی دی جیا دەکرێنەوە.

٢. پلەی دوەمیان تایبەتە بە ئەولیاکان و ئەوانەی دونیانەویست و خاوەنی کەراماتن، ئەمانە لەڕوی نزیکیان لە خوداوە، لە پێغەمبەران خوارترن و لە سەروی خەڵکی ئاساییەوەن

٣. پلەی لاوازی سروش، لە ڕێگەی خەونەوە دێتە سەر موسڵمان... بە گوێرەی بڕوا و پارێزکاری موسوڵمانەکەش، خەونەکەی بەهێز یان لاواز دەبێ... هەر چەندە موسڵمان چاکەکارتر بێت، ئەوەندە خەونەکەی بێخەوش دەبێ.

هەندێ لە موسڵمان پێیان وایە، یەکەمین جار پێغەمبەر (د.خ) لە ڕێگەی خەونی ڕاستەوە نیگای وەرگرتوە.. دواتر پلە بە پلە بە پلەکانی پێغەمبەرێتی دا سەرکەوتووە... خاتوو (عایشە) لە بارەی محمد (د.خ)ی هاوسەریەوە دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتا دا محمد خەونی دەبینی و وەکو سپێدەی بەیانی بەڕاست و ڕونی دەردەچوو... هەر خەونیش بوو وای لێکرد مانەوەی لە ئەشکەوتی (حەرا) دا لا خۆشەویست بێت، تا ئەوە بوو لە کاتی خەودا نیگا لە ناکاو دابەزیە سەری[١٠].. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ بانگەوازە گەورەکەی کە جیهانی هەژاند و ڕێڕەوی دیرۆکی گۆڕی.

ڕای ئیبن عەرەبی:

(ئیبن عەرەبی) کە سۆفیەکی ناسراوە، لەم بارەیەوە ڕایەکی زۆر مەترسیداری هەیە... ئەو ڕای وایە نیگا لە دەرەوەی خودی پێغەمبەرانەوە دانابەزێتە سەریان، چونکە بە ڕای وی پێغەمبەر پێویستی بە ناوەندگیرێك نیە تاکو سروشتی لە خواوە پێبگەیەنێت.. خودا لە نێو ناخ و دەروونددا ئامادەیە، هەروەك چۆن لە هەموو شوێنێك دا ئامادەیە.. وەکو قورئانیش دەڵێت خودا لە مرۆڤەوە لە ڕەگی بناگوێ نزیکترە... بۆیە بێهیچ ناوەند گیر (وسیط)ێك نیگا دەداتە بەندە دڵسۆزەکانی خۆی، بەتایبەت لە کاتی نوستن دا کەهەستەکانی لە کار دەکەون... لەم ڕووەوە لە ژیانی ئیبراهیم پێغەمبەر نمونە وەردەگرێت، ئەو کاتێ لە خەون دا دیتی کوڕەکەی سەر دەبڕێت (یان فەرمانی سەربڕینی کوڕەکەی پێکرا - وەرگێڕ)، ئەوە بوو گوێڕایەڵی فەرمانەکە بوو کە لە خەوندا پێی کرابوو، ئیدی خەریك بوو کوڕەکەی سەر بڕێ ئەگەر خودا لە بری ئەو کوڕە (بەران)ێکی گەورەی بۆ نەناردایە...[١١]

من نازانم (ئیبن عەرەبی) چۆنی وێراوە ئەم بۆچونەی بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات... لە کاتێکدا ئێمە لە سەدەی بیستەمیش داین و هێشتر دەترسین ڕایەکی ئاوها بۆ خەڵکی

دەربڕین.. هەروەها پێویستە باس لەوە بکەین کە (ئیبن عەرەبی) باوەڕی تەواوی هەبوە بە مەسەلەی (یەکێتی بوون - وحدةالوجود) ... ئەو باوەڕەشی لای خەڵکی جێگەی قبوڵ نەبووە... چونکە خەڵکی وا ڕاهاتون خوداوەندی خۆیان بێننە بەر ئەندێشەیان کە لە سەر عەرشێکی قەشەنگ لە سەروی ئاسمانەکانەوە دانیشتووە، وەك چۆن سوڵتانەکان دادەنیشن!! هەر بۆیەش دەبینین کە داوای شتێکی لێدەکەن دەستەکانیان بەرەو عاسمان بەرز دەکەنەوە... بە بڕوای وان خودا لە ڕێگەی ناردنی فریشتەیەکیەوە نیگا بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ڕەوانە دەکات... (جوبرەئیل) بۆ ئەم ئەرکە تایبەت کراوە، دروست وەك ئەو سوڵتانانەی کە نامەبەرێ دەنێرنە سەر والیەکانیان.

وادیارە (ئیبن عەرەبی) و ئەوانەی وەك ئەو بڕوایان بە (یەکێتی بوون) هەیە مل بەم ڕایە نادەن... بەڵکو لایان وایە نیگا لە ناخی دەرونەوە هەڵدەقوڵێت.. ئەوەشی لە فەرمودەکاندا لە باسی (جوبرائیل)ەوە هاتون، دەچنە بواری (بە گوێرەی ئەقڵیان لە گەڵ خەڵکی دا بدوێ).. خوداش فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرانی تاکو بە ئەندازەی ئەقڵی خەڵکی قسەیان لە گەڵ دابکەن، جا سەرنج بدە!

کوژرانی ئیبن عەرەبی:

پرسی‌تر کە پەیوەندی بەم بابەتەمانەوە هەیە، ئەوەیە کە خەڵکی (شام) ئیبن عەرەبی‌یان کوشت، کاتێ پێی گوتبوون، خوداکەتان لە ژێر پێمدایە.. بە هۆی ئەو قسەوە بە کافر دایانە قەڵەم.. چۆن دەبێ خوداکەیان لە نێو خۆڵ دا بێت و پێی پیدا بنرێت، ئەمە لە کاتێکدا خوداوەند لە سەر عەرشەکەی دانیشتوە و فریشتەکان لە هەموو لاوە دەوریان داوە.

دەگێڕنەوە: خەڵکی شام لە دوای کوژرانی (ئیبن عەرەبی) ئاڵتونێ زۆریان لە ژێر پێیەوە دۆزیەوە... بۆیە هاتنە سەر ئەوەی کە مەبەستی ئیبن عەرەبی ئاڵتونەکە بوە... دیارە ئاڵتون پەرستراوی هەموانە... بۆیە لە کوشتنەکەی پەشیمان بونەوە و لە سەر گۆڕەکەی گومەزیەکی گەورەیان دروستکرد کە سەری توند دەبوو لە هەورەکان.. ئەوان تا هەنووکەش بڕوایان وایە نابێت خودا لە نێو خۆڵدا بێت، لە بیریان چوە یان لە بیری

خۆیانی دەبەنەوە کە خودا لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە... و جیاوازی نیە لە نێوان شوێنێك و شوێنێکی‌تردا... مەفروزە خودا بەرزتر بێت لەهەر پێوەندێکی کۆمەڵایەتی کە خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون... گرفتی خەڵکی ئەوەیە ڕەگ و ڕیشەی بیر و باوەڕکانیان لە نەریتە باوە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە وەردەگرن... واوەیلاش بۆ ئەو کەسەی پێچەوانەی خەڵك دەبێت لە خەیاڵات و بیر و باوەڕکانیان دا.

پەراوێزەكانی بەشی دووەم:

١. بنوارە: ابن خلدون، المقدمة، ل ١٠٣.

٢. بنوارە: الغزالي، احياء العلوم، ج ٤، ل ٤٢٩ ـ ٤٣٠.

٣. بنوارە: قورئان، سورەتی یونس، ئایەتی ٦٤.

٤. بنوارە: توفیق الطويل، التبؤ بالغيب، ل ٧٩.

٥. بنوارە: هـ.س، ل ٨٠ ـ ٨١.

٦. بنوارە: Mangoliouth, Mohammedanism, p 176

٧. بنوارە: الغزالي، كيمياء السعادة، ج ٤، ل ١٤.

٨. بنوارە: الغزالي، احياء العلوم، ج ٤، ل ٤٢٨.

٩. بنوارە: توفیق الطويل، الاحلام، ل ٩٠.

١٠. بنوارە: محمد حسين هيكل، حياة محمد، ل ٩٥.

١١. بنوارە: ابن عربي، نصوص الحكم، ل ١٢٦ ـ ١٢٧.

بەشی سێیەم:

ئاسەواری خەون لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا

زانستی لێکدانەوەی خەون:

وا دەگێڕنەوە لە پێغەمبەرەوە کە خەونی کردۆتە سێ بەشەوە و فەرمویەتی: (خەون سێ جۆرە، خەونێك لە خوداوە، خەونێك لە شەیتانەوە، خەونێکیش مرۆڤ لە بێداری دا بیری لێدەکاتەوە و ئینجا لە خەون دا دەیبینێت).. وا دیارە موسڵمانەکان لەم سەردەمانەی دوایی دا گوێیان نەداوە بەم پۆلێن کردنە... چونکە وایان زانیوە هەموو خەونێك سروشێکە لە خوداوە... بەم پێودانگە مەسەلەی (درۆوون) و (شەیتان)یان لە بیر کردوە.. لە هەر خەونێکیش دا ئامازەیەکیان دەبینی بۆ ئەوەی سبحەینێ ڕو دەدات.

بەم هۆیەوە لە نێو موسڵمانان بۆیە زانستێکی تایبەت و دان پێدانراو.. (ابن خلدون) لە (مقدمة)کەی خۆی دا بەشێکی تەواوی بۆ زانستە داناوە... بەم وتەیەش دەربارەی زانستی لێکدانەوەی خەون کۆتایی بەو بەشەی (مقدمة)کە دێنێ کە دەڵێت: (ئەو زانستە، زانستێکە بە تیشکی پێغەمبەرایەتی ڕوناك بۆتەوە، بە هۆی ئەو پێوەندیەی لە نێوانیان دا هەیە، وەك لە فەرمودەی "صحیح"یش دا هاتوە، خوداش زاناترە)[1]

ئیبن سیرین:

گەورەترین کەسێ کە لە نێو موسڵمانان دا بەناوبانگ بێت لە بواری خەوپەرژێن کردن دا (محمد کوڕی سیرین)، فەقیهی ناسراوە.. تەنانەت دەگونجێت نازناوی (ئەرتمیدۆسی عەرەبی) لێبنرێت... لە زانستی خەوپەرژێن دا، چەندین پەرتووك دەدرێنە پاڵ (ابن سیرین)، هەر چەندە گومان وایە هەندێك لەو پەرتوکانە یاخود هەموویان دانراوی ئەو نەبن... ابن سیرین ساڵی (١٠٨ی کۆچی) مردوە... ئەمەش یانی

ئەو لە سەردەمێکدا ژیاوە کە خەڵکی دانانی کتێبیان بەو بەربڵاویەی لە دوایی دا سەری هەڵدا دەست نەدا بوێ .. تەنانەت لەوانەیە ئەو کتێبانەی ناوی (ابن سیرین)یان لەسەرە لە دوای مردنی ئەو دانرابن و ناوی ئەویان بۆیە خراوەتە سەر تاکو لە نێو خەڵکی دا رەواج پەیدا بکات... ئەمەش سەیر نیە، چونکە ناوی ئەو پیاوە بوە ئەفسانەیەکی وا کە ناوبانگێکی فراوانی هەبوو، بە ڕادەیەك خەڵکی دیاردەی نائاساییان دەدایە پاڵی، کت و مت وەك (یوسفی ڕاستگۆ) سڵاوی خوای لێ بێ.

کاتێ ئەم چەند دێڕە دەنوسم، لە پەڕاوگەکەمدا، پەرتوکێکم لە بەردەست دایە، کە دراوەتە پاڵ (ابن سیرین) بە ناوی (کتاب تفسیر المنامات الکبیر)... بە چاپێکی هەرزان چاپکراوە... لە کۆتاییەکەش دا (کتاب المندل) چاپکراوە.. لە دیدی وان دا هەر دوو بابەتەکە لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ.. وەك ئاشکرایە ئەم پەرتوکە و هاوشێوەکانی لە ناو خەڵکی دا ڕەواجێکی زۆریان هەیە.

وەرگێڕانی ئەرتەمیدورس:

نزیك بە سەد ساڵێك لە دوای کۆچی دوایی (ابن سیرین)، (حنین کوڕی اسحاق) هەستا بە وەرگێڕانی پەرتوکەکەی (ئەرتەمیدۆس) بۆ سەر زمانی عارەوی.. لە نێو موسڵمانان دا ئەو وەرگێڕانە ڕەواجێکی زۆری پەیدا کرد.

سەردەمێك بە سەر موسڵمانان دا تێپەڕی، وایان بیر دەکردەوە. بیری یۆنانی باشترین بەرهەنجامێکە کە ئاوەزی مرۆڤ بەدی هێنابێ... لەوانەیە خۆشحاڵیش بووبن کاتێ بینیویانە لە پەرتوکەکانی (ئەرتەمیدۆس) دا گونجاویەك بەدی دەکرێ لە تەك ئەو فەرمووودانەی کە لە پێغەمبەردوە گوازراونەتەوە.. کەواتە شتە ماقوڵ و شتە گوازراوەکان پێکەوە گونجاون... ئەمەش بەڕی ئەوپەڕی ئەو بیر و بۆچونانەیە کە موسڵمان بتوانێ بیڕی بکات.

جێگەی سەرنجیشە کە دەبینین لێکچونێکی گەورە هەیە لە نێوان دانراوەکانی (ئەرتەمیدۆس) و ئەو دانراوانەی دراونەتە پاڵ (ابن سیرین). دکتۆر (توفیق الطویل)

ئەم لێکچوونە دەگێڕێتەوە بۆ لێك نزیکی بیرکردنەوە و بۆچوونی گەلان لە بارەی خەونەوە.[٢]

ئەز پشتگیری دکتۆر تەویل ناکەم لەو ڕایەدا.. بەڵکو وا دەبینم موسڵمانان چونەتە ژێر کاریگەری بیرکردنەوە و ڕێبازەکەی ئەرتەمیدۆسەوە. بۆیە ڕێڕەوی ئەویان گرتوە لە دانانی پەرتوکەکانیاندا.. ئەوەشیان لە بیر نەچوە کە لە کۆتایی دا ناوی (ابن سیرین) لەسەر پەرتوکەکانیان دابنێن.. لەوانەیە هەر دوو ڕاکەش ڕاست بووبن.

خەون و ئاکاری ڕۆژانە :

هەندێ لە خەڵکی گەشتونەتە ڕادەیەك، شەو هەر خەونێ دەبینن، یەکسەر بەیانی دەچنە لای ڕاڤەکارێ تاکو پێیان رابگەیەنێت خەونەکە چ هەواڵێکی نادیاری تیایە بۆیان و چ مانایەکی هەیە... تەنانەت لەوانەیە هەندێکیان پەژیوان ببنەوە لە سەفەرێکی گرنگ، یان هاوسەرگیریەکی گونجاو ڕەت بکەنەوە، یاخود ڕێکەوتنێکی بازرگانی پوچەڵ بکەنەوە، ئەگەر لە خەونیدا ئامازەیەکی مەترسی ببینێ، بە گوێرەی ئەوەی ڕاڤەکارەکە بۆی لێك دەداتەوە.

هەندێ لە ڕاڤەکاران زۆر بیرتیژ و کارامە بوون لە دەرهێنانی ئامازە لە هەر خەونێك دا کە کەسێك بیبینێت... ئنجا ئامۆژگاری دەکەن بۆ کردنی ئەوەی پێویستە بۆ خۆدەربازکردن لە خراپەیەك یاخود بۆ دەست کەوتنی خێرێکی چاوەڕوان کراو.

لە کاتێکیش دا خەڵکی ڕاڤەکارێکی زیرەکیان دەست نەکەوێ بۆ لێکدانەوەی خەونەکانیان پەنا دەبەنە بەر ئەو پەرتوکانەی لە بازار دا هەن. واشیان پێ باشە هەر چۆن هەیە ناوی (ابن سیرین) بە سەر ئەو پەرتوکەوە بێ.

پەرتوکەکانیش (ئاسایی) پێك دێن لە چەند بەشی جۆراوجۆر.. بەشێ بۆ بینینی خودای گەورە لە خەون دا.. بەشێ بۆ بینینی فریشتە و پێغەمبەران.. بەشێ بۆ بینینی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان.. بەشێ بۆ بینینی باران و هەورە بروسکە...بەشێ بۆ نهێنی دار و درەخت و بەر و بوم و دانەوێڵە.. بەشێ بۆ بینینی زێی ئافرەت.. بەشێ بۆ بینینی هێستر و گوێدرێژ و ئەسپ... بەشێ بۆ بینینی ئەندامەکانی مرۆڤ و ...هتد.جا

ئەگەر کەسێك لە خەونی دا شتێ لەو بابەتەی بینی، پەرتوکەکە دەکاتەوە و لە بەشی تایبەت بە خەونەکەیدا دەگەڕێت... و گەر خوا بیەوێت مەرامەکەی دەستگیر دەبێت!

گرنگی ڕاڤەکاری خەون:

خەڵکی ڕاڤەکاری خەونیان بە لاوە باشترە لە کتێبی تایبەت بەخەون (خەونامە).. چونکە خەونامە تەنها بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەکان باس دەکات.. بەڵام کابرای ڕاڤەکار دەتوانێت بە وردی و بە پێی پێویستی ئەو جێگەی تیای دایە خەونەکانی ڕاڤە بکات... بۆ هەر کەسێکیش ڕەچاوی بارودۆخ و ئاکار و ڕەوشتی دەکات.

دەگێڕنەوە: کابرایەك هاتە لای (ابن سیرین)، خەونێکی دی بوو، لە خەونی دا بانگی داوبوو.. (ابن سیرین) پێی دەڵێت: دەستت دەبڕرێت.. ئنجا پیاوێکیتر هات کە خەونێکی هاوشێوەی ئەو خەوەی دیبوو... بە وی گوت: حەج دەکەیت.. ئامادەبوان زۆر سەرسام بوون لەو دوو لێکدانەوە جیاوازەی بۆ یەك جۆر خەون کرا.. لەو بارەوە پرسیاریان لە (ابن سیرین) کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دانەوە: یەکەمیان پیاوێکی شەڕانگێز و خراپەکار دیارە، ئەو بانگ دانەش لە خەونی دا دیویەتی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (دزە)، دیارە دزیش دەستی دەبڕدرێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەم ئایەتە (وأذن مؤذن ایتها العیر انکم لسارقون)، بەڵام پیاوی دووەم لە ڕوخساری دا "چاکەکاری" دەبینرێت، بانگ دانەکەشی بەڵگەیە لەسەر ئەم ئایەتە (وأذن في الناس بالحج).. دوایی لێکدانەوەکەی پێشەوا (ابن سیرین) بۆ هەر دوو کەسەکە هاتە دی[٢]... ولله في خلقه شؤن.

هەندێ چیرۆکی کۆمەڵایەتی:

دەگێڕنەوە کابرایەك زۆری ژنەکەی خۆش دەویست، جارێك دەچێت بۆ سەفەرێ.. لەخەودا دەبینێت ژنەکەی خەوتوە.. دوو بەران لە سەر زگی ژنەکە شەڕە قۆچ دەکەن.. یەکێکیان ئەویتریانی خوێناوی کرد... ئەم خەونە وای لێکرد لە ژنەکەی دوور بکەوێتەوە هەر چەندە زۆریشی خۆش دەویست.. بەڵام نەیتوانی زیاتر ئارام بگرێ.. ڕۆشتە لای ابن سیرین و خەونەکەی بۆ گێڕایەوە.. ابن سیرین گوتی: لە ژنەکەت دوور

مەکەوە، چونکە ژنێکی ئازاد و پاکە، هەر کە بیستویەتی تۆ لەسەفەر دەگەڕێیتەوە، ویستویەتی توکی ئەو جێگەیە هەڵبکەنێت... ئەشی توانیوە توکەکە هەڵبکەنێت، ئنجا ترساوە لەوەی زوو بگەیتەوە سەری، بۆیە توکەکەی بەگوێزان (دەربڕینی وەرگێڕ) لابردووە، گوێزانەکەش جێگەکەی بریندار کردوە، ئەگەر حەز ئەکەیت مەسەلەکە ڕون بکەیتەوە ، برۆ هەر ئێستە سەیری جێگەکەی بکە، دەبینیت بەر موسڵدانی ژنەکەت برینداره و ئەوەی من پێتی دەڵێم ڕاستە... پیاوەکە ڕۆشت و بینی قسەکەی (ابن سیرین) ڕاست و دروستە.[4]

هەروەها دەگێڕنەوە پیاوێك لە خەونی دا دەبینێت هێلکە دەشکێنێت و سپێنەکەی دەبات و زەردێنەکەی برك دەدات.. هاتە لای (ابن سیرین) و خەونەکەی بۆ گێڕایەوە... (ابن سیرین) داوای لێکرد سوێند بەخوا بخوات کە بەڕاستی ئەوەی لە خەونی دا بینیوە... کابرا سوێندی خوارد.. لەو کاتە دا (ابن سیرین) فەرمانی کرد کابرا بگرن و بیدەنە دەستی سوڵتان، چونکە ئەو کابرایە قەبر هەڵدەگێڕێتەوە و کفنی مردوەکان دەدزێت... کابرا گوتی: (گەورەم من لە بەر دەستی تۆ دا پەشیمان دەبمەوە و هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ کردنی ئەو کارە).[5]

بەسەرهاتێکیتر دەگێڕنەوە، کە لەو دوو چیرۆکەی پێشوو دەچێت، دەڵێن: کابرایەك هاتە لای ئیمام (جەعفەری صادق) خەونێکی دیبوو و بۆی گێڕایەوە... پوختەی خەوەکەی ئەوەیە کە لە دەفرێکدا نانی خواردوە و دەفرەکە مێرولەی تیا بووە... ئیمام پرسیاری لێکرد ئایا ژنی هەیە، و خزمەتکاریشیان هەیە لە ماڵ دا خزمەتیان بکات... پیاوەکە گوتی: بەڵێ.. ئیمام ئامۆژگاری کرد خزمەتکارەکە دەربکات چونکە خێری تیا نیە... پیاوەکە گوێڕایەڵی لە قسەکەی ئیمام کرد و خزمەتکارەکەی فرۆشت... کە ژنەکەی ئەمەی بیست لە ماڵ دەرچوو، هەڵات.. دواتر لەشاری (حران) بینرابوو کە خزمەتکارەکەی لە گەورە تازەکەی کڕیبویەوە و شوی پێکردبوو...[6]

بەسەرهات و چیرۆکی ئاوها زۆرن و ئامار ناکرێن.. ئێمە وەك نمونە ئەمانەمان نوسی، لەوانەیە ڕاستیش نەبێ... بەڵام دەکرێنە بەڵگە لەسەر ڕادەی کاریگەربونی خەڵکی بە خەون و ئەو لێکدانانەوەی ڕاڤەکاران بۆیانی دەکەن.

ئادابی خەون لای پیاوانی شەرعناس:

هەندێ لە زانایانی شەرع پێیان وایە وا چاكترە كەسی بڕوادار خۆی ئامادە بكات بۆ وەرگرتنی سروش لە كاتی خەوتن دا... خۆئامادەكردنەكەش بریتی‌یە لە نینۆك قرتاندن و خۆشتن لە لەش پیسی و دەست نوێژ گرتن.. هۆیەكەشی ئەوەیە گیان كاتی خەوتن كە لە لەش دەچێتە دەرێ، مۆڵەتی پێنادرێ بسوڕێتەوە بە دەوری عەرش دا یا خود كڕنۆش بۆ خودا بەرێ ئەگەر خۆی ئامادە نەكردبێ.

هەر چەندە بڕوادار باشتر خۆی بۆ نوستن ئامادە بكات ئەوەندە خەونەكەی ڕاست دەبێ.. باشترە بۆی ئەگەر و بەدڵێكی پاك و لە سەر ڕاخەری پاكژ بنوێ... نابێ برسی بێت یان زۆر خۆری كردبێت.. هەروەها ئەبێ بەر لە نوستن دور بكەوێتەوە لە خواردنی پیاز و خۆراكە بۆنناخۆشەكان.. چونكە ئەو خواردنانە خەونی پوچەڵی پێ دەبینن.. باشترین خەوتن ئەوەیە لەسەر پشت بێت.. خراپیش نیە گەر مرۆڤ لە سەر لای ڕاست دا بنوێ، چونكە پێغەمبەر ئارەزوی لەوە بوە هەرچی كردەوەیە بەلای ڕاست بیكات.

ئەگەر مرۆڤ هەر شتێكی زیانبەخشی لە خەو دا بینی، پێویستە لە سەری بڵێت: (استغفر الله من شر رؤیای هذه ان تضرني في دیناي و آخرتي) دواتر سێ جار تف بكات بەلای دەستی چەپی دا.[٢]

ڕایەكی ئامۆ:

لە نێو پیاوانی شەرع دا ڕایەكی ئامۆ بڵاو بۆتەوە و ڕاكەشیان داوەتە پاڵ فەرمودەیەكی پێغەمبەر... ڕاكەش ئەوەیە خەون نایەتە دی لە كاتێكدا نەبێ كە مرۆڤ خەونەكەی بۆ كەسێكی‌تر بگێڕێتەوە.. بۆیە پێویستە لەسەر هەر كەسێ كە خەونێكی زیانبەخش دەبینێت بۆ كەسی باس نەكات و لە ناخی خۆی دا بیشارێتەوە تاكو لە زیانەكانی بەدور بێت... چونكە هەركە گێڕایەوە بۆ كەسێكی‌تر، وەك چۆن دەیگێڕێتەوە ئاوها خەونەكە دێتە دی و دەبێتە ڕاستی.

هەندێکیتریان لەم ڕووەوە زۆر توند ڕەون و هەرچی گرنگی هەیە لە خەونیان وەرگرتۆتەوە... بەڵکو گرنگییان داوە بە باسکردنی خەونەکە، ئەم مەسەلەیەشیان ناوناوە (ئادابەکانی گێڕانەوەی خەون)... ئەمەش یانی خەون دەکەوێتە سەر بە ڕاستی یان بە درۆ گێڕانەوەی.. لە بەر ئەوە پێویستە مرۆڤ زۆر بە ئاگا بێت لە گێڕانەوەی خەون دا... تەنانەت نابێ هێندەی تاڵی موو درۆی تێدا بکات (لە کوردەواری دا دەڵێن گوایە هەر کەس بە درۆ خەون بگێڕێتەوە، خودا لە ڕۆژی بەرێ دا فەرمانی پێدەکات کە جۆ بە دیوار دا هەڵبگێڕێت... دیارە ئەم قسەیەش لە ئاوا بیرکردنەوەیەکەوە هاتۆتە نێو کوردان ـ وەرگێڕ)

جا گەر مرۆڤ بە درۆ خەونێکی گێڕایەوە، ئەوا چۆنی بە درۆ گێڕاوەتەوە ئاوا بەڕاست دێتە دی، بە درۆ چ ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە گوایە لە خەون دا دیویەتی ئەو ڕوداوەی لێ دێتە دی.. ئنجا سودیشی نیە گەر لە دوایی دا دان بنێت بەوە داکە درۆی کردوە... نمونەی ئەوەش ئەو زیندانیە بوو کە ویستی بە (یۆسفی ڕاستگۆ) ڕابوێرێت و گاڵتەی پێ بکات.. خەونێکی بۆ گێڕایەوە کە نەی دیبوو.. یوسف خەونەکەی وا بۆ لێک دایەوە کە لە خاچ دەدرێت و پەلەوەر لە پێستی سەری دەخۆن بە دەنوك... ئەوە بوو کابرای هەژار دوای سێ رۆژ لە خاچ درا.. هەر چەندە دانیشی نا بەوە دا کە خەونی وای نەدیوە و درۆی کردوە[٨]... ڕەنگە لە دوای خاچ درانیشی بە هۆی درۆکەیەوە چوبێتە دۆزەخەوە.

فێڵێکی لێزانانە:

مێژوو باسی کابرایەکمان بۆ دەکات لە سەردەمی (مەهدی عەباسی) دا کە لەسەرجەمی خەڵکی ڕیزبەڕ ببوەوە، و لای وابوو خەون لە ژێر کاریگەری داڵغەکانی مرۆڤ دایە بەر لەوەی بخەوێت ... و هیچ پەیوەندیەکی بەسروشەوە نیە ... ئەم ڕایەشی قۆستەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی (مەهدی) و وەرگرتنی پۆستێکی باڵای دەوڵەت.

پوختەی بەسەرهاتەکەش ئاوایە: ئەم کابرایە هاتە لای (مەهدی) و پێی ڕاگەیاند: خەلافەتەکەت سی ساڵ درێژە دەکێشێت... مەهدی سەری لەم پێش بینیە سوڕما...

ڕنگە لە ناخی خۆشیەوە پێی خۆش بوبێ... بۆیە داوای لە پیاوەكە كرد بەڵگەی بداتێ لەسەر ڕاستی قسەكەی ... پیاوەكە پێشتر فێڵی خۆی ئامادە كردبوو بۆ ئەم داوایە... بە مەهدی گوت: لە خەونت دا كۆمەڵێ یاقوت دەبینی كە ئەمدیو و ئەودیویان دەكەیت.... كە دەشیان ژمێریت دەبینی ژمارەیان سی یاقوتە، ئنجا ژمارەی یاقوتەكان بریتییە لە ژمارەی ساڵانی خەلافەتەكەت.

شەوی داهاتوو مەهدی هەموو ئەوەی كابرا پێی وتبو لە خەونی دا دیبوی ... بۆیە بەیانی ناردی بە شوێن كابرا دا و زۆری پێ بەخشی و پۆستی (قەزا)یشی پێدا[9]... دواتر لە كابرایان پرسی چۆن توانیویەتی ئەو فێڵە سەیرە ڕێك بخات... لە وەڵامدا گوتی: كاتێ باسی یاقوتەكانی بۆ مەهدی كردووە، وای بۆ باسكردوە كە ببێتە ماخۆلانی نێو دڵی و لە ناخیەوە هەمیشە بیری لێبكاتەوە... جا كە (مەهدی) خەوتوە، خەونی بەوەوە دیوە كە لە ناخیدا باسیكردوە و داڵغەی پێوە لێداوە.

لێكدانەوەی ئیبن خەلدون:

(ئیبن خەلدون) لە بارەی خەونەوە ڕایەكی هەیە كە دروست لە ڕای كابرای فێڵباز دەچێت ... پێدەچێت لە هەندێ پەڕاوی مێژوویی دا چیرۆكی ئەم كابرایەی خوێندبێتەوە، لەم چیرۆكەوە لێكدانەوە جوانەكەی خۆی لەبارەی خەونەوە هەڵگۆستبێت.

(ئیبن خەلدون) دەڵێت: مرۆڤ گەر بەر لە نوستن لەڕوی دەرونیەوە خۆی ئامادە كردبێت بۆ شتێكی دیاریكراو، ئەوا لە خەونی دا ئەو شتە دەبینێت و سودی لێ وەردەگرێت ... وا دیارە (ئیبن خەلدون) گوێ نادا بەوەی پیاوانی شەرع لە ڕووی (ئادابەكانی خەونەوە) باسی دەكەن. وەك ئینۆك كردن و دەست نوێژگرتن و نوێژكردن ... لای (ئیبن خەلدون) هەر شێوازێك ببێتە هۆی ئامادە باشی دەروونی ئەوا مەبەست دەپێكێت.. ئیدی هیچ جیاوازیی نیە لە نێوان نوێژكردن و خوێندنەوەی تەلیسمی جادوبازەكان دا.

ئەو وا دەزانێت، دەروونی مرۆڤ گەر بەر لە نوستن ئارەزووی هەر شتێكی كرد، لە خەونی دا دەی بینێت... (ئیبن خەلدون) لەم ڕووەوە نمونە و شێوازێك باس دەكات كە دەڵێت لە ماتماتیك زانەكانەوە دیویەتی، خۆشیی تاقی كردۆتەوە و خەونێكی زۆر سەیری دیوە، بەهۆی خەونەكەوە هەندێ شتی دەربارەی خۆی دەستكەوتوە كە زۆری حەز بە زانینیان كردووە.

(ئیبن خەلدون) بەو شێوازە دەڵێت (شێوازی حالومی).. پوختەكەشی ئەوەیە مرۆڤ بەر لە نوستن دەبێ ئەو واژە ئەعجەمیانە بڵێت (تماغس بعدان یسواد و غداس نوفناغادس) ئنجا بنوێت، لەخەونی دا كابرایەك دێت و پێی دەڵێت (من سروشتی تەواوتم) هەر ئەو پیاوە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە كە كابرای نوستوو لێی دەكات... لە بارەی ئەو شتە شاراوانەوە كە حەز دەكات بیان زانێت[١٠]...

(ئیبن خەلدون) هیچ توانایەكی ئەفسووناوی یان نهێنییەكی شاراوە لەو وشانەدا نابینێت، چونكە ئەو وشانە هیچ نین جگە لە كۆمەڵێ واژەی وشك كە بۆ خۆیان هیچ واتایەكیان نیە... بەڵام سودیان لەوەوە پەیدا دەبێ كە كابرای خەوتوو متمانەی پێ پەیدا دەكات. ئەم متمانەش ئامادەباشیەكی دەروونی تێدا دروست دەكات كە بتوانێت سروش وەربگرێت یان غەیب ئاشكرا بكات و بخوێنێتەوە.

كورتە بەرەنجامگیریەكی مێژوویی:

دەڵێن یەكێك لە بەهێزترین ئەو هۆیانەی هانی (مەئمون)یان دا، تاكو پەرتوكە (یۆنانی)یەكان وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، خەونێك بوو كەبینیی بوی ... شەوێ لە خەونی دا وای زانیوە كە (ئەرستۆ تالیس) لە سەر كورسی لە تەنیشتییەوە دانیشتوە... (مەئمون) ڕێزی زۆری لێدەگرێت... وای هات بە خەیاڵ دا كە لە بارەی هەندێ پرسی فەلسەفیەوە پرسیاری لێبكات.. بۆیە ئەم دیالۆگە دەكەوێتە نێوانیانەوە:

مەئمون: چاكە، چیە؟

ئەرستۆ: ئەو شتەیە كە ئاوەزەكان بە جوان و چاكی بزانن.

مەئمون: ئنجا چیتر؟

ئەرستۆ: ئەوەی یاسا و شەریعەتەکان بە جوان و چاکی بزانن.

مەئموون: ئنجا چیتر؟

ئەرستۆ: ئەوەی جەماوەر بە چاکی بزانن.

مەئموون: ئنجا چیتر؟

ئەرستۆ: ئنجا ... ئنجا هیچ[11]....

زۆرتریتی گومان لە سەر ئەوەیە (مەئموون) دوای ئەوە زۆری لەسەر خوێندۆتەوە و زۆریشی لەبارەوە بینیوە ئەوجا خەونەکەی بە (ئەرستۆ)وە دیوە .. وەك زانراویشە (مەئموون) موعتەزیلە بووە... بە شێوەیەکی گشتی موعتەزیلە ڕێز لە ئەرستۆ و فەیلەسوفەکانی‌تری یۆنان دەگرن، هەر وا بە سەرچاوەگەلێ گەورەیان دەبینن بۆ ئاوەزی مرۆڤ... بەندەش وام دێ بە خەیاڵ دا کە (مەئموون) زۆر سەرسام بووە بە ئەرستۆ... تەنانەت ڕەنگە بە پیرۆز و پێغەمبەریشی دانابێ.. ئەمەش سەیر نیە، چونکە موعتەزیلە، کە مەئمونیش یەکێکە لەوان، پێیان وابوو ئاراستەکاریەکانی پێغەمبەران پێویستە هاوتا بێت لە گەڵ تێگەیشتنەکانی ئاوەزی کامڵ دا.

هەر چۆن بیت، ئێمە دەتوانین بڵێین: ئەو خەونەی کە مەئموون دیویەتی، یەکێك بوە لەو هۆکارە بەهێزانەی کە هانیان دا پەرتوکە یۆنانیەکان وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و پارە و سامانێکی زۆریش لەو پێناوەدا خەرج بکات.

جگە لەوەش دەڵێن گوایە (مەئموون) هەڕەشەی لە پادشای ئەو کاتەی ڕۆم کردوە، بە جەنگێکی بێئامان، ئەگەر بێت و ئەو پەڕتوکانەی بۆ ئەنێرێت کە زانستە کۆنەکانیان تێدایە و لە وڵاتەکەی وی دا هەڵگیراوون.

دەگێڕنەوە: مەئمون جواوی ناردە سەر دەستەڵاتداری (صقلية) و داوای لێکردبوو کتێبخانە بە ناوبانگەکەی (صقلية)ی بۆ بنێرێت... دەستەڵاتداری (سەقەلیە) پیاوانی دەوڵەتەکەی خۆی کۆکردەوە و ئەم داوایەی (مەئموون)ی خستە بەر دەمیان... مەترانی گەورە، لە وەڵامدا پێی گوت: (بۆی بنێرە، دەی بەخوا ئەو زانستانە بچنە نێو هەر نەتەوەیەك، ئەو نەتەوەیە خراپ و بۆگەن دەکەن) ... ئەوە بوو دەستەڵاتدارەکەی گوێڕایەڵی ڕاوێژەکەی بوو، کاری پێکرد.[12]

هەندێ لە موسڵمانە دۆگماكان پێیان وایە (مەتران) ڕاكەی تەواو بووە، لە دیدی ئەواندا فەلسەفە بچێتە نێو هەر كۆمەڵگەیەك گەندەڵ و خرابی دەكات (فمن تمنطق فقد تزندق) ئەگەر ئەو ڕایە پەسەند بێت، ئەوا دروستە بۆمان بڵێین: كۆمەڵگەی ئیسلامی بە هۆی خەونێكەوە ئاوا خراپ بوو، كە مەئمون دیویەتی.. جا سەد بریا ئەو خەونەی نەدیبا و وای نەكردایە.

پەراوێزەكانی بەشی سێیەم:

١. بنوارە: ابن خلدون، المقدمة، ل ٤٧٨.

٢. بنوارە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ١٩٢ ـ ١٩٣.

٣. بنوارە: ابن سيرين، تفسير المنامات الكبير، ٨.

٤. بنوارە: هـ.س، ل ٣٣.

٥. بنوارە: هـ.س، ل ٥٦.

٦. بنوارە: هـ.س، ل ٥٣.

٧. بنوارە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ١٠١ ـ ١٠٤

٨. بنوارە: ابن اسحاق الثعلبي، قصص الانبياء، ل ٧٣.

٩. بنوارە: بۆمان هەیە بڵێین موسڵمانان ڕیشیشیان لە دەست دا لە نێوان ئەم فازیە فێڵبازە و ئەو خەلیفە خەڵەتاوە.

١٠. بنوارە: ابن خلدون، المقدمة، ل ١٠٥.

١١. بنوارە: احمد فريد الرفاعي، عصر المأمون، ج ١ ل ٣٧٧.

١٢. بنوارە: هـ.س، ج ١، ل ٣٧٥ ـ ٣٧٦.

بەشی چوارەم:

کاریگەری خەون لە سەر بیر و باوەڕە ئیسلامیەکان

بینینی پێغەمبەر (د.خ) لە خەون دا:

لە نێو موسڵمانەکانی چاخەکانی ئەم دواییەدا، بیرۆکەیەک بڵاو بۆتەوە، و کاریگەری زۆری داناوە لە نێو ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتی‌یان دا... بیرۆکەکەش ئەوەیە گەر لە خەون دا یەکێکیان پێغەمبەر (د.خ) ببینێ، وەک ئەوە وایە بە ڕاستەقینە بینیبێتی... هەروەها دەست دەکەنە هێنانی ئەو گوتە و فەرموودانەی کە پێغەمبەر لە کاتی خەون دا پێیان دەڵێت، وەك ئەوەی فەرموودەی (صحیح) بن و، ڕەوا نەبێت بۆ موسڵمانان گومانیان لێ بکەن.

گەر بشگەڕێین، دەگەین نین ئەو موسڵمانانەی کە حوکمە شەرعیەکان دەگۆڕن یا خود ڕاڤەی تایبەت دەکەن بە گوێرەی ئەو گوتانەی پێغەمبەر لە خەون دا پێی گوتون... خوێنەر ڕەنگە سەریشی سوڕ بمێنێت کە دەبینێت لە نێو پەرتوکەکانی فەرموودە دا، هەندێ فەرموودە نوسراون، کە سەرچاوەی گێڕانەوەشیان یەکێك لەو کەسانەیە کە بەخەون پێغەمبەریان دیوە و ئەو قسەیەی پێگوتوە.

لە نێو خەڵکی دا گوتەیە بڵاوە کە دەڵێت: (هەر کەس بمان بینێت بە ڕاستی بینیوینی)... ئەوەش یانی هەر کەس یەکێك لە پێغەمبەران یان ئەولیاکان لە خەون دا ببینێت ئەوە هەر بە ڕاستی بینیویەتی... ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە شەیتان ناتوانێ لە خەون دا خۆی بکاتە پێغەمبەرێ یان یەکێك لە ئەولیاکان.

گەر کەسێکی بروا پێکراو فەرموودەیەکی پێغەمبەریان بۆ بگێڕێتەوە کە لە خەون دا پێی وتوە، ئەوا کاری پێ دەکەن... هیچ ڕەخنەیەك ئاراستەی فەرموودەکە ناکرێت تەنها لە ڕووی (سەنەد)ەکەی و ڕاستگۆیی ئەو کەسەوە نەبێت کە خەونەکەی گێڕاوەتەوە...جا ئەگەر متمانەیان هەبێت بە سەنەدەکەی و ئەو کەسەی کە خەونەکەی گێڕاوەتەوە، ئەوا فەرموودەکە بە (صحیح) لە قەڵەم دەدەن.

دەربارەی ئەو کەسەی
کە دەیەوێت پێغەمبەر لە خەون دا ببینێت:

ئیمام (ابوالحسین الملطی) لە پەرتوکەکەی دا (التنبیة و الرد) بەشێکی تایبەت دادەنێت بۆ باسکردنی ئەو کەسەی دەیەوێت پێغەمبەر لە خەونی دا دەبینێت، ئەو لە محەممەدی کوڕی عوکاشەوە دەگێڕێتەوە کە معاویەی کوڕی حمادی کرمانی لە زوهرییەوە بۆی گێڕاوەتەوە و گوتویێتی: (هەر کەس شەوی هەینی خۆی بشوات و دوو ڕکات نوێژ بکات و لە دوو ڕکاتە نوێژەدا هەزار جار سورەتی "قل هو الله احد ..." بخوێنێ، ئەو شەوە پێغەمبەر دێتە خەوی..).

(ئیبن عوکاشە) خۆی ئەم شێوازەی تاقی کردۆتەوە و دوای چەندین نارەحەتی و تەنگ و چەڵەمە سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

ئیبن عوکاشە دەڵێت: (.. شەوێکی ساردم بەسەردا هات، خۆم شۆرد و دوو ڕکات نوێژم کرد، ئنجا چوومە جێگەی خەو، کەمێك نوستم، دوبارە هەستامەوە و خۆم شوشتەوە و دوو ڕکات نوێژی دیکەم کرد، خەریك بوو ڕۆژ دەبویەوە تەواو بووم لە دوو ڕکاتە نوێژە، ئنجا پاڵم دا بەدیوارەکەوە و ڕوم لە قیبلە بوو، بینیم وا پێغەمبەر هاتە ژوورێ ... ڕوی وەکو مانگ وابوو لە شەوی چواردە دا... گەردەنی وەك بلوری زیو وابوو کە بە توێی زێڕ نەخشێنرابێ بەهەموو بێگەردی و پاکژیەکیەوە... دوو پارچەی یەمەنی پێوە بوو، یەکیانی گرد بوە بەری و یەکێکیتریانی لە خۆیەوە ئاڵاندبوو ... پێغەمبەر هات و لە سەر قاچی ڕاستی هەڵوستەیەکی کرد و قاچی چەپی بەرز کردەوە (بۆ هەنگاونان - وەرگێڕ) ویستم بڵێم: سڵاوی خوات لێ بێ... ئەو پێش دەستی کرد و گوتی: سڵاوی خوات لێ بێ ... حەزم دەکرد ددانە شکاوەکەی ببینم، ئەوە بوو زەردەخەنەیەکی کرد و سەیری ددانە شکاوەکەیم کرد... گوتم ئەی پێغەمبەری خوا! فوقەها و زاناکان لە سەر من ناکۆکیان تێکەوتووە... من بۆ خۆم چەند "اصولێکی سونەت"م هەیە بیخەمە بەر دەستت؟ فەرمووی: بەڵێ....)

ئنجا (محمد کوڕی عکاشە) ئەو بیر و بۆچوونانەی خۆی دەژمێرێت کە پێغەمبەر ڕەزامەندی لە سەریان دەربڕیوە... ئەمانە هەندێکن لە بیر و باوەڕەکانی: (قایل بوون بە قەزای خودا، خۆدان بە دەستی خواوە، ئارامگرتن لە سەر فەرمانی خودا، بڕوابوون بە قەدەری خوا بە چاك و خراپیەوە، وازهێنان لە ڕقەبەرێتی دم بە دمە لە ئاین دا، مەسح کردن بە سەر "خوف"دا، جیهادکردن لە گەڵ ئەهلی قیبلەدا... ئارامگرتن لە ژێر بەیداخی سوڵتان بەستەم و دادپەروەریەکانیەوە.. دەرنەچون بە شمشێر بۆ دژایەتی ئەمیرەکان . با ستەم کاریش بن . دەست کۆتا کردن لە هاوەڵەکانی محمد... باشترین کەسانێك لای خودا لە دوای پێغەمبەر بریتین لە ئەبوبەکر ئنجا عومەر و ئنجا عوسمان و ئنجا عەلی ...).

(ئیبن عکاشە) سێشەو لە سەر یەك، ئەم بیر و باوەڕانەی خۆی دەخستە بەردەمی پێغەمبەر، بەڵام هەستی بە هەندێ دوودڵی کرد کاتێ عوسمانی لە پێش عەلیەوە باس دەکرد، پێغەمبەر هەستی بەوە کرد کە لە دڵیایەتی بۆیە فەرمویەتی (ئنجا عوسمان، ئنجا عەلی) ئەمەی سێ جار دوبارە کردۆتەوە و چاوەکانیشی فرمێسکیان لێ دەباری....

ئیبن عکاشە دەڵێت: هەستم بە شیرینیەك کرد لە نێو دڵ و دەمم دا، تا ماوەی هەشت ڕۆژ هیچ خۆراکێکم نەخوارد... هیچ خوارنەوەیەکم نەخواردەوە، تا وام لێهات لاواز و تەمبەڵ بووم لە جێبەجێکردنی نوێژە فەرزەکانیش دا، کاتێ نانم خوارد ئیدی ئەو شیرینایەتیە نەما... خودا شاهیدە لە سەرم لەوەی دەیڵێم، وە خوداش بەسە بۆ وەی شاهید و گەواهیدەر بێت.[1]

خەون و بیر و باوەڕەکان:

بەسەرهاتەکەی (ئیبن عکاشە)م بۆیە بەدرێژی باسکرد، تاکو خوێنەر دەرك بکات بەوەی، چەندە بیر و باوەڕەکانی خەڵکی لە ژێر کاریگەری خەون دایە... ئاشکرایە (ئیبن عکاشە) لە کاتی بێداری دا باسی لەو بیر و باوەڕانەی کردوە کە خۆی باسیان دەکات ... بۆیە هەر دەبێ پێغەمبەر بە خەو ببینێت و ئەو شتانەی پێ بڵێت ... ئەوانەی (ئیبن عکاشە) باسیان دەکات کۆمەڵێ بیر و باوەڕ بوون کە لە زینگە و

دەورووبەرەکەیەوە پێی گەشتوە و دەستی کەوتوە... وەك نەریتی هەموو خەڵکی ... پاشتر ئەو بیر و باوەڕانەی ڕاگەیاندووە وەك ئەوەی هەر بە ڕاستی لە زاری پێغەمبەرەوە هاتبنە دەری.

دەگونجێت بڵێین لەم سەردەمانەی دوایی دا زۆرینەی بیر و باوەڕی موسڵمانان بەم شێوازە لە دەروونیان دا جێگیر بووە... موسڵمانان بیر و بۆچوونێکیان هەیە لە دوایی دا پێغەمبەران یا خود ئەولیاکان دێن و پشگیری ڕاکانیان دەکەن.. بەو پێیە بەتەواوی لە دەرون و ناخیان دا بنج دادەکوتێت و ئیتر بە هیچ جۆرێ بواری ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕینیان نامێنێ.

ڕەخنەگرتنی کوپری:

شیاوی ئاماژە پێدانە (محمد زاهد الكوثري) بریکاری مەشیەخەی ئیسلامی لە خەلافەتی عوسمانی پێشودا، ڕەخنە دەگرێت لەم بەسەرهاتەی (ئیبن عوکاشە) کە ئێمە باسمان کرد، هەموو ڕەخنەکانیشی لەوە دا قەتیس دەبێت کە (درۆ)ی داوەتە پاڵ (ئیبن عوکاشە) لە کاتی ئاخافتن دا... ئەمەش یانی (کەوسەری) لە ڕوی سەنەدەوە ڕەخنەی گرتوە لە حەدیسەکە ... وەڵێ لە ڕوی تێکستەوە نەیگەڕاندۆتەوە بۆ ورتەورتی دەرون، بەڵکو گوتویەتی: (ئیبن عکاشە) کابرایەکی درۆزنە و متمانە بە گێڕانەوەکانی ناکرێ... کەواتە ئەگەر ڕاستگۆ بوایە ئەوا خەونەکەیشی بە پێغەمبەرەوە ڕاست دەبوو[٢]...

خەون و حوکم دان بەسەر پیاوانی مێژوو دا:

هەندێك لە مەسەلەی پیرۆز ڕاگرتنی خەون دا گەشتونەتە ڕادەیەك، ڕای خۆیان لە بەرانبەر زۆردارانی مێژودا دەگۆڕن، تەنها لە بەر خەونێك کە پێیانەوە دیون و بێگوناهی ئەوانی سەلماندوە... (متوکل) یەکێك بوە لە ستەمکارترینی دەستەڵاتداران و زیاد لە هەر هەمووشیان ئیسرافکارتر بوە... کەچی زۆرێك لە (محدثین) لێی خۆش بوون و کردەوە ناشیرینەکانیان فەرامۆش کردوە، چونکە خەونیان دیوە پێیەوە کە خودا لێی خۆش بووە[٣]... (تەیموری لەنگی) ستەمکاری خوێنڕێژیش بەسەرهاتێکی ئاوهای هەیە... (ئیبن حەجەری هیتمی) دەگێڕێتەوە: کابرایەکی قورعان خوێن هەر کە

بەلای گۆڕەکەی "تەیمووری لەنگ" دا تێدەپەڕێ ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە کە دەفەرمێت "خذه و فغلوه ثم الجحیم صلوه..." ئەم خەوەی چەندین جار دوبارە کردەوە... بەڵام شەوێکیان لە خەونی دا وای دەبینێ پێغەمبەر لە جێگەیەکدا دانیشتوە و (تەیموری لەنگ) لە تەنیشتیەوەیە... کابرا زۆر تورە دەبێت لە (تەیمور) و پێی دەڵێت (بۆ ئێرە ئەی دوژمنی خودا) و ئەیەوێت پەلاماری بدات و لە تەنیشتی پێغەمبەر لای بدات... پێغەمبەر (د.خ) پێی دەفەرمێت: وازی لێ بێنە چونکە ئەو وەچەکانمی خۆش دەویست.. پیاوەکە بەترسەوە لە خەون ڕاپەڕی و ئیدی وازی لە خوێندنەوەی ئەو ئایەتی نەفرەتە هێنا کە لە نزیکی گۆڕەکەی تەیمورەوە دەیخوێند.

هەر (ابن حجر) دەگێڕێتەوە: کە تەیمووری لەنگ نەخۆش کەوت، ئەو نەخۆشیەی کە پێی مرد، وەزعی زۆر تێکچوو، ڕەنگی گۆڕا و ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕا، ئنجا لە هۆش خۆی چوو کە هاتەوە هۆش گوتی: (فریشتەکانی سزا هاتنە سەر سەرم، لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا هات و پێی گوتن: بڕۆن ئەم کابرایە وەچەکانی منی خۆش دەویست و لەگەڵیان دا بەچاکی دەجولایەوە... ئیدی فریشتەکان ڕۆشتن)....

(ابن حجر) لەو بارەیەوە ئاوا توانج دەدات: ئەگەر خۆشەویستی وەچەکانی پێغەمبەر ئەوەندە سود بەخش بێ بۆ ئەو ستەمکارەی کە کەسێك نەبوە بە ئەندازەی ئەو ستەمکار بێت، ئەبێت بۆ غەیری ئەو چۆن بێت؟[4]

خەون و وەچەکانی پێغەمبەر (د.خ):

لێرەدا دەمەوێت هەندێ لەو خەونانە بگوازمەوە، کە (ابن حجر) لەم ڕووەوە دەیگێڕێتەوە:

١. یەکێك لەو فەقیهە گەورانەی دانیشتووی شاری (مەدینە) بوون، پشتی هەڵکرد لەوەی نوێژی مردوو بکات، لەسەر یەکێك لە وەچەکانی پێغەمبەر کە ناوی (مطیر) بوو... هۆکاری ئەو نوێژ لە سەر کردنەشی ئەوە بوو کە (مطیر) لە ژیانی دا یاری بە کۆتر کردوە (واتە کۆتر باز بووە ـ وەرگێڕ) ... ئنجا کابرای فەقیهە لە خەونی دا پێغەمبەر و فاتیمەی زەهرا دەبینێ... فاتیمە ڕوی لێ وەرچەرخاند... فەقیهەکە بەداوای بەزەییەوە، داوای لێکرد ڕووی تێبکات، فاتیمەی ڕوی تێکرد و، دەستی کردە لۆمەکردنی

و پێی گوت: (ئایا خاتری ئێمە هێندە فراوان نەبوە مطر بگرێتەوە؟) ئیدی لەو کاتەوە فەقیهەکە بەردەوام باسی لە گەورەیی و بەڕێزی وەچەکانی پێغەمبەر دەکرد.

٢ـ فەقیهێکیتریش نوێژی نەکرد لەسەر یەکێکیتر لە وەچەکانی پێغەمبەر. لە خەودا فاتیمە دەبینێ ڕوی لێ وەردەچەرخێنێت... کە پرسیاری ئەوەی لێدەکات، لە وەڵامدا دەڵێت: (کوڕەکەم دەمرێت و نوێژی لەسەر ناکەیت) فەقیهەکە دوای ئەوە پەشیمان بویەوە دانی نا بە ستەم کاری خۆی دا.

٣. شێخ عابدی فارسی، ڕقی لەسەیدەکانی مەدینە بوو کە لە نەوەی "حسێن" بوون، چونکە شیعەگەراییان بە ئاشکرا پێوە دیار بوو... پێغەمبەر لە خەون دا دەبینێت و پێی دەڵێت: (ئەوە چیە دەتبینم ڕقت لە منداڵەکانمە) .. (فارسی) لە وەڵامدا دەڵێت: (خوا نەکات ڕقم لێیان نیە، تەنها دەمارگیریەکەیانم پێ قەڵسە کە لە دژی ئەهلی سوننەت هەیانە) پێغەمبەر دەفەرمێت: "ئایا کوڕێکی دڵئازاردەر پەیوەست نابێتەوە بە نەژادی خۆیەوە... ئەوە کوڕێکی دڵئازاردەر و ناتەواوە!"

٤. جارێ موحتەسەب (محمود الجمال) لە جڤاتی سوڵتان (برقوق)دا دادەنیشێت، لەو جڤاتە دا سەیدێکی تیا دەبێت کە لە سەری ئەمەوە دانیشتوە.. بە لای موحتەسیبەوە ناڕەحەتە لەخوار سەیدەکەوە دانیشێ دواتر پێغەمبەر هاتۆتە خەوی و سەرکۆنەی کردوە و پێی گوتوە: (ئەی مەحموود! ئایا پێت ناخۆشە لە خواری کوڕەکەمەوە دابنیشیت) موحتەسیب پەشیمان بوەوە و ڕۆشت بۆ ماڵی سەیدەکە و داوای لێبووردنی لێکرد و، هەواڵەکەی پێدا، ئەوانەی لە دەوری بوون هەموویان دەستیان کردە گریان و داوای دۆعای خێریان لێکرد و ڕۆشتن.

٥. سەیدێك چوە لای حافیز (ابن فهد) و داوای ژەمە نانێکی ئێوارەی لێکرد، (حافیز) هیچی نەدایە... لە خەون دا پێغەمبەری بینی ڕووی لێوەرچەرخاند بوو، حافیز پێی گوت: "ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن ڕوم لێ وەردەگێڕیت لە کاتێکدا من خزمەتکاری فەرموودەکانتم؟" پێغەمبەر لە وەڵامدا دەڵێت: (چۆن ڕوت لێ وەرنەگێڕم لە کاتێکدا یەکێك لە وەچەکانم دێنە لات و داوای ژەمە نانێکی ئێوارە دەکات، کەچی پێی نادەیت)..

هەر بۆیە کە ڕۆژ بویەوە (حافیز) چوە لای سەییەکە و داوای لێبوردنی لێکرد و بە پێی تواناش چاکەی لەگەڵ کرد.

٦. کابرایەکی یەمەنی، عەزمی جەزمکرد بۆ حەج کردن، خۆیی و منداڵەکانی لە ڕێی دەریاوە هاتن بۆ حەج... کە گەشتنە (جدە)، باجگرەکانی ڕێگە زۆر توند بوون لەگەڵیان دا و تەنانەت ژێر جلی ژنەکانیش دەگەڕان... کابرای یەمەنی بەوە زۆر توڕە بوو، دەستی کردە نزاکردن لە گەورەی ئەو کاتەی (مەککە) کە یەکێك بوو لە نەوەکانی پێغەمبەر... لە خەون دا یەمەنیەکە چاوی بە پێغەمبەر کەوت کە ڕوی لێ وەرچەرخاندبوو... کە پرسیاری ئەوەی لێکرد، لە وەڵامیدا پێغەمبەر دەفەرمێت: (ئایا کەسێکت نەدیتوە لەو کوڕەی من ستەمکارتر بێت)! کابرای یەمەنی بە ترسەوە لە خەو ڕاچەنی و پەشیمانی لای خودا دەربڕی لەوەی جارێکیتر توخنی وەچەکانی پێغەمبەر بکەوێت[٦]...

خەون و حوکمە شەرعیەکان:

گومانی تێدا نیە ئەو خەونانەی (ابن حجر) دەیانگێڕێتەوە، پێچەوانەی حوکم و بنەما ئیسلامیەکانن... چونکە پێغەمبەر لە ژیانی خۆی دا بانگەوازی بۆ یەکسانی نێوان خەڵك دەکرد... لە لای پێغەمبەر هیچ جیاوازیەك نەبوو لە نێوان گەورەیەکی قورەیشی و کۆیلەیەکی حەبەشی دا... مەفروزە لە دوای مردنیشی پەیگیر بێت بەو بانگەوازەوە (کە هەرواشە)....

وا دەردەکەوێت موسڵمانان لەم دواییانەدا بەتەواوی لەم بنەمایە تێنەگەشتون... چونکە نەوەکانی پێغەمبەر دەخەنە پلەیەك کە لە هەموو خەڵکانی دیکە بەرزترن.. نازناوی (سەیدەکان)یشیان پێ دەبەخشن، ئیدی نازانن کە ئیسلام دان نانێت بە فەزڵ و ڕێزی نەژاددا.. لە ئیسلامدا سیستەمێ بۆ جیناتی نەژادەکان بەدی ناکرێ.. هەموو خەڵکی لە دیدی ئیسلامدا یەکسانن وەك دانەکانی شانە... بەڕێزترینیشیان پارێزکارترینیانە.

موسڵمانان لە ژیانیان دا وا ڕاهاتوون کە فەزڵی منداڵەکانی خۆیان دەدەن بەسەر خەڵکیتردا، بۆیە وا گومانیان بردووە کە پێغەمبەریش لەم مەسەلەیەدا لەوان دەچێت.. لە کاتی بێداری دا لەسەر ئەو بڕوایە خۆیان ڕادێنن، پاشان لە خەون دا پێغەمبەر (د.خ) دەبینن کە پشتگیری ڕاکەیان دەکات.

چیرۆکێکی سەیر:

(ابن حجر) دەگێڕێتەوە: پیاوێ لەشاری (فاس) تاوانی قەتڵی لەسەرساغ بویەوە و دادوەر بڕیاری دا کە بکوژرێتەوە... ئنجا سوڵتان جوابی نارد بۆ قازی و داوای لێکرد جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارەکەی رابگرێت... هۆکەشی ئەوە بوو کە سوڵتان لە خەونی دا پێغەمبەری دیوە و ڕێگری کردووە لە کوشتنی ئەو کابرا بکوژە... قازی گوێی بە فەرمانەکەی سوڵتان نەدا و گوتی: (لەبەر خەون شەرع ڕاناگرین و وازی لێ ناهێنین، با خەونەکەش چەند بارە بێتەوە)... ئەمە لە کاتێکدا سێشەو لەسەر یەك سوڵتان هەمان خەونی دیبوو.

بەڵام دواتر تەنها لە بەر یەك قسە کە تاوانبارەکە چپاندی بە گوێی دا لێی بورد... هەواڵەکە گەشتەوە بە سوڵتان، ئەوە بوو بانگی کرد تا بزانێ قازی چۆن لێی خۆش بووە... کابرا گوتی: (بەڵێ ڕاستە ئەو کابرامە کوشتوە، بەڵام هۆکەی ئەوە بوو کە من و ئەو پێکەوە دەمانخواردەوە، بەڵام ویستی داوێن پیسی لە گەڵ کچە سەیدێکدا بکات، من ڕێگەم نەدا، بەڵام نەم توانی بەری بگرم تەنها بە کوشتن نەبێ، بۆیە کوشتم و نەم هێڵا زینا لە گەڵ ئەو کچە سەیدە بکات) سوڵتان گوتی: (ڕاست ئەکەیت، ئەگەر وا نەبوایە سێ جاری تەواو پێغەمبەرم لە خەون دا نەدەبینی پێم بڵێت: ئەو پیاوە مەکوژن)[٢]

ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر کاریگەری خەون لە کاروبارەکانی خەڵك دا، بەڕادەیەك ڕێگەیان داوە (شەرع لە بەر خەون پشتگوێ بخرێ) وەك دادوەرە "فاسی"یەکە شەرعی لەبەر خەون پشتگوێ خست.

خەون لای شیعەکان:

لە مەڕ ئەم پرسە، گروپە ئیسلامیەکان چون یەکن... لەبەردا باسمان لەوە کرد کە (ملطی و ابن حجر) کە دو پیاوی سونین چی لە بارەی خەونەوە دەبێژن... وەڵێ پیاوانی شیعەش لەم بابەتە دا زۆر لەوانیتر "لە پیاوانی سوننە" جیاواز نین.[٨]

لە ڕاستی دا گرۆهە ئیسلامیەکان لەم سەردەمانەی دوایی دا، لە ڕوی ئەو شێوازە فیکریەوە کە زاڵە بەسەر ئاوەزی تاکەکانیان دا، هاوشێوە و چونیەك بونەتەوە... کۆمەڵێکیان جیاوازیەکانیان لەسەر ئەو کەسایەتیانەیە کە بە پیرۆزیان دەزانن، ئەم گرۆهانە کەسێکیان لا پیرۆزە و گرۆهەکەیتر کەسێکیتر، وەڵێ لە ڕوی ڕەوتە ئەقلیەکەیانەوە کۆکن... دروست وەك قەلە ڕەشکە وان، کاتێ یەکیان بە یەکێتریان ئەڵێ: (ڕووڕەش) کە بەداخەوە نازانێت ڕوی خۆشی ڕەشە.

لە نێو شیعە دا نمونەگەلێ لە خەونم دۆزیوەتەوە کە دور نین لەو نمونانەوە کە لە (ملطی و ابن حجر)ەوە وەرمانگرتن.. کابرای شیعەش وەك هەر کەسێکی دیکەی خاوەن ڕێبازی ئاینی، بیر و بۆچونەکانی خۆی لە ژینگە و دەورووبەرەکەیەوە، وەردەگرێت... دواتر لە خەونی دا دەبینێت پشتگیری لە بیر و بۆچونەکانی دەکرێ (لە لایەن زاتێکی گەورەوە - وەرگێڕ).. کە لە خەونیش هەڵدەستێ باوەڕی بەهێزتر دەبێ لە جاران... ئیدی گوێش نادا بەوەی گەر بیر و بۆچونەکانی پێچەوانەی ئاراستەکاریە نمونەییەکانی ئیسلام بن.

یەکێك لە شیعەکان ڕۆژێکیان بە ڕویەکی گەشەوە هەر وەك ئەوەی بە ڕاستی نیگا دابەزیبێتە سەری، بۆمی باسدەکرد کە لە خەونی دا ئیمام عەلی دیوە و ئیمام فەرمانی پێکردوە کە لەسەر ئەو کارەی دەستی پێکردوە بەردەوام بێت... لە کاتێکدا کارەکەشی لەو سروتە هیچ و بوچانە دەچوو، کە لای ئێمە، خەڵکانی ڕەشۆکی خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن، دواتر شاشك بەسەرەکان دێن و بە یەکێك لە سروتە خواییەکانی دەدەنە قەڵەم... من دڵنیام لەوەی ئیمام بە کردەوەی ئەو کابرایە قایل نیە، گەر زیندووش بکرایەتەوە، دژایەتی کردەوەی ئەو کابرایەی دەکرد، هەر وەك چۆن دژایەتی

ئەو سروتانەی کرد کە ستەمکاران کردبویانە دەست پێچکە بۆ سەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی دا، لەو سەردەمەدا... بەڵام ئەم هاوڕێیەمان بڕوای بە کارەکەی خۆی هەیە، چونکە ئیمامەکەی لە خەون دا فەرمانی پێکردوە.

چیرۆکێکی بەربڵاو:

لە نێو شیعەکان دا چیرۆکێک بڵاوە، دەڵێن گوایە: چەتەیەکی ڕێگر، جارێکیان بەر دەگرێت بە سەردانکەرانی (حسەین)، بەتەواوی ڕوتی کردنەوە و پارە و پولەکانیانی برد و ئازاریشی دان.. ئنجا شەوێ لە خەونی دا دەبینێت قیامەت هەستاوە و خەڵکی بۆ حەشر مۆڵ دراون، حەزرەتی حسەین لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا ڕاوەستاوە، تۆمارێکی بە دەستەوەیە کە ناوی هەموو ئەو کەسانەی تیایە کە سەردانی مەزارەکەیان کردوە.. ئنجا کاتێ سەرە هاتە سەر دزەکە، حسەین سەیری تۆمارەکەی کرد و ناوی دزەکەی تێدا دۆزیەوە... دزەکە زۆر بەوە سەرسام بوو.

دواتر دزەکە زانی فریشتەکان ناویان لە لیستی سەردانکەران دا تۆمار کردوە. چونکە هەندێ لە تەپ و تۆزی ئەو سەردانکەرانە لەسەر دزەکە نیشتوە لە کاتێکدا ڕێی لێ بریون... بەو هۆیەشەوە ڕێگرەکە چوە بە هەشتەوە.

گابرای دزە، لە خەو بێدار بویەوە و ئەم هۆنراوەی دەگوت:

إذا رمت النجاة فزر حسيناً	لكي تلقي الإله قرير عين
فإن النار ليس تمس جسماً	عليه غبار زوار الحسين

یانی (ئەگەر ئەتەوێت سەرفراز بیت سەردانی حسەین بکە، تاکو بگەیتە لای خودا بە دڵنیاییەوە، چونکە ئاگر توخنی لەشێك ناکەوێت، کە تەپ و تۆزی سەردانکەرانی حوسەینی لێ نیشتبێ).

منیش بۆم هەیە بڵێم: ئەو حسەینەی کە لە ژیانی خۆی دا ڕابەڕینی بەرپا کرد لە دژی ئەوانەی خەڵکی بە کۆیلە دەکەن و ماڵ و سامانیان بە تاڵان دەبەن، لە دوای مردنی

هەرگیز شفاعەت ناکات بۆ دز و ڕێگران، تەنانەت ئەگەر لە نوکی پێیانەوە تا تەوقی سەریشیان لە نێو تەپ و تۆزی پیرۆزیش دا نقوم بوبێت.

خەون و نوسەری ئەم دێڕانە:

سەبارەت بە خەون، لە دوای بڵاوکردنەوەی پەرتوکی (واعیزەکانی سوڵتان) لە ساڵی ١٩٥٤ دا رووداوێ سەیر لێی ڕودام، پوختەی ڕوداوەکەش ئاوها بوو:

ئەز لەو پەڕاوە دا(عەلی)م وەسفکردوە بەوەی ڕوخێنەری ستەم بوە و شۆڕشی بەسەر ستەمدا کردوە،[٩] بەلای خۆمەوە ئەو پێناسەکردنە، ستایش کردنە بۆ ئیمام عەلی، بەلای خەڵکانی‌تری وەك منیشەوە هەر وایە... گرفت لەوە دایە کەلای ئێمە خەڵکی لە ڕوی بیرکردنەوەیانەوە لە سەردەمە رابردوەکاندا دەژین.

بەراستی هەنوکە چەمکەکان ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا هاتوە، کەچی ئەمان هێشتر دەستیان گرتوە بەو بەهایانەوە کە لە دێرزەمانەوە واعیزەکانی سوڵتان ڕایان هێناون لە سەری.

بۆیە دەمبینی خەڵکی بە لاتیری چاویان و بەرقەوە سەیریان دەکردم و تەنانەت خەریك بوو دەیانکردم بە چاوەوە. وایان گومان دەبرد کە من جنێوم بە ئیمام دایێ.. تەنانەت زۆرێکیان لە خەونیان دا ئیمامیان دیوە کە جنێوی بە من داوە و فەرمانی کوشتنمی داوە بە بڕواداران.

یەکێك لەو بڕوادارانە پیاوێکی خەڵکی گوندی (فەیصەلیە)یە، بانگەشەی ئەوەش بۆ خۆی دەکات گوایە نوسەرە... ئەو پیاوە کتێبێکی نوسیوە و تیای دا باسی ئەوە دەکات کە خەونێکی دیوە و تیای دا (محمد و علی) بینیوە کە فەرمانیان بە فریشتە داوە تاکو من بخەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە... ئەو کابرایە بە وردی خەونەکەی گێڕاوەتەوە و زۆرینەی لاپەڕەکانی کتێوەکەی بۆ تەرخان کردووە.. خەونەکە زۆر بەلایەوە قورس بوگە...تیای دا قیامەت هەستاوە.. خەڵکی لە هەموو لاوە بۆ لێپرسینەوە کۆبونەتەوە... لە نێو جەرگەی مەحشەر دا بەیداخێ گەورە بەرپا کراوە و (محمد) لە ژێری دا دانیشتوە و عەلی بە تەنیشتیەوە... سڵاوی خودا لە هەردوکیان.

خۆر لەوکاتە دا تیشك و تینی گەورە و ترسێنەری دەنارده سەر زەوی، زەوی دەکولا.. با نەدەبزوا... خەلکی وەك سەرخۆش بوون، کەچی سەرخۆشیش نەبون...

لە بەر دەستی پێغەمبەر دا کۆمەلێ فریشتەی مەزن ڕاوەستاون، هەمیشە چاویان بڕیوەتە لێوەکانی تاکو هەر چیەکی لە دەم دەرچوو جێبەجێی بکەن.. خەلکی سەر بەهەموو ئاینەکان بە بەردەستی دا دەڕۆن، پاش ئەوەی تاك تاك بەناوی خۆیانەوە بانگیان دەکات.

هەندێکیان بە زنجیری گەورە دەبەسترێنەوە و دەخرێنە دۆزەخ، هەندێکیتریان وشترێکیان پێ دەدرێ کەسواری پشتیان دەبن وەکو تیشکێ بەرەو بەهەشت دەیان بەن و جلکێ لە ئاوریشمیان لە بەردایە.

ئنجا سەرە هاتە سەر ئەم هاوڕێ فەیسەلیەمان، گوناهەکانی زۆر بوون، بە جۆرێ خەریك بوو بیبەن بەرەو ئاگر، ئەگەر خۆشەویستی ئەم بۆ ئەهل و بەیت بە فریای نەکەوتایە و تای تەرازەوەکەی سەنگین نەکردایە... بەوە ڕوی پێغەمبەر گەشایەوە و فریشتەکان ئەلڵاهو ئەکبەریان کرد و هاوڕێکەشمان ڕزگاری بوو.

هێندەی نەبرد، جارچیەك هاواری کرد: (عەلی وەردی، عەلی وەردی، بێتە پێشێ بۆ لێپرسینەوە)... عەلی وەردی دەستی کرد بە پاڕانەوە و لالانەوە و دەیگوت گوایە لە ژیانی دا دەستی گرتوە بە پەڕاوەکەی خوداو، خۆشەویستی وەچەکانی پێغەمبەرەکەیەوە.... ئەم قسەیە هیچ سودێکی نەگەیانده عەلی وەردی... دواتر پێغەمبەر بە زەردەخەنەوە ڕویکردە ئیمام عەلی و ئنجا بە تورەییەوە ڕویکردەوە بە لای عەلی وەردی دا... دەستی کردە لێپرسینەوەی لە سەر قسەکانی ڕابردوی و زۆر توند بوو لە لێپرسینەوەی دا... لە دوایی دا گوتویتی: (کردەوەکانی بکێشن، چونکە بەکردەوەکانی ڕزگار دەبێت یان نغرۆ دەبێ، ئەو هیچ دۆستایەتیەکی ئێمەی نەکردووە، بە توندی لێپرسینەوەی لێ بکەن).

(عەلی وەردی) لەم کاتە دا هاوارێکی کرد کە هەموو ئەهلی حەشری گریاند. هاوڕێکەشمان کە (وەردی) بەو حالەوە دەبینێ زۆری دڵ پێ دەسوتێ... ئنجا بەدەم ترس و گریانەوە لە خەونەکەی ڕادەپەڕێت.... بەلام من سەر لەوە دەر ناکەم کە بۆچی

ئەم هاوڕێیەمان دەترسێت و دەگری، لە کاتێک گریان و لەرز و ترسەکەی نێو خەونەکەی هەموو بۆتە بەشی نوسەرە هەزارەکەی ئەم چەند دێڕە؟

خەون لە مەدینەی پیرۆز دا:

ئێستاکە لە مەدینەی پیرۆز دا پیاوێك دەژی ناوی (شێخ ئەحمەد)ە و، خۆیی ناو ناوە (خادەمی پێغەمبەر- خزمەتکاری پێغەمبەر)، وا دیارە یەکێك بێت لە خزمەتچیەکانی مزگەوتی پێغەمبەر... گرفتی ئەو پیاوە ئەوەیە هەرجار نا جارێ پێغەمبەر دێتە خەوی... و هەندێ ئامۆژگاری دەکات... ئەم شێخەش ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریەکان بە رۆژهەڵات و رۆژئاوای دنیا دا لە ئەستۆ دەگرێ.

ئەو شێوازەش کە شێخ بۆ بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریەکان پەیڕەوی دەکات، شێوازێکی سەیرە و سەردەمی بەر لە دۆزینەوەی چاپخانە و چاپەمەنیمان وەبیر دێنێتەوە، چونکە ئەو داوا دەکات هەر کەس ئامۆژگاریەکانی پێ دەگات، بینوسێتەوە و بیداتە کەسێکیتر... هەر ئەم کابرایە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە گوایە لە خەونی دا بەو کابرایەی گوتوە: هەر کەس وا بکات (واتە ئامۆژگاریەکان بنوسێتەوە و بیداتە کەسێکیتر - وەرگێڕ) کۆشکێکی لە بەهەشتدا بۆ دەنوسرێت، ئەوەش بەوەی کەسێك بەکرێ بگرێت تاکو بۆی بنوسێتەوە، یا شێخ (دەربڕینی وەرگێڕە) کرێ نوسینەکەش بە سێ درهەم دیاری دەکات... تەنها سێ درهەم نە زیاد نەکەم.

لەم رۆژانە دا تازەترین ڕونوسی ئەو ئامۆژگاریانەم دەستکەوت کە ئەم شێخ ئەحمەدە بەناو موسڵمانان دا بڵاویان دەکاتەوە... ئەم ڕونوسە چاپ کراوە و (سید علی سەرتاش) لە بەغداد هەستا بە ئەرکی دابەش کردنی بەسەر خەڵك دا... وا دیارە ئەم (سید عەلی)یە ویستویەتی ببێتە خاوەنی چەندین کۆشك لە بەهەشتدا. چونکە لەسەر ئەرکی خۆی هەزاران رونوسی لێ چاپکرد و دابەشی کرد بە سەر خەڵکی دا.

تێکستی تەواوی ئەو ڕونوسە لە چاپدراوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

و به نستعين على القوم الكافرين.. و صلى الله على سيدنا خاتم الانبيا و المرسلين و صحبيه و سلم.

ئامۆژگارییەك لە مەدینەی پیرۆزەوە:

(شێخ ئەحمەدی (خزمەتکاری پێغەمبەر) زانای بەڕێز دەگێڕێتەوە... دەڵێت: شەوی هەینی بێدار بووم لە دوای خوێندنی ناوە جوانەکانی خودا، قورئانی پیرۆزم دەخوێند، دوای تەواوبونم خۆم ئامادەکرد بۆ خەوتن... خەوەنوچکەیەك بردمیەوە... کە بینیم مانگی تابان (پێغەمبەری خودا) دانیشتوە.. فەرموی: ئەی شێخ ئەحمەد... گوتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی بەڕێزترین دروستکراوی خودا... فەرموی: من بێزارم لە کردەوە ناشیرینەکانی خەڵکی، ناتوانم بچمە حزوری خودا یاخود فریشتەکان ببینم، چونکە لەو هەینیەوە بۆ ئەم هەینی سەد و شەست هەزار کەس مردوون کە لە سەر ئاینی ئیسلام نەبوون... پەنا بە خودا دەگرین لەو خراپەیە، ئەو خەڵکە وایان لێهاتوە، دەوڵەمەندەکانیان لە هەژارەکانیان ناپرسن، هەر کەس تەنها خەمی خۆیی هەیە... گوناهی گەورە و زینا و هەڵەی زۆر و بوتران و فێڵی (رسیز)[10] دەکەن، مەی دەخۆنەوە و نوێژیان تەرك کردوە و زەکات یاساغ دەکەن... ئەی شێخ ئەحمەد هەواڵیان بدەرێ و ئاگاداریان بکەرەوە، بەر لەوەی خودای گەورە سزایان بدات و دەرگاکانی بەزەیی دابخات.. جا پەنا بە خودا دەگرین لە خراپەی ئەو حاڵە... ئەمە چونکە خەڵکی لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە و کوفرانە بە خودا دەکەن و وازیان لە ئاینی ڕێك و ڕەوان هێناوە و ملەجەڕێی ئایەتەکانی خودا دەکەن... رۆژی بەرێ نزیك بۆتەوە.. بەم نزیکانە ئافرەتان بە بێ مۆڵەتی مێردەکانیان دەچنە دەرێ... نیشانەیەکی وەك هێلکەی مامر لە ئاسمان دا دەردەکەوێ، کەیەکێکە لە نیشانەکانی قیامەت... سێ رۆژ خۆر دەرناکەوێت... دوای ئەوە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت و لە خۆرهەڵاتەوە ئاوا دەبێت و ئەو کاتە دەروازەی پەشیمان بونەوە دادەخرێت... قورئانی مەزنیش لە نێو سنگی پیاواندا بەرز دەکرێتەوە... ئنجا مەسیحی دەجال پەیدا دەبێ کە ژن و پیاو لێی دەترسن و ئیسلام

وەك پێشوی لێدێتەوە... ئەی شێخ ئەحمەد ئەم ئامۆژگاریەیان پێبگەیەنە، پێشیان رابگەیەنە کە لە ڕوتەختی قەدەرەوە گوازراوەتەوە).

شێخ ئەحمەد کۆتایی ئەم ئامۆژگاریانە بەوە دێنێ کە سوێند دەخوات بە خودای گەورە قسەکانی ڕاستن... گەر درۆ بن ئەوا شێخ بە بێباوەڕی لە دنیا دەردەچێت.. دواتر ئاوڕیش بەلای ئەوە دا دەداتەوە کە ڕای دەگەیەنێت هەر کەس بڕوا بەم وتەی شێخ و ئامۆژگاریەکانی بکات لە ئاگر قوتار دەبێت و هەر کەسیش بە درۆی بخاتەوە، کوفری کردوە.

بەر لەوەی کۆتایی بەم بەشە بێنم، حەز دەکەم بڵێم: موسڵمانان هەموویان لەو جۆرە پیاوانە نین کە باسکردن.. بەڵکو چەندین پیاوی ئاینی و زانا هەن کە هەرگیز خەون ناکەنە یەکێك لە سەرچاوەکانی بیر و باوەڕ و تێگەشتنیان... بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و فەرموده ڕاستەکانی پێغەمبەر و بەرژەوەندی گشتی خەڵکی... وەڵێ زور بە داخەوە ئەم پیاوانەی ئاماژەم پێدا ژمارەیان کەمە.

لەوانەیە زیادەڕەویم نەکردبێ گەر بڵێم: زۆرینەی پیاوانی ئاینی لە بیر و باوەڕ و بۆچونەکانیان دا بەو ئاراستە دا دەچن کە جەماوەر ڕوی تێدەکات، بە هەموو شێوە و ڕێگەیەك هەوڵی دڵ ڕاگرتنی جەماوەر دەدەن... هەر لەبەر ئەوەشە کە خەون بۆتە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی بیر و باوەڕ.

لەوانەیە باسکردنی ئەو ڕەواجەی کتێبی کابرا (فەیصەلیەکە) لێرەدا شتێکی گونجاو بێت.. خەڵکانی نەخوێندەوار و هەندێ لە پیاوانی ئاینی هەر بە پەلە ئەو پەرتوکەیان قۆستەوە، وەك ئەوەی نیگای خودایان تیا بینیبێ.. لەوانەش هەموو سەیرتر، ئەوەیە کە ڕەخنەگری پەرتوك لە (دەزگای رادیۆی عێراق) دێت و دەڵێت: ئەو پەرتوکە لە ماوەی ئەو مانگەدا (کە تیای دا دەرچوە) باشترین پەرتوك بوە.

تا ئەمرۆکە نەتەوەیەکیترم پێ شك نایەت کە هێندەی ئەم نەتەوەیە بڕوای بە خەون هەبێت و تیای دا ڕۆچوبێت... خودا چاوپۆشی لێبکات.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

١. بنواڕە: ابوالحسین الملطی، التنبیه و الرد، ل ٢٣ ـ ٢٥.

٢. بنواڕە: هـ.س (پەراوێز)، ل ٢٤ ـ ٢٥.

٣. بنواڕە: احمد امین، ضحى الاسلام، ج ٣، ل ١٩٩.

٤. بنواڕە: ابن الحجر، الصواعق المحرقة، ل ٢٤٤.

٥. وا دیارە ئەوانەی یاری بەکۆتر دەکەن، واتە کۆتربازەکان، لەو سەردەمە دا بەسوك سەیر کراون، وەك ئێستەش کە هەر بە سوك سەیر دەکرێن.

٦. بنواڕە: هـ.س، ل ٢٤٠ ـ ٢٤٣.

٧. بنواڕە: هـ.س، ل ٢٤٣ ـ ٢٤٤.

٨. بنواڕە: الشیخ المفید، فصول من کتاب العیون و المحاسن، ل ٩٢ ـ ٩٣.

٩. هەندێ ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتم کە من نەزعەی شۆڕش و ڕوخاندنم داوەتە پاڵ ئیمام، بێ‌ئەوەی ستەمکاریەکانی پشتی شۆڕشەکە باس بکەم، دیارە ئەوان لە بیریان چوە کە لە ناواختی پەرتوکەکەدا، دەربارەی عەلی گوتومە: ئەو وەکو گەورەکەی (وەك محمد) شۆڕشی کردوە بەسەر ستەم و ستەمکاران دا.

١٠. ئەو دەستەواژە سەیرانە، هەر بەو شێوەیە لە دەقە عەرەبیەکەدا نوسراون، بەندە پێم وایە ئەو شێخ ئەحمەدەی مامۆستا وەردی باسی دەکات، بۆیە ئەو وشە ناوازانەی کردۆتە نێو ئەو نامۆژگاریانەوە تاکو خەڵکی بڕوا بکەن بەڕاستی ئەو خەونە و قسەکانی شێخ ... خوداش زاناترە ـ وەرگێڕ ـ

دەروازەی دووەم

بۆچونە نوێیەکان لە مەڕ خەون

بەشی پێنجەم:

بەرچەکردار

مادەچێتی "مادەگەرایی":

لەسەردەمە دێرینەکاندا نەزعەی ڕۆحی "گیانگەرایی" بەسەر ئاوەزی خەلکی دا زاڵ بوو... خەلکی وایان دەزانی گەردون بە هەموو دیاردەکانیەوە پێکهاتوە لەگیان و مادە... لە پشتی هەر مادەیەکیشەوە ڕۆحێك هەیە کە زاڵە بەسەری دا، ڕۆحی هەرە گەورەش لە گەردوندا بریتی‌یە لە خودا.

ئەم پۆلێن کاریە دوو جەمسەریەی گەردوون، وایکردووە لە مرۆڤانی کۆن کە جیاوازی بکەن لە نێوان بێداری و نوستن دا. مرۆ لە ساتی بێداری دا دەکەوێتە ژێر کاریگەری خواستەکانی جەستەوە.. وەلێ لە کاتی نوستن دا ڕۆحی لە کۆتی مادە ڕەها دەبێت و لە جیهانێکی باڵادا دەژی کە ئاسەواری مادەی تێدا نیە.

لە چەرخی نوێ دا بیریاران شۆڕشیان بەرپا کرد بەسەر ئەو گیانگەراییە کۆنەدا.. بەلکو گەردون بەگشتی و مرۆڤیان بە تایبەت دارنی لە هەر شوێنەوارێکی کاریگەری (گیان) بە سەریەوە... لە دیدی وان دا گەردون مادەیە لە نێو مادە دا و بەگوێرەی کۆمەلێ ڕێسا و یاسای میکانیکی بەرێوە دەچێت.[1]

بۆیە دەتوانین ئەو مادەگەراییە نوێیە بە پەرچەکرداری گیانگەراییە کۆنەکە لە قەلەم بدەین... وەك چۆن مرۆڤانی کۆن زیادەڕەوییان کرد لە بڕوایاندا بە گیان، بە هەمان تەرز بیریارانی نوێش زیادەڕەوییان کرد لە بڕوابونیاندا بە مادە.

تیۆری هیگل و خەون:

(هیگل) بڕوای وایە، پێشفەچوونی بیری مرۆ بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بناغەی هاودژێتی ڕێ دەکات، هەر بیرێك کە لە نێو خەلکی دا بلاو دەبێتەوە، دەبێ بیرێکی دژی بەدوا دا بێت... پاش ئەوەش کە لە نێو بیرەکە و دژەکەی دا دژایەتی و کارلێك کردن ڕو

دەدات، بیرێکی مام ناوەند سەرهەڵدەدات، ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی دروست بونی بیرێکی دیکە کە دژە لە گەڵی دا، و هەروەها[٢]....

هیگڵ ئەم بیردۆزەی خۆی ناو ناوە (دیالیکتیک) گەر ئەو دەستەواژەیە بکەینە عارەبی ئەوا دروستە ناوی بنێین بیردۆزی (دوالیکی- گۆڕانی جار لەدوای جار). چوون واژەی (دوالیک) لە زمانی عەرەبی دا مانایەکی زۆر نزیک دەدات لە مەبەستەکەی هیگڵەوە.. ئەوانەی لە زمانی عارەبی دا باسکیان هەبێ یان دەمی لێ وەردەن، ئەم ڕاستیە لایان شاراوە نیە.

لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەو ڕا و بۆچونانەی لە بارەی خەونەوە لە کۆن و نوێ دا نوسراون، گەشتمە ئەو بەرەنجامەی کە تیۆری (دوالیکی) تا ڕادەیەکی زۆر بەسەری دا دەچەسپێ.. دوای ئەوەی مرۆڤانی کۆن دەوری خەونیان گرتبوو بە هالەیەکی رۆحی، تەنانەت نیگا و سروشی خواییشیان دەدایە پاڵ خەون.. دوای ئەوان بیریارانی تازە هاتن و پێچەوانەی ئەوان یان کرد... خەونیان بەتەواوی دارنی لە هەر ڕواڵەتێکی رۆحی و پیرۆزێتی... لە بەشی سێیەمی ئەم پەرتوکەشدا دێینە سەر باسکردنی ئەو ڕا و بۆچونە مام ناوەندەی کە لە نێو توێژەران دا بەم دواییە بڵاو بۆتەوە.

زیندوکردنەوەی بیردۆزەکەی ئەرستۆ:

لەبەشی یەکەمدا ئامازەمان دا بەبیردۆزەکەی ئەرستۆ، گوتمان ئەو بیردۆزە یەکەمین تیۆری کۆنە کە خەون دادەڕنێت لە بەرگە رۆحیەکەی و هەوڵ دەدات لە ڕویەکی مادیەوە ڕاڤەی بکات.

ئەو بیردۆزە لە سەردەمە کۆنەکاندا مرد، هیچ کەس کاری پێ نەکرد و پەسەندی نەکرد، جگە لە کەمێك زەندیق و یاخی و ئەوانەی خاوەنی تێڕوانینی عەقڵانین... وەلێ زۆرینەی بیریاران دەستیان بە بیردۆزە رۆحیە پێچەوانەکەی ئەم بیردۆزەوە گرت.

لەسەردەمی نوێ دا تیۆرەگەی ئەرستۆ سەر لەنوێ بوژایەوە، و زۆربەی توێژەران بروایان پێکرد... تەنانەت لە ڕاستی دوور نەکەوتوینەتەوە گەر بڵێین ئەم بیردۆزە بەربڵاوترین بیردۆز بوو لە نێو رۆشنبیران دا، بەر لە دەرکەوتنی تیۆرەکەی فروید.[٣]

بیردۆزەکە بەبیردۆزی (هاندەری هەستی) ناسرا بە واتای ئەوەی خەون بەهۆی هەستکردنی مادیەوە کە کتوپڕ بەسەر کەسی خەوتوو دادێ پەیدا دەبێ.. ئەم هەستکردنە مادیەش لەوانەیە لە نێو خۆی لەش دا یاخود لە دەرەوەی لەش دا ڕو بدات.

کۆوتارەکەی برجسون:

یەکێك لەو کەسانەی بەشداریان کرد لە بەرقەراربونی ئەم بیردۆزە و پشتگیری کردنی دا، فەیلەسوفی ناسراوی فەرەنسی ناسراو (هنری برجسون) بوو، ئەم فەیلەسوفە لە (پەیمانگای سایکۆلۆژی گشتی) دا لە ساڵی ۱۹۰۱، کۆوتارێکی پێشکەش کرد... یەك لەو قسانەی لە کۆڕەکەی دا کردبوی، ئەم وتەیە بوو کە دەڵێت: هەستەکان لە کاتی نوستن دا لە کار ناکەون، هەر کاریگەریەك بکەوێتە سەر هەستەکان (لە کاتی خەودا) دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی خەوتوو خەونێکی لەو جۆرەی کاریگەریە کە ببینێت، بۆ نمونە گەر قاچەکانی لە جێگەیەکی سەقامگیر دا نەبن لە کاتی نوستن دا، ئەوا خەونێك دەبینێ گەوا دەزانێ بە ئاسماندا دەفڕێ... یاخود گەر لە نزیکی چاویەوە مۆمێك دابگیرسێنرێت، لە خەونی دا وەك ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورەی دەبینێ، بەدوایدا هاوار و قرەقڕ دەبیستێ ئینجا پیاوانی ئاگر کوژێنەوە و فریاکەوتنیش لە خەونەکەی دا دەبینێ... یاخود گەر دەنگە دەنگێکی لە نزیکەوە بکرێ، ئەو لە خەونی دا لێی دەبێتە خۆپیشاندان و پێکدادان لە گەڵ پیاوانی پۆلیس دا.[٤]

بەکاربردنی ئەزمون:

هەندێ لە توێژەران دەستیان کردە بەکارهێنانی تاقی کردنەوە بۆ پشتگیری کردنی ئەم تیۆرە... دیارترین کەسێ کە ئەم ڕێگەیەی هەڵبژارد مامۆستا (موری) بوو.. ئەو جارێکیان ئەزمونێکی لەسەر خۆی بە ئەنجام گەیاند... ئەوە بوو داوای کرد لە یاریدەدەرەکەی تاکو لە کاتی نوستن دا (مقاشێك و مقەستێ) بهێنێت و لە نزیکی یەکتردوە بیان کێشێت بەیەکتر دا... کە بێداریش بویەوە، (موری) گوتی گوایە دەنگی (مقاش و مقەستەکە) بونەتە هۆی ئەوەی خەونێك ببینێت کە تیای دا دەنگی زەنگ و ئاژیری بیستوە و ئنجا هەر لە خەونەکەی دا ڕوداوێکی هێندە ناخۆشی بەسەر دا هاتوە

کە لە هەمان ئەو ڕوداوە ترسێنەرە دەچوو کە لە حوزەیرانی ساڵی (١٨٤٨ز) دا بەسەری داهاتبوو.[٥]

ڕەخنەگرتن لە بیردۆزەکە :

سەرەڕای ئەو تاقیکردنەوە زانستی‌یانەی کە پشتگیری دەکەن، کەچی بیردۆزەکە لە ڕەخنە و ڕەخنەکاری بێبەش نەبووە... یەکێك لەوانەی کە زۆر بە توندی ڕەخنەیان ئاراستە کردوە زانای بەناوبانگی نەمسایی (سیگموند فرۆید)ە... ئەم لای وایە هاندەری هەستی، ڕەنگە هاوکار و بەشدار بێت لە دروست کردنی خەون دا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا نێوەڕۆکی خەونەکە دیاری ناکات و هیچ سوودێکیشی نیە بۆ ڕاڤەکردنی خەونەکە.

گەر لە نزیك گوێچکەی چەند مرۆڤێکی خەوتوەوە زەنگێك لێبدەین، ئەمە وا لە هەموویان دەکات کە هەر یەکەیان خەونێکی پەیوەندی دار بە لێدانی زەنگەوە ببینن.. بەڵام هەر یەکێ لەو خەوتوانە خەونێك دەبینێ کە بگونجێ لە گەڵ بیرەوەری و ئارەزوە شاردراوەکانیشی دا.

دەگونجێت بڵێین: هاندەری هەستی، خەون دەبزوێنێت، بەڵام ئەو ڕێگەیە دیاری ناکات کە لەسەری دەڕوات... دەگرێ خەون بە گۆیەکی خڕ بچوێنین کە لەسەر جێگەیەکی قوچ و لێژ دانراوە، ئەم گۆیە لاوازترین هێز پاڵی پێوە بنێت بەرەو خوار لە لێژیەکەوە گلێر دەبێتەوە... کەواتە پاڵنەرەکەی تەنها بەرەو گلێر بونەوە دەیجوڵێنێت، بەڵام چارەنوس و (شێوازی گلێر بونەوەکەی) دیاری ناکات.

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

١. بنواڕە: Jeans,Mysteriouse, Universe, P.19

٢. بنواڕە: Eliot and Merrill, social Disorganization, p. 6

٣. بنواڕە: Dalbiez, psychoanaly Tical Method, vol, p 30

٤. بنواڕە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ٧١ ـ ٧٢.

٥. بنواڕە: Dalbiez, op.cit,Vol 1, p 30

بەشی شەشەم:

مەزنیتی فرۆید

بۆمبەکەی فرۆید:

فرۆید ڕەخنەی ئاراستەی بیردۆزی (هاندەری هەستی) کرد لە لێکدانەوەی خەون دا، لە هەمانکاتدا بیردۆزێکی ورد و گشتگیرتری هێنایە کایەوە. تیۆرەکەشی ناوبانگێکی زۆر گەورە و بێهاوتای پەیدا کرد لە نێوەندە زانستیەکان دا.

هەنوکە فرۆید لە هەمو لایەکی جیهانەوە شوێنکە و توانی هەس، ئەمان دەمارگیرن لە شوێنکەوتنی فرۆید دا وەك هەر کەسێکی دیکەی شوێنکەوتەی پێغەمبەرێ کە چۆن دەمارگیرە لە شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەی دا... لە بەرانبەریش دا، دژانێکی سەرسەختیان هەیە... وەك زانراوە لە هەموو کایە مێژوویەکان دا هەر مەزنێ هەم لایەنگر و هەم دوژمنیشی بۆ پەیدا دەبێ.

بلیمەتی فرۆید:

بەر لە هەر شتێ پێویستە دان بەوە دابنێین کە فرۆید توێژەرێکی داهێنەر بووە. لە نێو زانست دا پلە و پایەیەکی دیاری هەیە، سەرەڕای ئەوەی چەندین هەڵەشی کردوە، بەڵام ڕاژەیەکی گەورەی پێشکەشی توێژینەوەی زانستی کردوە.. هەر چەندە مرۆڤ زۆریش بلیمەت و داهێنەر بێت ناتوانێت بێهەڵە و کەم و کوڕی بێت.

فرۆید تاوتوێی ئەو بۆچونانەی کردوە کە بەر لەو لە بارەی خەونەوە نوسراون و گوتراون، هەر هەموشیانی بوچەڵ کردەوە... خۆی لەم ڕووەوە دەڵێت: سەرەڕای ئەو چەند هەزار ساڵەی کە بە سەر توێژەراندا تێپەڕیوە، کەچی نەیان توانیوە لە توێژینەوەی خەوندا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنن یان بە شێوازێکی زانستی لێی تێبگەن[1]...

شوێنکەوتوانی فرۆید لە بارەی تیۆرەکەیەوە دەڵێن، تاکە تیۆرێکە کە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ڕاڤەی خەونی کردوە.

وەڵ دوژمنەکانی سوکایەتیان بە خۆیشی و بیردۆزەکەیشی کرد، بە ڕای ئەوان فرۆید هیچی تازەی پێ نەبوە، بەر لەو خەڵکانێکی زۆر ئەو بۆچونەیان هەبوە.[٢]

حاڵ و باڵی داهێنەرە مەزنەکان:

وا دەردەکەوێ ئەمە حاڵ و باڵی هەموو داهێنەرە مەزنەکان بێت... هەر کە تیۆرەکەیان بڵاو دەکەنەوە، دەست بەجێ ڕەخنەگری لێ پەیدا دەبێ و زمانی لێ دەردەکێشن... بە سوك سەیری دەکەن و نکۆڵی لە فەزڵ و پلە و پایەی دەکەن.

هەڵوێستی ئاوها ڕوبەڕوی هەموو پێغەمبەران و کەسایەتیە بلیمەتەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆتەوە... هەر کە دەشمرن، و ڕۆژگار دوریان دەخاتەوە، خەڵکی بەبەرزی یادیان دەکەنەوە و زۆریش لە ڕێز گرتنیان دا توند دەبن، بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیانەوە کە لەسەرەتاوە لە گەڵیان دا نواندویانە.

فرۆید و کۆلومبس:

دەکرێ فرۆید بە کۆڵۆمبس بچوێنین کە کیشوەری ئەمریکای دۆزیەوە[٣] کاتێ کۆڵۆمبس ئەو کیشوەرە گەورەیەی دۆزیەوە، دژەکانی گاڵتەیان پێکرد و دۆزینەوەکەیان لە هەر بایەخێ دارنی... گوتیان: کیشوەری ئەمریکا هەر هەبووە... ئەگەر کۆڵۆمبیش نەی دیتایەوە، ئەو باندە دزیکەرانەی دەریا دەیان دۆزیەوە کە لە دەریا نێزیکەکان دا دێن و دەچن.

ئیدی هەموو ئەو هەوڵە زۆر و زەوەندانەیان لە بیر چوو، کە کۆڵۆمبس لە پێناوی دۆزینەوەکەی دا بەگەڕی خستوە، و ماوەیەکی دور و درێژ کە بیرۆکەکە چوەتە کەللەیەوە ئیدی نەیتوانیوە بنوێت و لە چێژی نوستن بێبەش بوە، و لەو پێناوەشدا کۆششی زۆر گەورەی بە گەڕ خستوە.

لە کاتێک دا کۆلۆمبس لە خەباتەکەی دا شەونخونی و نارەحەتی دەچەشت، لەو لاوە دەبەنگەکان لەو پەڕی خۆشی ژیاندا بون... هەر کە کۆلۆمبس گەشتە مەرامەکەی خۆی، بەڕوی دا ڕاچەنین و هاواریان کرد: تۆ هیچی نوێت نەهێناوە.

دەگێڕنەوە یەکێک لەوانەی ڕژدیان بە کۆلۆمبس دەبرد، لە بەردەم پادشادا زۆری ڕەخنە گرت لە کۆلۆمبس... ئنجا کۆلۆمبس هێلکەیەکی گرت بە دەستیەوە و شانەخرەی کرد ئەگەر هەر کامێکیان بتوانن لەسەر باری شاقوڵی (لە سەر سەر) هێلکەکە بوەستێنێ... ئەوە بوو هیچیان نەیانتوانی ... لەم کاتە دا کۆلۆمبس هێلکەکەی هەلگرت و کەمێکی لەسەرەکەی شکاند و ئنجا وەستاندی. لەم کاتە دا ئامادەبوان بەربونە پێکەنین و گاڵتە کردن.

گرفتی ئەفراندن:

لە ڕاستی دا هەر دۆزینەوەیەکی مەزن، لە خودی خۆیدا سادە و ساکارە وەك سادەیی ڕاوەستاندنی هێلکەکە لەسەر باری شاقوڵی... وەڵ گرفتەکەی لەوە دایە کە خەڵکی پەی بە سادەییەکەی نابەن، دوای ئەوە نەبێ کە کەسێ پێی هەڵدەستێ... ئیدی لەو کاتەدا دەست دەگەنە سوك سەیرکردنی ئەفراندنەکە و خاوەنەکەیشی.

زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن: داهێنەر هیچ شتێکی نوێ ناهێنێتە ئارا، بەڵکو ئەو شتە کۆنەکان پەیوەست دەکات... ئەمەش یانی هەر بیرۆکەیەکی نوێ لە بنەڕەتەوە لە بیرۆکەیەکی کۆنەوە سەرچاوەی گرتوە... کەواتە لە ئاسمانەوە دانابەزێتە سەر خاوەنەکەی، بەڵکو لەو زەویەوە بۆی دێتە دەر کە لە سەری دەژی.

لە ڕاستی دا دوور نەکەوتوینەوە گەر بڵێین: پلە و پایە و بایەخی داهێنەر لە جوارچێوەی پەیوەست کردن و دانان تێناپەڕێ... ئەمەش یانی ئەوە نا کە بایەخی داهێنەر کەم و سادەیە... چونکە پەیوەست کردن پێویستی بە ئاگابوون و لێکۆڵینەوەی ورد و بێپسانەوە هەیە... تا چەندە مرۆڤ ڕۆبچێت بە نێو لێکۆڵینەوەدا ئەوەندەش زیاتر بیر و بۆچونی لا گەڵاڵە دەبێت... تاکو ساتەوەختێکی بەسەردا تێدەپەڕێ کە

دەتوانێت دوو بیرۆکەی پێشوی تێدا پەیوەست بکات... بە پەیوەست کردنی دوو بیرۆکەکەش داهێنانی مەزن پەیدا دەبێ.

جیاوازی نێوان (داهێنەر) و (دەبەنگ)یش ئەوەیە کە یەکەمیان دەزانێت چۆن و کەی هەنگاوی یەکلاییکەرەوە دەنێت، بەڵام ئەمیتریان لەم دنیایەیدا جگە لە ڕژدی هیچیتر نازانێت.

خۆش بەختیش بۆ دەبەنگەکان، ئەوان لە ژیان دا خۆشنودن و ڕەنج و ناڕەحەتی ناچێژن، بەڵام هەر ئەوەندەی هاوڕێیەکی خۆیان دەبینن کە بە بیرۆکەیەك یا خود بە دۆزینەوەیەکی گرنگ لێیان جودا دەبێتەوە، خێرا دەست دەکەن بە ڕەخنە لێگرتن و گاڵتەپێکردنی... ڕەنگە لە ناو ناخیشیان دا ڕژدی پێبەرن، دەشیانەوێت بەشدار بن لە بەرهەمی ماندووبون و زەحمەتەکەی دا.

گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا:

کاتێ دەگەڕێینەوە سەر باسی فرۆید، دەبینین لەو داهێنەرە مەزنانەیە کە بیرۆکەی نوێیان بەرهەم هێناوە.

نکۆڵی لەوە ناکەین کە فرۆید پشتی بەستوە بە زۆرێك لەو بیریارانەی کە بەر لە خۆی دەرکەوتوون، دەشگونجێت بڵێین: تیۆرەکەی فرۆید پێك هاتوە لە پاشماوەی تیۆرەکانی پێش خۆی، بەڵام ئەو لەو پاشماوە بەکار نەهاتوانە ئامێرێکی بەرهەم هێنا کە سود بە خەڵکی دەگەیەنێت... ئەمە لە کاتێکدا بیریارانی پێش وی لە نێو خەو دا پرخەیان دەهات (دەربڕینی وەرگێڕ).

ئەوەرەی تیۆرەکە:

تیۆرەکەی فرۆید بە تیۆری (هاندەری دەرونی) ناوزەد دەکرێ، بەم پێودانگەش هاوشانە لە گەڵ تیۆری (هاندەری هەستی دا)، ئەو تیۆرەی لە بەردا ئاماژەمان پێدا... فرۆید بە دوو وشە تیۆرەکەی کورت دەکاتەوە کە دەڵێت: خەون هیچ نیە جگە لە "بەدەست هێنانی ئارەزوو".

جێگەی ئاماژەپێدانە، ئێمە دەتوانین تۆوی ئەم بیرۆکەیە لە نێو تیۆرەکەی ئەرستۆ دا بدۆزینەوە، هەروا لە نێو فەرموودەی پێغەمبەر و، زۆربەی ئەو بۆچون و ڕایانەش دا کە لە کۆن دا لە بارەی خەونـەوە گـوتراون. وەلێ (تـۆوێکی) بزربـوو بـوو، هـیچ کـەس گرنگی تەواوی پێنەدەدا...

فرۆید (بەدەست هێنانی ئارەزوو)ی کردە ئەو بنەڕەتەی کە خەونی لەسەر دروست دەبێ، هەوڵیشی داوە هەموو ئەو دیاردە سەیرانە بە پێی ئەو بنەمایە لێك بداتـەوە کـە مرۆڤ لە خەونی دا دەی بینێت.

فرۆید جگە لەوەی گوترا دوو خاڵیتریشی باسکردوە:

١. بەدەست هێنانی ئارەزوو، ڕەنگە لە خەون دا بە شێوەی ڕاشکاو و ئاشکرا نـەبێت، بەڵکو زۆربەی کات بە شاردراوەیی و جەفەنگ ئاسا دەبێت.

٢. خەون هەموو ئەو ئارەزووانە بەدی ناهێنێت کە مرۆڤ حەزی پێدەکات، تەنها ئەو ئارەزووانە بەدی دێنێت کە مرۆڤ لـە ساتی بێداری دا خەفـەی کـردوون و لـە بـەر هـەر هۆیەك نەیتوانیوە تێریان بکات.

بۆیە دەگرێ تیۆرەکەی فرۆید بەم دێرە کورت بکەینەوە:

(خەون بەدیهێنانێکی شاردراوەی ئارەزوە خەفەکراوەکان یاخود پەستێنراوەکانە)[٤]

هۆکارێ بۆ پشکنین:

فرۆید دواتر هەستی کرد، کە ڕەنگە ئەم بیردۆزەی، یارمەتی بدات لـە پشکنینی ئـەو نەخۆشینە سایکۆلۆژیانەی کە هەندێ خەڵك پێیەوە دەناڵێنن.

هەنـدێ جـار نەخۆشـینی دەروونـی بـەرەنجامی ئارەزوویـەکی خەفـەکراوی نێـو قوڵاییـەکانی دەرونـە... نەخۆشـەکەش حـەز ناکـات ئـەو ئـارەزوەی ئاشکرا بکـات، یـان لەوانەیە پـێی نـەزانێت، لێـرەوە فرۆیـد پـەنا دەباتـە بـەر شیکردنەوەی خەونـەکانی نەخۆشـەکە... چونکە لەوانەیـە لـە نێـو ئـەو خەونانـە دا پـەی بـەرێت بـەو ئـارەزوە شاردراوەیەی لـە ژێـر پـەردە و دەمامکێ جەفـەنگ ئاساوەیە... هـەر کـە نەخۆشـەکەش هەستی کرد بە بێئەرزشی ئەو هۆکارەی نەخۆشینەکەی لێ پەیدا بووە، ئیدی بەسـەر ڕێگەی چاك بونەوەدا دەکەوێتە ڕێکردن.

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

١. بنوارە: Freud Interpretation Dreams,P.183

٢. بنوارە: Dalbiez, Psychoaly tical Methad. Vol.1, p38

٣. بنوارە: جوزیف جاسترو، الاحلام و الجنس، ل ٢٩.

٤. بنوارە: Dalbiez, Op, Cit, Vol, p 55

بەشی حەوتەم:

خەون و سروشتی مرۆیی

ململانێی دەروونی:

هەمیشە مرۆڤ لە نێو قوڵاییەکانی دەروونی دا بەدەست ململانێیەکی توندەوە گیرۆدەیە... ئارەزووی زۆر شت دەکات. وەڵێ ژیانی کۆمەڵایەتی ناچاری دەکات حەز و ئارەزووەکانی خۆی بشارێتەوە و خەفەیان بکات... ئەمەش یانی مرۆڤ کەوتۆتە نێوان ئەوو بەرداشەوە... ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان جۆرە ڕەفتارێکی بەسەردا دەسەپێنن، لەو لاشەوە غەریزە و ئارەزووەکانی پاڵی پێوە دەنێت بۆ ڕەفتارێکی تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەفتارەی کە ئادابە کۆمەڵایەتیەکان (خوازیارین - وەرگێڕ)، بەم پێودانگەش مرۆڤ سەراسیمە دەمێنێتەوە و دو چاری ململانێیەکی بەئازاری دەروونی دەبێت.

ئەمە لە کاتێکدا سروشت دەرچەیەکی بۆ مرۆڤ ساز کردوە تاکو لە ڕادەی توند و تیژی ئەو ململانێیە دابەزێنێت.... ئەم سوك کردنەش چەندین جۆر و وێنەی هەیە... گرنگترینیان خەونە... کەواتە خەون لەو (سەرقاپ)ە دەچێت کە دەیخەنە سەر مەنجەڵە هەڵمیەکان تاکو بیان پارێزێت لە تەقینەوە.

سروشتی مرۆڤ:

لێرەدا نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە مرۆڤ لە بنەڕەتی سروشتی دا ئاژەڵە، مرۆڤ برای مەیمون و ئامۆزای گوێدرێژە... بۆیە کاتێکیش بەرگە مرۆییەکەی بە بەردا دەگرێ، ئارەزووە ئاژەڵیەکان لە ناخیدا دەمێنێتەوە... ئەو وای دەردەخات کە نەرم و نیان و دڵ پاك و خێرخۆشەویستە ... کەچی سروشتە ئاژەڵیەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت مل کەچی ئەو دووڕوییە بێت... بەڵکو بە ئاوەزی وشیاری خۆی لە گەڵ دا دەگونجێنێت... بۆیە کاتێ ئەو ئاوەزە دەنوێت یاخود بێهۆش دەبێت، ئاژەڵێ لە ناخی مرۆڤەوە دەردەکەوێ.

مرۆڤ كە دەچێتە سەر نوێنەكەی، وەك منداڵێكی سادەی بێگوناه دەردەكەوێت، بەڵام لە ڕاستی دا لەنێو ناخی دا كۆمەڵێ ئارەزووی خەفەكراو و حەزی پیس هەیە كە حەز ناكات ئاشكرایان بكات، ئیدی دەنوێت، لەو كاتی نوستنە دا بەشێوەیەك لە شێوەكان دەست دەكات بە بەدیهێنانی ئەو حەز و ئارەزوانەی..

خەڵاتی خودا:

فرۆید دەڵێ خەون دیاری خودایە... خەون پرۆسەی دژەپێكردنی ئارەزوە یاساغاكانە... لەو پێناوەشدا پەنا دەباتە بەر ئەوەی بەتوند و تۆڵی كەل و پەلە یاساغەكانی بپێچێتەوە، تاكو لەبەرچاوی باج گر و چاودێرەكان بیان شارێتەوە...[1]

ئەم ڕایە گوتەی یەكێك لە پیاوە زاهید (دنیانەویست)ەكانی موسڵمانانم وە بیر دێنێتەوە.. ئەو كابرایە ڕۆژێكیان دیتیان زۆری سوپاسی خودا دەكرد... كاتێ لەو بارەوە پرسیاری لێ كرا بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: ئەو توانیویەتی لەخەون دا هەر چی گوناهی گەورە و تاوانە بیكات بەبێ ئەوەی خودا لێی بپرسێتەوە... لە خەون دا زینا دەكات و مەی دەخواتەوە و ماڵ و سامان تاڵان دەكات و لە دوژمنەكانی تۆڵە دەكاتەوە، ئنجا وە ئاگا دێتەوە، دەوینێ لاپەڕەكەی سپی و پاكژە و هیچ خراپە و چڵك و چەپەڵی تێدا تۆمار نەكراوە.. بۆیە سوپاسی خودا دەكات لەسەر ئەو فەڕەی كە بە بێهیچ نرخێ پێی بەخشیوە.

دەگونجێت بێژین: خەوتن لە یەك كاتدا پشودانێكی جەستەیی و دەرونیشە، گەر نوستن نەبوایە مرۆڤ لە ناو دەچوو، ئەوەتا مرۆڤ بە هۆی خەونەوە پشو بە جەستەی ماندوی دەدات، هەربە هۆی خەویشەوە ئارەزووە خەفەكراوەكانی تێر دەكات یاخود دەرچەیەكی هەناسەدانیان لێ دەخاتە سەرپشت.

خۆشحاڵترین خەڵك لەم دنیا دا شێتەكانن... چونكە شێت لە خەونێكی بەردەوامدا دەژی... بە ئارەزووی خۆی وێنای دنیا دەكات.. گەر بینیشی خەڵكی لێی حاڵی نابن، ئەوا بە لۆمەكردن بەسەریاندا دەشكێتەوە و خۆی بە یەكەمین ژیری دنیا دەزانێ.

ژێری پێگەشتوش گرفتەكەی ئەوەیە كە هەست بە بونی خەڵكی دەكات لە دەوری خۆی دا، ئنجا دەشچێتە ژێر كاریگەری ئەو چاودێریە شاردراوەیەی كە لە لایەن ئەوانەوە سەپاوە بەسەری دا... بۆیە لەترسی ئەوەی نەكا خەڵكی سزای بدەن یان پێی پێبكەنن ڕێگەی ئارەزوو و بیرۆكە تایبەتەكانی خۆی ناگرێتە بەر... چاودێری كۆمەڵایەتی ڕێگەی لێدەگرێ هەر كارێ بكات كە كۆمەڵگە لێی قایل نەبێ.

لەبەر ئەوەیە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر خەون تاكو ئەو دونیایە بخوڵقێنێ كە خۆی كەم یان زۆر ئارەزوی دەكات... لێرەوە ئەو گوتەیە هاتوە كە دەڵێت: هەموو مرۆڤێك لە كاتی خەوتن دا شێتە!

چیرۆكێ لەم ڕووەوە:

لە یەكێك لە كتێبەكانم دا باسی ئەوەم كردوە، من كاتێ دەستەوسان دەبم لەوەی لە بێداری دا تۆڵە لە دژەكانم بسەنم، پەنا دەبەمە بەر خەون بۆ ئەوەی تۆڵەیەكی سەختیان لێ بكەمەوە... ئەمەم بەو پێودانگە گوتوە كە منیش وەكو هەر كەسێكیتر مرۆڤم... بۆیە زۆر سەرسام بووم كە دیتم یەكێك لە ڕەخنەگران گاڵتەم پێدەكات و دوای ئەوەش نازناوێكی ناشیرینی لێناوم.

گرفتی بڕیارەكانی لای ئێمە ئەوەیە كە تا ئێستاش سوورن لە سەر ڕوپامایە كۆنەكانیان... ڕەنگە داوا لە مرۆڤ بكەن تاكو لە كاتی نوستن و بێداریش دا وەك یەك پیاو چاك بێت... سەیریش لەوە دایە هەر خەونێكی خراپ دەبینن لە خەڵكی دەشارنەوە، وای نیشان دەدەن گوایە لەو قوڕە شێلراون كە فریشتەكانی لێ دروستكراوە[٢].. گەر خودا بیەوێت ڕیسوایان بكات و بەرگی ڕوپامابیان لێبكاتەوە، ئەوا وەكو مەیمون یان وەكو (گەر) دەردەكەون كە هەندێكیان بەسەر هەندێكیتریاندا بە بێشەرم رادەبوێرن.

گرنگی بیردۆزەكەی فرۆید:

لەم ڕووەوە بیردۆزەكەی فرۆید گرنگییەكی گەورەی پێدەبڕێ، ئەو دەمامكەی ڕوی مرۆڤی لادا و ڕوتی كردەوە (خودایە! وەك چۆن دروستت كردم)! هەندێ وا دەبینن گرنگی فرۆید بۆ دەروونناسی، هاوشانە لە گەڵ گرنگی (داروین) دا بۆ زیندەوەرزانی[٢] ئەوە بوو (داروین) مرۆڤی لە قوللە بڵندەكانیەوە داگرتە خوارێ و كردیەوە بە ئاژەڵێك وەك هەر ئاژەڵێكیتری ئاسایی... دواتر فرۆید هات و پلەیەكی دیكە مرۆڤی دابەزاندە خوار....

باسكردنی تیۆرەكەی فرۆید پەلكێشمان دەكات بۆ وەی بڵێین: ئاژەڵ لە هەندێ ڕووەوە لە مرۆڤ باشترە... ئاژەڵ ڕوپامایی و درۆكردن نازانێت، بەڵكو ڕاستەوخۆ بۆ جێبەجێكردنی مەرامەكانی پەل دەكوتێ، وەڵ مرۆڤ فێڵ و فڕی تێدا دەكات، كە لێشی پرسیار دەكەیت، چی دەوێ؟ كەپۆی بەرز دەكاتەوە و بەفیزەوە دەڵێت: گوایە بەرزەوەندی نەتەوە و نزیك بونەوەی لە خواوە دەوێت!! بەلام لە ڕاستی دا ئەو دەیەوێت بت بپلیشێنێتەوە هەر ئاژەڵێك كە ئاژەڵێكیتر دەپلیشێنێتەوە... ئنجا وای بە حاڵی كەسێ بە تەنها و لاوازی دەكەوێتە بەر دەستی ئەو مرۆڤە!!

خەونەكانی بێداری:

فرۆید پێی وایە مرۆڤ هەندێ جار لە ساتی بێداریش دا دەتوانێت ئارەزووەكانی تێر بكات... ئەوەش لەو ڕێیەوە كە بە (خەونەكانی بێداری) ناوزەد كراوە.

هەندێ جار وا دەبێ فشاری ئارەزوو لە سەر كەسێك زۆر زیاد دەكات بە ڕادەیەك ناتوانێت ئارامی لەسەر بگرێت، دەیەوێت هەر هەمان كات و سات ئەو ئارەزوە تێر بكات، یان لەوانەیە حەز نەكات چاوەڕوان بكات تا كاتی نوستن، یاخود زۆر پشت بە خەونەكانی ساتی نوستن نابەستێ، بۆیە پەنا دەباتە بەر (خەونەكانی بێداری) تاكو ئاوات و سەرقاڵیەكانی دەرونی لەو دەرچەیەوە هەناسە پێ بدات.

ئنجا لەو کاتە دا دەبینین، خەیاڵی ئەو شتە دەکات کە خۆی حەزی پێ دەکات و لە بەر خۆیەوە بە دەنگی بەرز هەر قسە دەکات، دەستی ئەجوڵێنێت و ڕایان ئەوەشێنێت و هەڕەشە و گورەشە دەکات، وەك ئەوەی شتەکان بەڕونی لەبەر دەستی خۆی دا ببینێت... لەوانەیە زۆر جار خەونەکانی بێداری بەسەری دا زاڵ بن و تورە دیار بێت یان لە ڕواڵەتی دا تێکچونێ دیار بێت، هەر چەندە خەڵکیش لە دەوری دا بن.

نمونەگەلێ واقیعی:

ڕۆژێکیان بەشەقامێکی چۆڵ دا دەڕۆیشتم.. کابرایەك لە دوورەوە کەوتە بەر نیگام کە هاوار و هەڕەشەی دەکرد، وامزانی هەڕەشە لە من دەکات، خەریك بوو قاچەکانم بۆ ڕاکردن بدەم بە دەم باوە، پیاوەکە لێم نزیك کەوتەوە بینیم هیچ ئاگای لە من نیە، بەلامدا تێپەڕی بێئەوەی ئاگای لێم بێ، هەر جنێوی دەدا و بۆڵە بۆڵی دەکرد... ئەو ڕۆچوو بوو بە نێو خەونەکانی دا، بۆیە شتێکی دەبینی کەمن ئەم دەبینی و لە دنیای تایبەتی خۆی دا دەژیا.

لە خوێنەری ناشارمەوە کە خۆشم چەند جارێك وەکو ئەو پیاوەم بەسەر هاتوە.. لە ژورە تایبەتەکەی خۆمەوە هەر مشت و مڕ و هەڕەشە و گورەشەم کردوە بێئەوەی کەسێك گوێی لێم بێت... ماوەیەك لە ژیانمدا تێپەڕی کە زۆر بە توندی دوچاری خەونەکانی بێداری ببوم، لەو ماوەیە دا کاتێ بە ڕێگە چۆڵەکانیش دا دەڕۆشتم لە بەر خۆمەوە لە گەڵ "با"دا شەڕم دەکرد و بە توندی زللەم پێدا دەکێشا، تفم لە با دەکرد، بەو هۆیەوە خەریك بوو دەکەوتمە نێو بەلایەکەوە.

گومانم وایە هەموو خەڵکی، کەم تا زۆر بە دەست ئەم بەلایەوە دەناڵێنن، وەلێ هەندێ کەس هەیە نکولی لێ دەکەن، کەچی بە جۆرێ کە خۆی هەستی پێناکات پێوەیەوە ئالودە بووە... بۆیە جاری وا هەیە لە گەڵی دەدوێیت پێت وایە گوێی بۆ تۆ گرتووە، بە ڕواڵەتیش سەیری تۆ دەکات، کەچی خەیاڵی لە شوێنێکیتر مەلە دەکات، ئەو خەون دەبینێ، ئارەزوە خەفەکراوەکانی لە نێو جیهانێکی بێسنوری خەون دا پاڵپاڵێنی پێ دەکەن. هەندێ جار وا دەبێ مامۆستایەك وانەیەك بە قوتابیەکانی دەڵێت، بەلام

هەندێکیان لێی حاڵی نابن، چونکە لە نێو خەونە بەتامەکانیان دا ڕۆچون، لە خەونیان دا ژوان لە گەڵ خۆشەویستە جوانەکەیاندا دەگرن و ماچیان دەکەن، یان چاویان بە دوژمنەکەیان دەکەوێت و زللەی لێ دەدەن و جنێوی پێدەدەن... کاتێکیش مامۆستا لێیان دەپرسێ چی تێگەشتون، وەڵامی دەدەنەوە گوایە زۆری لێ تێگەشتون، کەچی درۆش دەکەن، بەڵکو لەوانەیە لەکاتی وانەکەدا خەونیان دیبێ بە لێدانی مامۆستاکەوە لە بری ئەوەی گوێی بۆ بگرن...

خەونی سادی و خەونی ماسۆشی:

(سادیەت) خەسڵەتێکە مرۆڤ ڕوت دەکاتەوە و وای لێدەکات چێژ وەرگرێ لە ئازاردانی کەسانی دیکە و دەست درێژی کردنە سەریان.

بەڵام (ماسۆشیەت) بە پێچەوانەیە،مرۆڤ چێژ لەوە وەردەگرێت ئازار بدرێت و دەست درێژی بکرێتە سەر.

هەر دوو خەسڵەتەکە بە پلەی جیاواز لە نێو خەونەکانی بێداری دا دەردەکەون، من خۆم لە خانەی مامۆستایانی باڵادا، لەو ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر قوتابیان ئەنجام دا، بەرەنجام بۆم دەرکەوت، خەونەکانیان دوو جۆرە: سادی و ماسۆشی.

یەکێکیان لە خەونەکانی بێداری دا ڕۆڵی دەست درێژکەر وەردەگرێت، وای دێتە بەر ئەندێشە کە دوژمنەکەی لەبەر دەمیدا ڕاوەستاوە، و ئەم تۆڵەی لێدەکاتەوە، دەست دەخاتە بینە قاقای، یاخود جنێوێکی توند و بریندارکەری پێدەدات، یان بە قورسی دەکێشێت بە تەوقی سەری دا.

یەکێکیتر، لە خەونەکانی بێداری دا ڕۆڵی دەست درێژی لەسەر کراو وەردەگرێ، خۆی بە سەرشۆڕ و لێدراو و سوکایەتیپێکراو دێتە بەر نیگا... خەڵکیش کۆبونەتەوە بۆ سوکایەتی پێکردن و نابودکردنی... بۆیە لەو ئەندێشەیەی دا چێژێکی دەرونی قوڵ وەردەگرن، و دەگری و خۆی دەلاوێنێتەوە.

هەندێکیتریان هەردوو ڕۆڵەکە پێکەوە وەردەگرێ، جارێ سادی دەبن و جارێکیتر ماسۆشی... هەر چۆن بێت ئەو دەیەوێت ئارەزوە خەفەکراوەکانی خۆی تێر بکات... هەر

کات نائومێدی باڵی بەسەردا کێشا دەبێتە ماسۆشی، هەر کاتیش تورە بوون تەنگی پێهەڵچنی دەبێتە سادی... (ولله في خلقه شؤون!!)

خەونەکانی گەلان:

لای خوێنەر شاراوە نیە، کە گەلانیش خەون دەبینن وەکو چۆن تاکەکان خەون دەبینن.. بۆ نمونە کتێوی (الف ليلة و ليلة) هیچ نیە جگە لە کۆمەڵێ خەونی میللی... بە تایبەت خەونی ئەو هەژارانەی کە برسین بۆ ژنی جوان و کۆشکی قەشەنگ و خۆراکی بەتام[٤].

گومانم وایە بیر و باوەڕی (ڕزگارکەری خوایی) هیچ نیە جگە لە خەونێك کە گەلانی کۆن لە هەندێ قۆناغی مێژوویاندا بە ئەندێشەیاندا هاتوە (دەربڕینی وەرگێڕ) گەلان هەر کات ئازاریان چەشت بە دەست ستەمی دەستەڵات دارەکانیانەوە، دواتر هەستیان بە دەستەوسانی کرد لە ڕامالینی ئەو ستەمەی کە لەسەریانە، ئیدی (هیچیان لە بەردەم نامێنێ - وەرگێڕ) ئەوە نەبێت دەست بگرن بە بیر و باوەڕی (رزگارکەری خوایی)ەوە، لەو کاتەش دا خەیاڵ بەو ڕۆژەوە دەکەن کە تیای دا خودا یەکێك دەنێرێت ڕزگاریان بکات و تۆڵەیان بۆ بکاتەوە لە دوژمنەکانیان، ئەو دەمەش زەوی پڕ بکەن لە دادگەری وەك چۆن پڕ کراوە لە ستەم و نادادگەری.

بەراستی ئەو کەسەش ڕاستی کردوە کە دەڵێت: (ئەفسانەکان رەنگ دانەوەی خەونەکانی گەلانن)[٥].

پەراوێزەكانی بەشی حەوتەم:

١. بنوارە: جوزیف جاسترو، الاحلام و الجنس، ل ٨٨ ـ ٩٣.

٢. ئەم دەربڕینە تەنها جوانكاریەكی وێژەییە دەنا هەموان و مامۆستا وەردیش لە سەروی هەموانەوە دەزانین كە فریشتەكان بە گوێرەی دەقە پیرۆزەكان وا باس دەكرێ كە لە نور دروستكراون، نەك لەقور. (وەرگێڕ)

٣. بنوارە: هـ.س، ل ٩٢.

٤. بنوارە: سلامة موسي، اسرار النفس، ل ٥٨.

٥. بنوارە: جوزیف جاسترو، الاحلام و الجنس، ل ١١٥.

بەشی هەشتەم:

ئاوەزی ئاوەکی

بەر لە فرۆید:

خەڵکی بەر لە فرۆید، بڕوایان وابوو مرۆڤ تاکە ئاوەزێکی هەیە، ئەویش ئەو ئاوەزەیە کە زاڵە بەسەر کردەوەی مرۆڤ دا و ڕەفتاری وی ئاراستە دەکات. جا گەر هەر کەسێکیان بدیایە لە ڕاستە شەقامی ڕاستی لای بدایە، هانایان دەبردە لای ئەقڵی و داوایان لێدەکرد تاکو بگەڕێتەوە سەر ڕاستە شەقام و پەند وەرگرێ، کاتێ دەیان بینی گوێیان بۆ ناگرێ و ئامۆژگاریەکانیان فەرامۆش دەکات، لێی تووڕە دەبون و بەشایستەی سزای توندیان دادەنا.

گومانیان وابوو مرۆڤ هەر بە سروشت ژیرە، دروشمیان ئەوە بوو: (مرۆڤ کە لە چاکەتێ گەیی کاری پێ دەکات)... سیستەمی پەروەردەی کۆن لەسەر پڕکردنی مێشکی منداڵ لە ئامۆژگاری چاك و قسەی جوان دامەزرابوو، منداڵی داماویش دەبوا گوێی بۆ بگرتنایە و واشی نیشان بدایە کە گوێڕایەڵیانە، گەر نا کوتەك بەسەریەوە ئامادەیە، بۆیە ناچار بوو پێیان بڵێت: (بەڵێ، وا دەکەم کە ئێوە دەیڵێن).

ئەو لە نێو قوڵاییەکانی دەرونی دا ئارەزووەکانی خۆی خەفە دەکات. بۆیە هەر کە ئامۆژگاری کەرانی لێوە دیار نەمێنێ، هەر خێرا دەست دەکاتە هەڵقونینەوە و هات و هاوار کردن و دەیەوێت بە هەر هۆکارێك دەلوێت ئەو شتە بە دەست بخات کە لێی یاساغ کراوە، وەك لە پەندە کۆنەکەش دا هاتووە:﴿ مرۆڤ پێداگرە لە سەر ئەوەی لێی یاساغ کراوە.﴾

پیاوی پێگەیشتوش لەم ڕووەوە زۆر لە منداڵ دەچێت، کاتێ گەورە دەبێت، دەبینێ چوار دەوری گیراوە بە ئامۆژگاریکەرانێ بە هەمان شێوەی ئەوانەی لە ڕۆژگارەکانی منداڵی دا دەوریان دابوو. لەوانەیە خۆیشی وەك ئەوان ببێتە ئامۆژگاری کەری یەکێکیتر کە لەخۆی کەم ئەقڵ تر بێ... هەر ئەو کەسەی چنگ کەوت دەست بەجێ

رێژنەیەك ئامۆژگاری بەسەردا دەبارێنێ... لەو ئامۆژگاریانەی كە هەر بە زار و گوفتار دەری دەبڕێت و بە كردەوە و كرداریش پێچەوانەیان دەجوڵێتەوە.

دروستە گەر بڵێین: خەڵكی هەندێكیان هەندێكی‌تریانیان خەڵەتاندوە، گەر پیاوێ لە هەسارەی مەریخەوە بێت و گوێ بگرێ بۆ ئەو گوتانەی كە ڕووبەڕووی یەكتری دەكەین.. وای دێ بە خەیاڵ دا كە لەنێو برایەتی و فەرێكی ئەبراوە دا دەژین... بەڵام هێشتر چەند كاتژمێرێك بە سەر مانەوەی لە ناوماندا تێناپەڕێ كە دەبینێ ئێمە بە كردەوە پێچەوانەی گوفتارمان جوڵاوینەتەوە، و هەر هەموشمان دوو ڕووین.

لادەری دەمامكەكە:

ئنجا فرۆید هات و هەوڵی دا ئەو دەمامكە لادا كە لەسەر ڕوی ئەو دوڕووییە گشتیەی نێو ئادەمیزاد دانراوە... فرۆید یەكەمین كەس بوو ئاوەزێكی‌تری لە ئادەمیزاد دا دۆزیەوە جگە لەو ئاوەزە وشیارەی كە هەمیشە پێیەوە شانازی كردوە... ئاوەزی دووەمیشی بە "ئاوەزی ناوەكی" یاخود بە (نەست) ناوزەد كرد.[1]

شیاوی گوتنە، بیرۆكەی (نەست) بەر لە فرۆیدیش ناسراوبوو، وەلێ لە زۆرینەی بارەكانی دا بیرۆكەیەكی تەم و مژدار بوو، ئەدگارەكانیش ڕوون نەبوو.[2] ئنجا فەزڵی هەرە گەورە لە ڕونكردنەوەی ئەو بیرۆكەیە و دروستكردنی ئەپارتمانی قەشەنگی تیۆری لەسەری، بۆ فرۆید دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای بەهەڵەدا چونی فرۆید لە هەندێ وردەكاری بیرۆكەكەدا، كەچی ئەو پەیكەرە گشتیەی لە دەوری دروستی كردوە تا هەنوكەش سەقامگیرە، ئێستاكە ئەوەی فرۆید دروستی كردوە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ.

پوختەی ئەوەی فرۆید لەم ڕووەوە گوتویەتی ئەمەیە كە (ئاوەزی وشیار ئاسەواری لاوازە لە ئاراستە كردنی ڕەفتاری مرۆڤ دا، بەڵكو لە زۆربەی بارەكان دا ئاوەزی ناوەكی مرۆڤ ئاراستە دەكات، بۆیە پێویستە توێژەران ئاوڕ بەلای ئەم ئاوەزە ناوەكیە دا بدەنەوە، كاتێ لە كەسێتی مرۆ دەكۆڵنەوە).

فرەخودی:

لە کۆن دا بڕوا وا بوو کە مرۆڤ تەنها یەك خودی هەیە، ئەم خودەیشە هانی دەدات بێژێ (من). کەچی ئێستا دەرکەوتوە ئەم ڕایە هەڵە بووە.. چونکە زۆر جار دەبینین مرۆڤ لە گەڵ خۆی دا دەئاخفێ، هەندێ جار سەرزەنشتی خۆی دەکات و سزای خۆی دەدات.. جا ئەگە مرۆڤ هەر یەك خودی هەیە، ئەدی چۆن دەتوانێت قسان لە تەك خۆیدا بکات یان خۆی سزا بدات.. هەر دەبێ لە قوڵاییەکانی دەروون دا پتر لە خودێکی هەبێ.. تاکو پێکڤە ئاخافتن و پێکەوە گونجان لە نێوان یەکێك و یەکێکیتریان دا دروست بێت. لێرەدا فرۆید هات و گوتی: مرۆڤ سێ خودی هەس، خودەکانیش بریتین لە: خودێکی ئاژەڵی، خودێکی مرۆیی، خودێکی نمونەیی.

خراپە و چاکە لە مرۆڤ دا:

ئەو چەمکە نوێیەی فرۆید هێنایە ئاراوە .. دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: مرۆڤ چاکەخوازی تەواو نیە و خراپەکاری تەواویش نیە، بەڵکو لە یەك کاتدا چاکەخواز و خراپەکاریشە... وە خوداش مرۆڤێکی نەخوڵقاندوە کە لە ئارەزوە چاکە و خراپەکان دوور بێ.

مرۆڤ جگە لە خودی (مرۆیی) خۆی، دوو خودی کەشی هەیە... یەکەمیان هەوڵ دەدات مرۆڤەکە دابەزێنێت بۆ ئاستی ئاژەڵ، ئەویتریان دەیەوێت بەرزی کاتەوە بۆ ئاستی فریشتەکان... مرۆڤیش سەراسیمەیە لە نێو ئەو دوە دا، جارێ بەم لا دا دەڕوا و جارێك بەو لادا... ململانێی دەرونیش لە هەموو کاتێك داد مستی لە قورقوڕاگەی گیر کردوە.

مەغزای لۆژیکی:

تیۆرەکەی فرۆید ئەو پرەنسیپە لۆژیکە دێرینەی هەڵوەشاندەوە کە مرۆڤی دەپۆلاند بۆ دوو گروپی پێچەوانە، کە سێهەمیان نەبوو، یەکیان چاکە خوازێ کە هیچ خراپەیەکی تێدا نیە... دوەمیشیان خراپەکارێ کە هیچ چاکەی تێدا نیە.

وەلێ بیریارانی لای ئێمە تا ئێستاکەش کە باسی پیاوانی مێژوو دەکەن، هەندێکیان بە چاکە کاری هەمیشەیی دادەنێن و هەندێکیتریان بەخراپەکاری هەمیشەیی... ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و لەگەڵ ئەو سروشتە دا ناگونجێ کە لە هەموو کات و ساتێك دا مرۆڤی لە سەر دروست کراوە.. هەر دەبێ لە پیاوێکی چاکەکار دا هەندێ خوی خراپە ببینین و هەستی پێ بکەین، هەروەها لە هەر خراپەکارێکیش دا هەندێ ئارەزوی چاکەکاری لێوە دەردەکەوێ...

ئارەزووی چاکەکاری لە هەموو مرۆڤێك دا هەیە، مادەم مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەژی، ئەوا هەر دەبێ لەو کۆمەڵگەیەوە کۆمەڵێ بەربەستی ناوەکی وەربگرێت، کە بەهەر جۆرێ لە جۆرەکان ڕێی لێ دەگرن لەوەی کاری خراپ ئەنجام بدات.. هێز و پێزی ئەم بەربەستەش بە گوێرەی کەسەکان دەگۆڕێت.. هیچ مرۆڤێ نیە (هەر چەندە زۆر بە ستەم کار و ناچیزە بەناوبانگ بێت) لەم بەربەستە ناوەکیە خاڵی و بێبەش بێت.

دەکرێ هەمان قسەش لە بارەی ئارەزوی خراپەکاری لە مرۆڤدا بکەین، چونکە مادەم مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئاژەڵە، ئەوا هەر دەبێ لە هەندێ کاتدا ئاسەواری یاخی بون و پاڵنەری وڵاخێتی‌یەکەی لەسەر دەربکەوێت، ئیدی بە خۆی بزانێت یان نەزانێت.

هەست و نەست:

گوتمان مرۆڤ سێ خودی هەیە، ئاژەڵێەك و مرۆییەك و نمونەییەك، فرۆید پێی وایە (خودی ئاژەڵی) نەستیە و هەر دوو پاڵنەری چێژ و ئازاریش بەسەری دا زاڵن... ئەم خودە (حەرام و حەڵاڵ) ناناسێت، بەڵکو دەیەوێ بە بێ هیچ پێودانگێ چێژ وەرگرێ، لە هەموو کاتێکیش دا مرۆڤ پاڵدەنێ بەرەو مەبەستە هیچ و پوچەکانی.

خودی مرۆیش، خودێکی ئاگا و هەستیەە، وەڵ نمونەیی نیە، ئەم خودە هەست بە پێودانگەکانی کۆمەڵگە دەکات و هەوڵ دەدات ڕەچاویان بکات، فرِ و فێڵ و دووڕویی بەسەر ئەم خودە دا زاڵن... ئەم خودە حەز لە دزی کردن یان پیاوکوشتن ناکات چونکە دەترسێ لە بەسوك سەیرکردنی لە کۆمەڵگەدا و هەروەها لە سزای پۆلیسیش دەترسێ... ئەم خودە هەر کە هەلێکی لەباری دەست کەوت کە تیای دا دڵنیا بێت توشی سزا و بەسوك سەیرکردن نابێ، ئەوا زۆر بە پەلە بەدوی خودی ئاژەڵیی دا پەلکێش دەکرێت.

خودی مرۆیی پتر لە لێپرسینەوە و سزا تێدەگات وەك لە نمونە باڵاکان، بۆیە ئەگەر ئەو خودە نمونەیە چاودێری نەکردایە، ئەوا دەبوە مل کەچی سروشتە ئاژەڵیە پەنگ خواردوەکەی قوڵایی ناخی.

خودی نمونەیی:

خودی نمونەیی، ئەو خودەیە کە خەڵکی بە (ویژدان) ناوزەدی دەکەن، لەم خودەشەوە ئەو بەربەستە ناوەکیە سەر هەڵئەدات کە لەبەردا ئاماژەمان پێدا.

لەکۆن دا ویژدانیان بە (دەنگی خودایی لە مرۆڤدا) ناوزەد دەکرد، ئەمەش ناوزەدکردنێکی هەڵەیە... چونکە ویژدان ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەو بیر و باوەڕ و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیانەوە وەردەگرێ کە مرۆڤ لە نێویاندا پێدەگات و گەشە دەکات.

کەوابێ ویژدان شتێکی ڕێژەییە، بە ڕەنگی کۆمەڵگەش سیواق دەدرێ، تەنانەت زۆر جار مرۆڤ بەرەو توند و تیژی و ستەم پاڵ دەنێ، ئەگەر بەها کۆمەڵایەتیەکان پشتگیری بن، بەزۆری ئەم پشتگیری کردنەش لە جەنگ و دەمارگیری ئاینی و نەتەوەیی و هۆزایەتی دا دروست دەبێ.

بەڕاستی ویژدان دەنگی کۆمەڵگەیە نەك دەنگی خودا، جیاوازیش زۆر و فرەیە لە نێوان ئەو دوو دەنگە دا، خودا پەروەردگاری هەموو خەڵکە، بەبێ جیاوازی بەسۆزە بۆ هەموو خەڵکی، بەڵام کۆمەڵگە، فەزڵی ڕۆڵەکانی خۆی دەدات بەسەر خەڵکانیتر دا... گوێش ناداتە تاڵان و بڕۆ و خوێن ڕشتن، ئەگەر ئەو تاڵانکاری و خوێنڕشتنە لە بەرانبەر دوژمناندا پەیڕەو کرابێ.[4]

ویژدان و نەست:

لەوەی رابورد زانیمان خودی مرۆیی، خودێکی هەستی‌یە، ئەمە لە کاتێکدا خودی ئاژەڵی خودێکی نەستی‌یە... ئالێرەدا فرۆید دێت و دەڵێت: خودی نمونەیی لە نێوەندی ئەم دوو خودە دایە، لە لایەکەوە هەستی‌یە و لە لایەکی‌تریشەوە نەستی‌یە..[٥]

دەگرێ خودی نمونەیی بەپاسەوانێك بچوێنین کە لەسەر رۆخی نەست ڕادەوەستێت و ڕێگە نادات پاڵنەرە خراپەکان لێیەوە (واتە لە نەستەوە) بێنە ناو هەست... بەڵام ڕێگە دەدات پاڵنەرەکانی تر هاتوچۆ بکەن...

گرفتی خودی نمونەیش لەوە دایە کە پاسەوانێکی توند و تۆڵ و بەهێز نیە، بەڵکو پاسەوانێکی لاوازە و زۆر بە سانایی دەخەڵەتێنرێ... تەنانەت دەگونجێ بەرتیل بخوات، زۆر جار فشاری نەست لەسەری توند و بەهێز دەبێ و ئەم تا ئەوپەڕی سنور چاوپۆشی دەکات.

بەزۆری ئەم حاڵەتە لە نێو ئەو کۆمەڵگایانە دا ڕوو دەدات کە ئامۆژگاری فرەباڵای تێدا زۆرە.

یەکێك لە ناتەواوی و کەم و کوڕیەکانی ئامۆژگاریە فرەباڵاکان ئەوەیە کە هەوڵ دەدەن مرۆڤ بگەیەننەسەروو ئاستی مرۆڤ... دەیەوێت مرۆڤ خۆی لەبیر بکات و چێژ و ئازارەکانی خۆی فەرامۆش بکات... لەم کاتە دا ئیدی نەست دەکەوێتە ژێر فورسایی خەفەکردنێکی زۆرەوە... بۆیە ئەمیش بەرۆڵی خۆی گوشار دەخاتە سەر خودی نمونەیی.

لێرەش دا، ئەو ئارەزوە دەردەکەوێت کە فرۆید بە ئارەزوی (پاساودان) ناوزەدی کردوە.... ئەم ئارەزوەش ڕێگە دەدات بە مرۆڤ تا لە دوی هەوەسەکانی بڕوات و دواتر پاساوێك یاخود دەمامکێکی بریسکەداری بۆ دەدۆزێتەوە تاکو هەڵپەکردنە دزێوەکەی بێبشارێتەوە.

ئامۆژگاریە باڵاکان، هەموو ئەو دەرچانە لە مرۆڤ کڵۆم دەدەن کە لێیانەوە هەناسەیەکی بە خودە ئاژەڵیەکەی دەدا... لە بەر ئەوە مرۆ ناچار دەبێت یاخی بێت لەو

ئامۆژگاریانە و دواتر پاساوێكیش بدۆزێتەوە كە بەرەڤانی لە خۆی پێبكات، نەخاسمە كە دەش بینێ ئامۆژگاری كەران خۆیان شەو و رۆژ پێچەوانەی ئامۆژگاریەكانی خۆیان دەجوڵێنەوە و ڕەفتار دەكەن.

پێكهاتەكانی نەست:

لەوەی رابورد ڕون دەبێتەوە كە نەست فاكتەرێكی كارایە لە ئاراستەكردنی ڕەفتاری مرۆڤ دا، بینیشمان كە لە چەند بەشێ جودا جودا، پێك هاتوە، بەش و پێكهاتەكانی نەست بەم تەرزە كورت دەكەینەوە:

١ـ بەشی یەكەمیان پێكهاتوە لە ئارەزوە ئاژەڵیە ڕەسەنەكانی مرۆڤ، ئەم ئارەزوە ئاژەڵیانەش لە گەڵ لەدایك بونی مرۆڤ دا لە دایك دەبن، فرۆید بە (لیبیدو) ناوزەدی ئەم ئارەزوەی كردوە.

٢. بەشی دووەمی نەست بریتییە لەو ئارەزوانەی مرۆڤ نەیتوانیوە تێریان بكات و لە قوڵاییەكانی دەرونی دا خەفەی كردون... ئەو ئارەزوانە لەوێدا بە شاردراوەیی دەمێننەوە و لە چاوەڕوانیدا دەبن، ئەم بەشەیە زۆر جاربە (گرێ دەرونیەكان) تەعبیری لێ دەكرێ.[٦]

٣. بەشی سێیەمیان لایەنە نەستیەكەی ویژدانە، ئەم بەشە گرنگییەكی تایبەتی هەیە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە مەبەستمانە، بابەتی خەون.

ویژدان و خەون:

لەوەی رابورد باسمان لە تیۆرەكەی فرۆید لە خەوندا كرد.. پوختەكەشی ئەوە بوو كە خەون هۆكارێكە بۆ تێركردنی ئەو ئارەزوانەی كە مرۆڤ لەساتەوەختی بێداری دا نەیتوانیوە تێریان بكات... لێرەدا فرۆید دەڵێت: لە خەون دا تێركردنی ئارەزوەكان بەدەگمەن نەبێت بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ڕون و ئاشكرا نابێت.. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وەی بەشێك لە ویژدان لە كاتی نوستن دا بێدارە، ئەم بەشە بێدارەی ویژدان ڕێ دەگرێت لەوەی مرۆڤ بەبێ سنور ئارەزوە پاساغەكانی تێربكات.

ئەگەر هەموو (ویژدان) هەستی بوایە، ئەو جا لە كاتی نوستن دا لە كۆڵی مرۆڤ دەبوەوە. بەڵام وەكو گوتمان لە نێوان هەست و نەست دا ڕاوەستاوە، بەو پێیە لە كاتی نوستن و بێداریش دا هەر چاودێری مرۆڤ دەكات...

بەڕاستی حاڵ و باڵی مرۆڤ سەیرە، ئەوەتانێ چاودێری كۆمەڵایەتی (كە خۆی لە ویژداندا دەبینێتەوە) لە هەموو كاتێك دا بەدوایەوەیە... مرۆڤ بۆیە پەنا دەباتە بەر خەوتن تاكو هەندێ پشوی دەرونی دەست بكەوێ، كەچی ویژدان لێی ناگەڕێت بە تەواوی بحەوێتەوە، لە بۆتە دایە بۆی و هەر كە بینی بەرەو ئارەزووەكانی دوور ڕۆشتوە، تێی دەخوڕێ (هاتم بۆت) !.

فرۆید پێی وایە ئەو جەفەنگانە لە خەوندا هەیە، هۆكەی ئەو ترسەیە كە مرۆڤ لە ویژدانی هەیە... فرۆید لەو بارانە دا ویژدان ناو دەنێت (چاودێر)... (خەون) لە بەرانبەر ئەم چاودێرە سەرسەختە دا ناچارە ڕێگەی فڕ و فێڵ بگرێتە بەر، هەمیشە لەوەش دەترسێ (چاودێر)ەكە دەستی لێ بەرز بكاتەوە و پێی بڵێت (یاساغە).

خەونەكانی منداڵی:

ئاشكرایە خەونەكانی منداڵ ڕاشكاو و بێدار نین... هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی گەشەی ویژدان لە زارۆ دا...

فرۆید باسی كچە تەمەن نۆزدە مانگیەكەی خۆیمان بۆ دەكات... ئەو كچەی فرۆید بەیانیەكیان توشی ڕشانەوە بوو، بۆیە بە درێژایی ئەو ڕۆژە خواردنی لێ یاساغ كرا، كاتێكیش نوست ،ماڵەوەیان گوێیان لێ بوو كە (وڕاوەی دەكرد) و ناوی ئەو خواردنانەی دەبرد كە حەزی لێكردبوو.[٧]

وا دیار بوو لە كاتی (وڕاوە) كردنەكەی دا چێژی لەوە وەرگرتوە كە بەبێ سنور لەو خواردنانە بخوات.

دەكرێت بڵێین: لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ و تەواو دروست بوونی ویژدان لە نێو قوڵایی دەرونی دا، خەونەكانیشی ڕو دەكەنە دەمامك پۆشین... كە گەورەش دەبێ، دەكەوێتە ژێر كۆڵی قورسی ئەو ویژدانەی كە بەڕێی نیە...

خەونی گەورەکان:

مامۆستا (سلامە موسی) ئامۆژگاری خوێنەر دەکات کە هەرگیز خەون نەگێڕێتەوە، هەر چەندە خەونێکی ئاسایش بێت، بۆ کەسێك نەبێ کە متمانەی بە خو و ڕەوشتی هەبێت[8] چونکە خەونەکە لەوانەیە ئارەزوەیەکی پیسی لە نێو خۆی دا شاردبێتەوە. هەر چەندە بەڕواڵەت خەونێکی پاك بێت... لەوانەیە تۆ لە خەوندا ژنی برادەرێکت ببینی کە کۆمەڵێ کەسی سەرسەری دەیانەوێت دەست درێژی بکەنە سەری، ئەو هاوار لە تۆ دەکات و پەنات بۆ دێنێ، تۆش لە خەونەکەتدا غیرەت لە کەللەت دا دەبزوێت و دەمانچەکەت ڕادەکێشیت و ژنە جوانەکە بەرەو ڕوت دێت و سوپاست دەکات و لە نیگاکانی دا واتای سەرسوڕمان و گەورە سەیرکردنی تۆ دەبینری.

لەڕواڵەت دا ئەم خەونە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ پیاوێکی بەغیرەتی و حەزت لەوەیە بەرگری لە ئابروی هاوڕێکەت بکەیت، بەڵام تۆ لە ڕاستی دا حەز دەکەیت ئابروی هاوڕێکەت بەری، نەك بەرگری لێ بکەیت، لەوانەیە ژنی هاوڕێکەت دیبێ لە بێداریتدا و حەزت لێی کردبێ، ئاواتت خواستبێ لە گەڵی ڕابوێری، ئەم ئارەزوەش بەخەفەکراوی لە نێو ئاوەزی ئاوەکیت دا مابێتەوە.

بۆیە لەکاتی خەوتن دا ئەو ئاواتەت بەشێوەیەکی دەمامك دار دەرکەوتوە، چاودێرەکە ڕێگە نادات ڕاستەوخۆ لە گەڵ ژنی هاوڕێکەتدا دەست تێکەڵ بکەیت و بەئاشکرا لە گەڵی دا ڕابوێریت.. بەو هۆیەوە پەنا دەبەیتە بەر شێوازێکیتر... لەو کاتە دا دەبیتە قارەمانێك کە فیشەك دەنێت بە دەست درێژکارانەوە و بەبێسڵەمینەوە ڕاوەدویان دەنێت.. ئەمە لە کاتێکدا لە بێداریت دا ترسنۆکیت و هەرگیز دەمانچەشت هەڵنەگرتوە و ڕاوەدوی کەسیشت نەناوە... کەچی ئارەزوە خەفەکراوەکەت لە خەونەکەتدا دەتکاتە سوارچاکێکی بەهیمەت.

ئەگەر تاکۆتایی لە گەڵ فرۆید دا هاوڕابین لە تیۆرەکەیدا، ئەوا ڕەوایە بۆمان کە بڵێین: ئەو دەمانچەیەی کە لە خەونەکەتدا خۆتت پێیەوە بادەدا جەفەنگ و ئامازەیەکە بۆ ئەندامی زاوزێ (چوك)ت...

ئەمەش یانی دەمانچەی نێو خەونەکەت ئاماژە نیە بۆ غیرەتمەندی و پیاوەتی و سوارچاکیت... بە ئەندازەی ئەوەی ئاماژەیەکە بۆ ئارەزوە پاساغەکەت بەرانبەر ژنی هاوڕێ هەژارەکەت... و خواش زاناترە.

جەفەنگی خەونەکان:

فرۆید دەڵێت: خەونەکان پەنا دەبەنە بەر جەفەنگ بۆ شاردنەوەی ئەو مەبەستانەی کە کۆمەڵگە پاساغی دەکات[٩].. ئەو جگە لەوەش پێی وایە زۆرینەی جەفەنگەکانی نێو خەون ئاماژەی (سێکسی)یان هەیە... وەك ئەوەی پێی وابێ تاکە ئارەزویەك کە مرۆڤ هەیەتی و کۆمەڵگە لێی پاساغ دەکات، ئارەزوی (سێکسیە).

لێرەدا واباشە، هەندێ گوتەی فرۆید بخەینە بەرچاو،لەبارەی ئەو جەفەنگە سێکسیانەی کە هەموو گەلان تیای دا هاوبەشن... ئەو پێی وایە هەر شتێکی لاکێشەیی (ولولەکی ـ وەرگێڕ) وەکو دار و، گۆچان و، ڕەگی درەخت و، چەقۆ و، خنجێر و، نێزە و، بۆینباخی مل و .... هتد، ئاماژەن بۆ (جوك)ی نێرینە... ئەمە لە کاتێکدا قوتوی بچوك و، سندوق و، کڵاو و ... هتد، ئاماژەن بۆ (زێ)ی مێینە..[١٠]

یەکێك لە قوتابیەکانی فرۆید، وا دەبینێ: ئەو کەسانەی کە زۆریان حەز بە هاتوچۆکردنە بە نێو دارستان و درەختە (بەرزوو هەڵچوە)کاندا ئارەزویەکی بەهێزی سێکسیان هەیە... بۆیە کاتێ لە خەونیاندا ئەو دار و درەختە دەبینن، ئەوا دەرەچەیەك لە ئارەزوە خەفەکراوەکانیان دەخەنە سەر پشت.

خەونەکان و شیکردنەوەی دەرون:

لە دوێنێ دا ئەو کەسانەی داهاتویان بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، دەیانگوت: (خەونەکانتمان بۆ باس بکە، داهاتوت دەست نیشان دەکەین)، ئەمڕۆش پزیشکانی دەرونی دەڵێن: (خەونەکانمان بۆ باس بکە، گرفتەکانت بۆ دەست نیشان دەکەین) [١١]

لە ڕابردوو دا خەڵكی بۆیە لە خەون دەكۆڵینەوە، بۆ وەی بزانن داهاتوی نادیاریان چ سود یان زیانێكی بۆ هەڵگرتون... بەڵام ئێستە لە خەون دەكۆڵنەوە ، تاكو پەی بەرن بەو گرێ و ئارەزوە خەفەكراوانەی لە نێو قوڵایی ناخیاندا خۆیان حەشار داوە.

ئەوان لە نێو خەونەكانیاندا بە دووی داهاتو دا دەگەڕێن، ئەمانیش بە دوی ڕابردو دا... مرۆڤ دەتوانێت نەخۆشیە دەرونیەكانی بدۆزێتەوە ئەگەر لە خەونەكانی كۆڵیەوە و ئامازەكانی ئاویانی شیكردەوە...

فرۆید دەڵێت: خەونەكان ، زمانی سروشتی دەرونن، ئێمە لەو زمانە تێناگەین چونكە ڕاهاتوین لەسەر زمانی بیركردنەوەی لۆژیكی لە ژیانی وشیار و ئاگایمان دا.[2]. لە ڕاستی دا زمانی خەونەكان نمونەیەكی ڕەسەنی پرۆسەی بیركردنەوەی سەرەتایین، شیكردنەوەشی پێویستی بە زیرەكی و پسپۆڕی هەیە.

پشیلە و مشك:

پەندێك هەیە دەڵێ: (ئەگەر گوربە نوست، مشك یاری دەكات) ـ (كوردیش دەڵێ پشیلە لە ماڵێ نیە، مشكان تلی لیانە ـ وەرگێڕ) ئەم پەندە بەسەر ئێمە دا دەچەسپێ... ئێمە لە دەرونمان دا مشكیشمان هەیە و گوربەش... مەبەستمان لە پشیلە ئەو ئاوەزە وشیارەیە كە لەساتی بێداری دا كۆنترۆڵی كردوین... هەر كە نوستیش مشك دەردەكەوێت و گەمان دەكات.

(دكتۆر كابریو) ئەم واتایەی لە دەستەواژەیەكی قەشەنگ دا دەربڕیوە، ئەو دەڵێت: (ئێمە هەر هەمومان وە دیهێنراوی دوو جەمسەرین، لە نێو ناخماندا هەر یەك لە دكتۆر جیكل و بەڕێز هاید ئامادەن)[14] مەبەستی لەوەیە كە هەر یەكێك لە ئێمە لە یەك كاتدا مرۆڤیشە و دڕندەشە... هەر كە لایەنە مرۆییەكەمان نوست یاخود بێ ئاگابوو ،لایەنە دڕندەییەكەمان بەدەر دەكەوێت و گەرمكیەتی هەموو ئەو ئارەزوە سەرەتاییانەی تێر بكات كە كۆمەڵگە لێی قەدەغە كردوە.

پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم:

١. مامۆستا (سلامه موسى) ڕای بە لای ئەوە دایە، ئەم ناوەزە بە (ناوەزی شاردراوە) ناو بنرێ، بەڵام وا دیارە ئەم ناونانە ڕەواجی نەبوە لە نێو وڵاتە عەرەبیەکاندا... خەڵکی هەر (ناوەزی ناوەکی)یان بەکار هێناوە.. ئەوەی جێگەی سەرنجیشە هەر ئەم (سلامه موسى)یە بوو یەکەمجار ئەم ناوەیشی بەکارهێناوە، بەڵام بەم دواییە وازی لێ هێناوە، ئێستا پێی وایە (ناوەزی شاردراوە) گونجاوترە لە (ناوەزی ناوەکی)... ئێمەش بۆمان هەیە بڵێین: هەڵەیە زۆر بەکار بهێنرێ باشترە لە ڕاستێ کە وازی لێ هێنرابێ.

٢. بنوارە: محمد عثمان نجاتي،الذات و الغرائز، ل ١٠.

٣ـ ئەو کەسانەی تیۆرەکەی فرۆیدیان گردۆتە عەرەبی، ئەو سێ خودەیان بە (خودایی و من و بەرزە من) ناو ناوە، ئەمانەش وەرگێڕانی حەرق وازەکانی فرۆیدن، وەك خوێنەریش دەزانێ مەبەست نادەن بە دەستەوە، من خۆم بەو شێوەی لەسەرەوە دانراوە وەرگێڕانیان بە باش دەزانم.

٤. بنوارە: Landis, social control. P.56

٥. بنوارە: Berg, clinical psychology. P.437

٦. بنوارە: محمد خليفة بركات، تحليل الشخصية، ل ١٤١.

٧. بنوارە: Dalbiez, psychanaly tical Method. Vol.1,P.50

٨. بنوارە: سلامة موسي، عقلي و عقلك،ل٦٣.

٩. بنوارە: جوزيف جاسترو، الاحلام و الجنس، ل ١١٥.

١٠. بنوارە: هـ.س، ل ١١٩ ـ ١٢٠.

١١. بنوارە: فرانك كابريو، تفسير السلوك، ل ٢٧٩.

١٢. بنوارە: جوزيف جاسترو، الاحلام و الجنس، ل ٣٧٩.

١٣. بنوارە: فرانك كابريو، تفسير السلوك، ل ٢٨٠.

بەشی نۆیەم:

فرۆید و ئارەزووە مرۆییەکان

هەڵە و ڕاست:

لە کۆن دا بڕوا وابوو، ئاوەزی مرۆڤ ئەگەر باش بیر بکاتەوە و لۆژیکی ساغ بەکار بێنێ دەتوانێ لە ڕاستی تەواو تێ بگات... ئەمەش یانی (ئاوەزی وشیار)دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەهەڵە دوور بکەوێتەوە و بگاتە ڕاستی.

دەگرێت منیش بڵێم: ئەم بۆچونە ئەمڕۆکە کۆن بووە و هیچ کەس گرنگی پێ نادات، ئاوەز هەرچەندە هەوڵ بدات ناتوانێ پەی بەرێ بە هەقیقەتی تەواو، سروشتی ئاوەز وایە ، تەنها سەیری یەك لایەنی هەقیقەتی دەکات و لایەنەکانیتر پشت گوێ دەخات. کەواتە دەبێ هەڵەش بکات و ڕاستیش بپێکێ لە یەك کاتدا...

(ولیەم جیمس) دەڵێ: "ئاوەزی مرۆڤ بەسروشتی خۆی لایەنگر و جوزئیە"[1] بەدەربڕینێکیتر: ئەقڵ ناتوانێ لە شتێ تێبگات، مەگەر لایەنگری ئەو شتە بێت و شتەکانیتر پشت گوێ بخات.

لێرەوە ئەو دەمبەدەمە ئەزۆکانە سەریان هەڵدا کەبیریارانی کۆن پێیەوە ئالودە ببون... هەر گروپێکیان دەمارگیرن بۆ ڕاکەی خۆیان و پێیان وایە (هەموو هەقیقەت) لە نێو ڕاکەی ئەواندا قەتیس ماوە... ئەمە لەکاتێکدا کەسەرنجی تاقەبەشێکی هەقیان داوە... بۆیە ئەگەر سەری بسوڕێنێت بەرەو بەشەکانیتر، ئەوا خۆیی بۆ دەردەکەوێ کە هەم هەڵەی کردوە و هەم ڕاستی پێکاوە، دژەکانیشی وەك ئەو وان، پاکی و بێهەڵەیی تەنها بۆ خوایە.

بەم پێودانگە پێویستە لەسەر توێژەری نوێ، لەهەموو ڕویەکەوە لە (هەڵە و ڕاست) بکۆڵینەوە، چونکە هەر چەندە تیۆرەکەی لەخۆی دا مەزن بێت، لەناواخنی دا ناتەواویەکی هەر تێدایە.

جگە لەوەش هەر تیۆرێك (سەرای ناتەواویەكانیش) بە ئەندازەی خۆی بەشداری دەكات لە گەشەپێدانی (بیری مرۆ) دا... تیۆر هاریكاری ئاوەزی مرۆڤ دەكات لە گەشەكردن دا، وەك چۆن پلەكانی پەیژەیەك یارمەتی دەرن لە چونەسەر (بەرەو سەر بەرزبوونەوە) دا... هەر پلەیەك بەرزترە لەوەی پێشوتر... لەهەمان كاتیشدا نزمترە لە وی دادێ ئەگەر واش نەبا، مرۆ نەی دەتوانی لەبیرێكی نزمەوە بۆ بیرێكی بەرز بگوازێتەوە.

هەندێ لە ناتەواویەكانی فرۆید:

كە لە ژێر تیشكی ئەم ڕوناكیەدا، لە تیۆرەكەی فرۆید رادەمێنین، دەبینین ڕاژەیە زۆری بەبیری مرۆ كردوە، راژەیەكە گاڵتەی پێ ناكرێ... چونكە ڕووی سەرنجەكانی كردە ئەو ئارەزوە بەهێزانەی لە ناخی دەروون دان و مرۆڤ پاڵ دەنێن بەرەو ڕێگا جودا جوداكان، بێ‌ئەوەی بە خۆیشی بزانێ.

وەڵێ ئەوەی لەم ڕوەوە بەناتەواوی لە سەر فرۆید دەژمێردرێن، ئەوەیەكە گرنگی خۆی چڕ كردەوە لەسەر ئارەزووی سێكسی و بەگرنگترین ئارەزووی مرۆڤی دایە قەڵەم... بەوەش دەستی هەڵنەگرت، بەڵكو زۆرینەی هەرە زۆری نەخۆشیە دەرونیەكانی دەدایە پاڵ هۆكاری سێكسی، ئەمەش یانی فرۆید لەیەك كاتدا هەم راستی پێكاوە و هەم هەڵەیشی كردووە، ئەو توانی ڕۆبچێت بە نێو قوڵاییەكانی دەروونی مرۆڤ دا، كەچی هیچی تێدا نەدۆزیەوە جگە لە پاڵنەری سێكسی.

وادیارە ئەم لایەنگریەی لە تیۆرەكەی (فرۆید)دا دەبینرێ، دەگەرێتەوە بۆ سروشتی ئەو بارودۆخەی دەوری (فرۆید)یان دابوو لەكاتی دروست بوون و پێكهاتنی بیرۆكەكانی و، جۆری ئەو نەخۆشانەش كە فرۆید چارسەری دەكردن...

ئاشكرایە فرۆید لەشاری (ڤیەننا) دا پێگەشتوە، ئەو شارەش بەر لە جەنگی گەردونی یەكەم پایتەختی ئیمپراتۆریەتێكی قەشەنگ بوو، چینی فەرمانڕەواش نغرۆ ببوون لە نێو نەریتە كۆنەكانیان دا... تێ‌بینی دەكرا، ژنانی ئەو چینە فەرمانڕەوایە لە ڕووی پۆشاك و خۆراكەوە تێر بوون و لەڕوی سێكسیەوە برسی بوون. تا ڕادەیەك بەو هۆیەوە

دوچاری چەندین نەخۆشی دەروونی بوون، فرۆید ئەوەی پێ بڕا کە ژمارەیەکی زۆر لەو نافرەتە برسیانە لە ڕووی سێکسی یەوە چارەسەر بکات. بۆیە وای بە ئەندێشە دا هاتوە کە هەموو خەڵکی وەك ئەوان وان... جا گەر بهاتبا (فرۆید) لە ژینگەیەکی دیکەدا بژیایە، لەوانەیە تیۆرەکەی بەشێوازێکیتر بهاتایە بوون.

زارۆ لە دیدی فرۆید دا:

توندڕەوی لای فرۆید ، کاتێ بەڕونی دەردەکەوێ کە توێژینەوەی ڕەفتاری منداڵ دەکات... فرۆید جموجوڵە ساکارەکانی منداڵ بەوە لێك دەداتەوە گوایە مەرامێکی سێکسیان لەپیشتەوە... بۆ نمونە گەر منداڵ یاری بە ئەندامی سێکسی خۆی کرد، فرۆید وای لێك دەداتەوە کە ئەو منداڵە ئەیەوێت چێژی سێکسی وەرگرێ، یاخود گەر منداڵ مەمکی دایکی یان پەنجەی خۆی بمژێ، فرۆید بەئامازەی سێکسی لەو منداڵەدا لە قەڵەمی دەدات.

بەناوبانگ ترین گرێیەك لەم ڕوەوە فرۆید هێنابێتیە کایەوە (گرێی ئۆدیب)ە، ئەو پێی وایە منداڵی نێرینە بەهۆی ئەو گرێیەوە هەم باوکی خۆش دەوێت و هەم ڕقیشی لێیەتی... ویژدانی (خلقی) منداڵەکە هانی دەدات باوکی خۆش بوێت، بەڵام ئارەزووە سێکسی یەکەی هانی دەدات کێبەرکێی بابی بکات لە چێژوەرگرتن لە دایکی دا... بەدەربڕینیتر منداڵەکە غیرەی هەیە لەبەرانبەر بابی دا.

هەمان شێوە لە منداڵی مێینەدا پەیدی دەگرێ، ئەمیش لەیەك کاتدا ڕقی لە دایکێتی و خۆشیشی دەوێ، ئەوەتا دایکی لەلایەکەوە شیری دەداتێ و دڵسۆزیەتی، لە لایەکیترەوە کێبەرکێ دەکات لەسەر بابی... کەوابێ بەدەربڕینی فرۆید منداڵە مێینەکە دوچاری (گرێی ئەلکترا) بووە، ئەم گرێیەش هاوتایە لەگەڵ گرێی (ئۆدیب) دا لای منداڵی نێرینە[٢]

کە مرۆڤ گەورەش دەبێ بەردەوام ئالودەیە بە دەست ئەو گرێیانەوە کە لەمنداڵیەوە دوچاری بووە.. هەر ئەمەش هۆکاری ئەو خەونە دزێوانەیە کە پیاو هەندێ جار دەی

بینێت و خۆی لە دۆخێکی خراپ دا دەبینێت لەگەڵ دایکی دا، یاخود ژنێ بەخۆیەوە دەبینێ لە تەك بابی دا.

فرۆید دەرك دەكات:

وادەردەکەوێ فرۆید لە دوا دواییەکانی دا، پاشگەز بووەوە لەو بۆچوونەی کە لەمەڕ ئارەزووی سێکسی هەی بوو، ئەخاسمە لە بارەی ڕاڤەکردنی خەونەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە دانی نا بەو ڕاستییەدا کە خەون پێك دێ لە هەندێ ڕەگەزی دیکەی جگە لە ئارەزووی سێکسی، وەك تینوێتی و برسێتی.

فرۆید هەست بەکەمێ تاڵی دەکات بەرانبەر ڕەخنەگر و دژەکانی دا... پێی وایە کە بەهەڵە لە تیۆرەکەی گەشتون و بەناهەق تۆمەتباریان کردوە.. لەو ڕووەوە دەڵێت: "هەرگیز ئەم گوتوە هەموو خەونێك ئاماژە بە ئارەزووی سێکسی دەدات، زۆر جار هەبووە پێچەوانەی ئەو ڕایە بڕیارم داوە، بەڵام سودی چییە.؟"[٣]

هەر چۆن بێ، ئێمە ناتوانین (فرۆید) بێتاوان نیشان بدەین لە تۆمەتی پێداگری کردنی لەسەر فاکتەری سێکسی لە ڕاڤەکردنی خەون دا... رەنگە ئەم پێداگرییەش بێ، هانی لایەنگرانی ویان داوە تا لەو پرسە دا توندڕەوی بنوێنن... زۆرجاریش دەبێ، قوتابیەکان دەمارگیرترن بۆ بیردۆز و بۆچوونێکی مامۆستاکەیان لەخودی مامۆستاکە، چەندین جار ئەمە لەمێژوودا ڕوی داوە.

شۆڕشەکەی ئەدلەر:

لەبەرانبەر فرۆیددا، شۆڕشگێڕێکی بەتوانا دەرکەوت، ئەویش (ئەلفرد ئەدلەر) بوو... ئەدلەر یەکێ بوو لە قوتابیەکانی فرۆید، دواتر لێی جیا بویەوە و تیۆرێکی گرنگی نوێی هێنایە کایەوە کە ئەمڕۆ لایەنگرانێ زۆری هەیە... (ئەدلەر) پێی وایە بیردۆزەکەی فرۆید ئالۆز و تەم و مژدارە.. ئارەزووی سێکسیش ئەو گرنگیە زۆرەی نیە کە مامۆستا گەورەکەی وای بۆ دەچێ.

(ئەدلەر) دەڵێت: منداڵ ئارەزووی سێكسی ناناسێت و، هیچ هەستێكیش بە ئارەزوی سێكسی ناكات... بەڵكو شتێكیتر دەناسێت، شتەكەش، ئەو هەستەیە كە منداڵ دەیكات كاتێ خۆی بە بچوكی دەبینێتەوە لە نێو خەڵكانی لەخۆی گەورەتردا... (ئەدلەر) ئەم هەستە ناو دەنێت (هەست بەناتەواوی كردن).

زارۆ هەست دەكات كە لاواز و دەستەوسانە لە ئاقار زۆر شت دا، هەروەها ئەندامانی خێزانەكەی دەبینێ زاڵن بەسەری دا، فەرمانی پێ دەكەن و ڕێگری لێدەكەن، تواناشیان هەیە پاداشتی بكەن یان سزای بدەن، ئەگەر كارێكی كرد ئەوان پێی قایل بوون، زەردەخەنەی بۆ دەكەن و دەست دەكێشن بەناو شانی دا و شتێكی بەتامیشی دەدەنێ... بەڵام ئەگەر تورەیان بكات، ئەوا سزای دەدەن و ئەو خۆشیانەی لێ قەدەغە دەكەن كە حەزیان لێ دەكات.

كاتێكیش گەورە دەبێت و دێتە كۆڕی ژیانەوە، دەبینێت خەڵكی بەهەمان ئەو شێوەیە هەڵس و كەوتی لەگەڵ دەكەن كە ئەندامەكانی خێزانەكەی مامەڵەیان لەگەڵ دەكرد... خەڵكی بەها و پێوەرگەلێ تایبەت بەخۆیان هەیە و مرۆڤی پێ دەپێون و بەو گوێرەیە ڕێزی بۆ دادەنێن.. جا ئەگەر مرۆڤ بەدەم پێوەرەكانیانەوە بێت و ماڤ خۆیان بداتێ، ئەوا خەڵكی ڕێزی دەگرن، ئەگەر لێشیان لابدات ، ڕقیان لێی دەبێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرن و جنێویشی پێدەدەن.. ئەوەش یانی مرۆڤی پێگەیشتو، منداڵێكی گەورەیە.. چونكە ئەمیش هەست بەوە دەكات كە ناتەواوە لەبەرانبەر كۆمەڵگەكەیدا، بۆیە بەوپەڕی توانایەوە هەوڵ دەدات ئەم ناتەواویە پڕ بكاتەوە و لای خەڵكی پلەیەكی شایستە و بەرز بەدەست بێنێ، بەدەربڕینێكیتر ، مرۆڤ لەناخی خۆیدا ناكۆكیەكی مەترسیداری هەڵگرتوە، ئەوەتا لە لایەكەوە هەست بەناتەواوی دەكات، لەلایەكیترەوە هەست دەكات كە حەزی لە ناوبانگ و پلەوپایەی كۆمەڵایەتیە.

هەموو كاتێ حەزی لەوەیە بەڕێز بێت و بەئەنگوست ئاماژەی بۆ بكرێ، جا ئەگەر دەستەوسان بوو لەوە، پەنا دەباتە بەر خەون، یان وەهم، تاكو خۆی پێ بەرز بكاتەوە بۆ ئەو پلەیەی خۆی دەیەوێت، ئەگەر وەهمیش بەسەر هزری مرۆڤ دا زاڵ بوو ،پاڵی پێوە دەنێت، بەرەو شێتی یا خود نەخۆشیی دەمار(عەساب)... بۆیە (ئەدلەر) ڕای وایە

زۆربەی دوچاربوانی نەخۆشیە دەروونیەکان بەزۆری لە قوربانیانی (گرێی ناتەواوی)ن... لەبەرهەمان هۆکاریشە کەدەبینین زۆرێك لە شێت و تێك چوەکان، خۆیان وا دێتە بەر چاو کە میر یان عەبقەری بن، یاخود خاوەن جوانیەکی وان کە ئافرەتانی شەنگ و شۆخ لە بەر پێیاندا کڕنۆش دەبەن (دەربڕینی وەرگێڕ)

کەوابێ ڕەوا نیە گاڵتەبەشێت بکەین یاخود بەسووك سەیری بکەین و بیچەوسێنینەوە.. شێت پێویستی بە نەرم و نیانی و گرنگی پێدانە... چونکە بارودۆخە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکەی ڕێگر بوون لەوەی ئارەزووەکانی تێر بکات... کەواتە ئەرکی سەرشانمانە چاودێری بکەین بە نەرم و نیانی و داناییش ڕێنمونی بکەین.. هەموشمان کەم تا زۆر لەو دەچین (واتە لەشێت دەچین - وەرگێڕ)، بەڵام بارودۆخ یارمەتی داوین و لەو بەتواناتر بووین لەتێگەیشتنی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بەدەنگەوە چونیاندا.

خەون لای ئەدلەر:

(ئەدلەر) لەبەر ڕوناکی تیۆری (هەستکردن بەناتەواوی) دا ڕاڤەی خەون دەکات، لای وی خەون هیچ نیە، جگە لە بەدەست هێنانی ئەو ئارەزوانەی کە مرۆڤ لەساتی بێداری دا حەزی پێدەکات وەك زاڵ بوون و بەرزبونەوە... لەوانەیە یەکێکمان لەخەوندا ببینین کە وەك باڵندە بەسەر خەڵکی دا دەفڕین، ئەم خەونە یانی ئەو کەسە حەزی لەوەیە ببێتە خاوەنی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی، یاخود دەیەوێت خەڵکی ئاوڕی بەلا دا بدەنەوە. یان ئاوڕ بدەنەوە بە لای توانا نائاساییەکانی دا.

(ئەدلەر) لای وایە ئەو کردەوە سێکسیانەی مرۆڤ لەخەونی دا دەیانکات. ئاماژەیە بەوەی حەزی لە زاڵ بوونە بەسەر خەڵکانیتردا... ئەمە تەنها بەسەر پیاو دا ناچەسپێ، بەڵکو بەسەر ئافرەتیش دا دەچەسپێ، ئەو حەزی لەوەیە لەخەونی دا لە ژێر پیاوەوە بێت... بەوەش دەتوانێ وای لێ بکات پیاوەکە گوێ ڕایەڵی بێت و بەدەم ئارەزووەکانیەوە بێت، بە دەربڕینێکیتر: مل کەچی پیاو دەبێت لە پێناوی ئەوەی پیاوەکە مل کەچی بێت.[٤]

ڕەخنەگرتن لە تیۆرەکەی ئەدلەر:

بیردۆزەکەی (ئەدلەر) لە ڕەخنەکاری بەدوور نەبوو... هەر چەندە بەڕاستی تیۆرێکی گەورەیە، بەڵام هەر وەکو تیۆرەکەی فرۆید توندڕەوە، سەرنجی تەنها ڕوویەکی ڕاستی دەدات، و ڕووەکانی دیکەی ڕاستی پشتگوێ دەخات.

(ئەدلەر)یش زیاد ڕۆدەچێت لە پێداگری کردنی دا لەسەر هۆکاری (هەست بە ناتەواو کردن)، وەك چۆن فرۆید زیادڕەوی دەکات لەسەر پێداگری کردنی لەسەر هۆکاری (پاڵنەری سێکسی)

ئایا ناگونجێت بڵێین ئەو ڕایانە هەموویان ڕاستن؟ و لەوانەیە جگە لەو ڕایانە بۆچونی ڕاستی دیکەش هەبن، ئایا ناگونجێ مرۆڤ هەست بە ناتەواوی بکات؟ و هەست بە ئارەزووی سێکسیش بکات؟ هەروەها هەستیش بەئارەزووی دیکە بکات.

دەگونجێت بڵێین ئارەزووەکانی مرۆڤ، هەمەڕەنگن، بەڵامکاتێك یەکێکیان کە دەکەوێتە ژێر گوشار و خەفەکردنێکی زۆرەوە، زاڵ دەبێ بەسەر ئەوانیتر دا یاخود کاتێ مرۆڤ هەست بە بێبەش بوونی ئەو هەستە دەکات، لێرەوە ئیدی جیاوازی خەڵکی لە ئارەزو و حەزەکانیان دا سەر هەڵئەدات.

سروشتی مرۆڤ:

مرۆڤ بەر لەهەر شتێك ئاژەڵێکەو دەیەوێت بژی، هەر کەپێداویستییەکانی لە خۆراك و پۆشاك و جێگەی حەوانەوە دەست کەوت، ڕوو دەکاتە تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانی، کە ئەویشی تێر کرد، هەوڵ ئەدات بۆ پلە وپایەی کۆمەڵایەتی، کە دەگاتە قۆناغێ ملەقوتە دەکات بۆ قۆناغێکیتر... هیچ شتێ دەمی ئادەمیزاد پڕ ناکات جگە لە خۆڵ، وەك پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێ بێ) دەفەرمێت.

هەر مرۆڤێ گرێیەکی سایکۆلۆژی هەیە کە دەستی لە بینەقاقای گیر کردوە و ڕەفتارەکانی ئاراستە دەکات، هەندێ لە خەڵکی گرێی بزێوییان هەیە و تیای دا ڕۆچون، جگە لەو گرێیە ئیدی شتیتر ناناسێ مەگەر بەکەمی... هەندێکیتریان گرێی

سێکسی بەسەریاندا زاڵە... هەندێکیتر بە دووی بەرزیتی دا وێڵە، هەر کەسیش لە ڕێی دا بوەستێ بە قاچاکانی دەی شێلێت.

هەر کەسایەتیەکی مرۆیی کلیلێ تایبەت بەخۆی هەیە، هەر کەس گەرەکیە لە مامەڵەکردنی خەڵکی دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، هیچی لەسەر نیە ئەوە نەبێ لەو سروشتە ئاڵۆزەیان بگات، هەر یەکێکیشیان بەکلیلی نهێنی خۆی چارسەری بکات.

هەڵەی هزرڤانانی لای ئێمە:

ئەوانەی لای ئێمە جڵەوی هزریان گرتوە، تا هەنوکەش لە نێو تاریکیەکانی لۆژیکی کۆن دا دەژین، وادەزانن هەموو خەڵکی یەك سروشت و ئەقڵێکی وێکچویان هەیە، گەر یەکێکیان گرێیەك یاخود بیرۆکەیەك بەسەریاندا زاڵ بێت ،وادەزانن هەموو خەڵکی ئارەزوەکانیان بەو جۆرە تێر کەن کە ئەمان دەیانەوێت، کەچی کەسێك نابینین گوێیان بۆ بگرێ یاخود وەڵامیان بداتەوە.

ئەم هەڵەیە بەئاشکرا بە وێژەوانەکانیشمانەوە دیارە، هەندێ جار وادەبێ یەکێکیان هۆنراوەیەك دەهۆنێتەوە یان وتارێك دەنوسێت، خۆی زۆر سەرسام دەبێت پێی و واش دەزانێت هەموو خەڵکی پێی سەرسام دەبن. دواتر کە نیگاکانی هەڵدێنێ، دەوینێ خەڵکی گوێ بە وتارەکەی نادەن و فەرامۆشیان کردوە و سەرقاڵی کار و بارە تایبەتەکانیانن.. لەم کاتەدا ئیتر هاوڕێکەماندەستەکانی بە یەکتردا دەکێشێ بۆ بەفیڕۆ چوونی بلیمەتیەکەی لەنێو ئەو دەبەنگانەدا، وەك ئەوەی خودا جگەلەو بلیمەتێ دیکەی دروست نەکردبێ.

ئەگەر هۆنراوەیەکی دڵداری بۆ دڵدارێ وەخوێنێ، دەبینی دەکەوێتە لەرزە بۆی، وەلێ گەر هەمان هۆنراوە بۆ چەوساوەیەکی برسی بخوێنیتەوە دەبینیددانە کیڕت لێدەکات، لەوانەیە حەز بکات ئەو هۆنراوەیە بەسەر پارچەنانێکدا بڵێی لەبری ژنی جوان... ئنجا هەمان هۆنراوە بۆ کابرایەکی سیاسەتمەدار بخوێنیتەوە سەربردەکەیت تۆیش و هۆنراوەکەیشی فەرامۆش کردوە، خەیاڵی لای هەڵبژاردن و پاڵاوتنە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

خەون و ئارەزووە هەمەڕەنگەكان:

لەبەر دا ئامادەمان بەوە دا كە خەون سروشتی مرۆڤ و ئارەزووە شاردراوەكانی دەردەخەن، خەڵكی لەبێداری دا ڕەنگە وا نیشان بدەن كە وەك پێغەمبەران وان لە خۆش ویستنی هەق و ڕاستی دا، و هیچ ئامانجێكیشیان لە ژیاندا نیە جگە لەخزمەت كردنی خەڵكی و نزیك بوونەوە لە خودا، وەلێ گەر لە خەونەكانیان بكۆڵینەوە دوروییەكەیان بە ئاشكرا دەبینی.

لەڕاستی دا ئەوان جگە لەخۆیان كەسیان خۆش ناوێت... ئەگەر هەر كەسێكیان سوكایەتیەكی پێكرا یان ئازاری درا و نەیتوانی لە بەرانبەردا وەڵام بداتەوە، ئەوجا دەست دەكات بە ستایش كردنی خۆی كە ئارامگر و لێبوردەیە لە كاتی توانادارى دا یان خاوەنی پارێزكاری وترسە لە خودا... كەچی لە ڕاستی دا درۆزنە... بۆیە كاتێك دەنوێ، دەچێتە سەر ئەو كەسەی دەست درێژیەكەی كردۆتە سەری و بە (كوتەكێكی ئەستوور) دا دەبارێتە سەر سەری، هێندەی بەسەردا دادەبارێنێ تاكو دڵی ئاو دەخواتەوە.

وەلێ گەر ئەم هاوڕێیەمان لەو ستەمكارانە بێت كە لەكاتی بێداری دا دەتوانێ تۆڵە بكەنەوە، ئەوا خەونەكانی بەجۆرێكی تر دەبن، ڕەنگە لەخەونی دا لە باتی (كوتەك) ئەندامە سێكسیەكەی بەكار بێنێ!!

ئەو كەسانەش قەدەر چروك بوە لەگەڵیان دا و هۆكارەكانی تەرەفیان نیە، هەمان قسەیان بەسەردا دەبڕێ، ئەوانیش دەڵێن لەم دنیا فانیە دا دنیانەویستن... كەچی لە كاتی نوستنیش دا خەون بەكۆشك و تەلاری قەشەنگەوە دەبینن كە باخچە لە هەر چوار دەورێتی و لەناویشی دا قاقای كەنیزەكان بڵند دەبێتەوە... و لەو كۆشكە دا چێشتی چەور و ڕانی مامریشیان بۆ دێنن، لە دوای ئەویش ، سینی شیرینی و پاقلاوەیان دەرخوارد دەدەن... ئەوانیش خۆراكەكان دەخۆن و قامكی خۆشیانی پێوە دەخۆن.. نۆشی گیانیان بێ.

پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم:

١. بنواڕە: وليم جيمس، ارادة الاعتقاد، ل ٤٠.
٢. بنواڕە: Dalbiez, Psychoananqlytical Method. Vol, P166
٣. بنواڕە: 1 bid, Vol. 1, p 57
٤. بنواڕە: Haddfield, Dreamsdnd Nightmares. P 37

بەشی دەیەم:
فرۆید و خەونە ئازاربەخشەکان

ناتەواویەکی تری فرۆید

لەبەشی پێشوو داباسمان لە ناتەواویەکی فرۆید کرد، ئەویش بریتی بوو لە پێداگری وی لەسەر فاکتەری سێکسی لە ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆ بەگشتی، و ڕاڤەکردنی خەون بەشێوەیەکی تایبەت... لێرەدا دەمانەوێت هەڵەیەکیتری فرۆید (یان ناتەواویەکیتری) باس بکەین، ئەویش تایبەتە بە خەونە ئازاربەخشەکان،یان ئەو خەونانەی هەندێ جار بە مۆتەکە (کابوس) ناوزەد دەکرێن.

فرۆید وەها ڕاڤەی خەونی کرد کە هەوڵێکە بۆ گەشتن بە ئارەزوە خەفەکراوەکانی مرۆڤ ... لێرەدا ڕەخنەگران بەڕوی دا هەڵشاخان و پرسیاریان کرد: ئەی بە چی ڕاڤەی ئەو خەونانە دەکەیت کە مرۆڤ لە خەو ڕادەچەنێت بەترس و لەرزەوە؟ ئایا ئەو خەونانەش، هەوڵێکن بۆ گەشتن بە ئارەزوە خەفەکراوەکان؟!

مرۆڤ هەندێ جار خەون دەبینێ بە ریسوایەکەوە کە لە دەورێتی، یان دەبینێ لە بەرزیەکی هەزار بە هەزارەوە دەکەوێتە خوارێ یان ... هتد، جا ئەگەر خەون بریتی بێت لە (هەوڵێ بۆ بەدەست هێنانی ئارەزوو) چۆن مرۆڤ هەوڵ دەدات بەو شێوە ئازاربەخشە ئارەزوەکانی بەدی بێنێت؟ ئایا حەزی لەوەیە درندەیەك بیکاتە نێچیری خۆی "بۆ نمونە"؟ یان دەخوازێ لە بڵندیەکەوە بکەوێتە خوارێ و سەری تێك و پێك بشکێ؟

ئەگەر خەونە ئازاربەخشەکان لە چاو خەونەکانیتر دا کەمتر بونایە ئەوا مەسەلەکە ئاسان بوو؟ بەڵام مەسەلەکە پێچەوانەیە... دەڵێن: خەونەکانی تورەیی و دڵتەنگی و ترس، چەند قاتی خەونەکانی شادومانی و دڵشادین... وا دیارە خەونە ئازار بەخشەکان بە پتربوونی تەمەنی مرۆڤ زیاتر دەبن.[1]

جا ئایا فرۆید لە ئاقار ئەم ڕەخنە بەجێیە دا چی دەڵێت؟

لێکدانەوەی فرۆید:

فرۆید لێرەدا وبۆ بەرەڤانی کردن لە تیۆرەکەی،چەکێکی لێ نەچۆتە قاتی... ئەو دەڵێ: مرۆڤ لە کاتی نوستن دا، هەر وەك ساتەوەختی بێداری، لە ژێرکاریگەری دوو هۆکاری پێچەوانە و هاودژ دایە... هۆکاری ئارەزووەبێ ئامانەکانی لە لایەك، لە لایەکیترەوە هۆکاری چاودێرە ڕەوشتییەکەی.

مرۆڤ دەخوازێ ئارەزوە خەفەکراوەکانی بەرجەستە بکات، لە بەرانبەر ئەمەش دا،هەست بەتاوان و خەفەکردنێك دەکات لە لایەن ویژدانەوە، کاتێکیش دەنوێت، ناتوانێ تا ئەوپەڕی سنور پەل بهاوێ بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی، چونکە ویژدانی دەترسێنێت و دەسلەمێنێتەوە، تاکو بەرەنجامی ڕۆچونی بە دوی ئارەزوە قەدەغەکانی دا نیشان بدات.

بەڕای فرۆید (مۆتەکە) وێنەیەکە لە وێنەکانی (سزا) و ویژدان لە کاتی نوستن دا دەی سەپێنێ بەسەر مرۆڤ دا... بەو پێیە ویژدان ئارەزووی خودە نمونەییەکەی مرۆڤ دێنێتە دی... جا مادەم کەسایەتی مرۆڤ پێکهاتوە لە خودێکی ئاژەڵی و خودێکی نمونەیی، بۆیە خەونەکانیشی ئەبێ دوو جۆر بن، بەتام و ئازاربەخش.[٢]

بۆچونی دکتۆر ئەلکسەندەر:

دکتۆر (ئەلکسەندەر) یەکێکە لە شوێنکەوتوانی فرۆید، بەڕێوەبەری پەیمانگای شیکردنەوەی دەرونی بوو لەشاری (شیکاگۆ)، بەبۆچوونی ئەم،خەون لە بەرەنجامی دوو هێزی هاودژەوە دروست دەبێت: یەکێکیان دیەوێت ئارەزوەکان بەدەست بێنێ، ئەوی تریان بەپێچەوانەوە،دیەوێت ئارەزوەکان سەرکوت بکات.

ئەلکسەندەر دەڵێت: (خەونی ئازاربەخش هەوڵێکە بۆ سوك کردنی ئەو هەڵچون و شپرزەبونەی کە بەرەنجامی‌سەرکوت کردنی ویژدانە، ویژدانیش بەئازار چەشتن نەبێ ناحەوێتەوە)[٣]

شەوێك، کیژێ خەونی بینی، لای وابوو ڤیلێکی زەبەلاح بەلوتە درێژەکەی هێرشی کردە سەر، کیژەکە بەدەم ترسەوە لەخەون ڕاچەنی... لوت (کەپۆ)ش لە زمانی خەون دا

ئاماژەیە بۆ ئەندامی نێرینە(چوک) ... لەوانەیە ئەو کیژە لەبێداری دا ئاواتی خواستبێ ئەو ئەندامەی دەست بکەوێ، لە هەمان کاتدا لێشی ترساوە... چونکە پاساغە لێی و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەنگی و بەدناوی بۆی، کیژەکە لە هەمانکاتدا حەز لە (چوک) دەکات و لێشی دەترسێ... بۆیە خەونەکەی لە یەک کاتدا پێك هاتوە لە لوتە درێژە بەتامەکە و فیلە ترسناکەکەش پێکەوە.

هەموو ژیانی مرۆڤ بەم جۆرە دەڕوات بەڕێوە، پێویستە ئازار و چێژ تیای دا کۆ ببنەوە... زۆر ئەستەمە ئازارێك بە تەنها یان چێژێك بە تەنهای تێدا ببینین... وەك هۆزانڤانە عارەبەکەش دەڵێ پێویستە جگە لە هەنگوین، جزوی هەنگەکەش هەبێ.

ئارەزووی ماسۆشی:

لە پاڵ ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێشوودا فرۆید، باس لەشتێکی دیکەش دەکات... ئەو دەڵێت هەندێ لە خەڵکی حەز لە ئازار چەشتن دەکەن،وەك چۆن هەندێکی دیکەیان حەز لە چێژچەشتن دەکەن... لە ژیان دا هەندێ خەڵك دەبینین حەز بەوە دەکەن دەست درێژی و سووکایەتیان بکرێتە سەر، لەو کاتەش دا لەو پەڕی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی دا دەبن... ئەو جۆرە کەسانە هەندێ جار پەنا دەبەنە بەر (خەونەکانی بێداری) تاکو هەناسەیەك بدەن بەو ئارەزوە ڕیزپەڕەیان... خەیاڵ دەکەن کە لە دۆخێکی پڕلە داماوی و ئازارچەشتن دان شێدی دەگرن.

تاکو خەڵکی زیاتر ئازاریان بدەن، ئەمان خۆشحاڵ تر دەبن... فرۆید هەروەها لای وایە ئارەزووی (ماسۆشی) هۆکارێکیتری خەونە ئازاربەخشەکانە [1] ئەوەی لە بێداری دا هەستی پێ دەکات لەوانەیە حەز نەکات لە ناو خەڵکی دا ئاشکرای بکات، هەر بۆیە لە کاتی خەوتن دا بەدەستی دێنێ.

بۆچونی کۆتایی:

وا دیارە شیکردنەوەکەی فرۆید بۆ خەونە ئازابەخشەکان بەتەواوی ئامانج نادا بەدەستەوە، تەنانەت ڕەنگە لە توندڕەوی و زۆر لە خۆکردنیش خالی نەبێت، بەلکو بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی تیۆرەکەی فرۆید دەژمێردرێت.

فرۆید تیۆرەکەی خۆی لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسک دا گەمارۆ دا، ئەو دەیەوێت هەموو خەونەکان ئامرازێ بن بۆ بەدەست هێنانی ئارەزوە سەرکوتکراوەکان... جا ئەگەر هەندێك خەونی دی لەو ڕێسایە لا دەن، پەنا دەباتە بەر پاساوهێنانەوە و ڕافەکاری،تاکو بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێساکە، لێرەش دا بەئاشکرا زۆر لەخۆکردنی پێوە دەبینرێ.

وا دەردەکەوێ خەون بەتەنها بەدەست هێنانی ئارەزو نیە وەك بە ئەندێشەی فرۆید دا هاتوە، بەڵکو ڕاسترە گەر بڵێین: گرفتێکی دەروونیە و لەو ئارەزووەوە سەری هەڵداوە..[٥]

ئێمە نکوڵناکەین لە ڕاستێتی ئەو شیکردنەوەیەی ، فرۆید لەمەڕ زۆرینەی خەونەکان هێناویەتی... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەون پێویستی بە شیکردنەوەیەکی تریش هەیە. ئەمەش کاتێ بە ڕونی دەردەکەوێ کە لە دەروونی مرۆڤمان کۆڵیەوە بەشێوەیەکی گشتی و پەیمان برد بەوگرێ و گرفتانەی لە دەرووندان.

نوستن و بێداری:

لێرەدا پێویستە باس لەوەش بکەین کە خەون و بێداری دوو ڕوی یەك ڕاستین، ئەو ڕاستیەش بریتی‌یە لە سروشتی مرۆڤ، تێبینی ئەوەش کراوە کە سنورێکی جیاکار نیە لە نێوان نوستن و ئاگا بون دا لای مرۆڤ... چونکە مرۆڤ لەکاتی بێداری دا لە خەوتن خاڵی نیە، لەکاتی نوستنیش دا لەبێداری خاڵی نیە.. ئەو خەونەش مرۆڤ لەساتەوەختی نوستنی دا دەی بینێ، هیچ نیە جگە لە وێنەیەکی گەورەکراوی ئەو وەهم و ئەندێشە سەیرانەی لەبێداری دا دێن و دەچن... هەر یەکێ لە ئێمە دەتوانێ لەبێخ و بنەوانی خەون تێبگا، کاتی لەسەر نوێنەکەی دا ڕادەکشێت و دەیەوێت بنوێت. لەو کاتەدا هەست دەکات ئەو ئەندێشانە بەمێشکی دا دەتاتن و دەچوون، هێدی هێدی بەرجەستە دەبن، تا پتر ڕۆبچێت بە نێو قوڵایی خەودا زیاتر ئەو ئەندێشانە لە هزری دا ڕۆشن دەبنەوە، تا وای لێ دێ، لێی دەبێتە ڕاستی و خەریکە دەستی لێ بدات، لەو کاتەش دا دەتوانین بڵێین وا خەریکە خەون دەبینێ.

(سینل) دەڵێت: (خەون هیچ نیە بیرکردنەوە نەبێ، تاکە جیاوازیەك کە هەبێ لە نێوان خەون و بیرکردنەوەی بێداری دا، ئەوەیە هەردوو هەستی بیستن و بینین لە کاتی خەوتن دا وازیان لەئەرکی خۆیان هێناوە، بۆیە ئامرازی بیرکردنەوە تێك چوە و هەنگاوی شڵێت و پلێت دەنێ، هەروەك چۆن کاتژمێری دیواری گەر زەمبەلەکەی لێ بکەیتەوە تێك دەچێت.. هتد) [1]

یەکێك لە توێژەران هەوڵی داوە ئەو تێکەڵاو بوون و "جەنجاڵی"یەی لە خەون دا دەبینرێ لێك بداتەوە، ئەمەیشی گەڕاندۆتە بۆ تێکەڵاوبوونی زنجیرەی لۆژیکی... بۆ نمونە: تۆ ڕەنگە لە خەون دا ببینی "پلایس یان گاز "ێکت گرتوە بەدەستەوە، دواتر دەبینی " پلایس یان گاز " ە کە ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت و دەبێتە مەیمونێك.. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وەی "پلایس"ەکە، بلیت بڕینی شەمەندە فەردکەی وەبیر هێناویتەوە، ئینجا گەشتی شەمەندەفەر، و پاشان باخچەی ئاژەڵان و دواتر کولانەی مەیمون و پاشتر خودی مەیمونەکەی بیر هێناویتەوە، بەڵام ئەم زنجیرە ئاڵ و گۆڕە لە هزری تۆ دا بە خێراییەکی سەیر ڕوی داوە، بە جۆرێ مەیمون و "پلایس"ەکەی لکاندوە بەیەکەوە، ئەمیان لە دوای ئەویان، بێئەوەی ئەڵقەکانی دیکەی نێوانیان دەربکەوێ، کاتێکیش وە ئاگا دێیتەوە، هەست دەکەیت خەونێکی پوچ و ناماقوڵت دیوە، ئەمە لەکاتێکدا خەونەکەت بەگوێرەی کۆمەڵێ هەنگاو، بیرکردنەوەی لۆژیکی ماقوڵ بەڕێوەچوە... [2]

جیاوازی نوستن و بێداری:

ئێمە لە کاتێکدا دڵنیان ئا بە بونی لێکچونێك دا لەنێوان نوستن و بێداری دا، لە هەمان کاتدا نابێ چاو داخەین لە بونی جیاوازی لە نێوان ئەو دووەدا، ئەم جیاوازیەش لە زۆری ئەو جەفەنگانە دا دەردەکەوێ کە خەون پەنای بۆ دەبات کاتێ وێنای بیرۆکەکانی دەکات... وا دەردەکەوێ کەسێکی نوستوو ئاسان نیە بۆی خەیاڵی بیرۆکەی ئەبستراکت بکات، مەگەر بیخاتە نێو چوارچێوەیەکی بەرهەست... تۆ کاتێ لەخەون دا "پلایس"ە کەت بینی، مەبەستت بوە ڕق و کینەی خۆت لە دوژمنێکت وێنا بکەیت...

ئنجا ئەو مەیمونەی لەپاشان دیوتە ، ڕەمزێکە بۆئەو دوژمنەت کە لەکاتی باسکردنی دا بە (مەیموون) ناوت بردوە لەبێداری دا.

خەون مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە سەر شێوازە سەرەتاییە یەکەمینەکانی، مامۆستا (یونگ) و شوێنکەوتوانی قوتابخانەکەشی وای بۆ دەچن...٨ (یونگ)یش یەکێکە لە شۆڕشکاران بەسەر (فرۆید) دا و هەوڵیشی دا ریفۆرم لە تیۆرەکەی فرۆید دا بکات.

(سلامە موسی) دەڵێت: (ئێمە لە خەو دا لار دەبینەوە تا پلەی ئاژەڵێتی، بەڕادەیەك لەخەون دا دەبینین بیرکردنەوەکان بەشێوازی وێنەی یەك لە دوای یەك کە زۆر کەم ئەبێ قسەی تێدا نیە، ئەمەش چونکە "زمان" مۆدێلی تازە و قەشەنگی مرۆڤە، خەونیش گەڕانەوەیەکە بۆ لای ئەو عاتیفانەی کە بۆ دەربڕین پێویستی بە زمان نیە... هەر بۆیە خەون بە زۆری خاڵیە لە قسان و بەئاماژە و جەفەنگ بەڕێوە دەچن... لێرەوەش ئەو قورسیە سەرهەڵئەدا کە لە راڤەکردنی خەون دایە...).[٩]

شیکاری خەونە ئازاربەخشەکان:

کاتێ لەبەر ئەو رۆشناییە دا لەخەونە ئازاربەخشەکان دەکۆڵینەوە، هیچ نهێنی و تەم و مژێکی تیا دا نابینین، تەنانەت پێویستمان بەو شیکردنەوە زۆر لەخۆ کردوانەش نیە کە فرۆید پەنای بۆ بردوە. خەونە ئازاربەخشەکان لەهەندێ روەوە لەو ئەندێشە ئازاربەخشانە دەچن کە لەکاتی بێداری دا بەسەر مرۆڤ دا زاڵ دەبن و، وەك ئەوە وایە کۆڵێکی قورسی هەڵگرتبێ، هەر چەندە هەوڵ بدات ئەو کۆڵە لەسەر شانی لابەرێ، کۆڵەکە پتر لێی قورس دەبێ.

لەڕاستی دا هەرکەسێکی خەفەت دار لە ناخی دا دوچاری ململانێیەکی توند و تیژ بووە، لەلایەکەوە بەدەست قورسایی خەفەتەکەوە دەناڵێنێ، لە لایەکیترەوە بیر لە لادانی خەفەتەکە دەکاتەوە، کە نوست و دەنگی (ئاوەزی وشیار) لە بەرگوێی دا سووك بوو، ئیدی خەفەتەکە هەلی خۆیی دەست دەکەوێت و بەجەکە ڕەمزیەکەیەوە دێت و دەڕوات و هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە بەدەم ترس و لەرزەوە لەخەو ڕاچەنێت.

لەبەر ڕوناکی خەواندنی موگناتیسی دا "هیپنۆتیزم":

لەڕوی زانستی‌یەوە سەلێنراوە کە خەواندن لە ڕوی ئاناماددەگی هەستەوە لەخەوی ئاسایی دەچێت، تەنها لەو ڕودوە لێك جودان، کە لە هیپنۆتیزم دا کەسی خەوتوو دەکەوێتە زۆر کاریگەری ئەو ئاماژە و ئیحائەوە کە خەوێنەرەکە ئاراستەی دەکات.[10]

ئەگەر خەوێنەرێ کەسێك بخەوێنێت و ئاماژەی بداتێ کە مەترسی‌یەك دەوری داوە، کابرای خەوتوو دەست بەجێ هەست بە مەترسیەکە دەکات و دەست دەکات بە هات و هاوار.

یەکێ لەو تاقیکردنەوە زانستی‌یانەی لەم ڕودوە ئەنجام درا، ئەم تاقی‌کردنەوەیە بوو: توێژەرێ کابرایەکی خەواند و دواتر پارچەکوتاڵێکی بۆ فڕێ دا و وای تێگەیاند کە ئەو پارچە کوتاڵە سەگە، کابرای خەوتوو بڕوای بەو قسەیە کرد و کوتاڵەکەی لێ بویە سەگ و تەنانەت لە دوای لەخەوهەستانیش هەر بڕوای وابوو، ئەو کوتاڵە سەگە...[11]

ئەم ئەزمونە یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتنی خەونە بەئازارەکاندا... چونکە مرۆڤ لە ساتەکانی بێدرای دا چەندین ئاماژەی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ کە لە ئاماژەکانی خەواندنی موگناتیسی دەچن...[12] بۆ نمونە خەڵکی پیری دەڵێن لە تاقی‌کردنەوەکانی قوتابخانەی دا دەکەوێت، یان لە بازرگانیەکەی دا زیان دەکات و پارە و پولی لە دەست دانامێنێ، یاخود لە زۆر چەرخەکانی ئۆتەرێك دا دەمرێت، یاخود لە فەرمانگەکەی دەردەکرێت... ئەم جۆرە قسانە لە ناوەزی ناوەوەی دا قەتیس دەبن، خۆیشی هەوڵ دەدات لە هزرو مێشکی دا بیان کاتە دەرەوە، بەڵام بێ‌سوودە... زۆر جاریش مرۆڤ ئاماژەی خراپتر بەخۆی دەدات، وا دێنێتە ئەندێشەی خۆی کە کوڕەکەی یاخود باوکی مردوون، یان خەیاڵ دەکات خانوەکەی ڕوخاوە بەسەر خوێشی و ماڵ و منداڵیشی دا... بە (بیرکردنەوەی وشیار)ی تاوتوێی ئەم ئەندێشە مەترسی‌دارانە دەکات... بۆیە کە دەنوێت لە خەونی دا وەکو ڕاستی دێنەبەر چاوی... ئنجا لەخەو ڕادەچڵەکێت و لەتاوی ئەوەی زۆر ترساوە، گەروی وشك هەڵاتوە.

ڕوداوێكی شەخسی:

ئەم ڕوداوە لە ڕۆژگارەكانی منداڵیمدا ڕوی داوە و خۆیشم پاڵەوانە بەشان و باهۆكەی بووم، پوختەی ڕوداوەكەش ئەمەیە: جارێكیان قەدەر منداڵێك لە خۆم بچوكتری خستەبەر دەستم، ویستم پێی ڕابوێرم و پێی پێبكەنم، دەستم كردە باسكردنی جنۆكە و دێو و درنج بۆ منداڵەكە، هەستم كرد ترس بە ڕوخساریەوە دەركەوت، ئەمەش وای لێكردم لە وتە ترسناكەكانم بەردەوام بم.. پێم گوت: لە خەوی دا (دێوەكان) دێنەسەری و دەست لە قوڕقوڕاگەی گیر دەكەن و بە چڕنوكەكانیان لەت و پەتی دەكەن.

منداڵەكە ڕۆی بە ڕێی خۆیەوە، منیش قسەكانم لەبیر چوو، واشم دەزانی منداڵەكەش قسەكان لەبیر دەكات... بۆیە زۆر سەرسام بووم كە بەیانی ڕۆژی داهاتوو كەس و كاری منداڵەكە هاتنەسەرم، چاویان غەزەبی لێ دەباری (دەربڕینی ودرگێڕ)، دواتر بۆم دەركەوت منداڵەكە باسی دێو و درنجی بۆ كردوون، و قسەكانی منی بۆ گێڕاونەتەوە، دواتر لە خەوی دا دیویەتی دێوەكان لە هەموو لاوە هێرش دەكەنە سەری و هەتاكو بەیانی نەیتوانیوە بنوێت و جار لەدوای جار دەستی كردۆتە و ڕاوە و هاواركردن... ئیتر مەپرسە ئەو بەیانییە كەس و كاری منداڵەكە چییان پێكردم، تۆڵەی منداڵەكەیان لێكردمەوە، بەرادەیەك دێوەكانی ڕۆژیان لە بری دێوەكانی شەو پێ نیشان دام.

پەندێك:

لەیەكێك لە پەندە میسرییەكان دا هاتوە و دەڵێت: (هەر كەس لە دێو بترسێ دێوی بۆ دەردەپەڕێ)، (هەروەها لە پەندێكی كوردیش دا هاتوە و دەڵێ: ئەوی بترسێ ناخەڵسێ ـ وەرگێڕ) ... شاراوە نیە چ حیكمەتێكی دەروونی گەورە لە نێو ئەو پەندە دا هەیە... ئێمە دەتوانین ڕاستی ئەم پەندە لەو كەسە ترسنۆكانە دا بدۆزینەوە كە لە كۆڵانەكانە تاریك و كەلاوە كۆنەكاندا دێو و جنۆكەیان لێ پەیدا دەبێت و ئەمانیش دەقیژێنن و لاقیان بە هەوا دا ڕەها دەكەن بۆ ڕاكردن.

لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت كە ترس سروشتێ پەیوەست بە مرۆڤە، لە دنیا دا مرۆڤێ نیە كە نەترسێ... خەڵكی تەنها لە ڕادە و پلەی ئەو ترسە دا جیاوازن كە لەكاتی مەترسیدا دایان دەگرێ... مرۆڤ هەر چەندە جەربەزە و ئازا بێت، هەر دەبێت هەست بەترس بكات، بەڵام حەز ناكات ترسەكە پێیەوە دەربكەوێ... بۆیە هەر كە دەنوێ، ترسە سەركوتكراوەكە بۆی دێتە دەرێ لەخەونی دا و، بەتەواوی ناڕەحەتی دەكات و خەوەكەی لێ تێك دەدات.

یاساكەی (كویە):

مامۆستا (كویە) لێكۆڵیاری بەناوبانگی فەرەنسی، لە قوڵاییەكانی دەروونی مرۆڤەوە یاسایەكی دۆزیەوە، ئەم یاسایە یاریدەی ئێمە دەدات لە تێگەیشتنی ئەم بابەتەی ئێستە ێی دەدوێین.

(كویە) دەڵێت: (ئەگەر بیرۆكەیەك زاڵ بوو بەسەر مرۆڤ دا، بەجۆرێ چوە نێو ناوەزی ناوەكی مرۆڤەكەوە، ئەوا هەر چی هەوڵێكی وشیاری ئەو مرۆڤە هەیە كە دیخاتە كار بۆ قەڵاچۆكردنی ئەو بیرۆكەیە، بەرەنجامی پێچەوانەیان دەبێت) [٢٢]... بۆ ێكردنەوەی ئەم یاسایە دەكرێ نمونەی ئەو پاسكیل سوارە بهێنینەوە، كە تازەگی فێری پاسكیل لێخوڕین دەبێ، ئەم تازە پاسكیل سوارە هەر كە لە ڕێگەی دا شوشە شكاوێك دەبینێ، ئیتر هەر ئەوەندە بە خۆی دەزانێ كە خۆیشی و پاسكیلەكەیشی ڕوەو شوشە شكاوەكە پەلكێش دەبن.. هەر چەند بیەوێت خۆی لە شوشەكە لابدات، زیاتر بەرەو ڕووی دەڕوات، دواتر دەبینێ چەرخەی پاسكیلەكە دەڕوات بەسەر شوشەشكاوەكەدا، ەدیار چاوی ئەمەوە... زۆریش سەرسام دەبێ كە چۆن دەستەكانی توانیان پاسكیلەكە ەرەو ئەو شوشە نەفرەتیە لێ بخوڕن، كە ئەگەر لە كاتێكدا خۆی بیەوێت ناتوانێ ئەندازەی تاڵەمویەك پاسكیلەكە ئاراستە بكات.

شیكردنەوەی ئەم ڕووداوەش ئاوەهایە: پاسكیل سوارە تازە دەست پێكردوە كە كاتێ وشە شكاوەكە لەسەرە ڕێگەی دا دەبینێ، دەترسێ لەوەی چوپی چەرخەی سكیلەكەی بتەقێنێ، ئەم ترسەش دەچێتە نێو ئاوەزی ئاوەكیەوەی و بەسەری دا زاڵ

دەبێت، ئیدی ڕوەو شوشەکە پاڵی پێوە دەنێت... ویست و خواستە ئاگاکەیشی، ئەو ویستەی دەیەوێت خۆی لە شووشەکە دەرباز بکات، زیانی پێ دەگەیەنێت، چونکە ڕادەی توند و تیژی ئەو بیرۆکەیە زیاد دەکات کە کۆنترۆڵی ناوەزی ناوەکی پاسکیل سوارەکەیان کردوە... بۆیە تا زیاتر پێداگری بکات لەوەی خۆی لە شووشەکە لابدات، هێندە زیاتر بەرەو شوشەکە پاڵی پێوە دەنرێ.

کەسێکیش بەسەر لێواری دیوارێکی بڵنددا بڕوات هەمان شتی بەسەردا دێت.. زۆرترینی گومانەکان وایە کە دەکەوێتە خوارێ... هۆکەشی ئەوەیە کابرا سەیری زەوی دەکات لە ژێریەوە، و زۆر دەترسێ لەوەی بکەوێتە خوارەوە، بەڵام خۆی هان دەدات و وا نیشان دەدات گوایە بوێر و خاوەن توانای پاڵەوانێتە، بۆیە ترس لە کەوتن زیاتر تیای دا بەهێز دەبێت، هەر ئەوەش وای لێ دەکات بەڕاستی بکەوێتە خوارێ.

گرفتی خواستی مرۆڤ:

لە راستی دا مرۆڤ ناتوانێ ئەو بیرۆکەیە قەڵاچۆ بکات کە دزە دەکاتە نێو ناوەزی ناوەکیەوەی، بەڵکو هەر چەندە مرۆڤ هەوڵی قەڵاچۆکردنی بدات لە بەرانبەر دا ئەو بەهێز دەبێ.. لە زۆربەی کار و بارەکانی ژیانمان دا نمونەی راستی ئەو گرتەیە دەبینین.... هەندێ جار دەمانەوێت (ناو)ێکمان بیر بێتەوە، کەچی سەیر دەکەین لە بیرمان نەماوە، ئنجا ئاکو زیاتر هەوڵ بدەین بیرمان بکەوێتەوە، زیاتر و زیاتر لەیادمان دەچێت، بەڵام ئەگەر وازمان لێ هێنا و بێئومێد بووین لەوەی بیرمان بکەوێتەوە، لەناکاو دێتەوە بیرمان.

یان وا دەبێت لەکۆڕێکی ماتەمینی دا، یەکێك لە ئێمە دیمەنێکی کۆمیدی دەبینێ، جا هەوڵ دەدات پێکەنینەکەی بشارێتەوە، تاکو خەڵکی لێی توڕە نەبن، بەڵام پێکەنین زۆری بۆ دێنێت و خەریکە دەداتە قاقا، بەڵام کتێك لە کۆڕی ماتەمینەکە هاتە دەرێ و ترسی نەما لە پێکەنین، پێکەنینەکەشی نامێنێت.

مرۆڤ هەندێ جار دەیەوێت بنوێت، وەلێ خەوی لێ دەزڕێت، بەردەوام تەپاوتل دەکات لەسەر نوێنەکەی وەك ئەوەی داوای ئستەم بکات... ئەمە لەکاتێکدا لەناو ئۆتۆمبیل دا یاخود لەناو قاوەخانەدا، کاتێ نایەوێت بنوێت، بە ئاسانی ئەنوێت.

دەروونی پیس:

ئەم دەرونی مرۆڤە سەیرە، زۆر جار دەبینین کە داوای یارمەتی لێ دەکەین دەبێتە دوژمنێکی سەرسەخت لێمان، بەمەش ئەو پەندەی بەسەر دا دەچەسپێ کە دەڵێت: "ویستمان یارمەتیدەر بێ، کەچی بوە فێرعەون".

ئێمە هەر کەترساین لە شتێك و ویستمان خۆمانی لێ دوور بخەینەوە، دەبینین ئەو ترسە دەبێتە پاڵنەرێ بەرەو ئەو شتەی کە گەردکمان بوو خۆمانی لێ لادەین. کەواتە ڕەوایە بۆمان بڵێین: هەر کات (ویست و خواستی وشیار) ترسی چەپاند و سەرکوتی کرد، ترسەکە دەبێتە ئارەزوو... بۆیەکا ویستی وشیار لەکاتی خەودا لاواز بوو، ترس و سڵەمینەوەکان وەکو ئارەزووی قەتیس ماو بەدەر دەکەون، بۆدەچێت کە (فرۆید) پەیی بەم ڕاستییە نەبردبێت ، چونکە گەر پەیی پێ بردایە، دەیتوانی بەشێوەیەکی جوانتر و ڕێك وپێك تر خەو پەرژێنی خەونە ئازار بەخشەکانی بکردایە، بێئەوەی پەنا بەرێتە بەر زۆر لەخۆکردن و شیکردنەوەی دروستکراو.

خەونە شەرمەزارکارەکان:

هەندێ جار مرۆڤ خەونی شەرمەزار کار دەبینێ، وەك چۆن خەونی تۆقێنەر دەبینێ... شەوی وا هەس، لەخەونی دا دەبینێ لە بەردەمی خەڵکێ زۆر دا لەسەر شەقامێ دانیشتوە و پیسایی دەکات، یان لە نێو قەرەباڵغییەکی زۆردا، دانیشتوە و "عەورەت"ی دیارە، ئنجا بەشەرمەزاریەوە لە خەو ڕادەپەڕێت.

دەگونجێت ڕاڤەی ئەو خەونانە بەوە بکەین کە ئەو کەسەی خەونەکەی دیوە، لە ڕۆژگارەکانی رابردووی دا توشی ڕیسواییەك بوە کە شەرمەزاری کردوە، لەکاتی بێداریشی دا جار لە دوای جار بیری دەکەوێتەوە، بەردەوام هەوڵیش دەدا لەبیری خۆی

بەرێتەوە، بەڵام بێسوودە، هەر چەندە ئەو بیەوێت لەبیری خۆی بەرێتەوە، ڕووداوەکە پتر بەهێز دەبێت تیای دا.

ڕەنگە ئەم ڕیسواییە لە خەونی دا بەشێوەیەکی جەفەنگ ئاسا دەربکەوێت، چونکە چاودێرە ڕەوشتییەکەی ڕێگرە لەوەی ڕیسواییەکە چۆن بووە بەهەمان شێوە دووبارەی بکاتەوە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی سەردتایی دێنێتەوە یاد، لەوکاتەش دا وەك منداڵی لێ دێ، شەرم ناکا لەوەی لەسەر شەقام دا پیسایی بکات یاخود لەبەر چاوی خەڵکی دا عەورەتی دەربخات...

پەراوێزەکانی بەشی دەیەم:

١. بنوارە: Eyessenek, sense, and nonasence Psychology, P 144
٢. بنوارە: Hadfield, Dreams and Nightmares, P 32
٣. بنوارە: Elexander, fundamentals of Psychoanalysis, p 150
٤. بنوارە: Hadfield, Op.cit. P32 - 33
٥. بنوارە: Ibid, P.30
٦. بنوارە: سیتل، الحاسه السادسه، ل ٧١ ـ ٧٢.
٧. بنوارە: هـ.س، ل ٧٢.
٨. بنوارە: Hadfield, op.cit. p 88
٩. بنوارە: سلامة موسي، عقلي و عقلك، ل ٥٩.
١٠. بنوارە: Woodworth, study of Mental Life
١١. بنوارە: Humphrey, story of Mind, p 269
١٢. بنوارە: علي الوردي، شخصية الفرد العراقي، ل ٢٤.
١٣. بنوارە: Baudsuin, suggostion and Autosuuggestion, p 116.

بەشی پانزدەیەم:
خەواندنی کۆمەڵایەتی

ئەزموونێکی دەروونی:

لەساڵی (١٩٤٨)دا، ئەزمونێکی زانستیم لەخەواندنی موگناتیسی دا بینی کە دەلالەتێکی دەروونی گەورەی هەیە... ئەم ئەزمونە لە زانکۆی تەکساسی ئەمریکی بەڕێوەبرا، هەزاران قوتابی و چەندان تەماشاکار ئامادەی بوون، وەك لە یادیشم بێت، ئەو کەسەی بەو ئەزموونە هەستا خەوێنەرێکی بەناوبانگ بوو بەناوی (بۆلکا).

پوختەی ئەزمونەکەش ئاوەها بوو: خەوێنەرەکە، لەنێوان قوتابیەکاندا قوتابیەکی هەڵبژارد کە ئامادەباشیەکی گەورەی هەبوو بۆ خەواندن... ئەو خوێندکارەی هێنایە سەر تەختەی شانۆ و لەبەردەم ئامادەبواندا خەواندی، ئنجا وای ئاماژەی پێدا کەلە دوای لەخەو هەستانی، وتارێك بدات لەبارەی (دیدەوانی)یەوە، بەڵام ڕاستە و خۆ دەست ناکات بە وتارەکە، دوای ئەوە نەبێ کە خەوێنەرەکە پەنجە دەدات لە سەریەوە.

دوای ئەوەی لەخەوەکەی هەستا، ئێمە وامان هەست کرد کە ئیحائەکەی لەبیر چۆتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی خەوێنەرەکە دەستێکی دا لەسەریەوە، دەست بەجێ ئەدگارەکانی ڕوخساری گۆڕا و وادەرکەوت کە خۆی ئامادە دەکات بۆ وتاردان... ئنجا ڕوی کردە جەماوەرەکە و دەستی کردە دەربڕینی ڕستەگەلێلەستایش کردنی بزاڤی دیدەوانی و بانگەشەکردن بۆی... هەرچەندە خەوێنەرەکە هەوڵی دەدا بێدەنگی بکات، قوتابیەکە زیاتر پێداگری دەکرد لە زیاتر وتاردان.

ئامادەبوان دەستیان بە پێکەنین و غەڵبەغەڵب کرد، هاواری بێدەنگ بونیان لێ دەکرد، ئەو گوێی نەدا بەهات و هاواریان، وەك ئەوەی بەهاندەرێکی نەستی بەهێز پاڵی پێوە بنرێ، بەردەوام بوو لەسەر وتاردان.... بەراستی ئەو لە جیهانێك دابوو جیاواز لەو جیهانەی ئێمەی تێدا بوین... ئۆقرەیشی نەگرت تاکو ئەو ئەرکەی بەجێگەیاند کە لەساتی خەواندنەکەی دا پێی سپێردرابوو.. ئەم دیاردەیەی من دیتم، لە دەروونناسی دا

بە (ئامازەی پێدانی دوای خەواندن) ناوزەد دەكرێ... فرۆید ئاگای لەم دیاردەیە هەبووە، هەر ئەمەش پاڵی پێوە نا بۆ دۆزینەوەی ناوەزی ناوەكی لە مرۆڤدا... دەڵێن رۆژێك كابرایەكی بینیوە كە خراوەتە ژێر كاریگەری خەواندنی موگناتیسی و دواتر ئامازەی پێ دراوە كە لەدوای ئەوەی لە خەوە موگناتیسییەكەی وە ئاگا دێتەوە، هەر كە گوێی لە (گۆكە)ی ئەو كەسەوە بێت كە خەواندویەتی، دەست بەجێ پەنجەرەكە دەكاتەوە...

ئەو كابرای خەوێنرابوو، وە ئاگا هاتەوە و هیچ ئاگاداری ئەو ئامازەیەش نەبووە كە لەكاتی خەواندنەكەی دا پێی دراوە، بەڵام هەر ئەوەندەی گوێی لە (قۆزەی خەوێنەرەكە) بوو دەست بەجێ پەنجەرەكەی كردەوە، بێئەوەی خۆیشی بزانێت بۆچی ئەو كارەی كرد.[٢]

لەڕاستی دا، كاریگەری ئامازە پێدانی خەواندن، تەنها لەساتە راستەوخۆكانی دوای هەستان لەخەوە موگناتیسییەكە گورت هەڵناهێنێ... بەڵكو ئەو كاریگەریە بۆ ماوەیەكی درێژتر دەمێنێتەوە ، كە لەوانەیە بگاتە چەندین مانگ و تەنانەت چەندین ساڵ.

گریمان كەسێكمان خەواند و، ئامازەی ئەوەمان پێدا كەساڵێك دوای ئەوەی لەم خەواندنە هەڵدەسێتەوە، لەسەر شەقام و لەبەر چاوی مەردوم دا سەما بكات،لەپاش ئەوەی كاتژمێرە گەورەكەی شار دوانزەجار لێدەدات ... بۆیە كاتێك ساڵەكە تێدە پەڕێ و كاتژمێرەكە دوانزە جاران لێدەدات ،و وادەی سەما كردنەكە هاتە پێشەوە دەبینین ئەو هاوڕێیەمان هەست بە حەزێكی زۆر دەكات لەسەماكردن ،لە هەر جێیەكدا بێت.

هەر چەندە لەوانەیە ئەو هەست و ئارەزووەی لەبەر خەڵكی بشارێتەوە، بەڵام هەر چۆن بێت هەست دەكات حەزی لەسەماكردنە، ناش حەوێتەوە تاكو بەهەر شێوەیەك بێ ئەو ئارەزووەی بەدی دێنێت... رەنگە هەر حەڵێك بقۆزێتەوە تاكو بەر بەرەڵا بكات بۆ شان و ملی، یان بۆ ورگ و كەمەری، تا بە ئارەزوو بلەرزێن و سەما بكەن... ئنجا دوای ئەوەش هیچ دوودڵ نیە لەدەی بەڵگە و پاساو بێنێتەوە بۆ ئەو سەما و جوڵەیە بۆچ و بێتامەی.

مەغزای ئەم دیاردەیە:

لەراستی دا زۆر سەیرەكاتێك مرۆڤێكی ژیری بەئاگا دەبینین، ڕۆلەكردنی كارێك دەكات بەجۆرێكی خۆنەویست و بێئەوەی هۆكەیشی بزانین... لێرەدا (فرۆید) دێت و دەڵێت مەسەلەكە هیچ سەیر نیە.. بەڕای (فرۆید) زۆربەی كارەكانمان بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین بیشارینەوە یاخود پاساوی ماقوڵی بۆ بدۆزینەوە، بۆیە لای خەڵكیش وا دەردەكەون كە كاری ژیرەكان بن، ئەمە لە كاتێك دا ئەو كارانە لە كاری شێتەكانەوە نزیك ترن.

ئێمە هەندێ جارکەسێك بۆیەكەمجار دەبینین و هەست دەكەین زۆر ڕقمان لێیەتی، حەز ئەكەین بچین یەخەی بگرین و تێری بكەین لە شەق و شەپازلە (دەربڕینی وەرگێڕ)، ئەمە لەكاتێكدا پێشتر نەمان ناسیوە، هیچ دوژمنایەتیەكی پێشوەختیشمان لەگەڵی دا نەبوە، دەی كەواتە بۆچی ڕقمان لێیەتی؟!

(فرۆید) لای وایە بۆیە ڕقمان لێیەتی چونكە ئەو كەسە كەسێكی تری بەیادماندا هێناوەتەوە كەئێمە ڕقمان لێیەتی ئەم یاد خستنەوەیەش نەستیە و لە ئاوەزی ناوەكیەوە هەڵدەقوڵێت و هیچ پێوەندیەكی نیە بە بیركردنەوەی لۆژیكی یاخود بە خۆشەویستی هەقەوە... وەك هەندێ جار وا پڕوپاگەندە دەكەین. دەتوانین ڕقە كۆنە شاردراوەكانی نێو ئاوەزی ناوەكی بە ئامازدانی دوای خەواندن بچوێنین، گەر كەسێك ئازارت بدات و نەتوانیت تۆڵەی لێ بكەیتەوە، ئارەزوی تۆڵەكردنەوە لە قوڵایی دەرونت دا قەتیس دەبێت، بۆیە هەر ئەوەندەی كەسێكت بینی لە هەر ڕویەكەوە لەو كەسە بچێت كە ئازاری داویت، ئەوا بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت ئارەزوووی تۆڵەكردنەوەت پێوە دەردەكەوێت.

خەڵكی جۆراوجۆرن و جیاجیان لە ڕادەی بەدەنگەوە چوونی پاڵنەرە نەستیەكانیان دا، هەندێكیان بێشەرمانە بەدوی دا دەچن، بەڵام هەندێكیتریان تاكو قایل مەندی خەڵكی وەرنەگرێت بەدوی پاڵنەرە نەستەیەكەی دا ناچێت.

هەروەها خەڵکی لەشێوازی کارکردنیش دا جیاوازن، هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر دەست، تاکو زڵلەی پێ بوەشێنێت یاخود قاچ تاکو شەقی پێ بوەشێنێت. ئەمانەش خەڵکی هیچ و پوچن... بەڵام روناکبیرەکان پەنا دەبەنە بەر بەڵگە (ئەقڵی و نەقڵییەکان) و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر ئەوانەی ڕقیان لێیانە، و لەوانەشە زیاتر مەترسیدار و لەسنور دەرچوو ناچیزەش بن.

لەوانەیە یاسای سزای لێدان بە دەست بدات ، یان خەڵکی نارەزایی لێ دەربڕن، بەڵام لە لێدان بە بەڵگە ئەقڵی و نەقڵییەکان دا یاسا و نارەزایی کۆمەڵایەتی سوودی نیە. لەبەر ئەوەشە دەبینین ، رۆشنبیری ناچیزە دەست درێژی دەکاتە سەر خەڵکی، بێئەوەی کەسێك لە ڕێگەی دا بوەستێ... ئنجا دوای ئەوەش شەرمناکات گەر بڵێ لە کارەکانیدا بەگوێرەی داخوازی خودا و پێغەمبەرەکەی ، یاخود بەگوێرەی داخوازی بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان بەڕێوە دەچێت.

ئاوەز و ڕەفتار:

(فروید) دەڵێت: ئاوەزی مرۆ، وەك ئەو كێوە بەفرینانە وایە كە لە ئاوە جەمسەریەکانی زەویدا لەنگەریان گرتوە، ئەو شاخەبەفرینانە (نۆ لەسەر دە)ی بەشەکانی لە ژێرئاو دا دەشارێنەوە، تەنها (یەك لەدە)ی بەچاو دەبینرێت و دەردەکەوێت... ئەوەش یانی بەشە شاردراوەکانی ئاوەز کە بڕیار لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ دەدەن... بەشە دیارەکەیشی تەنها ڕوکارێکە مرۆڤ هەوڵ دەدات ڕەفتارە ڕێزبەڕەکەی خۆیی پێدابپۆشێ.

توێژەرانی ئەمڕۆ جیاوازیەکی بنچینەیی نابینن لە نێوان (ژیر و شێت) دا، ئێمەی هۆشمەند و ژیرانیش کە دەمدرێژی دەکەین بە گوتەی بریقەدارەوە، لەگەڵ شێتەکانی شێتخانەکاندا هیچ جیاوازیەکی جەوهەریمان نیە، بەڵکو بەتەنها لە پلە دا جیاوازین [٢]

هەموومان مل کەچ و گوێڕایەڵی ئەو هاندەرانە دەبین کە لە ئاوەزی ناوەکیمانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوەندە هەیە پاساویان دەدەین و دایان دەپۆشین، بەڵام شێت ئەو توانای

پاساودان و داپۆشینەی نیە، بەڵکو بەبێ پێچ و پەنا بەدوی هاندەرە نەستیەکانی دا دەچێت.[4]

خەڵکیش پێی پێدەکەنن و بەردی بۆ دەهاوێژن... ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە ئاوەزی ژیرەکانیش چی تێدا حەشار دراوە، بەوانیش پێ دەکەنین....

کەواتە هۆزانڤانە عارەوەکەش ڕاستی کردوە کە دەڵێت:

وكل الناس مجنون و لكن   علي قدر الهوي اختلف الجنون

یانی (هەموو خەڵکی شێتن، بەڵام بەڕادەی ئارەزووەکانیان لەشێتیەکەیاندا جیاوازن).

ئاوەز و کۆمەڵگە:

جێگەی ئاماژەپێدانیشە کە بڵێین، ئەو سنوردی لە نێوان ژیرێتی و شێتی دایە، کەوشەنێ ئیعتباریە و بەگۆڕانی بەها کۆمەڵایەتیەکان ئەویش دەگۆڕێت... لەوانەیە کەسێکی بەڕێزی لای ئێمە لە دیدی کەسانیتر دا بەشێت حساو بکرێ... ئەگەر یەکێ لەو خۆبەشێخ کردوە سمێڵ بادراوانەی لای خۆمان بچنە نێو کۆمەڵگەیەکی شارستانی و پێشکەوتووەوە، ئەوا خەڵکی دەیخەنە بەر خۆیانەوە و دەیبەن بۆ شێتخانە و خۆیانی لێ ڕزگار دەکەن.

تایبەتمەندی (ژیر) ئەوەیە لە بەها کۆمەڵایەتیەکان تێ دەگات و دەزانێت چۆن خۆی لادەدات لەوەی پێکدا بدەن... یاخود بەدەربڕینێکیتر: شێتە بەڵام حەز ناکات شێتیەکەی دەربخات.[5]

کۆنترۆڵی پاڵنەرە نەستیەکانی خۆی کردووە بەڵام هەرکە هەل دەستکەوت، وەکو شێت پەل دەهاوێ بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی.

ڕۆژێکیان بەبازاڕی کوتاڵ فرۆشەکاندا گوزەرم دەکرد، شەڕێکی زۆر سەختم تێدا بینی، هەندێ لە کوتاڵ فرۆشەکان مقەستە ئاسنینەکانیان بەدەستەوە گرتبوو، دەیاندا

لە تەوقی سەری هاوڕێکانیان... لە ڕاستی دا شەڕێکی شێتانە بوو، هیچ بەربەستێکی ئەقڵی ئامادەگی نەبوو تیای دا، ئێمەکاتێك لەو جەنگە و هاوشێوەکانی دەکۆڵینەوە کە ئەمرۆ لە بازاڕەکانماندا ڕوو لە زیاد بوونن، پێویستە لە سروشتی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەش بکۆڵینەوە کەلە کاتی جەنگ دا بەسەر ئاوەزی خەڵکیدا زاڵن... ئەو بەهایە ڕێزی پیاوێ ناگرێت ئارامگرێت و وەڵامی سووکایەتی بە سووکایەتیەکی هاوشێوە و خراپتر نەداتەوە، هەر لەبەر ئەوەش دەبینین، شەڕ بە وشەیەکی سادە یاخود بە جوڵەیەکی نائەنقەست دەست پێ دەکات، ئنجا هێدی هێدی سەخت دەبێت، تاکو دەگاتە ئەوەی هەندێ جار بەرەنجام و چارەنوسەکەی نەزانرێ "دەربڕینی وەرگێڕ".

کە شەڕەکەش تەواو دەبێ ،خەڵکی دەست دەکەنە باسکردنی شەڕەکە و قارەمانەکانی، یەکێك بە ترسنۆك و (بێغیرەت) دەدەنە قەڵەم و کەسێکیتریش بە (شێر) و ئازا ناو دەبەن، جا کەسی یەکەم بێئەرزش و دووەم بە ڕێز سەیر دەکەن... بەو جۆرە خەڵکی هان دەدەن تاکو لە هەر شەڕێك داکە دەیکات ببێتە شێرێکی درندە.... کابراش بێئەوەی هەست بکات، دەبینێ بەشێوەیەکی نەستی بەرەو ئەو ڕێگەیە پاڵ دەنرێ...

هەندێ لە ڕووەکانی ململانێی دەروونی:

مرۆڤ هەست بە دڵخۆشی و شادومانی دەکات، کاتێ ئارەزوە خەفەکراوەکانی و بەها کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە دەگونجێنێ... ئەگەر ڕقی لە یەکێك بێت و پاشتر ببینێ بەها کۆمەڵایەتیەکانیش پشتگیری دەکەن لە ئازاردانی ئەو کەسە دا، ئیدی بە دڵنیاییەوە ڕوو لە ئازاردانی ئەو کەسە دەکات، وەك ئەوەی کارێکی خێرخوازی بکات.

ئەمەیە هۆکاری ئەو ستەم و زوڵمە ترسناکانەی لەنێو خەڵکی دا دەی بینن، چونکە کاتێك، ستەم دەکەن ئەویژدان دەیان گێڕێتەوە و نەترسان لە خودا.

ویژدان لەمرۆڤ دا بێدار نابێتەوە، لەکاتێك دانەبێ کە ئارەزوەکانی کەسەکە و بەها کۆمەڵایەتیەکان پێچەوانەی یەکتر دەبن، لەو کاتەدا ئیدی مرۆڤ تاڵاوی پەشیمانی

دەچێژێ، ئەمە ڕویەکە لە ڕوەکانی ململانێی دەروونی. ڕویەکی دیکەی ململانێی دەرونی لەو کاتەدا دەبێ کە خودی بەها کۆمەڵایەتیەکان پێچەوانەی یەکدی دەبن.

تێبینی دەکرێ بەها کۆمەڵایەتیەکان لەیەک کۆمەڵگەدا هەموویان بەیەک شێواز نین، جاری وا هەیە مرۆڤ لە ماڵەوە جۆرە بەهایەک دەبینێ، کەچی لەبازاڕ یان قاودخانە یان قوتابخانە و هتد... جۆرەبەهایەکیتر دەبینێ، لەو کاتەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین جۆر نیحائی جیاوازەوە، لەوانەشە (ئاوەزی ناوەکی) ئەو کەسە جمە بکات لە ئارەزووی جۆراوجۆر، نەزانێت کام لایەنەیان بگرێ.

بۆ نمونە ئەو پیاوە وەربگرە کەلەماڵەوە بەلوت بەرزیەوە دێتە دەرێ، تۆ وادەزانیت یەکێکە لەو کەسە خاوەن ئەفلاتەنەی، کە لەدوای بیرکردنەوەیەکی هاوسەنگ ولۆژیکی ساغ نەبێ هیچ کارێ ناکەن.. تۆ نازانیت ئەو کەوتۆتە ژێر رکێفی ئەو ئامۆژدانە ئەستیەی کە لەماڵەوە دایکی یاخود ژنەکەی یا خود یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی سەپاندوویانە بەسەری دا... کەواتە ئەو بەرەو ئەو ئامانجە دەچێت کە لە ماڵەوە بۆی دانراوە، لە دنیاشدا جگە لەو ئامانجە هیچیتر ناناسێت.

لەو کاتەدا دووچاری ململانێی دەروونی دەبێت، کۆمەڵگەی دەرەکی داوای شتێکی لێ دەکەن و، کۆمەڵگەی ماڵەکیش داوای شتێکیتری لێ دەکەن، زۆر جار لە ئەنجامی ئەم ململانێیەوە دەکەوێتە نێو جوداکاری کۆمیدیەوە، ڕەنگە بە ڕوانگەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی خەڵکیتر سەرنجی مەسەلەکان بدات، ئەوڵیش دەدات ئەو دوو ڕوانگەیە پێکەوە بگونجێنێ ـ ئنجا جارێ سەرکەوتو دەبێت و جارێکیتر شکست دێنێ، لە هەوڵەکەی دا.

دەیەوێت ببێتە وەزیر:

باوای دابنێین ، کابرایەک ژنێکی هێناوە کە لەخۆی بەرزترە لە پلە وپایەدا، هەمیشە ئەم ژنە بەسوک سەیری دەکات و بچوکی دەکاتەوە و پێی دەڵێ: (ئەم گەمژەییە چییە لەتۆدا؟ ئایا فڵان یان فیسار نابینی بودتە وەزیر، تۆش هەر لە سەر وەزیفە هیچ و بوچەکەت ماویتەوە).

ئەم ژنە، شەو و ڕۆژ ئەو قسەیە بۆ مێردەکەی دووپات دەکاتەوە... کابراش لە وەڵامیدا دەڵێت: (دواتردە زانیت من کێم، کەمێك ئارام بگرە!) کە لەماڵیش دەردەچێت مێشکی پڕ بووە لەو ئیحانە بۆگەنە... بۆیە دەبینی لە دنیا دا هیچ نازانێ جگە لە هەڵپەکردن بۆ پۆستی وەزاری، بۆیە هەمیشە خۆی لەم گەورە دەستەڵاتدار و ئەو گەورە دەستەڵاتدار نزیك دەکاتەوە، ئامادەشە هەموو دنیا هەڵگێڕێتەوە بەسەر خەڵك دا، لەپێناوی بەدەست هێنانی ئەوەی دڵی دەیخوازێ، یان ئەوەی ژنە بەڕێزەکەی بۆی هان دەدا.

بەو جۆرە بیرکردنەوەی ئەو پیاوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دا گەمارۆ دەدرێ، لە هەموو کردار و گوفتاری دا تەنها یەك ئامانجی هەیە، ئەویش ئەوەی ژنەکەی وا لێکات پێی قایل بێ. گرفتی ژنەکەیشی لەوە دایە کە ئەگەر نەبێتە وەزیر پێی ڕازی نابێ، چونکە ئەم دەیەوێت لەبەردەم هاوڕێکانیدا شانازی بکات بەمێردە مەزنەکەیەوە، دەخوازێت مێردەکەی فەرمانکار و قەدەغەکار بێ، بەئارەزووی خۆی و ئارەزووی ژنەکەیشی لەپێشیەوە ،خەڵکی لەکار بخات و پۆست بەهەندێ خەڵکیتر بدات!!.

هەندێ نمونەیتر:

تکا دەکەم لە خوێنەر بەو کابرایە پێنەکەنێت، چونکە گەر خوێنەر دەروونی خۆی شی بکاتەوە، دەبینێ زۆر جیاواز نیە لەو پیاوە، لەوانەیە حەزی لەوە نەبێت ببێتە وەزیر، بەڵام هەر چۆن بێ لە تەماح خاڵی نیە، لەوانەیە لەبری ئەوە حەز بکات ببێتە پۆلیس، پۆلیس لای هەندێ خەڵك پلەیەکی بەرزی هەیە.

هەندێ جار مرۆڤ لە گوندێ بچکەڵەدا پێدەگات، لەو گوندە دا خەڵکی بەو چاوەوە سەیری پۆلیس دەکەن، کەئێمە سەیری وەزیری پێ دەکەین، لەوێ پۆلیس فەرمانکارە و قەدەغەکارە، سزادەر ولێبوردەیە، بێئەوەی چاودێری بەسەرەوە بێ... کەسێ لەگوندێکی ئاوها دا پێگەشتبێ، باوکی یان دایکی یان هەندێ لە ئەندامانی هۆزەکەی، لەوانەیە داوای لێ بکەن هەوڵی پلە و پایەی بەرز بدات... جا هەر کەس داوای بەرزێتی بکات ئەبێ شەونخونی بچێژێ!

هەر تەماحێکی مرۆیی پێویستە لە پشتی ئیحایەکی نەستیەوە خۆی بشارێتەوە، ئەم ئیحایەش بەسروشت کۆمەڵایەتیە... مرۆڤ حەز دەکات لە دیدی کەسێکدا یاخود کۆمەڵە خەڵکێکدا بەرز بێت، چونکە بەرزێتی هیچ سودی نیە ئەگەر کەسانێك بۆی نەڕوانن و پێی سەرسام نەبن.

جادوی وشە ڕەفتەنیەکان:

لەوانەیە وشەیەکی ڕەفتەنی کەسێك بیکات و لە ئاوەزی مرۆڤ دا ببێتە ئامازەیەکی بەهێز، دەبینی مرۆڤ ئەو وشەیە هەڵدەگرێ و کاری پێ دەکات، هەموو ژیانیشی دەبێتە زنجیرەیەك هەوڵ دان بۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستەی لەو وشە ڕەفتەنیە دا هاتوە.

پیاوێك بەلای قەسابێکدا تێدەپەڕێت و دەبیستێ سەرزەنشتی هەندێ ئەو کەسانە دەکات کە گۆشتی لێ دەکڕن، ئەو کەسانەی گۆشتی کەم دەکڕن بۆ ماڵەوەیان، ئەمەش لە دیدی قەسابەکەدا چروکیە و خوداش و پیاوەتیش پێی رازی نین.... ئەم قسەیەی کابرای قەساب کاری کردە سەر ئەقڵی ئەم پیاوە... بۆیە هەر جارێ گۆشتی دەکڕی خووی گرتبوو بە کڕینی گۆشتی زۆرەوە.

بەمەش فشاری خستبوە سەرخۆی، چونکە خێزانەکەی پێویستیان بەو ڕێژە زۆرەی گۆشت نیە، بەڵام دەیەوێت لای خەڵکی بەدەست گوشاد و سەخی بناسرێ، ئیتر گوێ نادا بەوەی، ڕۆژیە کەمەکەی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەو پێناوەدا بەهەدەر بدات.

یەکێکی دیکە لەوبەسەرهاتانەی لەبیرم ناچنەوە، چیرۆکی بێوەژنێکی بەساڵاچوو بوو کە لە گەڕەکە کۆنەکەماندا دەژیا، ڕۆژێ یەکێك لە دراوسێکانی جنێوی بەم بێوەژنە پیرە دابوو، بەوەش تۆمەتباری کردبوو کە ماڵی ئەو بێوەژنە نازانن چێشت لێنان چیە و، مەنجەڵی تێدا نەخراوەتە سەر ئاهر.

ئەم تەشەرە خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانی بێوەژنەکەدا، بۆیە زۆرینەی وتووێژەکانی بوە باسکردنی چێشت لێنان، ئەو دەیەویست بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە ئەویش وەك خەڵکی چێشت لێ دەنێت و ئەوەی ژنەدراوسێ دەست درێژی کارەکە گوتی درۆی درۆ بوو... من خۆم هەموو بەیانیەك دەمبینی زەمبیلەیەکی بەدەستەوە بوو

دەچوە بازاڕ، جا کە دەگەڕایەوە دەستی دەکردە باسکردنی گرانی نرخی گۆشت و سەوزە بۆ دراوسێکانی. زۆر جار قسەکانی خۆی دەبڕی و بەپەلە ڕوی دەکردە ماڵەوە و وای نیشان دەدا کە دەیەوێ چێشت ساز بکات... ماوەیەکی درێژ ئەم بێوەژنە بەو شێوەیە بوو، تاکو وای لێهات لە دنیادا هیچ مەبەستێکی نەبوو جگەلە بەدرۆخستنەوەی تەشەری دراوسێکەی.

لەنهێنییەکانی سروشتی مرۆڤ:

چیرۆکی ئەم پیرەژنە نهێنییەکی گەورەمان بۆ دەردەخات، لە نهێنییەکانی سروشتی مرۆڤ... تۆ کە مرۆڤێکت بە لەکە و تۆمەتێکی ناشیرین تۆمەتبار کرد، دەبینی بە تورەیی دەخرۆشێت و هەوڵ دەدات لە هەموو ڕێگەیەکەوە خۆی پاك و بێبەری بکات لەو تۆمەتە، تەنانەت ڕەنگە بەو هۆیەوە سەراپای ژیانی بگۆڕێت...

لەوانەیە پیاوێ هاوڕێیەکی لە جڤاتێك دا و لەبەردەمی خەڵکی دا پێی گوتبێ تۆ ترسنۆکیت... دەبینی ئەو کابرایە هەموو شتێ لە دنیا دا لەبیر دەکات، جگە لەوەی پێچەوانەی ئەو قسەیە بسەلمێنێ، هەموو هەوڵێکیش دەقۆزێتەوە تاکو ڕادەی ئازایەتی و دلێر و بەهێزی شان و باهۆی خۆی تیادا دەربخات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین نکۆڵی لە جیاوازی خەڵکی بکەین لەم ڕووەوە، هەندێ کەس هەیە کەمتر لەکەسانی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەری وشە ڕەفتەنیەکانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشە ڕەفتەنیەکان بەسووك نازانێ و بەهەر جۆرێ لەجۆرەکان لەیادەوەری دا دەمێنێ ... دەگونجێت بڵێین هەر چەندە مرۆڤ کاملتر و پێگەیشتووتر بێت و داناتر بێت، کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ناسازەدانی کۆمەڵایەتییەوە... خوداش هەرگیز مرۆڤێکی دروست نەکردوە پێگەیشتن و دانایی کامڵ بێ.

خود و کەسانیدی:

توێژینەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان لایەنگری ئەم قسەیەن کە دەڵێ: خودی مرۆ لە بۆشایی دا هەڵنەواسراوە، بەڵکو پێوەندیە بە تیی هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی

کەسانی دیکە دەربارەی هەیانە... تۆ هەست دەکەیت خەڵکی سەرنجت دەدەن، بۆیە بەو بەهایانە خۆت ڕوکەش دەکەیت کە خەڵکی تۆی پێ دەبینون، جا ئەگەر خەڵکی بەچاوی سەرسامی سەیریان کردیت، یاخود خۆت پێت وابوو بەو چاوە سەیرت دەکەن، لووتت بەرز دەکەیتەوە و، وادەزانی بوویتە مەزنە پیاوێکی بەڕێز...

خود و کەسانی دیکە، وەکو مامۆستا (کولی) دەڵێت: "دووڕووی یەك ڕاستین و پێکەوە لەدایك دەبن، کەواتە خودبوونی نابێ بێ بوونی وێنەیەکی کەسانیتر کە سەرنجی خودەکە بدات"[٦]

کەواتە ئەو کەسە هەڵەی کردوە کە پێی وایە هەرگیز خود گرنگی بەکەسانیتر نادات... چونکە گرنگیدان بە کەسانیتر مەرجێکی پەیوەستە بۆ دەرکەوتنی خود لەمرۆڤ دا.. وەلێ ئەم گرنگی پێدانە لە نێو ئەست دا حەشار دەدرێت، ئیدی خاوەنەکەیشی بەهەڵە، واگومان دەبات کە بوونی نیە.

لەوانەیە کەسێك دەمدرێژی بکات و بڵێ تەنها لەبەر خودا هەقیقەتی خۆش دەوێ و هەق بەسەر خودی خۆیشی دا هەڵدەبژێرێت... ئەمەش درۆ و ڕوپاماییە لە زۆربەی کاتدا... هەر ئەو کەسە بەر لە هەموو شتێ خۆی خۆش دەوێ، وەلێ ئەو خودەی ئەم خۆشی دەوێت لە سەر بنەمای تێڕوانینی خەڵك بۆی دروست بوە... کاورای دەشتەکی ڕەنگە لەسەر یەك فلس بتکوژێ.. ئەمەش لەکاتێکدا فلسەکەی بەتۆپزی لێ بسەنی، چونکە لەو کاتەدا پێی وایە لە دیدی خەڵکی دا لاوازە... کەچی هەندێ جاریتر هەمان کابرای دەشتەکی هەموو ماڵ و سامانی خۆی لەپێناوت دا خەرج دەکات یاخود لەپێناوت دا خۆی بەکوشت دەدات... نهێنی ئەمەش لەوە دایە، کە کابراکە شانازیەك لەو پارە و پول سەرف کردن و خۆبەکوشت دانە دا بەدی دەکات و پێی وایە هۆزەکەی بەستایش و سەرسوڕمانەوە باسی دەکەن.

هەر مرۆڤێکیتریش بگری هەر وایە، هەندێ جار گوێبیستی گوفتار و پروپاگەندەکانی دەبیت و پێت وایە لە ڕەفتارەکانی دا لۆژیکیە، کەچی لەراستی دا کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو ئامۆژەدانەی کە لەماڵەوە یاخود لە دیوان یان قاوەخانە و بازاڕ دا بەسەری دا سەپێنراوە...ئەو خەوتوە و تۆیکە بەبێداری دەژمێریت...تەنانەت

زۆر جیاواز نیە لەو کابرا داماوەی کە ئاماژەمان پێدا لەکاتی خەواندنەکەی دا تا لەکاتێکی دیاری کراو دا سەما بکات... ئنجا کاتێ ساتەوەختی دیاریکراوی سەماکەی هاتە پێشێ دەستی کردە لەرزاندنی شان و کەمەری بێوەی شەرمێ بکات!!.

بێهودەیی ئامۆژگاریە باڵاکان:

لەدێرزەمانەوە واعیزەکان راهاتوون لەسەر رۆکردنی ئامۆژگاری گەلێ بەنرخ و باڵا بەسەر گوێگرە بەرێزەکاندا... گوێگرەکانیش بەتامەزرۆییەوە گوێیان بۆ دەگرن، ڕەنگە لەدوای تەواوبونیشی بە واعیزەکە بێژن: (ئافەرین، خودا بە فەرت کات)... بەڵام هەر کە لە جێگەی ئامۆژگاریەکە چونە دەرێ دەگەڕێنەوە سەر ئاینە کۆنەکەیان... و زۆر جاریش خودی واعیزەکەش لەگەڵیاندا دەگەڕێتەوە سەر ئاینە کۆنەکە!!

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ لەرەفتاری دا شوێن ئەو ئاماژانە دەکەوێت کە بەها کۆمەڵایەتیەکان ئاراستەی دەکەن. بە دەربڕینێکیتر: کارێ دەکات کە خەڵکی لێیان دەوێت... جا گەر واعیزەکان ئامۆژگاری و ئاراستەکاریەکانی پێغەمبەران و ئەولیاکانی بدەنێ، لەبەریان دەکات، لەوانەیە لەکاتی پێویست دا ئەو ئامۆژگاریانە بگوێزێتەوە بۆ کەسانیتر، بەڵام هیچ سڵ ناکاتەوە لەوەی پێشێلی ئاراستەکاریەکان بکات، هەر کات هەستی کرد لە مل کەچ بونی دا بۆ ئەو ئاراستەکاریانە سوکایەتی تێدایە.

لەمێژە عارەو گوتویانە (ئاگر باشترە لە ئاتەواوی و لەکە)، تا ئەمڕۆکەش زۆربەیان هەر وا دەڵێن.

کابرایەك ئاشنامە، یەکێکە لەو کەسانەی زۆرترین ڕەخنە لە مارەیی زۆر و گران دەگرن ئەو وا دەبینێ مارەیی گران زیان لەکۆمەڵگە دەدات وسیستەمی خێزان دەرمێنێ... زۆربەی جار باسی شووکردنی (فاتیمەی کچی پێغەمبەر)ی دەکرد کە چۆن مارەییەکەی زۆر کەم بووە... وا دیارە ئەم قسانەی لەوتاربێژانی سەربڵندگۆکانەوە بیستبوو، وەکو توتی دەیگوتەوە.

ئنجا سەرە هاتە سەر مارەکردنی کچەکەی خۆی، کەچی هەر ئەو کابرایە داوای مارەیی گرانی کرد، تەنانەت بەرادەیەکی زۆر سەیر، سەرنجی وردەکاریەکانی

تەدارەکەکەی دەدا... ئەو ئیشەشی هیچ جێگەی لۆمە نیە... چونکە لەو کاتەدا لە ژێر کاریگەری ئەو ئامازەدانە بەهێزە دابووە کە لەلایەن ژنە بەڕێزەکەیەوە لە ماڵەوە سەپێنرابوو بەسەری دا.

ژنەکەی گەرەکیەتی بەتەدارەك و شوکردنی کچەکەیەوە شانازی بکات لای هاوەڵ و هاودەمەکانی، کچەکەیشی بەڕۆڵی خۆی حەز ناکات لە هاوشانەکانی خۆی کەمتر بێت لەمەسەلەی مارەیی دا... برادەرەکەشمان ناتوانێ دەرباز بێ لەو چوارچێوە فیکریەی کە زینگە تایبەتەکەی پێیەوە پابەندیان کردوە.

پوختەی قسان:

لەوەی رابورد ئەوەمان دێتە چنگ، کە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا وەك کەسێك وایە لە ژێر کاریگەری خەواندنی موگناتیسی دابێت... خەوێنەری سەرەکیش کۆمەڵگەیە، بە هەموو ئەو بەها و نەریت و ئامازە هەمەڕەنگانەوە، کە تیای دان.

کەواتە پێغەمبەری خودا ڕاستی فەرموە کە دەڵێت:

(خەڵکی نوستون، کە مردن وە ئاگا دێنەوە).

پەراوێزەکانی بەشی پانزده:

١ـ ئەم بەشە و بەشی دواتر، لەدەست نوسێکی نوسەرەوە وەرگیراوە بە ناوی (الشخصية البشرية).

٢ـ بنوارە: Life Magazine, Vol 22. No.6, p 69

٣ـ بنوارە: سلامة موسي، عقلي و عقلك، ل ١٣٤.

٤ـ بنوارە: Lewis, psychiatric Movement, p 167

٥ـ بنوارە: Young, Personality, P 765

٦ـ بنوارە: Dawsonand Getty, Sociology. P 85

بەشی دوانزدەیەم:

خەونە کێشۆتیەکان

خۆش ویستنی خود:

لەبەشی پێشوودا، باسمان لەوە کرد کەمرۆڤ خۆیی خۆش دەوێت و دەخوازێت لەدیدی خەڵکی دا پلە و پایەی بەرز بێت... خوداوەند بەدەگمەن نەوێ مرۆڤێکی دروست نەکردوە کە خۆیی خۆش نەوێت و هەوڵی بەرز بونەوەی خۆی نەدا.

خەڵکی لە ئاقار سروشتی ئەم حەزی بەرز بونەوە کۆمەڵایەتیەدا جیاوازن. هەیانە دەخوازن لە ڕوی پاڵەوانێتی جەنگیەوە لە دیدی خەڵکی دا بەرز و گەورە بن... هەشیانە ئارەزووی ناوبانگی زانستی یان پلە وپایە یان ناوبانگی ماڵ و سامان و ... هتد دەکەن. هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو بەها و پێوەرانەی کە ژینگە کۆمەڵایەتیەکان لە هزری تاك دا دەیچێنن... بەمەش گرێیەکی دەروونی لەو تاکەدا دروست دەبێت، ئیدی بەهەموو شێوەیەك هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو بەهایانە دەدات.

ئەگەر ویستت کلیلی کەسێتی هەر کەسێ بدۆزیتەوە، ئەوا بگەڕێ بە دووی ئەو گرێیە دا کە بەسەر دەروونی دا زاڵە.. ئیدی کەم و زۆر سەرکەوتوو دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵی دا یان لە ئاراستەکردن و قەناعەت پێکردنی دا.

ئاژەڵی کۆمەڵایەتی:

لەبەردا مرۆڤ ناونرابوو (ئاژەڵی کۆمەڵایەتی) [1]

گومانیان وا بوو، ئەقڵ کردارە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکات... کەچی بەم دوایيانە ناراستێتی ئەم بۆچونە دەرکەوت.

ڕاسترە گەر مرۆڤ ناو بنێین (ئاژەڵی کۆمەڵایەتی) لەبری (ئاژەڵی ژیر)... چونکە مرۆڤ تەنها بە چاویلکەی ئەقڵ سەرنجی مەسەلەکان نادات... بەڵکو بە چاویلکەی بەها

کۆمەڵایەتیەکان و گرێدەرونیەکانی نێو قوڵایی ئاوەزی ئاوەکی لەئافار ئەو بەهایانەدا، سەرنجی مەسەلەکان دەدەن.

رۆژێکیان تاقیکردنەوەی یەکێك لەو پۆلانەم کرد کەخۆم وانەی تێدا دەڵێمەوە... ئەم پرسیارەم ئاراستە کردن: (ئەگەر بەلگەیەکی بەهێزت بینی پێچەوانەی بۆچوونی خۆت بوو، ئایا قەناعەتی پێ دەکەیت یان نا؟ و بۆچی؟) وەڵامی زۆربەشیان ئەوەیە کە دەست بەجێ قەناعەت دەکەن بەبەلگەی بەهێزە بەرەنجامی تاقیکردنەوەکەش ئەوە بوو کە بەداخەوە هەموویان کەوتن.

گرفتی ئەوانیش وەك زۆربەی خەڵك، ئەوەیە کە وا دەزانن ئەگەر هەر بەلگەیەکی بەهێزیان بینی قەناعەتی پێ دەکەن، ئیتر لەبیریان چوە کە بەهێزی بەلگە شتێکی رێژەییە، ئەو بەلگەیەی کە دەگونجێت لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتی و گرێ دەرونیەکانیان دا، لەدیدی ئەواندا بەهێز و ماقوڵە و دوودڵیەکی تێدا نیە.وەلێ گەر بەپێچەوانەشەوە بوو ئەوا هیچ و پوچ و ناماقوڵە و تەنانەت ئەگەر (جوبرائیل)یش هێنابێتیە خوارەوە.

دۆن کیشۆت:

بەسەرهاتەکەی دۆن کیشۆت بەناوبانگە... چیرۆکەکە لێهاتوویی و بلیمەتی نوسەری ئیسپانی (سرفانتس) دای هێناوە... ئنجا خەڵکی لە نێو یەکدا گواستیانەوە تاکو لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای دنیا دابوونی پەیدا کرد و وەرگێڕدرایە سەر زۆرینەی زمانەکان.

بەراستی ئەو بەسەرهاتە چیرۆکێکی بەکەڵکە و وێنەیەکی جوانی سروشتی مرۆڤمان دەداتێ. لە زیادەرۆیش بەدەر نیە... بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا وێنای وەهم و خەونەکانی نێو ناخمان دەکات... ڕەنگە هەر ئەمەش نهێنی بڵاوبونەوەی بێت لەنێو زۆربەی نەتەوەکان دا.

بە پێی رۆمانەکەی (سرفانتس)، دۆن کیشۆت بەر لە (٣٥٠) ساڵ لە ئیسپانیا دا ژیاوە، کۆمەڵگەی ئیسپانی لەو کاتەدا شەیدای ئەو سوارچاکە زرێپۆشانە بوون کە جەنگی دوژمن دەکەن و بەرەڤانی لە لاواز و ئافرەتەکان دەکەن... ئەو سوارچاکانە بونە جێی

سەرنج و پێشڕەوی ئەو كەسانەی دەیانویست ببنە خاوەنی پلە و پایەی بەرزی كۆمەڵایەتی.

دۆن كیشۆت بەخت یاوەری بوو، كە ببێتە یەكێك لەو كەسانەی حەزیان لە سوارچاكی‌یە، لەبارەی سوارچاكانەوە دەیخوێندەوە و حەزی دەكرد یەكێك بێت لەوان... لەو ژیانە پەست و فەرامۆش كراوەی كە هەیبوو بێزار ببوو، بۆیە حەزی دەكرد بچێتە سارا و شمشێرەكەی هەڵكێشێت و كارگەلێ مەزن جێبەجێ بكات، لەو كارانەی كە سوارچاكە شمشێر بەدەست زرێ پۆشەكان دەیكەن ،دۆنكیشۆت كەسێكی لاوازوو بێتوانابوو ، ئەسپێكی لاتۆكەیشی هەبوو ، ئینجا لەسوچێكی ماڵە كەیدا زرێیەكی كۆنی بێ فەڕی دۆزیەوە، وەڵێ هەموو ئەمانە نەبونە ڕێگری لەوەی بە كاری پڕلە سەروەرۆیی هەستێ.

دەستی برد زرێكەی چاك كردەوە، ئنجا سواری ئەسپەكەی بوو و دەپەڕیە دەرێ و داوای كرد لە خەڵكی بێن لە بەرانبەری دا بجەنگێن.. لێرەوە چیرۆكە مەزنەكەی دەست پێ دەكات، بەو جۆرە ئەو برادەرە هەژارەمان بوو بە یەكێك لە گەورەترین سوارچاكانی سەر ڕووی زەمین.

ژیانی گۆڕا و بوە خەونێكی قەشەنگی مەزن، هەرچی بویستایە بە خەیاڵ بۆ خۆی دروست دەكرد (دەربڕینی وەرگێڕ) جۆنی پێخۆشبوایە وەهای ڕاڤەی دیاردەكان دەكرد... ئەگەر شڤانێ فووی بەشمشاڵەكەی دا بكردایە تاكو پەزەكانی بانگ بكاتەوە... ئەو برادەرەمان وای دەزانی گەڕەنای سەربازێكە و لە قەڵایەكەوە بەخێرهاتنی ئەم دەكات... یان گەر مێگەلێكی بدیبا، وای دەزانی لەشكرێ زەبەلاحە و بەرەو ئەم ڕێ دەبڕن... بۆیە دودڵیش نەدەبوو لەوەی دابارێتە سەر ئەو لەشكرە و بە ڕاست و چەپدا قەتڵ و عامیان بكات.

جارێكیان وا رێكەوت (ئاشی هەوایی) بینیبوو، ئەم وای هەست كرد خێوە زەبەلاحەكانن (دەربڕینی وەرگێڕ) و داوای ڕووبەڕووبونەوەی لێدەكەن ، ئەوە بوو هێرشی كردە سەر یەكێكیان و دەستی كرد بە شەڕ لەگەڵی دا، تاكو لەسەر ئەسپەكەی بە خوێناو ئی كەوتە خوارێ.

بەو جۆرە (دۆن کیشۆت) خەریکی کارە پڕ لەسەرەڕۆییەکانی بوو، هەندێ جار سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و هەندێ جاری دیکەش شکستی دەخوارد... هەر دەبێ وابێ ... سوارچاکی دەرهاتوو، شکستیشی لەبەرە، وەك چۆن سەرکەوتنی لەبەرە... وەك عەرەب دەڵێ (یوم لەو یوم علیە)... کوردیش دەڵێ: (سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار ـ دەربڕینی وەرگێڕ).

بەهەر حاڵ ئەو شادومان بوو بەو توانا و هێز و پیاوتیەی خودا پێی دابوو، واشی گومان دەبرد کە ئازایەتی و کارە دلێرانەکانی وی بونەتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری خەڵکی ... ئەمە لەکاتێکدا خەڵکی پێی پێ دەکەنین.

دۆن کیشۆتی بەغدادی؛

ئیسپانیا تاکە وڵات نەبوو لە هەبوونی (دۆن کیشۆت) دا، بەڵکو هاوشێوەی ئەو لە زۆربەی وڵاتەکاندا هەبوو.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی دا لە (بەغداد) پیاوێك بە دەرکەوت کە زۆر ئاشکرایە و تا ئێستەش خەڵکی (بەغداد) باس و خواسەکانی دەگێڕنەوە.. ئەو پیاوە گرگنێکی ڕیوەڵە بوو... کەچی دەشی ویست یەکێك بێت لەو دز و جەردە بەهێز و بازوانەی کە کۆمەڵگەی عێراق ڕێزیان دەگرن.. ڕەنگە کت و مت ئەم پەندەی بەسەر دا بچەسپێت کە دەڵێت: (اضربوني میە و احسبوني من الحرامیە) واتە (سەد دارم لێ بدەن و بەدز حسابم بکەن). ئەوپیاوە بەوە ناسرابوو کە دوو دەمانچەی گەورەی لەبەر پشتێنەکەی دا هەڵدەگرت، هەر کات قسەیشی بکردایە، وتەکانی خاڵی نەبوو لە باسی کوشتن و بڕین و دەست درێژی کردنە سەر خەڵك و تاڵان و بڕۆی ماڵان... ئەو کردەوانەشی بەجێگەی شانازی دەزانی... هەر جارێ ڕوداوێکی کوشتن یا خود دزیەکی گەورە ڕوی بدایە، ئەو کابرایە دەچوە بنکەی پۆلیس و لەخەڵکی دەپرسی: ئایا ناوی لە ڕیزی دز و پیاوکوژەکاندا هاتوە؟

یەکێك لەو کەسانەی جێگەی متمانەن، باسی ئەو پیاوەی بۆ کردم کە چەندە حەزی لەوە کردوە لە (قلعة) دا زیندانی بکرێ. بۆ ئەوەی کە هاتە دەرێ لە زیندان، خەڵکی

نازناوی (قلعلي ـ قەلایی) پێ ببەخشن، وا دیارە ئەو نازناوە لەو ڕۆژگارەی بەغدا دا، هاوشانی نازناوی (سوارچاك) بووە لەرۆژگارەكانی (دۆن كیشۆت)دا... ئەم برادەرە بەغدادیەشمان چەندین جار چوەتە دادگا و لەبەردەم دادوەردا دانیناوە بەوەدا كە لە فلان كێشەدا ئەو بكوژەكەیە یان دزەكەیە، بەلام دادوەر تەنها یەك ڕۆژیش سزای زیندانیكردنی بەسەردا نەئەدا، بۆیە برادەرەكەشمان بەنائومێدی دەگەڕایەوە دواوە.

خەلكی دەلێن: "زیندان بۆ پیاوانە"، بۆیە ئەویش خوازیاری ئەوە بوو پیاوی بێ لەنێو پیاوان دا، بەلام دادوەر هەموو جارێك سوور بوو لەسەر ئەوەی بە بێتاوان لە قەلەمی بدات، هەروەك ئەوەی نەیەوێت برادەرەكەمان ئەو نازناوەی دەست بكەوێ.

بۆ بەدبەختیشی كەسێكی زۆر ترسنۆك و نەوێر بوو، بەڕادەیەك هەر هاوار و قیژ و هوڕێكی ببیستایە كە ئامازەی بونی دز بوایە لەگەڕەكەیاندا، ئەم لە كونجی ژوورەوە خۆی حەشار دەدا، تاكو یان دزەكە ڕای دەكرد یاخود دەستگیر دەكرا، ئیدی ئەم هەر دوو دەمانچەكەی هەلدەگرت و ئەهاتە ناو خەلكەكە و هاواری دەكرد: كوا دزەكە؟ پێم بلێن بەرەو كوێ ڕۆشت؟ ... هتد.

ئەو برادەرەشمان وەكو (دۆن كیشۆت) بەدرێژایی تەمەنی لەخەو بینین دادەژیا، وای بە خەیالٌ دا دەهات كە لەدیدی خەلكی دا بەیەكێك لەو پالەوانانە دەژمێردرێت كە بە ئەنگوست ئامازەیان بۆ دەكرێ، ئەوە لەكاتێكدا خەلكی گالتەیان پێدەكرد، بێئەوەی بەخۆی بزانێ.

ئیستا لە (كازمیە) پیاوێك دەژی كە لەهەمان مۆدێلی (دۆن كیشۆتی بەغدادیە)، بەلام ئەم ڕێگەیەكیتری گرتۆتە بەر بۆ دەست كەوتنی پلە و پایەی كۆمەلایەتی... ئەمیش كابرایەكی ناشیرین و زۆر ڕەشە... هەمیشە بەپێخاوسی بەبازاڕ دا دەگەڕێت و (كوتەك) ێكی گرتوە بەدەستیەوە، زۆریش سەردانی بنكەی پۆلیس دەكات، خۆی بەدەمڕاستی لای میری دەزانێت... هەر ڕوداوێ لەو شارۆچكەیە ڕو بدات ئەم كابرایە لەگەلٌ خەلكەكەدا دەچێتە بنكەی پۆلیس، تا بزانێ مەسەلەكە چیە و چۆن چارەسەری بكرێ.

ئەو خۆی بەیەکێک لەپایەکانی ولات دەزانێ، کە ئەگەر ئەو نەبێت کوشت و کوشتار و دوژمنایەتی لەنێو خەڵك دا زۆر دەبێت... زۆرجار بیرتیژی و لێزانی ئەم ، خەڵکی لەگێروگرفت و بەلا و نارەحەتی رزگار دەکەن... گەورەترین گرێی ئەم کابرایە ئەوەیە کە خۆی بەیەکێك لە رێبەرانی (مەهدی ئاخرزەمان) دەزانێ ،هەر لەبەر ئەوەشە هەڕەشەی زۆر توند و تیژ دەکات لەناپاك و فاسق و ستەمکارەکان، بەوەی لەبەدەرکەوتنی مەهدی دا سزای سەختیان دەدات... لەو رۆژەدا کۆت وپێوەند دەکاتە دەستیان و بەرەو سێدارە و زیندانەکان ڕاپێچیان دەکات.

کاتێ بە بازاڕ دا دەڕوات یان لە چاخانەیەکدا دادەنیشێت، وادەزانێ خەڵکی بەچاوی سەرسوڕمان و ڕێزەوە سەیری دەکەن... ئنجا دودڵیش نیە لەوەی (کوتەك) بەرز بکاتەوە و هەڕەشەی پێ بکات. لەهەر کەسێك کە بڕی پێ دەکەنێت ، یان گومان دەکات لە گەورەیی ئێستا یان داهاتووی.

ماهیەیەتی خەونە کیشۆتیەکان:

ئەو حاڵەتەی کە لەهاوڕێ کازمی‌یەکەمان و، برادەرە بەغدادیەکەی دا بینیمان دروستە بە جۆرێك لەخەون لەقەڵەمی بدەین... ئەم جۆرەی خەون، ئەز ناوم ناوە (خەونە کیشۆتیەکان)... تابە ناوی دۆن کیشۆتی ڕەحمەتیەوە بناسرێت.

ئەم خەونانە، بەوەدا لەخەونەکانی بێداری جیا دەبنەوە، کە ئەمی یەکەمیان کۆنترۆڵی هەموو ژیانی مرۆڤ دەکەن و، وا دەکەن ئەو مرۆڤە ئەو جیهانە بۆ خۆی دروست بکات کە حەز دەکات تیای دا بژی.. بەو جۆرە هەموو تەمەنی دەبێتە خەونێکی بەردەوامی بێبچڕان.

ڕەنگە ڕاستیش بێ ئەم خەونانە جۆرێك بن لەشێتی، بەڵام خاوەنەکەی لە تاکە ڕویەکەوە لەشێتەکانی‌تر جیاوازە.. ئەویش لەو ڕووەوە کە ئەم دەتوانێ رۆزی خۆی و ماڵ و منداڵی پەیدا بکات.. وەکو هەر ئاقڵێکی‌تر... زۆربەی جار لە کاروبارە خێزانی و بژێویەکانی‌دا ڕێڕەوی خەڵکانی‌تر دەگرێ... لەو ڕووەوە کەمێ نەبێ ئیتر (شزوز)ی تێدا نابینرێ... بەهەر حاڵ ئەو (شزوز)ەش ژیانی کۆمەڵایەتی گەورەی لێناکەوێتەوە.

هەمومان دۆن كیشۆتین:

كاتێ چیرۆكی دۆن كیشۆت یان هاوشێوەیەكی دەخوێنینەوە، پڕ بەدەممان پێدەكەنین، وادەزانین خۆمان وا نین، بەلام ئەگەر بەشێوەیەكی بابەتی لەخۆمان بكۆڵینەوە، بۆمان دەردەكەوێ ئەو رایەمان هەڵە بووە.

چیرۆكەكەی (دۆن كیشۆت) هیچ نیە، جگە لەوێنەیەكی قەبەكراوی هەر مرۆڤێ، هەر یەكێ لەئێمە لەناخی خۆیدا وێنەیەكی ئەندێشەیی بۆ خۆی داناوە ، وێنە یەك گەورەتر لەوەی لە واقع دا هەیە، بەلام لە ناخی دەروونی دا دەیشارێتەوە و حەز ناكات خەڵكی زانیاری زۆریان لەبارەیەوە هەبێ... ئەو وێنە ئەندێشەییەش بەگۆڕانی گرێی دەروونی نێوناخی هەر كەس دەگۆڕێت... گەنجێكی هەرزەكار وادەزانێت بەپێكەوتویی و جوانیەكەی بوەتە خواوەندی ژنان... مامۆستای زانكۆش وا دەزانێت لە زانست و زانیاری دا گەشتۆتە پلەیەك كە هیچ كەس شان نادات لە شانی... كابرای فەقیهیش خۆی وا دەبینێ كە لەدنیانەویستی و ئیجتهاد دا لەپێشی هەموانەوەیە، وەزیریش وا دەزانێ مەزنترین سیاسەتمەداری دونیایە لە لێزانین و دڵسۆزی دا، نوێنەری پەرلەمانیش خۆی بەنوێنەری گەل و كۆڵەكەی رای گشتی دەزانێ، نوسەریش وا دەزانێ خوێنەران دەتوێنەوە بۆی...هەر یەكێكیش بگری كە باسمان كردن ئەو وتانەیان لەبەر كردوە كە لە ستایش كردنی دا، گوتراون.. ئەگەر خەڵكی دواندیان و بەمەزنیان ناوزەد كرد، ئەوا دەڵێ ئەو خەڵكە بەڕێزن و دان بەهەق دا دەنێن و لەهەقیش دا لەلۆمەی لۆمەكاران ناترسن... بەلام گەر بەرەخنەگرتنی تاڵ بەرەو ڕوی بونەوە، ئەوا پێیان دەڵێ ئەو خەڵكە ناچیزە و رژدن، نەفرەتی خوایان لێبێت.

هەر مرۆڤێ بێزنگێ دەرونی تایبەتی هەیە و دیاردەكانی دەوروبەری خۆی پێ لە بێژنگ دەدات، تەنها ئەو ڕوانەی لێ وەردەگرێت كە پێی چاكە و چێژی لێ وەردەگرێ... بەوەش لەخەونێكی بەتام و چێژدا دەژی و حەز ناكات هیچ كەسێكیش لەو خەونە وەئاگای بێنێتەوە.

ئەوانەی گرێی ناتەواویان هەیە :

هەندێ خەڵکیتر بیرێنگەکەیان پێچەوانەیە، تەنها ئەو دیاردانە وەردەگرن کە خراپە بۆیان و زیانیان لێ دەدات، ئەو جۆرە کەسانە نەخۆشن، کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەکەم سەیری کردون و ئازاری داون، بۆیە ڕاهاتون لەسەر ئەوەی جگە لەئازار و سوکایەتی هیچ لە کۆمەڵگەوە وەنەگرن... لەڕاستی دا ئەمانیش سەرسامن بەخۆیان و حەز دەکەن زانست و پلەوپایەیان هەبێ... بەڵام پێیان وایە بۆ غەیری سەردەمی گونجاوی خۆیان دروست کراون و خەڵکیش ڕێزی تەواوی خۆیان لێناگرن... ئەم باوەڕەشیان وایان لێ دەکات لەژیانی واقعی دابڕێن و لەخەونە کیشۆتەکانیان دا زۆر بە بڵندیەوە بفڕن.

ژیرەکان بەدبەخت دەبن :

لەگەڵ ئەوەشدا نکولی ناکرێ لەبوونی کەسانێك، کە ئەزمونەکانی ژیان پەندی داداون، برێکی زۆری بیرتیژی و زیرەکیان پێدراوە، بۆیە لەو خەونەی تێیدا بوون وەئاگا هاتونەتەوە، هەر چەندە بەژمارە کەمن.

ئەو کەسانە دنیا بەڕوت و قوتی دەبینن، و بڕی پێ دەکەنن، لەنێو ئەو پێکەنینەش دا هەندێ تازێ باریشیان هەیە، وەلێ لەوە بەدەر بێ ئیدی بەدبەختن. دەبینین یەکێ لەو (بەدبەختانە) زۆر باش دەزانێ نوکتە لەسەر خۆی و خەڵکیش بێنێتەوە، کەسەرنجی ژیانیش دەدا، دەبینێ زنجیرەیەك ناچوینەکیە... ئاواتە خوازیشە وەك هەر کەسێکیتر خەوتوو و فێڵ لێکراو بێ.. چونکە خەون زۆر بەسودترە بۆ مرۆڤ لە حەقیقەتی تاڵ.

لەوانەیە مرۆڤ وای پێ باش بێ کە لەهەمان تەرزی (دۆن کیشۆت) بێ و لەگەڵ (ئاشە هەواییەکان)دا بجەنگێ، نەك لەتەرزی ئەو زیرە بیرتیژانە بێت کە نهێنی خۆی و نهێنی ئاشەهەواییەکان دەزانێ.

پۆخڵەواتی مرۆیی:

مرۆڤ وا ڕاهاتوە ، تێبینی ئەو کردارە چەوت و پوخڵەواتانە بکات کە لە غەیری خۆیەوە دەردەکەون و ڕەخنەیان لێ بگرێ و گاڵتەشیان پێ بکات... ئیدی نازانێت خۆشیی دووچاری هەمان دەردە... هەرچەندە خۆیی خۆش دەوێت و دەخوازێت بەهەر بەڵگە و پاساوێك بوە ، کردەوە ناشیرینەکانی خۆی و خۆشەویستەکانی پاساو بدات... بەڵام ناحەز و دوژمنەکانی لەدیدی وی دا لەهەرەخەڵکە هیچ و پوچ و پۆخڵەواتەکانن.

پێ دەچێ یەکێك لەنێمە لەئاهەنگێك دا وتارێك دەدات، دەستی بەهەوادا بەرز دەکاتەوە و ملی دەلەرزێنێ و دەنگی خۆی دەنەخشێنێ و بەرز و نزمی دەکات، خەڵکیش بەسەر سامیەوە سەرنجی دەدەن، ئەمیش لای خۆیەوە وا گومان دەبات ئەو خەڵکە خەریکە دەتوێنەوە لەسەر سامیاندا بەم و بەو نیگایەی دادەبەزێتە سەری.

کەئاهەنگەکە تەواو دەبێ، برادەرەکانی لێی کۆ دەبنەوە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی ، دەربارەی ئەو وتارە سازگارەی پێشکەشی کرد، ئینجا بەدڵخۆشیەوە دەگەڕێتەماڵەوە، زۆر شادومانە بەو پلە بەرزەی خودا پێی داوە... ئیتر هیچ ئاگای لەوە نیە ڕکابەر و ناحەزەکانی لە کاتی ئائامادەیی ئەمدا چی دەربارەی دەڵێن... ئەگەر بزانێ چی پێ دەڵێن ، چێژی خەوی لێ هەڵدەگیرا.

ئەو واسەرنج لەخۆی دەدا، وەك چۆن دڵداری سەرنجی خۆشەویستەکەی دەدات، بەڵام ناحەزەکانی لەگۆشەنیگایەکیترەوە سەیری دەکەن، ناحەزەکانی ڕقیان لێیەتی و ئارەزوویەکی شاردراوەشیان هەیە بۆ وەی تۆڵەی لێ بکەنەوە و لە پلەوپایەی دابەزێنن... هەر لەبەر ئەوەش ، هەر جموجوڵێك لەکاتی وتاردانەکەی دا دەیکات، ئەوان ڕاڤەیەکی نەشیاوی دەکەن.

ناحەزەکانی ئەو بەهیچ و پوچ ناوزەد دەکەن.. گەر ئەمیش لە جێگەی ئەواندا بوایە و یەکێك لەوان وتاردەر بوایە هەر وای دەکرد... ئەم خەون دەبینێت و ئەوانیش وەك ئەم خەون دەبینن... زۆر جاریش بەو هۆیەوە لەنێو خەڵکی دا ڕاستی بزر دەبێت...

ئەرکی موجامەلە کۆمەڵایەتییەکان:

خەڵکی لەژیانی کۆمەڵایەتییان دا ڕاهاتون لەسەر ئەوەی موجامەلەی یەکتری بکەن و... ئیدی دوای ئەوەش گرنگ نیە گەر باسی یەکێکیان بکەن بەجۆرێکی پێچەوانەی ئەوەی لە ئامادەیی خۆی دا پێی دەڵێن... ئەم دیاردەیەش لای خەڵکی بە (لەپاشملەباسکردن... غەیبەت) ناسراوە...

شیاوی ئاماژەپێدانە کەبڵێین: لەپاشملە باسکردن، لەهەر کوێ مرۆڤ بونی هەبێت ئەویش بونی هەیە، بەڵام بەگوێرەی ئاڵۆزی شارستانیەت ئەویش کەم و زیاد دەکات، تاچەندە شارستانیەت ئاڵۆز بێت ، هێندەش خەڵکی بەکاروباری خۆیانەوە سەرقاڵ دەبن نەك کاروباری خەڵکیتر، وەلێ هەر چۆن بێ، غەیبەت هەر هەیە و هیچ جێگەیەکی لێ خاڵی نیە.

هەر مرۆڤێ بگری کەم تا زۆرێ غەیبەت دەکات، بەڵام سەیر لەوەدایە مرۆڤ کە غەیبەت دەکات پێی وایە خەڵکی لەپاشملە باسی خۆی ناکەن، لای وایە خۆی لەهەموو ڕویەکەوە تەواوە، خەڵکی هیچ ناتەواویەکی تێدا نابینن تاکو لەپاشملە باسی بکەن، بۆیە زۆر تورە دەبێ کاتێ فیتنەیەك باسی ئەوەی بۆ دەکات کە لە بێئاگایی ئەمدا خەڵکی چۆن بەخراپە باسیان کردوە... بەڵام ئەو ئەگەر دادگەر بوایە دەبوا لە فیتنەکە تورە بوایە.

کاتێ دەبینێ خەڵکی موجامەلەی دەکەن، وا دەزانێ لە نائامادەیی خۆیشی دا هەر وان، ئەمە لەکاتێکدا خۆیشی وا دەبێ موجامەلەی یەکێك دەکات و لەپاشملەش باسی بەخراپ دەکات و هیچ شەرمەندەش نابێ.

هەر چۆن بێ، موجامەلە کۆمەڵایەتیەکان سودبەخشن بۆ مرۆڤ چونکە وێنەیەکی جوانی خۆیی دەدەنێ، بەمەش وای لێ دەکەن توانای چەشتنی تاڵیەکانی ژیانی هەبێ.

لەبەرژەوەندی مرۆڤە وێنەیەکی جوانی خۆی وەرگرێ تاکو خۆویستانە بەرەو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی پاڵ بنرێ، هەروەها لەبەرژەوەندیشیەتی ئەو وێنەیە لە خەڵکی بشارێتەوە، تاکو ڕژدی کەسانیتر نەبزوێنێ، چونکە هەر یەکێکیتریش بگری وەك ئەم

وێنەیەكی جوانی خۆیی بۆ خۆی وێنا كردوە و نایەوێت هیچ كەسێ ركابەری بێت لەسەر ئەو وێنەجوانە.

ئەگەر بیەوێت خەڵكی ڕوی پێبدەن پێویستە لەسەری موجامەلەیان بكات... هیچ چاكە و خێرێك نیە لە ژیانێك دا خەڵكی تیای دا ڕاشكاو بن و بەبێ پەردە ڕاستیە تاڵەكان بدەن بەڕوی یەكتردا.

مەی و خەونە كیشۆتیەكان:

هەندێ جار، مرۆڤ بۆ ئەوەی فڕینی بەدوای خەونە كیشۆتیەكان دا پتر بێت، پەنا بۆ مەی دەبات... تایبەتمەندیەكی (مەی) ئەوەیە ، هەستی گرنگی دان بەكەسانیتر لەمرۆڤ دا لاواز دەكات، بەوەش دەتوانێت لەخەیاڵدا هەڵفڕێت و، بەو فڕینەش ئەو جیهانە دروست دەكات كە خۆی دەیەوێت.

ئەمەش لەو مەیخانە نزم و بێئەرزشانەدا ڕون دەبێتەوە كە خەڵكانی هیچ و پوچ و فەرتەنەچیەكان ڕوی تێدەكەن، بەتایبەتی لەم وڵاتە ئەمینەدا... زۆر جار توێژەر لەو مەیخانانەدا نمونەگەلێ ڕوت و قوتی سروشتی مرۆڤی دەست دەكەوێ.

هەر كات یەكێكیان لە مەیخانە دادەنیشت و كەمێك مەی دەخواتەوە، ئیتر لوتی بەرز دەكاتەوە، وەك ئەوەی بوبێتە ئەمیر، ڕەنگە بەگۆرانی گوتن دەست پێبكات، ئنجا واوەیلا بۆ ئەو كەسەی گۆرانیەكەی بەخۆش نەزانێ.

پاشان ئەو برادەرە هەرزەكارەمان دەچێتە دەرێ و هاوار دەكاتە خاوەن دوكانەكان: (خەڵكینە دوكانەكانتان دابخەن!) دەیەوێت ئەو خەڵكە مل كەچی فەرمانەكانی بن و دوكانەكانیان دابخەن، بۆ ئەوەی ئەمیش كە گەڕایەوە باسی ئەبەردی و پاڵەوانێتی خۆیان بۆ بكات.

هەندێ جار لەو مەیخانانەدا كەسانێكی بێدەنگ دەبینین، بەڵام ئەم بێدەنگیەیان پڕە لەگومان، چونكە لە ژێر بێدەنگیەكەیانەوە خەون گەلێ كیشۆتی گەورە شاردراونەتەوە، یان ڕەنگە لەو كەسانە بن كە میزاژی داخراویان هەیە، وایان پێ باشە

تەنها خۆیان چێژ وەرگرن لەخەونەکانیان بێئەوەی هیچ کام لەو (دەبەنگە ڕیسوا)یانەی لە لایاندان، بەشداری ئەو چێژ وەرگرتنەیان لەگەڵ دا بکەن.

خەونەکانی لاوان:

خەونە گیشۆتیەکان لای لاوان توندتر و سەختترن، ئەخاسمە لەنێو لاوە هەرزەکارەکاندا، زۆرینەی خەونەکانیشیان لەدەوری هەوەس و ئارەزووی سێکسی دا دەخولێنەوە. مێشکیان پڕ دەبێ لە ئەندێشە (ڕۆمانسی)یەکان، ئەو گەنجانە دەخوازن لەو کەسە زۆر قۆزانە بن کەدڵی کیژان لەبەردەم جوانیەکەیاندا تێك وپێك دەشکێ.

هەردەمێ کەیەکێکیان ئافرەتێ یان پۆلە ئافرەتێکی لەنزیکی خۆیەوە بینی، خێرا دەست دەکات بە توانج وەشاندن و کۆمەڵە جموجۆڵێکی "هیچ و پوچ" کەخۆی بەنیشانەی پیاوەتیان دەزانێ، ئەو هەم بوونی خۆی لەبیر دەکات و هەم بوونی ئەو پیاوانەی دیکەش کە لەدەوری دان... ئیدی وەك خەوتوویەکی لێ دێ کەلەم دنیایەدا هەست بە هیچ ناکات جگەلە خەونە بەتامەکەی خۆی. کە سەرنجی دەدەیت وادەزانی بوەتە مرۆڤێ‌تر. ئەدی ، ئەوبەر لەساتێ مرۆڤێکی ئاسایی بوو، بەسانایی و دوور لە زۆر لەخۆکردن، لەگەڵتدا دەپەیڤی.. ئنجا هەر هەست بەبوونی ژنێ بکات یەکسەر دەگۆڕێت، کەسایەتیەکی نوێی لێ دەردەکەوێت کە زۆر لەکەسایەتی (دۆن گیشۆت) دەچێت (یادی بەخێر).

ئەمەی گوتمان زۆر بەروونی لەسروتە ئاینیەکاندا دەردەکەوێ، کاتێ ژنان لەنزیکی گۆڕستان یان مەزارگە پیرۆزەکاندا گرد دەبنەوە..لەم کاتەدا گەنجەکان دەست دەکەنە سوڕانەوە بەدەوری ژنەکان دا، بەوپەڕی مۆدێلیش خۆیان ڕازاندۆتەوە... وا دەبێ یەکێکیان بە غەمزە و نازو فیزەوە بەڕێ دا دەڕوات و واش دەزانێ ژنەکان هەموویان سەیری دەکەن و سەرسامن بەجوانیە سەرنج ڕاکێشەکەی.

ئەو گەنجانە خشتەیەکی ڕێك و پێکیان هەیەو، بەهۆی خشتەکەیانەوە دەزانن بۆنەو وادەی کۆبونەوەکانی ژنان کەیە و لە کوێندەرێش کۆ دەبنەوە... ئەم گەنجانە سوورن لەسەر ئەوەی ئامادەی ئەو گردبونەوانەی ژنان بن... ڕەنگە کاروباری زۆر پێویستیشیان

لەو پێناوەدا فەرامۆش بکەن... دەی نۆشیان بێ، بەڕاستی ژیان بەبێ خەونی ئاوەها هیچ چێژێکی نیە.

لەزەماوەند و ڕێ و ڕەسمەکاندا:

لەشایی و ڕێ و ڕەسمە ئاینیە ناسراوەکانی لای ئێمەدا خەونە کیشۆتیەکان دەردەکەون... خەڵکی بەئارامگەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەو ڕێوڕەسمانە دەکەن تاکو بتوانن هەناسەیەك بدەن بە ئارەزوە خەفەکراوەکانیان لەو ڕێوڕەسمانەدا ... هەستیش بەشانازیەکی زۆر دەکەن کە دەبینن ژنان سەیریان دەکەن و تلیلیان بۆ دەکێشن(دەربڕینی وەرگێڕ).

شەوێك بەر لەزەماوەند و گوێزانەوەی بوکێ، کەبەشەوی خەنە ناسراوە (نوسەر باس لەکۆمەڵگەی عەرەبی و زەماوەند لای عەرەبەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەکات ـ وەرگێڕ) دۆست و برادەرانی زاوا لە ماڵی زاوا داکۆ دەبنەوە بۆ هەڵپەڕکێ و گۆرانی گوتن، ژنانیش لەقاتی دووەمدا دادەنیشن تاکو لە پشتی پەردە سەیری ئاهەنگەکە بکەن.

لەم کاتەدا گەنجەکان کەسایەتیەکی کیشۆتی وەردەگرن کە بگونجێ لەگەڵ کەش و هەوای ئەو ماڵەدا، هەر یەکێکیان وا گومان دەبات کە بۆتە جێگەی سەرنجی ئافرەتەکان، بۆیە دەست دەکات بەگۆرانی گوتن یان هەڵپەڕکێ یان شۆخی کردن بۆ وەی بیسەلێنێت کەشایستەی ئەوەیە توخمی نەرم و نۆڵ (مێینە ـ وەرگێڕ) ڕێزی بگرن.

تێبینیم کردوە، مەراسیمە ناسراوەکانی شیعە لەمانگی (موحەڕەم) دا لەم دیاردەیە بەتاڵ نین... زۆربەی ئەوانەی لەو ڕێ ورەسمانە دا بەشداری دەکەن هەست بەجۆرێ لە خەونی کیشۆتی دەکەن، ئەخاسمە کە دەبینن ژنان لەسەر شۆستەی شەقامەکان یاخود لەبەرزاییەکانەوە سەیریان دەکەن... بۆیە دەبینین هەندێکیان لەخۆیان دەدەن، گوایە لەبەر خاتری "حسێن" بەخۆیاندا دەکێشن... کەچی لەڕاستیدا لەپێناوی دڵی دا بەخۆیدا دەکێشێت... تەنانەت هەر هاوارێك لە ژنەکانەوە بەرز دەبێتەوە، ئەم وا دەزانێ هوتاف بۆ ئەم دەکێشن.

خەونی فێرخوازان:

چینی فێرخوازان و خوێندەواران لەخەونە کیشۆتیەکانیاندا، لاوازترن لە نەخوێندەوار و خەڵکە ڕەشۆکیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن خۆیانی بەتەواوی لێ دارنن... ئەمەش لای ئەو قوتابیانە دەردەکەوێ کە بۆ یەکەمجار دەچنە زانکۆ تێکەڵاوەکان...

هەندێکیان لە شارۆچکەیەکەوە دێن کە دیاردەی سفوری و تێکەڵاوی نێوان نێر و مێی تێدا نابینرێ... کەچی لەناکاو خۆی دەبینێتەوە کە لەپۆل دا لەتەنیشتی کچێکی سفورەوە دانیشتوە.

لەو کاتەدا ئیدی دەست دەکات بە نیشان دانی بلیمەتی زانستی خۆی تاکو سەرنجی کچەکە بەلای خۆی دا ڕاکێشێت، زۆر جار بێمەبەست پرسیار و وتووێژ دەکات تاکو بڵێت: (ها ئەوە منم)... بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ و بەشێوەیەکی پلەبەپلە، خوێندکارەکان لەم خەونانە دەرباز دەبن، هێدی هێدی ڕادێن لەسەر تێکەڵاوبون لەگەڵ کچان دا، کەمتر گرنگیان پێ دەدەن، لەوانەشە لەکۆتا ساڵیان دا ، دابەبەزنە جیهانی واقیع کە هیچ ڕوپامایی تێدا نیە.

من بۆ خۆم، ئەو بوارەم بۆ ڕەخسا کە بەراورد بکەم لەنێوان قوتابیانی زانکۆ ڕۆژئاواییەکان و زانکۆکانی خۆماندا، جیاوازیەکی زۆم بەدی کرد، خوێندکاری ڕۆژئاوایی هەر لەمنداڵیەوە ڕاهاتوە لەسەر تێکەڵاوبوون لەگەڵ کچان دا، بۆیە کەدەچێتە زانکۆ وەك چۆن سەیری هاوڕێ کوڕەکانی دەکات، ئاواش سەیری هاوڕێ کچەکانی دەکات، بۆیە خەونەکانی هەرزەکاریی دایناگرن وەك قوتابیانی لای ئێمە.

جوان و ناشرین:

گەنج تاکو ناشیرین تر بێ خەونەکانی زیاتر دەبن، وەك ئاشکراشە خەون قەرەبووە... ئەمەش یانی کەسێ ناشرین بێ زیاتر پێویستی بەخەونە وەك لەکەسێکی جوان و گەشخە.ئەم قسەیە زیاتر لەبارەی ژنەوە ڕاستە، جوانی سەرمایەی ئافرەتە، زۆر

جاران بەهۆی جوانیەوە بەرز دەبێتەوە یاخود نزم دەبێتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە ژنی ناشیرین پەنا دەباتە بەر خەونە کیشۆتیەکان، تاکو وابزانێ خۆی یەکێکە لەجوانترین ژنان... کە سەیری قوودیکیش دەکات سەرنجی کەپوی و دەم و چاوی خۆی دەدات و وادەزانێ جوانی وی پێوەر گەلێ بەرز و بڵندە بۆ جوان ناسی.

ئافرەتی ناشیرین سەیری جوانی ئافرەتی تر دەکات و لچیان لێ هەڵدەقرچێنێ و بەکەمیان دەزانێ ... تۆ بڵێی بگونجێ کەسێکیتر ئەو جوانیە زۆرەی هەبێت کە سوپاس بۆ خودا ئەم هەیەتی؟ ئەگەر بینیشی خەڵکی دان بە جوانیەکەی دانانێن، دەست دەکات بەلۆمەکردنیان و بەزەوق سڕ ناویان دەبات.

پیاویش ئەگەر ناشیرین بێت و ئارەزویەکی زۆریشی لەژن بێت، دوچاری غروری کیشۆتی دەبێت، گەر ژانی ناگاتەوە بەهاوشانەکانی، لەجیهانی دڵداری دا، ئەوا جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، کەتیای دا خۆی دەکاتە خواوەندی ژنان... پەنا بەخودا.

پیاوێکی زۆر ڕەش و کەپۆزل دەناسم، بۆ بەدبەختیش لەسەرەتای لاوێتی دا چوەتە یەکێك لە سەماخانە ڕۆژهەڵاتیەکان... لەو سەماخانە دا سەرسام بوە لەو هەموو گیرفانە پرس و ورگەقورسانەی لەوێ بوون، پێشی ناخۆش بوو سەماکەرەکان لەگەڵ پیاوانیتر دا دادەنیشتن بێئەوەی ئەم بتوانێ لەگەڵیان دا دابنیشێ یاخود لانی کەم سەرنجیان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ... ئیتر لەوکاتەوە تا ئێستە خەون دەبینێ کە بوەتە دڵدار و خۆشەویستی کچە سەماکەرەکان.

ئەم پیاوە زیاتر لەخەونەکانی دا قوڵ بویەوە تاکو گەیاندیانە (هۆلیوّد)، وای هاتوە بەخەیاڵدا کە ژنە ئەکتەر بەناوبانگەکان هەر لەدوورەوە عاشقی بوون، چونکە (بەخەیاڵی خۆی) ناو و شۆرەت و ناوبانگی گەشتۆتە ئەو ژنە ئەکتەرانەو ئیتر توانای ئارامگرتنیان نەماوە، بۆیە دەستیان کردۆتە دابارانـدنی دیاری قورس و سەنگین بەسەری دا... بەڵام زۆر پەست و توڕە بوو کاتێ بەوەی زانی حکومەتی عێراق ئەو دیاریانە لای خۆی گل دەداتەوە و ڕێگە نادات بگەنە ئەم، بۆیە بەردەوام هاوار و هەڕەشەی لە حکومەت دەکرد.

ئەو پیاوە، ئێستاکە لەنەخۆشخانەی شێتەکان دایە.

سەماخانە رۆژهەڵاتیەکان:

بەبۆنەی ئەوەی باسمان لەسەماخانە رۆژهەڵاتیەکان کرد، ئەمەوێ ئاماژە بدەم بەوەی کە ئەو شوێنە جەنجاڵترین جێگەیە لەخەونە کێشۆتیەکان دا.

زۆرینەی قارەمانەکانی ئەم سەماخانانە بریتین لە مەی خۆر و دەوڵەمەندەکانی جەنگ و سەرۆك هۆزەکان.. ئەمانە هەست بە برسێتی سێکسی دەکەن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەو سەماخانانە تاکو ئەو برسێتی‌یە بۆگەنەیان تێر بکەن.

هەر یەکێکیان بگریت، دوای ئەوەی ڕومەتی هەڵدەگرێت و سمێڵی بادەدات و جوانترین بەرگ و گۆرەوی و کەوش لەپێ دەکات، ڕو دەکاتە سەماخانە، کە داشدەنیشێ وادەزانێ دەبێتە مۆمی نێو ئاهەنگەکە، سەماکەرەکانیش دێر یان زوو دەکەونە داوی خۆشەویستی‌یەوە.

ئافرەتی سەماکەری رۆژهەڵاتی شارەزاییەکی زۆری هەیە لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە... کە دەچێتە سەر تەختی شانۆ، دەست دەکات بە دابەش کردنی غەمزە و ناز و خەندەکانی بەملاولادا بەبێ‌حساب کردن.. ئەوەش هەر دانیشتویەك وادەزانێ خەندەکە بە تەنها ئاراستەی خۆی کراوە، گوایە ئەو تاکە قۆز و پێکەوتوی ناو دانیشتوانە.

ئەنوارێتە دانیشتوانی دەوروپشتی، دەبینێ لەڕوی جوانی و کەشخەییەوە لەخۆی زۆر کەمترن! بۆیە ناتوانێ بڕوا بەوە بکات کە سەماکەرەکە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی هیچ کامیانەوە، ئەو وادەبینێ هەموو دانیشتوەکان لەسەر مودێلێ‌تر دروست کراون و بەهەڵە ناوی ئادەمیزادیان لێنراوە، لای وایە ئەوان زیاتر لەمەیمون دەچن وەك لەمرۆڤ... ئیتر نازانێ‌خۆیشی مەیمونێکە وەکو ئەوان.

سەماخانەکان و خەونی هەژاران:

هەژارەکان هەست بە دەستەوسانی دەکەن لە وەی بتوانن وەك دەوڵەمەند و سەرۆك هۆزەکان دڵی سەماکەرەکە بەلای خۆیاندا رابکێشن... ئەوان دەتوانن بەپارە و پوڵی زۆر

و زەوەندیان لەشی نەرم و نۆڵی سەماکەرەکە بکرن، بەڵام کابرای هەژار ناتوانێ، بۆیە ناچار دەبێ لەجیهانی خەونەکاندا بفڕێت، لەوانەشە کابرای هەژار لەو جیهانی خەونەدا زیاتر چێژ بنۆشێ وەك لەدەوڵەمەندەکان لەجیهانی گۆشت وبەز دا.

ڕەنگە کابرای نەدار پەنا بەرێتە بەر مەی، تاکو یارمەتی بدات لەفڕینی دا بەنێو خەونە کیشۆتییەکان دا... بەر لەسەماخانە دەچێتە مەی خانە... ئەمەیە نهێنی ئەو قەرەباڵغییەی کەلە مەیخانەکاندا دەی بینین کاتژمێرێك بەر لە کردنەوەی سەماخانەکان.

زۆر جار پیاو لە سەماخانەکە دا مەیەکەی تەواو دەکات، لەوێش کەمێ دەخواتەوە، تاکو بەردەوامی بدات بە فڕینی لەنێو ئەندێشە جوانەکانیدا. ئەگەر لە کاتی فڕینەکەی دا قەدەر ناپاکی لە بەرانبەر دا بنوێنێ و سوکایەتیەکی ئاراستە بکات کە بیهێنێتەوە سەر زەوی، زۆر ئازار دەچێژێت و لەوانەیە وەکو گای بریندار بخرۆشێت... بەو هۆیەشەوە سەماخانەکە دەبێتە مەیدانی جەنگ... و ئیدی ئەسکەملەکان تیای دا جێگەی شمشێر دەگرنەوە.

شێوازەکانی سەرنج ڕاکێشان:

ئەو هەژارەی ڕوو دەکاتە سەماخانە ڕۆژهەڵاتیەکان زۆر پەست و دڕدۆنگ دەبێ کە دەبینێ فەرامۆش کراوە و هیچ کەس هەست بەبوونی ناکات، دڕدۆنگیەکەشی پتر زیاد دەکات کاتێ سەماکەرەکان بەملاولایدا دەڕۆن و ئاوڕی بەلادا نادەنەوە.

کاتێ مەیەکە لەسەری دەدات، حەز دەکات کارێ بکات تاکو سەرنجی یەکێك لەسەماکەرەکان بەلای خۆی دا ڕاکێشێت... ئەو متمانەی بەجوانی و توانای ڕاکێشانی سێکسی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەو سەماکەرە سەرقاڵ نەبایە بەو هیچ و پوچانەی وەك دەوڵەمەندەکانی جەنگ و سەرۆك هۆزەکان، ئەوا بێگومان دەکەوتە دوای خۆشەویستی ئەمەوە... کەواتە پێویستی بەهۆکارێکی بەهێز هەیە تاکو سەماکەرەکە والێ بکات هەست بەبوونی بکات. پاشان واز لە سروشتی دێنێ تا بە ڕێی حەتمی خۆی دا بڕوات.

چەند شێوازێ هەیە کە ئەو جۆرە کەسانە پەنای بۆ دەبەن تاکو سەرنجی ژنە سەماکەرەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن... ئەو شێوازانە زۆر و زەوەندن و لێرەدا بوار نیە گردیان بکەینەوە، بۆیە وا باشترە هەندێکیان بەنمونە باس بکەین.

١ـ شێوازی بەشداری کردن لەسەمادا: ئەم شێوازە، شێوازێکی ڕەزبەڕە و بەلگەیە لەسەر دەبەنگی و شێتێتی. پوختەی ئەم شێوازە، ئەوەیە کە کابرا هەوڵ دەدات دەمەلاسکێی سەماکەرەکە بکاتەوە لەسەما کردنی دا... لەسەر پێیەکانی ڕادەوەستێت و کەمەر و ملی دەلەرزێنێ، ئامادەبوانیش پێی پێدەکەنن، لەوانەشە سەماکەرەکەش لەگەڵ ئامادەبواندا پێ پێ بکەنێ، ئەم لای خۆیەوە وا دەزانێ ژنە سەماکەرەکە لەبەر سەرسامی پێی پێ دەکەنێ، بۆیە ڕێی تێ دەچێ دوای کۆتایی هاتنی سەماکە لەبەر دەرگا ڕابوەستێ و چاوەڕوان بکات ژنە سەماکەرەکە بانگی بکات بۆ ماڵی خۆیی.

٢ـ شێوازی بەشەرمەکان: ئەم کەسانە بە بێدەنگی لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن، هەوڵ دەدەن جێگەکانیان نزیک بێت لەتەختی شانۆکەوە، تاکو ڕوناکییەکەی بدات لەڕوخساری جوانیان ... ئەوەشیان بەسە.

ئەمان وای بۆ دەچن ژنە سەماکەرەکان پیاوی پێکەوتوو و دامەزراویان پێ باشترە لە دەبەنگێ کە خۆی کردۆتە جێگە پێکەنینی خەڵکی... لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەر کەسێکیان نەسڵەمێتەوە لەوەی لەبەر دەرگاکەدا ڕابوەستێ و چاوەڕوان بکات سەماکەرەکە بیباتەوە ماڵێ!

٣ـ شێوازی خۆلێکچواندن بەدەوڵەمەندە دەست بڵاوەکان: ئەو کەسەی پەیڕەوی ئەم شێوازە دەکات، لە بژیوی و ڕۆژی کەمی ڕۆژانەی چەند دینارێ پاشکەوت دەکات و دواتر دەچێتە سەماخانەو داوەتی سەماکەرێ دەکات تا لەگەڵی دا لەسەر خوانێک دانیشێ... ئەو بڕوای وایە گەر جارێك سەماکەرەکە لەگەڵی دا دانیشت، ئەوا چەندین جارێتر لە گەڵی دا دادەنیشێت.. پێی وایە سەماکەرەکە لەیەکەم جار دا عاشقی دەبێت، بۆیە بەناچاری چەندین جاری تر لەژێر گوشاری پاڵنەری عاشق بوونی دا دێت ولە گەڵی دادەنیشێت... دەیەوێت یەکەمجار خۆراکی بەتامی بداتێ، تاکو بەو هۆیەوە بیکاتە نێچیر و ئیتر چەندین جار چێژ لەگۆشتە بەتامەکەی وەرگرێ!!.

٤. شێوازی مام ڕێوی (دەربڕینی وەرگێڕ): بەسەرهاتی ڕێوی ئاشکرایە... کاتێ دەمی نەگەییە ترێکە بەناهەق تۆمەتی ترشێتی دایە پاڵی... زۆرینەی ئەوانەی ڕوو دەکەنە سەماخانە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەم شێوازەی ڕێوی بەکار دێنن... دەبینن خوانی دەوڵەمەندەکان رازاوەیە و سەماکەرەکان لەدەوری دانیشتون، زۆر ئازار دەچێژن... دواتر بەهەمان شێوازی ڕێوی دڵخۆشی خۆیان دەدەنەوە.... خۆیان بەخۆیان دەڵێن: زۆر لەوە بەرزترین بکەوینە ئەو پلە خوارەوەی کە دەوڵەوەمەندەکانی جەنگ تێی کەوتوون... بەڵام زۆرینەی گومانەکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی، ئەو کەسانەش ئاواتە خوازن کەوەك ئەوان گەمژە و دەوڵەمەند بونایە.

٥. شێوازی وێژەوانەکان: ئەم شێوازە بەم دواییە لەسەماخانەکانی (بەغداد)دا تەشەنەی کردوە و شوێنکەوتوانی فرە بوون.... ڕەنگە نوسەری ئەم چەند دێرەش لەو شوێنکەوتوە بەڕێزانە بێت.

کابرای ئەدیب کەدەچێ بۆ سەماخانە، گیرفانی خاڵیە، تەنها لە بەزەیی خودا نەبێ، ئەوەندە هەیە لوتی بەرزە و، وەك چۆن فەیلەسوف سەیری (گەجەروو گوجەرەکان) دەکات ئەمیش بەو شێوەیە سەیری دەوروبەری دەکات..بۆیە هەر ئەوەندەی دەگاتە ئەو شوێنە خێرا ڕای دەگەیەنێت و ئەڵێت: "ئەمە منم لێرە . ئیدی بڕوای وایە سەماکەرەکانیش لەدەوری کۆدەبنەوە هیچ سەیریش نیە، چونکە ئەدیب مۆمێکە و دەسوتێ "وەك خۆیان دەڵێن"، ئنجا واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی بڕوا بەو قسەیەیان ناکەن چ سەماکەر بن یان کەسانیتر بن. من پروپاگەندەی ئەوە ناکەم ئەمەی دەیڵێم حاڵ و باڵی هەموو ئەو کەسانە بێت کە ڕوو دەکەنە سەماخانە ڕۆژهەڵاتیەکان.... بەڵام متمانەم پتەوە بەوەی، بەسەر زۆریکیان دا دەچەسپێت... بەوەی کاتێ دەروونی خۆیان دەپشکنن ڕەنگە هیچکام لەو قسانەی من کردومە لەخۆیاندا نەدۆزنەوە... هەقیشیانە وا بن... چونکە هەستی پاساوهێنانەوە زاڵ بوە بەسەریاندا و وای لێکردون نکولی لە ڕاستی بکەن.ئنجا نۆشی گیانیان بێت... چەند بەدبەختە ئەو زیرە بیرتیژەی کە لەژیانی دا چێژ لەخەونەکانی وەرناگرێت.. چونکە ئەو چێژ لە ژیانیشی ناکات وەك ئەوانەی وا خەون دەبینن..

کورت کردنەوە و بەرەنجام گیری:

لەبەشەکانی ڕابردوودا ئەو ڕاوبۆچونە هەمەجۆرانەمان نمایش کرد کەلە بارەی سروشتی خەونەوە دەدوێن... منیش لێرەدا بۆم هەیە بڵێم: ئەو بیردۆز و بۆچوونانە لەوانەیە لە هەندێ ڕووەوە لایەنگیر یاخود هەڵە بن... بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مەغزایەکی کۆمەڵایەتی بەسوودیان هەیە، چونکە ئاماژە دەکەن بە ڕادەی ئەو هەڵەیەی کە پێشینیان پێی گەیشتوون لە پیرۆزکردنی هەندێ لە خەونەکانیان و بڕواپێکردنیان دا.

ئەمڕۆکە لەوانەیە توێژەران جیاوازیان هەبێ لە شیتەڵ کردنی سروشتی خەونەکاندا، بەڵام ڕەنگە سەرجەمیان یەکڕا بن لەسەر ئەوەی "خەون" نابێتە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی هیچ کام لە بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیاکان... چونکە بۆ توێژەران ڕون بۆتەوە کە خەون بەشێوەیەکی گشتی هیچ نیە جگە لە هۆکارێك کە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆیەوە هەناسەیەك بدات بەخولیاکانی ناخی و، یارمەتی مرۆڤیش دەدات لە ڕووبەڕوبونەوەی سەختیەکانی ژیان دا... خەون وەك (زانایەك) دەڵێت: دیاری خودایە بۆ مرۆڤ، چونکە ئەگەر خەون نەبوایە ئەوا خودی مرۆیی لەسەر تاشەبەردی واقعە تاڵەکە دا تێك و پێك دەشکا.

مرۆڤ لەدنیا دا ئارەزووی زۆر شتان دەکات. زۆربەی کات ستەم لێکراو و بێبەشە، دەش بینێ توانای نیە ئەو شتە بەدەست بێنێ کە لێی یاساغ کراوە یاخود تۆڵە لەستەمکارەکەی بکاتەوە، بۆیە لەو کاتەدا بەناچاری پەنا دەباتە بەر خەون. و لە خەونیدا ئەو ژیانە دێنێتە بەر نیگای خۆی کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئارەزووی دەکات.

دەگونجێت بڵێین: تاچەندە بارودۆخ قورسایی بخەنە سەری، ئەوەندەش مرۆڤ زیاتر ڕۆدەچێ بەناو خەونەکانیدا... ئەگەر بەراوردێ بکەین لەنێوان دوو کەس دا، یەکێکیان خۆشگوزەران، ئەوی دیکەیان نەدار و بێنەوا ، دەبینین ئەوی یەکەمیان کەمتر پەنا دەباتە بەر خەون و زیاتر پەیوەستە بە بویەرەوە ولێشی تێدەگات، بەڵام هەر کە

چەردەیەك تاڵاوی ژیانی بەركەوت، دەست بەجێ وەكو بـرادەرە بێنەواكەی نقوم دەبێ لەنێو دەریای خەون دا.

لەوەی رابورد بینیمان چۆن خەونەكان دابەش دەبن بۆ چەندین جۆری جودا جودا، لێرەدا بـەو بۆنەیـەوە دەڵێم: هـەموو ئـەو جۆرانـەی خـەون بەیەكسـانی كـۆنترۆڵی تاكەكـسێك ناكـەن، بـەڵكو هێـدی هێـدی دێنـە سـەری، جۆرێ لـەدوای جـۆرێكیتر، بەئەندازەی قورسایی باروذۆخەكەی دەوروبەری.

بەگونجاوی دەزانم لێرەدا جۆرەكانی خەون و ڕادەی كاریگەربوونیان لـەمرۆڤ دا بـەم تەرزە كورت بكەمەوە.

١ـ خەونـەكانی نوسـتن: ئـەم جـۆرەی خـەون گشـتیـیە و هـەموو خـەڵكی بـەجۆرێكی وێكچوو تیای دا هاوبەشن، بەهۆی ئەم خەونەوە مرۆڤ دەتوانێ هەندێ لە ئارەزووەكانی تێـر بكـات، خۆشەویسـتەكەی لـە ژێرخـۆی دا ڕادەخـات، یـاخود سـەری دوژمنەكـەی دەشكێنێ، یان بـەدیار چاوی ڕژدەكانـەوە بەهـەوا دا دەفڕێ... بـەڵام ناتوانێ لـەوەدا تـا ئەوپەڕی سنور پـەل بهاوێ، چونكە لـە ناكـاو خەونەكـەی لێ هەڵدەگەڕێتـەوە، لەبری ئەوەی سەركەوتو بێت خۆی بەشكست خواردوو دەبینێ، یـان خـۆی بـە كـەوتوو دەبینێ لەبری ئەوەی بفڕێ، یاخود دوژمنەكەی سەری دەشكێنێ لەكاتێكدا ئەم دەیەوێت سـەری دوژمنەكەی بشكێنێ.. ئەم جۆرەی خەون ئێمە نـاومـان نـاوە (مۆتەكـە) یـاخود (خـەونـە تۆقێنەرەكان).

٢ـ خەونەكانی بێداری: پێدەچێت ئەم جۆرەی خەون بەتواناتر بێت لـە خەونـەكانی نوستن بۆ تێركردنی ئـارەزووە یاساغەكان. چـونكە مـرۆڤ هەنـدێ جار دەتوانێ بـەپێی ویستی خۆی ئاراستەی بكـات.. مـرۆڤ لـەو بـارە دا هیچی لەسەر نیە ئەوەنـدە نـەبێت بەسەر خۆی دا بشكێتەوە و لەخـەڵكی دابڕێـت... ئیـدی بـەئارەزووی خـۆی خەونـەكانی دەخاتە كـار، هـەر كـەسێكی خـۆش بـوێ لـە باوەشی دەگرێـت و پـارەی بێشـوماریش لـە چنگی خۆی دەنێ... وەلێ هەر بە خەون (دەربڕینی وەرگێڕ).

٣ـ خەونـە كیشـۆتیەكان: ئـەم خەونانـە پێویسـتیان بـەدابڕان نیـە لەخـەڵكی، وەك خەونەكانی بێداری گەرەكیانە..بەڵكو ئەم خەونانە لە ئامادەگی خـەڵكی دا باڵا دەكەن،

خاوەنی ئەو خەونە دەبێتە جوانخاسێ زنان حەزی لێ بكەن یان بە ناوبانگێ بەئەنگوست ئاماژەی بۆ بكرێ... هەر ئاماژەیەك لەخەڵكی دەربكەوێ ئەم وای لێك دەداتەوە كە ئاراستەی خۆی كراوە و پڕە لە سەرسامی و بەگەورە زانینی جەنابی.

٤. خەونەكانی شێتی: ئەم جۆرەی خەون كۆتا پەناگەیەكە، مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، كاتێ جۆرەكانی دیكەی خەون دەستەوسان دەبن لە پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی مرۆڤ... ئەم خەونانە بەڵگەشن لەسەر ئەوەی خاوەنەكەی بێئومێد بووە لەخەڵكی و دەركی بەوە كردووە كە خەڵكی بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت ڕێزی ناگرن... ئا لەو كاتەدا هێڵ دێنێ بەسەر هەموویان و بۆچوونەكانیشیاندا، دواتر كە شێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ كە لەگەڵی دا بگونجێ ... ئیتر گوێ نادات بەوەی خەڵكی چی پێ دەڵێن مادامێك خۆی لە خۆی ڕازیە... هەر كات گاڵتەپێكردنێ یان ئازارێكی لە لایەنی خەڵكەوە بەركەوت، ئەوا قەناعەت بەخۆی دەكات كە هەموو ئەو خەڵكە شێتن و خۆی تاكە ژیری ناویانە. دەی پیرۆزی بێت... بەڕاستی بوەتە خۆشحاڵترین دروستكراوی خودا.

*** *** ***

پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێ كە میللەتانیش پەنا دەبەنە بەر خەون بۆ ئەوەی هەناسەیەك بدەنە خولیاكانیان، دروست وەك تاكەكان... هەندێ جار لەنێو گەلان دا خەونی بیداری سەر هەڵئەدات لەسەر هەمان شێوازی (الف لیلة و لیلة)، كەتیای دا قارەمانەكە بەئارەزووی خۆی ژنی شەنگ و شۆخ و كۆشك و تەلاری جوان و قەشەنگ و خۆراكی چەور و قەڵەوی دەست دەكەوێت و، هەزاران ئەم بەسەرهاتانە بەتام و چێژەوە دەگێڕنەوە.. خۆیان دەخەنە جێگەی قارەمانەكە و وادەزانن نیعمەتەكان لەهەموو لایەكەوە دەوری داون، هەندێ جاریتر خەونی كیشۆتی لەنێو گەلاندا دەردەكەوێ وەك ئەوەی لە هەندێ گروپی ئاینی دا دەبینرێ.

ڕەنگە هەندێ لەو گروپە ئاینییانە هەڵگری كۆمەڵێ بیر و باوەڕی پوچیش بن، كەچی بەتاك و تەنها خۆیان بەگروپی ڕزگاربووی نێو هەموو خەڵكی دەزانن.. گروپەكە لەخەونە كیشۆتیەكانی دا دوورتر دەڕوات و وای دێ بە ئەندێشە دا كە هەموو ژیرانی

سەر زەوی دان دەنێن بە هەقیانەتی وی دا و بە سەرسامیەوە سەرنجی دەدەن... لەم خومیشی دا گروپە ئاینیەکە زۆر جیاواز نیە لە دۆن کیشۆتی ڕەحمەتی.

جۆرێکیتری خەونی میللی هەیە، ئێمە ناومان ناوە (بیر و باوەڕی ڕزگارکەری خودایی).. مێژوو باسی هەندێ نەتەوەی کۆنمان بۆ دەکات، کاتێ کەوتونەتە ژێرستەم و چەوساندنەوەی چینایەتیەوە و بێئومێد بوون لەوەی لە ڕێگەی بویەرەوە خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ڕێگەی خەون و وای خەیاڵ کردوە کە خودا ڕزگارکەرێکی بۆ دەنێرێت و تۆڵەیان لەستەمکار دەسێنێت و سەرزەوی پڕدەکات لە دادگەری پاش ئەوەی پڕکرابوو لە ستەم و نادادپەروەری!

کاتێ لەو ئەفسانانە دەکۆڵینەوە ، کە تا ئێستەش بلاون لەنێو هەندێ لە گەلاندا دەربارەی (ڕزگارکەری خودایی) دەبینین پڕن لە ئاوات و خۆزگە و ئەندێشەی کۆمەلایەتی جوان و ئامازەشن بۆ ئەو ئازارەی خەلکی هەستی پێ دەکەن لە بەرانبەر بارودۆخە سەختەکانیان دا. ئنجا خەونەکە، دێت و وێنای ئەو خۆشحالیە دەکات کەلە سەر دەستی ڕزگارکەرەکە دا ڕوو لە خەلکی دەکات و باسی ئەوە دەکات کە چۆن تا ئەو بەری سنور خەلکی تێر و پڕ و بێگرفت دەبن.

هەر چۆن بێ ، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی چیمان گوتوە دەربارەی خەونە فەردیەکان هەمان شت بلێین دەربارەی خەونە میللیەکان... ئەم خەونانەش تاکو ئاستی بژیوی خەلکی بەرز بێت و بارودۆخیان باش بێت بەرەو کەمی دەچن.

جا ئەگەر بێت و بەراوردێ بکەین لە نێوان ئەفسانەی میللەتە ئازادە مۆدێرنەکان و ئەو ئەفسانانەدا کە لە نێو گەلە کۆیلەکراوە کۆنەکاندا بلاو بوون، جیاوازیەکی مەزن دەبینین... لێرەدا نابێ کاریگەری ڕۆشنبیری گشتی لەیاد بکەین لە کەمکردنەوەی پلە و پایەی ئەفسانە و خەونە میللیەکان لەنێو مەردوم دا... ئەوەتە ئێمە دەبینین گەلانی مۆدێرن دەسیتان کردۆتە بێداربونەوە، لە ژیانیان دا ڕێگەی وشیاری ڕاست دەگرنە بەر... بۆ ئەو مەبەستە بەیتا بەیتا دەست بەرداری خەونە دێرینەکان دەبن و بەجۆرێکی واقعی بیر لە پرس و مەسەلەکانی خۆیان دەکەنەوە ، ئەندێشە لەو بیرکردنەوەیە دا کەمتر هەستی پێ دەکرێ (دەربڕینی وەرگێڕ).

پەراوێزەکانی بەشی دوازدەیەم

١-نوسەر لەو دوو جێگە دا دەستەواژەی (الحیوان الاجتماعی) دووبارە دەکاتەوە ، من بۆخۆم پێم وابوو ، ئەوی یەکەمیان هەڵەی چاپ بێت ، بەڵام بەو حاڵە شەوە ڕێگەم بەخۆم نەدا بیگۆڕم و دەستەواژەی (الحیوان العاقل) دەکە بخەمە جێگەیەوە کەدوو ێڕ دواتر مامۆستا ئامازەی پێدەدات....... وەرگێڕ

دەروازەی سێیەم:
زانست و دیاردە نائاساییەکانی خەون

بەشی سیازدەهەم

هەواڵدانەكانی خەون:

بەهەر لایەك دا بڕۆیت ، دەبینی خەڵكی باس لە (هەواڵدان)ەكانی خەون دەكەن، لە جڤاتێكدا دانانشیت و باسی خەونی تێدا بكرێ، یەكسەر دەبینی یەكێك لە دانیشتوان دەست دەكات بەباسكردنی خەونێكی سەیری كە هەواڵی بەداهاتوو داوە... برادەرێك دەناسم توانایەكی زۆری لەم ڕووەوە هەیە، جارێكیان باسی خۆی بۆ كردم و گوتی سەرسامم ، نازانم چۆن خەونەكانم لێك بدەمەوە.

زۆر جار شەو خەونێ دەبینێ كەچی بەیانی بەشێوەیەك لە شێوەكان خەونەكە دێتە دی... چەند جار ئەمە لێی ڕوداوە و تاكو مەسەلەكە لای ئەو برادەرە ئاسایی بۆتەوە.

برادەرێكیتر، باسی خەونێكی سەیری بۆ كردم كە پاش چل خولەك خەونەكە هاتۆتە دی... پوختەی چیرۆكەكەیشی ئاوایە: بەیانی زوو هەستاوە لەخەو، دەستی كردۆتە خوێندنەوەی پەرتوكێ، پاشان خەومنوچكە گرتویتی و بەسەر پەڕاوەكەدا خەوی لێكەوتۆتەوە، لە خەویدا دیویەتی، ماڵەكەی پڕ بوە لە ئاو و كوڕە هەشت ساڵانەكەیشی دەكەوێتە ناو ئاوەكە، ئەمیش ڕادەكات لە خنكان ڕزگاری بكات، بەڵام كە دەری دێنێتەوە دەبینێ مردوە... بۆیە كە لەو خەومنوچكەیە بێدار دەبێتەوە زۆر دەشڵەژێت و دەست بەجێ دەگەڕێ بەشوێنی كوڕەكەی دا، دەبینێ لەگەڵ دایكی دا منداڵەكە لە باخچەی ماڵەكەیاندا دانیشتون و بەر چایی بەیانی دەكەن بێئەوەی هیچ دیاردەیەكی نائاسایی پێوە ببینرێت.

دوای ئەوەی منداڵەكە بەر چایی بەیانی دەخوات، باوكی دەستی دەگرێت و دەیبات بۆ قوتابخانە، وەڵێ هەر ئەوەندەی لە دەروازەی ماڵەكەیان دوور دەكەونەوە منداڵەكە شۆڕ دەبێتەوە و دەكەوێتە سەر زەوی، باوكی هەڵی دەگرێت و دەیبات بۆ خەستەخانە،

لەدوای پشکنین دەردەکەوێت کە توشی نەخۆشی بوە، ئنجا دوای چەند ڕۆژێکی کەم منداڵەکە بەو نەخۆشینە دەمرێت.

چیرۆکێکی‌تر:

قوتابیەک، لە قوتابیە کۆنەکانی خۆم لە ساڵی (١٩٥٢)دا نامەیەکی بۆ ناردم ئەم بەسەرهاتەی تێدا نوسیبوو:

قوتابیەکە دەڵێت: (شەوێك لە خەونم دا وامزانی خانوەکە ڕوخاوە بەسەرم دا. بۆیە بەپەشۆکاوی لە خەو ڕادەچەنیم، سەیری دەوروپشتی خۆخۆم کردهیچ شتێکم نەبینی جێگەی سەرنج بێت... بۆ جاری دووەم نوستمەوە و هەمان خەونم بینیەوە، ئنجا هەستامەوە و بۆ جاری سێیەم نوستمەوەوە و لە ناکاویە ناگاهاتمەوە و ژنەکەم بێدار کردەوە و پێم گوت :خانوەکە دەروخێت دەنگی ناناسایی دەبیستم لە دیوار و بانەکەیەوە، بەپەلە پەنجەرەکانمکردەوە و سەیری دەرەوە م کرد هیچ شتێکی ناناسایی نەبوو، سەرنجی دیوارەکانیشم بەباشی دا و درز و قڵیشی تێدا نەبوو ... پاشان کە دڵنیا بوومەوەنوستم و وەك هەمیشە بەیانی بێدار بومەوە..) وەلێ ئەوەندەی نەبرد زرم و تەپەیەکی گەورەی ڕوخانی خانویەکی دراوسێیانی گوێ لێ بوە کە زۆر نزیك بوە لە خانوەکەی ئەمەوە... بۆ بەدبەختیش لە ژێر داروپەردوی خانوە ڕوخاوەکە دا دوو کەس مردوون.

ڕوداوێ کە لە خۆم ڕوی داوە:

ئەو چیرۆکانەی لەمەوبەر ئامازەمان پێدان، بەشێکی زۆر کەمن لەو بەسەرهاتە سەیرانەی خەڵکی لەبارەی خەونەوە دەیگێڕنەوە، بەڕادەیەك ئەگەر بمانەوێ ئاماریان بکەین هەرگیز ناتوانین....

من بۆ خۆم، لەسەرەتاوە گاڵتەم بەو ڕوداوانە دەکرد و بە ئەفسانە و تڕۆهاتم دەدانە قەڵەم، ماوەیەکی زۆر هەر وابووم، تاکو شەوێك خەونێکی سەیرم بینی، ئەو خەونە وای لێکردم بەشێوەیەکی جیدی سەرنج لە مەسەلەی هەواڵدانەکانی خەون بدەم.

حەز ناکەم بەوردی باسی ئەو خەونەم بکەم، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە هەندێ لەبرادەرانم و هەندێکیتر لە ناحەزەکانیشمەوە، ئەوەندە بەسە کە لێرەدا بڵێم: لەخەونم دا کۆمەڵێ پیاوم بینی کە تاکو ناوقەدیان لە مادەیەکی بەهێز دا چەقی بوو (ئەم دەزانی مادەکە چیە)... بەهەموو هێز و توانایانەوە هەوڵیان دەدا خۆیانی لێ قوتار بکەن و ڕق و تورەییش بەڕوونی بەڕوخساریانەوە دیار بوو... بەیانی لەخەو هەستام، خەونەکەم لەبیر چویەوە و بەمێشکی سافەوە ڕوم کردە کارەکەم... ئنجا زۆر سەرسام بووم کاتێ پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کێشەیەکی شەرمەزارکەرم بو بە توشەوە، لەگەڵ کەسێکدا کە زۆر لە پیاوەکانی نێو خەونەکەم دەچوو... کێشەکەش ئەوە نەبوو کە من چاوەڕوانم دەکرد... بەڵکو گومانم وایە کە بەڕێکەوت ڕوی دا.

هەندێ گێڕانەوەی باوەڕپێکراو:

ئێمە دەتوانین گاڵتە بکەین بەو ڕوداوانەی خەڵکی ڕەشۆکی و ئاسایی لەبارەی هەواڵدانەکانی خەونەوە دەیگێڕنەوە... بەڵام سەختە، گاڵتە بەو مەسەلەیە بکەین کاتێ کەسێکی بڕواپێکراو یان ئەو توێژەرانە بیگێڕنەوە کە قورسایی خۆیان هەیە لە نێوەندە زانستیەکاندا.

مامۆستا (راین) هەندێ ڕوداو دەگێڕێتەوە، یەك لەو ڕوداوانە ئەم چیرۆکەیە کە هەنوکە دەیگوازینەوە، مامۆستا (راین) بەخۆی چوە بەدوای ئەم چیرۆکە دا و دڵنیا بوە لە راستیەکەی و، متمانە داری گێڕەرەوەکەی... پوختەی چیرۆکەکەش ئاوایە: گەنجێك شەوێ لە خەونی دا، وا دەزانێت لە ژوورێکی سپی دایە و ژوورەکە گڵۆپێك بەسەقفەکەی دا شۆڕ بۆتەوە و ژورەکەی ڕوناك کردۆتەوە، ژوورەکەمێزێکی حیزێکی تیایە، مێزەکە تەرمێکی لەسەرە و هەر دوو ئەژنۆی تەرمەکە بەرز بۆتەوە، تەرمەکە داپۆشراوە و تەنها ڕوخساری دیارە، ڕوخساریشی بەجۆرێ تێك و پێك شکاوە، تەرمەکە ناناسرێتەوە... گەنجەکە لەخەو ڕادەچڵەکێت... ڕۆژی داهاتوو گەنجەکە بانگ کرا بۆ نەخۆشخانە، و لەوێوە برایە ژووری نەشتەرگەری، گەنجەکە زۆر سەرسام دەبێت کە دەبینێ ژوورەکە لەو ژوورە دەچێ کە شەوی رابردوو لە خەونیدا دیویەتی، تەرمی

مامیشی لەسەر مێزێ لە ژوورەکەدا دانرابوو و، هەر دوو ئەژنۆی لە ژێر ئەو چەفتەوە بەرز بونەتەوە کە تەرمەکەی پێ داپۆشراوە... ئنجا بۆی ڕون بۆتەوە کەمامی کاتێ سەر لەبەیانی لەماڵ دەچێتە دەرێ، ئۆتۆمبیلێ لێی دەدات و، دواتر بەهۆی برینەکانی لەو نەخۆشخانەیە دەمرێت.[1]

هەروەها مامۆستا (راین) چیرۆکی پیاوێکیترمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خۆی ناسیویەتی: ئەو کابرایە لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی لاوێتی دا دەیەوێت سەفەر بکات... بەڵام لەخەونی دا دەبینێ سواری شەمەندەفەر بوە و، شەمەندەفەرەکە ڕوداوی پێکدادانی لێ دەقەومێ، لەو پێکدادانەدا گۆندێشی فارگۆنەکە دەکەوێت بەسەری دا و ئازارێکی زۆری دەدات... بەدەم لەرزەوە لەخەو ڕادەچڵەکێت و ئەم خەونە وای لێدەکات سەفەرەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.... ڕۆژی دواتر هەواڵ دەزانێ کە هەر بەڕاستی شەمەندەفەرەکە پێکدادانی تووش هاتوە و، گۆندێشی فارگۆنێکیش کەوتوە بەسەر پیاوێکدا و کوشتوێتی.[2]

یەکێکیتر لەوانەی گرنگیان بەمەسەلەی خەون داوە، توێژەرێکە بەناوی (تیرل) ئەم توێژەرە لەیەکێك لە پەرتوکەکانی دا ژمارەیەکی زۆر چیرۆك و بەسەرهاتی لەبارەی هەواڵدانی خەونەوە کۆ کردۆتەوە... ئێمە بەنمونە تەنها دووان لەو نمونانەی (تیرل) دەگوازینەوە:

یەکەم: پیاوێکی بەریتانی کە ناوی (ئۆکرنر) بووە، لەساڵی (١٩١٢) دا دەیەوێت بە کەشتی بەناوبانگی (تایتانیك) گەشت بکات بۆ ئەمریکا... بەڵام لەخەونی دا دەبینێ کەشتیەکە خەریکە نقوم دەبێت و سەرنشینەکانیشی لە دەوروبەری دان و مەلە دەکەن لە ئاوی دەریاکەدا... شەوی داهاتووش (ئوکونر) جارێکیتر هەمان خەون دەبینێتەوە، بێئەوەی هیچ گرنگی بەم خەونە بدات هەر سور بوو لەسەر سەفەر کردن.. کەچی هەفتەیەك بەر لە وادەی سەفەرەکەیان، لەئەمریکاوە بروسکەیەك کرا بۆ (ئوکونر) و فەرمانی پێدرابوو گەشتەکەی دوا بخات، بۆیە ئەویش بلیتەکەی پوچەڵ کردەوە، و لە ئینگەلتەرا مایەوە چاوەڕوانی بروسکەیەکی دیکەی دەکرد... زۆر سەری سوڕما کاتێ هەواڵی نقومبوونی کەشتیەکەی پێ گەیی. ئەوە بوو کەشتیەکە خۆی کێشا بە چیایەکی

زەبەلاحی بەفرین دا و نقوم بوو و کەمێك لەسەرنشینەکانی دەرباز بوون[٣] (و بەشیەرە زۆریان خنکان . وەرگێڕ).

لە چیرۆکی دووەمدا ئەم ڕووداوە باس کراوە: ژنێك شەوێ لە خەونی دا دەبینێ مامی مردووە و تەرمەکەیشی لەو ڕێگەیەدا فڕێ دراوە کە هەمیشە لێیەوە دەڕوات بۆ ڕاو... خەونەکە زۆر ڕوون بووە، بەڕادەیەك ئەو پۆشاکەی لەبەر دا بینیوە کە مامی لەبەری کردوە و هەروەها چۆن تەرمەکەی بە گالیسکەیەك کە دوو ئەسپ ڕایان کێشاوە هێنراوەتەوە بەر دەرگای ماڵەوەی، گالیسکەکە هەندێ "پوش وپەڵاش " یشی تێدا بووە، دوو پیاو تەرمەکەیان بە پلەکانەکاندا سەر خستوە، هەر دوو دەستی تەرمەکە شۆڕ بونەتەوە و خشاون لە دیوار و پلەکانەکە... ژنەکە هەموو ئەوانەی لەخەونی دا دیوە ،پاشان لە خەون بەدەم ترسەوە ڕاچڵەکیوە... سەیریش لەوە دایە دوای دوو ساڵ خەونەکەی بەهەموو وردەکاریەکانیەوە دیوەتەوە، شەش ساڵیش دوای دووەمجار بۆ سێیەمین جار هەمان خەونی دیوەتەوە... لەکۆتایی دا خەونەکەی هاتۆتە دی ومامی لەهەمان ئەو شوێنەدا کە ئەم لە خەونەکەی دا دەیبینێ دەمرێت و تەرمەکەشی هەنگاو بەهەنگاو وەك لە خەونەکە دا دیویەتی هەڵدەگیرێت و دەهێنرێتەوە ماڵێ...[٤]

نهێنیەکە چیە:؟

ئەو چیرۆکە سەیرە و هاوشێوەکانی بەچی لێك بدەینەوە؟ ئایا دەگونجێت پەلە بکەین لە بەدرۆخستنەوەیان دا ؟ وەك هەندێ لە خوێندەوارە غەرڕاکان دەیکەن و ئیدی بۆ خۆمان وەحەسێین؟ یاخود دەبێ هەوڵ بدەین ئەوەندەی دەگونجێ بیخەینە سەر ڕوبەڕی لێکۆڵینەوەی بابەتی؟!

ئەوەی ڕاستی بێت ،کۆمەڵێ توێژەری زۆر هەن خۆیان سەرقاڵ کردوە بە پرسی هەوڵدانەکانی خەونەوە، لەلێکدانەوە و شیتەڵ کردنەوەی ئەو هەوڵدانانەش دا بوونەتە دوو گرووپ.... بەندە پێم باشە بەجۆرێکی بێلایەنانە ڕاو بۆچوونی هەر یەك لەو دوو گروپە لێرەدا نمایش بکەم. ئنجا ئەوە بەجێ دێڵم بۆ خوێنەر کەلایەنگری کام لەو دوو گروپەیە.

گروپی یەکەم، ئەم گروپە (زۆرینەی) توێژەرانی خەون لەبواری دەروونناسی دا لەخۆ دەگرێت، ئەمانە هەوڵ دەدەن هەواڵدانەکانی خەون لێک بدەنەوە بەپێی ئەو هۆکارەی کە ناویان ناوە (هۆکاری رێکەوتن و رێکەوت)... یەکێک لەوانەی ئەم رێبازەی هەیە لە لێکدانەوەی هەواڵدانەکاندا بریتییە لە (دکتور ملاك جرجیس) پسپۆڕی دەروونناسی میسری..

لە خوارەوە دەقی ڕای ئەو دەگوازمەوە لەو بارەیەوە، کە لە یەکێك لە گۆڤارە میسریەکان دا چەند ساڵێ بەر لەمێستا بڵاوی کردۆتەوە... (دکتۆر جرجیس) دەڵێت: "ڕێژەی ئەو خەونانەی خەڵکی دەیان بینن و نایەنە دی زۆر لەو خەونانە زیاترە کە دێنەدی... هیچ بنەمایەکی زانستیش نیە کە کەسی سادە پەنای بۆ ببات لە ڕاڤەکردنی خەونەکانی خۆی دا... ئەو ڕێژەیەش کە دێننە دی (ئاسایی) بەهۆکاری رێکەوت دەبێ یان بۆ وە دەگەڕێتەوە کە ئەوەی خەوەکەی بینیوە بۆچونێکی وای هەبوە، یا بە شێوازێکی ناشیاوانەش بۆچون و پێش بینییەکەی هەبوبێ، هیچ هەواڵدانێکیش لەو خەونانە دا نیە وەکو خەڵکی بەهەڵە وا گومان دەبەن... چونکە هەر کەسێ دڵەراوکێ و ترسی خۆی دەربارەی مەسەلەیەك لەبێداری دا بوروژێنێت و بترسێ لەوەی ڕوبدات ئەوا خەونەکانیشی پڕ دەبن لەو هەستانە، هەندێ جار وا رێ دەکەوێ بەشێ لەوەی بەخەون دیتویەتی دێتە دی، یاخود تەنانەت هەموو خەونەکەی دێتە دی، نەك بەهۆی خەونەکەوە، بەڵکو چونکە ئەوەی پێشبینی کردوە، دوا سەرەنجامێکی لۆژیکی بارودۆخەکانی دەوروبەری بووە . هیچ شتێ لەو ڕاستییەش باشتر نیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە ئەویش ئەوەیە کە زۆرینەی خەونەکان نایەنە دی، ئیدی چ بەڵگە بن لەسەر خێر یان بەڵگە بن لەسەر خراپەیەك".

نمونەیەك بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست:

بۆ ڕونکردنەوەی ئەو لێکدانەوەیەی (دکتۆر جەرجیس) روداوێکی ڕاستەقینە باس دەکەین کە مامۆستا (سلامة موسی) لە پەرتوکەکەی خۆیدا (العقل الباطن) باسی کردوە... روداوەکەش بەم شێوەیە:

پیاوێ لە دەریاوە بەهۆی پاپۆڕەوە سەفەرێك دەکات، ڕۆژێك گێژەڵۆکەیەکی بەهێز لە پاپۆڕەکە تاین دەبێت، پاپۆڕەکەش ،کۆنەو بەئاسانی بەرگەی ئەو گێژەڵۆکە ناگرێت، بۆیە دەستی کردە لەنجە و لار کردن (دەربڕینی وەرگێڕ) لە دەریاکەدا... سەرنشینەکانی ترسیان لێ نیشت، ئەوەیان کە زۆر دەترسا، ئەم برادەرەمان بوو کە وای گومان دەبرد پاپۆڕەکە نقوم دەبێ... لەو کاتەدا دەنوێت و لەخەونی دا دەبینێ پاپۆڕەکە نقوم بووە، بۆیە ڕادەچڵەکێت و هێندەیتر ترسی لێ دەنیشێت و بڕیار دەدات هەر کە گەشتنە یەکەمین بەندەر پاپۆڕەکە بەجێ بهێڵێت.. بۆیە کاتێك گەیشتنە یەکەمین بەندەر وادەگەی خۆی بردە سەر و وارێکەوت دوای ئەوەیپاپۆڕەکەی بەجێ هێڵا نقوم بوو... دواتر بەسەرهاتی ئەم پیاوە بەناو خەڵکی دا بڵاو بویەوە و، کردیانە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی هەواڵدانەکانی خەون.. کەچی ڕاستی پێچەوانەی ئەوەیە... چونکە ترس وای لە کابرا کرد خەون بە نقوم بوونی پاپۆڕەکە ببینێ، دواتر بەڕێکەوت پاپۆڕەکە نقوم بوو...

لە ڕاستی دا زۆرێك لە سەرنشینی ئەو پاپۆڕانەی گێژەڵۆکە ڕویان تێدەکات خەون دەبینن بەنقوم بوونی کەشتیەکەیانەوە، بەڵام دوای ئەوەی بە بێوەی دەگەنە کۆتایی سەفەرەکەیان ،خەونەکانیان لەبیر دەچێتەوە، بۆ کەسی ناگێڕنەوە و گرنگیشی پێنادەن، بەڵام هەر کە خەونێکیان دێتە دی ، یەکسەر سەرسامی دایان دەگرێت و دەیکەنە بەڵگە لەسەر ڕاستێتی هەواڵدانەکانی هەموو خەونێك.

سروشتی زیاد ڕۆچون:

دەگرێت بەگشتی دەربارەی خەون ئاوها بڵێین... خەڵکی ژمارەیە بێکۆتایی خەون دەبینن، کەچی ڕاهاتوون لەسەر لەبیرکردنی خەونەکانیان و فەرامۆش کردنی، زۆر جاران کەسێك لە خەونی دا دەبینێ خۆشەویستێکی دەمرێت یان زیانێکی لێ دەکەوێت، بەڵام دوای ئەوەی دەزانێت خەونەکەی نەهاتەدی و بەبا دا چوو، لەبیری دەچێتەوە.. ئنجا گەر جارێك لە جاران بەهۆی ڕێکەوتێکی دەگمەنەوە، تاکە خەونێك لە هەموو خەونەکانی بێتە دی، کە ڕەنگە خەونێکی سادە و ساکاریش بێ، وەلێ کە دێتەدی دەست

دەكات بە زیادڕۆچوون لەو خەونە و باسكردنی دا... خەڵكیش دەم بەدەم باس و خواسی ئەو خەونە دەگێڕنەوە و لەلای خۆشیانەوە بەگوێرەی حەز و ئارەزووەكانیان زیادەی دەخەنە سەر. چونكە نەریتیان وایە هەر هەواڵێكی سەیر ببیستن زیادەی دەخەنە سەر... بەوەش دەنكۆڵەیەكی بچكۆلە دەبێتە گۆمەزێك لەبەر دەستیان دا و خەونێكی ساكاریش دەبێتە ئایەتێك لە ئایەتەكان(ی خودا - دەربڕینی وەرگێڕ -).

ئەمەی گوتمان ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەمان بە یاد دێنێتەوە كە زۆر زیادەڕەوییان تێدا دەكرێت... وا ڕێ دەكەوێ كەسێك لەدوای قوربانیكردنێك لەمەترسییەك قوتار دەبێت یاخود لە نەخۆشێك چاك دەبێتەوە... ئیدی خەڵكی وا گومان دەبەن قوربانیەكە هۆكاری چاك بونەوە یاخود دەربازبوونی بوو لەمەترسی... هەموو ئەو قوربانیە زۆر و زەوەندانە لەبیر دەكەن كە هیچ سودیان بەخاوەنەكانیان نەگەیاندوە... دەگێڕنەوە كابرایەك دەچێتە پەرستگەیەك، خزمەتكارانی پەرستگەكە لە چەند ڕوپەڕێكدا ناوی ئەو كەسانەی دەخەنە بەر دەست كە خودا بەهۆی قوربانی و نزای ئەمانەوە لە خنكان ڕزگاری كردون... دواتر پرسیار كرا لەپیاوەكە: ئایا لەدوای ئەو هەمووە بەڵگەیە، دان نانێن بە سوود و كەڵكی قوربانی و نزاكردن دا؟

كابرا لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵام ڕوپەڕی ناوی ئەو كەسانە لە كوێیە، كە سەرەڕای قوربانی كردن و پاڕانەوەش هەر لەدەریا دا نقوم بوون و خنكان؟ [5]

ئەو وەڵامەی كابرا، ڕاستەوڕاست دەگونجێ بەسەر خەونیش دا، ئەگەر هەندێك خەون بێنە دی و بكرێنە بەڵگە لەسەر دروستیی هەواڵدانی خەون، ئەی چی بكەین لەو هەندە خەونەیتر كە زۆر زۆریشن و ناشیەنە دی و وەڕاست ناگەڕێن؟!

لێكدانەوەی گروپی دووەم: ئەو لێكدانەوەی لەبەر دا شرۆڤەم كرد و وەی دی هاتنی خەونی دەدایە پاڵ هۆكاری ڕێكەوت، لێكدانەوەیەكە لای زۆرێك لە زانا دەروون ناسەكان قبوڵ كراوە... بەڵام ژمارەیەكیتر لە توێژەران پێی قایل نین... ئەو توێژەرانەمان ناو ناوە (گرووپی دووەم) . ئەمان لایان وایە دەكرێت هۆكاری "ڕێكەوت" بكرێتە لێكدەرەوەی زۆرێك لە هەواڵدانەكانی خەون، بەڵام بۆ هەموو هەواڵدانێكی خەونەكان ناگونجێت... چونكە هەواڵدانەكان هەندێ جار لایەنی تەم و مژداری وایان تێدایە

کەناسان نیە بەو شێوەیە لێك بدرێتەوە کە لەمەسەلەی قوربانیەکاندا کردمان... ئەو لایەنانەش زۆرن و ئێمەلێرەدا دوو لایەنیان کورت دەکەینەوە:

یەکەم: هەندێ جار مرۆڤ لەخەونی دا ڕوداوێکی دوور و درێژ دەبینێت و، دواتر بەهەموو وردەکاریەکانیەوە دێتە دی، وەك ئەوەی لەسەر کاسێتێکی سینەمایی تۆمار کرابێ... لەو بارەدا خەونەکە هەواڵێکی سادە نەبووە، بەڵکو وردەکاری زۆری لەخۆ گرتوە... کەوایە ئاسان نیە بڵێین ئەو هەموو وردەکاریە لەخەونەکەش دا و لە بویەریش دا بەهۆی فاکتەری ڕێکەوتەوە کۆبونەتەوە... چونکە پاساکانی (احتمال) لەزانستی ئامار دا ئەوە بەدوور دەزانن.

دوووەم: هەندێ هەواڵدانی خەون هەیە کە دێنە دی، بەیەکجار نیشانەی کەسی خەوتوو نادرێ، بەڵکو هەندێ جار دووبارە دەبێتەوە وەك ئاژێرێك لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە، هەوڵ دەدات مرۆڤ ئاگادار بکاتەوە لە مەترسییەك کە لەپێشیەتی... بۆیە دەگمەنیش نیە گەر لەماوەیەکی درێژی زەمەنی دا ئاژێرەکە دوبارە بێتەوە... خەونێکی ئاوهاش نارەحەتە بەهۆکاری ڕێکەوت لێك بدرێتەوە... نەخاسمە کە ئێمە دەزانین ڕێکەوت بەیەکجۆر لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێ دووبارە نابێتەوە.

هەموو ئەوەی گوتمان مانای وایە هەندێ لە هەواڵدانەکانی خەون بەڵگەن لەسەر هەبوونی هەستێکی نائاسایی لەمرۆڤ دا، کەدەتوانێ پەردەی زەمەن ببڕێت و سۆراخی ئەو ڕووداوانە بکات کە لە پشتی ئەو پەردەیەوەن و لەداهاتودا ڕوو دەدەن.

گرفتی کات:

هەر چۆن بێت گەر ئەم ڕایە پەسەند بکەین کە گروپی دووەم بڕوایان پێیەتی، ئەوا گرفتێکی فەلسەفی سەخت لەبەردەممان دا قوت دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی : چۆن دەروونی مرۆ دەتوانێ لەکاتی خەون دا پەردەی کات تێپەڕێنێت؟ یاخود بە دەربڕینێکیتر: کات چییە؟

ئێمە ڕاهاتووین کات بەوە بناسین کە ژمارەیەك سات و چرکەی هەنوکەین و بەدوای یەکدا دێن و بەسەرماندا تێدەپەڕن... ئەمەش یانی لەنێوان ئێمە و ڕوداوەکانی

داهاتودا بەربەستێ زەمەنی هەیە كە هەندێ جار بەخولەك و چركە دەیژمێرین و هەندێ جاریتر بە ساڵ و ڕۆژ حسابی دەكەین.

جا ئایا لەتوانای دەروونی مرۆڤ دا هەیە باز بدات بەسەر ئەو بەربەستەدا و ئەو شتانە ببینێت كە لە پشتیەوەن، وەك چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەسەر بەربەستی شوێن دا باز دەدات و چی لەپشتیەوەیە دەی بینێت؟

هەندێ لە توێژەران بە (ئەرێ) وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، بۆ ئەم وەڵامەشیان پشت بە تیۆرەكەی (ئەنشتاین) دەبەستن لە تێگەیشتنی كات دا[٦].

ئەمانە لایان وایە، كات لە بەدوای یەكدا هاتنی چركەساتەكان پێك نەهاتووە.وەك ئێمەومانان لە تێگەشتنە باوەكانمان دا وا گومان دەبەین، بەڵكو كات هێڵێكی درێژبووەوەیە لە گەردون دا ، وەك درێژبونەوەی هێڵەكانی درێژی و پانی و بەرزی... كەواتە كات چوارەمین دووری دوای ئەو سێ دوریەیە كە ئێمە پێی ئاشناین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا دەتوانین بڵێین: ئەو چركانەی كە درێژی كاتیان پێ دەپێوین هیچ نین جگە لە پێوەرگەلێ ئیعتباری كە لە خۆوە پێیان ڕاهاتوین بێئەوەی هیچ بناغەیەكی بابەتیان هەبێ... كات ڕاوەستاوە و نابزوێت، ئێمەین كە لەبەرانبەری دا دەجوڵێین و دوایش بەهەڵە وا دەزانین كات دەجوڵێت... دەگونجێت مرۆڤ لە ئاقار (كات) دا، بەو سەرنشینەی شەمەندەفەر بچوێنین كە لە پەنجەرەكەوە تەماشای ئەستونی عەلەتریكی سەر ڕێگەكان دەكات كە بەخێرایی بەلای دا تێ دەپەڕن، بەڵام لەڕاستی دا ئەستونەكان ڕاوەستاون و ناجوڵێن... ئەمە كە دەجوڵێت و بەلای ئەستونەكاندا گوزەر دەكات.

مامۆستا (جینز) دەڵێت: مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆی دا وەك ئەو كرمە كوێرە وایە كە لەسەر پارچە زەویەكی بچكۆلە دەژی... كرمەكە لە دنیادا تەنها بە دوو دوری ئاشنایە، ئەوانیش دوریەكانی پانی و درێژین، وەلێ ئەو دوریەی لە زوور سەریەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، ئەم هیچی لەبارەوە نازانێت و پێی ئاشنانیە...[٧]

بەدەربڕینێكیتر: مرۆڤ وا ڕاهاتووە سنوربەندی دنیا بەهەر سێ دووری درێژی و پانی و بەرزی بكات... وەلێ دووریەكی تر هەیە ، كە لە گەردوندا درێژ بۆتەوە و مرۆڤ

هیچی لەبارەوە نازانێت ، جگە لەو خاڵەی کە پیای دا گوزەر دەکات لە ڕێکردنی دا لەمیانەی زەمەنەوە... ئنجا واش دەزانێ چرکەیەکی ڕەفتەنیە، کەچی لە هەمان کاتدا بەشێکە لە هێڵێکی درێژ ، کە ئەکۆتاییەکەی دەرکی پێ دەکرێ نە سەرەتاکەی.

خەونەکان و کات:

مەبەستم لە شرۆڤەکردنی ئەو بیردۆزەی باسمکردوە، لەبارەی سروشتی کاتەوە، ئەوە نیە خوێنەر بڕوا بکات بەڕاستی بیردۆزەکە، چونکە ئەوە تیۆرێکە ڕەنگە ڕاست بێ و ڕەنگە هەڵەش بێ.

تەنها مەبەستم لەباسکردنی ئەو تیۆرە ئەوە بوو، خوێنەر ئاگاداری ئەو کۆڵەکە فەلسەفیە بێت کە هەندێ لە توێژەران پشتی پێدەبەستن لە لێک دانەوەی هەواڵدانەکانی خەون دا.

ئەوان بڕوایان وایە لەسۆنگەی ئەوەی کاتیش دووری چوارەمە و لەگەردووندا درێژ بۆتەوە، کەواتە ئەقڵ دەبیڕێ توانایەکی شاراوە هەبێت لە مرۆڤ دا کەیارمەتی بدات تاکو لەخەونەکانی دا بەسەر ئەو دوریەدا بفڕێت، بەجۆرێ کەم تا زۆر پەی بە ڕووداوەکانی داهاتوو بەرێ.

دەگونجێت ئەوە بە سەرنشینی فرۆیەک بچوێنین، ئەو بۆ نمونە کاتێک بەرز دەبێتەوە بەسەر روبارێکدا دەڕوات، دەتوانێت بنوارێت بۆ هەندێ خاڵی دوور کە سەرنشینی بەلەمێ ناتوانێ سەیری بکات... ئەمەش یانی سەرنشینی فرۆکەکە ڕەنگە هەندێ شت بدۆزێتەوە کە سەرنشینی بەلەمەکە بە ڕوداوی داهاتوی دەزانێ کە دوای ئەوەی دەیگاتێ ئەی بینێت.

تیۆرەکەی میستەر (دن):

لەبەریتانیا چەند ساڵێکە توێژەرێ دەرکەوتووە ناوی (میستەر دن)ە، ئەم توێژەرە پەرتوکێکی بڵاو کردۆتەوە بەناوی (ئەزمونێ لەتەک کات دا)، ئەم پەرتوکە ناوبانگی

باشی هەبوو لەنێو خەڵکی ئەوێندەردا... ئەم توێژەرە ڕایەکی وەک ئەوەی هەبە کەئێمە لەبەر دا باسمان کرد...[٨]

مامۆستا (دن) لای وایە کاتی داهاتوو بەهەموو ڕوداوەکانی یەوە ،لەبەردەممانـدا ئامادەیە وەك چۆن ڕابردووش ئامادەیە لە پشت مانەوە، ئێمە بەهۆی خەونەکانمانـەوە دەتوانین لە داهاتوو بنوارین، وەك چۆن دەتوانین لـە ڕابـردوو بنوارین، بـەڵام ئەوەنـدە هەیە ئێمە وا ڕاهاتوین ، لە لێکۆڵینەوەی خەونـەکانمان دا سـەیری بەشی دواوەی هێڵی کات بکـەین ، بێـئـەوەی سـەیرێکی بەشـی پێشەوەیشی بـدەین... ئێمـە لـەم خودمانـدا دروست لـەو کەسـە دەچین کـە بەپەیژەیەکـدا سـەردەکەوێت و پشتی کردۆتـە بەشـی سەرەوە و چاوی بۆ بەشی خوارەوە شۆڕ کردۆتەوە، بۆیە ئەوکەسە هیچ کام لـە پلەکانی پەیژەکە نابینێت، ئەوانەیان نەبێ کە لەژێر پێیەوەن و تێـپـەڕیوە بەسـەریاندا... وەلێ پلـەکانی بەشـی سـەرەوە نابینێـت و گرنگیـیان پێـنـادات چـونکە پلـەکانی سـەرەوە کەوتونەتە پشتیـیەوە و شاردراونەتەوە لێی... بەڵام گەر ڕوی بسوڕێنێت بەرەو پێشەوە ، دەتوانێت بیان بینێت.

لای (مستـەر دن) خـەون پێکهاتەیەکـە لـە تێڕوانینـەکانی ڕابـردوو و داهاتوو، هـەر لەبەر ئەوەشە خەونەکانی مـرۆڤ زۆر جار شپرزە و تێکەڵ و پێکەڵن، بـەجۆرێ مـرۆڤ ناتوانێ جیاوازی بخاتە نێوان ئـەو خەونانـەی لـە ڕوداوەکانی ڕابـردووەوە هەڵـدەقوڵێن و ئەو خەونانەش کە لەڕوداوەکانی داهاتووەوە هەڵدەقوڵێن.

(مستـەر دن) دەڵێـت: گوایـە شێوازێکی داهێنەرانـەی دۆزیوەتـەوە بـۆ تۆمـارکردنی خەونەکانی ڕاستەوخۆ دوای ئـەوەی لەخـەو رادەبورێ، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی خەونـەکانی بپارێزێت لەو زیادە ڕۆییەی کە دەلکێنرێ بەخەونەوە، ئەو بڕوای وایە مـرۆڤ دەتوانێت کاری خۆی لەو ڕووەوە بکات، و لەوانەشە بگاتە ڕادەیەك بەو هۆیەوە بتوانێت ڕوداوەکانی داهاتوو ببینێت و بەشێوەیەك لەشێوەکان لەو ڕووداوانەدا بژی..

ڕەخنەكاری:

ئەوەی رابورد، پوختەی تیۆرەكەی (میستەر دن)ە كە لە پەرتوكەكەی دا (ئەزموونێ لەتەك كات)دا هێناویەتیە كایەوە، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بدەین بەوەی ، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو تیۆرەدا لەبەریتانیا لەڕەخنەلێگرتن قوتار نەبووە... بەڵكو توێـژەرێكی زۆر لەبەرانبەری دا ڕاست بونـەوە و ڕەخنـەیان ئاراستـە كـرد و بـە خورافەچێتی ناوزەدیان كرد...

لەڕاستی دا گەر ئێمە بڕوا بەو تیۆرە بكەین، ئەمانگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی كە لەبڕوا بوون بەقەزا و قەدەر دەچێت، بەهەمان شێوەی بـڕوای پێشینیان بە قـەزا و قـەدەرە... واتە ئەگەر مرۆڤ توانی لەڕێگەی خەونەكانیەوە ڕوداوەكانی ئاینده پـەی پێ بـەرێ، ئـەوا یانی ڕوداوەكانی ئاینده لە ڕوپەری قەدەر دا هـەن و بێگومـان دێنـەڕێمان، ئینجا مـرۆڤ هیچی دەستەڵات نیە لەئاقاری دا ئەوەنده نەبێت كە خۆی بدات بەدەستیەوە.

بەهەر حاڵ، ئەمە بۆچوونی ئەو كەسانەیە كە بڕوایان بە تۆبزی (جبر) هەیە، گوایە مـرۆڤ لەهـەموو كردەوەكـانی دا بـەتۆبزی كـاری پـێ دەكرێـت نـەك بـە ویستی خـۆی، ڕەفتارەكـانی ئـەنجام بـدات... وەلێ ئـەو كەسـانەی بڕوایـان بـە سەربەستی ویستی مـرۆڤ هەیە و لایان وایە مرۆڤ خۆی دەتوانێت چارەنووسی خۆی دروست بكات و بینەخشێنێ (دەربڕینی وەرگێڕ)، ئەم جۆرە كەسانە سەختیەكی زۆریان دێتە پێش لە قایـل بوونیـان دا بەو ڕاو بۆچونە.

لەوانەیە ئەوە ڕاست بێكەهەندێ جار مرۆڤ لە ژێر قورسایی بارودۆخە كۆمەڵایەتی و دەرونیەكانی‌دا بە تۆبزی كاری پێ بكرێ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت لەنێو ئـەو بارودۆخانـەدا بوارێـك بدۆزێتـەوە و، بتوانیـت تیـای دا سەربەسـت بێـت و، توانـای هەڵبژاردنی هەبێ... ئەمەش مەسەلەیەكە هەموو ڕۆژێ لەخۆماندا بەدی دەكەین... جا گەر وابێ ئیدی چۆن دەگونجێت بڕوامان بەوە هەبێ كە ڕوداوەكانی ڕۆژگار سـەپێنراون بەسەرماندا و ئێمەش بەهۆی خەونەوە دەتوانین پەیان پێبەرین؟!

دەرەنجام:

لەم بەشە دا ، ئەو بۆچوون و بیردۆزە جۆراوجۆرانەم نمایش کرد کە توێژەران لەمەسەلەی هەواڵدانەکانی خەون دا هێناویانەتە کایەوە.. هەوڵیشم داوە لە ئاقاریان دا، هەڵوێستی گوێزەرەوەیەکی بێلایەنم هەبێ، لایەنگری لایەکیانم نەکردوە لە بەرانبەر لایەنێکیتر دا... ئەوپەڕی توانا و هەوڵی خۆشم خستۆتە کار تاکو بتوانم بەو شێوەی خاوەن و لایەنگرانی بیردۆزەکە بڕوایان پێیەتی ئاوای شرۆڤەی دید و بۆچوونەکانیان بکەم بە بێدەستکاری کردن و گۆڕینیان.

لێرەدا ڕەنگە خوێنەر پرسیاری ڕای خۆمم لێ بکات دەربارەی ئەو هەموو بۆچوونە دژبەیەکانە... بۆیە دەمەوێت دان بنێم بە دەستەوسانی خۆمدا لەدەربڕینی هەر بۆچونێکی یەکلاییکەرەوە لەم بابەتەدا... هەموو ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە هێشتر لەسەرەتای ڕێگە داین... لەوانەیە زانست "ئیدی دێر بێت یان زوو" پەردە لەڕوی تەم و مژەکانی سەر ئەم بابەتە ئاڵۆز و ناڕەحەتەمان بۆ لا بدات.

ئەمەوێ لێرەدا هەلی ئەوە لەدەست نەدەم کە هەڵەی ئەو خوێندەوارانەمان دەربخەم کە بەچاوی سوکایەتیەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانن... هەر کەیەکێکیان گوێی لە باسێکی هەواڵدانی خەونەوە دەبێ، دەست بەجێ ملی بادەدات و بەخورافەی لە قەڵەم دەدات.

ئەو جۆرە کەسانە پێویستە بزانن مەسەلەکە زۆر لەوە گرنگترە گاڵتەی پێ بکەین ، یاخود بە نوکە قەڵەمێ بیسڕینەوە.بەڵکو چەندین لەغزی سەرسامکەری تێدایە... ئەرکی زانستی ئەوە دەسەپێنێ بەسەرماندا کە لەو لەغزانە بکۆڵینەوە، هەوڵی لێك دانەوەیان بدەین ، بەگوێرەی ئەو ئامرازە بابەتیانەی کە لەبەر دەستماندان... ڕەنگە بەوەش بتوانین یارمەتی زانست بدەین، لە دۆزینەوەی هەندێ لە نهێنییەکانی دەرروونی مرۆڤ دا... وەك چۆن پێشینیانمان یارمەتی زانست یان دا لە دۆزینەوەی ئەتۆم و ئەلکترێك دا.

پەراوێزەكانی بەشی سیانزدەیەم:

١. بنواڕە: Rhine Reach of Mind, P 59

٢. بنواڕە: I bid, P 71

٣. بنواڕە: Tyrrell, Personality of Man, P 81

٤. بنواڕە: 1 bid, P 76 – 77

٥. بنواڕە: أحمد أمين، قصة الفلسفةالحديثة، ج ١ ل ٦٤.

٦. بنواڕە: علي الوردي، مهزلة العقل البشري، ل ١٧٧ ـ ١٨٢.

٧. بنواڕە: Jeans, Mysterious Universe, P 148

٨. بنواڕە: Dunne, An Experiment Withtme

٩. بنواڕە: Jaod Guide to Modern Thought, P 172 – 173

بەشی چواردەیەم

هەواڵدانەکانی خەون "پاشگر"

لەبەشی رابردوو دا باسمان لەو توانایە کرد ، کەدەدرێتە پاڵ خەون سەبارەت بە هەواڵدان لە ڕوداوەکانی داهاتوو، بینیشمان چۆن توێژەران ناکۆکن و یەکرانین لەسەر ئەو پرسە... لەم بەشەدا دەمەوێت باس لە توانایەکی‌تر بکەم کە دەدرێتە پاڵ خەون و ئامازەش بۆ بۆچونی لێکۆڵەران لەو ڕووەوە بکەم.

ئەو توانایەش کە ھەنوکە باسی دەکەین ، بەمانایەکی ورد ھەواڵدان نیە، چونکە هەواڵی ڕودانی ڕوداوێکی داهاتوو نادات کە ئێستاکە ڕوی نەدابێ، بەڵکو هەواڵ لە ڕودانی ڕوداوێك دەدات کە لە ئان و ساتی خەون بینینەکەدا لە جێیەکی دوور یان نزیك دا ڕوو دەدات.. باوا دابنێین خۆشەویستێك چۆتە سەفەرێك و لێت دوور کەوتۆتەوە و تۆش دەترسیت شتێکی بەسەر بێت و دڵەڕاوکێتە بۆی... ئنجا شەوێك دەخەویت ،خەونێکی پێوە دەبینی و، وا دەبینی کەشتێك بەسەر خۆشەویستەکەت هاتوە... دواتر ڕون دەبێتەوە کە لەهەمان ئەو کاتە دا تۆ خەونەکەت پێوە دیوە ، ئەو شتێکی بەسەر هاتوە.

توێژەران چیرۆك گەلێ زۆر و زەوەندیان لەم جۆرە خەونە لا کۆبوتەوە ،جا ئایا لێکدانەوەیان چۆن دەبێ؟

هەندێ نمونەی ڕاستەقینە :

مامۆستا (سینل) بەسەرهاتی خەونێکی لەم جۆرەمان بۆ دەگێڕێتەوە، پوختەکەی ئەوەیە ، ژنێکی دانیشتوی شاری (لەندەن) کوڕێکی ئەبێ لێیەوە دوور ئەبێ، کوڕەکەی لەگەڵ هەڤاڵێکیدا بەسەفەر چوەتە دۆڵی ئەمەزۆن) لە ئەمریکای باشور...بەیانیەك ئافرەتەکە لەماڵ دێتە دەرێ و لەوپەڕی شپرزی و شڵەژاوی دا دەبێت و ، دەڵێت لە خەونی دا دیویەتی کوڕەکەی یان هاوڕێکەی لە لایەن دڕندەیەکی جەنگەڵەکەوە

گراونەتە نێچیر... دوای ماوەیەك کوڕەکەی بەتەنها دەگەڕێتەوە (لەندەن) و باسی گەشتەکەیان دەکات... لەقسەکانی‌دا دەردەکەوێت کە لەهەمان کات و ساتی خەونەکەی دایکی دا پڵنگێك هێرشی کردۆتە سەریان و هاوڕێکەی بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات و ئەمیش بریندار دەبێت، بەڵام برینداریەکەی کوشندە نا.[1]

هەروەها مامۆستا (راین)یش چیرۆکی خەونێکی هاوشێوەی ئەو خەونە دەگێڕێتەوە... پوختەکەشی ئاوایە: مامۆستایەك کە هاوڕێی راینە لە زانکۆدا، کوڕێکی دەبێت لە "جاوا" دادەنیشێت... کوڕەکە شەوێك لەخەونی دا دەبینێت خەڵکی لەبە خاك سپاردنی دایکی دا رێ دەکەن.. ئەم خەونە وای لێ دەکات نامەیەك بنوسێ بۆ باوکی و هەواڵی دایکی بپرسێت... سەیریش لەوەدایە کەدایکی هەر هەمان شەو مردووە.[2]

رۆژنامەی (ئەهرام) روداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە کە لە یەکێك لەشارەکانی (مەکسیك) دا ڕوو دەدات و پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەکە هەواڵەکەی بۆ ناردون، پوختەی چیرۆکەکەش ئاوایە: گەنجێك توشی خورپەیەکی دەماریی توند دەبێت ، بەهۆی ترسێك کە لە ناکاودا دوچاری بووە، بەو هۆیەشەوە دەکەوێتە سەر زەوی، کەس و کارەکەی وایان زانی مردووە ، بۆیە لە گۆڕێکی تایبەتی خانەوادەکەیاندا ئەسپەردەیان کرد ، شەوێ دادێ کوڕەکە لە خەو ڕادەبورێ و هەستێکی سەیری لا دروست دەبێت کە کوڕەکەی ئێستاش زیندوە.. بۆیە هەندێ لە دراوسێکان بێدار دەکاتەوە و کرێکار دەباتە سەر گۆڕەکە و نەیەوێت هەڵی بداتەوە... دەستەڵات دارانی خۆجێیەتی شارەکەش لەسەرەتا دا دودڵ بوون لە ڕێگەدان بەو کارە .دواتر ڕێگەیان پێدا... بۆیە کاتێ گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، دایکەکە کوڕەکەی بینی دانیشتوە و دەگری، بۆیە خێرا باوەشی پێدا کرد و توند لەئامێزی گرت.[3]

لە دەرەوەی خەون دا :

شیاوی ئاماژەپێدانە، ئەم جۆرە هەستە سەیر و نامۆیە تەنها لەکاتی خەوندا ڕو نادات... بەڵکو هەندێ خەڵك لە ساتەکانی بێداری دا هەستی وایان لا دروست دەبێت..

بۆ ڕونکردنەوەی ئەو گوتەیە، ئەم نمونەیە، دەگێڕینەوە کلە (لیوا محمد نجیب) ڕوی داوە... لیوا محمد خۆی لە پەرتوکەکەیدا (مصیر مصر) باسی ئەو ڕوداوەمان بۆ دەکات و دەڵێت: لەساڵی ١٩١٤ دا لە کۆلێژی (گۆردن)ی سەربازی لەسودان خوێندکار دەبێت، ئێوارەیەکی ئەو ساڵە لەبەشی ناوخۆیی دا دادەنیشێت و خۆی بۆ تاقی کردنەوە ئامادە دەکات، لەو کاتەدا بەخەیاڵی دا دێت کەوا باوکی هاتوە و دەیەوێت هەواڵێکی زۆر گرنگی بداتێ، بەو هۆیەوە "محمد نەجیب" بێتاقەتیەکی زۆر دایدەگرێت و فرمێسک لە چاوەکانی دادەبارێت ، تا ڕادەیەك هاوەڵەکانی هەستی پێدەکەن و دەورەی لێ دەدەن و سەریان لێی سوڕ دەمێنێ... کاتژمێر نۆی هەمان ئێوارە ڕاست بۆوە (دەربڕینی وەرگێڕ) و پۆشاکەکەی خۆی دڕی، ئەمەش وایکرد مامۆستایەکی بێت و بە شێت تۆمەتباری بکات... محمد نجیب نەی توانی ئەو شەوە بنوێت... سەر لە بەیانی ڕۆژی داهاتووش خورپەیەکیتری بۆ هاتەوە و لەئەنجامدا تەرپۆشەکەی سەری خۆی داگرت و فڕێی دایە سەر زەوی و بە پێیەوە چوە سەری... دوای چەند ساتێ مامۆستایەکی دێت و هەواڵی مردنی باوکی پێ دەدات... دواتر ڕون بویەوە کە بابی شەوی ڕابردوو مردوە، لەکاتێکی نزیکی ئەو کاتەدا کە محمد نجیب پۆشاکەکەی خۆی تێدا دڕاندوە... محمد نجیب کە توانج لەو ڕوداوە دەدات دەڵێ: "من هیوادارم وا دەرنەکەوم ئەگەر بڵێم: ئەو ڕەفتارە نامۆیەم لەو ڕۆژەدا جۆرێك بوو لە هەستکردنێکی زیادەڕەو"..

ئەی چی؟

کەواتە بەچی ئەو هەستە کت و بڕە لێك بدەینەوە؟ ئایا بەرەنجامی هەستێکی زیادەڕەوە وەك (محمد نجیب) دەڵێ؟ یاخود هەستێکی ئاساییە و دواتر لە ڕێی ڕێکەوتێکی دەگمەنەوە هاتۆتە دی؟!

(ئۆلیفەر لۆدج)ی زانای سروشتناسی بەناوبانگ، یەکێکە لەو کەسانەی هەوڵیان داوە، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە... (لۆدج) توێژینەوەیەکی بە ئامار سازکرد و بەدووی بارودۆخی ژمارەیەکی زۆری خەڵك دا چوو... لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت (١٣٠٠) کەس لە ژیانیان دا یەکجار هەستێکی سەیر دایگرتوون، کە هەواڵی ڕودانی کارەساتێکی

دوانێ کە بەسەر یەکێك لە خزم و دۆست و خۆشەویستانیاندا دێت... هەروەها بۆیشی دەرکەوت تەنها (٣٠) لەو (١٣٠٠) جارە هەستەسەیرەکان هاتونەتە دی... بەمانایەکیتر رێژەی بەڕاست دەرچون (١) بۆ (٤٣) بوە.

مامۆستا (لۆدج) دەڵێت: ئەو رێژەیە سەرەڕای کەمێتی‌یەکەی، بەڵام دیاردەیەکە دەلالەتی ئاماریی مەزنی هەیە، چونکە رێژەیەکی زیاترە لەوەی بە ڕێکەوت روی دابێ.. (لۆدج) هەروەها چەندین کرداری زمێرەیی و ئاماریی ورد و ئاڵۆزی ئەنجام داوە بۆ پشتگیری کردنی ئەم ڕایەی... لەوەش دا گەشتۆتە ئەو بەرەنجامەی کە دەبێت لەنێوان هزر و مێشکی ئەو کەسەی ڕوداوەکەی بەسەر دا دێت و، ئەو کەسەش کە لە دەرەوە هەستی پێ دەکات، جۆرە پەیوەندیەکی نادیار هەبێت، ئەو پەیوەندیەی کە تا ئێستە زانست نەیتوانیوە نهێنی‌یەکانی بدۆزێتەوە.[٤]

مامۆستا (سد جویك)یش لە لێکۆڵینەوەی دا لەم بابەتە ، گەشتۆتە بەرەنجامێکی هاوشێوەی بەرەنجامەکەی مامۆستا (لودج).. (سد جویك) لێکۆڵینەوەی لە (١٧٠٠٠) هەفدە هەزار حاڵەت کردوە، و پاشان بەراوردی کردوە لە گەڵ (ئاماری گشتی ڕوداوەکان)دا و، لەمەوە بۆی دەرکەوتوە، هەستکردنی مرۆڤ بەمردنی ئازیزێکی، چوار سەد و چل جار زیاتر لە ڕێکەوتی موجەرەد وەڕاست دەگەڕێ.[٥]

توێژینەوەکانی (ڕاین):

مامۆستا (ڕاین) توێژەرێکی ئەمریکی‌یە و، بەلێکۆڵینەوەکانی لەم بابەتە و بابەتە پەیوەندی دارەکانی دا ناوبانگ و شۆرەتی پەیدا کردوە... هەروەها ئەو فەزڵی کردنەوەی بەشێکی تایبەت بەم بابەتەی پێ دەبرێت لە زانکۆی (دیوك)دا، کە ناوی نا (بەشی پاراسایکۆلۆژی).

(ڕاین) باسی یەکەمین هاندەرمان بۆ دەکات کە پاڵی پێوە ناوە بۆ دامەزراندنی ئەم بەشە زانکۆیە... دەڵێت: کاتێك قوتابی بووم لە زانکۆدا، لەیەکێك لە مامۆستاکانەوە گوێبیستی چیرۆکی خەونێکی سەیر بووم کە مامۆستاکە خۆی یەکێك بووە لەوانەی ڕوداوەکەیان بە چاوی خۆیان دیوە.. پوختەی چیرۆکەکەش ئاوهایە: ژنێکی دراوسێی

مامۆستا، شەوێ لە خەونی دا دەبینێت کە براکەی بەخۆکوشتن دەمرێت، بۆیە بە شڵەژاوی لە خەو ڕادەبورێ و هاوسەرەکەی لەخەو بێدار دەکاتەوە، پێداگری دەکا لە مێردەکەی تاکو گالیسکەیەك ئامادە بکات، تاکو بچێت بۆ ماڵی براکەی کە نۆ میل لێیانەوە دوورە... مێردەکەی لە ژێر فشاری ژنەکەدا هەڵدەستێت و دەچێت تەقە لە دەرگای دراوسێکەیان (واتە مامۆستاکە - وەرگێڕ) دەدات و داوای گالیسکەی لێدەکات، دوای ئەوەی دەیاندات، خۆی و ژنەکەی دەچنە ماڵی برای ژنەکە... کە ئەبینن هەر بەراستی براکەی خۆی کوشتوە... سەیر لەوەدایە براکەی لەهەمان ئەو جێگەیەدا و بەهەمان ئەو شێوەیە کەوتبوو کە خوشکەکەی لە خەونی دا دیبووی...[٦]

(ڕاین) دەڵێت، ئەم چیرۆکەی کە لەسەردەمی لاوێتی دا بیستوێتی تەواو سەرسامی کردوە، نە توانیوتی بڕوای پێبکات و نە توانیوتی بەدرۆی بخاتەوە... لە لایەکەوە نەی دەتوانی بڕوای پێ بکات چونکە بەلایەوە ماقوڵ نەبووە، هەروەها نەیشی دەتوانی بەدرۆی بخاتەوە، چونکە ئەو کەسەی گێڕاویەتیەوە زانایەکی گەورە و شۆرەت بڵندە.

ڕۆژگار هات و ڕۆیی بەسەر (ڕاین)دا و، پەیتا پەیتا چیرۆکی هاوشێوەی ئەو بەسەرهاتەی دەبیست، بەڵام هەستی دەکرد ئەو خەڵکەی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە بە لایانەوە زۆر ئاساییە ،پێیان وایە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە، زۆربەشیان هەوڵیان داوە بەهۆکاری (ڕێکەوت) لێکی بدەنەوە.

لێرەوە ئیدی (ڕاین) کەوتە پرسیارکردن لەخۆی: ئایا ڕێکەوت چیە و کامەیە؟ ئایا ڕێکەوت شتێکی بێسەر و بەرە وەکو خەڵکی ڕەشۆکی وا گومان دەبەن، یاخود بەگوێرەی یاسا بەڕێوە دەچێ؟ وە ئەگەر ڕێکەوت بەگوێرەی یاسا و ڕێسا بەڕێوە دەچێت، ئایا دەگرێ توێژینەوەلە خەون و هەستکردنە سەیرەکان بکرێت لە بەر روناکی ئەو یاسایانەدا...؟

ئەم پرسیارانە پزیسکەی ئەو ئاگرە بوون کە لە هزری ڕاین دا پێداگری ئەوەی بەرپا کرد کە ڕاین هەستێت بە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی تاقیگەیی کە تیای دا شێواز و ئامرازگەلێ زۆری ئاماریی بەکار بردووە... بەرەنجامی توێژینەوەکانیش (ڕاین)یان گەیاندە ئەو بڕوایەی، کە مرۆڤ لە قوڵاییەکانی ناخی دا توانای ئەوەی هەیە پەردە و

بەربەستەکانی کات و شوێن تێپەڕێنێت، ئەم توانایەش لە ڕوی بەهێزی و بێهێزیەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت، تەنانەت ڕەنگە لای کەسێک لە کاتێکدا زۆر بەهێز بێت و لەکاتێکیتر دا لاواز بێت.

(ڕاین) ئەم توانایەی ناو ناوە "دەرك کردنی بێهەست"[٧]

زانایانی ئەمریکا:

جێگەی نیگەرانیە بڵێین توێژینەوەکانی (ڕاین) لە ئەمریکا دا بەگاڵتە و سوکایەتی پێکردنەوە پێشوازی لێکرا... زۆرینەی زانا و مامۆستایانی زانکۆ لەوێندەر ئەو لێکۆڵینەوانەیان دەدایە پاڵ خورافە... هەروەها دەگێڕنەوە یەکێك لە توێژەرە ئەمریکیەکان توێژینەوەکانی (ڕاین) سەرسامی دەکات، بۆیە بەنهێنی دەست دەکاتە تاقیکردنەوە لەسەریان ، لە ئەنجامدا دەگاتە بەرئەنجامێك کە پاڵپشتی ڕاکانی ڕاینی دەکرد، بەڵام ئەمەی لە خەڵك شاردەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا بە خورافەچێتی تۆمەتباری کەن.

لەکاتی کۆبونەوەی (کۆنگرەی ئامارە ماتماتیکیەکان) لە ئەمریکا، لەساڵی (١٩٢٧)دا، توێژینەوەکانی راین تاوتوێ کران، لە دوای تەواو بوونی کۆنگرەکەش ڕونکرنەوەیەکیان بڵاو کردەوە کە تیای دا هاتبوو:

"توێژینەوەکانی ڕاین، دوو لایەنی ئەزمونی و ئاماری تێدایە، ماتماتیکیەکان ناتوانن لە بارەی لایەنە ئەزمونیەکەیەوە هیچ بڵێن... بەڵام سەبارەت بە لایەنە ئاماریەکەی، ئەوا توێژینەوە ماتماتیکیە نوێیەکان دەریان خستوە کە شیکردنەوە ئاماریەکەی (ڕاین) ڕاستە، جا ئەگەر بکرێ هێرش بکرێتە سەر توێژینەوەکانی (ڕاین)، ئەوا پێویستە لە لایەنێکیترەوە هێرشی بکرێتە سەر نەك لە لایەنە ماتماتیکیەکەیەوە".[٨]

بۆچونی "سینل":

مامۆستا (جۆزیف سینل) توێژەرێکی پسپۆڕە لە زانستی زیندەوەرزانی و پەرسەندنی گیانەوەری دا، ماوەیەکی زۆری تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی

دیاردەی هەستکردنی نائاسایی لای مرۆڤ و گیانەوەران.. ئەو لێکۆڵینەوانەش "سینڵ"یان گەیاندە بڕوایەك کە بڵێت: مرۆڤ لەنێو مێشکی دا دەزگایەکی تایبەتی هەیە کە دەتوانێت شەپۆلە (کارۆموگناتیسی)یەکان لە مێشکێکیترەوە وەربگرێت، وەك چۆن "چاو" شەپۆلەکانی روناکی وەردەگرێت، یان وەکو چۆن ئامێری رادیۆ شەپۆلەکانی بێتەلی وێستگەکانی رادیۆیی وەردەگرێت. (سینڵ) ئەم دەزگا مرۆییە ناو دەنێت (هەستی شەشەم)... لەبەشی ئاینـدە دا هەندێ بەوردی باسی ئەم هەستە دەکەین... لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێین: بەڕای سینڵ هەستی شەشەم لەمرۆڤ دا زۆر بە لاوازی و بەنامەکی کاردەکات، مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆی دا، هیچ گوێی پێنادات چونکە سەرقاڵە بە ژیان و بژێوی خۆیەوە و بیری لێ دەکاتەوە و نەخشەی بۆ دەکێشێ، بەو جۆرە ترپەکانی هەستی شەشەمی لێ بزر دەبێت، وەك چۆن زیکەی ڤالۆنچەیەك لە نێو ئاهەنگێکی جەنجاڵی مۆسیقی دا وون دەبێت.[٩]

هەروەها (سینڵ) باس لەو حاڵەتەی خەون دەکات کە مرۆڤ هەندێ جار بەهۆیەوە هەست دەکات بەوەی کارەساتێ بەسەر خۆشەویستێکی دا دێت لەجێگەیەکی دوورەوە... لەلێکدانەوەکەی دا دەڵێت : لەوانەیە مێشکی ئەو کەسەی خەوەکەی دیوە و ئەو کەسەی کارەساتەکەی لێ ڕوو دەدات پێکەوە گونجاو بن، بەوەش دەتوانێت ئەو شەپۆلانە وەرگرێت کە لەو مێشکە دوورەوە ڕەوانە دەکرێت، وەك چۆن ئامێری ڕادیۆ کاتێ لەگەڵ درێژی شەپۆلەکانی ئێستگەیەکدا گونجا ، شەپۆلەکانی وەردەگرێت.. بۆ نمونە ئەو دایکەی کوڕێکی بەسەفەر دەڕوات و لێی دوور دەکەوێتەوە، هەمیشە پێیەوە سەرقاڵە و هزری بەشەو و ڕۆژ بەکوڕەکەیەوە پەیوەستە... بەڕای سینڵ ئەمەش یانی دەزگای هەستی شەشەمی دایکەکە بە بەردەوامی بەرەو ڕوی کوڕەکە ڤیت بۆتەوە، بۆیە لەو کاتە دا دەگونجێت توانایەکی تایبەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو شەپۆلانەی لەمێشکی کوڕەکەوە دەردەچن.

هەندێك بەڵگەی پشتگیری کار:

دەگونجێت بڵێین: ئەم ڕایەی (سینڵ) لەبارەی هەستی شەشەوە هەیەتی ، هیچ نیە جگە لە "گریمان"ێك، دەگونجێت ڕاست بێ و دەشگونجێت هەڵە بێت، بەڵام لەگەڵ

ئەوەش دا دەتوانین بڵێین، توێژینەوە (فیزیایی و فەلسەفیە نوێکان) کەم تا زۆرێ بەلای ئەوە دان کە پشتگیری ئەم ڕایە بکەن، بۆ نمونە: ئەو توێژینەوانە دەریان خستوە ، مێشکی مرۆڤ جۆرە شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی دیاریکراو دەردەدات.. بەم دواییانەش ئامێرێکی تایبەت دروستکراوە بۆ تۆمارکردنی ئەو شەپۆلانە و بەتاقیکردنەوەش بۆ زانایان ڕون بۆیەوە کە شەپۆلەکانی مێشك لەکاتی نوستن دا جیاوازە لەو کاتانەی بیر ناکاتەوە، لە کاتی تەندروستی و لەش ساغیدا جیاوازن لەکاتی نەخۆشین... (دکتۆر دایفیس) ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە بڵێت: هەر کەسێك لەمێشکیەوە شەپۆلی تایبەت بەخۆی دەردەدات و هیچ کەس لە گەڵی دا لەو شەپۆلانە هاوبەش نیە، بەمانایەکیتر شەپۆلەکانی مێشك وەکو مۆری پەنجە (دەربڕینی وەرگێڕ) وان و هەرگیز دوو مرۆڤ ڕێناکەوێ مۆری پەنجەیان لە یەك بچێت (ئەو مۆری پەنجەیەی بۆیە لە فەرمانگەکاندا بەکار دەهێنرێ ، چونکە وێنەی پەنجەی هیچ کەسێ لە کەسێکیتر ناچێت . وەرگێڕ).

ئینجا کەوابێ، نارەحەت نیە گەر چاوەڕوانی ئەوە بکەین پێکفەگونجانێکی شەپۆلی ڕوبدات لەنێوان مێشکێك و یەکێکیتردا سەرەڕای دووری نێوانیان، بەوەش یەکێك لە مێشکەکان دەتوانێت هەست بکات بەو کارلێکە هزریە بەهێزانەی کە لەمێشکەکەیتر دا ڕوو دەدەن، هەر چەندە لێشی دوور بێت.

ئێمە نکولی ناکەین لەوەی شەپۆلەکانی مێشك زۆر لاوازن... چونکە لەکاتی تۆمارکردنیدا لە ئامێرە تایبەتەکەدا دەردەکەوێت کە کاریگەریەکی سنورداری هەیە و لەماوەیەکی کورت تێناپەڕێ... بەڵام ئەمە یانی نە کە ئاسەوارەکەیشی بەو ئەندازەیە... چونکە بە شێوازی زانستی سەلێنراوە کە هەر شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی لەڕوی کاریگەریەوە هەموو گەردون دەگرێتەوە، ئیدی جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەی شەپۆلەکە لاواز بێ یان بەهێز بێت.

ڕەخنەکانی (تیرل) :

لێرەدا ئەوەی شیاوە ئامازەی پێ بدەین ئەوەیە کە زۆرێك لە توێژەران دان بە بوونی هەستی شەشەم یان لێك چویەکی وی لە مرۆڤ دا دەنێن، وەلێ فایلَ ناون لە لێك

دانەوەیدا بە "شەپۆلی کارۆ موگناتیسی" ئاماژەی پێ بکەن... یەك لەوانە، توێژەرێکی بەناوبانگە بەناوی مامۆستا "تیرل". بەڕای ئەم توێژەرە گریمانی "شەپۆلی" ناگونجێت بۆ لێکدانەوەی هەستە نائاساییەکە، بۆ ڕەد دانەوەیشی چوار ڕەخنە دەخاتە ڕوو، کە ئێمە بەم تەرزە کورتیان دەکەینەوە:

١. تیرل دەڵێت: ئەگەر هەستە نائاساییەکە بەهۆی پێکفەگونجانێکی شەپۆلیەوە بوایە لە نێوان دوو مێشك دا، ئەوا دەبوا لەنێو یەکێك لە مێشکەکاندا دەزگایەکی نێرەری شەپۆل هەبوایە ، هێندە بەهێز بوایە بیتوانیایە شەپۆل بەڕووبەرێکی پان و بەریندا ڕەوانە بکات، هەروا دەبوا لە مێشکەکەی تریش دا دەزگایەکی وەرگرتنی ئەو شەپۆلانە هەبوایە، کەچی زانایان هەرگیز دەزگای لەو جۆرانەیان لەمێشکی مرۆڤ دانەدۆزیوەتەوە.

٢. هەروەها تیرل دەڵێت: زانایان ئێستاکە ئامێری هێندە هەستیاریان لە لایە کە دەتوانێت وردترین شەپۆلی کارۆ موگناتیسی تۆمار بکات، کەچی تا هەنوکە نەزانراوە ئەو ئامێرانە کۆمەڵە شەپۆلێکیان تۆمارکردبێ یان دۆزیبێتەوە کە هەلگری بیرگۆڕکێ (دەربڕینی وەرگێڕ)ی نێوان دوو مێشکی لێك دوور بن.

٣ـ تیرل دەڵێت: شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکان سروشتیان وایە کە بەشێوەیەکی گشتی لەکەمی دەدەن بە ڕێژەی، چوار گۆشەی ماوە (مسافە)، وەك لە توێژینەوەکانی بێتەلیشدا زانراوە... جا ئەگەر هەستە نائاساییەکە بەرئەنجامی گواستنەوەی شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکان بێت ئەوا دەبێت مل کەچی ئەم ڕێسا گشتیە بێت، کەچی لەڕاستی دا دەبینین کە ناچێتە ژێر کاریگەری دووری (ماوە)وە...

٤. تیرل لە کۆتا ڕەخنەی دا دەڵێت: ئەگەر شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکان ، بیرەکان لەنێوان مێشکێکی و یەکێکی دی دا دەگوازنەوە، ئەوا دەبوا شیفرەیەك یان زمانێکی لەگەڵ دا بوایە کە بەهۆیەوە هەر دوو مێشکەکە لەیەکدی تێبگەن.

وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان:

گومانم لەوەدا نیە کە ڕەخنەکانی تیرل بەهێزن، بەڵام هێندەش بەهێز نین کە ئێمە نەتوانین پۆچەڵیان بکەینەوە وە یا خود وەڵامیان بدەینەوە، لە ڕەخنەکانی تیرلەوە وام

بۆ دەردەکەوێت کە ئەو پیاوێکە خاوەنی چوارچێوەیەکی فیکری سنوردارە، چونکە لەیەک گۆشەوە سەرنجی ئەگەری شەپۆلەکان دەدات و لە وگۆشەیە تێپەڕ ناکات.

شیاوی ئاماژەپێدانە کە بڵێین: تیرل بەشێکیزۆری تەمەنی خۆی لە لێکۆڵینەوەی بێتەل دا بەسەر بردوە، ئەندازیاری کۆمپانیای (مارکۆنی) بوە و بەشداری کردوە لەدانانی وێستگەی بێتەلی زۆر و زەوەند دا لەمەکسیك و دەرەوەی مەکسیکیش ... بۆیە وا دەردەکەوێ ئەو پیشەیەی وای لێکردوە کە تەنها لەو ئەزمونە سنوردارانەوە سەرنجی مەسەلەکان بدات کە خۆی لەسەری ڕاهاتوە.

جگەلەوەش ڕەنگە (تیرل) کەوتبێتە ژێر کاریگەری هەندی بیرۆکەی میتافیزیکیەوە، ئەمەش وای لێکردوە کە حەزی لە ڕەت کردنەوەی هەر لێکدانەوەیەکی فیزیاییانەی هەستە نائاساییەکە بێت لە مرۆڤ دا...

کاتێ لەڕەخنەکانی (تیرل) دەکۆڵینەوە کە لەدژی (گریمانەی شەپۆلی) هێناونی، کۆمەڵێ خاڵی لاوازی تێدا دەبینین کە ناگونجێن لەگەڵ ئەو ڕێبازە بابەتیەدا کە لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە لەمەسەلەکان دەکۆڵێتەوە، هەنوکەش هەندێ لەو خاڵە لاوازانە دەخەمە بەر چاوی خوێنەران:

ئامێرە زانستی‌یەکان:

لەیەکێك لە ڕەخنەکانی دا (تیرل) دەڵێت: ئەگەر شەپۆلی کارۆ موگناتیسی هەبوایە، بیر و کارلێکە هزریەکانی بگواستایەتەوە لەنێوان مێشکێك و یەکێکیتر دا ئەوا ئامێرە وردە زانستی‌یەکان پەیان پێ دەبرد و دەیان دۆزیەوە... من لێرەدا لە (تیرل) دەپرسم: ئایا ئەو ئامێرانەی کە ئێستاکە لە بەردەستمان دان توانیویانە هەموو ئەو شەپۆلە کارۆ موگناتیسی‌یانە بدۆزنەوە کە لە گەردونـدان؟ یان ئەگەر ئەو ئامێرانە هەندێ لەو شەپۆلانەیان دۆزیوەتەوە، ئیدی ئایا ئەو قسەیە ڕاستەکە بڵێین لەکاتێکی دور یان نزیك دا جۆرێکتری شەپۆلی کارۆموگناتیسی نادۆزنەوە؟

ئەوە زانراوە کە هەندێ لەو شەپۆلانە زاناکان بەرێکەوت ڕێیان لێی کەوتوە و دۆزیویانەتەوە، بێئەوەی پێشتر نیازی دۆزینەوەی شەپۆلی وایان هەبوبێت..

بۆ نمونە: (تیشکی سینی) لەساڵی (١٨٩٦ز) دا (ڕۆنتگن) دۆزیەوە، لەکاتێکدا هەندێ تاقیکردنەوەی زانستیتری دەکرد کە هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتی شەپۆلەوە نەبوو، دواتر بۆی ڕون بوەوە کە تیشکێکی شەپۆل کورتی دۆزیوەتەوە... زانا گەلێکیتر ، وایان بەسەر هاتوە ، لەکاتێکدا (تیشکە گەردونیەکان یان تیشکە گیمیەکان، یان ... هتد)یان دۆزیوەتەوە... جا کەواتە ئایا لۆژیکی زانستی ئەوەی پێ پەسەندە کە بڵێین: زاناکان لە دۆزینەوەی هەموو جۆرەکانی شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکانی گەردوندا گەشتونەتە کۆتایی؟

سەرباری ئەوەش، ئەو ئامێرانەی ئێستاکە زاناکان بەکاریان دێنن لە دۆزینەوە و تۆمارکردنی شەپۆلەکاندا، بەبەراورد لەگەڵ ئامێرەکانی سەدەی ڕابردوو دا پێشکەوتوون (ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم دا نوسراوە . وەرگێڕی کوردی)، ئنجا بەبێ گومان بە بەراورد لەگەڵ ئامێرەکانی سەدەکانی ئایندەدا پێشکەوتوو نابن... کێشمان دەزانین داهێنەران لە ڕۆژگارەکانی داهاتوودا چ جۆرە ئامێرێکی سەیر دادەهێنن؟

من بڕوام وایە، دێر بێ یان زوو، زانست ئامێرێکی وامان بۆ دادەهێنێت کە دەتوانێت ئەو شەپۆلانە تۆمار بکات کە ئامێرەکانمان لەئێستە دا دەستەوسانن لە تۆمارکردنیان. لەوانەشە ئەو ئامێرە (درێژی شەپۆل)ی مێشکی هەر مرۆڤێکیش دیاری بکات... بەو جۆرەش دەتوانێ ئەو بیر و بۆچونانە بخوێنێتەوە کە لەو مێشکە دا دێن و دەچن.

کێ دەزانێ؟ کێ دەڵێ وانابێ؟ (دەربڕینی وەرگێڕ).

لەغزی زیندەمادە:

ئنجا ئەو گوتەی (تیرل) کە دەڵێت:. (زاناکان لەمێشکی مرۆڤ دا ، دەزگایەکیان نەدۆزیوەتەوە کە شەپۆل بنێرێت یاخود وەری بگرێت) ئەو وتەیە لە بنەڕەتەوە بوچە... ئەمن وام دێ بە خەیاڵ دا کە (تیرل) نایەوێت قایل بێت بە لێکدانەوەی (شەپۆل)ی هەستە نائاساییەکەی مرۆڤ، لە کاتێك دا نەبێ کە لەمێشکی مرۆڤ دا دەزگایە بدۆزێتەوە وەك ئەو ئامێرە بێتەلانە وا بێ کە خۆی لە ژیانی بیشەیی دا پێیان ڕاهاتوە،

بەوەش ئەو جیاوازیە گەورەیە لەبیر دەکات کە لەنێوان سروشتی مادەی بێگیان و خانە زیندوەکاندا هەیە.

ئێمە دەزانین هەندێ لە زیندەوەرە سادە کان، شەپۆلەکانی ڕوناکی وەردەگرن و دەچنە ژێر کاریگەریەکانیەوە، بێئەوەی چاویان هەبێ یان ئەندامێکیتریان هەبێ کە لە ڕوی ئەرك و فەرمانیەوە لە چاو بچێت.. کەواتە ئایا ناگونجێت ئەنێو خانەکانی مێشکی مرۆڤ دا، توانایەکی تایبەت هەبێ بۆ وەرگرتنی هەندێ لەو شەپۆلە کارۆ موگناتیسیانەی کە لە جێگەیەکی دورەوە بۆی ڕەوانە دەکرێت؟!

هەروەها ئێمە دەزانین، مێشکی مرۆڤ جۆرێکی دیاریکراوی شەپۆلی کارۆ موگناتیسی دەردەکات، وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا... جا ئایا چۆن دەلوێت بۆ خانەکانی مێشك شەپۆل بنێرن بێ ئەوەی دەزگایەکی تایبەتی پەخشی تێدا بێت؟!

لەراستی دا خانەکانی مێشکیش وەکو خانەی هەموو تەنە زیندوەکانیتر، تا ئێستەش چەندین نهێنی نەزانراویان تێدایە... زانایان تا ئێستاکەش نەگەیشتوونەتە زانینی هەموو نهێنییەکانی زیندەمادەکان... بەڵام متمانەمان زۆرە بەوەی لەداهاتوو دا زانست زۆرێك لەو نهێنیانەمان بۆ دەردەخات کەتێیمان دەگەیەنن لەوەی چۆن خانە زیندوەکان دەتوانن لەیەك کاتدا هەم شەپۆل بنێرن و هەم وەریشی بگرن.

ماوەی دوری و هێزی شە پۆلەکان:

(تیرل) لەرەخنەی سێیەمی دا دەڵێت: شەپۆلە کارۆ موگناتیسییەکان، تا چەندێ ماوەیەکی زیاتری دووری (مسافە) ببڕن، هێندە لاواز دەبن، کەچی ماوەی دووری هیچ کارێك ناکاتە سەر هەستەکە.

هەروەها مامۆستا (راین)یش رەخنەیەکی ئاوهای هەبووە، چونکە لەهەندێ ئەزمونیدا بۆی دەرکەوتووە کە هەستە نائاساییەکە تا دوور بکەوێتەوە بەهێزتر دەبێت... بەرای (راین) ئەمەش ئەوە دەسەلێنێت کە هەستە نائاساییەکە لەسەر ڕێسایەکیتر ڕێ دەکات نەك لەسەر ڕێسای شەپۆلەکان.

هەندێ لە زانایانی (فیزیا) وەڵامی (ڕاین)یان داوەتەوە و گوتویانە: ڕەنگە لە داهاتودا زانست یاسا و ڕێسای نوێی وا بۆ شەپۆلەکان بدۆزێتەوە کە هەستە نائاساییەکەیان پێ لێك بدرێتەوە، بەڵام (راین) ئەم ڕەدەی وەرنەگرت... بەڵکو ئەو وا دەبینێ کە کەلێنێك هەیە لەنێوان سروشتی هەستە نائاساییەکە و یاساکانی فیزیا داو، ئەو کەلێنە نەگیراوە.. بۆیە کاتێ زانست یاسای فیزیایی نوێ دەدۆزێتەوە، رەنگە نهێنی نوێش لە هەستە نائاساییەکەدا بدۆزێتەوە و ئەمەش وای لێ دەکات زیاتر تەم و مژدار بێت و ، زیاتریش دوور بکەوێتەوە لە سروشتی ئەو یاسایانە.[١٣]

بەهەر حاڵ، من لام وایە بۆچوونی زانایانی فیزیا لە ڕێبازی زانستیەوە نزیکترە، وەك لە ڕاکەی راین و تیرل... راین بۆچوونی یەکلاکەرەوە لەم ڕووەوە دێنێت، لەڕێبازی زانستیش دا ، ناگونجێت توێژەرێك بێت ، بەرلەوەی لەهەموو ڕویەکەوە لێکۆڵینەوە لەشتێ کرابێ، بێت و حوکم بەسەر ئیشەکەدا بدات... چونکە زۆر جار بووە پێشینیانمان حوکمی یەکلاکەرەوەیان داوە بەسەر هەندێ شت دا و، لە دوایی دا دەرکەوتووە کە بەهەڵە دا چوون.

زمانی مێشکەکان:

هەر ئەوەندەمان لەبەردەمدا ماوە تاوتوێی ڕەخنەی چوارەمی (تیرل) بکەین کە تیای دا دەڵێت: ئاڵ و گۆڕی بیرەکان لەنێوان دوو مێشك دا پێویستی بە شیفرە یان زمانێك هەیە تاکو لێك بگەن... بەڕای من ئەم ڕەخنەیە زۆر سادە و هیچە... لەم ڕەخنەیەی دا دەردەکەوێت کە پیشەکەی چەندە کاریگەری لەسەر مامۆستا (تیرل) داناوە.

(تیرل) لەکارەکانی بێتەلی خۆیدا ڕاهاتوە لەسەرئەوەی بەهۆی شیفرەیەکەوە، پەیوەندی بەکەسانی ترەوە بکات، ئەمەش وای لێکردوە، وا گومان بەرێ کە مێشکیش لەکاتی پەیوەستەگیە شەپۆلیەکانی دا لەگەڵ مێشکێکیتردا پێویستی بەو شیفرەیە هەیە...

تیرل ئەوەی لە بیر چووە کە (مێشک) بێئەوەی پێویستی بە وەرگێڕ یان واسیتە هەبێ لە وێنەکان دەگات.. بۆ نمونە: مێشك هەر کە ڕەنگی سور دەبینێت دەست بەجێ لێی تێ دەگات و دەرکی پێ دەکات.. ئەمە لەکاتێکدا ڕەنگی سوور هیچ نیە ، جگە لە زنجیرەیەك شەپۆلی خاوەن درێژیی دیاریکراو، کە بەر تۆڕی چاو دەکەوێت وکاریگەریەکەی دەگاتە مێشك... بەڵام ئەو(ڕەنگ)ە ناوو جەفەنگی هەیە ، خەڵك ڕێ کەوتوون لەسەری و لەکاتی پێکەوە ئاخاوتنیان دا یەکتری پێ تێ دەگەیەنن.

ئەمەش یانی ، مێشکەکان لەکاتێك دا پێویستیان بە زمان و جەفەنگ هەیە کە لەمیانەی ئەو بەریەستانەوە دەدوێ کە مرۆڤەکان لەنێو خۆیانـدا دروستیان کردوە.. بەڵام لە ئاخافتنی خودی دا هیچ پێویستی بەو جۆرە شتانە نیە... بۆیە هەر کە وێنەیەك لە مێشك دا وێناکرا و شەپۆلی تایبەتی لێوەدەرکرد، دەست بەجێ ئەو (مێشکەی لەگەڵی دا گونجاوە) بەجۆرێ لەجۆرەکان دەرکی پێ دەکات.

پوختەی مەبەست:

لەوەی رابورد بۆمان دەردەکەوێ لەمرۆڤ دا هەستێکی نائاسایی هەیە، هەندێ جار کاریگەری ئەم هەستە لە کاتی خەون دا دەردەکەوێت و هەندێ جاریتر لە کاتەکانیتردا... ئەم هەستەش لەو تەرزە هێزە میتافیزیکیانە نیە کە نەگونجێت لێکدانەوەیەکی شیاوی فیزیایی بۆ بکرێت... بەهێزترین گومانم وایە کە ئەو هەستە لەڕوی کارکردنیەوە لە ڕادیۆ یاخود لە تەلەفیزیۆن دەچێت... رۆژێك هەر دەبێ زانست پەردە لادات لە ڕووی نهێنییەکانی، ئیتر ئەو ڕۆژە نزیك بێت یان دوور.

پەراوێزەکانی بەشی چواردەیەم:

١. بنواڕە: سینل، الحاسة السادسة، ل ٧٥.

٢. بنواڕە: Rhine, Reach of Mind, P 46

٣. بنواڕە: ڕۆژنامەی الاهرامی میسري، ژمارەی ڕۆژی ١٩٥٦/٩/٢٢.

٤. بنواڕە: المقتطف، رسائل الارواح، ل ١٠٩ ـ ١١٠.

٥. بنواڕە: ولیم جیمس، ارادة الاعتقاد، ل ٢٢.

٦. بنواڕە: Rhine, New Frontiers of Mind, P 14

٧. بنواڕە: Rhine, Extra – Sensory perception

٨. بنواڕە: Rhine, New Frontiers of Mind, P 211

٩. بنواڕە: سینل، الحاسة السادسة، ل٣٤.

١٠. بنواڕە: فؤاد صروف، آفاق العلم الحدیث، ل ٢٣٢.

١١. بنواڕە: Tyrrell, Personality of Man, p 69

١٢. بنواڕە: Rhine, Reach of Mind, P. 50

بەشی پازدەهەم:

خەونەکانی خەواندنی موگناتیسی

سەبارەت بەدیرۆکی خەواندن:

خەواندن لەم سەردەمەدا بۆتە بابەتێکی زانستی بەڕێز ، پسپۆڕ و کارشناسی خۆی هەیە... لەڕۆژهەلات و رۆژئاوای گێتیشەوە زانایان دانیان پێداناوە.. بۆیە جێگەی حەسرەتە، کە دەبینین زۆرێك لەخوێندەوارەکانی لای ئێمە بە هەقیقەتی زانستی خەواندن ئاشنا نین، تەنانەت پێدەچێت هەندێکیان تا هەنووکەش سوکایەتی و گالتەی پێ بکەن.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بدەین بەوەی خەواندن هونەرێکی دێرینە و خەلکی لەچاخە کۆنەکانەوە لەهەندێ کار و باری خۆیاندا بەکاریان هێناوە، بێئەوەی پەی بە نێوەڕۆك و ناواخنەکەی بەرن، یاخود ناوێکی بەسەردا ببڕن. لە ڕاستیش دا، لەکۆن دا خەواندن تێکەل بوو لەگەل فێل و جادوودا. بەو هۆیەشەوە بەهالەیەك خورافە دەورە درابوو.

نەشتەرگەری ئینگلیزی بەناوبانگ (جیمس برید)، یەکەمین کەس بوو ، توانی بەشێوەیەکی زانستی لەسالی (١٨١٤) دا (خەواندن) بدۆزێتەوە و پاکیشی بکاتەوە لە پەلە و لەکە خورافیەکانی، هەروەها ئەم ناوەیشی بە سەردابڕی کە ئێستاکە لە نێوەندە زانستیەکاندا پێیەوە ناسراوە.

(مسمر) :

ئێمە لەکاتێکدا دان بە فەزلی "جیمس برید" دادەنێین لەو ڕووەوە، پێویستە فەزلی ئەو پیاوەش فەرامۆش نەکەین کە بەر لەو بەدەرکەوت و رێگەی خۆشکرد بۆ ئەم، ئەو پیاوەش کابرایەکی فەرەنسیە و ناوی (ئەنتۆنی مسمر)ە، ئەم پیاوە بەیەکەمین کەس

دادەنرێت ، كە لە چاخی نوێ دا توانی سەرنجی خەڵكی بۆ لای خەواندنی موگناتیسی ڕابكێشێت.

(مسمر) بڕوای وابوو خەواندن جۆرێكە لە "موگناتیسی ئاژەڵی"... ئەو خەواندنی بەكار هێنا لە چاككردنەوەی نەخۆشەكاندا، بە تایبەت ئەوانەیان كە دووچاری نەخۆشینە دەرونیەكان بووبوون... ژنان لەهەموو لایەكەوە دابارین بەسەری دا ، لەئەنجامدا ناو و شۆرەتێكی زۆری پەیدا كرد لە نێو ئافرەتان دا... بۆ نەگبەتی مسمر لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دا دەژیا، لەو سەردەمەدا خەڵكی ڕقیان لە هەر شتێك دەبوەوە كە بۆنی خورافە چێتی لێ بێت... لەبەر ئەوە قیامەتی زانا و پزیشكەكان هەستا و، ڕاپەڕین لەدژی و بەخورافەچێتی و جادووبازی تۆمەتباریان كرد.

یەكێك لەو بەسەرهاتە كۆمیدیانەی كە لەم ڕووەوە دەیگێڕنەوە، ئەوەیە كە ڕۆژێك ڕۆژنامەیەك بۆ گاڵتەپێكردن بەم پیاوە، بابەتێك بڵاو دەكاتەوە، بەناوی (ئەكسیری موگناتیسی)... لەو بابەتەدا لەسەر زمانی ئەو پیاوە وەسفەیەكی پزیشكی (گوایە بەنەخۆشێك دەدات ـ وەرگێڕ) و لە بابەتەكەدا هاتووە: (لە زمینی ترس و تۆقین چوار هۆقە وەرگرە، هەروەها لە گیانی وەهم دوو ڕەتڵ بێنە، هەر دوو مادەكە بخەرە نێو شووشەی ئەندێشەوە، چەند ڕۆژێك وازیان لێ بێنە ... ئینجا لەبەیانی دا چل خاڵ لەو گیراوەیە بخۆرەوە، لە هەموو نەخۆشییەك ڕزگارت دەبێت و چاك دەبیەوە) [1]

لەدوایی دا، ساڵی (١٨١٥) مسمر بەدڵێكی شكاوەوە كۆچی دوایی كرد... مرد، بێئەوەی خەڵكی دان بە فەزڵی دابنێن... خەڵكی زۆربەی كات هەر وان ... خودا چاوپۆشییان لێ بكات!

ئەزمونێك كە خۆم دیومە :

نایشارمەوە لەخوێنەر، كەلە سەرەتاكانمەوە منیش وەك هەر خوێنەوارێكیتر كە باسی خەواندنم دەبیست، گاڵتەم پێدەكرد و بەفڕوفێڵی جادووبازیم دەزانی... تا ئەوە بوو لەساڵی (١٩٣٨) دا ئەزمونێكم لە خەواندنی موگناتیسی بینی، لەوساوە ئیتر بۆچونم لەبەرانبەر خەواندن دا گۆڕا و، وام لێهات تا زۆر گرنگی پێبدەم.

پوختەی بەسەرهاتەکەم ئەوەیە: لەو ساڵەدا خەوێنەرێکی موگناتیسی شارەزا لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە هاتە عێراق، ئەو خەوێنەرە کوڕێکی گەنجی لەگەڵدا بوو کە خۆی دەیگوت کوڕمە ... ئەو پیاوە و گەنجە بەناو کوڕەکەی لەسەر هەندێ تەختی شانۆکانی (بەغداد) دا کردەوەی خەواندنیان ئەنجام دا... من ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا کە چومە ئەو ئۆتێلەی ئەوی لێ بوو، داوام لێکرد لەپێش چاوم دا ئەزموونێکی خەواندن ئەنجام بدات، ئەمە دیارە دوای ئەوەی لەسەر کرێکەی ڕێکەوتین.

حەز ناکەم لێرەدا درێژەی ئەو ئەزموون و بەسەرهاتە باس بکەم. ئەوەندە بەسە لێرەدا بڵێم : من هەوڵم دا زۆر بەوردی چاودێری و وردبینی کارەکەی بکەم تاکو هیچ غەش و فرت‌وفێڵێکی تێدا نەکات... بۆیە کاتێك کوڕە گەنجەکەی خەواند، هەستم کرد دەتوانێ هەر بیرۆکەیەك وەربگرێ کە دێ بەمێشکی خەوێنەرەکەی دا، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی باشیش لێکەوە دوور بوون، یەکێك لەو کارانەی من کردم، ئەوە بوو لەسەر پارچە کاغەزێکی بچوك ناوی خۆم و باوکم و نازناوی خۆم و پیشەکەم نووسی، هەر کە خەوێنەرەکە کاغەزەکەی خوێندەوە، پرسیاری کرد لە خەوێنراوەکە، ئەو بەجۆرێك ڕێك و پێك و ورد وەڵامی دایەوە کە بەتەواوی سەرسامی کردم ... ئەمە لەکاتێکدا خەوێنراوەکە هەر دوو چاوی شەتەك درابوو، بەهیچ جۆرێکیش منی نەدەناسی.

جا ئایاچۆن ئەو زانیاریانە لەمێشکی خەوێنەرەکەوە گوازرانەوە بۆ نێو مێشکی خەوێنراوەکە؟ ڕەنگە کەسێك لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا بڵێت: لەوانەیە خەوێنەرەکە و خەوێنراوەکە پێش وەخت ڕێکەوتبن لەسەر ئەنجامدانی فێڵێك بەجۆرێك بتوانن لەیەکدی تێبگەن و ئەمیان بزانێ ئەویتریان چی دەڵێت... لەڕاستی دا بەندە ئەو لێکدانەوەیەم پێ قبوڵ نیە ... چونکە لەکاتی تاقیکردنەوەکە دا من زۆر بەئاگا و ورد بووم لەمەڕ هەر شتێکەوە کە لەخەوێنەرەکە و خەوێنراوەکەوە دەردەچوو... هەروەها ئەوەندەش گەمژە نەبووم ئەو دووانە بتوانن یاری بەمەقڵم بکەن.

هەندێ ئەزمونی دیکە :

ئەو ئەزمونەی باسمكرد، یەكەمین ئەزموونێ بوو كە خۆم دیتبێتم، ئەو ئەزموونە، سەرەڕای ئەوەی ساده و ساكاره ، بەلام گرنگییەكی زۆری هەبوو بۆ من، بەتایبەت كە من زۆر وشیار و بەئاگا بووم لە بەرانبەر هەر شتێك دا كە لەو ئەزمونەدا بكرایە.

لەپاش ئەوەش كۆمەلێ ئەزموونی دیكەم بینی، زۆربەشیان لەو خەواندنانە بوو كە لەسەر تەختی شانۆدا نیشانی خەلكی دەدرێن... دانیش بەوە دادەنێم كە ئەو ئەزمونانە ناگونجێن بۆوەی بكرێنە بەلگەیەكی تەواو لەسەر ڕاستی و دروستی ئەو دیارده نائاساییه دەرونیانەی تیایاندا بەدەر دەكەون.. بەلكو هەر چۆن بێت دەكرێنە بەلگەی سەقامگیركردن و نیسپات كردنی ئەوەی لە ئەزموونی یەكەمجار دا بینیم.

یەكێك لەو شتانەی هەموو بینەرێكی ئاهەنگەكانی خەواندنی موگناتیسی دەیزانن، ئەوەیە كە خەوێنراوەكە زۆرینەی جار دەتوانێت پەی بەرێت بەوەی كە چی لەگیرفانی یەكێك لەئامادەبووواندا هەیە، وەك تەزبیح یان پارە وە یان ....؟؟ زۆر جار كەسێك لەئامادەبووان هەلدەستێتەوە و پرسیار دەكات لە خەوێنراوەكە ئایا چی لەگیرفانم دایە، خەوێنراوەكەش وەلامی دەداتەوە... بۆ زانینیش خەوێنراوەكە لەسەر تەختی شانۆ دایە و هەر دوو چاویشی شەتەك دراوە، جگە لەوە ناشزانێت ئەوەی پرسیاری كردوە كێیە!!.

لەهەموو ئەوەی رابورد دەتوانم بگەمە ئەو دەرەنجامەی كە دەبێت لەنێوان هزری پرسیاركەرەكە و هزری خەوێنراوەكە دا جۆره پەیوەستییەكی شەپۆلی هەبێت ، وەك ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئامێری رادیۆ و ئێسگەی ڕادیۆ دا هەیە، ئنجا تۆ بلێی ئەو دەرەنجامە ڕاست بێت؟

بۆ وەی بتوانین وەلامی ئەو پرسیاره بدەینەوە، باشترە گەر لە ڕووی (فەسلەجی)یەوە لە سروشتی خەواندنی موگناتیس تێبگەین.

خەواندن چیی:؟

لە ڕوی فەسلەجیەوە ،خەواندن بەمەسەلەیەكی زۆر ساده و ساكار دەژمێردرێ. چونكە جۆرێكە لە لە هۆش خۆچوون و بێئاگا بوون ، لە بەر هەر هۆیەك كەوە

دوچاری مرۆڤ دەبێت و کەم تا زۆر "ئاگایی" مرۆڤ ناهێڵێت و، دوچاری فەلەج بوونی دەکات (دەربڕینی وەرگێڕ) ... کەواتە خەواندن لەخودی خۆی دا، هیچ شتێکی سەیر و سەمەرەی تێدا نییە... بەڵام ئەو شتەسەیرانەی لێەوە پەیدا دەبن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ـکردەوە خۆویستەکانی مرۆڤ سڕ و بێئاگا دەکات... بەو سڕکردنەش (ئەست) چالاك دەبێت یاخود ڕزگاری دەبێ لە کۆت و سنورە ئاگاکانی... بەو جۆرەش توانا پەیدا دەکات لە وەرگرتنی ئەو هەستکردنانەی کەلەکاتی ئاگایی و بێداری دا دەستەوسان بوو لەوەی بەرپوونی وەریان بگرێت... هەروەها خەواندن جیاوازی نیە لەگەڵ خەونی سروشتی دا بەیەك شت نەبێ، ئەویش بریتی‌یە لەوەی خەواندن، خەوێکی دەستکردە و بەهۆی ئیحا و ئامازەدانێکەوە دێت بەسەر مرۆڤدا، بەو جۆرەش مرۆڤە نوستوەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کەسەی ئامازە و ئیحانەکەی بەسەردا داوە، واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کەسەوە کە ئێمە ناومان ناوە خەوێنەر، هەندێ جار دەکرێت مرۆڤ خۆی بخەوێنێ، وەك هەندێ لە سۆفی‌یەکان و هەژارە هندیەکان دەیکەن... زانایان ئەو حاڵەتە ناودەنێن (خەواندنی خودیی).

(ژان لرمیت) کە یەکێکەلە مامۆستاکانی کۆلیژی پزیشکی لە پاریس دەڵێت: جیاوازی نێوان خەوی سروشتی و خەوی موگناتیسی لە پلەدایە نەك لە جۆردا، چونکە لە هەر دووکیان دا (ئاگابوون) کەم دەبێتەوە و ئەو کردەوە خۆویستانەش لاواز دەبن کە دەبنە خەسڵەتی باری بێداری.(٢)

ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر هەیە بۆ خەواندنی مرۆڤ... گرنگترین و ساکارترین ڕێگەشیان ئەوەیە کە (جیمس برید) بەکاری دەهێنا، ئەم توێژەرە ئەوەی دۆزیەوە کە ئەگەر مرۆڤ سەرنجی زۆری خاڵێکی درەوشاوەی دا و، ماوەیەك هزری چڕ کردەوە لەسەری، ئەوا دەمارەکانی بەنج و سڕ دەبن و جۆرێك لە بێئاگایی دێت بەسەردا، لەکۆندا قەشەکانی بەنی‌ئیسرائیل بەم شێوازە خەویان لەخۆیان دەخست، بەهۆی سەرنج دانی زۆرەوە لەو بەردە پیرۆزەی لە زرێکانی بەریاندا بوو...(٣)

هەندێ لەخەوێنەرە شارەزاکان چاوەکانیان لەو بێناوەدا بەکار دێنن، ئەوانەی چاوێکی پان و بزیان هەیە، چاو دەبڕنە چاوی ئەو کەسەی دەیانەوێت بیخەوێنن و

ئامازەی خەوتنی بەسەردا دەسەپێنن، ئەو هەزارەش بەویستی ئەوان دەنوێت، ئیدی مل كەچیان دەبێت و تا ڕادەیەكی زۆر لە ژێركاریگەری ئامازەكانیان دا دەبێت.

خەونەكانی نوستن و خەواندن:

كاتێ مرۆڤ بەشێوەیەكی سروشتی دەنوێت، لەو دەمەدا (ئەست) لەكۆتەكانی فوتار و بەرەلا دەبێت و بەو هۆیەشەوە خەونە جۆراوجۆرەكان سەرهەڵدەدەن، وەك لەبەشی دووەمی ئەم پەرتووكە دا ڕوونمان كردۆتەوە. لەخەواندنیش دا شتێ وەك ئەمە ڕوو دەدات، هەر چەندە خەونەكانی (خەواندن) بەوە جیا دەكرێنەوە لە خەونی نوستنی ئاسایی كە ئەوی یەكەم لە ژێر كاریگەری ئاراستەكاریەكانی خەوێنەرەكە دایە... ئەمەش یانی خەوێنەرەكە توانای هەیە كابرای خەوتوو وا لێ بكات ، هەموو ئەو شتانە ببینێت كە ئەم ئامازەی پێدەدات.

دروستە بێژین: ئەو كەسەی دەكەوێتە ژێر كاریگەری خەواندنەوە لەیەك كاتدا نووستوە و وەئاگاشە. ئەو لە بەر ئەوەی هەست ناكات بەوەی لە دەوری دا ڕوو دەدات بەنوستو دەژمێردرێ، لە لایەكی دیكەشەوە بە (بێدار) دەژمێردرێ چوونكە پەیوەندییەكی هەیە بەخەوێنەرەكەیەوە و، دەتوانێت هەموو ئەو شتانە ببینێت كە خەوێنەرەكە داوای لێ دەكات، لەو حاڵەتەش دا ڕەنگە شتی سەیر و سەمەرە و كۆمیدی ڕوو بدات... بەتایبەت كە دەبینی ئەو تۆ نابینێ كەلە بەردەمی دا ڕاوەستاویت، بەڵام ئەو شتانە دەبینێ كە شاردراوەن و لەگیرفانت دان یان ئەو بیرۆكانە هەست پێدەكات كە لەمێشكت دان، ئەگەر خەوێنەرەكە فەرمانی پێبدات.

خەواندن و وەراستگێڕانی وەهم:

ئەو تاقیكردنەوە زانستیانەی لەسەر خەواندن، ئەنجام دراون، گەشتوونەتە دەرەنجامی ئەوەی كە ئامازەی خەواندن دەتوانێت وەهمەكان لە لای هەندێ كەس بكاتە هەقیقەت... دەگێڕنەوە جارێكیان كابرایەك دەكەوێتە ژێر جۆرێكی سوكی خەواندنەوە، ئنجا خەوێنەرەكە دەستەسڕێكی بۆ تورڕ دەدات و وای تێ دەگەیەنێت كە سەگێكە و

هاشاوڵی بۆ دێنێ (دەربڕینی وەرگێڕ) ئیدی پیاوەکە دەستەسڕەکەی لێ بویە سەگ و لەدوای بێدار بونەوەیشی هەروا سەیری دەکرد... لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەش دا ئامازە درا بە پیاوێک کە دوو (قۆچ، شاخ) لەسەر سەری دەرهاتووە، پیاوەکە ئەم ئامازەیەی لێ بوە ڕاست و بڕوای وابوو بوومتە (پیاوێکی دووشاخ دار).[1]

مامۆستا (ودورپ) دەڵێت: لەوانەیە خەوێنەرەکە شوشەیەك بۆنی ناخۆش و بۆگەن لە لوتی کابرای خەوتوو نزیك بکاتەوە و ئامازەی بداتێ کە بۆنی گوڵ و ڕێحانەیە... لەو کاتەدا خەوتوەکە بۆنە ناخۆشەکە هەڵدەمژێت و زۆریش پێی شادومان دەبێ و، وادەزانێ هەر بەڕاستی بۆنی گوڵ و ڕێحانە دەکات. یاخود دەگونجێت خەوێنەرەکە ئامازەی بداتێ کە یەکێك لە ئەندامەکانی لەشی دووچاری ئیفلیجی بووە، ئیدی کابرای خەوێنراو وا هەست ئەکات هەر بەراستی ئەندامەکەی ئیفلیج بووە و ئیدی ناشتوانێ ئەو ئەندامەی لەشی بجوڵێنێت.[2]

ئەوانەی زۆر شارەزان لەخەواندنی موگناتیسی دا، بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەیان لایە... یەك لەو بەسەرهاتانە ئەوەیە کە دەڵێن شارەزایەك لە خەواندن دا قسەلەگەڵ پیاوێکی سادە دەکا، ئینجا ئامازەیەکی سستی خەواندنی بداتێ و وای تێ بگەیەنێت کە ناوی خۆی لەبیر چوە... ئیتر کابرای هەژار ناوی خۆی لەبیر دەچێتەوە.. دروست وەك ئەو مشکەی لێ دێ کە جیوە قوت دەدات، هەر چاوی دەسوڕێنێ بەڵکو ناوی خۆی بیر بکەوێتەوە، کەچی بیریشی ناکەوێتەوە.

خەواندن و ئازار:

ئاسەواری ئامازەی خەواندن تەنها لەوە ڕاست گێڕانی دا کورت هەڵناهێنرێ، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر دەڕوات... ئەگەر تۆپێکی ئاسنی سارد بخەیتە سەر دەستی کابرایەك کە ئامادەگی خەواندنی تێدابێت و ئنجا ئامازەی بدەیتێ کە تۆپەکە داغە، دەبینی ئاسەواری سوتان لەسەر دەستی دەردەکەوێت و ئەویش ئازاری سوتاویەکەی دەچێژێ... بەپێچەوانەشەوە ئەگەر پشکۆیەك لەسەر دەستی دابنێی، ئامازەی ئەوەی بدەیتێ کە یاقوتێکت خستۆتە سەردەستی، ئەوا بەدەست دەیگرێت ، بێئەوەی هەست بە

گەرمی یەكەی بكات، تەنانەت ڕەنگە هەوڵ بدا بیڕفێنێ یان لەباخەڵی دا بیشارێتەوە ، چونكە وا گومان دەبات كە هەر بەڕاستی بەردێكی بەنرخە.

دەگێڕنەوە لە خوالێخۆشبوو (دكتۆر مستەفا مشرفە)ی ڕاگری پێشووی كۆلێژی زانستی زانكۆی قاهیرە، كە هەستاوە بە ئەنجامدانی تاقیكردنەوەیەك لەسەر پیاوێك كە لەژێر كاریگەری خەواندنی موگناتیسی دابووە، دەرزیەكی درێژی كردوە بە ڕانی كابرادا، دەرزیەكە چوە خوارێ و چەقیوە بە ئیسقانی ڕانی دا بێئەوەی ئازار بچێژێ یا خود بشجوڵێتەوە، سەیریش لەوە دا بووە كەیەك دڵۆپ خوێن لە شوێنی دەرزیەكە نەهاتۆتە دەرێ... بەچاوی خۆشم دیومە لە (بەغداد و سامەڕا و تكریت) كە هەندێ سۆق (لای ئێمە دەروێشەكان ئەو كارانە دەكەن - وەرگێڕ) بە خنجێر و نێزە و تیغ خۆیان بریندار دەكەن بێئەوەی ئازاریان پێ بگات... ئەوان لەو كاتەدا دەكەونە ژێر جۆرێكی تایبەتی خەواندنەوە، ئێمە ئەو جۆرەی خەواندنمان ناوناوە (خەواندنی خودی).

خەواندن و نەشتەرگەری:

لەم ساڵانەی دوایی دا هەندێ لەخەوێنەرە پیشەوەرەكان داوا لە پزیشكەكان دەكەن لەبریتی بەنج، سڕكردنی خەواندن بەكار بێنن لە نەشتەرگەریەكانیان دا ... بەڵام پزیشكەكان لەسەرەتا دا ملیان نەدەدا بەم داوایە... شیاوی باسە زۆرێك لەو پزیشكانە تا هەنوكەش بەهەمان چاوی پێشینەكانیان لەسەدەیەك لەمەوبەردا سەیری خەواندن دەكەن، بەڵكو بە جادوو بازیشی تێدەگەن.

لە(لەندەن) ماوەیەك لەمەوبەر، لویەكی پیس لە سەر سنگی كیژێك كەناوی (جانیس ایستون) بوو دەرهات، كیژەكە پێویستی بەكردارێكی نەشتەرگەری بە پەلە بوو، بەرگەی بەنج و سڕكردنیشی نەدەگرت.. پزیشكە نەشتەرگەرەكان سەرسام بوون لەوەی چی بكەن؟، دواجار ناچار بوون بەوەی پەنا بەرنە بەر خەواندن بۆ سڕكردنی، چونكە گەر وایان نەكردایە، لوەكە دەبوە هۆی گیان لەدەست دانی كیژەكە، بۆ ئەوەش پەنایان بردە بەر یەكێك لە خەوێنەرە بەناوبانگەكان لەبەریتانیادا... خەوێنەرەكە هاتە سەر كیژەكە لەكاتێكدا لەسەر قەرەوێڵەی نەشتەرگەری كەوتبوو، دەستی كردە

ئیحا پێدانی گوایە لە جێگەیەکی جوانی سەر ڕۆخی دەریا دا دانیشتوە، و هەستیش بە سەرمایەکی کەم دەکات لەسەر سنگی دا، بەڵام هەست بەهیچ جۆرە ئازارێك ناکات، کیژەکە دەستی کردە خەون بینین بەگوێرەی ئارەزووی خەوێنەرەکە، لەهەمان ئەو کاتەش دا نەشتەرگەرەکە نوکی نەشتەرەکەی خستبوە نێو قوڵایی لوەکەوە... دوای کۆتایی هاتنی نەشتەرگەریەکە کیژەکە لەخەو بێدار بویەوە و لەسەر لێوەکانی دا بزەیەك دەبینرا، ئنجا دەستی کردە باسکردنی ئەوەی لەکاتی نەشتەرکەریەکە دا بینیویەتی... کیژەکە گوتی: "بەڕاستی خەونێکی خۆش بوو، لەشارێکی سپی دا پیاسەم دەکرد لە باشووری فەرەنسا ، لەسەر ڕۆخی دەریای سپی ... دارخورماکانم دەبینی کەپەلیان بەسەر ئاوە شینەکەی دەریا دا شۆڕ کردبووەوە".

هەر چۆن بێ، وادیارە پزیشکەکان لەو ڕایەی پێشویان هاتونەتە خوارێ کە لەمەڕ خەواندن هەیان بوو.. لەم ڕۆژانەی دوایش دا هەواڵی ئەوەمان زۆر بەرگوێ دەکەوێ کە ئاماژە دەدات بە بڵاوبونەوەی بەکارهێنانی خەواندن لە چارەسەرکردنە پزیشکی و کردەوە نەشتەر گەریەکان دا لە هەموو لایەکی جیهانەوە... کێ دەزانێ لەوانەیە (بەنج) ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە هەواڵێکی ڕابردوو.

خەواندن و جادوو:

پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێ کە خەواندن هەمووی لەسەر یەك شێواز نیە، بەڵکو بەشێوازی جوداجودا دەکەونە سەر خەڵکی... جۆری توند و تیژی هەیە کە ئێمە لەبەر دا باسمان لەهەندێ ڕواڵەتی کرد، هەروەها جۆری سوکیش هەیە کە دەکەوێتە سەر مرۆڤ بێئەوەی هەستی پێ بکات.[1]

هەندێ خەڵکی هەن ئامادەگی باشیان هەیە بۆ وەی لە ژیانی ئاسایییان دا بچنە ژێر کاریگەری ئاماژەی خەواندنەوە... ڕەنگە یەکێکیان کە بەکۆڵانێکی تاریکدا دەڕوات، پێی بڵێیت: لە فلان گۆشەی کۆڵانەکەدا جنۆکەیەك خۆی مەڵاس داوە بۆت.... ئیدی ئەو برادەرەمان کە تەماشای ئەو گۆشەیە دەکات شەبەحی جنۆکەکە دەبینێ کە ڕاوەستاوە و چاوی لێ داقڵیشاندوە (دەربڕینی وەرگێڕ)... لەو کاتەدا هەر دوو قاچی بۆ ڕاکردن بە

هەوادا ڕەها دەکات و دواتر باسی ئەو جنۆکەیە بۆ خەڵکی دەکات، لەوانەیە خەڵکیش بڕوا بە قسەکانی بکەن، بۆیە هیچ ناسەلمەنەوە لەوەی لە هەمان سوچ دا جنۆکە ببینن گەر بەلای دا ڕەت بن.

هەموو چیرۆکەکانی خێو و دێو و درنج و جنۆکە لەم شێوەیەن (دەربڕینی وەرگێڕ)، ئەم چیرۆکانە بەهۆی ئەو ئامازەی خەواندنانەوە لەنێو خەڵکی ڕەشۆکی دا بڵاو دەبنەوە، کەلە باس و خواسەکانی شەویان و لە ئەفسانەکانیان دا ئاراستەی یەکتری دەکەن.

مامۆستا (سینڵ) بڕوای وایە ئەو جفاتانەی بۆ (مناجاتی گیانەکان) ساز دەکرێن و لەم رۆژگارە دا خەڵکانێکی زۆر بەتامەزرۆییەوە ئامادەی دەبن هیچ نین جگە لە کۆمەڵێ وەهم یا خود خەونی هیپنۆتیزمی... ئەگەر کۆمەڵێ خەڵك بەویقار و بێدەنگیەوە لەژوورێکی هێمن و کەم ڕوناکیدا دابنیشن، ئەوا ئامازەیەك وەردەگرن کە بەڵگەیە لەسەر بوونی گیانی مردوویەك لەنێو خۆیاندا، زۆربەی جاریش کۆمەڵێ شت دەبینین کە بەخەیاڵی خۆیان وا دەزانن ڕاستی ئەو وەهمانە دەسەلێنێت.[٧]

زۆرینەی گومانەکانم بەلای ئەوە دایە ، زۆربەی ئەو دیاردە سەیرانەی جادوو کە خەڵکی لەدێرزەمانەوە لەنێو خۆیاندا باسی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی لێی دووایین هەمان شتە... ئەو خەڵکانەی کاری جادوو بازەکان دەبینن، زۆربەی کات لەو خەڵکە سادە و ساکارانەن کە زۆر لەبارن بۆ کاریگەربوون بە ئیحایەکانی هیپنۆتیزم... کابرای جادووگەر هەندێ فرت و فێڵ دەکات بەجۆرێ نهێنییەکانی خۆی لەوان دەشارێتەوە، دواتر وایان تێدەگەیەنێت کە ئەو کردەوانە دیاردەی ناسروشتین، ئەوانیش بڕوای پێدەکەن.

جادووگەرەکانی فیرعەون:

(سەعلەبی) دەربارەی جادووگەرەکان لەسەردەمی فیرعەون و موسادا دەڵێت: باری شەست "هێستر" گوریسیان هێنا و بەنێو دۆڵێکدا بڵاویان کردەوە و خەڵکیش لە دوورەوە سەیریان دەکرد، ماری وای تێدابوو ، وەك شاخ وابوون و دۆڵەکەیان پڕ کردبوو،

هەندێکیان سواری هەندێکی‌تریان ببوون... موسا زۆر ترسا، بەڵام خودا فەرمانی پێدا ئازا و بەجەرگ بێت و گۆچانەکەی فڕێ بداتە سەریان... لەوکاتەدا گاڵۆکەکەی موسا بوە ڕەشمارێکی زۆر ڕەش کە لەسەر چوار پێ‌ی گورتی بەهێز دەڕۆیشت بەڕێدا، کلکێکی هەبوو بیدایە لە هەر شتێ تێك و پێکی دەشکاند، دوو چاوی هەبوو ئاگری لێ دەردەپەڕی، لە هەر دوو کونەلوتیەوە ژەهری دەردەدا، لەسەر پشتی موو هەبوو وەك ڕم وابوو، لەدەمیەوە فیشکە و لوشکە دەهاتە دەر، ڕەشمارەکەی موسا ئاوڕی دایەوە بەلای مارەکانی جادووبازەکاندا، یەك لەدوای یەك هەڵی‌لوشین، تاکو زۆر و کەمیان لەدۆڵەکەدا نەما، خەڵکی کە ئەوەیان بینی زۆر ترسان و ڕایان کرد و لەکاتی هروشە و قەرەباڵغی‌یەکەیاندا هەندێکیان هەندێکی‌تریان کرد بە ژێر پێ‌وە تا ئەوە بوو بیست و پێنج هەزار کەسیان لەو ڕۆژەدا مردن، فیرعەون بەترس و لەرزەوە لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕای کرد، ئنجا موسا گەڕایەوە ناو قەومەکەی و گۆچانەکەش هێشتر هەر مابوو، شوێنی موسا کەوتبوو وەك چۆن سەگێکی بەئولفەت شوێنی خاوەنەکەی دەکەوێت، خەڵکی سەیریان دەکرد و سەرسام ببوون زۆریش دەترسان ... (٨)

خەواندن و تاوان:

ئەو کەسەی دەچێتە ژێر کاریگەری ئاماژەی خەواندنەوە، هەندێ جار مل کەچی خواست و ویستی خەوێنەرەکەیەتی و گوێڕایەڵیەکی کوێرانەی دەکات ... لەم ماوەیەی دوایی دا ئەم مەسەلەیە گرفتێکی یاسایی بەرپا کرد لە نێو یاساناسەکان دا... گرفتەکەش ئەمەیە: ڕەنگە خەوێنەرەکە ئەو کەسە بۆ تاوانکاری پاڵ پێوە بنێ، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاماژەکانیەوە... جا ئایا بەرپرسیارێتی یاسایی ئەو حاڵەتە چۆنە؟!

گەر توانیت کەسێك بخەوێنیت و شمشێرێکی گاڵتینەی لەکارتۆن دروست کراوت دایە دەستی ، پاشان ئاماژەت پێدا کە ئەوە شمشێرێکی یەمەنیە، ئەرکی کابراش ئەوەیە بەو شمشێرەوە هێرش بکاتە سەر خەڵکی و قەتڵ و عامیان بکا (دەربڕینی وەرگێڕ)، دەگونجێت کابرا گوێڕایەڵی فەرمانەکەت بێت و شمشێرە کارتۆنیەکەیەوە هێرش بکاتە

سەر خەڵکی، وەك جۆن(دۆن کیشۆت) هێرشی کردە سەر ئاشە هەواییەکان، گرفتەکە تا هەنوکە سادەیە و لە پێکەنین و کۆمیدیاش خاڵی نیە. بەڵام کاتێ گرفتەکە ڕاستەقینە دەبێت کە شمشێرێکی بڕندەی ئاسنین بدەیتە دەستی و، فەرمانی پێ بکەیت بەڕاستی خەڵکی بکوژێت... لەو کاتەدا ئایا کێ بەرپرسیاری ئەو کارە دەبێت کە ئەو دەیکات؟!

من ئەو قسەیە بەشێوەی ئەندێشەیی یاخود گریمان ناکەم .... چونکە لەڕاستی دا، کۆمەڵێ ڕووداو ڕویان داوە کە کەسێك کردارێکی پێچەوانەی یاسای کردوە ،لەژێر کاریگەری ئەو ئامازە تەنویمییەی کە بەسەری دا سەپێنراوە... یەك لەو ڕووداوانەش، ڕوداوێك بوو ، لە (دانمارك) ساڵی (١٩٥١) ڕووی دا و دەنگۆیەکی گەورەیشی هەبوو.

پوختەکەیشی ئاوەها بوو: یەکێك لە خەوێنەرەکان توانی کەسێك پاڵ پێوە بنێت بۆ تاڵان و بڕۆ و کوشت و کوشتار، بەو هۆیەشەوە سامانێکی زۆری دەست کەوت.. خەوێنراوەکەش گەنجێکی بێگوناهو خاوەن باوەڕێکی قووڵ بوو، خەوێنەرەکەش لەم لایەنەوە بەسەری دا زاڵ ببوو، ئامازەی پێ دابوو کە دەروازەکانی بەهەشت کراوەن لەبەر دەستی دا، و پێویستە بانکەکان تاڵان بکات بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەی و فریشتەیەکی تایبەتیش هەیە کە لەکاتی دزیەکە دا دەیپارێزێت و بەرپرسیارە لێی... خەوێنەرەکە پێی دەگوت: مادەم تۆ دەچیت بۆ بەهەشت ، کەواتە سوودی ئەم شتە دنیاییانە چییە؟ ڕۆژێکیان ئەم گەنجە دەچێتەسەر ئەمینداری سندوقێك و بەزۆری دەمانچە هەڕەشەی لێدەکات، چەندی پارە لە سندوقەکە دا هەیە دەری بێنێت و بیداتێ، بەڵام کاتێك بینی ئەمیندارەکە مل نادات، گەنجەکە دەمانچەیەکی پێوە نا و کوشتی... ئنجا هاتە سەر شەقامەکە و بەوبەڕی هێمنییەوە دەرۆی بەڕێ دا، وەك ئەوەی گوناهێکی گەورەی نەکردبێ... چونکە ئەو دڵنیا بوو لەوەی فریشتەکە دەیپارێزێت، ئێ خۆ ئەم هیچی نەکردووە، ئەوە نەبێت ئەرکی سەرشانی خۆی لەپێناوی خودا و نیشتمان دا ڕاپەڕاندوە.

ئەدگارەکانی ئەم ڕووداوە ڕوون و ئاشکرا بوون، بەرپرسیارێتی یاسایی ئاشکرا بوو، دادگایەکی دانیمارکی سەیری دۆسیەکەی کرد، لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی دور و درێژ

کەهەندێ لە زانا دەروونناسەکانیش بەشداری ببوون، لای دادگا سەلێنرا ، گەنجەکە بێگوناهە و تاوانباری ڕاستەقینە خەوێنەرەکەیە. بۆیە فەرمانی کاری فورسی هەتاهەتاییان بەسەر دا دا... وەلێ ئەو پرسیارەی کە بە مێشك دادێت ئەمەیە: ئایا هەموو تاوانەکانی خەواندن بەم جۆرە ڕوونن، وە ئایا هەموو دادگاکان لەجیهاندا دان دەنێن بە بوونی شتێك دا کەناوی (خەواندن) و لەژێر ڕوناکی خەواندنیش دا بڕیارەکانیان دەردەکەن؟

ئەم پرسیارە دەرگای ئەندێشەمان لێ دەخاتە سەرپشت، ئەبێ چەند کەس لە رابردوو دا تۆمەتبار کرابن بەتاوان، و تا ئێستەش هەر تاوانبار دەکرێن، لەکاتێکدا ئەوان لە ژێر کاریگەری خەواندن دا ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە، لەهەمان کاتدا ،خەوێنەرەکانیان ئازادن و جێژی خۆشیەکانی دنیا دەکەن. خەریکە هەموو یاسا ناسان ئێستاکە ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری خەواندنەوە لە تاوانکاریەکانی بەرپرسیار نیە، چونکە خەواندن بە هۆکارێکی ناچار کردن و تۆبزی دەژمێردرێ، دروست وەك ئەوە وایە مادەیەکی بێهۆشکەر بدرێتە کەسێك، بۆ خاتری ئەوەی پیرۆزیەکی پێشێل بکرێ یاخود بەرەو تاوانێك پاڵی پێوە بنرێ.

من دەمەوێت ئەم ڕایە بخەمە بەردەمی یاساناسانی لای خۆمان، تاکو قسەی خۆیانی تێدا بکەن.

گرفتێکیتر:

لە خەواندن دا گرفتێکی دیکە هەیە، کە گرنگیەکی دەروونی هەیە پتر لەوەی گرنگیی یاسایی هەبێ، گرفتەکەش ئەمەیە: ئایا مرۆڤ لەکاتی خەواندن دا هەموو فەرمانێك جێبەجێ دەکات، یاخود سنوورێك هەیە و ، مرۆڤ کە گەشتە ئەو سنوورە ، ئیدی ڕادەوەستێت لە جێبەجێکردنی فەرمان و ئامازەکانی خەوێنەرەکەی؟!(دەربڕینی وەرگێڕ)

مامۆستا (لویس) بەم جۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: دەتوانم ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەری خەواندنەوە بکەمە ئامێر بەدەستی خۆمەوە و چۆنم بوێت بیان جوڵێنم.[٩]

وەڵێ ئەم ڕایە بەتەواوی پەسەند نەکرا لە لایەن هەموو توێژەرانەوە... بەڕای زۆرێک لە توێژەران، کەسی خەوتوو لەسنوورێکی دیاریکراو دا نەبێ، ئیدی ئەو ئامۆژانە جێبەجێ ناکات کە بەسەری دا دەدرێن، هەر کارێ پێچەوانەی ویژدانی کەسە خەوتوەکە یاخود پێچەوانەی ویستی وشیاری بێت ئەوا جێبەجێی ناکات هەرچەندە خەوێنەرەکە هەوڵ بدات کارەکەی پێ بکات... ئەوەش یانی: تۆ ناتوانیت پاڵ بەکەسە خەوتوەکەوە بنێیت بۆ کردنی کارێک، مەگەر ئەو کارە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە خەوتوەکە باوەڕی پێی هەبوە بەر لەوەی بکەوێتە ژێر کرداری خەواندنەوە.

بۆ نمونە، ئەو گەنجە دانیمارکیە وەربگرە کە کرداری کوشتن و تاڵانی ئەنجامدا لەکاتی خەواندنی دا... وەك دەگوترا گەنجێکی سادەی دڵسۆز و نەزان بوو.. ئەو گەنجە و هاوشێوەکانی وان، لەژیانی ئاساییان دا سڵ ناکەنەوە لەوەی دزێوترین کردەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر پێیان گوترا ئەو کردەوەیە جیهادە لەپێناوی خوا دا، یان خەباتە لەپێناوی نیشتمان دا... کەواتە خەواندن هیچ کاریگەریەکی وایان لەسەر دانانێ، تەنها لەو ڕووەوە نەبێ کە ئەو ئارەزووەیان تێدا گەورە دەکات و گەرم و گوڕیی پێ دەبەخشێ.

چەند ساڵێك لەمەوبەر لەمیسر دا ڕووداوێك ڕوویدا، پوختەکەیش ئەوە بوو: پزیشکێك پەردەی کچێنی کچێکی لادابوو کە لای خۆی وەك خزمەتگوزار کاری دەکرد، دوای ئەوەی کرداری خەواندنی موگناتیسی بۆ ئەنجام دابوو... یەکێك لەدادگاکانی میسر، سەیری ئەو دۆسیەیان کرد و سزای سەختیان بەسەر پزیشکەکەدا سەپاند... کاتێك لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە لەو کێشەیە دەکۆڵینەوە، دەتوانین وای دابنێین کە پزیشکەکە نەیدەتوانی کیژەکە هەڵخەڵەتێنێ ئەگەر لەکاتی خەواندنەکەی دا هەستیارترین ژێی نێودڵی کیژەکەی نەدایە، وەك ئەوەی پێی گوتبێ تۆ هاوسەری نی و هاوسەرگیریش کارێکە خودا و پێغەمبەر پێی قایلن. ئنجا دووریش نیە کچەکە

ئەم ئاماژەی پێ خۆش بێت و، ئیتر ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات کە خەوێنەرەکەی پێی دەکات.

جارێکیان لەکاتی خەواندن دا، پرسیاری ئەوە لەژنێك کرا کە ئایا تەمەنی چەندە، ژنەکەش خۆی لادەدا لە وەڵامدانەوە. کاتێکیش ئاماژەی ئەوەی پێ درا کە پێویستە تەمەنی ئاشکرا بکات، بۆ وەی پاساپۆرتی دەست بکەوێ، وەڵامێکی ڕاستەوخۆی نەدایەوە... لێکدانەوەی ئەو ڕووداوەش ئەوەیە کە ئەو ژنە لەبێداری دا حەز ناکات تەمەنی خۆی ئاشکرا بکات، کەواتە ئەو ئامازە تەنویحیەش هیچ کارێکی تێ ناکات، ئەگەر پەساپۆرتی سەر مەریخیشی لەگەڵدا بێت.

تاقیکردنەوەیەکی خەواندن لەسەر ژنێکی‌تر جێبەجێ کرا، ئەو ژنە سەگێکی بچکۆلانەی هەبوو زۆری خۆش دەویست، لەکاتی خەواندنەکەی دا ئاماژەی ئەوەی درایە کە سەگەکەی تووشی تاعون بووە و چاودێری تەندروستی گشتیش وا دەخوازێ سەگەکە بکوژرێ... دواتر قەڵەمێکیان دایە دەستی ژنەکە گوایە چەقۆیە، هەروەها جانتایەکی بچوکیشیان دایە دەستی گوایە ئەو سەگەیە کە دەبێت بکوژرێت، ژنەکە باوەڕی بەهەموو ئەو ئاماژانە کرد، بەڵام بەتەواوی خرۆشا کاتێك خەوێنەرەکە داوای لێکرد سەگەکە (واتە جانتا بچوکەکە ـ وەرگێڕ) بەچەقۆکەی دەستی (واتە بەقەڵەمەکەی ـ وەرگێڕ) بکوژێت، بەڵکو فڕێاندی بەڕوی خەوێنەرەکەدا و گوتی: بڕۆ هەی ناڵەبار "دەربڕێش وەرگێڕ"... نایکوژم... نایکوژم.. نایکوژم... ئنجا دەستی کرد بەگریان و فرمێسك لە چاوەکانی دباری، لەوکاتەدا خەوێنەرەکە هەوڵێکی زۆری دا تاکوو بتوانێ بیگەڕێنێتەوە سەرباری دامەزراوی خۆی.[١٠]

خەواندن و قەناعەت پێکردن:

وەك گوتمان خەواندن پلەی جوداجودای هەیە، پلەی توند و پلەی سوکی هەیە، لێکۆڵینەوە دەروونی و پاساییەکان گرنگی بەپلە توندەکەی دەدەن، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە خەواندنی سوکیش ڕەنگە شوێنەوارێکی زۆر لەزیانی دەروونی و

کۆمەڵایەتی دا دابنێت، ئەمەش بەڕوونی کاتێ دەردەکەوێ کە یەکێکمان هەوڵ دەدات قەناعەت بەکەسێك بکات.

بێگومان هێزی قەناعەت پێکردن لەمرۆڤ دا پشت بەفاکتەری جۆراوجۆر دەبەستێ، وەڵ هۆکاریتر هەیە کە زۆربەی خەڵك پێی ئاشنا نین ،هەر چەندە گرنگیشە لە قەناعەت پێکردن دا، ئەویش بریتییە لە توانای خەواندن و ئیحا... خاوەنی ئەو توانایە، تواناکەی بەکار دەهێنێت لە مامەڵەکردنی دا لەگەڵ خەڵکیدا، ئارادەیەکی زۆریش کار لە سەرکەوتنی دەکات، ئەمە لەکاتێکدا خۆی هەستی پێ ناکات ، یان پەی بە گرنگییەکەی نابات لەژیانی دا.. ئەم توانایە بەشێکە لەوەی خەڵکی دەیدەنە پاڵ شانس (بەخت) و بەختیش لێی بێبەریە.

ڕەنگە کەسێك لەوانەی ئەو توانا تەنویمییەیان هەیە بێتە لات و سەرنجە تیژەکان و ئاماژە بەهێزەکانی چڕ بکاتەوە بەسەرت دا. ئەو وەك خۆی دەڵێت دەیەوێت بەبەڵگەی لۆژیکی قەناعەتت پێ بکات، وەڵ ئەو لەڕاستی دا کرداری سوکی خەواندنت بۆ ئەنجام دەدا بەجۆرێ تۆ نازانیت، ئاماژەی ئەو ئەندێشە و بیرۆکانەت دەداتێ کە دەیەوێ، جار لە دوای جار ڕۆیان دەکات بەسەرت دا، تاکو دواجار مل کەچت دەکات بۆ ویست و ئارەزووەکانی خۆی و، تۆش ناتوانیت لێی دەرباز بیت.

هەروەها کەسێکی دیکە دێتە لات لەو کەسانەی توانای خەواندنیان نیە، یاخود ئەو توانایە تیای دا لاوازە، دەبینی لەبەرانبەری ئەمیاندا ئازادیت و دەتوانیت پێی بڵێیت (نەخێر) و ئاسودەشی، تەنانەت لەوانەیە بتوانیت کاریگەری خەواندنەکە بەسەری دا پێچەوانە بکەیتەوە و تۆ ببیتە خەوێنەری وی.

ئەو کەسەی توانای خەواندنی تێدا لاوازە لە قەناعەت پێکردنی بەرانبەرەکەی زیاتر پشت بە بەڵگەی لۆژیکی دەبەستێ وەك لەهێزی ئاماژەدان، چونکە وا گومان دەبات کە مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە، بەڵام زۆر جار ئەو گومانەی بەرەو شکستی دەبات لەژیاندا.

ئەو کەسانەی سەرەڕۆیی سێکس زۆر دەکەن و، تیاشیدا سەرکەوتوو دەبن وا ناسراون کە ئەوەندە جوان نین تاکو جوانیەکەیان کارسازییان بۆ بکات، بەڵکو لە بریتی جوانی شتێکیتریان هەیە، کە بریتییە لە هێزی ئاماژەدان.. ئەو جۆرە پیاوانە بەقسەی

هەنگوینی و چاوتیژی خۆیان دەتوانن ژنەکە ڕابێنن... ژنەش لە بەردەستی دا شل دەبێت بێ ئەوەی هەست بکات پیاوەکە بەشێوازی موگناتیسی دەیخەوێنێت.

لەوانەیە زیادەڕەوی نەکەم ئەگەر بڵێم: هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە تۆڕێک لەیەکتر خەواندنی ئاڵوگۆڕ پێکراو، خەڵکی هەندێکیان هەندێکی تریان دەخەوێنن یاخود (ئیحا) بەیەکتری دەدەن، بێ ئەوەی هەست بکەن .. زۆر جار مرۆڤ کارێ دەکات کە ئاماژەی کردنی ئەو کارەی پێدراوە، کەچی بوغراشە بە ئەقڵی خۆیەوە، وا گومان دەبات کە لەڕوی قەناعەتی خۆیەوە کارەکە ئەنجام دەدات.

هەرچۆن بێ، بەڕواڵەت خەڵکی جیاوازن لەپلەی کاریگەربوونیان دا بەئاماژەی خەواندن، هەندێکیان تا ڕادەی کردنی دزێوترین تاوان دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، وەڵێ هەندێکی دیکە لە سنورێکی دیاریکراودا دەچنە ژێر کاریگەرییەکەوە... دەگرێت بڵێین: تا چەندە تاک خاوەنی ویستی بەهێز و بیرکردنەوەی پێگەیشتوو بێت، ئەوەندە سەختە خەوێنەرێك مل کەچی بکات بۆ ویستی خۆی، تەنانەت لەوانەیە لەنێو خەڵکیدا کەسی وا هەبێت کە هەرگیز نەخەوێندرێ.

خەواندنی کۆمەڵایەتی:

بەر لەوەی کۆتایی بەم بەشە بێنین، هەقە ئەوە بەیادی خۆمان بێنینەوە کە خەواندن تەنها لەنێوان دوو کەس دا کورت هەڵناهێنرێ کە یەکێکیان ئەوی دیکەیان بخەوێنێت. بەڵکو لەوانەیە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا بێت، ئەم جۆرەی خەواندنەکە ئێمە لە بەشێکی رابردوو دا ناومان نا (خەواندنی کۆمەڵایەتی).

ئەم جۆرەی خەواندن ئاسایی لەو خۆپیشاندان و قەرەباڵغیانە دا توند و سەخت دەبێت کەخەڵکی کۆ دەبنەوە بۆ هوتاف و هاوارکردن. لێرەدا دەبینین ئەو کەسانەی بەشداری قەرەباڵغییەکە دەکەن، هەست ناکەن بەوەی چی دەکەن، چونکە بیرۆکەیەکی دیاریکراویان بەسەر دا زاڵ دەبێت و ، ئەمەش وایان لێدەکات ئاگایی خۆیان لەدەست بدەن، تەنها لەیەك ڕووەوە نەبێت، ئەویش ئەو لایەنەیەکە هوتاف و هاوارەکان ڕۆ دەگرێنە ناوییەوە... بۆیە دەبینین کۆمەڵێ کاری قێزەوەن دەکەن، وەك ئەشکەنجەدان و

سەربڕین و لەش تێکدان، بێ‌ئەوەی دەرك بكەن بەگەڵخۆیی ئەو كارەی دەیكەن... دەگرێت لەو بارەدا ئەو خەڵكانە بچوێنین بەو گەنجە دانیماركیەی كە دزی دەكرد و خەڵكی دەكوشت و بڕواشی وابوو كە دەرگاكانی بەهەشت لەبەردەمیدا كراوەن.

كەسێك هەوانی ئەو كردەوە تۆقێنەر و قەسابخانانە ببیستێ كە جەماوەر پێی هەڵدەستن لەساتەوەختەكانی خەواندنی كۆمەڵایەتی دا، ڕەنگە بڕوا نەكات بەهۆی ڕادەی ئەو ترسناكیەی لە كردەوەكەیاندا هەیە ، ئەوانەش بەقەسابخانەكان هەڵدەستن، دوای ئەوەی ئاسەواری خەواندنەكەیان لەسەر نامێنێ، بڕوا ناكەن ئەوەی دەدرێتە پاڵیان ڕاست بێت... بۆیە هەر سەر بادەدەن و ئەپرسن: تۆ بڵێی ئەوان بووبن ئەو كردەوەی تۆقێنەرانەیان ئەنجام دابێ؟!.

خەواندنی كۆمەڵایەتی ،كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لە ئیفلیج كردنی بیركردنەوەدا، چونكە ئەو كەسەی دەكەوێتە ژێركاریگەری ئەو خەواندنەوە، ناتوانێ بیر بكاتەوە، لەو سنووورەدا نەبێ كە ئامازەكانی خەواندنی گشتی بۆی دەكێشن، بۆیە ناتوانێت هەقپەیڤینی لەتەك دا بكەیت ،هەر چەندە بەلگەكانت ڕوون بن لەگەڵی دا، چوارچێوەی ئاوەزیی وی، بەجۆرێ كلۆم دراوە كە هیچ بەلگەیەكی لێوە ناچێتە ژوورێ، ئیدی بەلگەكە هەرچی بێت.

ئەو لەمیانەی ئەو چوارچێوەیەوە لەمەسەلەكان دەڕوانێت، تەنانەت لەوانەیە وەكو گا بخرۆشێت كاتێ هەوڵ دەدەیت لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەوە شتێكی (نوێ بخەیتە بەردەم ـ دەربڕینی وەرگێڕ).

ڕۆژێكیان لە (كاظمیة) لەگەڵ گەنجێكدا دەدوام، لەبارەی مەترسی و دزێوی ئەو نەریتەی ناویان ناوە (التطبیر) [١٩] ،

كە هەندێ كەس سەری خۆیان بەنێزە بریندار دەكەن ،خۆیان ئاوقەی مردن دەكەن، گەنجەكە گوێی بۆ گرتم تا ئەو ڕادەیەی وام زانی بڕوای بەبۆچوونەكانم كردوە. دواتر لەڕۆژێكی (عاشورا)دا هەمان گەنجم بینیەوە، لەمەراسیمێكی (تەطبیر)دا، هەر ئەوەندەی لە دوورەوە منی بینی هەستم كرد غەزەب پەڕیە چاوەكانی، لەو كاتەدا ئەو گەنجە لە ژێر كاریگەری خەواندنی كۆمەڵایەتی دا بوو، دیمەنەكانی خوێن و (گێزو

هوڕ) ئەوانەی دەگریان بەسەر دڵ و دەروونی دا زاڵ ببوون و، ئیتر هیچ لەم دنیایەی نەدەگەشت ئەوەندە نەبێ پشتگیری (تـەطـیر) بكات و بەرەو ئەو مەراسیمە بڕوات... سەرباری ئەوەش من پێویستم بەوە نیە كە بڵێم كاتێ گەنجەكەم دیتەوە قاچەكانی بەهەوادا ڕەها كرد بۆ ڕاكردن لەترسی ئەوەی نەكا گەنجەكە بگاتە سەرم و (یەخە)م بگرێ و سەرم بڕێ و تەرمەكەم بشێوێنێ... ئایا چەن كەس بەبێتاوان بەوشێوەیە بوونە قوربانی.

دروستە بێژین لەهەر جێگەیەك مرۆڤ هەبێ، خەواندنی كۆمەڵایەتی بوونی هەیە، هەر مرۆڤێكیش بگری ، كەم و زۆر دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەو جۆرەی خەواندنەوە... وەڵێ دەتوانین لەمەڕ خەواندنی كۆمەڵایەتیش هەمان ئەو ڕایە دەربڕین كەلە بەرانبەر خەواندنی (تاكەكەس) دا دەرمان بڕی، ئەویش ئەو ڕایە كە گوتمان : تا چەندە خەڵكی ڕۆشنبیر بن و، ئاوەزیان كراوە بێت، كاریگەری خەواندن لەسەریان لاوازتر دەبێت و مەترسیەكانیش كەمتر دەبن.

پەراوێزەکانی بەشی پانزدەیەم:

١. بنواڕە: المقتطف، رسائل الارواح، ل ٢٩.

٢. بنواڕە: بول جاكو، التنويم المغناطيسي، ل ٥.

٣. بنواڕە: سينل، الحاسة السادسة، ل ٥٨.

٤. بنواڕە: Humphry, story of man's mind, p 269

٥. بنواڕە: Wood Worth, study of Mentalcife

٦. بنواڕە: سينل، الحاسة السادسة، ل ٨٨ ـ ٩٢.

٧. بنواڕە: هـ.س، ل ٧٧.

٨. بنواڕە: الثعلبي، قصص الانبياء، ل ١٠٦.

٩. بنواڕە: وليم سرجبوس، التنويم المغناطيسي، ج١ ل ١٤٩.

١٠. بنواڕە: هـ.س، ج١، ل ١٥٢.

١١ـ التگبير / بریتیە لەو ڕێو ڕەسنەی شیعەکان لەعاشوورادا بۆ یادکردنەوەی جینۆسایدەکەی دژ بە (حسەین) سازی دەکەن و هەندێك ڕواڵەتی وەك بەزنجیر لەخۆدان و زەرگ وەشاندنیشی تێدا پەیڕەو دەکەن – وەرگێڕ -

بەشی شازدەیەم:

بلیمەتیی خەونەکان

لەوەی رابورد، باسمان لەخەون کرد لەڕوی پەیوەندی بەخەواندن و هەواڵدان لە ڕووداوەکانی دا هاتوو. هەنوکە دەمانەوێت لە ڕویەکی دیکەوە باس لەخەون بکەین، ئەو ڕوەش بریتییە لە پەیوەندی خەون بەبەرهەمە زانستی و هونەریەکانەوە... هەندێك لە هونەرمەندە داهێنەرەکان و ئەوانەی دۆزینەوەیان کردوە، ئەوەیان لێدەگێڕنەوە کەلەکاتی خەودا یاخود لەکاتی شێوەخەودا (وەك سەراسیمەیی) گەشتونەتە داهێنانە قەشەنگەکانیان.

هەندێ نمونەی واقیعی:

پەرتوکە زانستیەکان لەم ڕووەوە چیرۆك و بەسەرهاتی زۆرمان بۆ دەگێڕنەوە، ئێمە بەنموونە چیرۆکی دۆزینەوەی (ئەنسۆلین) باس دەکەین، واتە ئەو دەرمانەی (نەخۆشینی شەکرە)ی پێ چارەسەر دەکرێت. ئەم نەخۆشینە یەکێك بوو لەو نەخۆشینە ترسناکانەی کە لە پزیشکەکان یاخی بوو، و چارەیان پێ نەدەکرا، تا ئەو کاتەی توێژەرێکی (کەنەدی) بەناوی (فردریك گرانت) توانی مادەی (ئەنسۆلین) بدۆزێتەوە، بەو هۆیەشەوە (گرانت) ساڵی (١٩٢٣) خەڵاتی (نۆبڵ) وەرگرت.

گرانت باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن مادەی (ئەنسۆلین)ی دۆزیەوە، دەڵێت: شەوێکیان کۆوتارێکم ئامادە دەکرد لەسەر نەخۆشینی شەکرە ئنجا دوای ئەوەی ماندوو دەبێت خەوەنوچکە بەسەری دا زاڵ دەبێت و دەنوێت، کاتژمێر دووی ئەو شەوە لەخەو ڕادەبێ و گڵۆپەکە هەڵدەکات و سێ دەستەواژە لە تیانوسەکەی دا تۆمار دەکات، ئنجا دەنوێتەوە، دواتر ئەو سێ دەستەواژەیە بوونە کلیلی دۆزینەوەی ئەو دەرمانەی کە گیانی ملیۆنەهای لەمردن ڕزگار کردووە!

شتێکی ئاوهاش لەو پیاوە دەگێڕنەوە کە (مەکینەی درومان)ی دۆزیەوە، ئەو پیاوە دیزاینی هەموو بەشەکانی مەکینەکەی کردبوو، تەنها ئەوەندە مابوو شێوەی دەرزیەکی گونجاوی بۆ بسازێنێ... ماوەیەکی زۆر هەر سەرسام بوونەی، دەزانی چی بکات، دوای ئەوەی نائومێدی باڵی بەسەر دادەکێشێت، جارێکیان دەنوێت، لەخەونی دا وادەزانێت کەوتۆتە نێو کۆمەڵێك لە (زنجی)یە سەرەتاییەکان و دەوریان داوە و دەیانەوێت بیکوژن... کاتێ ڕمەکانیانی ئاراستە دەکەن و لێی نزیك دەکەونەوە سەرنج ئەدا هەموو ڕمەکان کونێك لە نزیکی نوکەکەیاندا هەیە... بەترسەوە لەخەو ڕادەچەنێت، بەڵام دەست بەجێ هەست دەکات ئەوەی بەدوایدا وێڵ بوو دۆزیویەتیەوە، بۆیە لەسەر شێوەی ڕمی زنجیەکان دەستی کردە دروستکردنی دەرزیەکانی.

هەروەها دەڵێن: (دیکارت) کاتێ لە نێو نوێنی خەونی بەیانی دا بوو ،گەشتە دۆزینەوە مەزنەکەی، هەمان شتیش دەربارەی (هنری بوانکاریە)ی زانای بیرکاریزانی بەناوبانگ دەگوترێ، گوایە لەخەون دا یەکێك لەهەرە مەسەلە ماتماتیکیە گرنگەکانی شیکار و حەل کردوە.[1]

(هنری فابر) باسی هەندێك لەخەونەکانیمان بۆ دەکات و دەڵێت: پریشکێکی بریکەدار لەمێشکی دا دەدرەوشێتەوە لەسەر نوێنەکە باز دەدات و گڵۆپەکەی هەڵدەکات و شیکارەکە دەنوسێت لە ترسی ئەوەی نەبادا لەبیری بچێتەوە، ئەو پریشکە وەك ڕوناکی چەخماخە لە ناکاو بزر دەبێ، وەك چۆن لەناکاو دا دەردەکەوێ.[2]

لەگەڵ هونەردۆستان دا :

مەسەلەکە تەنها لەئاستی زانا و داهێنەراندا کورت هەڵنایەت، بەڵکو پەل دەهاوێ بۆ نێو هونەر دۆستانیش... سەبارەت بە مۆسیقاژەنی بەناوبانگ (ئارسەرسیمۆن سۆلفیان) دەڵێن ،گۆرانیە بەناوبانگەکەی کەناوی (ژۆی ونبوو) بوو، لەخەوندا داناوە، کاتێ لەخەو ڕاچەنیوە، کۆپلە یەکەمینەکانی لە یاد ماوە تۆماری کردون، وەڵێ پاشماوەی سترانەکە بۆ هەتا هەتایە ونبوون.

خاوەنی پەرتووكی (الاغاني) باسی هۆزانڤانێكی سەردەمی نەفامیمان بۆ دەكات كەناوی (عبید كوڕی ئەبرەص) بووە ،كەلە گەڵ خوشكەكەی دا پەزی لەوەڕاندوە... پیاوێكی هۆزی (بني مالك) دەچێ بەگژی دا و، ڕێگەنادات بچێتە سەر ئاوەكە و ئنجا سوكایەتیشی پێ دەكات و بە (كردەوەی بەد ـ وەرگێڕ) لەگەڵ خوشكەكەی دا تۆمەتباری دەكات.. ئیدی (عبید) لەگەڵ خوشكەكەی دا دێنەبەر سێبەری كۆمەڵێك نەمام، زۆر (توڕەو بێتاقەت) دەبێت و خەوی لێدەكەوێت، لەخەونی دا دەبینێ كابرایەك (سەنگە هۆنراوە) یەكی بۆ دێنێت و دەیخاتە ناو دەمیەوە، كەلەخەو هەڵدەستێ هۆنراوەیەكی توندی پیا هەڵدان ڕێك دەخات ، ئەمە لە كاتێكدا پێشتر هەرگیز هۆزانی نەگوتوە.[3]

ئامادەكاری دەروونی:

ئاشكرایە هەندێ لەبیرمەندان تەنها بەو سودە كومسایان نایەت كە بەڕێكەوت لە ڕێگەی خەونەوە دەستیان دەكەوێ، بەڵكو بەرلە وەی بنون پەنا دەبەنە بەر ئامادەكردنی هزریان، لە ڕووی دەرونیەوە، تاكو ئەو سودە وەرگرن كە لەخەون چاوەڕوان دەكرێ... لەم ڕووەوە فەیلەسوفی عەرەبی (ابن سینا) لێی دەگێڕنەوە كە هەركات مەسەلەیەكی فەلسەفی لێ ئاخی ببوایە، دەستنوێژی دەگرت و نوێژێكی دەكرد و پاشان دەخەوت، بەوجۆرە وەڵامی ئەو مەسەلەیەی لەخەوندا وەردەگرت.

ئێمە ناتوانین نكولی لەكاریگەری دەست نوێژ و نوێژ بكەین لەم ڕووەوە، چونكە ئەو دووە دەبنە هۆی ئامادەكردنی هزر و چڕكردنەوەی لەسەر ئەو مەسەلەیەی كە گەرەكە لەخەون دا وەڵامەكەی دەستگیر ببێت، تەنانەت لەوانەشە بەهەر ڕێگەیەكی دیكەی دەرونیش جگە لەدەست نوێژ و نوێژ كردن مرۆڤ هەمان بەرەنجام بەدەست بێنێت.

یەكێك لەپیاوە ئیداریە بەناوبانگەكان كەناوی (ولیەم جیمس)ە لێی دەگێڕنەوە كە هەر كات گرفتێكی لێ ئاخی بووبا، كەلەسەر جێگەكەی ڕادەكشا بیری خۆی چڕ دەكردەوە لەسەر ئەوەی پێنوس و كاغەز بەتەنیشتی نوێنەكەیەوە دابنێ، زۆر جاری وا دەبووكە لەخەو هەڵدەستا بیرۆكەیەكی بەپێز كەوتبوە مێشكیەوە، بۆیە بەپەلە تۆماری دەكرد بەر لەوەی لەبیری بچێتەوە.[4]

مامۆستا (فورستر)یش پەنای دەبردە بەر ئەو ڕێگەیە كاتێ خوێندكار بوو لەزانكۆ دا، ئەمیش كاغەزێكی لەپاڵ نوێنەكەی دادەنا بۆ وەی وەڵامی ئەو مەسەلانەی تێدا بنوسێتەوە كە لەكاتی بێداری دا لێی یاخی ببوون.[5]

بۆچونی ئیبن خەلدون:

جێگەی ئاماژەپێدانە (ابن خلدون) نزیكەی شەش سەدە لەمەوبەر پەی بەو ڕاستیە بردوە، ئەو بڕوای وابوو خەونەكان دەتوانن هەندێك لە گرفتەكانی بێداری چارەسەر بكەن، بەمەرجێك ئەو كەسە بەر لەوەی بنوێ ئامادەكاریەكی دەروونی باشی بۆ كردبێ.

(ابن خلدون) لە (مقدمة)كەی دا ڕێگەیەكی خۆش (دەربڕینی وەرگێڕ)ی باس كردوە و دەڵێت ئەو ڕێگەیەی لەهەندێ كتێبی ئەستێرەناسەكانەوە وەرگرتوە و خۆیشی تاقی كردۆتەوە و خەونی سەیری لێ بەرهەم هێناوە... پوختەی ڕێگەكەش وەك ابن خلدون باسی دەكات ئەوەیە: مرۆڤ بەر لەوەی بنوێت، دوای ئەوەی ڕوگەی باش بۆ خەوتن هەڵدەبژێرێ پێویستە ئەم ڕستەیە بڵێتەوە (تماغس بعدان یسواد و غداس تنوفنا غادس) ئنجا بنوێت.. ئیتر ئەو شتە دەبینێ كە لەكاتی بێداری دا ئامەزرۆی بینینی بووە.

(ابن خلدون) لەو وشە ئەعجەمیانە دا هیچ توانایەكی جادوویی یاخود نهێنیەكی پەنامەكی نابینێت... چونكە ئەو دەربڕینانە هیچ نین جگە لە كۆمەڵێك واژەی بێمانا كە ئەستێرەناسەكان لە (تەلایمە) كانیان دا دەینوسن بێئەوەی لە خودی خۆیاندا ئەو وشانە هیچ مانایەكیان هەبێت... تەنها ئەوەندە هەیە، ئەو كەسەی بڕوای پێ دەكات ئامادەباشیەكی دەروونی تێدا دروست دەكەن و، وای لێ دەكەن بتوانێت هێزە هزریەكانی ئاراستە بكات بەرەو چارەسەری داواكراو.

(ابن خلدون) بەدەربڕینێكی جوان بۆچونی خۆی كورت دەكاتەوە، دەربڕینەكەی لەهەندێ ڕووەوە لەو ڕایە دەچێت كە دەروونناسانی نوێ بڕوایان پێیەتی... دەڵێت: "فالقدرة علی الاستعداد غیر القدرة علی الشیئ"[6]

كەواتە مەسەلەكە مەسەلەی ئامادەباشیە كە لە ڕێگەی دەستنوێژ گرتن و نوێژەوە دەبێت، یان لە ڕێی هەندێ دەستەواژەی ئەعجەمی بێماناوە، وەك: (تماغس نوفنا غادس...).

بۆچونی برجسۆن:

هەر چۆن بێت، لەنێو توێژەراندا كەسانێك دەركەوتن كە گومان بكەن لە توانادارى خەونەكان لە مەسەلەی ئەفراندن ،یاخود چارەسەركردنی كێشەی ئاڵۆز و یاخیەكان دا... یەكێك لەوانە (برجسۆن)ی فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی بوو... (برجسۆن) پێی وایە: ئاوەز لەكاتی ئەفراندن دا پێویستە ئەوەندە توانا بەگەڕ بخات كە پرۆسەی ڕێك و پێك كردن و ڕێكخستن ئەنجام بدات، ئەو توانایەش لەكاتی نوستن دا چنگی مرۆڤ ناكەوێ، چونكە ئەست لەوكاتە دا شلەژاوە.[٧]

ڕەوایە بۆ ئێمە، كە ناكۆك بین لە گەڵ (برجسۆن) دا لە بارەی ئەو بۆچونەیەوە... جارێ ئێمە ملەجەڕێ ناكەین لەوەی ئەفراندن پێویستی بەكۆششێكی وشیارانە هەیە كە هزر بیخاتە كار لەپرۆسەی ڕێك و پێك كردن و ڕێكخستنی دا، بەڵام ئایا تەنها ئەو كۆششە بەسە بۆ بەدی هێنانی ئەفراندن؟ بەنمونە مەكینەی درومان وەربگرە كە ئێمە لە پێشەوە ئامازەمان بۆ كرد... ئەوە بوو زانیمان دۆزەرەوەكەی پاش هەوڵ و كۆششێكی زۆر توانی دیزاینی ئەو مەكینەیە بكات، هیچی نەمابوو تەنها دروست كردنی دەرزیەكی گونجاو نەبێت بۆی، بەردەوام بیری لەوە دەكردەوە بەبێ سود... تەنانەت چارەنووسی هەموو داهێنانەكە بەند بوو بەشێوازی دەرزیەكەوە، كە دەبێ كونەكەی لە نزیكی نوكەیەكەوە بێت... وەڵ پەیی بەمە نەدەبرد هەر چەندە بیری لێ دەكردەوە، تا ئەوە بوو لەكۆتایی دا، بەئامازەیەكی تێپەڕ، بیرۆكەیەكی لەكاتی خەو دا بۆ هات... بۆیە كە بێدار بویەوە، هاواری كرد، وەك چۆن پێشتریش (ئەرخەمیدس) هاواری كرد: دۆزیمەوە..... دۆزیمەوە.

دەتوانین دەربارەی هەموو دۆزەرەوە و داهێنەرەكان هەر وا بڵێین.. داهێنەر لەهەموو لایەكەوە لە گرفتە یاخی بوەكە دەنواڕێت و ئەمدیودیوی دەكات، كەچی

دەستەوسانیشە لەوەی چارەسەری بكات... لەكاتێكدا ڕەنگە چارەسەر و حەلەكەیشی لەبیرۆكەیەكی زۆر سادەدا بێت، وەك سادەیی جێگەی كون كردنی دەرزی مەكینەی درومانەكە... كەچی ئەو بیرۆكە سادەیە نایەت بەمێشكی مرۆڤ دا، هەرچەند بەشێوازی وشیارانە بیری لێ بكاتەوە... تەنانەت دەتوانین بڵێین تا چەندە ئەو بیری لێ بكاتەوە، بیرۆكەكە پتر لێی دوور دەكەوێتەوە، بەڵام كاتێ كە لەبیر خۆی دەباتەوە، بیرۆكە سادەكە وەكو پزیسكەی بروسكەیەك دێتە مێشكیەوە.

قۆستنەوەی بیرۆكەكان:

پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی، وەدەركەوتنی بیرۆكەی تێبەڕی داهێنەرانە تەنها لەكاتی نوستن دا كورت هەڵنایەت... بەڵكو لەوانەیە لەهەر كاتێكیتر دا كە مرۆڤ تیای دا سەراسیمە دەبێت و چالاكیەكانی ناوەزی وشیاری خامۆش دەبن، ئەو بیرۆكە داهێنەرانە بەمێشكی دا بێن... زۆر جاری وا هەبووە كەسە بلیمەتەكان لەكاتێكدا بەبیرۆكە مەزنەكانیان گەشتون، كە بەشەقامەكاندا گەڕاون یاخود چونەتە سەر پێشاو یاخود لەسەر نوێنی حەوانەوە هەڵاژیاون.

ئەمەش یانی، كەسی بلیمەتی داهێنەر، نابێت تەنها بەچالاكی ناوەزی وشیاری كومسایی بێت، بەڵكو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە بۆتە دابێت بۆ ئەو تیشكۆیانەی لەناوەزی ناوەكیەوە سەرهەڵئەدەن و لەئامادەباشی دابێت بۆ قۆستنەوەی ئەو بیرۆكە تێبەڕ و ناكاوانەی لێوە دێنە نێو مێشكی... چونكە گەر دوودڵ بێت لە قۆستنەوەی ئەو بیرۆكانە لەكاتی گونجاوی خۆیاندا، ئەوا هەلی تەمەنی لەدەست دەچێت.

ئەوەی كەلەداهێنەرەكاندا تێبێنی دەكەین، هەر یەك لەئێمە لەخودی خویشی دا تێبینی دەكات... ئێمە زۆر جار هەوڵ دەدەین شتێكمان بیر بكەوێتەوە، لەوانەیە ئەو شتە یەكێك بێت لەو شتە ئاساییانەی كەهەمیشە لە بیرماندان، وەلێ هەر كە هزرمان چڕ كردەوە لەسەری ئەو خۆیمان لێ بزر دەكات و لەیادەوەریمان دا نامێنێ... خەڵكی بەوەیە دەڵێن (فڵان شتە كە لەسەر زارمانە و ناتوانین بیدركێنین ـ دەربڕینی

وەرگێڕ).. سەیریش لەوە دایە هەر گەشتەکەمان فەرامۆش کرد، لەناکاو دێتەوە بیرمان، بەڵام ڕەنگە دوای ئەوەی پێویستمان پێی نامێنێ ئەوجا بێتەوە بیرمان.

زۆر جار گەربمانەوێ نوکتەیەك لە بۆنەیەکدا بگێڕینەوە، وامان بەسەر دێ کەلێی دواین... هەر چەندە خۆمان ماندوو بکەین بەدووی نوکتەیەکی گونجاو دا، زیاتر دەستەوسان دەبین لە دۆزینەوەی، ئنجا کاتێ بۆنەکە کۆتایی دێت دەبینین مێشکمان پڕبوە لەنوکتەی جوان... زۆر بەداخەوە.

بەهرەی هۆزانڤانان:

نوسراوە وێژەییەکان باسی ئاوهای هۆزانڤانەکانمان لەکۆن و نوێ دا بۆ دەکەن... هەندێ جاری وا دەبێ، یەکێکیان هەوڵ دەدات هۆنراوەیەك بهۆنێتەوە، کەچی ناتوانێت، وەلێ دوای ئەوە چەند ساتێکی بەسەردا تێدەپەڕێ ، هۆنراوە لەسەر زاری زریان دەکات، وەك ئەوەی لەهێزێکەوە بەسەری دا بسەپێنرێ کە لەدەرەوەی ویست و خواستی دایە.

عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی بەو چرکەساتانەی کە تیایاندا هەست و توانای شیعری زریان دەکات، دەیان گوت لەکردەی جنۆکەکانە... لەوەشدا سەرکۆنە ناکرێن، چونکە ئەوان لەو نهێنییە ناگەن کە وایان لێ دەکات هەستی شیعریان زریان بکات و هەندێکاتیتر چۆڕەبڕ بێت (دەربڕیش وەرگێڕ) بێئەوەی ویستی وشیاریان هیچ دەستێکی لەو مەسەلەیەدا هەبێ، کەوابێ پێویستە بیدەنە پاڵ (جنۆکەکان) چونکە وا ڕاهاتوون هەرچی دیاردەی سەیر هەیە بەو جۆرە لێك بدەنەوە.

(سەعالبی) دەڵێت: "هۆزانڤانەکان وایان باسدەکرد ، شەیاتینەکان هۆنراوە دەخەنە سەر زاریان و فێریان دەکەن... بڕو باڵانتەی ئەوەشیان دەکرد کە هەر یەکێکیان شەیتانێکیان هەیە کە هۆنراوە لەسەر زاری دەڵێت ... هەر کامێکیان شەیتانەکەی لوس کەلەتر بێت هۆنراوەکەیشی پاراوتر دەبێ... ڕادەی بڕواکردنیشیان بەو مەسەلەیە هێندە بوو کە بۆ هەر شەیتانێك لەو شەیتانانە ناوێکیان دانابوو، دەیانگوت شەیتانەکەی (أعشی) ناوی (مسحل)ە، و شەیتانەکەی (فرزدق) ناوی (عمرو)ە، شەیتانەکەی (بشار)یش ناوی (شنفناق)ە...."[٨]

بۆ نمونە، لە فەرزدقەوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: (ساتی وام بەسەردا تێدەپەڕێ کە هەڵکەندنی خرێیەکم پێخۆشتر و لام ئاسانترە لە ڕێکخستنی دێڕێک هۆنراوە)... جارێکیان پیاوێکی (ئەنسار)ی سوکایەتی بە فەرزدەق دەکات و تەحەداشی دەکات کە بتوانێ هۆنراوەیەکی وەك هۆنراوەکانی (حەسانی کوڕی سابتی ئەنساری) بهۆنێتەوە... لەوکاتەدا فەرزدەق بەتوڕەیی پشت هەڵئەکات و هەوڵ دەدا هۆنراوەیەك ڕێك بخات و ئەی دەتوانی .. بۆیە بەردەوام ململانێ دەکرد لەگەڵ هەست و توانای شیعری خۆی دا ، بەڵام بێسوود بوو... وا دیارە برادەری جنۆکەکەی لەوکاتەدا لەگەڵی دا نەبووە ... فەرزدەق ناچار دەبێ جڵەوی وشترەکەی بگرێ ، بەرەو شاخێ لە دەرەوەی شار بڕوات و بگەڕێ بەدووی برادەرەکەی دا... لەوێدا بەدەنگی بەرز هاواری کرد (براکەتان! براکەت بابی لوبنا)! ... ئیتر جنۆکەکە بەزەیی بە (فەرزدەق)دا هاتەوە، هەر ئەوەندەی (فەرزدەق) وشترەکەی بەستەوە ، خەریك بوو وشترەکەیان پاڵ بداتەوە و دەست بەجێ شەپۆلی شێعر سنگی (فەرزدەقی) داگیر کرد... ئەوە بوو لەو جێگەیە هەڵئەسا تاکو پتر لەسەد کۆپلە شیعری ڕێکخست کە لەباشترین شێعرەکانی بوو.

(جەریر)یش ڕوداوێکی وای هاتوە بەسەردا. دەڵێن یەکێك لە والیەکان دەنێرێتە لای و داوای هۆنراوەیەکی لێ دەکات ... (جەریر) ئەو شەوەی گوزەراند و بەردەوام هەوڵی دەدا هۆنراوەیەك بڵێت، بەڵام ئەی دەتوانی. لەوکاتەدا هاوڕێ جنۆکەکەی لە گۆشەیەکی ماڵەکەوە هاواری لێ دەکات: (ئایا وات دەزانی شیعر دەڵێیت... ئەوەتا شەوێك تێپەڕی بەسەرت دا و ئەت توانی هیچ بڵێی...) [٩]

یەکێکی دیکە لەو ڕوداوە سەیر و سەمەرانەی لەم ڕووەوە دەگێڕدرێنەوە، ئەم ڕووداوەیە: دەگێڕنەوە (فەرزدەق) دێت بۆ لای (حەسەنی بەصری) و پێی دەڵێ: (من هەجوی ئیبلیسم کردوە ــ واتە بەهۆنراوە دام شۆریوە ــ وەرگێڕ) حەسەنی بەسری بەسەرسامیەوە دەڵێت: (چۆنی هەجو دەکەیت لەکاتێکدا تۆ لەسەر زاری ئەوەوە دەدوێیت؟) [١٠].

هۆزانڤانە بیانیەکان:

زۆربەی شاعیرانی بیانیش لەسەدەی نوێدا، ئەو هەستەیان کردوە کە هۆزانڤانانی عەرەب لە دێرزەماندا هەستیان پێکردوە. بەڵام ئەمان دیاردەکەیان نەداوەتە پاڵ جنۆکە. بەڵکو گوتویانە بارێکی تەم و مژدارە، دایان دەگرێت و وایان لێ دەکات بەبێ ئاگابوون و خواست هۆنراوە رێک بخەن.[11]

یەکێك لەوانە شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (شیلی)یە... ئەم شاعیرە بەوە ناسراوە کە رەفتاری ریزپەڕی هەبوە بەڕادەیەك دەوروبەرەکەی بە "شێت" تۆمەتباریان کردوە. جارێکیان بینیویانە کە لەدارستانێکدا لەپاڵ درەختێکدا دانیشتوە و گەڵایەکی زۆر کە هەر یەکێکیان دێرێکی لەسەر نوسرابوو، یەك بەسەر ئەویتردا کەوتون بە جۆرێکیترسناك، کاتێك پرسیاری ئەوەیان لە (شیلی) کرد گوتی: مێشکم کاتێ بەبیرۆکە پڕ دەبێ، دەست بەجێ دێتە کوڵ، ئنجا هێندە بەخێرایی وشە و ئەندێشەکان توڕ دەداتە دەرێ کە من ناتوانم بیان گرمەوە...

هەروەها (شیللی) لەو بارەوە دەڵێت: (شیعر لەوبابەتی بیرکردنەوانە نیە کە مەبەست و ویست بەسەری دا زاڵ دەبن، مرۆڤ ناتوانێت بڵێت: ئەمەوێ شیعرێك رێك بخەم، تەنانەت لە توانای مەزنترین شاعیریش دا نیە وا بڵێت).

(کیتس)یش کەشاعیرێکی ناسراویترە، دەڵێت گوایە کاتێ ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە کە لەکاتی ئیلهام دا نوسیویەتی، سەری لێیان سوڕ دەمێنێ و وا دەزانێت خۆی رێکی نەخستون، بەڵکو یەکێکیتر بۆی رێك خستوە.

(جۆرج ئەلیۆت) دان بەوەدا دەنێت کە باشترین نوسراوەکان لەوەوە دەرنەچوون، بەڵکو لەکەسێتیەکی ترەوە دەرچوون، ئەو هیچ نەبووە جگە لەئامێرێك بۆ تۆمارکردنی ئەو شتانەی کەسایەتیەکەیتر بەسەری دا دەدات.[12]

جگە لەویش، (ولیەم بلیك) ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو تەنها ئەو شیعرانەی نوسیوە کە بەسەری دا دراون.[13]

لەراستی دا جگە لەوانەی ئاماژەمان پێدان، شاعیرانێكی زۆری تر هەن كە دانیان ناوە بە زاڵ بوونی بارێكی تەم و مژدار بەسەریاندا كاتێ هۆنراوەیان رێك خستوە.. بەڵام ئەو بارە نادەنە پاڵ جنۆكە، وەك پێشتر عەرەبەكان دەیانكرد.. واش دەزانم گەر ئەمانیش لە رۆژگارەكانی نەفامیدا بژیابان ئەوا دودڵ نەدەبوون لەوەی ئەو بارە تەم و مژدارە بە كردەوەی شەیاتین و جنۆكەكان وسف بكەن.

شێوازەكانی هاندانی بەهرە:

هەر شاعیرێك میكانیزمێكی تایبەتی هەیە، لەكاتێكدا "بەهرەی شیعری"یان لێ یاخی دەبێت، بەو میكانیزمە هانی دەدەن و دەیخرۆشێنن... بۆ نمونە هەندێ لە هۆنەرانی سەردەمی نەفامی ڕویان دەكردە چۆڵەوانیەكان چونكە بڕوایان وابوو لەوێ دا بەجنۆكەكان دەگەن... بەبڕوای ئەوان جنۆكە لە چۆڵەوانی دادەژین... و زۆر جار جنۆكەكانیش لەو جێگایانەدا دەبینن بەهۆی كاریگەری وەهم و ئیحائی خودیەوە.

(كثیر عزة)ی شاعیر باسی خۆیمان بۆ دەكات و دەڵێت: "نیوەرۆیەك بەسەر پشتی وشترێكەوە لە غەمیم یان لە بیقاعی حەمداندا دەڕۆیشتم، سوارێك لێم نزیك كەوتەوە تا هاتە تەنیشتمەوە.. پێی گوتم: شیعر بڵێ، شیعری بەسەرم دا خوێندەوە... وتم: تۆ كێیت: گوتی: من هاوتا و هاوەڵە جنۆكەكەی تۆم...."[٩]

نارەحەت نیە بۆمان تەسەوری ئەوە بكەین، جنۆكە لەو شاعیرە پەیدا ببێ، چونكە ئەو شاعیرە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی كردوە و ئامادەی وایشی بەخۆی داوە، كردەوەی خەواندنی خودی بۆ خۆی ئەنجام داوە. لەو حاڵەتەشدا خەیاڵ پەل كێشی دەكات بۆ بینینی ئەوەی چاوەنواڕی دەكرد... لەو كاتەشدا شیعر زریانێكی دەكاتە سەر، خوێشی وا دەزانێ هاوڕێ جنۆكەكەی رۆی كردوە بەسەری دا.

هەندێ شاعیری تر هەن بە شێوازێكتر "بەهرەی شیعری" خۆیان دەخرۆشێنن، وەك ئەوەی خۆیان دەخستە بەر سەرما یا خود گەرما، یان خۆراكە بێهۆش كەرەكانی دەخوارد یاخود خۆراكە ورياكەرەوەكان، یاخود كارێكی دەكرد كە لەكاری نادان و شێتەكان دەچوو... دەگێڕنەوە (ابن تمام) هەر كەهۆنراوەی لێ یاخی ببوایە (دەربڕینی

وەرگێڕ) پەنای دەبردە بەر تانکیەکی ئاو (حەوزی ئاو) کە لەماڵەکەی دا ئامادەی کردبوو، خۆی لەو تانکیە دا نقوم دەکرد، لەو کاتەدا ئیلهامی شیعری بۆ دەهات... هەروەها دەگێڕنەوە (جەریر)یش هەر کات شیعری لێ یاخی ببوایە، هەموو جلکەکانی بەری دادەکەند و دەستی دەکردە خۆگەوزاندن و تەپاوتل بەسەر خۆڵ و لمی سەرزەوی دا، وەك چۆن گوێ درێژ خۆی دەگەوزێنێ، ڕەنگە لەو کاتەدا "سنگە خشکێ"یشی کردبێ تا ئەندازەیەك کەسێك سەیری کردبێ وای زانیوە شێتە... هەروەها دەڵێن شاعیرانی دیکەی وەك (ئەختەل، ئەبی نواس، خیام) لەڕێگەی خواردنەوەی (مەی)یەوە هەستی شیعری خۆیان بزواندوە.

لەم سەردەمەی ئێمەش دا وابــاس دەکەن، زۆرێك لەداهێنەران ناتوانن هیچ بەرهەمێك بەدەست بێنن، مەگەر زۆر جگەرە بکێشن یاخود زۆر قاوە بخۆنەوە، یان هەر نا بڕێکی باش مەی یان تریاك وە یان مادەی بێهۆشکەری دیکە وەرگرن... ئنجا هەر کاتێ واز لەو شتانە بێنن هەست بە وشکەوەبونێکی قەڵس دەکەن لەبەهرەیان دا.

بۆئێمە ئاسان نیە هەموو ئەو شێوازانە بژمێرین کە هۆزانڤان و هونەرمەندان لەو ڕووەوە بەکاری دێنن. هەر چۆن بێت دەتوانین بڵێین: ئەو شێواز و میکانیزمانە سەرباری جیاوازی جۆرەکانیان بەڵام مەبەست لێیان بێهۆش کردنی (ئاوەزی وشیار)ە، بۆ ئەوەی ئەست بتوانێ لە ڕویەك لە ڕوەکانەوە چالاکی خۆی بەدەر بخات.

فێ (بورانەوە) و داهێنان:

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کەهەندێ لە بلیمەتە بەناوبانگەکان لە مێژوودا بەجۆرێك لەجۆرەکان تووشی "فێ" بوون... بەهرەکانیان لەبەردەمیاندا والا نەدەبوو ئەگەر جارناجارێك فێیان لێ نەهاتایە ... ڕەنگە خوێنەر سەری لەم پەیڤە سوڕ بمێنێ ، چونکە فێداری لەدیدی خەلکی دا نەخۆشینێکە دوچاری هەر کەس ببێ کەسایەتی ئەو کەسە تێك و پێك دەشکێنێ....

لەڕاستی دا فێداری کەسایەتی توشبوەکەی تێك دەشکێنێ لەهەندێ باردا، ئەخاسمە گەر ئەو کەسە دەبەنگ و نادان بێ. وەلێ ئەو کەسانەی زیرەکیەکی درەوشاوە و

بەهرەیەکی زۆریان هەیە لە (فێداری)یش سودمەند دەبن، چونکە ئاوەزی وشیاریان لەهەندێ کاتدا سڕ دەکات و هەل دەرەخسێنێت بۆ (نەست) یان تاکو کاری داهێنەرانە ئەنجام بدات.

شیاوە گەر ئاماژە بدەین بەوەی "فێ"ش هەمووی بەیەك شێواز و، بەو ڕادە سەختە نیە کە لای خەڵکی ناسراوە، چونکە جۆرێکی سوکی هەیە کە هیچ زیانێك بە توشبوەکەی ناگەیەنێ. لەو کاتەدا کە ئەم جۆرە سوکە بەسەر خاوەنەکەی دا دێت کەمێك بێ ئاگا دەبێت (دەبورێتەوە ـ وەرگێڕ) و ئارەقیش دەکاتەوە.. لەوانەیە ئەو ماوە بێئاگاییەش بەسود بێت و کابرا بەجۆرێك لێی بێتە دەرەوە کە لێوان بێت لە بیرۆکەی نوێ.

لەوانەشە ئەمە وای کردبێ لەهەندێ لە میللەتانی کۆن کە فێداری ناو بنێن "نەخۆشینە پیرۆزەکە"... زانراویشە گەلە سەرەتاییەکان بورانەوەیان بەشێوازێك دەزانی لەشێوازەکانی پەیوەندی کردن بەگیانەکان و خواوەندەکانەوە.[15]

(ئیبن فارج)

لێرەدا ئەو بوارەمان نیە، ناوی هەموو ئەو بلیمەتانە ئاماژە پێبدەین کە دووچاری فێداری بوون... ئەوەندە بەسە باسی یەکێکیان بکەین ئەویش شاعیری میسری (ابن فارض)ە کەلە ساڵی (٦٣٢ك) دا کۆچی دوایی کرد.

کاتێ لەژیاننامەی ئەم شاعیرە دەکۆڵینەوە، بەگوێرەی ئەوەی لە پەڕاوەکانی ویژەی عەرەبی دا هاتوە، هیچ باسێکی (فێداری)مان بەر چاو ناکەوێت... کە لەڕاستی دا دووچاری فێداری بووە، ئەوەندە هەبووە کە ئەم تووشی جۆرە سوکەکەی فێداری بووە کە جارناجارێ لەشێوەی جەزبەی سۆفی و غەیبو بە "لەهۆش خۆچوون" دای گرتوە.

مێژوونووسان دەربارەی ئەو شاعیرە دەڵێن زۆرینەی هۆنراوەکانی لەژێر کاریگەری غەیبوبەی سۆفێتی دا هۆنیوەتەوە.. کوڕەکەی خۆی باسی دەکات و دەڵێت: "جارێکیان شێخم بینی بەرزەوە بوو، ماوەیەکی دوور و درێژ سەمای کرد، دواتر ئەوەندەی ئارەق کردەوە تاکو جۆڕایە ژێر قاچەکانی و کەوت بە ئەرزدا و زۆر شڵەژا، جگە من کەسیتر

لە لای نەبوو، پاشان ئۆقرەی گرت و کڕنۆشی برد بۆ خوای گەورە، پرسیاری ئەو حاڵەتەم لێکرد گووتی: کوڕی خۆم! خودا مانایەکی لە کۆپلەیەکدا بۆ کردمەوە، کە هەرگیز مانای وای لێنەکردومەتەوە..."

(ابن فارض) ئەم حاڵەت و بێئاگابوونەی خۆیی ناو دەنا (سەرخۆش بوون بە شەرابی خۆشەویستی خودا).

سەراسیمەیی بلیمەتەکان:

زۆرێك لەبلیمەتەکان بەوە ناوبانگیان دەرکردوە کەخاوەنی سەراسیمەییەکی زۆر بوون، بەڕادەیەك خۆشیان و خەڵکانی دەوروبەریشیان لەبیر کردوە... دەبینی یەکێکیان تەماشات دەکات و تۆ وادەزانیت گوێی بۆ قسەکانت گرتوە، کەچی ئەو یەك وشەت لێ تێنەگەیشتوە، زۆر جار بەو هۆیەشەوە کابرای بلیمەت ناوی نزیکترین هاوڕێی خۆی لەبیر دەکات، یاخود جموجۆڵێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراوی لێ دەبینرێت لەسەر شەقام یاخود لە نێو جفات و دانیشتنەکاندا.

ئێمەومانان کەخەڵکی ئاسای پشین جاری وا هەیە چەند ساتێکی سەراسیمەییمان بەسەردا تێ دەپەڕێت ، لەو ساتانەدا خۆمان لەبیر دەچێت و سەرنجیتیژ لە "هیچ" دەدەین. وەلێ ئەو سەراسیمەییە لەئێمەدا جۆرێکی سوکە و بەخێرایی نامێنێت لەگەڵ ڕوودانی بچوکترین شت لە دەوروبەرماندا... سەراسیمەیی بلیمەتەکان لەجۆرێکیترە، لەوانەیە دنیا پڕ بێت لە هاوار و قیژ و هوڕ کەچی ئەوان هەر لەدنیای سەراسیمەیی خۆیان دان و هیچ هەست ناکەن بەوەی لە دنیای دەوروبەریاندا ڕو دەدات.. بۆ نمونە لە ئەرخەمیدس دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکیان لەنێو حەوشەی ماڵەکەی دا بەدەمەدا کەوتوە و هێڵکاری و حساباتەکانی لەسەر زەویەکە دروست دەکات. لەو کاتەدا یاساوڵێك دێت و داوا دەکات ئەرخەمیدس بەپەلە بچێتە لای پادشا... ئەرخەمیدس گوێی لەبانگی یاساوڵەکە نەبوو، بەردەوام سەرقاڵی هێڵکاریەکانی خۆی بوو... یاساوڵەکە وا گومانی برد کە ئەرخەمیدس سوکایەتی بە فەرمانی پادشا دەکات، ئاخەر چۆن کابرای یاساوڵ لەسەراسیمە بوونی بلیمەتەکان تێ دەگات؟ بۆیە هێرشی کردە سەری و کوشتی.[٢١]

هەروەها دەڵێن (نیوتن)یش هەمان سەراسیمەیی توندی توش بوە، جارێکیان گەرەکیە بێت هێلکەیەك بخاتە نێو ئاوی گەرمەوە تاکو "بیکوڵێنێ" بەڵام لە بریتی ئەوەی هێلکەکە بخاتە ناو ئاوەکەوە، کاتژمێرەکەی دەستی تێدەخات... سەیریش لەوەدایە هێلکەکەی هەر بەدەستەوە بووە و بەردەوام تەماشای کردوە، لەوانەیە ویستبێتی ئەو کاتەی بۆ دیاری بکات کە "کوڵاندن"ی کاتژمێرەکەی تیدا ئەنجام دەدرێ.!!

جارێکیتر کۆمەڵێك لەهاوڕێکانی بۆ نان خواردن داوەت دەکات، کاتێ هەموویان ئامادە بوون، هەستا و بە جێی هێشتن و ڕۆیشت لە کتێبخانەکەی دا ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە... بۆیە کاتێ هاوڕێکانی بێزار دەبن لە چاوەڕوانی دەچنە لای و پێی دەڵێن: "زۆر سوپاس" ئەویش زۆر بەهێمنانەوە دەڵێت: (نا، ئەرکی سەرشان سوپاسکردنی ناوێ).!!

لەبلیمەتێکیتری ماتماتیك دەگێڕنەوە ،جارێك بەشەقامدا رۆشتوە و مێشکی سەرقاڵی مەسەلەیەکی نارەحەت بوە. ئۆتەرێکی ڕەش دەبینێ کە لەسەر ڕێگەکە ڕاوەستاوە. ئەمیش هیچ لەخۆی تێك نادا (دەربڕینی وەرگێڕ) بەڵکو پارچەیەك تەباشیر لەباخەڵی دەردێنێت و دەست دەکات بەنوسینی هاوکێشە ماتماتیکیەکانی لەسەری، بەگومانی ئەوەی لەسەر ئەو تەختە ڕەشە دەنوسێت کە لەماڵە بەڕێزەکەی دایە، بەخۆی نەزانیوە تاکو ئۆتەرەکە دەجوڵێت، ئیدی چاوی ڕێچکە و بێچکە دەکات و وادەزانێ توشی سەرسوڕێ بوە (دەربڕینی وەرگێڕ).

ئەست و ئەفراندن:

لەوەی رابورد دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە (ئەفراندن)، هەموی مرۆڤ لە ئەنجامی وشیاری ئەنقەست یاخود لەرێگەی بیرکردنەوەی ڕێك و پێکیەوە پێی ناگات. گومان لەوە دا نیە کە بیرکردنەوەی ڕێك و پێك پێویستە بۆ داهێنان، بەڵام تەنها ئەویش بەس نیە، چونکە هەر چەندە بڕیارێ هەوڵ بدات بگاتە بیرۆکەیەکی نوێ، هەست

بەدەستەوسانی دەکات ئەگەر (نەست) بەفریای نەکەوێت کە بەئامازە تێبەڕ و ناکاوەکانی ڕێگەی بۆ ڕوناک دەکاتەوە.

مامۆستا (سیر بیرت) لەمەڕ ئەو شێوازەی کە بلیمەت و هونەرمەندەکان دەگەیەنێتە دستکەوتەکانیان، بەم شێوەیە دەدوێت: "ئەو لێکۆڵینەوانەی زانایانی شیکردنەوەی سایکۆلۆژی لەسەر خەونەکان و خەونەکانی بێداری پێی هەستاون، ڕوناکیەکی زۆریان خستۆتە سەر کاری ئاوەز لای هونەرمەند... ئەو ئیشی دارشتنەی کە هونەرمەند پێی هەڵدەستێ زۆر جار ـ وەك خەونی بێداری ـ بەرهەنجامی کردەوەیەکی نەستیە... ئەوەی کە تەنها وەك ئامازەیەك لە ئیلهام یاخود ئارەزویەکی ئینشایی بەرچاو دەکەوێ.. گەر تۆ بیپشکنی ئەوا لەسروشتە ئاڵۆزەکەیەوە بۆت دەردەکەوێ کە لەچەندین ئارەزووەوە هەڵقوڵاوە، کە لەقوڵاییەکاندا و لە ژێر ڕوبەڕی هەست دا کار دەکەن... ئەو ئارەزوانە بەردەوام دەبن لەسەر ئەرك و کاری (نەستی) خۆیان تاکو بەخەفەکراوی بمێننەوە.. ئاسەوارەکانیشی سادە و نەزانراو دەبن تاکو سەرچاوەکانیان پەنامەکی بێت"[٧٧]

هەروەها مامۆستا (کنمیر)یش کەلێکۆڵینەوە لەسەر (بلیمەتی) دەکات هەر وا دەڵێت. بەڕای ئەو ئەفراندنی بلیمەتانە بریتیە لە (ئەو ڕێگە نامۆیەی کە ـ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر ـ بیرۆکە تازە و دۆزینەوە سەیرەکانی لێوە ڕۆ دەکرێت بەسەر کەسە بلیمەتەکەدا، لەسەرچاوەیەکی نادیارەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو خۆی نای ناسێت و (ئاوەزی هەستی)یش ناتوانێت پەی پێ بەرێت).[٧٨]

(دکتۆر برود)یش گەشتۆتە ڕایەکی وا... ئەوەتا دەڵێت: "ئەو چالاکیە هزریانەی کەکار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتێ، لەو شتانە نیە کە ئەقڵ کۆنترۆڵی بکات یاخود هەستی پێ بکات" .[٧٩]

بۆچی:؟

ئەو پەیوەندیە توند و تۆڵەی، لەنێوان نەست و ئەفراندن دا هەیە و وامان لێ دەکات بپرسین، و پێداگریش بکەین لە پرسیارکردن لەهۆکاری ئەو مەسەلەیە.. کە

بەڕاستی مەسەلەیەکی ورد و گرنگە... بەبۆچوونی من ئێمە ناتوانین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، بەر لەوەی شتێ بزانین لەبارەی سروشتی میمۆری لەمرۆڤ دا... وەك لەپێشەوەش ئاماژەمان پێدا، ئەوەی بەسەر داهێنەر دا دێ، ڕەنگە بەسەر هەر یەکێك لە ئێمەشدا بێت کاتێك بمانەوێ شتێکمان بیر بکەوێتەوە ... دەبینین تا خۆمان ماندوو بکەین و هەوڵ بدەین شتێکمان بیر بکەوێتەوە کە دەمانەوێت، ئەوا زۆر نارەحەتە و بیریشمان ناکەوێتەوە. بەڵام کە فەرامۆشمانکرد هێندە نابات لەناکاو وەك تیشکێکی تێپەڕ بەبیرمان دا دێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتیش، گرفتی یادەوەری، گرفتێکی سانا نیە. زانایان ماوەیەکی دور و درێژ هەوڵیان دا پەردە لە ڕوی نهێنییەکانی لا بدەن بەڵام بێسوود بوو. لەبەر ئەوە تا ئەم ڕۆژگارەش هەندێ لەزانایان یادەوەری بە لەغزێکی نەزانراو دەژمێرن... وەڵێ لەم ماوەیەی دوایی دا (ئەم پەرتووکە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا نوسراوە - وەرگێڕ) ڕۆژنامەکان هەواڵی دۆزینەوەیەکی گرنگیان پێداین سەبارەت بەیادەوەری، لەسەر دەستی زانایەکی ڕوسی کەناوی (دکتۆر بلومنفلد)ە.. ئەم زانایە کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی تاقیگەیی ئەنجام دا لەسەر خانەی زیندوو، بەتایبەتی ئەو زیندەخانانەی کە لەمێشك و مۆخی ئێسکەکاندا هەن، لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە کۆمەڵێ تایبەتمەندی (کارۆموگناتیسی)یان تێدایە کە تاڕادەیەکی زۆر لەو تایبەتمەندیانە دەچن کە لەئامێرە بێتەلە پێشکەوتوەکاندان... زانایان ڕایان گەیاند : بێدەچێ ئەو دۆزینەوەیە ببێتە هۆی پەردەلادان لە ڕوی نهێنییەکانی یادەوەری لەمرۆڤ دا... ڕەنگە یادەوەری هیچ نەبێ جگە لەکردەوەیەکی ئاڵۆزی تۆمارکردنی موگناتیسی کە لەنێو مێشکی مرۆڤ دا ڕو دەدات، بەهەمان ئەو شێوەی تۆمارکردنە موگناتیسییەی کە لەنێو ئەقڵەی ئەلکترۆنیەکاندا جێبەجێ دەکرێ.

پێم وایە ئەم دۆزینەوە زانستیە مانایەکی گەورەی هەیە لە مەسەلەی ئەفراندن دا... ئێمە دەزانین داهێنانی هەر بیرۆکەیەکی نوێ هیچ نیە جگە لە پەیوەست کردن و لێ دروستکردن لە دوو بیرۆکەیتر، کەپێشتر ناسراون.[٢٠] ئەمەش یانی داهێنەر ناتوانێ شتێ لەنەبوونەوە وەدی بێنێت، بەڵکو لەکۆمەڵێ شت دروستی دەکات و بێکی دەهێنێ

کە ئەوشتانە پێشتر هەبوون، هیچ فەزلێکیش لەو ڕووەوە نیە، تەنها فەزڵی پەیوەست کردن و پێکهێنانەکە نەبێت.

سەرباری ئەوەش، گەر بزانین مێشک پێکهاتوە لە ملیۆنەها بیرۆکە و یادگاری کەڵەکەبوی ئەزمونەکانی پێشوی دا تۆمار و زەخیرەی کردوە، ئەوا دەگونجێت بڵێین: هەر بیرۆکەیەکی نوێ بریتی‌یە لە بەرهەنجامی کردەوەیەکی نەستی‌ی کە لەنێو مێشکدا دروست دەبێ، لەو کردەوە و پرۆسەیەدا دوو بیرۆکەی کۆن پەیوەستەگی پەیدا دەکەن، وەک چۆن زانیاریە جۆراوجۆرە زەخیرەکراوەکانی نێو ئەقڵی ئەلکترۆنی پەیوەستەگی لەنێو خۆیاندا دروست دەکەن.

پرسیارێکی‌تر:

ڕەنگە لەهەمان ڕووەوە پرسیارێکی‌تر بەمێشکدا بێت: بۆچی نارەحەتە بۆ مێشک لەکاتی وشیاری و(بیرکردنەوەی بەمەست)دا بیرۆکەی نوێ بقۆزێتەوە، بەڵام لەکاتێک دا (ناوەزی وشیار) بێئاگایە بەئاسانی ئەو بیرۆکەیە دەقۆزێتەوە؟ وا دەردەکەوێت (ناوەزی وشیار) سروشتێکی شیکاری هەیە نەک پێکهاتەیی... دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات و بیر بکاتەوە و لەدوی شتان بگەڕێت، وەڵێ کەمێك نەبێ ئیدی ناتوانێ داهێنان بکات. لەوانەیە نهێنی ئەوەش لەوە دابێت کە (ناوەزی وشیار) بەلای تەرکیز کردن و ورد و سەرنجی دایە، کاتێ مەسەلەیەك دەکۆڵێتەوە هەوڵ دەدات سەرنجەکانی لەسەر یەك خاڵی ئەو مەسەلەیە چڕ بکاتەوە. بۆیە ئاسان نیە بۆی کە بتوانێت لەمیانەی یەك سەرنج دانەوە کۆمەڵێ خاڵی نێو ئەو مەسەلەیە لەخۆ بگرێت... ئەوەتا دەبینین لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بیرۆکەکان کۆ دەکاتەوە و بەدووی وردەکاریەکانیدا دەڕوات، بەڵام توانای نیە پەیوەستەگی دروست بکات لەنێوان دوو بیرۆکەی لێکدی دووریاندا.

هۆکاری دەستەوسانی ئەوانەی زۆر شت لەبەر دەکەن لەوەی تێگەیشتن و داهێنانیان هەبێت هەر ئەوەیە... ئەوان زانیاری زۆر لەمێشکی خۆیاندا زەخیرە دەکەن (کە گوترا فلاّن کەس فلاّنە هۆنراوە یاخود فلاّنە پەرتوك یان قورئانی لەبەرە، واتە لەمێشکی دا زەخیرەی کردوە، بەو مانایەش لەبەر کردن واتە زەخیرەکردنی تێکست لەنێو مێشك دا ـ

وەرگێڕ) و دەمدرێژیشی پێوە دەکەن و چەند بارەی دەکەنەوە، وەلێ وەکو توتی دەستەوسانن لەهەلگۆستنی هەر سودێ لەو شتەی کەلەبەریان کردوە... زیرەکەکانیش بەپێچەوانەوەن.. وا ڕاهاتوون لەبیرۆکە جۆراوجۆرەکان تێدەگەن و دواتر لەبیریان دەکەن... ئەمەش یانی زیرەکەکان ئەو بیرۆکانە بەزەخیرەکراوی لەنێو ئاوەزی ئاوەکیاندا واز لێ دێنن... لەوێندەر کار لێك دەکەن و پێکدا دێن... لەبەر ئەوە، ئەمان لەوەڵامدانەوە و چارەسەری گرفتەکاندا بەتواناترن لەوانەی شتان لەبەر دەکەن (واتە دەرخ کەران).

شیعر چۆن هەڵدەقوڵێ:

هۆزانڤان پێویستە هۆنراوەی زۆر لەبەر بکات بەر لەوەی ببێتە هۆزانڤان، هەرگیز نابێت کەسێك لە خۆیەوە ببێتە هۆزانڤان گەر لەوەوپێش حەزی لەهۆنراوە نەبووبێت و شیعری زۆریشی لەبەر نەکردبێ... واتە ئەو هۆنراوانەی لەبەری کردووە بە نێو ئاوەزی ناوەکی دا ڕۆچوون و زەخیرە کراون، دواتر کار لێك دەکەن و پێکەوە مۆتروبە دەبن.

بینیمان زۆر نارەحەتە شاعیر هەر کات ویستی بتوانێ هۆنراوەی باش دابنێت. (ویست) لێرەدا دەبێتە لەمپەرێك و ئەو دەرگایە لەسەر (نەست) دادەخات کە شیعری لێوە هەڵدەقوڵێ (دەربڕینی وەرگێڕ) ... کەوابێ شاعیر پێویستی بەچەند ساتێ هەیە کە تیای دا ئاوەزی وشیاری بێ ئاگا بێت و ویست فەرامۆش بکات... ئەو دەمەش نەست ئازاد دەبێت، ئیدی کار لێك و پێکڤەموتروبەکردن ڕوو دەدات بە بێ لەمپەر و گۆت وبەند.

لە (معروف ر صافی) یەوە دەگێڕنەوە جارێکیان (گێلەپیاوێك) هاتۆتە لای و داوای لێکردوە هۆنراوەیەکی بەپەلەی بۆ بنوسێت تاکو لەیەکێك لە بۆنە کت و پڕەکاندا بخوێنرێتەوە. ئەو پیاوە گومانی وا بوە ، شاعیر دەتوانێت هەر کاتێ ویستی شیعر بڵێت. بۆیە زۆر سەرسام بوو کاتێ بینی (ڕەصافی) داوای لێبوردن دەکات لە وەڵامدانەوەی داواکەی و پێداگریش دەکات لە پۆزش هێنانەوە... کاتێ کابراکە داواکەی دووبارە

دەکاتەوە ڕەساق لێی تووڕە دەبێت و قسەیەکی وای پێ دەڵێت کە بۆ ئێمە ناشێت لێرەدا باسی بکەین... بەڵام قسەکەی ئەو مانایەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هۆنراوە لەخۆوە هەڵدەقوڵێت و مل کەچی ویست نابێت.

گرنگی کات:

بیستومە جارێك شاعیرۆکەیە هۆنراوەیەکی درێژ لەئاهەنگێك دا دەخوێنێتەوە و بەلای هەندێ لەئامادەبووانەوە هۆنراوەیەکی باش دەبێت. کاتێ شاعیرۆکەکە لەخوێندنەوەکەی تەواو دەبێت دەست دەکاتە شانازی کردن بەخۆیەوە و دەڵێت گوایە هەموو هۆنراوەکەی لەچەند خولەکێك دا داناوە... مەبەستی لەو قسەیەش ئەوە بوو کە سەرەڕای تەنگی کات توانیویەتی هەڵبەستێکی جوان دابنێت و ئەگەر کاتێکی درێژتری لەبەر دەمدا بوایە هەڵبەستێکی جوانتر و مەزنتری دادەنا... ئەم شاعیرۆکەیە لەبیری چوە کە درێژی کات گرنگیەکی نیە لەمەسەلەی ڕەوانی و جوانێتی هۆنراوەدا.. لەوانە هۆزانڤانێکی مەزن چەند ڕۆژێ هەوڵ بدات شیعرێك دابنێت و نەتوانێت... کەچی دوای ئەوە لەچەند چرکەیەك دا هۆنراوەیەکی ئەمر دادەنێت.

گرفتی داهێنان بەشێوەکی گشتی ئەوەیە کە مل کەچی حسابی کات نابێت و لەخشتەی لێکدان (جدول ضرب)یش تێناگات... چونکە لەو کارە تەرتیب کراوانە نیە کە تا کاتەکەی درێژتر بێت بەرهەمەکەی زیاتر دەکات.

تکام وایە لەخوێنەر و ا حاڵی نەبێت کە (کات) هیچ گرنگیەکی لەو مەسەلەیەدا نیە. لەڕاستی دا هەندێ جار کات زۆر گرنگە، چونکە ئەو بوارە لەبەردەمی داهێنەردا واڵا دەکات کە لێشاوی بەهرەکەی بقۆزێتەوە... تاکو کات لەبەر دەمیدا درێژ بێت، ئەوا هەلی ئەو قۆستنەوەیەش زیاتر دەبێت. ئەو داهێنەرەش کە بەپچڕپچڕی لەبەهرەکەی سودمەند دەبێت ، ئەو ڕاستیەی بەسەر دا دەسەپێ ، چونکە لە هەرجارێکدا شتێکی نوێ دەخاتە سەر داهێنانەکەی پێشوی... جار لەدوای جار زیادە دەخاتە سەر داهێنانەکەی و پاڵفتەی دەکات، تاکو لەکۆتایی دا زۆرترین ڕووەکانی کامڵبوونی لەداهێنانەکەی دا کۆ دەبنەوە.

هەر داهێنەرێکی مەزنی بوارە زانستییەکانیش بگری هەر وایە، بۆ نمونە سەیری چیرۆکی دۆزینەوەی تەلەفۆن بکە... (گراهام بێل) چەند ساڵێك خەریکی دۆزینەوەی بوو، کۆششی دەکرد و خۆی هیلاك دەکرد، هەر جار نا جارێکیش گرفتێکی پاخی لەبەردەمیدا قوت دەبویەوە، بۆیە جار لەدوای جار ناچار دەبوو ئیلهام لەئەست وەربگرێ، تاکو لەکۆتایی دا توانی دۆزینەوەکەی تەواو بکات، بەجۆرێك لەو داهێنانەی دا بەرهەمەکانی کۆشش و هەوڵی وشیار و نیگاکانی ئەست شان بەشانی یەکتر کۆبوونەتەوە.[٣١]

بەزۆر خۆ کردنە بلیمەت:

هەندێ خەڵك وایان پێخۆشە زۆر لەخۆیان بکەن ،تاکو وەك بلیمەت دەربکەون، بەتایبەت مێرمنداڵە دەوڵەمەندەکان، ئەوان لەدنیادا هەر پلە و پایە و ماڵ و سامانێك ئاواتیان بووبێت دەستیان کەوتوە، بۆیە وا دەزانن دەتوانن بلیمەتیش وە دەست بێنن، وەك ئەوەی بلیمەتی پێویستییەك بێت کە بەپارە و پول دەست بخرێ، وەکوئەو ژنە شەنگ و، کۆشکە قەشەنگانەی کەبە پارە و پوڵ دەستیان دەکەوێ. لەوانەیە باسی سەراسیمەیی بلیمەتەکان ببیستن، بۆیە هەوڵ دەدەن لاسایان بکەنەوە، دەبینی قژێ درێژ دەهێڵنەوە و سەرنجی قوڵ لەخۆیاندا دروست دەکەن، ئنجا سەریان دەخەنە سەر دەستیان و ئاخ و پف هەڵدەکێشن (دەربڕینی وەرگێڕ). کەلەنێو خەڵکیش دا دادەنیشن قسە لە لوتەکانیانەوە دەردەکەن (دەمنگێنن) و وتەکانیان پڕ دەکەن لە وشە و دەستەواژەی ناسك. زۆر جاریش خەڵکی ماستاوچی (دەربڕینێکی کوردیە بۆ سووکایەتی پێکردن ــ وەرگێڕ) لە دەوریان کۆ دەبنەوە و چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن و ستایشیان دەکەن، ئەمانیش وا دەزانن هەر بەڕاستی بونەتە بلیمەت ـ پەنا بەخوا!

خەڵکانێکی‌تر هەن ، حەزیان لەوەیە بلیمەت بن، بێئەوەی پلە و پایە و ماڵ و سامانیان هەبێت. ڕەنگە بۆیە ئارەزووی بکەن، تاکو ئەو ناتەواویەی پێ‌پڕ بکەنەوە کە بەهۆی سەرشۆڕی و بێبەری بوونەوە هەستی پێ‌دەکەن. لەکتێبە کۆنەکانی پەروەردەدا دەخوێنینەوە کە بلیمەتێتی بەکۆشش کردن دێتە دەست، هەر کەسیش لەسەر ڕێگەکە

بڕوات دەگاتە مەبەست، بۆیە وادەزانن دەرگای بلیمەتێتی لەبەر دەمیاندا کراوەیە، ئەگەر بێت و کاری بۆ بکەن و بیرکردنەوەی دروستی لەپێناودا بەکار بێنن.

گرفتی ئەو جۆرە کەسانە ئەوەیە کە ناگەن بەو ئاواتەیان، بەڵام خۆیان وادەزانن کە پێی گەشتون. کاتێکیش دەبینن خەڵکیزی (بلیمەتێتی) بەگەیان ناگرن، ئەوا تووڕە دەبن و دەبەنگێتی و ڕژدی دەدەنە پاڵ خەڵك. دواتر دنیا پڕ دەکەن لەهات و هاوار و ئەفسوس لەسەر مردنی بلیمەتەکان لەم وڵاتە بێ وەیەدا!

ئەم وتەیە بەڕونی بەفوتابیانی ویژدی ئێمەوە دەردەکەوێت، هەر یەکێکیان دەیەوێت ببێتە ویژەوانێکی بلیمەت تەنها بەوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەب و مێژووی ئەدەب بکات و ئاوەزی وشیاری پڕ بکات لە لەبەر کراوێکی زۆری ئەدەبی... لەو پێناوەشدا هەوڵێکی زۆر دەدات... کاتێکیش لەوە تەواو دەبێت، وادەزانێت هیچ لەنێوان ئەو و بلیمەتی دا نەماوە، ئەوەندە نەبێت بەرهەمەکەی بخاتە بەر دەمی خەڵك و، خەڵکیش بەچەپڵەڕێزان و سەرسامی دابارن بەسەری دا.. لەوانەیە کەسانێك لەڕوی موجامەلەوە وای بۆ بکەن، ئیتر ئەم وا دەزانێت پێشی هەموو ئەدەب شوناسانی پێش و پاشی خۆی کەوتووە... لەو کاتە بە دواوە دەست دەکاتە شانازی کردن و فشەو فاڵ (دەربڕینی وەرگێڕ).

گرفتی ئەو هەزارانە و هاوشێوەکانی ئەوەیە کەزیاتر لاسایی دەکەنەوە وەك لەوەی داهێنان بکەن. لەوانەیە سەرسام بن بە ئەدیبێکی بەناوبانگ، دواتر هەوڵ دەدەن لاسایی دەربڕینێکی یان شێوازێکی بکەنەوە. جا مادەم ئەو ئەدیبە بۆتە بلیمەت، کەواتە بۆچی ئەمانیش بلیمەت نەبن؟ ئایا ئەمانیش وەکو ئەو مرۆڤ نین؟

لە خەسڵەتەکانی بلیمەتێتی:

ئەو کەسانەی بەزۆر خۆ دەکەنە بلیمەت، یاخود هەوڵ دەدەن لاسایی بلیمەتان بکەنەوە، شتێکی گرنگ لەبیر دەکەن، ئەویش ئەوەیە بلیمەتێتی بە لاسایی و زۆر لەخۆکردن بەدەست نایەت. لەڕاستی دا لاسایی کردنەوە و داهێنان دوو مەسەلەی پێچەوانەن، مرۆڤ تا لەیەکێکیاندا شکست نەهێنێ لەوی تریان دا سەرکەوتوو نابێت.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی بلیمەتی داهێنەریش ئەوەیە کە زۆر ڕقی لە لاسایی‌کردنەوەیە، حەز ناکات هیچ شتێ بێنێتە کایەوە دوای ئەوە نەبێت کە لەرۆحی خۆی بەبەردا بکات و مۆرکی خۆیی پێوە بنێت.

نکۆڵی لەوە ناکەین کە کابرای بلیمەتیش ڕەگ و ڕیشەی داهێنانەکانی لە بلیمەتەکانی پێشوو وەردەگرێ. بەڵام ئەم دێت موتروبەیان دەکات و دوبارە سەرنجیان دەداتەوە، تاکو شتێکی نوێیان لێ بەرهەم دێنێت بەجۆرێ جیاواز دەبێت لە بەرهەمەکانی پێشینانی... بە دەربڕینێکیتر: زۆر لێکۆڵینەوە دەکات و زۆریش شت لەبەر دەکات، بەڵام بۆیە شت لەبەر دەکات تاکو لەبیری بچێتەوە. لەم ڕووەوە لەبیر چونەوە ئەرکێکی دەروونی گەورەی هەیە، چونکە زانیاریە زەخیرەکراوەکان لەئەقڵی وشیارەوە دەگوازێتەوە نێو ئەقڵی ناوەکی و دەیانکاتە بەشێك لەقەوارەی ئەستیی کەسە بلیمەتەکە.

ئەو زانیاریە زەخیرەکراوانە لە قوڵاییەکانی دەروندا دەمێننەوە، وەك ئەوەی بیەوێت هەڵ بێت، لەناکاویش دا، کاتێ کەسە بلیمەتەکە لە سەراسیمەیی دا نغرۆ بوە، یاخود لە قوڵایی خەو دایە، بیرۆکەی نوێ لەمێشکیەوە، وەك پزیسکەی ئاگر سەرهەڵئەدات (بەهۆی هەڵهاتنی بیرۆکە و زانیاریە زەخیرکراوەکانەوە ــ وەرگێڕ). وەلێ بۆ وە سەرهەڵنادات تاکو کەسە بلیمەتەکە خۆی پێوە با بدات، بەڵکو بۆ وەی ئاگرێکی بەکڵپەی نێوناخی بێ دابگیرسێنێت ... ئیدی گوێش نادات بەوەی ئاخۆ بەو ئاگرە دەسوتێت ؟ یان ڕوناکی لێ وەردەگرێت؟.

وێکچواندن و ڕونکردنەوە:

دەگونجێت لەو ڕووەوە کابرای بلیمەت بەنوکتەبازێکی لێزان بچوێنین، تەنانەت لەوانەیە نوکتەبازی لێزانیش لە ڕویەك لە ڕوەکانەوە لە(بلیمەت)ی بێبەش نەبێت!!.

ئاشکرایە کەسێ نوکتەبازێکی لێزان بێت بەزۆر لەخۆکردن نوکتە ناگێڕێتەوە لە هەموو جڤاتێك دا تاکو بەسوعبەتچی و قسەخۆش دەرکەوێ. بەپێچەوانەی (ئەو گێلە بیاوانەوە) کە خەڵکی لەهەموو کات و شوێنێك دا بەدەستیانەوە گیرۆدە بوون.

ئەو کەسەی نوکتەبازێکی کارامەیە، زۆر جار دەبینین کە داوای لێدەکرێت نوکتەیەك بگێڕێتەوە، ناتوانێت. بەڵام کاتێ بەشێوازی ئاسایی خۆی بێت، ئەوا نوکتەی زۆر جوان و گونجاو بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و لێزانانە دەگێڕێتەوە، گوێش نادات بەوەی نوکتەکە لەسەر خۆی دەکەوێت یان لەسەر کەسانیتر، جیاوازی ناکات لەوەی خۆی بگەزێت یان کەسانیتر.

شیاوی باسکردنە کەئەم کابرانوکتەبازە لێزانە، نوکتەکانی خۆی لەدیاردە دەگمەن وسەیرەکانی خەڵکەوە یان لەڕواڵەتە سادەکانی ژیانەوە وەردەگرێت، وەڵێ بەشێوازێکی تازە دەیگێڕێتەوە، بۆیە ناڕەحەت نیە تێبینی مۆرکی تایبەتی ئەوی تێدا بکەین، وەك ئەوەی دروستکراوی ئەم بن نەك ئەو کەسانەی کەلێی وەرگرتوون. بەڵام دوای ئەوەی بەقوڵایی قەوارەی ئەستیی ئەمدا ڕۆ دەچن و ڕەنگی ئەم دەگرن ئەو جا لێی دێنە دەرێ.

پاشتر (گێلە پیاوە)کان دێن و دەیانەوێت لاسایی ئەم برادەرەمان بکەنەوە لەقسە و جموجوڵەکانی دا، وا گومان دەبەن مەسەلەکە ئاسانە بۆیان، مادەم ئەو خەڵکی پێکەنانەوە بەنوکتەکانی، کەواتە بۆچی ئەمانیش پێت بەپێت لاسایی نەکەنەوە؟! بۆیە دەبینین بەدووی گوێگرانێك دا دەگەڕێن تاکو ئەو نوکتانە بڕشێننەوە بەسەریاندا کە لەبەریان کردون. گوێگرەکانیش هیچیان لەبەرانبەریاندا نامێنێت و ناچار دەبن لەگەڵیان دا پێبکەنن... پێکەنینێك کەلە گریان دەچێت؟!

بەڵاکە کاتێك سەختتر و، قوڕەکەش کاتێ خەستتر دەبێتەوە، گەر یەکێك لەو (گێلەپیاو)انە خاوەن دەستەڵات یاخود پارە و پول و سامان بن، وەك (صاحب کوڕی عباد) بۆ نمونە... ئەم کابرایە لەهەموو دانیشتنێك دا نوکتەیەکی بێتام دەکات... دانیشتوانیش بۆ خۆڵێ نزیك کردنەوەی بەنوکتەکانی پێدەکەنن، بەڵام ئەگەر بەدەستیان بوایە قۆندەرە بارانیان دەکرد... دەگێڕنەوە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك لەم جۆرە بووە، فەرمانبەرانی فەرمانگەکەش بۆ هەر نوکتەیەکی بێتام، قاقایان دەکرد کە بەڕێوەبەرەکە دەیگێڕایەوە، تەنانەت لەوانەیە هەندێکیان لەهۆش خۆیان چووبن. هێندە پێی سەرسام بووبن، جارێکیان بەڕێوەبەرەکە دەبینێت فەرمانبەرێك لەناو

فەرمانبەرانەکاندا پێناکەنێت بە نوکتەکەی. پرسیاری لێدەکات کە هۆی پێنەکەنینی چییە؟ فەرمانبەرەکە زۆر بەخوێن ساردییەوە لە وەڵامی دا دەڵێت: "بەڕێوەبەری بەڕێز، پێویست ناکات پێبکەنم چونکە من فەرمانبەری فەرمانگەیەکی ترم"!!.

ئەم بەڕێوەبەرە (زەووق سز)ە - دەربڕینی وەرگێڕ-)، هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەو ئەدیبانەدا کە دەیانەوێت لەڕێگەی لاسایی و لەبەر کردنەوە ببنە بلیمەت. ئەوان هیچ لە ئەدەب نازانن جگە لەو دەستەواژانەی کەلە پەرتوکی وێژەوانە مەزنەکاندا دەیخوێننەوە.. سەرسام دەبن پێی و هەوڵ دەدەن خۆیان بەوان وێکچوێنن، بێئەوەی ئەو پریشکە دەگمەنەیان هەبێت کە ڕێ و شوێنی داهێنانی وەدی هێنەرانەیان بۆ بسازێنێ.

پەراوێزەکانی بەشی شازدەیەم:

١. بنواڕە: Sullivan, Outline of Modern Belief, VOIII, P.811
٢. بنواڕە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ١٥٠.
٣. بنواڕە: ابوالفرج الاصفهاني، الاغاني، ج ١٩، ل ٧٦.
٤. بنواڕە: وليم سرجيوس، القوي الخفية، ل ٧٩.
٥. بنواڕە: Forester, Studies in Dreams, ch, 6
٦. بنواڕە: ابن خلدون، المقدمة، ل ١٠٥.
٧. بنواڕە: توفيق الطويل، الاحلام، ل ١٥٠.
٨. بنواڕە: عبدالرزاق حميده، شياطين الشعراء، ل ٨٩.
٩. بنواڕە: جرجي زيدان، تاريخ الاداب العربية، ج ١، ل ٢٩٢ ـ ٢٩٣.
١٠. بنواڕە: ابوالفرج الاصفهاني، الاغاني، ج ١٩، ل ٣٣.
١١. بنواڕە: Harding, An Anatomy of Inspiration
١٢. بنواڕە: Tyrrell, Personality of man, P, 30 - 36
١٣. بنواڕە: Kenmare, Stolen Fire, P. 16
١٤. بنواڕە: جرجي زيدان، تاريخ الاداب العربية، ج ١، ل ٢٩٢.
١٥. بنواڕە: Abnormal Psycholigy, Murphy. PIX
١٦. بنواڕە: Wilson, Great Men of Seience, P 49
١٧. بنواڕە: سيرل برت، كيف يعمل العقل، ج ٢، ل ٢١٨.
١٨. بنواڕە: Kenmare, Stolen Fire, P. 1
١٩. بنواڕە: Broad, Mind And Its Place in Nature
٢٠. بنواڕە: بەشی شەشەمی ئەم پەڕاوە.
٢١. بنواڕە: كاترين شبن، اختراع الهاتف.

پاشکۆکان

ئەم چەند بەشە جودا جودان و بەم دواییانە نوسیومن، وەك خوێنەریش تێبینی دەکات پەیوەندییەکی راستەوخۆیان نیە بە بابەتی خەونەوە... وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم بێسود نەبن بۆ خوێنەری ژیر.

پاشکۆی یەکەم:

کۆمیدیای ئاوەزی مرۆڤ :

لەساڵی (١٩٥٦)دا پەرتوکێکم بڵاو کردەوە بەناوی (کۆمیدیای ئاوەزی مرۆڤ)، مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە پوچەڵ کردنەوەی ئەو (ئاوەز)ە ئەبستراکتیکیيە بوو کە میتافیزیکیەکان و تۆباویەکانی وەکو ئەفلاتون و فارابی و ئیبن توفەیل و ئیبن رۆشد و کەسانی وەك ئەمان دەستی پێوە دەگرن و پێیەوە پابەندن... لە دوو تۆی ئەو پەرتووکەدا نمونە گەلێکم هێناوەتەوە لەو بریارانەی کەلەم سەردەمەی ئێمەدا دەژین، کەچی تا ئێستاش بەو جۆرە بیردەکەنەوە کە ئەو بیرمەندە کۆنانە بیریان پێ دەکردەوە.

لەڕاستی دا ، ئێمە لەکۆندا ئالودەی ئەو جۆرە بیرکردنەوە بووین، تا ئێستاش زۆرێکمان تێدا هەیە دووچاری هەمان دەرد بوون... مەسەلەکەش تەنها بەسەر کۆنە پەرستەکان یاندا کورت هەڵناهێنرێ، بەڵکو پەل دەهاوێ بۆ هەندێ لەگەنجەکانیان، واتە ئەو گەنجانەش دەگرێتەوە کە خۆیان بەتازەگەر و نوێخواز و پێشکەوتنخواز دەزانن. بۆیە گەر ڕەوا بێت بۆمان کۆنەپەرستەکان بەوە ئاوزەد بکەین کە توشی نەخۆشینی (پیرێتی) بوون، ئەوا بۆشمان ڕەوایە کە هەندێ لەپێشکەوتنخوازەکانیش بەوە ناوزەد بکەین کە دوچاری نەخۆشینی (منداڵێتی)بوون.

گرفتی ئەوانە و ئەمانیش پێکەوە، ئەوەیە کە لەبیرکردنەوەیاندا لەسەر ڕێبازی (لۆژیکی فۆرمی) کۆن بەڕێوە دەچن. بۆیە دەبینین، کاتێ گفتوگۆ دەکەن لەسەر کێشە وپرسەکانی سەردەمی ئێستا، هیچ سڵ ناکەنەوە لەوەی هەمان ئەو پێوەرە بەکار بێنن کە لەکۆندا بیرمەندان بەکاریان دەهێنا (دەربڕینی وەرگێڕ) ... لەسەرەتاوە پێشەکیەکی لۆژیکی دێنن. دواتر لێرە ولەوێ دەسکاریەکی دەکەن، تاکو پێی بگەنە ئەو بەرەنجامەی کە خۆیان ئارەزووی دەکەن.... لەوانەیە هەندێکیان کە ئەم پەیڕەوە دەکەن هەست

بەخۆیان نەکەن، چونکە وا گومان دەبەن گوایە لە بیرکردنەوەیاندا بەگوێرەی پێوەرەکانی (بیرکردنەوەی دروست) دروست دەڕۆن بەڕێوە.

نکۆڵی ناکەین لەوەی (لۆژیکی فۆرمیی) ڕاستە. بەڵام ئەوەی نابێ لەیادی بکەین ئەوەیە کە ئەم لۆژیکە بوارێکی دیاریکراوی هەیە، لەسنووری ئەو بوارەدا ڕاست و دروستە... وەلێ کە لەو بوارە دەرهێنرا ، ئەوا گرنگی خۆی لەدەست دەدات و بەکارهێنانیشی بەرەنجامی هەڵەی دەبێت... بەڕاستی (کیدرۆف) ڕاستی پێکاوە کاتێ (لۆژیکی فۆرمیی) بەوە ناوزەد دەکرد، کە وەکو (خشتەی لێکدان) وایە، ئەوەتا هەر قوتابیەك بگری لەسەرەتاوە پێویستە لەسەری فێری خشتەی لێکدان ببێت و، لەبەری بکات و ، لە ڕاهێنانە ژمێرەییەکانیدا لەسەری بڕوات... بەڵام نابێ بەخشتەی لێکدان دەست کۆتا بکات، یاخود پشتی پێ ببەستێ کاتێ لەگەڵ ڕاهێنانە ژمێرەییە باڵاکاندا مامەڵە دەکات (دەربڕینی وەرگێڕ)، بەڵکو لەو کاتەدا پێویستی بەخشتەی بەرفراوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

(کیدرۆف) دەڵێت: لۆژیکی فۆرمی ، لەسنوری ڕاستیە سەقامگیرە ڕێژەییەکاندا ئەبێ ئیدی ڕاست دەرناچێ، وەك ئەوەی بگوترێ: "فلان کەس لە فلانە ڕۆژ دا مرد"[١]. جا ئێمە لەو ڕاستیەوە دەتوانین بگەینە بەرەنجامێکی ڕاستی لۆژیکی، ئەویش ئەم بەرەنجامەیە: ئەو کەسە هەر دەبێت ڕۆژی بەر لەو ڕۆژەی تیای دا مردوە، زیندوو بووبێ، وەلێ گرفتەکە لەوەدایە کە هەموو ڕاستیەکانی گەردوون لەم جۆرە سادەیە نین. گەردون لەپێشکەوتن و ئاڵ و گۆڕی بەردەوامدایە، کەواتە دەبێ ڕاستیەکانیش لەگەڵی دا پێش بکەون، جا ئەو دەستپێکە لۆژیکیەی کە ڕۆژێك ڕاستە، لەوانەیە لە ڕۆژێکیتر دا ڕاست نەبێ.. ئا لێرەدا لۆژیکی نوێ ئەو بنەمایە هێنایە ئاراوە کە دەڵێت: (ئیبستیمۆلۆژیا پرۆسەی پێشڤەچونە و لەسنورێکدا ڕاناوەستێت).

فۆرم و ناوەڕۆك:

یەك لەو جیاوازیانەی ، لۆژیکی کۆن جیا دەکاتەوە لە لۆژیکی نوێ، ئەوەیە یەکەمیان گرنگی بە فۆرم دەدات لەکاتێکدا دووەمیان گرنگی بە نێوەڕۆك دەدات.. لەوانەیە دوو کەس لەوانەی هەڵگری لۆژیکی کۆنن لە مەڕ بیرۆکەیەکی دیاریکراو و

ببێتە مشت و ماڵیان، بەڵام هەر یەکێك لەو دوو کەسە بەرەنجامێکی لۆژیکی جیاواز لەویتری لێ هەڵدەگۆزێ... بۆیە مشت و مرەکەیان پەل و پۆی لێ دەبێتەوە و بەبێ سودیش درێژە دەکێشێ.

فاکتەری ئەمەش ئەوەیە کە هەر دووکیان گرنگی بە شێوە و فۆرمی بیرۆکەکە دەدەن نەك بەناوەرۆکەکەی. شیاوی باسکردنە، بیرۆکە پارێزگاری لەشێوەی خۆی دەکات سەرەڕای گۆڕانی بارودۆخەکانی دەوروبەری، وەلێ نێوەرۆکەکەی سروشتی وایە کە جار لەدوای جار بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخەکانی دەوروبەری ئەمیش دەگۆڕێت.

بۆ نمونە، قەدەغەکردنی (سوو) وەربگرە، کە ئیسلام هێنایە کایەوە و پێداگریشی لێکرد... ئێمە دەزانین کە ئیسلام بۆیە(سووخۆری) یاساغ کرد چونکە زیانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەبوو، دەوڵەمەندەکان هەژارەکانیان پێدەچەوساندەوە و کەرامەتیان پێشێل دەکردن... کەچی (شەرعناسەکان ـ فوقەها) دوای ئەوە هاتون گرنگییان نەداوە بەنێوەرۆکی (سوو) بەڵکو هەموو گرنگیدانێکیان هەر لەسەر شێوە و فۆرمەکەی چڕ کردۆتەوە... بەو پێودانگە هەموو جۆرەکانی (بانك)یان حەرام کرد گوایە (بەبڕوای ئەوان) سووداری تێدا دەکرێ... وەلێ ئەو سووخۆرەی کارەکەی بەناوی فرۆشتن یاخود بارمتە دانانەوە دەکات هیچیان لەسەری نیە. لەبەر ئەمەیە دەبینین جیهانی ئیسلامی پڕ بوە لەو دیندارانەی کە بەکردەوە سوخۆری دەکەن و بەتیۆریش نکۆڵی لێ دەکەن... ئەوەتا یەکێکیان دەبینی ڕدێنی درێژ دەکاتەوە و نوێژانیش زۆر دەکات کەچی سووخۆرێکی ترسناکە... کاتێکیش مامەڵە سووخۆرییەکەی دەکات قاڵبێکی شەرعی بۆ دەدۆزێتەوە، وەك ئەوەی بە قەرز وەرگرەکە دەڵێت: ئەم شتەم بەنرخی زانراو پێ فرۆشتی، ئنجا هەندێ شیرینی پێدەدات گوایە لەسەر ئەو شیرینیە مامەڵە کراوە، کابرای قەرزکەریش دەزانێت ژەهری (گوشندە) وەردەگرێت. ولا حول و لا قوە الا باللە.

لەڕاستی دا ، لۆژیکی نوێ دان نانێت بەم پروپاڵانتە و لێکدانەوە و بۆچونانەدا... بەڵکو نێوەڕۆك ئەو بناغەیە کە حوکمەکانمانی لەسەر بنیات دەنێین... ئیدی گوێ نادەین بەوەی فۆرم و شێوەکەی هەر چۆن بێت.. بۆیە (بانك) دەگەینەوە و لقەکانیشی

لەهەموو جێگەیەكدا فراوان دەكەین، تا ئەوەندەی خزمەتی خەڵك بكات... بەوەش لەڕاستی دا قەڵاچۆی (سوو) و (سوو) خۆران دەكەین چونكە ئەو بوارەیان لێ بەرتەسك دەكەینەوە كە تیای دا كار دەكەن و، هەڵ دەسوڕێن... لەهەمان كاتدا نابێ كەمتەرخەمی بكەین لە قەڵاچۆكردنی هەر بانكێ كە هەوڵ بدات وەكوو سووخۆرەكان خەڵكی بچەوسێنێتەوە (دەربڕینی وەرگێڕ).

ئەو نموونەیەی كە لەبارەی (سوو)ەوە هێنامانەوە، لەوانەیە بچەسپێت بەسەر زۆرێك لەو (ورده دەمبەدەمە) ڕواڵەتیانەدا كە هەڵگرانی (لۆژیكی كۆن) دەمدرێژی پێوە دەكەن، چ پیرەكانیان یاخود منداڵەكانیان... ئەوان بیرۆكەیەك دێنن لەهەمان فۆرمی چەسپاوی خۆی دا و، دەیكەنە پێشەكی بۆ پێوانەكاریە لۆژیكیەكانیان، دواتر بە ئارەزووی خۆیان بەرئەنجامی لێ دەردەهێنن... دیارە ئەمە بەچاوپۆشی كردن لە نێوەڕۆكەكەی، كەبەگوێرەی گۆڕانی باروودۆخ ئەمیش دەگۆڕێت.

ڕەنگە جیاوازیەكی ڕواڵەتی هەبێت لەنێوان (پیران) و (منداڵەكان) دا لەم ڕووەوە.... ئەو جیاوازیەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ كە پیرەكان پشت بەپێشەكی گەلێ كۆن دەبەستن، بەڵام منداڵەكان پشت بەپێشەكی گەلێ نوێ دەبەستن... وەلێ هەموویان دەمارگیرن بۆ پێشەكیەكانیان و بڕواشیان بەوەیە كە ئەو پێشەكیانە بۆ هەموو كات و شوێنێ دەست دەدەن و دەگونجێن.

تێبینی دەكرێ، ئەوانەی دووچاری نەخۆشینی (منداڵێتی) بوون، وازیان لەوازەی (بەڵگەی نەقڵی) هێناوە كە قەیمیەكان لە وتووێژەكانیان دا دەمدرێژیان پێوە دەكرد، لەبەرانبەر دا دەستیان بە وازەی (بەڵگەی زانستی)یەوە گرتووە... جا ئەگەر بیانەوێ ستایشی ڕاو بۆچوونێك بكەن دەڵێن (بۆچوونێكی زانستیە)، ئەمە لەكاتێكدا لە كۆندا دەیانگوت (ماقوڵە) یاخود (لۆژیكیە)... ئنجا من هیچ جیاوازیەكی ڕیشەیی نابینم لەنێوان چەمكی (زانست) و چەمكی (ئاوەز) دا لەم ڕووەوە... چونكە ئەوەتا وەكوو شمشێری بڕندە هەر كات گەرەكیان بوو بەكاری دێنن... سڵیش ناكەنەوە لەوەی جارێكیتر بەپێچەوانەی ئەوەی لەیەكەمجار دا لەدژی بەكاریان هێناوە، بەكاری بێننەوە.

زانست و ئاوەز:

گرۆهێ لە فێرخوازان هەن، نازانین ناویان بنێین چی!! هیچ جیاوازیەك نابینن لە نێوان بەڵگەی زانستی و بەڵگەی ئەقڵی دا، بەڵکو تێکەڵاویان دەکەن و بەیەك شتیان دادەنێن، جارێکیان لەگەڵ یەکێك لەوانەدا دەم بەدەمەیەکی توند و تیژ کەوتە نێوانمانەوە، نە ئەو توانی قەناعەت بە من بکات و نەمنیش توانیم قەناعەت بەو بکەم. ئەو دەیگوت ناگرێ زانست و ئاوەز پێکەوە ناکۆك بن؟ مادەم ئەقڵ بێخەوش و لەگە بێت و ،پشتی بەپێشەکی لۆژیکی ڕاست و دروست بەستبێ، ئەوا هەر چۆن بێت ئەو بەرهنجامە بەدەست دێنێ کە زانست و زانیاری پێی دەگات.

گرفتەکە لەوە دایە، ئەو برادەرەم شەیدای ئەوە بووە کە قەیمیەکان ناویان ناوە(بیرکردنەوەی ساغ) . ئیدی نازانم مەبەستیان لەوە چی بووە... هەموو مرۆڤێك بڕوای پتەوە بەوەی بیرکردنەوەی خۆی بیرکردنەوەیەکی ساغ و تەندروستە ... لێرەوەیە کە دەبینین قەیمیەکان ناکۆك دەبوون و دەمبەدەمەیان دەکرد و هەر گروپێکیشیان ئەوانیتریان تۆمەتبار دەکردبە بە هەڵەداچوون و لوت بەرزی. جا هەیاران! دەبێ کامیان خاوەنی بیرکردنەوەی ساغ بووبێت؟

لێرەدا تایبەتمەندی زانست سەرهەڵئەدات و دەردەکەوێ... زانست دان نانێت بە پێشەکی گەلی لۆژیکی ڕاست دا، هەر چەندە ئەو پێشەکیە ڕۆشنیش بێت یاخود هەموو ژیرەکان لەسەری کۆ بن... زۆرێك پێشەکی هەبوون و ژیرەکان کۆ دەنگ بوون لەسەر ڕاستی و دروستییان، دواتر دەرکەوت کە ئەو پێشەکیانە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێ (مەئلوفات)ی ئایدیۆلۆژی زانست دان نانێ بە ڕاستی هیچ ڕایەکدا، مەگەر دوای ئەوەی کە دەیخاتە سەر ڕوپەڕی توێژینەوەی بابەتی و تاقیکردنەوەیەکی زانستی و ئازمایشی بەرهەستەوە... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار ناگرێت لەسەر ئەوەی ئەو بۆچوونە بۆ هەتاهەتایە هەر ڕاستە و بەڕاستێتی دەمێنێتەوە. بەڵکو پێی وایە ڕایەکی ڕاستە، لە سنووری ئەو توێژینەوەیە دا کەزانست پێی هەستاوە... کێ دەزانێ؟ لەوانەیە هەر زانیاری، هەندێ ڕوکار و لایەنی

دیکە لەو مەسەلەیەدا بدۆزێتەوە کە پێشتر خودی زانست پەی پێ نەبردوە... لەو کاتەش دا زانست ناچار دەبێ بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە بگۆڕێت.

جارێکیان کۆمەڵێ لە هزرمەندانی لە چاخەکانی ناوەڕاست کۆدەبنەوە و دەبێتە دەمبەدەمەیان لەسەر ژمارەی ددانەکانی ئەسپ. ئایا ژمارەیان چەند ددانە؟ بەردەوام دەمبەدەمەیان بوو، گردیانە شەڕە سەرین و شەڕە کەوش... لەهەمان کاتدا ئەسپەکە لە تەویلەیەکی نزیک لەخۆیاندا بەسترابویەوە و دەیان توانی بچنە ئەو تەویلەیە و ددانەکانی بژمێرن!! وەلێ ئەوان وا دەزانن دەتوانن لەڕێگەی بیرکردنەوەی ساغەوە بگەنە ژمارە ڕاستەکە، کەوابێ حەوجێیان نیە بەوەی خۆیان ماندوو بکەن و بچن بۆ لای ئەسپەکە و، دەستیان پیس بکەن... سەرەنجام نەگەشتنە هیچ بەرەنجامێکی یەکلاکەرەوە، چونکە هەر یەکێکیان شتێکی دەگوت و پشتیشی بە پێشەکیەکی لۆژیکی بەستبوو... وایشی دەزانی خۆی (گەورەی دانایان)ە.

ئەرکی بەرەنجامگیری لۆژیکی:

نکولی ناکەین لەوەی ، بەرەنجامگیری لۆژیکی ئەرکی هەیە لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا... زانست ناتوانێ لەو ئەرکەی بەرەنجامگیری لۆژیکی دەست بەردار بێ.بەڵام ئەوەندە هەیە زانست ناتوانێ بەرەنجامێك بەدەست بێنێ لەسەر پێشەکیەك لە خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون، وەك هزرمەندانی قەیمی بەدەستیان دەهێنا.

زانست دوو پایە و کۆڵەکەی هەیە کە ناکرێت یەکیان لەوی دیکەیان دابڕێت: پراکتیك و تیۆر ... یاخود بەدەربڕینێکیتر: ئەزمونی بابەتی و بەرەنجامگیری لۆژیکی.[٢]

زانست یەکەمجار شتەکەی تاقی دەکاتەوە و دواتر بیرۆکەیەکی لێ هەڵدەهێنجێ... لە درێژەی گەشەکردنیشی دا کەمتەرخەمی ناکات لەوەی جار لە دوای جار تاقیکردنەوە و بەرەنجامگیری بکات.

مامۆستا (ماوتسی تونگ) ڕاڤەیەکی زۆر جوانی ئەم بابەتەی کردوە، کاتێ پێشەچوونی ئیبستیمۆلۆژیای زانستی لێکچواندوە بە قۆناغە لولەکیە بەرەو سەرەکان...

هەر قۆناغێك دوو ڕووی هەیە، لایەنێکی ئیدراکی ئەزمونکاری و لایەنێکی بەرهنجامگیری لۆژیکیش... کاتێ ئیبستیمۆلۆژیا لەیەکێك لە قۆناغەکانی دا ئەو دوو لایەنە لەخۆ دەگرێت، ئەوا بەرەو قۆناغێکی سەروتر هەڵ دەکشێ.

بۆ نمونە: تۆ گەر بتەوێ بەسەر ڕێگەی زانست دا بڕۆیت، یەکەمجار بەپەیوەندی کردن بەژینگەو دەوروبەرتەوە دەست پێ دەکەیت، لەو دەور و بەرەتەوە خاڵە بەرهەستەکان وەردەگریت... دواتر ئەو خاڵە بەرهەستانە پێکەوە کۆ دەکەیتەوە ، تاکو چەمکێکی فیکری دیاری کراویان لێ بەدەست بێنێ، بەگوێرەی ئەوەی لەو کاتەدا بۆت دەست دەدات، ئنجا نابێ لەو سنورە دا چەق ببەستیت، بەڵکو پێویستە لەسەرت زانیاری خۆت بەرز بکەیتەوە بەرەو قۆناغی سەروتر... لەم قۆناغە سەروترە دا هەوڵ دەدەیت ئەو بەرهنجامەی لە قۆناغی پێشوودا بەدەستت هێناوە، پراکتیزەی بکەیت بەسەر کۆمەڵێ خاڵی بەرهەستی نوێ دا... چونکە خاڵە بەرهەستەکان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن... کەوابێ پێویستە لەسەرت، تێگەیشتن و چەمکەکانی خۆت پێش بخەیت بەگوێرەی گۆڕانی ئەو خاڵە بەرهەستانە.

ڕاوەستان لەسەر چەمکێکی فیکری دیاریکراو، هەرچەندە ئەو چەمکە لەکاتی خۆی دا ڕاست و دروست بێتە بەرچاو، دەبێتە هۆی دۆگمابوونی "ئایدیۆلۆژی". ئەمەش کاری ئاوەزی ئەبستراکتیکیە نەك کاری زانیاریی گەشەکردوو.[٢]

کەڵەکە بوونی وەهمەکان:

ئاوەزی ئەبستراکتیکی، کۆڵەکەی پشتی قەیمیەکان بوو لەهەوڵ دانیان دا بەدووی ڕاستی و هەقیقەت دا... ئەوان ـ وەك لە پێشەوە گوتمان ـ بڕوایان وا بوو دەتوانن لە ڕێی بیرکردنەوەی ساغەوە بگەنە ڕاستی تەواوەتی. هەر لەبەر ئەوە، دەیانبینیت لە سەر جێگە نەرم و نۆڵەکانیان دادەنیشن و سەریان دەخەنە ناو دەستەکانیانەوە و دەست بە بیرکردنەوە دەکەن، گوایە ئەمە تاکە ڕێگەی بیرکردنەوەی ساغە... ئەو هەموو پێشکەوتنە جەنجاڵەی دنیا لەبیر دەکەن و مل نادەن بەوەی لە(قوللە عاجیەکانیان) بێنە خوارێ بۆ نێو دنیا، تاکو بەشێوەیەکی کردەیی لێی بکۆڵنەوە... هەموو هەوڵ و

مەبەستێكیان بۆ ئەوەیە كە بیر بكەنەوە و بیر بكەنەوە و بیر بكەنەوە... بەوەش گەشەی بیر كردنەوەیان بەجۆرێ خودی دەبێ.... بۆیە تاكو بیركردنەوەیان بەو شێوازە زیاد بكات ئەوەندەش لە بوبەر دوور دەكەونەوە و بەئاسمانی ئەندێشە و وەهمی پان و بەریندا دەفڕن.

مامۆستا (بولیتزیر) دەڵێت: "بیرەكان خاوەنی هێزی زنجیرەیی تایبەت بەخۆیانن... هەر كات بیر هەبێت ئەو هێزەشی لەگەڵ دا دەبێ... بە دەربڕینێكیتر: چالاكی مێشكی مرۆڤ ، دەتوانێت بەهێزێكی خودی ڕێژەیی بەڕێوە بچێت، بەوەی كە جیا ببێتەوە لەو پراكتیكەی كە تەنها ئەو توانای حوكم دانی هەیە بەسەر بەهای ئەو پێكهاتە فیكریانە دا كە لەدووری ئەمەوە پێك دێن... لێرەدا پراكتیك دەبێتە تاكە ئامرازی دیاریكردنی (هەڵە) چونكە ڕەهەندەكانی ڕاستی دەسەپێنێت بەسەر بیركردنەوەدا، واتە پراكتیك(بیر) ڕادەكێشێتە سەر زەوی"[4]

بەهای ئاوەز:

ئێمە بەم قسەیە نامانەوێت لەبەهای ئاوەز كەم بكەینەوە. لەڕاستی دا ئەقڵ خەڵات و دیاریەكی گەورەیە كە بەهۆیەوە مرۆڤ لەئاژەڵ جیا بۆتەوە و، هەر بەهۆی ئەقڵیشەوە مرۆڤ توانیوتەی بەجۆرێكی سەرسامكەرانە بەسەر پلیكانەی شارستانیەت دا سەر بكەوێ... وەلێ نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت ، كاتێ ئاوەز زیادەڕەوی بكات لەبیركردنەوەی خودی دا و، ڕەها بێت لە كۆتەكانی لێزانیشی بابەتی، ئەو دەمە دەبێتە ئاهرێكی بەكڵپە و بەبێ بەربەست گەشە دەكات، بەوەش زیان دەدات نەك سود بگەیەنێ.

ئێمە دەزانین ئاور كەڵكێكی مەزنی هەیە، كاتێ چوارچێوەكەی سنوردار بكرێ و لەجێگەی تایبەتی خۆی دا بنرێ بۆ وەرگرتنی ئەنرژی لێیەوە... ئاوەزیش هەر وایە، ئەمیش توانایەكی زۆری هەیە بۆ ئەفراندن و دۆزینەوە، گەر بێت و بەباشی بەكار بهێنرێ و بخرێتە شوێنی شایستەی خۆیەوە... وەلێ گەر وازی لێ بهێنرێ بە ڕەهایی چۆنی دەوێت وا بیر بكاتەوە، ئەو دەم لە زیانەكانی دڵنیا و بێ‌وەی نابین.

مامۆستا (ماوتسی تۆنگ) دەربارەی ئەو کەسانەی خاوەنی ئەو ئاوەزە ئازاد و ڕەهایەن، دەڵێت: لەمێژووی فەلسەفە دا کەسانێك هەبوون کە بە ئاوەزخوازەکان ئاوزەد کراون، ئەوا دانیان بەهیچ دا نەناوە جگە لە هەقیقەتی ژیری و نکۆڵییان لە هەقیقەتی خیبرە و ئەزمونکاری کردەوە، ئەوانە پێیان وابوە ئاوەز تاکە شتێکە کەپشتی پێ ببەستریٚ، هەر چی ئەزموونی ئیدراکی بەر هەستیشە ئەوا ئاگرێ پشتی پێ ببەسترێ... بەڕاستی هەڵە و ناتەواویەکان ئەم قوتابخانەیە لەهەوڵدان بۆ هەڵگێڕانەوەی سەرەوخواری ڕاستیەکان دا قەتیس دەبێت.[5]

ڕەدی ئاوەزخوازان:

ئاوەزخوازەکان دەڵێن: ئێمە ناتوانین ئەقڵ ببەستینەوە بەخیبرەی بەرهەستەوە، چونکە ئەوبە گوێرەی گۆڕانی ئەو بویەرەی تیای دا دەژین دەگۆڕێت، بەمەش ئەو بناغە سەقامگیرانەمان لەدەست دەچێ کە پێوەرە فیکریەکانمانی لەسەر بنیات دەنێین... ئاوەز خوازان بەم ڕەدەیان دەیانەوێت ڕاستی ئەو هەقیقەتە ڕەهایانە نیشان بدەن کە ئەقڵی ئەبستراکتیکی پێی دەگات.

لەڕواڵەت دا ئەم ڕەخنەیە لە جێی خۆی دایە، بەڵام لە ناو کرۆك دا خاڵی نیە لە هەڵەیەکی مەترسیدار... ئێمە هاودەنگین لە گەڵ ئاوەزخوازاندا لەسەر بوونی ڕاستی ڕەها لەگەردون دا، وەلێ ناکۆکین لەگەڵیاندا لەسەر چۆنێتی گەشتن بەو ڕاستیە. واتە ئایا تەنها لە ڕێی ئەقڵەوە پێی دەگەین؟ یاخود لە ڕێ ئەقڵەوە کە بە ڕوداوە بەرهەست و پراکتیکە کردەییەکانیش پشتگیری بکرێ؟

بەگردەوە زۆرێکمان لەو "ڕاستیە ڕەها"یانە بینی کە ئاوەزخوازان لەڕێگەی ئەقڵی ئەبستراکتیکیەوە پێی گەیشتوون، کەچی لە "وەهمی ڕەها"وە نزیك تر بوون وەك لە "هەقیقەتی ڕەها".. خوێنەر دەتوانێ کتێب و پەڕاوەکانی ئەوان بخوێنێتەوە تاکو ڕاستی قسەکانی ئێمە ببینێ.

لەکتێبەکانیاندا کۆمەڵێ واژەی تەم و مژداریان هێناوە کە هیچ مانایەکیان نیە، کەسێکی ئاسایی کە دەیخوێنێتەوە هەست دەکات دەستەوسانە لەوەی لەو واژانە بگات،

ئیدی وا گومان دەبات کە نهێنی‌یەکانی گەردون لە ناو ناخیاندایە... کە لەڕاستی دا هیچ نین جگە لە کۆمەڵێ واژەی پوچ، وەك ئەو واژانەی ئەستێرەناسەکان لە تەلیسمەکانیان دا دەیان نوسن.

مامۆستا (وتجنشتین) لەم بارەیەوە دەڵێت: "زۆربەی ئەو نوسراوانەی لەبارەی، فەلسەفەوە نوسراون، یان ئەو پرسیارانەی کە کراون، نەك هەر پوچن، بەڵکو بەتاڵن لە واتا، بۆیە ناتوانین هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، تەنها دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە بەتاڵن لە واتا، زۆربەی پرس و گرفتەکانی فەیلەسوفەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە زمانی ئەوان تێناگەین... کەواتە هیچ سەیر نیە کە دەبینین قوڵترین گرفتیان، گرفت نین"[1]

کەش و فشە فەلسەفیەکان:

ئێمە دەمانەوێت ئیبستیمۆلۆژیا یارمەتیمان بدات، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی بویەر، تاکو بتوانین خۆمانی لەگەڵ دا بگونجێنین و سودی لێوەر بگرین... وەلێ ئاوەز خوازەکان دەیانەوێت بەهۆی ئیبستمۆلۆژیاوە بەرز بنەوە لە بویەر، تاکو کەش و فش بەسەر خەڵکی ڕەشۆکی دا بکەن، بەهۆی ئەو واژە بریقەدار و نەخش ونیگارە فیکریانەوە کە بەکاریان دێنن.

دەگێڕنەوە (ئەسکەندەری مەکدۆنی) کاتێ بۆ داگیرکاری دەچێ، هەواڵ دەبیستێ (ئەرستۆتالیسی مامۆستای) کۆمەڵێ کتێبی لەبارەی فەلسەفەوە بڵاو کردۆتەوە، ئەسکەندەر بەمە زۆر توڕە دەبێت و نامەیەك دەنێرێتەوە بۆ مامۆستاکەی و تیای دا دەڵێت: "بەڕاستی هەڵەت کرد بەوەی هەندێ لایەنی ناوەکی زانستت بڵاو کردەوە... وەگەر نا چۆن ئێمە لەخەڵکی جیا دەبین،چونکە تۆ ئەو زانیاریە باڵایەت بڵاو کردەوە کە ئێمە لەتۆمان وەرگرتوە" ئەرستۆتالیس لەوەڵامی دا دەڵێت: "بڵاومان کردۆتەوە و لەهەمان کاتدا بڵاویشمان نەکردۆتەوە... چونکە کەس لەو کتێبانە تێ ناگات ئەو کەسانە نەبێت کە وەکو تۆ لای ئێمە دەخوێنن".

جێگەی نیگەرانیە، کە بڵێین پاشماوەیەك لەو کەش و فشە فەلسەفیە تا هەنوکەش لەنێو برادەرە ڕۆشنبیر و ئەدیبەکانماندا بڵاوە... حەز ناکەن چەمك و واژەکانیان دابەزێنن بۆ ئاستێك کە خەڵکی ڕەشۆکی هاوبەشیان لەگەڵ دا بکەن... بۆیە دەبینین لە وتاردان و پەرتوکەکانیاندا پێداگری دەکەن لەسەر هێنانە کایەی بیرۆکەی زۆر بڵند و زۆر بۆش!! خەڵکیش ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی قوڵاییە فەلسەفیەکانی بەئەندازەی لێتێنەگەیشتنیان لەو بیرۆکانە ببێون، جا گەر لە بیرۆکەکان تێگەشتن، نرخ و بەهای بیرۆکەکانیان لە لا نامێنێت!!

هەڵە و ڕاست:

یەك لە ناتەواویەکانی ئاوەز خوازان ئەوەیە کەپێیان وایە هەڵە و ڕاست دوو پۆلی لێك جودان و ناگرێ تێکەڵاو بکرێن لەیەك مەسەلەدا... هەر بیرۆکەیەك یان ئەوەتا هەمووی ڕاست و دروستە یان ئەوەتا هەمووی هەڵەیە... ماقوڵ نیە بە لایانەوە کە ئەو بیرۆکەیە لەیەك کاتدا هەڵەش بێت و ڕاستیش بێت. ئەمەش هۆکاری دان ئەنانیانە بە هەڵەیەتی بیرۆکەیەکدا کە پێشتر باوەڕیان پێی هەبووبێ، بۆیە دەبینین بەردەوامن لەسەر هەڵە ، نەك هەر ئەوەش بگرە بەڵگەی ئەقڵیش دێننەوە بۆ وەی بیسەلێنن کە لەسەرەتاوە و، ئێستاشی لەسەر بێت ئەمان هەر لەسەر ڕاستی و هەقیقەت بوون.

لەدیدی وان دا، دان نان بە هەڵەدا بریتیە لە (ناساغی و ئەزۆکێتی بیر کردنەوە)، بۆیە هەر چۆن بێت حەز ناکەن مۆری تەکفیریان پێوە بنرێ... هەر گا، بارودۆخ پاڵیان پێوە بنێ بۆ پشت کردن لە بیرۆکەیەکی کۆن و ڕوکردنە بیرۆکەیەکی نوێ کە دژ بێ بەبیرۆکە کۆنەکەیان، ئەوا هەوڵ دەدەن بەڵگە بێننەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا نەهاتوە بەڵکو لەدێرزەمانەوە بڕوایان بەو بیرۆکە نوێیە هەبووە!!

ئەم تێڕوانینە یان لە چەمکەکانی (هەڵە و ڕاست)، لە متمانەیانەوە بە ڕاستی و دروستی یاسای (شوناس)ەوە سەری هەڵداوە کە لۆژیکی فۆرمیی کۆنی لەسەر بنیات دەنرێ... بەگوێرەی ئەو یاسایە، هەر شتێ بگری ،هەر ئەو شتەیە و ناگرێت لەیەك

کاتدا دژەکەشی لەخۆ بگرێ... ئێستاکەش پوچەڵی ئەو یاسایە لەچوارچێوەی بویەری پێشکەوتو دا بەدەر کەوتوە.

ڕەوتی لۆژیکی نوێ:

لۆژیکی نوێ ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە هیچ بیرۆکەیەك ناکرێ بەڕەهایی ڕاست بێ... مادەم ئەو بیرۆکە ڕەنگ دانەوەی بویەرێکی دیاریکراو بێ کەواتە سنوربەندە بەو واقعەوە... شیاوی ئاماژە پێدانە، ئەو بویەرەی کە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئاوەزی مرۆڤ دایە چەندین ڕوکاری هەیە... سروشتی ئاوەزیش وایە ناتوانێ پەی بەرێ بەهەموو ڕوکارەکان بەیەك تێڕوانین.. بەڵکو ئاتاجی بەوە هەیە، چاو بگێڕێ لەگۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکیتر، لەهەر جارێکیش دا ڕویەکی نوێ لە بویەردا دەدۆزێتەوە.

دەگونجێت هەقیقەتی واقعی بەو هەرەمە بچوێنین کەچەند ڕوویەکی هەیە، مرۆڤ کە لەلایەکەوە ڕوو لە هەرەمەکە دەکات، ناتوانێ لەڕویەك زیاتری ببینێ، بەڵام گەر مرۆڤ بەدەوری هەرەمەکەدا جوڵا و سوڕایەوە، ئەوا دەتوانێ ڕووە شاردراوەکانیشی ببینێ.

ناتەواوی ئاوەزخوازەکان ئەوەیە کە بڕوایان نیە بەجوڵان، ئەگەر بیرۆکەیەك لەکات و شوێنێکی دیاریکراو دا بەلایانەوە ڕاست بێ، ئەوا بیرۆکەکە دەگشتێنن بەسەر هەموو کات و شوێنێك دا... لێرەوە ئاوەزخوازان بوونەتە کەسانێکی ئایدیۆلۆژی، دنیا دەڕوات و ئەوان ڕاوەستاون.

ئەوان وەك ئەو کەسە وان کە لەبەرانبەر ڕویەکی هەرەمەکە دا دەوەستێت و دەبینێ بۆ نمونە ڕەنگی سەوزە، ئنجا دێت و ئەم ڕەنگە دەگشتێنێ بەسەر هەموو ڕوەکارە ناوەکی و دەرەکیەکانی هەرەمەکەدا، ئنجا تۆ کە بەدەوری هەرەمەکەدا سوڕایتەوە، و پشێك لەناوەکەیشیت پشکنیوە، دێیت و گفت و گۆ و دەمبەدمە دەکەیت لەگەڵ کابرادا لەسەر هەرەمەکە، بەڵام ئەو نایسەلێنێت و جگە لەبایی بوون و دەمارگیری هیچی لێ دەدی ناکەیت... بەڕاستی تۆ لەشێوێك دایت و ئەو لەدۆڵێکیتر دا!!.

لەنێوان ئاوەزخوازان و نازانمی‌یەکان دا:

لەبەرانبەر ئاوەز خوازەکان دا گرۆهێ‌تر لە فەیلەسوفان بەدەرکەوتن کە بە(نازانمی‌یەکان) ناوزەد کراون... ئەمانە بروایان وایە ئاوەزی مرۆڤ بەتەواوی دەستەوسانە لەپەی‌بردن بەهیچ شتێ لە هەقیقەتی ڕەها... ئەمان و ئاوەزخوازان لەم رایەدا پێچەوانەی یەکتر دەبنەوە.

وەك بینیمان، ئاوەز خوازان پێیان وایە ئاوەز بەیەك سەرنج دان دەتوانێ هەقیقەتی ڕەها ببینێت، ئەمە لەکاتێکدا (نازانمی‌یەکان) بەپێچەوانەوە بیر دەکەنەوە، بەڕای ئەمان هەقیقەتی ڕەها لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو شتانەدایە کە ئەقڵ بتوانێ لێی تێ‌بگات... تەنها شتێ ئەقڵ لەم ڕووەوە پێی بکرێ ئەوەیە لە دیاردە ڕوکەشەکان تێ‌بگات، دیاردە ڕوکەشەکانیش زۆر دوورن لەنێوەڕۆکی هەقیقەتی بونەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ نمونەی هەرەمەکە، کە لە بەرداهێنانمەوە.. (نازانمی‌یەکان) دەڵێن مرۆڤ ناتوانێ بچێتە ناو هەرەمەکە و پەی بەرێ بەو شتانەی لەنێو قوڵاییەکانی دا هەن... توانای مرۆڤ بەلای ئەوانەوە تەنها لەسوڕانەوە بەدەوری هەرەمەکەدا و لە ڕوانین بۆ هەرەمەکە لە گۆشە جیاجیاکانەوە کورت هەڵدەهێنرێ... هەموو ئەمانەش بەلای ئەوانەوە بەس نین بۆ تێگەیشتنی هەقیقەتی هەرەمەکە.

(نازانمی‌یەکان) لەوەوە بەرئەنجامگیریەکیان کردوە و دەڵێن: هەموو ئەو بیرۆکانەی مرۆڤ هێناوتیە گایەوە ڕێژەیین و پەی نابەن بە هیچ شتێ لە هەقیقەتی ڕەها... کەوابێ، بیرمەندی ئازاد پێویستە لەئاقاری هەموو ئەو بیرۆکانەدا هەڵویستی تەماشاکاری هەبێت و، بەهەموویان پێ بکەنێت و سوکایەتیان پێ بکات.

بۆچونی مام ناوەند:

لەنێوان ئاوەزخوازان و نازانمی‌یەکاندا گرۆهێ ڕادەوستن کە دەگرێ بە (خاوەنی ڕای مام ناوەند) ناوزەد بکرێن، زۆرینەی زانا و فەیلەسوفانیش لەم سەردەمەماندا لەگەڵ ڕای ئەم گروپە دان.

ئەم گرۆهە ،نكۆڵی ناكەن لە ڕێژەی بوونی هەموو بیرۆكە مرۆییەكان، بەڵام بڕوایان وایە سەرەڕای ڕێـژەیی بوونیـان، ئـەو بیرۆكانـە لـەكۆتایی دا دەبنـە هـۆی تێگەیشتن لەڕاستی ڕەها... چونكە لەڕاستی‌دا هەر بیرۆكەیەكی ڕێژەیی هەنگاوێكە بەرەو پەی‌بردن بەهەقیقەتی ڕەها.

ئەمـەش پشتگیری ئـەوە دەكات كـە لەپێشەوە ئاماژەمـان پێدا، لەبارەی ئـەوەی كـە ئیبستیمۆلۆژیای مرۆیی بریتی‌یـە لـە پرۆسـەیەكی پێشڤەچوون و گەشـەكردن... هـەر دۆزینەوەیەك كە لەمیانەی گەشەكردنی یەكبینەی دا ئیبستیمۆلۆژیا پێی بگات. تـەنها ڕوویەكە لە ڕوەكانی هەقیقەت.. بەكەڵەكەبوونی ڕوە جۆراوجۆرەكانیش، پلەبەپلە، ئـەوا كۆمەڵەیـەكی تـەواومان لێـی دێتـە دەسـت... واتـە: تاچـەندە ڕاسـتی ڕێـژەییمان بـە تێپەڕینی ڕۆژگار بێتە دەست، ئەوەنـدە لەڕاستی ڕەها نزیـك دەكەوینەوە، ئیدی كـەم بێت یان زۆر.

مامۆستا ئیسماعیل مەهداوی دەڵێت: "هەقیقەتی ڕەها بـەكامڵی و تـەواو ئامادەگی نیە، بەڵكو پێشكەوتنی مێژوویی بەخۆوە دەبینێ و كۆمەڵێ لە ژمارەنەهاتووی هەڵەی بچوكیش لـەخۆ دەگرێ... هـەروەها ڕاستی ڕێـژەییش، بەپێچەوانەی بۆچـونی گـرۆی نازانمی‌یەكانەوە، بەتەواوی ڕێژەیی نیە... بەو واتایە كە ئەو بیردۆز زانستی‌یەی لەنێو ئـەم ئەوەیـەدا ڕاست بێ، لەوانەیـەبۆ نێـو ئـەوەی داهـاتوو سـەرتاپای هەڵـە بێت... مەسـەلەكە هـەمووی بریتی‌یـە لـەوەی ئـەو خەڵكـەی وێنـەی واقعی دەرەكی دەدەنـەوە، لـەنێو بـارودۆخی ڕێـژەیی دا دەژیـن، لـەڕوی پێشـكەوتنی زانسـتی و هونـەری سـەردەمەكانیانەوە، هـەروا لـە ڕوی ئـەو پێكهاتـە فیكریانـەوە كـە كاریگـەی‌یان لەسـەر دادەنێت.. ئـەم بارودۆخـە سنووردار و ڕێژەییـە وا دەكـات زانیاریـەكانیان ڕێـژەیی و سـنووردار بـن، و هـەر ئەمیشـە ئـەو هەڵـە بچوكانەی تێكەڵاو دەكات و وای لێ دەكات پێویستی بەفراوانكردن یان بەرتەسك كردنەوە هەبێ... وەلێ گـەر سـەرنجی مرۆڤایـەتی بدەین لەنەوەكانی ئەم دواییانەی دا، دەتوانین پەی بەرین بەو توانا گەورە و بێ‌سنور و ناڕێژەییانەی كە فیكری مرۆ هەیەتی... ئا لەمەش دا هەقیقەتی ڕەها قەتیس دەبێ".(٢)

نمونەگەلێ لە گەردونناسی دا:

باشترین نمونەیەك بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بۆچونە بیهێنینەوە، بریتییە لەو بیردۆزە یەك لە دوای یەکانەی، ئێمەیان گەیاندە تێگەیشتنێکی تازە لەگەردون.

مرۆڤ لەسەرەتا دا بڕوای وابوو ئەو زەمینەی لەسەری دەژی تەختە و، ئاسمانیش وەکو سەقفێ بەسەریەوە دروستکراوە و ئەستێرەکانیش وەکو چرا پیای دا شۆڕکراونەتەوە. ئەم بیردۆزە سادەیەش، بەتەواوی دەگونجێ لەگەڵ ئەقڵیەتی مرۆڤی سەرەتایی دا.

دوای ئەمە (بەتلیمۆس) هات وبیردۆزە بەناوبانگەکەی خۆی هێنا لەبارەی خڕێتی زەوی و، ئەوەی کە زەوی سەقامگیر و چەقی گەردونە و هەسارەکان بەدەوری دا دەسوڕێنەوە.. شاراوە نیە کە ئەم بیردۆزەش سادەیە، بەڵام هەر چۆنێك بێت خارەتێك ڕاسترە لە بیردۆزەکەی پێش خۆی و ، لەویش نزیکترە لە هەقیقەتی بوونەوە.

ئینجا لەسەدەی شانزدە دا (کۆپەرنیکۆس) هات و بیردۆزەکەی (بەتلیمۆس)ی پۆچەڵ کردەوە و گوتی: خۆر چەقی گەردونە، زەویش هیچ نیە جگە لە پاشکۆیەکی خۆر... کەمێك پاش ئەمیش (کبلر) هات و گوتی: بیردۆزەکەی کۆپەرنیکۆس، سەرباری ئەوەی لەهەندێ ڕوەوە ڕاستە، بەڵام لەهەندێ ڕوی‌ترەوە هەڵەیە.. ئەو وێنای زەوی و هەسارەکان دەکات کە لەخولگەی بازنەیی دا دەخولێنەوە، کە لەڕاستی دا لەخولگەی (ئەهلیلیجی ـ   ) دا دەخولێنەوە... کبلر خولگە (ئەهلیلیجی) یەکانی بەوە لێکدایەوە گوایە جۆرێکن لەئاوازی ئاسمانی... خۆر جەستەی گیانێکی ئاسمانیە... هەسارەکانیش بەسوڕانەوەیان بەدەوری خۆر دا مۆسیقای گەردون دەژەنن و گیانی خۆریش گۆرانی بۆ دەڵێت.[8]

(کبلر) ڕاستی پێکا لەوەدا کەشێوازە ئەهلیلیجی‌یەکەی خولگەکانی دۆزیەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەهەڵەداچوو، کە ئەو شێوازەی بەجۆرێك لە ئاوازی ئاسمانی لێك دایەوە. چونکە هیچ بەڵگەیەك لەئارا دا نیە بۆ سەلماندنی ئەوەی شێوازی ئەهلیلیجی خۆشنودترە لای فریشتەکانی ئاسمان لە شێوەی بازنەیی.

لەوکاتـە دا (نیـوتن) هـات و بـیردۆزە بەناوبانگەکـەی لەمـەڕ یاسـاکانی کێش کـردن هێنایە کایەوە... ئـەو بیردۆزە ئەوێ دەمێ هەنگاوێکی مـەزن بـوو بـەرەو تێگەیشتنی گـەردون... چـونکە ڕاڤـەی جوڵـەی هەسـارە ئاسمانیـەکان و شـێوەی خولگـەکانیانی بەجۆرێکی ماتماتیکی ماقوڵ کردبوو.

گەردونناسەکان زۆر شادومان بوون بـەم دۆزینـەوە مەزنـە و، توانیان زانیاریـەکانی خۆیانی لە بارەی ئاسمانەوە پێفراوان بکەن، تاکو ئەو ڕادەیەی وایان گومان دەبـرد هـیچ نهێنـییەك لەئاسماندا نەماوە کە مل کەچی ئەو یاسا ماتماتیکیانـە نـەبێ کە (نیوتن) هێناونیەتە کایەوە... ئەوەیشی زیاتر گەشبینی دەکردن، ئەوە بوو کەهەندێکیان لە ڕێی حسابە نیوتنیەکانەوە توانیان هەسارەی گەڕۆکی نەناسراوی‌تر بدۆزنـەوە و، دواتـریش بەهۆی دووربین و تلسکۆپەکانەوە ڕاستی دۆزینەوەکانیان بەتەواوی سەلێنرا.

ماوەیەکی زۆر گەردونناسەکان لەسەر ئەم گەشبینی‌یەیان مانەوە، تـاکو ڕۆژێـك هـات کۆمەڵێ دیاردەی گەردونیان تێدا دۆزیەوە کە مل کەچی یاساکانی نیوتن نـابن... ئـەوەتا بـۆ نموونـە هەسـارەی (عـەتارد) کـە لـەنزیکی خـۆرەوە دەسـوڕێتەوە بـەجۆرێکی گاڵتەپێنەکراو پێچەوانەی ئەو یاسایانەیە...(٩) کەواتە بەچی ئەم پێچەوانە بوونە لێك بدەینەوە؟ لەسەرەتا دا گەردونناسەکان گریمانەی ئەوەیان دانا کە ئەستێرەیەکی بچوك هەیە لەنێوان (خۆر و عەتارد)دا دەسوڕێتەوە، و ئەمە وا لەعەتارد دەکات لەو خولگەیە لا بدات کە بۆی دیاری کراوە... گەردونناسەکان ئەو ئەستێرەیان ناو نا (فۆلکانۆ)... وەڵێ لێکۆڵینـەوە گەردوونیـە وردەکـان نـەیانتوانی ئەسـتێرەیەکی وا بدۆزنـەوە، بۆیـە گەردوونناسەکان لەناقاری ئەم گرفتە دا هیچ یان لەبەردەمدا نەمایەوە، ئەوە نـەبێ کە گومانی خۆیان لەبیردۆزەکەی (نیوتن) ڕابگەیەنن.

(ئەنیشتاین) لێرەدا بـەخۆیی و بیردۆزەکەیـەوە لـەبارەی (ڕێـژەیی بـوون)ەوە، بـەدەر کەوت... لەبەر رۆشنایی ئەم بیردۆزەدا، ئەوەمان زانی کە یاساکانی (نیوتن) لەسنوری دیـاریکراوی خۆیانـدا ڕاسـتن... وەڵێ هـەر کـە لـەو سـنورانە دەرچـون ئیـدی هەڵەیەتیەکانیان دەردەکەوێ... کـەوابێ مەسـەلەکە، مەسـەلەی هەڵـەیەتی ڕووت یـاخود ڕاستێتی ڕووت نیـە... بـەڵکو مەسـەلەیەکی ڕێژەییـە کـە هەڵـە و ڕاسـتێتی لەسـەر ئـەو

سنووره، بەندە کە لە ئاستیدا دەوەستێ... لێرەدا ڕاستە و ،لەو لا هەڵەیە... کەوابێ هەر توێژەرێ پێویستە لەسەری ڕووبەرو ماوەی ئەو چوارچێوەیە بزانێ کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات، بەر لەوەی بزانێ ڕادەی ڕاستی و هەڵەیەتی‌یەکەی چەندە.

(ئەنیشتاین) پاساکانی (نیوتن)ی گۆڕی بە کۆمەڵێ پاسای دیکە کە، لەوان بەرفراوانتر و ئاڵۆزترن... ئەمەش یانی: بیردۆزەکەی (ئەنیشتاین) ، (نیوتن)ی نەسڕیوەتەوە، بەڵکو ئەو چوارچێوەیەی بۆ دیاری کردووە کەتێیدا ڕاست دەردەچێ.. کێ دەزانێ لەوانەیە بیردۆزەکەی (ئەنیشتاین)یش چوارچێوەیە تایبەت بەخۆی هەبێت؟... پێدەچێ لە ڕۆژگارەکانی داهاتوودا، زانست کۆمەڵێ دیاردە بدۆزێتەوە کە مل کەچی پاساکانی (ئەنیشتاین) نەبن... ئیدی لەو کاتەش دا پێویستی بەبیردۆزێکی نوێ و بەرفراوانتر دەبێ.

پوختەی ئەو بەرەنجامەی، لەوەی ڕابورد دەستمان دەکەوێ ئەمەیە: هەر بیردۆزێکی زانستی کە مرۆڤ پێی دەگات هەتاهەتایی نیە و ناگرێت "نەمر" بێت... بەڵکو هەمیشە لەبەردەمی گۆڕین و پێشخستن دایە.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو بیردۆزە هەمووی هەڵەیە... بەڵکو ڕاست و دروستە مادەم بنەڕەتەکانی لە واقعی بابەتیەوە وەربگرێ... وەلێ ڕاست بوونەکەی سنوربەندە بەسنوری ئەو بویەرەوە... تاچەندەش ئیدراکمان بەو بویەرە زیاد بکات، بەو ڕادەیەش ئەو چوارچێوەیە بەرفراوان دەبێت ،کە بیردۆزەکەی تێدا ڕاست دەردەچێ.

تیۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان:

سەبارەت بەبیردۆزە کۆمەڵایەتیەکانیش، دەگرێت هەمان قسە بکەین، لەوانەیە توێژەرێکی بلیمەتی کۆمەڵایەتی بێت و، تیۆرێکی جوانمان بۆ دابنێ لەبارەی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانیەوە، بەجۆرێ وامان لێ بکات بیردۆزەکانی پێش ئەم بسڕینەوە... ئنجا ئێمە کاتێ لەو تیۆرە دەکۆڵینەوە و پێی سەرسام دەبین، ڕەوا نیە بۆمان دەمارگیر بین بۆی و، ببینە لەمپەڕ لەبەردەم هەر بیردۆزێکی‌تردا کە لەدوای ئەوەوە بێنە ئاراوە.

بەڕاستی توێژەرەکە، ڕیشەی تیۆرەکەی لەو قۆناغە کۆمەڵایەتیەوە وەرگرتوە کە تێیدا ژیاوە... کەوابێ بیردۆزەکەیشی ناگونجێ لەسنوری ئەو قۆناغەدا نەبێ... ئەمەش یانی ئەو ڕاستیەکی ڕێژەیمان دەداتێ نەك ڕەها، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نکوڵی ناکەین لەبوونی ڕاستی ڕەها لە کۆمەڵگەدا، وەڵێ ئەوەندە هەیە ناتوانین بەیەکجار بگەینە ئە ڕاستیە (وەك ئاوەزخوازەکان وا گومان دەبەن). بەڵکو پێویستە لەسەرمان لەمیانەی ڕاستیە ڕێژەییە یەك لەدوی یەکەکانەوە، بەرەو ڕوی بڕۆین.

زانیاریی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، هەنگاو لەدوای هەنگاو بەرێی خۆی دا دەڕوات. ناتوانێ ڕابوەستێت و ناشتوانێت باز بدات... بەڵکو گەشە دەکات وەك چۆن هەر زیندەوەرێ قۆناغ بەقۆناغ گەشە دەکات... هەر گەشەیەکی نوێ زەمینەسازکردنە بۆ گەشەی دواتر.... ئینجا بۆ کەیی و تا کەی؟ یاخود ئایا سنوورێکی کۆتایی هەیە کەتیای دا پێشکەوتن ئیپستیمۆلۆژیای مرۆڤ ڕابوەستێنت و مرۆڤ تیای دا بڵێت گەشتومەتە ئەو ڕاستیەی کە لەدوایەوە هیچ ڕاستیەك بوونی نیە؟ ئەز ئەمە نازانم.

تیۆر و ئایدۆلۆژیا

جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان تیۆرەکان لەلایەك و، ئایدۆلۆژیاکانیش لە لایەکیترەوە، لەپلەی مل کەچ بونیاندا بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن... سروشتی ئایدۆلۆژیاکان وایە کە هەمیشە ڕوو لە نەگۆڕی و دۆگمابوونن. تکا لەخوێنەر دەکەم، وا لەم قسەیەم حاڵی نەبێ کە ئێمە لەپلەی ئایدۆلۆژیاکان کەم دەکەینەوە یاخود گاڵتە و سوکایەتیان پێدەکەین... ئەوی ڕاستی بێ لەو دەمەوە مرۆڤ وەدی هێنراوە، ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕەکان کاریگەری گەورەیان هەبوە لە ژیانی مرۆڤ دا... چونکە ئارامی و دڵنیایی پێدەبەخشن، هەروەها یارمەتیشی دەدەن لە ڕووبەڕوو بونەوەی کێشە و گرفتەکانی ژیان لە لایەك و، لەلایەکیتریشەوە پاڵی پێوە دەنێن بۆ خەبات و دڵگەرمی... هەر نەتەوەیەکیش بیر و باوەڕی نەبێ، زۆر لاواز دەبێ لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەیادمان بچێ کە ئایدۆلۆژیا شتێکە و زانیاری

پێشکەوتووش شتێکیترە، هەر کامیان بگری بوارێکی تایبەتی هەیە کە جیاوازە لە بواری ئەویتر.

تایبەتمەندی زانیاری پێشکەوتوو ئەوەیە کە لێکۆڵیار بەگومانە و هەموو رۆژێ بەدووی بۆچوونێکی تازەتر دا دەگەڕێت... وەلێ تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیا بریتییە لە بێخ داکوتان و باوەڕی پتەو و... مرۆڤیش دەتوانێ بڕوا بەهەر ئایدۆلۆژیایەك بێنێ کە خۆی گەرەکیەتی، لەوەدا ئازادە، بەلام لەو کاتەدا نابێ خۆی ناو بنێ توێژەری کۆمەلایەتی. ئەو ئازادە لەوەی بەتەواوی واز لەلێکۆڵینەوەی زانستی بێنێ، یاخود ئەو لایەنەی لێ وەربگرێ کە بیروباوەڕەکەی دەستی تێوەرنادات، وەلێ گەر بیەوێ هەردووکیان لەیەك بوار دا کۆبکاتەوە، ئەوە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە نە تێگەشتوە و نەگەرەکیشیەتی تێبگات.

یەکێك لەو هەلانەی لە لای ئێمە باوە، ئەوەیە پیاوانی ئاینی ناو دەنێین (زانایان)!! ئەمەش هەلەیەکە لە ناو هەموو نەتەوەکانی دنیا دا ئێمە تەنها خاوەنی ئەو هەلەیەین... دەگونجێ پیاوانی ئاینی ناو بنێین (ئاقلەکان ـ ژیرەکان) بەلام ناگونجێ ناویان بنێین (زانایان)، چونکە ئەوان خاوەنی بیر و باوەڕی سەقامگیرن و ناخوازن لێی لا بدەن، بیر و باوەڕەکەشیان بە یەکێك لەو زەرووراتە ئەقلیانە دەبینین کە دوو کەس شك نابرێن لەسەر راستی و دروستی ئەو بیر و باوەڕە ناکۆك بن.

ئێمە لەو ڕووەوە، ڕەخنەیان لێناگرین، لەوانەیە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەرانبەر بەئاینەکەیان بەو جۆرە رابەڕێنن،بەلکو لەو ڕووەوە ڕەخنەیان لێ دەگرین کە هەندێ جار خراپە بەرانبەر ئاینەکەیان دەکەن و، واش دەزانن چاکەیان کردوە!!

پیاوی ئاینی ڕاهاتوە لەسەر ئەوەی نەریتە باوەکانی نێو تایفەکەی خۆی وەکو ئەو راستیە ڕەهایە وەربگرێ کە گومان هەلناگرێ.. بێدەچێ ئەو نەریتانەش زۆر لە کرۆکی ئاینەکەوە دوور بن، کەچی گوێ بەمە نادات... تەنها هەلپە بۆ وە دەکات بەلگەی ئەقلی کۆ بکاتەوە بۆ پشتگیری کردنی ئەو نەریتانە... ئینجا متمانەشی پتەوە بەوەی لەنێو هەموو مەردومدا تایفەکەی خۆی (گرۆی ڕزگاربوو)ن.

ئێمە بەڕوونی لەکۆمەڵگای خۆماندا ڕاستی ئەو وتەیەمان بینیوە، نمونەگەلێکی زۆرمان لەسەری هێناوەتەوە، لەپەرتوکی (کۆمیدیای ئاوەزی مرۆڤ)دا.. بۆ نمونە ئێمە ئەو هەموو سروت و نەریتە گەندەڵانە دەبینین کە لەعێراق دا بەناوی ڕابەری شۆڕشگێڕ (حسێنی کوڕی عەلی)یەوە دەکرێت... لەڕاستی دا ئەو نەریت و سروتانە لەنێو ئێمەدا بەهاتدان و چاودێری هەندێ گروپی هەلپەرست تەشەنەی کردوە، کەئێمەباش باش مەرامەکانیان دەزانین. لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ لە (ژیرەکان) لەپیاوانی ئاینی دەبینین بەڵگەی ئەقڵی جۆراوجۆر دێننەوە و پەرتوکەکانی لێ پڕ دەکەن، بۆ پشتگیری کردنی ئەو گەندەڵیانە... کاتێکیش لە لای ئەو (ئاقڵانە)دا، دادەنیشین و گوێ دەگرین بۆ قسەکانیان، دەبینین باس لە لۆژیك و ئاوەزی ساغ دەکەن، خۆشیان وا دەپۆلێنن گوایە لەبیر و باوەڕ و بۆچونەکانیان دا بەگوێرەی ڕێبازی زانستی دەڕۆن بەڕێوە.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە ڕەخنە لە تایفەیەکی دیاریکراو بگرم و، ئەوانیتر نا. من بڕوام پتەوە بەوەی هەموو گروپەکانی دیکەی لای ئێمە لەو شێوازەن.. هەر گروپێ سەیری پوشێك دەکات لە چاوی گروپەکانیتر دا، بەڵای تەختە گەورەکەی نێو چاوی خۆیدا ناچێت!!. لەوانەشە ئەوانەی هەڵگری بیری نوێن و، خۆیان بەئازادیخواز و مۆدێرنیزمیش دەزانن هەر وا بکەن!!.

خودا بەزەیی بەو کەسە دا بێت کە ناتەواویەکانی خۆی سەرقاڵی دەکەن، لەوەی سەرنج لە ناتەواوی کەسانیتر بدات.

پەراوێزەکانی پاشکۆی یەکەم:

١. بنواڕە: کیدروف، المنطق الشکلي، ل ١٤.

٢. بنواڕە: جورج بولیتزیر، المادیة و المثالیة في الفلسفة، ل ١١٣.

٣. بنواڕە: ماوتسی تونگ، حول التطبیق، ل ٢٤.

٤. بنواڕە: جورج بولیتزیر، المادیة و المثالیة في الفلسفة، ل ١٠٣.

٥. بنواڕە: ماوتسی تونگ، حول التطبیق، ل ٢٤.

٦. بنواڕە: زکي نجیب محمود، خرافة المیتافیزیقا، ل ٢-٤.

٧. بنواڕە: جورج بولیتزیر، المادیة و المثالیة في الفلسفة، ل ٢٢٩.

٨. بنواڕە: برتراند رسل، الثورة الکوبرنیکیة، ل ١٩.

٩. بنواڕە: Sulivan, Outline of Modern Belfevol. III, P. 874

پاشکۆی دووەم:

لەنێوان گونجاو و نەستەم دا

ئەمێستاکە پەرتوکی یەکێك لە موتەکەلیمەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچیم لەبەر دەست دایە، ئەویش (حەسەن کوڕی مطهر الحلی)یە کە بە (العلامة الحلي) ناوبانگی پەیدا کردوە... دانەر ئەو پەرتوکەی بۆ ڕەت دانەوەی (ئەشعەری)یەکان داناوە، کە لەنێوان ئەم و ئەواندا دەمبەدەمەیەکی توند و تیژ ڕوی داوە... ئێمە هیچ شتێکی ئەو دەمبەدەمەیەمان لە لا گرنگ نیە، چونکە جیاوازیەکی نیە لە گەڵ ئەو شتانەدا کە ئاسایی زانایانی عیلمی کەلام لەپەرتوکەکانیان دا دەینوسن... بەڵکو دەمانەوێت ئەو مەرجانە بخەینە بەرچاو کە (حلي) لەپێشەکی وتوێژەکەیدا دایناون بۆ ئیدراك کردن لەمرۆڤ دا... ئەوەش دیارە ڕایەکە و پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هەیە بە ئەم بابەتەی ئێمەوە...

دانەر دەڵێت ئیدراك پەیوەستە بەهەشت مەرجەوە، بەبێ ئەو مەرجانە دەستەبەر ناکرێن، مەرجەکانیش ئەمانەن:

١. ساغی و بێوەیی هەستەکان.

٢. بەرانبەربوون لەگەڵ شتەکەدا، یاخود وەك ئەوەی لەبەرانبەری دابێت بەنمونەی وێنەکان لەئاوێنەدا، چونکە شتێك نابینین کە لەبەرانبەرماندا نەبێت یاخود نەچێتە چوارچێوەی حوکمی لەبەرانبەردا بوونەوە.

٣ـ زۆر نزیك نەبوونەوە لەشتەکە، چونکە چاو تەنێك نابینێ کەزۆر لکابێت بەچاوەوە.

٤ـ زۆر دوور نەبوون لەشتەکە، چونکە ئەگەر زۆر لە شتێك دوور بین ناتوانین ببینین.

٥. نەبوونی پەردە لە نێوان بینەر و بینراودا.

٦. تەنك و ناسك نەبوون، چونكە هەر تەنێكی تەنك كە ڕەنگی نەبێت (وەكوو هەوا) ئەوا نابینرێت.

٧. سەیرکەر بەمەبەستی ئیدراك سەرنج بدات.

٨. روناكی بكەوێتە سەری، چونكە هیچ شتێكی ڕەنگدار لە تاریكی دا نابینرێ.

* * *

(حلي) لە سەر ئەو مەرجانە دەڕوات و دەڵێت: "هەموو ژیرەكان لەسەر ئەو مەرجانە كۆكن، جگە لە ئەشعەریەكان، چونكە ئەشعەریەكان هیچ كام لەو مەرجانەیان بۆ ئیدراك دانەناوە". ئەمەش وەك حلي دەڵێت: ئەوەش سەختە و لوت بەرزیەكی ئاشكرایە و هیچ ئاقڵێ گومانی نیە لە پوچ و بەتاڵ بوونی.

هەروەها حلي لەپەرتووكەكەی دا ڕاوبۆچوونی ئەشعەریەكان سەبارەت بەم مەسەلەیە دەخاتە ڕوو... بۆ نمونە ئاماژە دەكات بە ڕای ئەوان وەدەڵێت: ئەوان بەگونجاوی دەزانن شاخی بەرزی تا كەشكەلانی ئاسمان لەبەر دەستماندا بێت و لەهەموو لاوە چوار دەوری دابێن و پێمانەوە نوسابێت، بە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دا زەمینی پڕ كردبێ لە ڕەنگی جوان و دڵڕفێن، كەچی ئێمە هەرگیز هیچی لێ نەبینین... هەروەها بەگونجاوی دەزانن دەنگی بەهێز و گەورە ئامادەگی لە لاماندا هەبێ، دەنگەكە بەجۆرێ گەورە بێت هەموو دنیای پڕ كردبێ و هەر كەس بیبیستێ بێ‌ی قەلس و نارەحەت بێ، لەهەمان كاتدا ئێمە ئەو دەنگە نەبیستین، بەمەرجێ هەستەكانیشمان ساغ بن و هیچ بەربەست و دووریەكیش لەنێوان ئێمە و ئەو دەنگە دا نەبێ، بەڵكو زۆریش لێمانەوە نزیك بێت... كەچی لەلایەكیترەوە، بەگونجاوی دەزانن كابرایەكی كوێر لەرۆژهەلاتی زەویەوە، لەشەوێكی تاریك دا، مێروولەیەكی ڕەش بەسەر تاشەبەردێكی ڕەشەوە لە رۆژئاوای زەوی دا ببینێت... جگە لەوەش بەگونجاوی دەزانن كەسێكی كەڕ لەرۆژهەلاتەوە، پەنامەكیترین دەنگ لەرۆژئاوا دا ببیستێ.

(حلي) بەم جۆرە کۆتایی بەوتەکانی دێنێت و دەڵێت: "گومانی تێدا نیە ئەو کرۆکی سەفسەتەیە، تا دەڵێت: هەر کەس گومان لەوە بکات ، نکۆڵی لە دیاریترین بەرجەستەکانی لای ئێمە کردوە".[1]

ئایا ئەوە سەفسەتەیە؟

وادیارە ئەو قسەی (حلي) کردویتی لەسەردەمە دێرینەکاندا ڕەواجێکی زۆری هەبووە. (حلي)یش توانیویەتی دوژمنەکانی بەو قسەیە بشکێنێت و بەسەریاندا زاڵ بێت... لێرەدا دەمانەوێت بپرسین: ئەگەر ئێستا (حلي) زیندوو بکرایەتەوە، ئەو قسانەی بکردایە کە لەسەدەی هەشتەمی کۆچی دا کردوونی، ئایا ئەو ڕەواجەیان دەبێ کە لەو سەردەمەدا هەیبووە؟

لەڕووی زانستیەوە، گرفتی (حلي) لەوە دایە کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و بابەتیەوە نەگەشتۆتە ئەم مەرجانە... بەڵکو هەمان ئەو کارەی کردوە کە بیرمەندە فەهمیەکانی هاوشێوەی کردویانە، دانیشتوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بیری کردۆتەوە، لەئەنجامدا گەشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە ئەو مەرجانە،(ئیدی وای بۆ چوە) دەبێ لەهەموو بوارەکانی‌تری ئەم گەردونە فراوانەدا هەر ڕاست بن.

ئێمە کەهەنوکە سەرنجی ئەو مەرجانە دەدەین، لەوانەیە هاوڕا بین لەگەڵی دا و بڵێین کۆمەڵە مەرجێکی ڕاست و دروستن... وەلێ ئەوەی نابێ لەیادمان بچێ ئەوەیە کە ڕاستێتی ئەو مەرجانە، لەوانەیە پەیوەست بێ بە سنووری ئەو بویەرە تەسکەی کە تێیدا دەژین و هەستەکانمان کۆنترۆڵی دەکەن، هەر چەند ئەو زەوی پڕ کردوە بێ وەی ئێمە هەستی پێ بکەین یاخود هیچی لەبارەوە بزانین.

زاکونەکانی هەستی مرۆڤ:

یەک لەو ڕاستیانەی زانستی نوێ بڕیاری لەسەر داون، ئەوەیە کە هەر یەک لەپێنج هەستەکانمان، سنورێکی دیاریکراوی هەیە بۆ هەست کردنی بە شتێ لە دەرەوەی خۆیەوە... بۆ نمونە هەستی بیستن وەرگرە، تۆ ناتوانی دەنگێک ببیستی مەگەر

لەرەلەرەکەی لە سنورێکی دیاریکراودا بێ، جا ئەگەر لەرەلەرەکەی لەو ڕادەیە زیاتر بێت یان کەمتر بێ، ئەوا گوێچکە ناتوانێ بیبیستێ... ئەمەش یانی لەوانەیە دەنگی زۆر گەورە و ترسێنەر لەبۆشایی دەوروبەرماندا هەبێت، کەچی ئێمە هەستیان پێ ناکەین و لێیان بێئاگاین.

سەبارەت بەهەستی (بینین)یشمان هەر وایە، چونکە لەپلەی شەپۆلە (کارۆ موگناتیسی‌یەکان) دا تەنها حەوت پلە دەبینێت، هەر ئەمەشە حەوت ڕەنگە ناسراوەکانمان دەداتێ... کەواتە گەردوون لەوانەیە پڕ بێت لە ڕوناکی زۆر و وێنەی هەمە جۆر، ئەوەندە هەیە کە ئێمە نایان بینین، چونکە لە دەرەوەی چوارچێوەی هەستی بینینی ئێمە دانە.

هەر ئەمەشە وای لەزاناکان کردوە بڵێن: پێنج هەستەکانمان هیچ نین، جگە لە پەنجەرەگەلێ بچوک کە مرۆڤ لەمیانەیانەوە سەرنجی گەردوونی گەورە دەدات... بەمەش مرۆڤ لە بەندیەک دەچێ لەژوورێکی تەسک دا بەند کرابێ، و هیچ پەنجەرەیەک لەو ژوورەدا نەبێ جگە لەکونی بچوک بچوک لێرە و لەوێ... جا ئەو بەند کراوە هیچ لەڕوداوەکانی گەردون نابینێ جگە لەبەشێکی زۆر سنووردار نەبێ، بەشەکانی تری ڕووداوەکان ،لەپشتی دیوارەکانەوە بەشاراوەیی دەمێننەوە.

بەرفراوان بوونی کەلێنەکان:

ئەوەی شیاوی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە ئەو کونە بچوکانەی مرۆڤ لێیانەوە سەرنجی جیهانی دەرەوەی خۆی دەکات، بەردەوام هەروا بەبچوکی و بەبێ بەرفراوان بوون نامێنێتەوە... ئەوەتا زانست ئامێر و ئامرازی جۆراوجۆری خستۆتە بەر دەستی مرۆڤ و، توانیویەتی بوارەکانی ئیدراک کردنی گەردون لەمرۆڤ دا بەرفراوان بکات... ئەو ئامێرانەش لەگەشەیەکی بەردەوام و چاک تربوونێکی وا دان کە لەسنورێکدا ناوەستێ.

دیارە مرۆڤ لەسەرەتاوە ئەو جۆرە ئامێرانەی نەبوو، تەنها لەڕێی هەستەکانیەوە سەرنجی گەردوونی دەدا. لەبەر ئەوەش زانیاریەکانی لەبارەی گەردونەوە زۆر سنوردار بوو.. بەم هۆیەشەوە ئەقڵی مرۆڤ پەنای دەبردە بەر ئەفسانە، و ئەو کەلێنە گەورەی پێ

پڕ دەکردەوە کە کەوتبویە نێوان ئەو دیاردە سەیرانەی گەردون کە دەی بینین و ئەوانەشی کەنەی دەبینین.

دواتر مرۆڤ بەیتا بەیتا دەستی کردە فراوان کردنی ئەو گونانە، ئەوە بوو دووربین و پێوەر و ئامێرە وردەکانی داهێنا... هەر جارێکیش نهێنی‌یەکی نوێی لەنهێنی‌یەکانی گەردون دەدۆزیەوە بەهۆی ئەو ئامێرانەوە... هەر دۆزینەوەیەکی نوێش، پانتایی ئەو ئەفسانانەی بەرتەسك دەکردەوە کە بەسەر ئاوەزی مرۆڤ دا زاڵ بوون.

بەرەنجامی ئەریت:

لەبەر دا ئامازەمان دا بە وەی زۆرینەی شتە ڕۆتینی و ، زەرورەتە ئەقلیەکان، کە بیرمەندە کۆنەکان متمانەی ڕەهایان بەڕاستێتی‌یەکەیان هەبووە، هیچ نەبوون جگە لەهەندێ شتی باوی ناو خەڵك کە ماوەیەکی زۆر خویان پێوەگرتوە تا وای لێهاتوە بونەتە هەقیقەت و ڕاستی سەقامگیر، ڕاستی‌یەك کە ناکرێ زیرێ گومانی لێ بکات.... ماوەیەکی زۆر تێپەڕیمرۆڤ پێی وابوو زەوی تەخت و ڕاخراوەنەی چۆن ئەبێت وانەبێت لەکاتێکدا ئەم بەچاوی خۆی وای دەبینێ... بۆیە کاتێ بیرۆکەی گۆیی بوونی زەوی هاتە ئاراوە خەڵکی گاڵتەیان پێ کرد و بەدرۆیان خستەوە، تەنانەت هەندێکیان خستیانە خانەی ئەو کوفرەوە کە خودا و پێغەمبەر لێی قایل نین.[*]

دەکرێ لەمەڕ پێنج هەستەکەش هەر وا بێژین... خەڵکی لەگەڵیاندا ڕاهاتن تاکو وایان گومان بردوە کە هەموو دنیا لەبەر هەستیاندایە... وەلێ گەر لەدنیا دا شتێ ڕو بدات و نەتوانن هەستی پێبکەن، ئەوا دەبێ هەر کاری پەری یاخود گیانەکانیتر بووبێ!! بەو جۆرە جیهان لەبەر چاویاندا دابەش بوو بۆ دوو جۆری لێك جیاواز، لایەنێکی هەست پێکراو (بەرهەست) و لایەنێکی نادیار (غەیبی).

فەیلەسوفەکانیش بەمجۆرە ڕۆشتون، دەیانبینین ئەمانیش جیهانیان کردۆتە دوو بەشەوە، فیزیکی و میتافیزیکی... تا کو ئەمڕۆکەش ئاسەوارەکانی ئەم دابەشکردنە وەهمیە بەڕونی لەبیر کردنەوەی خەڵکێکی زۆر دا ماوە.

چیرۆکێکی مانادار:

دەگێڕنەوە لەدێرزەمان دا، شوانێك بەناوچەیەکی شاخاوی دا دەڕوات، کەوشێکی لەپێ دا دەبێ کە بزماری پێوە دەبێ... لەناکاو شوانەکە هەست دەکات کەوشەکانی بەتوندی بەزەویەوە نوساون، ئەمەش لە زەویەکەدا هەندێ بەردی موگناتیسی هەیە، و بزمارەکانی بەردو خۆی ڕاکێشاوە... وەلێ شوانەی هەژار وا دەزانێ جنۆکەکان گاڵتەی پێ دەکەن، بۆیە دڵی ڕادەچڵەکێ و زۆر دەترسێ... لەکۆتایی دا هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ، کەوشەکانی دادەکەنێت و ڕادەکات و بێئەژماریش نەفرەت لە جنۆکە دەکات.

نابێ لۆمەی شوانەکە بکرێ لەسەر ئەو کارەی... چونکە نازانێ چ لێکدانەوەیە بکات بۆ ئەو ڕوداوەی بەسەری هاتوە، ئەو نازانێت شتێ هەیە و ناوی موگناتیسە و ئاسن بۆ خۆی ڕادەکێشێ... بۆیە پێویستە پەنا بەرێتە بەر ئەفسانەی جنۆکە و، ئاوەزی سەراسیمەی خۆیی پێ بحەوێنێتەوە.

هەروەها چیرۆکێکی دیکە هەیە کە هاوشێوەی ئەو چیرۆکەیە کە لەبەر دا هێنامان، وەلێ ئەوەندە هەیە لەسەدەی بیستەم دا ڕوی داوە، نەك لەدێرزەمان دا.

(شێخ حافظ وهبە) کەوەزیرێکی ناسراوی سعودیە بۆمان دەگێڕێتەوە، پیرانی ئاینی لە (ئەجد) دا لەسەرەتاوە نەیاندەتوانی بڕوا بکەن بە (ئامێری بێتەل) کاتێ بۆ یەکەمجار وێستگەکانی لەساڵی ١٩٢٨ دا لەشانشینی سعودیەدا دانراوە.(٢)

ئەقڵیان ئەوەی وەرنەگرتوە کە چۆن چۆنی هەواڵێك لەنێوان مەککە و ڕیاز دا لەیەك چرکە دا دەگوازرێتەوە... لەکاتێکدا حوشترەکان بەچەند ڕۆژێ ئەو ماوەیە دەبڕن..کەوابێ هەر دەبێ لەنێو وێستگەی بێتەل دا نهێنیەکی دۆزەخی یاخود گەمەیەکی کافران هەبێ، نەفرەتی خوایان لێ بێ، لەدوای بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ، پیرانی ئاینی (مشایخ الدین) هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە شەیتان هەواڵ لەوێستگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازێتەوە، چونکە جگە لەشەیتان کەسی دیکە ناتوانێ ئەو کارە سەیرە ئەنجام بدات.

(حافظ وهبە) هەروەها دەڵێت: هەندێ لەو پیاوە ئاینییانە زۆر جار سەردانی ئەو وێستگە بێتەلەیان دەکرد کە لە (ریاظ) دامەزرێنرابوو، لە کارمەندی وێستگەکەیان دەپرسی: ئایا وادەی سەردانی شەیتان بۆ ئەو وێستگەیە کەیە؟ وە ئایا شەیتانە گەورەکە لە (مەککە) دایە یا خودلە (ریاظ) دا؟ و ژمارەی ئەو نەوانەی چەندن کە لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا یارمەتی دەدەن؟

دواتر بەهۆی ئیجتهادکردنیانەوە گەشتنە ئەو بڕوایەی کەشەیتان هیچ کارێ بۆ خزمەتی مرۆڤ ناکات، مەگەر دوای ئەوەی مرۆڤ قوربانی بۆ سەر ببڕێت و لە بڕیتی ناوی خودا ناوی شەیتانی لەسەر بێنێت... لەسەر بناغەی ئەم ئیجتهادەیان یەکێکیان بەنهێنی چوەتە وێستگەکە و دەستی کردۆتە گەڕان بەدووی پاشماوەی ئەو قوربانیانەدا کە لەو وێستگەیەدا بۆ شەیتان کراون وەکو شاخی ئاژەڵ و ئێسقان و خوری...تەنانەت ڕەنگە پیاوە ئاینییەکە بەرتیلیشی دابێتە کارمەندەکە تاکو نهێنی شەیتانەکانی لێوە دەست بکەوێت.

وام دێ بەخەیاڵ دا، گەر موگناتیس لای پیرانی ئایی نەجد ناسراو نەبوایە، ئینجا بۆ یەکەمجار لە ژیانیان دا بیان بینیبایە، ئەوا بەهەمان شێوازی شوانە هەژارەکە حوکمیان بەسەر دا دەدا، و لەوانەیە فتوایان لەسەر دەربکردایە و بەکارهێنانی موگناتیسیان لە هەموو پیاو و ئافرەتێکی موسڵمان یاساغ کردایە.

نەریتی ژیران:

وا دیارە پیرانی (نەجد) ئەمڕۆکە بڕوایان بەوە پەیدا کردوە کە شەیتان هیچ وەخت دەست وەرنادات لە مەسەلەی (بێتەل)... بەڵکو بۆیە نکۆڵییان لە بێتەل کردوە لەسەرەتاوە چونکە پێشتر نەیان بینیوە، بۆیە دوای ئەوەی کە پێی ڕاهاتوون ئینجا (ڕادیۆ)یان بینیوە کە هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دنیایان بۆ دەگوازێتەوە، ئاسان بوە بڕوا بە ڕادیۆ بکەن و خۆیان بدەنە دەست خوا!

لەڕاستی دا، بەشێوەیەکی گشتی سروشتی ئاوەزی مرۆڤ ئاوهایە، ناتوانێ بڕوا بکات بەهەر مەسەلەیەکی نامۆ کە پێشتر پێی ڕانەهاتبێ، تەنانەت لەوانەیە بە ئەستەمیشی

بداتە قەڵەم.. وەڵێ هەر ئەوەندەی پێ ڕاهات، لەبەر چاوی دا لە ئەستەمێكەوە كە ئەقڵ نایبڕێ، دەبێتە شتێكی ماقوڵ و گونجاو.

جیاوازی نێوان (گونجاو) و (ئەستەم) لەدیدی زۆرینەی (ژیران)داوەك جیاوازی شتێك وەهایە كەپێی ڕاهاتوون لەگەڵ شتێكی تردا كە پێشتر پێی ئاشنا نەبوون، كەواتە جیاوازیەكی ئاساییە و لەنێوخۆی هزرەوە هەڵدەقوڵێ نەك لە دەرەوەی دا.

ئەو كاتەی ئامێری (ڕادیۆ) لە تەشەنە كردن دابوو لەعێراق دا، كابرایەكم بینی گاڵتەی بە ئامێرەكەش و ئەو كەسانەش دەكرد كە بەڕاستی دەزانن.. سەبارەت بەڕادیۆ دەیگوت: شمەكێكی بازرگانیە و بۆ چاوبەست كردن دروست كراوە. دەنا ماقوڵ نیە ڕادیۆ دەنگ لە وڵاتێكی دوورەوە وەربگرێ، ئەگەر ڕادیۆ ڕاست بوایە (بەقسەی كابرا ـ وەرگێڕی كوردی) دەبوا بمانتوانیا دەنگی (حاجی محەمەد)ی پێ وەربگرین كە لەناحیەی (دجیل) دادەنیشێ... كە پرسیارم لەكابرا كرد، كە ئایا سەرچاوەی ئەو دەنگەی لە ڕادیۆدا هەیە لە كوێیە؟ وتی: لەوانەیە لەجێگەیەكی نزیكەوە بێت و لە ڕێگەی تەلە كارەباییەكانەوە بێت وەك لەئامێری تەلەفۆن دا.

وەك دەبینین ئەم كابرایە لەسەر بەكارهێنانی (تەلەفۆن) ڕاهاتوە ، بۆیە بەلایەوە شتێكی ئاسایی و ماقوڵە و نەك هەر ئەوەندە بگرە بەهۆی تەلەفۆنەوە ئامێری (ڕادیۆ) لێك دەداتەوە... بۆیە بەهێزترین گومان بەلای ئەوە دایە گەر ئەم كابرایەش سەر بە ئەوەی پێشتر بوایە و، بۆیە یەكەمجار تەلەفۆنی بدیایە، ئەوا هەمان حوكمی ڕادیۆكەی ئێستای بەسەر دا ئەدا... ئیدی ناشزانم ئێستاكە چی دەڵێت كە ئامێری سەیر و سەرسوڕهێنەری (تەلەفزیۆن)[1] دەبینێ بە چاوی خۆی؟

بەڵگەڕێژەییەكان:

كە لەكۆتاییەكانی سەردەمی عوسمانی‌دا، تیۆرەكەی (داروین) هاتە عێراقەوە، (ژیرەكان) پیای دا هەڵشاخان و دەستیان كردە پرۆتستۆ و سوكایەتی‌پێكردنی... لەدیدی ئەواندا نەدەگونجا مرۆڤ لە ئاژەڵەوە گەشەی كردبێ، ئایا هیچ ژیرێ قایل دەبێت باپیری مەیمون یاخود گوێدرێژ بێت؟ نا بەخوای گەورە!

دەگێڕنەوە یەكێك لەشێخە گەورەكانی (نەجەف)ی پیرۆز نامەیەكی دوور و درێژ دەنوسێت و لێوان لێوی دەكات لەبەڵگەی جۆراوجۆری نەقڵی و عەقڵی بۆ پوچەڵ كردنەوەی تیۆرەكەی (داروین)، و نامەكە دەنێرێت بۆ مامۆستا (شبلی شمیل) لەمیسر، چونكە ئەم پیاوە هەڵگری بەیداخی ئەو تیۆرە بوو لە نیشتمانی عەرەبی دا... جەنابی شێخ وای گومان بردوە كە مامۆستا (شمیل) بەڵگەكانی دەخوێنێتەوە و دەست بەجێ دان بە ڕاستی و دروستییاندا دەنێت... ئەی چۆن دانی پێدا نانێت؟ لەكاتێكدا وەك خۆری ڕوناك دیار و ئاشكران!!. بۆیە شێخ بەجۆرێكی گەرمتر لە پشكۆ چاوەڕانی وەڵامی مامۆستا (شمیل)ی دەكرد... دوای ماوەیەك وەڵامە چاوەڕوان كراوەكە گەشت... شێخ بەپەلە دەستی بردە زەرفی نامەكە، بەڵام هیچی لەنێو دا نەبینی جگە لەم دەستەواژەیە كە تیای دا نوسیبووی: "پاساوەكانت بەڵگەی زانینە و نیتر سڵاو".

لەدوایدا دەرگەوت مامۆستا (شمیل) كە بەڵگەكانی شێخی خوێندۆتەوە پێیان پێكەنیوە، وەك چۆن شێخ بەبەڵگەكانی مامۆستا پێدەكەنێ... هەر یەكێكیان لەمیانەی مەنلوفاتە فیكریەكانی خۆیەوە لەمەسەلەكان تێدەگەشت... هەر یەكێشیان بڕوایان پتەو بوو بەوەی كە هەق لای خۆیەتی.

لە وڵاتە پێشكەوتوەكاندا:

تكام وایە خوێنەر وا گومان نەبات كە ئەم مەسەلانەی ئاماژەمان پێدان، تەنها لە وڵاتەكانی ئێمەدا ڕوو دەدەن، بەڵكو لە زۆرێك لەو وڵاتانەشدا كە ئێمە پێشكەوتن دەدەینە پاڵیان و لای زۆرێك لەو خەڵكانەش كە ناوی (زانایان)مان بەسەر دا بڕیون، هەمان شت ڕو دەدات.

مامۆستا (ولیەم باریت) باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە كاتێ بۆ یەكەمجار ئامێری (گرامافونی)ی لە ئەكادیمیای زانستی پاریس دا نمایش كردووە، زانایان ڕایان گەیاند كە ئەوە شتێكی ئەستەمە، چونكە بە لایانەوە ماقوڵ نەبوو دەنگی مرۆڤ لەسەر دیسكێكی كانزایی دا تۆمار بكرێت.. لەوەش سەیرتر ئەوەیە زانایان خاوەنی ئامێرەكەیان تاوانبار

کرد بەوەی لەژێر مێزەکەدا پیاوێکی شاردۆتەوە کەبەجۆرێکی تایبەت قسە دەکات تاکوو وا لەئامادەبوان بگەیەنێت ئەو دەنگە لەخودی ئامێرەکەوەیە...

بەسەرهاتێکی ئاوهاش لەمامۆستا (تیت) لەزانکۆی (ئەدنبنەرە) دەگێڕنەوە، دەڵێن: کاتێ هەواڵی داهێنانی تەلەفۆنی بیستوە، "ملە جەرەی لێکردووە"چونکە وەك دەڵێت : (داهێنانی ئامێرێکی وەها لەڕوی فیزیاییەوە ئەستەمە).[٥]

(ئاغاخان) لەیاداشتەکانی دا باسمان بۆ دەکات کە لەسەردەمی لاوێتی دا چاوی کەوتوە بە (لورد کالفن) کە ئەوکات وەك یەکێك لە گەورە زانایانی فیزیایی لەدنیا دا دەژمێردرا... لەمیانەی وتوێژکردنی دا لەگەڵ (ئاغاخان)دا، (کالفن) دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە فڕین بەئامێرێکی قورس تر لەهەوا بەئاسماندا شتێکی ئەستەمە لەڕوی مادیەوە، هەرگیز مرۆڤیش ناتوانێ بەو فۆناغە بگات....[٦]

(کالفن) و (سەی موحسین) :

وادیارە لەم ڕووەوە مامۆستا (کالفن) هیچ جیاوازیەکی نیە لە (سەی موحسین)ی باپیرەم (خوای لێ ڕازی بێت)، دەگێڕنەوە باپیری ڕەحمەتیشم کە یەکەمجار هەواڵی فڕۆکەی بیستووە بڕوای پێ نەکردوە... ڕۆژێکیان پێیان وتوە کە (ئیفرنجی ــ بیانی)یەکان فارگۆنێکیان دروست کردوە ، بەهەوادا دەفڕێت و لەتەختە و ئاسن دروست کراوە.. باپیرم گوتویەتی هەرگیز ئەمە ماقوڵ نیە، ئنجا دەستی کردۆتە هێنانەوەی بەلگەی ئەقلی بۆ سەلماندنی ئەستەمێتی فڕینی فارگۆنێك بەهەوا دا، کە لەتەختە و ئاسن و تەختەدار دروستکراوە و دەڵێت: "ئەو چەکوشەش لە ئاسن و تەختەدار دروستکراوە، ئایا دەگونجێ بفڕێت؟!" بۆیە ئامادەبوان هوتاف لەگەڵدا دەکێشن: (نافڕێت ... نافڕێت...)

(سەی موحسین) ئەی دەتوانی تەسەوری ئەوە بکات فارگۆنی بجوڵێت بەبێ ئەوەی ولاخێك لەپێشەوە ڕای بکێشێت، ئنجا چۆن دەتوانێ تەسەوری ئەوە بکات فارگۆنێ بەئاسماندا بفڕێت، بەڕاستی فڕینی ئەو فارگۆنە (بەبڕوای وی ـ وەرگێڕی کوردی) تەنها شێتەکان پێی قایل دەبن!!.

هەر چۆن بێت (سەی موحسین) تاکو ئەو ڕۆژە ژیا، کە فارگۆنی بینی بەتەختە و ئاسنیەوە بەئاسماندا فڕی!! بۆیە چاوی بەئاسماندا دەگێڕا و نەی دەزانی چ بڵێت؟! . جا ئەگەر بهاتبا و ماوەیە درێژتر بژیابا، ئەوا کوڕە زاکەیی دەبینی (واتە نووسەری ئەم چەند دێڕە)، کەسواری فڕۆکەش دەبێت و، بەلوت بەرزیشەوە!!

پەی بردن:

ئەوە دادگەری نیە ڕەخنە لە (سەی موحسین) و کەسانیتری وەك ئەو بگرین،لەسەر ئەو بڕیارە یەکلا کەرەوانەی کە دەری دەکەن، بەپشت بەستن بەو زەرورەتە عەقڵیانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان متمانەیان بەڕاستی و دروستیيان کردوە...

ئێمەش هەموومان بڕیاری وا دەردەکەین و لەدوایی دا بۆمان دەردەکەوێ کە بەهەڵەدا چووین.. ئەمە (وەك لەپێشەوە ئامازەمان پێدا)

لە هەموو کات و شوێنێك دا نەریت و خوی ژیرەکانە، بەڵام دەتوانین پەی بەرین بەڕاستیيەك و بڵێین: هەندێ جار ئەو نەریتە سەخت و توند دەبێت لەسەر هەندێ خەڵك و، وایان لێدەکات سەرەڕای ئەزموونە تاڵەکانیشیان تیای دا هێشتر سوورن لەسەری... هەر ئەو نەریتە هەندێ جاریتر، لەسەر هەندێ کەس سوك و لاواز دەبێت و ئەمەش وایان لێدەکات دوودڵ بن لەکاتی دەرکردنی بڕیار لەسەر هەر شتێ، چونکە نازانن ڕۆژگاری دادێ چ داهێنانێکی سەیرتر دێنێتە کایەوە.

شیاوی ئامازەپێدانە کە بڵێین:ئەم خوە لەسەدەی بیستەمدا بەگشتی ڕوو لەلاوازی و سووك بوونە... لەکاتێکدا زانایانی بەر لەم سەدەیە جیاوازیەکی گەورەیان نەبوو لەگەڵ سەرجەمی ژیرەکانیتردا، و زیاتر بەلای ئەوە دا بوون کە هەر مەسەلەیەکی نامۆ و نائاشنا بەدرۆ بخەنەوە.. ئێستا لە (دوودڵی و)دڕدۆنگی دان و نازانن چی بەدرۆدا بخەنەوە و بڕوا بەچیتر بکەن.

زانایانی سەدەی ڕابردوو:

لەکۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا (نوسەر مەبەستی لەسەدەی ڕابردوو و سەدەی نۆزدەیەمە، چونکە ئەم پەرتوکە لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم دا نوسراوە... وەرگێڕی

کوردی) یەکێك لە زانایان هەڵدەستێ لەنێو کۆمەڵێ لەزانایان دا وتار دەدات و دەڵێت: "ڕەنگە گرنگترین دۆزینەوەکانی زانستی سروشت ناسی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کۆتایی هاتبێت، بۆیە دۆزینەوەکانی داهاتوو گرنگیەکی گەورەیان نابێت، ئەزمونەکانی داهاتوشمان هیچ نابن جگە لەدووبارەبوونەوەی ئەزمونەکانی پێشوومان، ئنجا بەرهەنجامەکانیشیان تەنها لەڕاستکردنەوەی ئەو بیردۆزانە دا کورت هەڵدەهێنرێ کە ئێمە پێیان ئاشناین و ناسیومانن"[7]

لەوەش سەیرتر هەواڵێك بوو کە لەڕۆژنامەی (تایمزی لەندەنی)دا لەساڵی (١٨٨٦ز) دا بڵاو کرایەوە و تیای دا هاتبوو: بەڕێوەبەری (تۆمارکردنی داهێنانەکان) ڕاپۆرتێکی ئاراستەی میری کردوە و، تیای دا داوای ئەوەی کردوە ئیدارەی تۆمارکردن هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت لەداهاتوودا جگە لەچەند شتێکی کەم نەبێ‌ئیدی داهێنان سەرهەڵبدات، چونکە ئێستا کە هەموو شتێ داهێنراوە.

ئێمە کە ئێستا ئەو هەواڵە دەخوێنینەوە سەرمان لێی سوڕ دەمێنێ... لە ڕاستی دا نابێ نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەو دۆزینەوە و داهێنانە زانستیانەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوتن زۆر مەزن بوون، زانایانیش هەقی خۆیان بوو شانازی پێوە بکەن... وەلێ کاتێ بەراوردیان دەکەین بەدۆزینەوەکانی سەدەی بیستەم، خەریکە هەست بکەین بەوەی داهێنانەکانی سەدەی نۆزدەهەم هیچ نەبوون و بەڵکو لەپاری زاڕۆیان دەچوون.

شۆڕشێکی مەزن:

بەڕاستی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی زانستی وای بەخۆوە بینی کە بەراورد ناکرێ بەهیچ کام لەو شۆڕشانەی لە رابردوو دا ڕوویان داوە... یەکێك لەبەرهەنجامەکانی ئەو شۆڕشە ئەوە بوو، کەزانایان باوەڕیان لاواز بوو بەڕاستی و دروستی زەروراتە عەقلیە کۆنەکان و کەمتریش پشتیان پێدەبەستن لەدەرکردنی بڕیاری یەکلایی‌کەرەوە دا... تەنانەت هەندێکیان گەشتونەتە ئەوەی کە بڵێن هیچ شتێ لەگەردوندا نەماوەتەوە ئەستەم بێ...[8]

یەکێك لەگرنگترین ڕواڵەتەکانی ئەو شۆڕشە زانستیە، بریتی بوو لەو ڕاڤەیەی کە بۆ چەمکی (مادە) هاتە کایەوە... زانایانی سەدەی رابردوو بڕوایان وا بوو هەموو گەردون پێك هاتوە لەدوو شت کە سێیەمیان نیە، مادە و جوڵە... ئەگەر ئەو بوارە هەبوایە پرسیارمان لێکردنایە لەبارەی نهێنی (مادە)وە، لە وەڵامدا دەیانگوت هیچ نهێنی‌یەکی تێدا نیە... ئەو مادەیە کە بە دەستمان دەیگرین و دەی پێوین و لەکار و بارەکانی رۆژانەماندا بەکاری دێنین.

ئەو دەمە زانایان،هیچ شتێکیان لە قوڵایی (گەردیلە) و ئەو وزە زۆرەی ناوی نەدەزانی... بۆ نمونە بەردێکیان دەگرت بەدەستەوە و بەئامێرەکانیان دەیان پشکنی و هیچ نهێنی‌یەکی شاردراوەیان تێدا نەدەبینی، بۆیە وایان بەخەیاڵدا دەهات کە مادەی گەردون هەر هەمووی لەجۆری ئەو بەردەیە.

(دالتۆن) لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بیردۆزە ناسراوەکەی لەمەڕ (گەردیلە) هێنایە کایەوە... وەلێ تیۆرەکەی لەبنەڕەتەوە جیاوازی نەبوو لە بیردۆزی (جەوهەری تاك) کە فەیلەسوفانی ئەغریق بڕوایان پێی هەبوو... تیۆرەکەش باس لەوە دەکات کە (گەردیلە) بەشێکی بچوکی مادەیە و دابەش ناکرێت و لەسروشتی دا جیاواز نیە لەسروشتی ئەو مادەیەی کە لێی پێك دێت.

لەساڵی (١٨٩٧ز)دا، یەکێك لەزاناکان تەوزمێکی کارەبایی بە بۆریەکی خاڵی گراو لەهەوادا ڕەت دەکرد، لەو بۆریەدا (دنکۆڵە)ی زۆر وردی دۆزیەوە کە دووهەزار جار بچوکتر لە هەرگەردیلەیەکی دالتۆنی... ئەم ئەزمونەش ڕوداوێکی گرنگ بوو لەمێژووی زانست دا.. چونکە بەهۆی ئەم ئەزمونەوە بۆ یەکەمجار زانایان پەیان برد بەوەی کە (گەردیلە)ش دەکرێ دابەش بکرێت، واتە گەردیلەش بەو شێوەیە نیە کە پێشتر ئەوان بۆی دەچون... لەدوای ئەوەش ئەزمونگەلێ تر جێبەجێ کران ، زانایان توانیان بەهۆی ئەو ئەزمونانەوە سروشتی ئەو دنکۆڵانە بناسن، دەنکۆڵەکان ئەو (ئەلکترۆن)انەن، کە لەشەپۆلی کارۆموگناتیسی پێك هاتوون.

مامۆستا (جینز) دەڵێت: هیچ جیاوازیەکی جەوهەری نیە لەنێوان ئەو پارچە مادەیەی کە بەدەستمان دەیگرین و ئەو تیشکی ڕوناکیەی بەچاو دەی بینین.. هەر

یەکێکیان پێك هاتوون لە شەپۆلی کارۆ موگناتیسی... ئەو جیاوازیە ڕواڵەتیەش کە دەبینرێ لەنێوان مادە و تیشك دا، هۆکەی ئەوەیە کەشەپۆلەکانی مادە لەقاڵب دراون و لەخولگەی زۆر بچوك دا لەنێو گەردیلە دا دەسوڕێنەوە، لەکاتێکدا شەپۆلەکانی تیشك ڕەهان لەبۆشایی دا...[٩]

ئەگەر ئەو قسەیەی (جینز) ڕاست بێت، ئەوا ئێمەش بۆمان هەیە بڵێین: ئەو مادەیەی کە بەدەست دەیگرین بریتی‌یە لە وەهمی هەستە سنوردارەکانمان... چونکە (مادە) نیە بەو مانایەی زانایانی سەدەی نۆزدە لەو وشەیە تێدەگەشتن.. بەڵکو ڕاستترە گەر بڵێین وزەیەکی لەقالب دراوە.. گریمان بتوانین بڕێکی گەورە لەتیشکی ڕوناکی کۆ بکەینەوە و وای لێ بکەین بەدەوری ناوکێك دا بسوڕێتەوە، ئەوا دەبێتە گەردیلەیەکی مادی لەهەمان جۆری ئەو گەردیلەیەی کە بەردەکانی زەوی و ئاسمانی لێ پێك دێ.

زاناکان تا هەنوکە نەیان توانیوە (مادە) لەتیشکەوە دروست بکەن، بەڵام کە بۆمبی ئەتۆمی‌یان تەقاندەوە، توانی‌یان (مادە) بگۆڕن بە تیشك... ئیدی ئێمە نازانین سبەینێ چیتر دروست دەکەن؟

مادیەت و میتافیزیکیەت:

سەبارەت بە مادیەتی سەدەی ڕابردوو (واتە سەدەی نۆزدەهەم ـ وەرگێڕی کوردی) دەتوانین بڵێین : لەمیتافیزیکیەتەوە نزیك تر بوە وەك لە مادیەتی ئەم سەدەیە... زانایانی سەدەی ڕابردوو بڕوایان وا بوو (مادە) لەسروشتی خۆیدا نەجوڵاوە و لەگەردیلەی بێجم و جوڵ پێك هاتوە، بۆیە پێویستی بەپاڵنەرێکی دەرەکی هەیە تاکو بیبزوێنێ.. لێرەوە ئەو ڕایە سەبارەت بە گەردون لەلایەن گەلالە بوو کە دەیانگوت: گەردوون لە دوو لایەنی لێك جودا پێك هاتوە کە بریتین لە مادە و جوڵە.

گەر دەست بەو ڕایانەوە بگرین، ئەوا پێویستە لەسەرمان پرسیاریان لێ بکەین لەبارەی سەرچاوەی ئەو جوڵەیەی کە پاڵ بەمادەوە دەنێت، ئەم پرسیارەش بەلکێشمان دەکات بۆ بڕوابوون بەهێزێکی نادیار کە مادە دەجوڵێنێت لەدەرەوەی مادەوە، وەك چۆن

مرۆڤ مەکینەیەك دەبزوێنێت، ئەمەش دیارە کە یەکێکە لە خەسڵەتە تایبەتمەند و جیاکەرەوەکانی فیکری میتافیزیکی...[10]

لێکۆڵینەوە ناوکییەکانی ئەم دواییە، بێئاتاجیان کردوین لە هەر ڕاڤەیەکی میکانیکی گەردوون... لەو لێکۆڵینەوانەوە ڕون بۆتەوە کە هیچ جیاوازی و لێك جودابوون و تایبەتمەندی نیە لەنێوان مادە و جوڵەدا... تەنانەت ئەو قسەیەش ڕاستە کە بێژین: (مادە و جوڵە) دوو ڕواڵەتی یەك ڕاستین.. مادە جوڵەیە و جوڵەش مادەیە... یاخود بەدەربڕینێکیتر: هەر دوکیان وزەیەکی (کارەبایی ـ موگناتیسی)ن و بەدوو ڕواڵەتی جیاوازەوە بەرهەستە سنوردارەکانمان دەکەون.

بۆشاییە قەشەنگەکەمان:

ئەم تێگەشتنە نوێیەی مادە، وامان لێدەکات بەجۆرێکیتر لەمادە تێبگەین، جیاواز لە تێگەشتنی قەیمیەکان.. وەك لەپێشەوە ئامازەمان پێدا، ئەمڕۆکە زانایان وای دادەنێن و بەگریمانی دەزانن، کەژمارەیەکی بێشومار شەپۆلی کارۆ موگناتیسی لەگەردونددا هەیە و پێکدا دەدەن و کار لێك دەکەن لەئاسمانەکەماندا بێئەوەی ئێمە هیچیان لە بارەوە بزانین... گەر ئەو هەستەمان ببوایە کە هەموو شەپۆلەکانی فەزامان هەست پێ بکردایە، ئەوا بێهۆش دەکەوتین بەهۆی ئەو ملیۆنەها ڕەنگ و وێنە و شتە هەمەڕەنگانەی لەفەزا دا هەن.

زانای فیزیایی بەناوبانگ (روبرت دنکان) دەڵێت: شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکان بەبێپچڕان لەهەموو مادەیەکی (بونەوە) دەردەچن و خۆیان دەکێشن بەمادەکانی دەوروبەری دا و کاریان لێ دەکەن..[11]

ئەمەش یانی مرۆڤ کە لەم گەردونە دا دەژی وەك ئەوە وایە (لە گوێی گا دا نوستبێ ـ دەربڕینی وەرگێڕ) وەك خەڵکە ڕەشۆکیەکە وا دەڵێت... ئەوەتا بەبێ ئاگایی بەڕێ دا دەڕوات و نازانێت دونیا لەدەوروبەری دا لەهەجەنجاڵیەکی سەخت دایە... نەك هەر ئەوەندە بگرە شانازی بەهەستەکانیەوە دەکات و متمانەی پێیان هەیە، لەکاتێکدا هەستەکانی بڕێکی کەم نەبێت هیچی دیکەی لەگەردون بێئاشنا ناکەن.. لەوانەیە

خێری تێدا بێت کە هەستەکانی بەو ئەندازەیە سنوردارن، چونکە ئەگەر مرۆڤ پەیی بەهەموو ئەو دیاردە ترسناکانەی دەوروبەری ببردایە، ڕەنگە هەموو دنیا بگۆڕایە بە(شێتخانەیەکی گەورە)!!

هەندێ لەزانایان:

ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە مادە، پاڵی بەهەندێ لە زانایانەوە ناوە تاکو بڕیار لەسەر پوچەڵی فەلسەفەی مادیەت بدەن... سێ کەس لەو زانایانە ناوبانگیان پەیدا کردوە کە بریتین لە (ئارسەر ئەدنکتۆن) و (جیمس جینز) و فیزیاناسی میسری (دکتۆر محمد مستەفا مشرفە).

بەڕای ئەم زانایانە مادە لەگەردوندا بوونێکی دان پێدانراوی نیە، بەڵکو وزە جێگەی مادەی گرتۆتەوە.. ئنجا کاتێ زانست دەستەوسان بێ لە پەی بردن بەگوتهی ئەنەرژی، ئەوا پێویستە لەسەرمان دەرگاکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵین تاکو بەڕێگەیەکی‌تری جیاواز لە ڕێگەی زانستی بەو مەعریفەیە بگەین.[12]

لەڕاستی دا، ئەم ڕایە دروستە، ئەگەر مادیەتی سەدەی نۆزدەهەم لەبەر چاو بگرین، ئەخاسمە ئەو مادیەتەی کە (بخنر) و دەوروبەرەکەی بانگەشەیان بۆ دەکرد... ئەو مادیەتە لەم سەدەیە دا پوچەڵ بۆتەوە، چونکە لەبنەڕەتەوە مادیەتێکی سادە و ساکارە و هیچ جیاوازی نیە لەمادیەتی هەر پیاوێکی سەر شەقام، کاتێ سەیری کەل و پەلی ناوماڵ و شمەکی نێو دوکانەکەی دەکات... وەلێ مادیەتی سەدەی بیستەم لەجۆرێکی دیکەیە.

مادیەت لەم سەدەیە دا گوێ نادات بە وەی گەردون لە وزە پێك هاتوە یاخود لەشتی تر.. بەڵکو هزری کراوەیە بۆ هەر ڕایەکی نوێ کە زانست بیهێنێتە کایەوە، ئینجا کەمتەرخەمیش ناکات لەوەی ڕوپەکی تازە بۆ خۆی هەڵبژێرێت لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی زانستی مەزن دا.[13]

هەموو ئەوەی مادیەتی نوێ لە (توێژەر)ی دەوێت، ئەوەیە بابەتی بێت لە بیرکردنەوەی دا و ئەزمونی زانستی بۆ هەر کوێ‌ی برد بەرەو ئەوێ بڕوات، و دەمارگیر

نەبێت بۆ هیچ بیرۆکەیەکی پێشوەخت یان تیۆرێك هەر چەندە لە خودی خۆی دا تیۆرێکی جوانیش بێت.. لێرەوە ئەو قسەیە ڕاست دەردەچێ کە دەڵێت: مادیەتی نوێ، هیچ نیە جگە لەهەستی بابەتی بوون لە توێژەردا... تەنانەت ڕەنگە بگونجێت (مادیەت) و (بابەتی بوون) هەر یەك بخەینە جێگەی ئەویتر بەبێ جیاوازی، چونکە دوو زاراوەی هاو واتان و یەك مانایان لێ دەفامرێتەوە.

پوختە و کاکڵەی مەبەست ئەوەیە: مادیەت لەسەدەی بیستەمدا لەوە دەرچوو کە فەلسەفەیەکی سەقامگیربێت، بەڵکو بویە ڕێبازێکی زانستی... لەبەر ئەوەش بڕیار و حوکمەکانی لە بویەری دەرەکیەوە وەردەگرێت نەك لەو پێودانگە هزریانەوە کە ئەقڵ خوی پێیانەوە گرتووە.

گەڕانەوەیەك بۆ نەخۆشینی منداڵێتی:

لەوانەیە لێرەدا گونجاو بێت، کەجارێکیتر بگەڕێمەوە بۆ ختوکەدانی ئەو کەسانەی پێشتر بەوە پێناسم کردن کە دووچاری نەخۆشینی منداڵێتی بوون... ئەوان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە (مادیین) یاخود بابەتین لە بیرکردنەوەیاندا، لەکاتێکدا هیچ لەمادیەت نازانن جگە لەو وێنە سادە و گەمژانەی کە لەماوەیەکی دووری ڕابردووەوە پێی ڕاهاتوون.

کاتێ پەرتوکی (خوراق اللاشعور)م لەساڵی (١٩٥٢)دا بڵاو کردەوە، مادی بوونی ئەو جۆرە کەسانەم تاقی کردەوە.. من لەدانانی ئەو پەرتوکە دا بەبێ توانای خۆم پێداگر بووم لەسەر پەیڕەو کردنی ڕێباز و ڕێچکەی زانستی... کەچی ئەو جۆرە کەسانە قوت بونەوە و گاڵتەیان پێ دەکرد و نکوڵیان لەو شتانە دەکرد کە تێیدا هاتبوو، بەبیانووی ئەوەی ئەو شتانە ئەقڵ ڕەت دەکەنەوە و پێچەوانەی چەمکە مادیەکانیشن.

جارێکیان لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەدا کەوتمە گفت و گۆ، ئەو کەسەش ئێستاکە شەمچەیەکە لەشەمچە کانی فیکر لەعێراق دا، وتوێژەکەمان لەسەر ئەو هەست کردنە ناناسایيە بوو کە توێژەران لەهەندێ کەسدا دۆزیویانەتەوە... برادەرەکەمان گوتی: ئەمە یەکێکە لەو شتە نەستەمانەی کە ئەقڵ قبوڵی ناکات.. لەوکاتە دا بەردێکی بچکۆڵەم

لەسەر زەوی هەڵگرت و گوتم: ئەقڵ چۆن قبوڵی ئەوە دەکات کە بەردێکی ئاوها، وزەیەکی وا گەورەی تێدا بێت کە توانای هەبێ کەشتیەکی گەورە چەند جارێک بەدەوری زەوی دات بیزوێنێت؟

لەوانەیە زیادەڕەویم نەکردبێ ئەگەر بڵێم :هەندێك لە فێرخوازانمان وەکو (شەمەندەفەر) وان لەبیرکردنەوەیاندا ناتوانن لەو سکەیە دەربچن کە لەبەر دەمیاندا دانراوە... هەندێ چەمکی زانستییان لە رۆژگارەکانی قوتابێتییاندا لەبەر کردوە، ئیدی وا گومان دەبەن کە هەموو نهێنی گەردونیان لەبەر دەستە.. نازانن چەمکە زانستییەکان رۆژ بەرۆژ لەپێشکەوتنی یەکبینەدان.

پاساوی قەڵاچۆکردنی ئەفسانە :

جۆرێکیتری خوێندەوارەکانمان دژایەتی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە لەپەرتووکی (خوراق اللاشعور) دا هێناومن، پاساوی ئەوەش دێننەوە گوایە ئەو بیرۆکانە خورافە و (ئەفسانەگەرێتی) لەنێو خەڵك دا بڵاو دەکەنەوە و یارمەتی دەری بڵاوبونەوەی بیرۆکەگەلی (غەیبی)ش لەنێو خەڵکیدا.

لەڕاستی دا من ناکۆك نیم لەگەڵ ئەو کەسانەدا لەسەر پێویست بوونی قەڵاچۆکردنی ئەفسانە و بیرۆکە غەیبییەکان، بەڵام ئەو پرسیارەی لەم ڕووەوە بەخەیاڵمدا دێت ئەمەیە: ئایا ڕاستە ئێمە لەمەسەلەی قەڵاچۆکردنی ئەفسانەدا بەڕادەیەك توندڕەو بین ڕەوتی زانست و لێکۆڵینەوە بابەتیەکان بخەینە بەر لەمپەر؟ بەدەربڕینێکیتر: ئایا ڕەوایە دەرگای زانیاری دابخەین لەهەر گرفتێ کە لێکچوونێکی هەیە لەگەڵ ئەو ئەفسانانەدا کە لەکۆن دا لەنێو خەڵکی دا باو بوون؟!

بەڕای من، ئەوانەی دژایەتی لێکۆڵینەوە لە دیاردە نائاساییە دەرونیەکان دەکەن، بەپاساوی قەڵاچۆکردنی ئەفسانە، ئەوانە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ هانی ئەفسانە دەدەن و پشتگیری لێ دەکەن... گریمان ئێمە چوینە سەر ڕاکەی ئەوان و هەر کەس هەوڵی دا لەو ڕووەوە لێکۆڵینەوە بکات بە ئەفسانەگەرمان دایە قەڵەم، ئەو کاتە ئەنجام چی دەبێت؟!

بۆ نموونە، وا دەبێ یەکێك لەئێمە کارێك لەخەواندنی موگناتیسی دەبینێ و سەری لێ سوور دەمێنێ و سەرسامیەکی زۆر دای دەگرێت. ئەو دەیەوێت لێکدانەوەیەك بکات بۆ ئەو دیاردەیەی کە بەچاوی خۆی دیویەتی. جا ئەگەر ئێمە لێکدانەوەیەکی بابەتی پێنەدەین، ئەو ناچار دەبێ لەخۆیەوە لێکدانەوەیەك دروست بکات، لەوانەشە لەپێناوی ئەو لێکدانەوەیەدا پەنا بەرێتە بەر بیرۆکە غەیبیە کۆنەکان یاخود باوەڕکردن بە (جادوو) و رۆحەکان... بەمەش دەروازەکانی ئەفسانەی لەبەر دەستدا والا دەبێت و بەو هۆیەشەوە لە چەمکەکانی شارستانێتی نوێ دوور دەکەوێتەوە.

بەڵای رۆژهەڵات:

لەدێرزەمانەوە رۆژهەڵات ئالودە بووە بە بەڵای جادووگەر و ئەستێرە ناس و چاوبەست گەرانەوە و، ئەم ئالودە بونەش تا ئێستاکە بەردەوامە... هەر کەس ئەمرۆ بە کۆڵانەکانی (بەغداد) دا بڕوات، لەم گۆشە یاخود لەو گۆشە دا ئەستێرەناس (بەخت گرەوە ـ وەرگێڕی کوردی) دەبینێ لەبەر دەستی خۆی دا تەلیسم و نوشتەی جۆراوجۆری داناوە، هەزارەکانیش دادەبارن بەسەری دا و پرسیاری لێ دەکەن بەختی چروکیان لەم دنیایە دا بۆ چ لایەك چوە، داوای لێدەکەن فریایان بکەوێ بەهەندێ پارەتی لەجنۆکەوە. مەسەلەکەش تەنها لەسەر هەژارەکاندا کورت هەڵناهێنرێ، بەڵکو میر و دەوڵەمەندانێکی زۆر هەن، پەنا دەبەنە بەر جادوباز و ئەستێرەناسەکان و بڕواش بەقسەکانیان دەکەن... ئەستێرەناسەکانیش جاری وا هەیە هەندێ دیاردەی نائاسایی نیشان دەدەن، بەهۆی ئەوەی هەندێ بەهرەی تەنویمی یاخود بەهرەی دیکەیان هەیە... بەو جۆرەش هەواڵیان بەناو خەڵکی دا بڵاو دەبێتەوە و لەگەڵ هەواڵەکەش دا ئەفسانە بڵاوە دەکات. ئاواش پارە و پوڵ و کۆششێکی مرۆیی زۆر و زەوەند بەفیرۆ دەڕوات، لەو کاتەشدا دوور نیە قوربانیەکی زۆریشی لێ نەکەوێتەوە.

ئەوە سودی نیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قەڵاچۆی ئەو ئەستێرەناسانە بکرێ.. چونکە گەر لێرە قەڵاچۆیان بکەین لەو لا دەردەکەون.. بەڕاستی بازاڕێکی گەرم و بەرەواجیان هەیە لەنێو خەڵکی دا. ئێمەش هیچ کاریگەریەك لەسەر خەڵکی دانانێین

کاتێ ئامۆژگاریان دەکەین بەوەی (ژیر) بن و هەموو ئەو پڕوپاگەندانە بەدرۆ بخەنەوە کە ئەستێرەناسەکان باسی دەکەن... کە ئەو ئامۆژگاریەمان کردن، خەڵکی لەوەڵامماندا دەڵێن: "گوایە خۆشیان (ژیرن) و بەچاوی خۆشیان دیاردەی سەیریان لەئەستێرە گرتنەوە دیوە"!!.

بڕوام وایە، باشترین چارەسەر بۆ چارەکردنی ئەم دەردە کۆمەڵایەتیە، بریتیە لەوەی بیرۆکەی زانستی لەنێوخەڵکی دا بڵاو بکەینەوە، و بەو هۆیەوە هەوڵ بدەین ئەو دیاردە نائاساییانە لێك بدەینەوە کە ئەستێرەناسەکان پیشانی دەدەن، لێکدانەوەیەکی بابەتیانە.

چونکە هەندێ جار دیاردە نائاساییەکان، ڕاستەقینەن و، ئیتر لەو کاتەشدا ئەوە سودی نیە وەکو (وشترمر) سەری خۆمان بکەین بەژێر خۆڵدا... ئەوەتا (وشترمر) کاتێ ڕاوچی دەبینێ سەری خۆی لە نێو خۆڵدا بزر دەکات، ئەم ڕاوچیەکە نابینێ، بۆیە وا گومان دەبات ڕاوچیەکەش ئەم نابینێ (دەربڕینی وەرگێڕ).

لەخوارەوە بەدەق، قسەی یەکێك لەو عێراقیانە دەگوازمەوە کەلەساڵی ١٩٥٧ دا سەردانی وڵاتی (چینی میللی)ی کردوە، و ئاوها بۆمان دەگێڕێتەوە: "سەیرترین شتێ کە لە (کانتۆن) بینیمان ئەوە بوو کە ئاپۆرەی خەڵکی لەدەوری چەند جادوبازێك کۆببونەوە، واتە ئەو کەسانەی کە یاری (سوکە بزاوت) دەکەن، لەنێو یەکێك لەو کۆمەڵانە دا ڕاوەستاوین، بینیمان، کابرای جادوباز و هاوکارەکانی دەستەسڕێك دەدڕێنن و دواتر لەگیرفانی کەسێکیتر دا دەری دێننەوە، هێلکەیەك دەشکێنن و ئنجا چاکی دەکەنەوە.. تا کۆتایی ئەو یاریانەی کە بەلگەن لەسەر بەهرەداریەکی باڵای چینیەکان... ئێمە سەرمان لەم نمایشە سوڕما... ئایا چۆن حکومەتی میللی ئەو یاریانە یاساغ ناکات؟ ئەم پرسیارەمان لەخۆمان دەکرد... هیچ وەڵامێکی ماقوڵی ئەو پرسیارەمان چنگ نەکەوت، تاکو سەردانی شاری (شەنگهای)مان کرد، لەوێ زانیمان کە خەواندنی موگناتیسی و یاریەکانی (سوکەبزاوت) لەو بابەتانەن کە لەگەڵ مۆزیك و سەما و نواندن و شتی دیکە دا بەمنداڵان دەخوێندرێن... ئەو کاتە لەنهێنی خوێندنی ئەو بابەتە بەمنداڵ تێگەشتین... ئەوان بۆیە ئەو بابەتە بەمنداڵ دەخوێنن، تاکو

منداڵان بەخۆیان تێبگەن کە ئەو دیاردە نائاساییانە پەیوەندیان بە (سوکەبزاوت)ەوە هەیە و هیچ فاکتەرێکی دەرەکی تیای دا ڕۆڵی نیە، نەرۆحەکان و نە شەیاتینەکان.... بەو جۆرە بڕوا بوون بەو مەسەلانە لەڕەگ و ڕیشەوە لەهزری منداڵاندا دەردەهێنن". [١٩]

پەراوێزەكانی پاشكۆی دووەم:

١. بنواڕە: العلامة الحلي، كشف الحق و نهج الصدق، ل ٥ ـ ٦.

٢. پیاوێكی گەورە، لەپیاوە ئاینیەكان دەناسم كە لەبەغداد دەژیا، چەند ساڵێكە كۆچی دوایی كردوە.. ئەو پیاوە تاكو كۆتا رۆژی تەمەنی، بڕوای وابوو كە هەرگیز ناگونجێت زەوی خڕ بێت، هەمیشە دەیگوت: خەڵكینە چۆن دەبێ نكولی لە شتێ بكەین كە بەر هەستە... ئەی خەڵكینە؟!

٣. بنواڕە: حافظ وهبە، جزيرة العرب فی القرن العشرين، ل ٢٧٠ ـ ٢٧٣.

٤. ئەمەوێ ئەم هەلە بقۆزمەوە و بڵێم، من پێم باشە لە بریتی وشەی (تلفزیون) وشەی (تلفاز) بەكار بهێنرێت، چونكە ئەوی یەكەمیان قورسە لەسەر زمانی عەرەبی... لەڕویەكی تریشەوە، دەتوانین لەوی دووەمیان چاوگ و فرمان دروست بكەین، بۆ نمونە بڵێین (تلفز يتلفز تلفزە) جا ئایا ڕاوبۆچونی برادەرە نەحویەكانمان لەم بارەوە چیە؟ فتوامان بۆ بدەن پاداشتتان ون نابێ!

٥. بنواڕە: Tyrrell, Personality of man, P 266

٦. بنواڕە: آغا خان، مذكرات آخاغان، ل ٢٦، ١٠٦.

٧. بنواڕە: عبدالحميد محمد امين، الطاقة الذرية، ل١١.

٨. بنواڕە: Rhine, Reach of Mind, p 58

٩. بنواڕە: Jeans, Mysterious Universe, P93

١٠. بنواڕە: بوليتزير، المادية و المثالية في الفلسفة، ل٣٨.

١١. بنواڕە: سيتل، الحاسة السادسة، ل١٤.

١٢. بنواڕە: محمد مصطفى مشرفة، النظرية النسبية الخاصة، ل ٥٠ ـ ٥١.

١٣. بنواڕە: بوليتزير، المادية و المثالية في الفلسفة، ل٤٤.

١٤. بنواڕە: حميد حمدي، عراقي في الصين الشعبية، ل ٢٠ ـ ٢١.

پاشکۆی سێیەم:

هەستی شەشەم

دیاردە نامۆکانی ئاژەڵ:

لێکۆڵەرەوان ،تێبینی کۆمەڵێ دیاردەی زۆر نامۆ وسەیریان لەجیهانی ئاژەڵاندا کردووە،کەناکرێت بەپێنج هەستە ناسراوەکە لێك بدرێنەوە.... بۆنمونە (کۆتری نامەبەر)وەربگرە... وا زانراوە ئەم کۆترە گەر بخرێتە نێوسندوقێکی داخراو وماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لەشاخ وداخ ودەریا دوور بخرێتەوە، کەبەر درا، دەگەڕێتەوە شوێنی یەکەم جاری.

زاناکان لەسەدەی ڕابردوودا ئەو توانایەی کۆتریان بەوە لێك دەدایەوە گوایە "غەریزە" یە .. وەلێ ئەم لێکدانەوەیە ئەمڕۆکە جێگەی قبوڵ نیە ، چونکە دروست لەوە دەچێ کە یەکێ بەشتێ نادیار ، شتێکی نادیاری دیکە لێك بداتەوە... جا ئەگەر "غەریزە" نهێنی ئەو توانا نائاساییەبێت ، ئەی نهێنی خودی "غەریزە" چی یە؟

*** *** ***

شتێکی دیکە کەپەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە ، ئەو ڕووداوەیە کەبەسەر یەکێك لەزانایانی {مێروناس} دا هاتوە. ئەم زانایە ڕۆژێك (گەرا. سەرە مێکوتەی جۆرە زیندەوەرێکی دۆزیوەتەوە) هەڵی گرت وبریەوە بۆماڵەوە و لە نێو سندوقێکی هاویشت و، سندوقەکەی لەژووری کتێبخانەکەی دا دانا... دوای ئەوە جارێکیان لەژووری نانخواردنەکەی دا دانیشتبوو،خزمەتکارەکەی هات وبەشڵەژاویەوە هەواڵی ئەوەی دایە کەژووری کتێبخانەکەی لێوان بووە لەو جۆرە مێروە گەورەیە...

کاتێ زاناکە ئەڕوات تاکو بەچاوی خۆی ڕووداوەکەببینێت ، سەیر دەکات مێروەکەی خۆی گەشتۆتە قۆناغی پێگەشتن بۆیە ژمارەیەك لەنێرەی ئەو مێروە بەدەوری سندوقەکەدا گەرد وخولیانە.. کاتێ زاناکە بینی مێروەکان لەجۆرێکی نامۆن بەو ناوچەیە، گەشتە ئەو دەرەنجامەی کەدەبێت لەجێگەیەکی زۆر دوورەوە هاتبن.

زاناكە هەموو ئەو مێروانەی كۆكردەوە كەتازەكی هاتبوون ئەو شوێنانەی بڕین كە هەستی بۆنكردنی تێدایە، دواتر هەموویانی خستە تورەكەیەكەوە و، تورەكەكەشی هەلگرت و وبریە دارستانێ كەنزیكەی دوومیل لەماڵەكەیەوە دوور بوو... كەچی سەیری كرد هێشتا چەند كاتژمێرێك بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێ نەپەڕی بوو، دووبارە مێروەكان لەژووری كتێبخانەكەدا لەدەوری مێینەكە كۆبوونەوە. [1]

ئەم ئەزموونە ، دەلالەتێكی زانستی گەورەی هەیە، ئایا چ شتێ ڕێنموونی مێروەكانی كرد بۆ شوێنی مێینەكە؟... بێگومان مێروەكان پشتیان بەهەستی (بۆنكردن) یان (بینین) نەبەستبوو، ئەی ئایا پشتیا بەستوە بەیەكێكی تر لەپێنج هەستەكان ، یاخود بەهەستی شەشەم كە ئێمە نایزانین ؟؟.

سەیرو سەمەرەی شەمشەمەكوێرە:

یەكێ ترلەودیاردەسەیرانەی سەرنجی توێژەرانی بەلای خۆی داڕاكێشاوە ئەو توانا گەورەو ناناسایەی شەمشەمەكوێرەیە بۆبینین لەتاریكیدا ...شەمشەمەكوێرە ،خەریكە بڵێین هەربەڕاستی كوێرە ،چونكە دووچاوی زۆربچكەڵەی هەیە ،هەرهورچۆنی بگری ئەودووچاوە سوود بەشەمشەمەكوێرە ناگەیەنن ...چونكە ناتوانێ لەڕووناكی ڕۆژدا هیچ شتێكیان پێ ببینێت .كەچی لەتاریكی شەودا زۆر بۆ بینین بەهێزن ئەوەتا دەتوانێ بەخێراییەكی زۆر گەورە بفڕێت بێئەوەی خۆی بكێشێت بەدیوارەكانی دەوروبەری یاخودبەپەلی درەختەكاندا .لەدوای توێژینەوەیەكی تێروتەسەل .زاناكان لەشەمشەمەكوێرەدا كۆئەندامێكی تایبەتیان دۆزیەوە كەلەهیچ ئاژەڵێكی تردا نیە .ڕوون بویەوە شەمشەمە بەو دەسگایە شتەكان نابینێت ،بەڵكو دەیان بیستێت... چونكە شەمشەمە دەنگ بە لەرەلەرێكی بەرز دەردەكات .. ئەو دەنگانەش بەر بەربەستەمادیەكانی دەورو بەری دەكەون و، بەربەستەكانیش دەنگەكە دەدەنەوە،وەك هەر دەنگێكی تر.. ئنجا شەمشەمە كوێرە ئەو دەنگە دووبارە بەدەسگا تایبەتەكەی خۆی وەردەگرێتەوە، بەو هۆیەشەوە زۆر بەوردی دەزانێت دووری بەربەستەكان لەخۆیەوە چەندە.. [2]

ئەخاسمە ئەگەر شەپۆلەکانی دەنگ بگۆڕن بە شەپۆلی بێ تەل. بۆیە لەکۆتاییدا زاناکان ئەوەی ویستیان دەستگیریان بوو ، بەوەش ئاژێر هاتەکایەوە!.

ئێمەدەزانین شەپۆلەکانی دەنگ، دووریەکی کورت وخێراییەکی زۆر کەمیان هەیە ، بەبەراورد لەگەڵ شەپۆلەکانی بێ تەل دا کەلەجۆری شەپۆلەکانی (کارۆموگناتیسی)یە.... جاکەواتە ئایا ئەگونجێت بۆ ئێمە، گریمانی ئەوە دابنێین کەسروشت دەستەو سانە لەبەرهەمهێنانی دەسگایە لەهەندی گیانەوەردا کەشەپۆل(کارۆ موگناتیسی) بەکاربێنێ ، وەك چۆن لەشەمشەمەدادەسگایەکی دروست کردووە کەشەپۆلەکانی دەنگ بەکاردێنێ؟.

ئەوەڕاست نیە کەئێمە دەمارگیر بین بۆ پێنج هەستەکانمان ، بەجۆرێك بڕوای تەواومان هەبێت بەوەی (خودا) جگە لەوپێنج هەستە ، هەستی دیکەی وەدی نەهێناوە لەگیانداران یاخود لەمرۆڤدا.. چونکە بەو دەمارگیریە هیچ جیاواز نابین لەو(کرم)ەی ، کەهەستی بینینی نیە و واش گومان دەبات ئەو هەستە لەهیچکام لە زیندەوەراندا بوونی نیە.

هەواڵێکی گرنگ:

بەم دواییانە یەکێك لەگۆڤارە ئەمریکیەکان هەواڵێکی بڵاوکردەوە، بەڕای من گرنگی یەکی زۆری هەیەی بۆ ئەم بابەتەی کەباسی دەکەین . گۆڤارەکە دەڵێت:{ کۆمەڵەی کۆتری نامەبەر لەئەمریکا} لەم دواییانەدا (١٧٠٠) هەزارو حەوت سەد کۆتری هەڵدا ، بەڵام تەنها (٤٠) چل کۆتریان گەڕانەوە بۆ شوێنی دیاری کراوی خۆیان .. ئەمەش کاتێ بوو کەحکومەتی ئەمریکا خەریکی تاقی کردنەوەی ئەتۆمی نوێ بوو لەبیابانی (نیڤادا) ی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ... یەکێك لە خاوەن کۆترەکان بەم بۆنەیەوە گوتی : ڕەنگە کۆترەکان بەچوار چێوەی تیشکە ئەتۆمیەکاندا ڕۆشتبن و ئەمەش وایکردبێ (غەریزەی گەڕانەوە) یان بزر کردبێ... [٢]

ئەگەر ئەم هەواڵەڕاست بێ . ئەوا دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە(کۆتری نامەبەر) لەنێو دەماخی دا ئەندامێکی هەیە دەتوانێت ئەو

شەپۆلە(كارۆموگناتیسی)یانە وەربگرێتەوە كەلەو جێگە یەوە ئاراستەی دەكرێت كەتیای دا پێگەشتووە·· بۆیە كاتێ دەگەڕێتەوە ئەو جێگەیە، ئەوا بەشێوەیەك لەشێوەكان رێنمونی لەو شەپۆلانەوە وەردەگرێت ·

وادیارە تەقینەوە ئەتۆمیەكان، كۆتردەشڵەژێنن و رێگیری‌دەكەن لەوەی ئەوشەپۆلەتایبەتیانە وەربگرێت كەلەگەڕانەوەدا پشتی پێ دەبەستێ..هەر ئەمەش وایكردووە ،دەستەوسانبێت لە رێنمونی‌وەرگرتن بۆگەڕانەوە بۆشوێنی یەكەمینی . وەك بینیمان ..بەهەرحاڵ ،ئەمەگریمانێكە ونازانین چەندە لەگەڵ بوبەر دا دەچەسپێت ،وەڵ دەتوانین پشتی پێ ببەستین ،مادەم بەڵگەیەنەبێ پێچەوانەی بێت·· هەموو گریمانە زانستی یەكانیش ، بەڕاست سەیر دەكرێن تاكو لەبەرانبەریاندا بەڵگەی پێچەوانەیان پەیدا دەبێت ··

بۆچونی سینڵ:

لەبەشێكی ڕابردووی ئەم پەڕاوەدا باسمان لە مامۆستا(سینڵ) و هەندێ لەڕاو بۆ چونەكانی كردووە·· بۆیە خراپ نیە لێرەشدا هەندێ لەو بۆچونانەی باس بكەین كەپەیوەندیان بەهەستی شەشەمەوە هەیە ·

(سینڵ) بڕوای وایە ،مادەم گەردوون پڕو بارگاویە بەشەپۆلی (كارۆ موگناتیسی) هەمەجۆر ، ئەوا ناڕەحەت نیە ، گریمانی بوونی دەسگایەك لەمێشكی ئاژەڵدا بكەین كەلەڕووی ئەرك و فرمانەكانیەوە لەئامێری ڕادیۆ بچێت وتوانای ئەوەی هەبێت هەندێ شەپۆلی پێ وەر بگرێت.

(سینڵ) سەرنجی خۆی جڕدەكاتەوە لەسەر ئەو (نیتكە) بچكۆلەیەی كەلە دەماخی ئاژەڵدا هەیە وزانایان ناویان ناوە(تەنۆلكەی سنەو بەری)··· ئەو تەنۆلكە بچكۆلەیە تائێستاكە زانایان هیچ فەرمانێكیان بۆی نەدیتوە··· سینڵ بڕوای وایە ئەو تەنۆلكەیە دەسگای هەستی شەشەمە لەزیندەوەراندا·

ئنجا ئەو شێوەیەی كە(تەنۆلكەی سنەوبەری) بەهۆیەوە دەتوانێت جۆرە شەپۆلێكی دیاریكراو وەربگرێت · بەجۆرێكە كەئەو ئەندامە ، خانەكانی خۆی كەتایبەتن بۆ ئەم

مەبەستە ، دەخاتە بارێکەوە کەلەڕووی لەرەلەرەوە گونجاوبێت لەگەڵ لەرەلەرە خوازراوەکەدا... بەوجۆرەش خۆی دەساچێنێ لەگەڵ ئەو شەپۆلانەدا ، وەك چۆن ئامێری ڕادیۆ خۆی دەساچێنێ لەگەڵ یەکێك لەوێستگەکاندا.(٤)

دەماخی ئادەمیزاد:

ئەوەسەلێنراوە کە(تەنۆلکەی سنەوبەری) لەدەماخی مرۆڤیش دا هەیە، بەڵام زۆر بچوکە... لەمێرینەی مرۆڤدا بچوکترە وەك لە مێینە. هەروەها لەمرۆڤی پێگەیشتوودا بچکۆلەترە وەك لە منداڵدا.

(سینڵ) دەڵێت: مێشکی مرۆڤ تەرخانکراوە بۆ بیر کردنەوە، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی تەنۆلکەی سنەوبەری فەرامۆش کردووە. ئەمەش یانی مرۆڤ وارا هاتووە خۆی سەرقاڵ بکات بە گرفتەکانی ڕۆژانەیەوە وبیریان لێ بکاتەوە ونەخشەیان بۆ دابڕێژێ و سێ و دوویان بکات (دەربڕینی وەرگێڕ) ... ئیدی بوارێك بەدی ناکات تاکو لێیەوە گوێ بگرێت بۆ ئاماژەکانی (هەستی شەشەم) کەتەنۆلکەی سنەوبەری هەستی پێ دەکات .

وەلێ ئاژەڵ لەم ڕووەوە جیاوازە لەمرۆڤ .. ئاژەڵ نەئەزانێت بیر کردنەوە چییە و نە خۆیشی پێوە سەرقاڵ ئەکات ، بەوپێ یەش دەتوانێت هەستی شەشەمی بەکاربێنێت ، وڕاستەوخۆ پەی بە پێداویستی یەکانی ژیانی خۆی بەرێت بەبێ دوودڵی. لە بەر ئەوەشە دەبینین تەنۆلکەی سنەوبەری لەئاژەڵدا گەورەترە وەك لە مرۆڤدا.. تاچەندە ئاژەڵەکە لەپلەکانی پێشکەوتندا خاوتر بێت ، ئەوەندەش قەبارەی تەنۆلکەی سنەوبەری تیایدا گەورەتر دەبێت .ئەمەش بەوما نایەنایەت کە(هەستی شەشەم)هیچ ئاسەوارێکی لەمرۆڤ دانیە.لەڕستیدا هەندێ جاری واهەیە سەرباری ئەوەی کەزۆر لاوازە .بەڵام کاردەکا تە سەرمرۆڤ ..ئێمەهەندێکمان لەودیاردەسەیرانە ئاماژە پێدا لەبەشەکانی ڕابردودا،کا تێ با سمان لەهەواڵدانەکانی خەون ودیاردە نا ئاسا ییەکانی خەواندن کرد...بینیمان چۆن ئەو هەستە لەمرۆڤ دابەدەوردەکەوێ ،لەوکاتانەدا کە(ئاوەزی وشیار)بێئاگادەبێت وبەویست خامۆش وکپ دەبێت .

وادیارە پێچەوانە بونەوەیەك هەیەلەنێوان هێزی بیرکردنەوەو هێزی (هەستی شەشەم) لەمرۆڤ دا، ٠ ٠ئەوەتا چەندە بیرکردنەوە توند ترو سەخت تربێت ، ئەوەندە ئامادەگی ئەو بۆ کاریگەر بوون بە ئاماژەکانی ئەو هەستە کەمتر دەبێت٠٠ ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ ، ژن گومانڕەواتربێ لەپیاو لەهەندی لەو مەسەلانەدا کەپێویستیان بەبیرکردنەوە نیە٠٠٠ ژن لەبەر ئەوەی زۆر لەماڵەوە دەمێنێتەوە وکەمتر پەیوەستە بەگرفتەکانی ژیانەوە، وای لێهاتووە زیاتر پشت بە هەستی شەشەمی دەبەستێ وەك لەپیاو ٠ [٥]

بەڕای (سینێ) هەستی شەشەم کاریگەریەکی ئاشکرای لەژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا هەیەئەوانەی ئێستاش لەسەر سروشتی زگماکی دەژین ٠٠ ئەوانە ڕانەهاتوون لەسەر بیرکردنەوەی چڕ بەوجۆرەی شارستانیەکان لەسەری ڕاهاتوون، لەبەر ئەوەش لەبرا شارستانیەکانیان بەتوانا ترن لەوەبەر هێنانی هەستی شەشەم دا ٠

نمونە گەلێ ڕیز پەڕی مرۆیی؛

هەرچۆن بێ، هەنێ جار لەنێو شارستانیەکانیش دا ، کەسانێك دەردەکەون کەهەستی شەشەمیان بەهێزە ، و دەشتوانن بەجۆرێك ئەو هەستەیان وەبەرهەم بێنن کەجێ ی سەرسوڕمانە٠ یەکێك لەوانە پیاوێ بوو کەلەسەدەی (هەژدە) دا دەژیا، ناوی (سویدنبرگ) بوو، ئەم پیاوە بەهەستی شەشەمی ناوبانگێکی زۆر بەر فراوانی بەدەست هێنا بوو ٠٠ شیاوی باسە ئەو پیاوەلەشاری (گۆتەنبەرگ) دەژیا ، هەمان ئەو شارەی کەفەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی (کانت) ی لێ دەژیا٠٠ ئەو بوارە ڕەخسا بۆ (کانت) تاکو لەوپیاوە بکۆڵێتەوە و هەندێ لەکردەوە نائاساییەکانی ئەو پیاوە لە یەکێك لەپەرتوکەکانیدا تۆمار بکات ٠

(کانت) دەڵێت: {"سویدنبرگ" ڕۆژێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەو ڕوخساری ترسی لێ نیشتووە ٠٠ لەوێ وە ڕای گەیاند کەئاگرێکی گەورە لە "ستۆکهۆڵم" کەوتۆتەوە وخەریکە ماڵەکەی ئەمیش دەسوتێنێ لەو شارەدا، سویدنبرگ لەشاری ستۆکهۆڵم خانوویەکی دەبێت ، پاش ماوەیەکی کەم سویدنبرگ

ڕایگەیاند کەخانوەکەی بێ وەی بووە و ئاگرەکەش چەند مەترێ لەدووری ماڵەکەی ئەمەوە کوژێنراوەتەوە. ئەم هەواڵدانەی "سویدنبرگ" بوویە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکی شاری "گۆتەنبەرگ" ، چونکە "ستۆکهۆڵم" نزیکەی سێ سەد میل لەو شارەوە دوورە ، لەو ڕۆژگاردشدا هۆکارێ نەبوو بۆ گواستنەوەی هەواڵ لەنێوان ئەو دووشارەدا ، جگە لەوەی کەرێبوار و(ساعی یەکان) دەیان هێنا}..

جا کەوایە چی وای کرد لە"سویدنبرگ" کەهەواڵی کەوتنەوەی ئاگرەکە بزانێت ، لەکاتێکدا ئەو ماوە زۆرە لەو شارەوە دوور بووە ؟ .تۆ بڵێی لەسەریدا ئامێری تەلەفزیۆنی هەبووبێ ؟.

(کانت) دەڵێت: {دەستەڵاتداری شاری "گۆتەنبەرگ" کەهەواڵەکەی بیست ناچار بوو"سویدنبرگ" بانگ بکات بۆ لێکۆڵینەوە.. کەچی پاش دوو ڕۆژ تەتەرێ لە"ستۆکهۆڵم "ەوە هات و ، ئەو هەواڵەی پشت ڕاست کردەوە کە" سویدنبرگ" ڕای گەیاندبوو، پشت ڕاست کردنەوەیەکی تەواوەتی .[6]

پیاوێکی تر:-

پیاوێکی تریش بەناوی"لدوگ کهن " ناوبانگی بەهۆی (هەستی شەشەم) پەوە پەیدا کرد.. لەساڵی (١٩٢٥ز) دا ئەم پیاوەهێنرایە (ئەنستیتۆی فەلسەفی لەپاریس) و کۆمەڵێ ئازمایشی زانستی لەسەر کرا .. یەکێك لەو کەسانەی لەتاقی کردنەوەکاندا بەشدار بوون ، زانای ناسراو " شارل ریشیە" بوو ، کەلەو کاتەدا مامۆستای "فەسلەجە" بوو لە کۆلیژی "پزیشکی" زانکۆی "پاریس" دا ... وا لەخوارەوە تێکستی گەواهی دانێکی "ریشیە" لە دوای یەکێك لەتاقی کردنەوەکان دەخەمە بەردەستی خوێنەر ...

"ریشیە" دەڵێت:{ کە ئامادەی دانیشتنە کەبووم، لەگەڵ کەسانێکی زۆری تردا لە نمایشگای فەلسەفی ، هێشتر گومانم زۆر بوو لەڕاستی بانگەشەکانی پیاوەکە . ڕەنگە ئەوەش وابکات گەواهی دانەکەم ئەرزشێکی هەبێت .. کابرا داوای لێکردم دوو ڕستە هەریەکیان لەنێو کاغەزێکدا بنوسم ، ئەوەبوو دووڕستەم نووسی ، لە کاتێکدا من لە

لایەكی نوسینگە كەمەوە بووم و ئەو لە لایەكی تردا بوو، هەریەك لەو دووكاغەزە هەشت جار نواڵەم كردن و یەكیانم خستە نێو مشتی ڕاستمەوە و ئەوی دیكەیانم خستە نێو مشتی چەپمەوە ·· ڕێگەم نەدا كابراكە دەستیشی لێ بدات ·· كەچی نیو چركە بەدوو دڵی ڕاوەستاو دواتر بە دەق پێی گوتم كەچیم لەو دوو كاغەزەدا نوسیوە!!.

ئینجا بۆ جاری دووەم تاقیم كردەوە ، ڕۆشتمە ژورێكی ترو بەتەنها لێی دانیشتم ، چوار برگە نوسینم لەسەر چوار كاغەزی جودا جودا نووسی ، یەك لەكاغەزەكانم خستەژێر پەرتوكێ و یەكێكی تریانم سوتاند و دووانەكەی تریشیان یەكێكیانم خستە نێو مشتی ڕاستم وئەوی تریانم خستە نێو مشتی چەپمەوە··· ئینجا كابرام بانگ كردوو دەست بەجێ پێی گوتم كەچیم لەسێ كاغەزەكەدا نووسی بوو ·· وەلێ نەی توانی پێم بڵێ كە چیم لە كاغەزە سوتاوەكە دا نووسی بوو ، دوای ئەوە نەبێ كەسێ چارەكی (٤\٣) ی چركەیەك وورد بیری كردەوە، دوای ئەوە بەڕاستی پێمی گووت كەلەنێو كاغەزە سوتاوەكەشدا چیم نووسی بوو}!! ·[٢]

ئاژێری مرۆیی:-

لەساڵی (١٩٥١ز) داو لەیەكێك لەگۆڤارە میسریەكاندا ڕاپۆرتێكم لەبارەی پیاوێكەوە كەناوی " توجانز" بوو ، خوێندەوە، ڕاپۆرتەكە بەوێنەش پشت ڕاست كرا بوویەوە·· ئەو پیاوەلەسەر شانۆكانی "قاهیرە" دەركەوتبوو بەجۆرێكی سەیر دەیتوانی بیرو ئەندێشەی تەماشا كەرانی بخوێنێتەوە·· گۆڤارەكە ئەو پیاوەی ناونابوو " ئاژێری مرۆیی" و دەیشی گوت ، گوایە هەستی شەشەمی هەیە ···

" توجانز " باسی ئەوە دەگێڕێتەوە كەچۆن بۆ یەكەم جار لە خۆیدا هەستی شەشەمی دۆزیوەتەوە·· دەڵێت: لەكاتی جەنگە جیهانی یەكەمدا دوو گوللە بەرسەری كەوتوون ، بەو هۆیەوە براوەتە نەخۆشخانەو نزیكەی بیست ڕۆژ بەبێ هۆشی ماوەتەوە·· كاتێكیش لەبێ هۆشیەكەی وەئاگادێتەوە، هەواڵی ئەوەی داوە كەئەو برینداەی لەتەنیشتی یەوە كەوتووەلە ماوەی دوو ڕۆژی تردا دەمرێت ·· ئەوە بوو هەر بەڕاستی پێشبینی یەكەی "توجانز" هاتە دی و ، دواتریش چەندین پێشبینی دیكەی

هاتۆتە دی ۰ ساڵی (١٩٢١) توجانز لەگەڵ هەندێ هاوڕێی دا دەچنە گوند ، وەلێ هەر ئەوەندەی بەلای کێلگەیەکی " پەمـــــوو " دا تێ پەڕین دەست بەجێ " توجانز" لەهۆش خۆی چوو ۰۰ دواتر ڕوون بوویەوە کەئەو کێلگەیە چاوگێکی کۆنی نەوت بووە۰۰ بۆ جارێکی تر" توجانز " دەچێتەوە بۆ لادێ و بەنزیک یەکێک لەکێلگە نەوتینەکاندا تێ دەپەڕێت و هەمدیسان لەهۆشی خۆی دەچێت۰۰ دوای پشکنینی لەیەکێک لە ئەنستیتۆکانی تیشک دا دەرکەوت کەتیشک دانەوەکانی جەستەی زۆر بەهێزترە لەو تیشک دانەوەی لەلەشی کەسانی ئاسایی تردەوە دەردەچێت ۰۰۰ بۆیە دەکەوێتەژێرکاریگەری شەپۆل کانزا شاردراوەکانی ژێرزەویەوە بەتایبەت شەپۆلەکانی " نەوت" ۰

تواناکانی "توجانز" تەنها لەو بوارەدا کورت هەڵناهێنرێ ، بەڵکو ئەو دەتوانێت تێبگات لەو خەیاڵ و ئەندێشانەی بەمێشکی کەسێکدا دێت کەلە نزیکیەوە بێت ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە بەزمانێکیش بدوێت کە" توجانز" لێی تێ نەگات ، هەروەها" توجانز" گەر دەست بدات لە لەشی هەر نەخۆشێکەوە دەزانێت نەخۆشینەکەی چی یە!! ، چونکە لەو کاتەدا هەست بەهەمان ئەو ئازاردەکات کەنەخۆشەکە هەستی پێ دەکات ۰ جگە لەوەش لەوانەیە نائاساترین دیاردەی " توجانز" ئەوەبێت کەدەتوانێت لە قەرەباڵغ ترین شەقامدا بەچاو بەستراوی ئۆتۆمۆبیل لێ بخوڕێت ۰۰۰ جارێکیان بەچاو بەستراوی بەشەقامەکانی شاری " جەزائیر" دا ئۆتۆمۆبیلی لێ دەخوڕی ، ئەوەبوو دوچاریبێ هۆش بوونێکی قورس هات ، بۆیە پزیشکەکان فەرمانیان پێدا کەجارێکی تر ئەو تاقی کردنەوەیە دووبارە نەکاتەوە نەکا تووشی کارەساتێ ببێ کەسەرەنجامەکەی ناخۆش بێت} ۰ [٨]

بەسەرهاتێکی هاوشێوە:-

نایشارمەوە لەخوێنەر ، کاتێ چیرۆکەکەی (توجانز) م خوێندەوە ، وام گومان دەبرد کەدروستکراوی زیادەڕەویەکانی ڕۆژنامەگەریە۰۰۰ ئێمە دەزانین کە هەندێ جار ڕۆژنامە وگۆڤارەکان زیادەڕەوی دەکەن لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا ۰۰۰۰ وەلێ بەم

دوایانە لەسەر چاوەیەکی متمانەپێ کراوەوە بەسەر هاتێکی هاوشێوەی ئەوەی (توجانز) م خوێندەوەو ، وای لێکردم کەچیرۆکی یەکەم (بەسەر هاتەکەی توجانز) بەدڵنی کەمەوە لەهەندێ ڕوپەوە وەراست بگێرم.

چیرۆکی دووەم ، کۆمەڵەی توێژینەوە دەرونیەکان لەبەریتانیا دەیگێڕێتەوە و، دوای ئەوەی لەراستی و دروستی بەسەرهاتەکە دڵنیا بووەلەنێو تۆمارەکانی خۆیدا نوسیویەتیەوە.

پوختەی چیرۆکەکەش وایە: پیاوێکی هیندی کەناوی (گودا بوکس) ە، هاتۆتە بەریتانیا وبەنێو شەقامە قەرەباڵغەکاندا بەچاو بەستراوی پاسکیلەکەی لێ دەخوڕێت... یەکێك لەپزیشکەکانی شاری (مانچستەر) ویستویەتی خۆی ئەو کابرایە تاقی بکاتەوە، هەویرێکی تایبەتی هێناوخستیە سەر چاوی ، هەویرەکە لەتوانایدا بوو بەتەواوی ڕوناکی لەچاوەکانی بەربەست بکات ، ئینجا بەپارچە پەڕۆیەکی ئەستور چاوی داپێچا، وپێی گوت : { خۆشەویستەکەم ! ئێستاکە تۆ دەتوانیت بەئارەزووی خۆت بەسەر پاسکیلەکەتەوە پیاسە بکەیت لەشەقامەکانی شارەکەتدا، بەڵام ئەگەر من لەجێ ی تۆدا بوایەم سەد جار دەسڵەمیمەوە بەر لەوەی ئەو سەرە ڕۆییە مەترسی دارە دەست پێ بکەم} !.. پیاوەکە هەستایەوە سواری پاسکیلەکەی بوو ، بەشەقامە قەرەباڵغەکاندا لێی دەخوڕی وەك ئەوەی چاوەکانی کراوە بن ، ڕێبوارەکان لەو کابرایە زۆر سەرسام بوون، ئۆتۆمۆبیلەکان یەك بەوی تریاندا دەکێشا لە بەر بەزەیی هاتنەوە یان بەوکابرایەدا کەمردنێکی ڕاستەقینە چاوەڕوانی دەکرد .. وەلێ کابراکە خۆی لەو پەڕی ڕادەی ئارامی ودڵنیایی دا بوو .

نهێنی یەکە چییە؟:

دەگونجێت ئەو توانا نائاساییەی کەلە (گودا بوکس) یان لە(توجانز) دا یان لە هەرکەسێکی تریش دا بینیمان بەوەی لێك بدەینەوە کە جۆرێکە لەهەستی شەشەم .. وەلێ ئەوەی لێکدانەوەی بەلامانەوە نارەحەتە ، ئەوەیە کە بۆچی (هەستی شەشەم) لەو کەسانەدا دەرکەوتووە و لەکەسانی تردا بەو جۆرە ڕوونە دەرنەکەوتووە ؟ .

هەندێك لەتوێژەران لەوەڵامی ئەو پرسیارە دا دەڵێن: ئەو جۆرە کەسانە ئامادەباشیەکی تایبەتیان هەیە بۆ (خەواندنی خودی) واتە دەتوانن بە خۆیان ،خۆیان بخەوێنن ، بەوەش بزاوتی بیرکردنەوەی خۆیان ڕادەوەستێنن ، ڕێگە خۆش دەکەن بۆ (هەستی شەشەم) تاکو بەبێ تەشویش کاری خۆی بکات ·· لەسەر وی ئەوەشەوە ، لەوانەیە ئەو جۆرە کەسانە پشکێکی زۆرتریان لەهەستی شەشەم بەر کەوتبێ بەبەراورد لەگەڵ کەسانی تردا·

وادەردەکەوێت مامۆستا(سینل) یش هەمان ڕێچکەی هەیە لە لێکدانەوەی ئەو مەسەلەیەدا ··· (سینل) کیژێك دەناسێت کەهەستێکی شەشەمی بەهێزی هەیەبەدرێژایی هەشت ساڵ تاقی کردنەوەی لەسەر ئەو کیژە کرد ·· (سینل) دەڵێت : جاری واهەیە کیژەکە لەسەرەتای ئەزمونەکەوە مێشکی سەرقاڵی شتێك دەبێت ، لەبەر ئەوە ناتوانێت تاقی کردنەوەکە ئەنجام بدات ··· بۆیە پێی دەڵێت : کەمێك ئارام بگرە تاکو بیرو هۆشم خاڵی دەکەمەوە ·· دوای ئەوە کەبیر وهۆشی ساف دەکات وئامادەی دەکات ، دەڵێت: ئێستاکە من ئامادەم ، ئیدی تاقی کردنەوەکە ئەنجام دەدات وسەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنێ ··· (سینل) بڕوای وایە هەندێ لەو کەسانەی بەناوبانگن بەدۆزینەوەی شتە نادیارەکان لەڕێ ی سەرنجدان لە ئاو یان گۆیەکی بلوری یان دڵۆپێ مرەکەب یان فنجانەوە··· پێی وایە ئەو کەسانە ئەو ئامرازانە بەکاردێنن بۆ ڕاوەستاندنی بزافی بیرکردنەوە لەمێشکی خۆیاندا··· بەوەش یارمەتی هەستی شەشەمی خۆیان دەدەن بۆ کارکردن ·· هەموو ئەو ئامرازانەش کۆنن ولەگەڵ سەرهەڵدانی مێژوودا یان بەر لەمێژووش سەریان هەڵداوە ، نیشانەی ئەمەش ئەوەیە کەمیسریە کۆنەکان هەموو ئەو ئامرازانەیان بەکار هێناوە ، هەر لەوەشەوە گرۆهی (بەخت گرەوەکان) سەریان هەڵدا·· جگە لەوەش ئەو بەردە پیرۆزەی کەلە زرێی قەشەکانی جولەکەدا هەبوو، بۆهەمان مەبەست بەکاریان دەهێنا، قەشەکە دوای ئەوەی سەرنجێکی زۆری لەبەردەکە دەدا ، شتی سەیری دەگووت ·· [٩]

ڕەخنەیەکی دروست:-

لەوانەیە ڕەخنەگرێك ، ڕەخنە بگرێت وبڵێت: ئەگەر ئەوە بسەلێنین کە هەندێ کەس دەتوانن لەرێی هەستی شەشەمیانەوە پەی بەدیاردە شاردراوە و نادیارە کان بەرن ، دەی کەواتە بۆچی ناتوانن بەو هەستەیان کانزا بەنرخەکانی ژێر زەوی بدۆزنەوە و بەوەش ببنە خاوەنی سامانێکی زۆر؟٠

بەڕاستی ئەم ڕەخنەیە لەجێی خۆیدایە و دروستە ٠٠٠ یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی بەریتانیاش ، کاتێ دەنگوباسی ئەوەی بیستبووکە هەندێ کەس لە بەریتانیا کرداری سەر سوڕ هێنەر ونائاسایی دەکەن ٠ ویستی بە کردەوە تەحەدای ئەو جۆرە کەسانە بکات ٠٠٠ بۆیە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردەوە ورای گەیاندبوو کەلەنێو زەرفێکدا کاغەزێکی هەزار جونەیهی داناوە ، بەڵێنی دا ئەو کاغەزە هەزار جونەیهیە دەکاتە دیاری وخەڵات بۆ هەرکەسێك بتوانێت بەهۆی هەستی شەشەمیەوە ژمارەی کاغەزەکە بزانێت، ئەم کابرایە ماوەیەکی دورو درێژ لە ڕۆژنامەکاندا ئاگاداری بڵاو کردەوە لەسەر ئەو خەڵاتە بێ ئەوەی کەسێك بێت بۆڵای وژمارەکەی بزانێت وخەڵاتەکە وەرگرێت ٠ لەئاکامدا تاقی کردنەوەکە شکستی هێنا ٠٠ نوسەرەکان لەبەریتانیادا ئەم ڕوداوەیان کردە بەڵگە بۆ بەدرۆ خستنەوەی هەستی شەشەم لەمرۆڤدا٠

مامۆستا (سینل) سەبارەت بەو مەسەلەیە ئاوادەدوێت:هیوا بوون بەدەست کەوتنی کاغەزێك کە بەهاکەی هەزار(جونەیە) بێت ، پێداگری وبیرکردنەوەی بەئەنقەست لە نێو ناخی ئەو کەسەی کە خاوەنی هەستی شەشەمە دروست دەکات ، ئەم بیرکردنەوەیەش رێ دەگرێت لەساف کردنی مێشك و دەبێتە لەمپەر لەرێی ئەوەدا کەسەکە هزری خۆی ئاراستەی دۆزینەوەی ژمارەی کاغەزەکە بکات٠٠٠ ئەمەش یانی : هەرچەندە مرۆڤ شتێکی بوێت وگەرەکی بێت بەدەستی بهێنێت ، ئەوا ناتوانێت بەرێك وپێکی هەستی شەشەمی بەکار بێنێت٠٠٠ هەستی شەشەم بەهەرجیەکی نائەنقەستەو لە ئەستەوە هەڵدەقوڵێ٠٠٠ بۆیە تاچەندە (ئاوەزی وشیار) سەرقاڵ بێت بەمەسەلەیەکەوە ، ئەوە دەبێتە بەربەست ورێ دەگرێت لەوەی ئەست کار بکات ٠٠٠

بۆیە لەوانەیە ئەو قسەیە ڕاست بێ کەدەڵێ : ویست و خواستی ئەنقەست و، نەست ، دووشتی پێچەوانەی یەکترن ، تاچەندە یەکێکیان لاوازبێت بەو ئەندازەیە ئەوی دیکەیان بەهێز دەبێت.[10]

بەهەرحاڵ ، ئەمە مەسەلەیەکە تێبینی دەکەین لەهەموو ئەو بەهرە نائەنقەستانەدا کەپەیوەستن بە نەستەوە، جیاوازی نیە لەنێوان هەستی شەشەم و شتی دیکەدا... بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ چاوت بە پیاوێکی گەورەی دەوڵەت بکەوێ ، تاچەندە پێداگربیت لەسەر ئەوەی بتوانیت کاری لێ بکەیت ، بەو ئەندازەیە هەست بەدەستەوسانی دەکەیت و بێ نومێد دەبیت .. چونکە ئەو پێدا گریەت هەموو ئەو گوتە وجمو جوڵە نائەنقەستانەت لێ بەر بەست دەکات کەلە ناختەوە هەڵدەقوڵێن ... وەلێ گەر لەسەر باری ئاساییت چاوت بەکابرا گەورە دەوڵەتیەکە بکەوێت ، بەبێ زۆر لەخۆ کردن ، ئەوا زۆر جار لەم حاڵەتەدا بەتواناتر خۆت دەبینیتەوە بۆ کار تێکردنی ، وەك لەباری پێشوو.

دەشگونجێ هەمان شت بڵێین دەربارەی ووتاربێژێ کەوتارێکی سەر پێی دەدات یاخود ، فەرماندەیەك کەروبەڕوی هەڵوێستێکی سەربازی لەناکاو دەبێتەوە ، یاخود نەشتەرگەرێك کەکردەوەیەکی نەشتەرگەری وورد ئەنجام دەدات... هەموو ئەوانە و کەسانی تریش ، لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی ساتەسەختەکاندا بەو ئەندازەیە سەرکەوتن بەدەست دێنن کەلەسەر بەدیهیەت و ئاسایی بوونی خۆیان بڕۆن بەڕێوە و، بەئاراستەی داخوازیەکانی نەست دا بچن بەبێ زۆر لەخۆ کردن و پێداگری(دەربڕینی وەرگێر) .

لێرەوە هۆکاری ئەو شکست خواردنە دەزانین کەزۆر جار دووچاری ئەو کەسانە دەبێت کەزۆر لەخۆکەرن ... ئەوکەسانە ئامازەکانی ئاوەزی ناوەوەیان فەرامۆش دەکەن و سەرقاڵ دەبن بەکۆمەڵێ مەسەلەی دەستکردی بەئەنقەستەوە ، واش دەزانن ئەوە کلیلی سەرکەوتنە ، کەلەڕاستی دا کلیلی شکست هێنان وبێ نومێدیە .

بەخت و هەستی شەشەم:-

زۆر کەس لەڕۆڵەکانی ئەم ئەومیە ، بڕوایان وایە بەخت ئەفسانەیە و سەرکەوتنی مرۆڤیش لەژیاندا بەئەندازەی ئەو هەوڵ وکۆشش و بیرکردنەوە چڕە دەبێت کەلەو پێناوەدا دەیخاتە کار...

لەواقعدا ئەم ڕایە ڕاست ودروستە لەسنورە بەرفراوانەکەیدا ، لەڕوی مەبدەئیەوە ئێمە هیچ ڕەخنەیەکمان لێی نیە ... بەڵام ئەوەندە هەیە ، کەبەهرەیەکی ئەستی هەیە ڕەنگە لەهەندێ کەسدا بەدەر بکەوێت و ببێتە کارای پاریدەدەر بۆسەرکەوتنیان شان بەشانی ئەو هۆکارەکانی دیکەی سەرکەوتن یان نە.... جائەو بەهرەیە ڕەنگە ناوی بنێین شانس (بەخت) یاخود هەرناوێکی تر... لەم ڕووەوە پەند لەناوەکەدا نیە .

خەڵکی بازاڕی لای ئێمە بەشێوازێکی سادەو ساکار پەی یان بەم ڕاستی یە بردووە ، ئەوان بەهۆی ئەزموونە زۆرەکانیانەوە ئەوڕاستی یەیان بۆ دەرکەوتووە، کەهەوڵ و بیرکردنەوە بەتەنها بەس نین بۆ سەرکەوتن لەبازرگانی دا.

زۆر جاری وادەبێ ، بازرگانێ ڕەنج دەکێشێ لەکارەکەی داو بیرکردنەوەی خۆی بەکاردەهێنێ، کەچی لەبازرگانیەکەیدانەوەندەی دەست ناکەوێ کومسایی بژێویەکی کەم وکورتی بدات ..بەڵام لەولاوە بازرگانێکی ترفازانج لەدوای فازانجی دەست دەکەوێت بێ ئەوەی هیچ پێداگریەکی هەبێت لەسەر هەوڵدان یان بیرکردنەوە. هەرئەمەشە وای لەخەڵکە بازاریەکەی لای ئێمە کردووەکەبێژن : (ئەو کەسەی هاتە بازاڕ پێویستە عەقڵی بخاتە سەر ڕەفەیەك) واتە عەقڵی لەسەر ڕەفەیەك دانێت ونەی هێنێت بۆ بازاڕ(دەربڕینی وەرگێڕ).

لەم ڕووەوە ئەولێکدانەوەیەم زیاتر بەلاوە پەسەندە کەهەستی شەشەم لەسەرکەوتنی بازرگانی وشتی تریشدا کاریگەری وئاسەواری زۆری هەیە .

کاتێ سەرنجی هەڵس وکەوتی بازرگانی سەرکەوتوو لەبازاڕدا دەدەین، دەبینین ئارامەو، کاتێکیش پێشوازی مەعمیلەکانی دەکات هیچ جۆرە نیشانەیەکی پێداگیری وئاڵۆزی فیکری پێوە نابینرێت .. جاری واهەیە(دەڵاڵەکە) دێتەلای ومامەڵەیەکی

گەورەی بازرگانی دەخاتە بەردەم ،بابای بازرگان بەووشەی (بەڵێ) یان (نەخێر) ێکی سادەو بێ زۆر لەخۆکردن وەڵامی دەداتەوە ، وەك ئەوەی بیەوێت کوپێك ئاو بخواتەوە.

لەوانەیە بەهەڵەدا نەچوویم گەر بڵێم : ئەوبازرگانە لەکاتی کارەکەی دا نیگا لەهەستی شەشەمی وەردەگرێت . تەنانەت لەوانەیە بەهۆی (هەستیشەشەمیەوە — وەرگێڕ) تاوتوێی مامەڵەکەبکات ولێکی بداتەوە کە چ بەرز بوونەوە ودابەزینێکی نرخ بەخۆوە دەبینێ.. دەگرێت بڵێین: تاچەندە هێور وئارام بێت لەکاتی کارکردندا ئەوەندە بەتوانادەبێت لە وەبەر هێنانی هەستی شەشەمی دا.

وەلێ بازرگانی دۆڕاو ، هەمیشە سەرقاڵە بە کارو بارە ئاگاییە کانیەوە و بەوەش دەیەوێت قازانج دەست خۆی بخات و پێداگیریش دەبێ لەسەری .. ئینجا ئەو پێداگیریە لەهزری دا دەبێتە گرێ یەك و ئاماژەکانی هەستی شەشەمی لێ بەربەست دەکات .

ئەمەی گوتمان بەتەنها تایبەت نیە بەسەر کەوتن وشکست هێنان لەبواری بازرگانی دا ، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەر وایە .. دەتوانین نمونەی ڕاستی ئەو قسەیە تەنانەت لەلای حەماڵ وپینەدۆز وچەقۆ تیژ کەرێکیش ببینین.. جاری واهەیە یەکێك لەو کەسانە لەهاوەڵەکانی کەمتر ڕۆزیی هەیە ،لەکاتێکدا لەڕواڵەت داهیچی لەوان کە متر نیە.. بۆیەدەست دەکاتە پرسیار کردن لەهۆی کەمیڕۆزیەکەی ....کەبێ ئومێدیش دەبێ هێیخۆشە ئۆباڵی کەمی ڕۆزیەکەی بداتەپاڵ قەدەرە، لەکاتێکدا قەدەر لێی بەریە.

هەستی حەوتەم :

دوای ئەو باس و خواسەی کەکردمان لەسەربونی (هەستی شەشەم) لەمرۆڤ داوڕادەی کاریگەری ئەوهەستەش لەژیاندا ،دەمانەوێسەرنجی خوێنەر ڕابکێشین .بۆلای بۆچونێك ،کەبەم دواییانە توێژەرەکان ڕویان تێکردوەئەویش ئەگەر کەبونی (هەستیحەوتەمین)ە لەمرۆڤ دا...لێکۆڵەرەوەکان نایانەوێت ئەو هەستە نوێ بەناو بنێت (هەستی حەوتەم) ...ئێمەین بەزیادەڕەوی ئەخوازین وای ناو زەردبکەین ..بەڵکو ئەوان ناوێکی تایبەتی بەسەردا دەبڕن کەبریتی یەلە(psychometry) ئێمەچوزانین لەوانەیە

ئەمیش بەشێك بێت لە هەستی شەشەم ،یاخود ڕویەكی تایبەت بێ لەڕووە هەمەچەشنەكانی ٠

هەرچۆن بێ،ئەم هەستەزۆر سەیرە ،خوێنەر یەكەمجار دەیبیستێت نارەحەتە بڕوای پێبكات ٠٠بۆئەوەی خوێنەر بەهەندێ لەتایبەتمەندیەكانی ئەوهەستە ئاشنا بێت ،والەخوارەوە پوختەی ڕوداوو چیرۆكێكی ڕاستەقینە دەگوا زمەوە٠٠ئەوچیرۆكە دوور و درێژە و وردەكاری ولق وپۆپی زۆری هەیە ، بەهەموو وردەكاریەكانیشی یەوە لەتۆمارەكانی (كۆمەڵەی پزیشكی) دا لەمەكسیك وهەردووكۆمەڵەی (توێژینەوە دەرونیەكان) لەوڵاتەیەكگرتوەكان وبەریتانیاش داپارێزراوە ٠

پوختەی چیرۆكەكە :

لەساڵی (١٩٢١) دا،خانمێكی مەكسیكی كەناوی ﴿سنیورەمارياريس ﴾ دەبێ دووچاری خەوزڕان دەبێ٠٠ئەم خانمە سەربەبنەماڵەیەكی بەڕێزی مەكسیكە وباوكی فەرمانداری یەكێك لەكەرتەكان ﴿ مقاطعات ﴾ بووەلەوێندەر ٠٠لەوڕۆژگارەدا پزیشكێكی ئەڵمانی بەناو بانگ بەناوی ﴿دكتۆرباجن ستیخر ﴾ دوە لە پایتەختی مەكسیكدا دەبێت ٠ ژنەكە دەچێتە لای ئەو دكتۆرە ٠٠ پزیشكەكە لەچارەسەر كردنی دا پەنا دەباتە بەر خەواندنی موگناتیسی٠٠ لەئەنجامی خەواندنی دا بۆی دەركەوت كە ئەو ئافرەتە توانایەكی دەروونی نائاسایی هەیە ٠٠ چونكە هەر ئەوەندەی شتێك بخەیتە بەری دەستی ، یەكسەر دەست دەكات بەباسكردنی وورده كاریەكانی مێژووی شتەكە و سەرچاوەكەی و خەسڵەتەكانی خاوەنەكەی ٠ ئەم هەواڵە سەرسامیەكی زۆری خستە ریزی لێكۆڵەرەوە كانەوە٠٠ لەئەنجامدا(دكتور واڵتر فرانكلین برنس) سەرۆكی (كۆمەڵەی توێژینەوە دەرونیەكانی ئەمریكا) هات بۆ لای ژنەكە تاكو لەنزیكەوە لەو توانا سەیرەی بكۆڵێتەوە ٠

یەكێك لەو تاقی كردنەوانەی كەلەسەر ئەو ژنە پەیڕەو كرا ، ئەوە بوو پارچەیەك (مەڕ مەڕ) یان هێنا كەلەیەكێك لەشانۆكانی (ڕۆمانی) ێكۆندا دەرهێنرابوو كەتائێستەش ئاسەوارەكانیان لە (ڕۆما) دا ماوە ٠٠ ئەوە بوو (ماریا) خان دەستی

كردە باسكردنی تەختی شانۆ كە، وەك ئەوەی لەكونجێكەوە سەیری بكات ·· ئەمە لەكاتێكدا ئەو خانمە پێشتر هیچی لەبارەی ئەو (مەڕ مەڕ) ەوە نەدەزانی ·

لەتاقی كردنەوەیەكی تردا (زەبەر جەد) یكیان بۆ هێنا كەلەبنی یەكێك لە دەریاكانەوە هێنرابوو ·· كەچی (ماریا خان) دەستی كردە وەسف كردنی ئەو ماسی یانەی كەبەسەر (زەبرجەد) دەكەداهات وچۆیان كردووە لەو كاتەدا كەلەبنكی دەریاچەكەدا بوو·

تاقی كردنەوەی هەرە گەورەی ئەو ژنە ، ئەو ڕۆژە دەستی پێكرد كە (دكتۆر باجس ستیخر) نامەیەكی لەهاوڕێ كەیەوە لە (ژاپۆن) ەوە بەدەست گەیشت ·· نامەكە كاغەزێكی مۆر كراوی تێدا بوو ، دەیان گووت لەنێو بتڵێكدا لەئاوەكانی زەریادا دۆزراوەتەوە ·· كەژنەكە كاغەزەكەی بەدەستەوەگرت ، دەستی كردە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی كەبەسەر ئەو كاغەزەدا هاتوون وەبۆچی خراوەتە نێو زەریا كەشەوە لەنێو بتڵێكدا·· ماریا خان گووتی: نامەكە پیاوێك نووسیویەتی كەلەنێو پاپۆڕێكدا بووە لەو زەریایەداكاتێ خەریك بوو پاپۆڕەكە نقوم بێت ئەو نامەی نووسیوە ··· نیشانەی ناسینەوەی ئەو پیاوەی نامەكەشی نووسیوە ئەوەیە كە جێگە برینێكی كۆن بەسەر بڕۆی چەپیەوە بووە··· كاتێ ئەوپیاوە هەستی بەمەترسی كردووە و بینیویەتی سەرنشینەكانی كەشتیەكە كەوتوونەتە هاوار كردن و پەنایان بردۆتە بەر پشتوێنەكانی ڕزگار بوون ··· دەستی بردووە لەنێو تیانووسی یادەوەریەكانی دا كاغەزێكی بچوكی دەرهێناوە و نامەیەكی تێدا نووسیوە بۆ ژنەكەی ، بەم جۆرە: (پاپۆڕەكە نقوم دەبێت ، خواحافیز خۆشەویستەكەم لویزا ··· مەهێڵە منداڵەكانم منیان لەبیر بچێت ·· داوا لەخوا دەكەم چاودێری منیش وتۆش بكات ··· ئیتر خواحافیز – هاوسەری خۆت ڕاموون) ئینجا پیاوەكە كاغەزەكەی خستۆتە نێو بتڵێكەوەو سەری ناوەتەوە و فڕێی داوەتە نێو ئاوەكەوە ·

لەدوای لێكۆڵینەوەو بەدوادا چوون ، دەركەوت ئەو پیاوە (ی ماریاخان باسی كردووە- وەرگێڕ) خەڵكی شاری (هافانــا) ی وولاتی (كـوبا) بـووە ،و لەساڵی (١٩١٦)ی زاینی دا سواری پاپۆڕی (لوزیتانیا) بووە ، واتە ئەو پاپۆڕەی كە ئەڵمانیەكان

لەشەڕی جیهانی یەکەم دا نقومیان کرد٠٠٠ لێکۆڵەرەوان دواتر توانیان کەس وکاری ئەو پیاوە لە (هاڤانا) دا بدۆزنەوە ، ژنەکەی هات و کاغەزەکەی خوێندەوە ، ئەوەی پشت ڕاست کردەوە کە ئەو خەتە ، خەتی مێردەکەیەتی ، و هەر بەڕاستیش مێردەکەی لەگەڵ پاپۆڕی (لوزیتا نیا) دا نقوم بووە ، و ئاسەواری زامێکی کۆنیش بەسەر بڕۆی چەپیەوە بووە٠

لێکۆڵینەوەیەکی دانیشگایی :

لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوت کە(خاتوو ماریا) تاکە کەس نیە کەئەو توانا سەیرەی هەبێ ٠ بەڵکو کەسانێکی تر هەن ، کەم تا زۆرێک لەو دەچن لەبوونی ئەو توانایەدا٠٠٠ (زانکۆی لەندەن) هەوڵی دا بەشێوەیەکی بابەتیانە لەو کەسانە بکۆڵێتەوە ٠٠٠ لەم میانەیەدا لەساڵی(١٩٤٠) دا ، توێژەرێك کەناوی (هتنجر) بوو ، توێژینەوەیەکی لەسەر ئەو بابەتە نووسی کەنهێنی گەلێ زۆری تێدا بوو ٠٠٠ [١١]

(هتنجر) هەوڵی دابوو ، زۆر ترین زانیاری بەدەست هاتوو لەسەر ئەو بابەتە بناخنێتە نێو توێژینەوە کەیەوە ، بەخشتەی ئاماری و هێڵی بەیانی جۆراو جۆر یش توێژینەوەکەیی دەوڵەمەند کردبوو ٠٠٠ لەکۆتایی توێژینەوەکەی دا گەشتبووە ئەو ئەنجامەی کە ئەو توانا ناائاساییە ڕاستیەکەو بوونی هەیە، بەڵام ناتوانێ لێك دانەوەی بۆ بکات ٠

بۆچونی ئەسپۆرۆن :

(ئەسپۆرۆن) باسی شاگردێکی خۆیمان بۆ دەکات کەئەو توانا یەی هەبووە ، و ئەسپۆرۆن بەخۆی تاقی کردنەوەی لەسەر کردووە ٠٠٠ جارێك وا ڕێ دەکەوێ کەئەم لە (ئوستورالیا) دەبێت و نامەی لە(گێلێ فرێند) ێکی خۆیەوە بۆ دێ ٠٠ شاگردەکەی نامەکە وەردەگرێ کەلەناو زەرفێکدا دەبێ ، بێ ئەوەی زەرفەکە بکاتەوە وبیخوێنێتەوە ، گوتی : نوسەری نامەکە ژنێکە ، پرچێکی سپی هەیە، نەرم ونیان وخۆش ڕووە ٠٠٠ ئینجا شاگردەکە دەستی کردە باسکردنی ئەو ژنە کەلەکاتی نوسینی

نامەکەدا چی کردووە و ، کێ لەنزیکی یەوە وەستاوە دواتر باسی خەسڵەتە دەروونی و ڕەوشتی یەکانیشی کرد .

(ئەسپۆرۆن) ڕای بەلای ئەوە دایە کە توانای شاگردەکە زیاتر دەچێتە خانەی ئالوگۆڕکردنی بیرۆکە لەنێوان دوو مێشک دا.. بەڕای ئەسپۆرن شاگردەکە ئەو زانیاریانەی لە نامەکەمەوە دەرنەهێناوە، بەڵکو لەهزری خودی ئەسپۆرۆنەوە وەریگرتوون.[٣]

ئاشکرایە ئەمەش مەسەلەیەکی ئاسانە بۆ زۆرێك لەو شاگردانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەری خەواندنی ئاراستەکراوەوە.

مامۆستا (تیرل)یش زیاتر پشتگیری ئەم لێکدانەوەیە دەکات... ئەو کاتێ باسی چیرۆکەکەی (سنیورە ماریا)ی بۆ کرا، گوتی: لەوانەیە سنیورە ئەو زانیاریانەی لە هزری ئەو خەوێنەرەوە وەرگرتبێ کە لەنزیکیەوە ڕاوەستاوە، نەك لەو شتەوە کە لەکاتی خەواندنەکەدا دەخرێنە دەستیەوە... تیرل لەم ڕووەوە باس لەوە دەکات کە (سنیورە ماریا) بەشێوازێکی دەروونی بەدەمەوە چونی هەبووە لەگەڵ خەوێنەرەکەی دا، جا هەر شتێ خەوێنەرەکە هەستی پێ بکات، بەجۆرێك لە جۆرەکان دەگوازرایەوە بۆ ئەویش، و ئەمیش هەستی پێ دەکرد..[٤]

لێکدانەوەیەکی‌تر :

یەکێکی‌تر لەو کەسانەی هەوڵیان داوە ئەو توانا دەرونیە سەیرە لێك بدەنەوە نوسەرێکی ئینگلیزیە بەناوی (هۆبرت ستانسبری)... ئەم نوسەرە ئەفسەرێکی دەریاوانی خانەنشین کراوو پسپۆڕ بوە لە لێکۆڵینەوەی بێتەل و کارەبایی بەتایبەت لە بابەت بموجۆڵی کەشتیە جەنگیەکاندا (دەربڕین وەرگێڕ)... جگە لەوە پەرتوکێکی داناوە اوی ناوە (لەمەڕ گەڕان بەدوی ڕاستی‌دا) ... لەڕوی بەهای زانستیەوە پەرتوکێکی خراپ یە.

ئەو نوسەرە دەڵێت: مادە بێگیانەکان لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراودا دەتوانن هەندێ کاریگەری کارەبایی وەربگرن، لە بیرکردنەوەی ئەو کەسەوە کە دەستیان لێ

دەدات یاخود لێیان نزیک دەكەوێتەوە، هەر ئەو ماوەدە بێگیانانە دەتوانن ئەو كاریگەریانەی وەریان گرتوە بگوازنەوە بۆ مێشكی كەسێكیتر... بەم پێودانگە مادە بێگیانەكان وەكو باتری زەخیرەگردنیان لێ دێ، جارێ كارەبا وەردەگرن و جارێكیش خاڵی دەكەنەوە...[٤]

(سینڵ)یش پشتگیری ئەم ڕایە دەكات كە (ستانسیری) هێناویەتی... (سینڵ) لە هەندێ لەو ئازمایشانەوە كە لەم ڕوەوە ئەنجامی داون بۆی دەركەوتووە، كە ئەو كیژەی تاقی كردنەوەكانی لەسەر ئەنجام دەدا، هەندێ جار دەستەوسان دەبوو لەوەی بزانێ لە كاغەزەكەی دا چی دروست كردوە، دوای ئەوە نەبێ كە بەسینڵی دەگوت "ڕێگەم بدە با ئەو قەڵەمە بەدەستەوە بگرم كە بەكارت هێناوە". هەر كە پێنووسەكەی دەگرت بەدەستیەوە، بەڕوونی وێنەكە لە مێشكی دا دەردەكەوت. جا كەواتە ئەوە چ مانایەكی هەیە؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێت كە قەڵەمەكە هەندێ لەو شتانەی زەخیرە كردوە كە بەمێشكی سینڵدا هاتوون؟ و دواتر گواستوینەوە بۆ مێشكی كیژەكە، پاش ئەوەی گرتویەتی بەدەستەوە؟...[٥] وا دەردەكەوێ لەهەندێ ڕوەوە ئەم لێكدانەوەیە پەسند بێت.. تەنانەت ڕەنگە كەم تا زۆرێك توێژینەوە فیزیاییە نوێكان پشتگیری لێ بكەن... بۆ نمونە ئەگەر پارچەیەكی بچوك لە مادەی (فۆسفۆر) بێنین، ماوەیەك لەبەردەم گڵۆپێكی زۆر تیشك دار دای بنێین،دواتر بینێیەجێگە یەگی تاریكەوە ،لە جێگە تاریكەكەدا ئەو ڕوناكیە دەردەداتەوە كە زەخیرەی كردبوو.. كەواتە ئایا ناگونجێت هەموو مادەكانی گەردون هاوشێوەی (فۆسفۆر) بن و شەپۆلە كارۆمۆگناتیسیەكان وەربگرن و دواتر یش بیدە نەوە، بەجۆرێكی نەبینراو؟

ئێمە دەزانین، شەپۆلە(كارۆ موگناتیسیەكان) فرەچەشن و جۆراوجۆرن، وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا، شەپۆلەكانی ڕوناكی هیچ نین جگە لەبەشێكی كەمی ئەو شەپۆلانە.

دەی كەواتە چ بەربەستێك هەیە لەبەر دەم ئەوە دا كە هەندێ مادە، شەپۆلی نەبینراو زەخیرە بكەن لەخۆیاندا، بەهەمان ئەو شێوەیەی كە مادەی (فۆسفۆر) شەپۆلەكانی ڕوناكی زەخیرە دەكات؟ هەروەها چ بەربەستێكیش هەیە لەبەردەم ئەوەدا

کە هەندێ لەو کەسانەی خاوەنی هەستی نا ئاسایین دەرك بەو شەپۆلە شاردراوانە بکەن، وەك چۆن ئێمەومانان دەرك بە شەپۆلەکانی ڕوناکی دەکەین؟ بەجۆرێك گەر یەکێکیان پارچەیەك لەو مادەیە بەدەستەوە بگرێ مێشکی بکەوێتە بەر کاریگەری ئەو شەپۆلانەی کە لەمادەوە دەردەچن، بەو جۆرەش ئەو ڕوداوانە ببینێ کە بە سەر مادەکە دا هاتون؟

ئاواتێکی زانایان:

یەکێ لەو ئاواتانەی ،هەندێ جار بەمێشکی زانایاندا دێ، ئەوەیە کە ڕۆژێ بێت، زانست بتوانێ ئامێرێك دابهێنێ کە بە هۆیەوە بتوانین ڕوداوەکانی مێژوو ببینین و دەنگیان ببیسین.. دیارە بەدەست هێنانی ئەم ئاواتە دوورە و لەوانەشە نەستەم بێت، بەڵام هەر چۆن بێت دەگونجێت بیری لێ بکرێتەوە لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوە زانستی‌یە نوێ‌یەکاندا.

بۆ نمونە، دەگونجێت هەموو ئەو شەپۆل و لەرەلەرانەی کە لە ڕودواوەکانی مێژووەوە پەیدا بوون، ئێستاکە لە نێوانماندا بن، و لەنێو بۆشایی چوار دەورماندا بە یەکتردا بدەن، لەوانەیشە هەندێکیان لەو ئاسەوارە دێرینانەدا زەخیرەکرابن کە ئەو ڕوداوانەیان بەسەردا هاتووە.

گومان لەوەدا نیە کە شەپۆلەکان بە تێپەڕینی کات لاواز دەبن. بەڵام بە تەواوی لە ناو ناچن.. جا کە ئامێرەکانمان لەم بارەی ئێستایاندا ناتوانن شەپۆلە زۆر لاوازەکان بدۆزنەوە، ئەوا نابێت ئیتر ئومێدبراو ببین لە توانای زانست لەوەی ئامێری وردتر لەم ئامێرانە دابهێنێ، کە بتوانین بەهۆیانەوە شەپۆلەکانی سەردەمانی ڕابردوو بدۆزینەوە.

بۆ ڕون کردنەوەی مەبەست با ئەو ڕوناکیە بە نمونە وەربگرین کە لە ئەستێرە دوورەکانەوە دەمانگاتێ... ئەو ڕوناکیە دوای ئەوە دەگاتە ئێمە کە لە بۆشایی‌دا چەندین ملیۆن ساڵ دەبڕێ.. دەگونجێ ئەستێرەیەك بەر لە چەند ملیۆن ساڵێك تەقیبێتەوە و لەناو چوبێت، کەچی ئێمە ئێستا کەسەیری دەکەین دەبینین لە شوێنی خۆی دا ماوەتەوە.. هۆی ئەمەش لەوەدایە کە ڕوناکی تەقینەوەکەی هێشتر نەگەیشتۆتە لای ئێمە، لەوانەیە ئێمە پێویستمان بە ملیۆنەها ساڵی‌تر هەبێ تاکو بزانین چ

تەقینەوەیەکی بەسەر داهاتوە، بۆیە لە ماوەی ئەو ملیۆنەها ساڵەدا کە سەیری ئەستێرەکە دەکەین وا گومان دەبەین لە شوێنی خۆیدا بەرقەرارە و ماوەتەوە.

ئەمەش یانی، ئەستێرەکە بوەتە ڕوداوێك لە ڕوداوە زۆر کۆنەکانی ڕابردوو، بەڵام ئێمە وا دەزانین ڕوداوێکە لە ڕوداوەکانی حاڵی حازر، بە دەربڕینێکی دیکە: ئێمە کاتێ لەشەوێکی ساماڵ دا سەیری ئەستێرەکان دەکەین، مێژووی ئاسمان بە چاو دەبینین!

گەر وا بێ، ئایا ئەستەمە، ڕۆژێك لە ڕۆژان زانایان بتوانن ئامێرێك دابهێنن کە بتوانین مێژووی زەوی و ئەو ڕوداوانەی ڕابردووی پێ ببینین کە لەزەوی دا ڕویانداوە؟

من دەخوازم تا ئەو ڕۆژە بمێنم کە بتوانم لە بازاڕ ئامێرێکی ئاوها بکڕم.. تا بەهۆی ئەو ئامێرەوە بچمە مستنصریە و لەوێندەر غەزالی ببینم کە وتارێکی فەلسەفی بۆ قوتابیەکانی دەدات، یاخود بچم بۆ تاقی کیسرا و لەوێ "ئەنەوشیروان" ببینم کە لەسەر تەختەکەی دانیشتوە و پاساوڵ و جەللادەکانی دەوریان گرتوە.

لەکۆشکەکانی فرسای دا:

حەز ناکەم کۆتایی بەم بەشە بێنم، بەر لەوەی ئەو چیرۆکە سەیرە بگوازمەوە کە لە خانمان (موبرلی) و (گوردین) ڕوی دابوو... هەر دوو خانمەکە پێشتر مامۆستا بوون لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ... پوختەی چیرۆکەکە ئاوهایە: ئەو دوو خانمە لەساڵی (١٩٠١) دا سەردانی (پاریس)یان کردوە و چونەتە سەردانی (فرسای).. کاتێ بەنێو کۆشکە مێژوویەکانی فەرسای دا گەڕاون هەستیان بە دڵتەنگی و خەمۆکی کردوە، دوای ماوەیەکی کەم وایان کەوتۆتە بەر چاو کە (ماری ئەنتوانێت) هاوسەری لوسیی شانزدەهەم بە بەرگە کلاسیکیەکانیەوە لەسەر لێواری یەکێك لە کۆشکەکاندا دانیشتوە... دواتر هەندێ دیمەنی مێژوویان هاتۆتە بەر چاو وەك ئەوەی خۆیان لەو سەردەمە دا بژین.. ئەم ڕوداوە نەك جارێك بەڵکو چەند جارێك بەسەر ئەو دوو خانمە دا هاتوە.

دوای ئەوەش خاتوو (گوردین) بەتەنها دوو جار سەردانی (فرسا)ی کردوە، ڕوداوی تری بەسەر دا هاتوە، هەندێ کەسایەتی سەدەی هەژدەیەمی دیوە و گفت و گۆی لەگەڵ

دا کردون.. لە کۆتا سەردانی دا ئەو خاتونە دەڵێت: دیمەنەکەی بەجۆرێ هاتۆتە بەرچاو وەك ئەوەی لەرزینێکی لەناکاوی کورت خایەنی توش بێت، وەك چۆن پەردەی سەر شانۆ دەلەرێتەوە ئاوها لەرزیوە.

لەساڵی (١٩١٤)دا، سێ پیاو هاتن بۆ چاوپێکەوتنی ئەو دوو خاتونە، هەر سێ پیاوەکە بەر لەشەش ساڵ لە نزیکی فرسای دا نیشتەجێ بوون و سەرپەرشتی ڕێکخستنی باخچەکانی فرسایان کردوە، هەر سێ پیاوەکە ئەوەیان پشت ڕاست کردەوە کە ئەوانیش دیمەنی وەك ئەوەی هەر دوو خانمەکە دیویانە، ئەمانیش دیویانە و لە سەریشی ڕاهاتوون، تاکو مێشکیانی ناڕەحەت و ماندوو کردوە و شوێنەکەیان بەجێ هێشتوە، چونکە ئەوان ویستویانە لەسەدەی بیستەم دا بژین نەك لەسەدەی هەژدەدا...(٢١)

کاتێ ئەو چیرۆکە دەخەمە بەر دەستی خوێنەر، خۆیشم هەست بەسەر سامی دەکەم لە ئاقاری دا... ڕەنگە بەرەنجامی وەهمێ بێ کە زاڵ بوە بەسەر هەر دوو خاتونە بەرێزەکەدا ،کاتێ بە نێو کۆشکەکانی فرسای دا گەڕاون... بەڵام پێ دەچێ شتێکیتریش بێ (نەك وەهم ــ وەرگێڕ).. لەوانەیە ئەو دوو خاتونە هەستێکی نائاساییان هەبێ بەرادەیەك بتوانێ شەپۆلەکانی مێژوو لەو کۆشکانەوە وەرگرێت... بەڵام من لێرەدا دەپرسم: بۆچی ئەو هەستە لەو دوو خاتونەدا لەکاتی گەڕانیاندا بەنێو کۆشکەکانی فەرسای دا دەرکەوت و لەجێگەیەکیتر دا لێیان دەرنەکەوت؟

لێرەدا دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەو قسەیەی کە پێشتر گوتومە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە نابێ لەم مەسەلانەدا بڕیاری یەکلاکەرەوە و کۆتایی بدەین.. چوزانین زانست لەداهاتوو دا چ ڕایەکی دیکە دێنێتە کایەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە؟!

پەراوێزەکانی پاشکۆی سێیەم:

١. بنوارە: سینل، الحاسة السادسة، ص ٢١.

٢. بنوارە: عبدالسلام فهمي، البساط السحري، ص ٨ ـ ٩.

٢. بنوارە: Life Magazin, July 22, 1975

٤. بنوارە: سینل، الحاسة السادسة، ص٢١.

٥. تکا دەکەم لە ئافرەتان لەم قسەیەم بەست و دڕدۆنگ و تووڕە نەبن، چونکە ئێمە هیوادارین ژن بێتە گۆڕەپانی ژیان و بەشداری بکات لە بنیات نانی شارستانیەت دا بەهەمان ئەو ڕادەیەی پیاو بەشداری تێدا دەکات... لەو کاتەش دا ئیدی هیچ جیاوازیەك نامێنێ لەنێوان ئەو و پیاودا، بگۆ: ئینشائەللا.

٦. بنوارە: Sulivan, Outine of Modern Belief, Vol. II, P 908

٧. بنوارە: المقتطف، رسائل الارواح، ص ٢٢ ـ ٢٣.

٨. بنوارە: مجلة آخر ساعة، ژمارەی ڕۆژی ١٩٥١/١١/٢١.

٩. بنوارە: سینل، الحاسه السادسه، ص٥٧ ـ ٥٨.

١٠. بنوارە: علي الوردي، خوراق اللاشعور، ج ١ ل ٢٠١.

١١. بنوارە: Heltihger, The Ultra prceptive Faculty

١٢. بنوارە: Obsom, The Super Physical

١٣. بنوارە: Tkisall, Personality of Man, p 187

١٤. بنوارە: Trosbury, In Quest of Truth, p 187

١٥. بنوارە: سینل، الحاسة السادسة، ص١١٢.

١٦. بنوارە: Joad, Guide To Modern Thought, p 175-177

پاشکۆی چوارەم

نەست چییە؟:

خوێنەر لەوانەیە تێبینی ئەوە بکات، کە من لەم کتێبەدا زۆر جار باسم لە نەست یا خود ئاوەزی ناوەکی کردوە[1]... لە پەرتوکە پێشوەکانیشم دا هەر وام کردوە، وام داناوە کە نەست لەگرنگترین فاکتەرەکانی دروستکردن و پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤە... ئەم قسەیەش بە لای زۆرێك لە نووسەر و ڕەخنەگرانەوە لە عێراق دا مایەی خۆشحاڵی نەبووە.. بەڵکو هەندێکیان جاریَ تۆمەتباریان کردوم بە زیادڕەوی و جارێکیتر بە نەفسانەچێتی... بۆیە لێرەدا وای بەباش دەزانم کە لەسەر چییەتی (ماهیەت)ی نەست باس و خواس بکەم بەو جۆرەی خۆم دەیبینم.

ئایا "نەست" بابەتێکی میتافیزیکییە؟

هەندێ لە ڕەخنەگران لە عێراق دا، وایان پێخۆشە کە نەست ناوزەد بکەن بەوەی بابەتێکی میتافیزیکییە... پتر لەجارێکیش بەو ناوزەد کردنە ڕوبەڕوم بونەتەوە.. سەبارەت بەو ڕەخنەگرانە هیچم نیە بیڵێم، ئەوەندە نەبێت کە ئەوانە دەست لە ڕەخنە وەردەدەن بێ ئەوەی زانیاری تەواویان هەبێت لەو بابەتەدا کە ڕەخنەی تێدا دەگرن ... جاری وا هەیە دەبینین هەندێ ڕستە و دەربڕین لێرە و لەوێ دەهێنن و دەیکەنە شمشێری دەستیان و هەر کات بیانەوێت ئەو شمشێرە دادەهێننەوە، جا بەدبەختی بۆ ئەو کەسەی لە ڕێگەیاندا ڕادەوەستێت، چونکە لەو بارەدا دەبێتە کۆنەپەرست یا خود بەگرێگیراوی داگیرکەر ـ پەنا بەخوا.

ئەگەر ئەو کەسانە لەو ڕستانە بەتەواوی تێ بگەن کە گرتویانە بەدەستیانەوە، قورسایی گرفتەکە کەم دەبێتەوە... وەلێ مەخابن تەنها بەوەندە دەست هەڵدەگرن کە دەقە ڕواڵەتیەکە لەبەر بکەن، بەو جۆرەش ناوەڕۆکی بنەڕەتی ئەو ڕستە و دەربڕینانەیان لێ بزر دەبێت.

فرۆید و نەست:

لەبەشی شەشەمی ئەم پەرتوکەدا ئاماژەم بەوە دا کە فرۆید یەکەم کەس بوە سەرنجی (خەلکی ـ وەرگێڕ) بۆ لای "نەست" ڕاکێشاوە، ئەم کارەی فرۆید لەکاتی خۆی دا زۆر بەنرخ بووە، چونکە بەو هۆیەوە توانی هەڵە و ناتەواوی ئاوەزپەرستە کۆنەکان دەربخات، ئەوانەی متمانەیەکی کوێرانەیان بە (بیرکردنەوەی وشیار)انە هەیە و بە تاکە بناغەیەکی دەزانن کە ڕەفتارە مرۆییەکانی لەسەر دروست دەبێ... فرۆید ئەوەی ڕون کردەوە کە مرۆڤ لەهەڵس و کەوتی دا هەمیشە بەو جۆرە ڕێ ناکات کە بیرکردنەوە یاخود ویست لێی داوا دەکەن... بەڵکو لەنێو قوڵاییەکانی دەروونیدا، کۆمەڵێ هاندەری پەنامەکی هەن و مرۆڤ پاڵ دەنێن بەرەو کردنی کارێك بێ ئەوەی مرۆڤ بزانێ پاڵ پێوەنانەکە لە کوێوە بوە.

ئێمە ناتوانین نکۆڵی بکەین لە فەزڵی فرۆید لەو دۆزینەوەیە دا کە، پەردەی هەڵماڵی لە ڕوی لایەنە شاردراوەکانی دەروونی مرۆڤ.. لەهەمان کاتیش دا ناتوانین ملەجەڕە بکەین لەو زیادە ڕەوییەی ، لەم ڕووەوە فرۆیدی تێکەوتووە.. فرۆیدیش وەك هەر یەکێکیتری خاوەن تیۆر لەم دنیایەدا لە ڕویەکەوە ڕاستی دەپێکا تاکو لە ڕویەکیترەوە بەهەڵە دا بچێ... لەتەنها گۆشەیەکەوە سەیری "ڕاستی"ی کردوە و دەمارگیریش بوە بۆی و زیادەڕەویشی کردوە لە تەرکیزکردن لەسەری، بەوەش ئەو گۆشانەی دیکەی فەرامۆش کردوە کە لە "ڕاستی"ی یەکە دا هەڵە بوون.

میتافیزیکیەتی فرۆید:

کاتێ لە تیۆرەکەی فرۆید لەمەڕ "نەست" دەکۆڵینەوە، دەبینین کەم تا زۆر هەستی میتافیزیکی بوونی تێدایە... ئەوەتانێ ئەو "نەست" بەوە لەقەڵەم دەدات کە وەك هێزێکی نادیار (غەیبی) وایە کە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤدا ئەویش دروست دەبێت.

جگە لەوە ئێمە کاتێ دان دەنێین بە بوونی هەستێکی میتافیزیکی لە بیردۆزەکەی (فرۆید)دا، نابێت هێندە لەو ڕووەوە زیادەڕەوی بکەین تا ئەندازەی ئەوەی هەموو

تیۆرەکەی ڕەفز بکەین... چونکە لە ڕاستی دا ئەگەر تیۆرەکەی فرۆید ڕووت بکەینەوە لە توێکڵە میتافیزیکیەکەی،کاکڵە و ناوکێکی چاکمان لە بەر دەست دا دەمێنێ، کە دەتوانین سودێکی باشی لێ وەربگرین لە لێکۆڵینەوەی کەسێتی مرۆڤ دا.

ئەگەر هەر یەکێك لەئێمە سەرنجی ناخی خۆی بدات و لە هەڵس و کەوتەکانی خۆی بڕوانێت، ناتوانێت نکۆڵی بکات ، لەبوونی هاندەرێکی خۆنەویست لە ناخی دا، کە پاڵی پێوە دەنێت بەرەو هەندێك کردار و گوفتار بەشێوەیەك خۆی هەستی پێ ناکات.

ئەو هاندەرە لەوانەیە لەگەڵ چەمکەکانی فرۆیددا نەچەسپێت، وەلێ لە هەموو مرۆڤێکدا بە مانا زگماکیەکەی بوونی هەیە... ئێمە ڕەنگە بە "ئەست" ناوزەدی بکەین، یان هەر ناوێکی‌تری بەسەر دا ببڕین... ناونان لەم ڕووەوە هیچ گرنگیەکی نیە.. ئەوەی بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە دەرك بکەین بەوەی لە پشتی ئەم ئەقڵەمانەوە کە بیر دەکاتەوە ئەقڵێکی دیکە هەیە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ هەڵبژاردنی ڕەفتارێکی دیاریکراو بەرانبەر بەخەڵك و، بەرانبەر بەشتەکان بێئەوەی ویستێکی وشیارانەمان تیای دا هەبێت.

ئەمەش یانی، ئێمە هاودەنگین لەگەڵ فرۆیددا لەسەربوونی هاندەری ئەستی لە مرۆڤدا، وەلێ لە لێکدانەوەی هاندەرەکاندا لەگەڵی دا ناکۆکین. ئێمە بەو ڕوداو و ئەزمونانە لێکی دەدەینەوە کە مرۆڤ لەژیانی دا بەسەریدا دێت لەکاتێکدا فرۆید بەچەمکی غەریزە یان ئەو چەمکانە لێکی دەداتەوە کە بیرمەندان لەسەدەی نۆزدەدا لەگەڵی دا ڕاهاتبوون.

گەنجینەی دەماغ:

مرۆڤ لە ژیانی دا، ڕۆژانە هێندەی ڕوداو بەسەر دا دێت کە خەریکە نەتوانێت بیان ژمێرێت... ئیتر یان چێژ لەو ڕوداوانە وەردەگرێت یاخود ئازار، یان سوودمەند دەبێت لێیان یاخود زیانەومەند دەبێ... ئینجا زەمەن بەسەر ئەو ڕوداوانەدا تێدەپەڕێت و، دەچنە خانەی لە بیرچوونەوە و کەسەکەش وا دەزانێت بۆ هەتاهەتایە ڕوداوەکە لە هزری دا سڕاوەتەوە، هەروەها مرۆڤ زانیاری زۆر لەبەر دەکات و بەشی هەرە زۆریانی

لە یاد دەچێت، واش دەزانێت ئەو زانیاریانەی لە بیری چوون چیتر بەسوود نین بۆی، بۆیە بۆ هەتایە لە هزری دا بزر بوون.

لە ڕاستی دا هەموو ئەو ڕوداوانەی بەسەر مرۆڤدا دێن، بەشێوەیەك لەشێوەكان كار دەكەنە سەر هزری، كاریگەریەكەش لە قوڵاییەكانی هزردا دەمێنێتەوە، با مرۆڤیش وا بزانێت لە بیری چوە... لە بیرچونیش هیچ نیە جگە لەبزربوونی بیرۆكە لە ناوەزی وشیار، لەو كاتەدا دەگوازرێتەوە نێو ناوەزی ناوەكی... لەوێدا بەقەتیس كراوی دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی دەرفەتێكی گونجاو دەكات بۆ بەدەركەوتن... زۆربەی جاریش كاتێ بەدەر دەكەوێت كە ناوەزی وشیار بێ ئاگا بوە یاخود نوستوە.. وەك لەبەر دا دیتمان.

وەك لەبەشی (شازدەهەم) دا ئاماژەمان پێدا، توێژینەوەكانی (دكتۆر بلومنفلد) ئەوەیان ڕوون كردەوە كە چۆن مێشكی مرۆڤ لەو ئەقڵە ئەلكترۆنیانە دەچێت كە لەم دواییانەدا زانایان دایان هێناوە... چونكە لە قوڵاییەكانی خۆیدا هەموو ئەو زانیاریانە سەیڤ دەكات كەبەسەری دا دێن... لێرەدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت كە ئەقڵی ئەلكترۆنی تەنها ئەو زانیاریانە سەیڤ دەكات كە زاناكان بەئەنقەست و خواستی خۆیان تیای دا تۆمار دەكەن... وەلێ دەماخی مرۆڤ هەموو ئەو ڕوداوانە زەخیرە دەكات كە بەسەر مرۆڤ دا دێن، ئیدی زیان بەخش بن یاخود سوودبەخش... لێرەوەیە كە دەبینین ئەست هەندێ كەس نغرۆ دەكات و دەیانكاتە شێت یاخود (گێلە پیاو)، هەندێك كەسیتر بەرز دەكاتەوە و دەیانكاتە بلیمەت یان خاوەن بەهرەی نائاسایی.

ئەمەش ڕاستی ئەو گوتەیەی مامۆستا (مایرز) دەسەلمێنێت كە وەسفی چالاكیە نەستیەكان دەكات و دەڵێت: چالاكی نەستی لە مرۆڤ دا پێك دێ لە كانگایەكی ئالتون و سەلوێنكێك لە پیسایی.[٢]

ئەوە لە بەرژەوەندی مرۆڤدا نیە كە نكوڵی لە ئاسەواری نەست بكات لە ژیانی دا، چونكە بەوە لایەنێكی گرنگی پێكهاتەی كەسایەتی خۆی فەرامۆش دەكات.. ئەو فەرامۆش كردنە لە لایەك دەبێتە هۆكەورەترینی ئاڵۆزیە دەرونیەكان و لە لایەكی دیكەشەوە وەبەرهێنانی بەهرە نەستیەكانیش لاواز دەكات.

رۆحانیەكان و نەست:

سەیر لەوەدایە لەو كاتەدا كە دەبینین هەندێ كەس نەست بە بابەتێكی میتافیزیكی دەزانن، لەهەمان كاتدا هەندێ كەسی دیكە بە پێچەوانەوە بە چەمكێكی (مادی) وای دەبینن كە سەر دەكوتێ بۆ بێباوەڕی.

یەكێ لەو سەیر و سەمەرانەی كە هەقە لەم ڕووەوە باس بكرێت، ئەم بەسەرهاتەی منە لەیەكێك لەو گۆڤارە ئاینیيانەی لە عێراق دا دەردەچن، بابەتێكم خوێندەوە، نوسەری بابەتەكە سەركۆنەی موسڵمانان دەكات لەسەر بڵاو بونەوەی بیرۆكە لانیكیەكان لەنێویاندا، هەروەها داوا لە وەزارەتی (مەعاریف) دەكات دەسگاكانی فێركردن پاك بكاتەوە لەو جۆرە بیرۆكانە، یەكێك لە داواكاریەكانی ئەو نوسەرە بریتیە لە پاك كردنەوەی قوتابخانەكان لە تیۆرەكانی داروین و فرۆید و هەموو ئەو بیردۆزانەی تریش كە پێچەوانەی قورئان و ئاینی ئیسلامن.[٣]

نوسەرێكی تریش لە میسر سەركۆنەی توند و ڕەخنەی سەختی دابارانـدوە بەسەر ئەو زانا دەروونناسانە دا كە دان بە بونی نەست دا دەنێن لە مرۆڤ دا.. ئەو دەیەوێت چەمكی نەست بسڕێتەوە و چەمكی (ڕۆح)ی لە جێگەدا دابنێت، و بڕوای وایە لێكدانەوەی ڕۆحی دیاردە دەرونیەكان لە هەر لێكدانەوەیەكی تر نزیكترە لە ڕێبازی زانستیەوە.[٤]

وا دیارە زۆر كەسی وەكو (ئەبولخەیر) لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بونیان هەیە، و لەم ماوەیەی دوایش دا ژمارەیان ڕوو لە زیادبونە لەبەر هۆیەك كە شاردراوە نیە لە خوێنەری ژیر و هۆشمەند، من لێرەدا نامەوێت مشت و مڕیان لەگەڵ دا بكەم لەسەر ئەو ڕایەیان، وەلێ دەمەوێت سەرنجی خوێنەر ڕابكێشم بۆ ئەوەی كە ئەو جۆرە كەسانە سەرەڕای خۆدەرخستنیان بەوەی ڕەوتی زانستیان وەرگرتوە لە نوسینەكانیاندا، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ نین جگە لە كەسانێكی "ئایدۆلۆژیست" و لەڕاكانیاندا لە بەر ڕۆشنایی داخوازیەكانی بیرو باوەڕە مەوروسەكاندا دەڕۆن بەڕێوە، دواتر دەشیانەوێت زانست شوێن پێی ئەوان هەڵگرێت.

بۆچوونی (مکدوجل):

(ولیەم مکدوجل) یەکێکە لە زانا دەروونناسە بەناوبانگەکان.. لەساڵی ١٩٠٨ دا ناوبانگێکی گەورەی بۆ پەیدا بوو لەکاتێکدا هەوڵی دا دەروونناسی بەکار بێنێ لەخزمەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەو ڕووەوە قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نیە لە قوتابخانە دەروونیەکەی (مکدوجل) بکۆڵینەوە. تەنها مەبەستمان ئەوەیە بڵێین (مکدوجل) یەکێك بوو لە دوژمنەکانی (نەست) و هێرشێکی توندیشی کردۆتە سەری، تەنانەت نکۆڵی لە بوونیشی کردوە... ئنجا هەندێ لەکەسانی سادە بۆچونەکانی (مکدوجل)یان کردۆتە بەڵگە بە دەستی خۆیانەوە و هەوڵ دەدەن بەو بۆچوونانە بیردۆزی (نەست) لە بنەڕەتەوە پوچەڵ بکەنەوە.. جێگەی نیگەرانیشە کە دەبینین هەندێ لەمامۆستاکان لەعێراق دا شوێن پێی ئەو کەسە "سادە" و ساکارانە هەڵدەگرن.

لەڕاستی دا (مکدۆجل) لە بنەڕەتەوە چەمکی نەستی پوچەڵ نەکردەوە، بەڵکو تێگەشتنی (فرۆید) ی بۆ ئەو چەمکە بەهەڵە داوەتە قەڵەم ... بەدەربڕینێکی تر ئەو دانی ناوە بە بوونی هەندێ هاندەری پەنامەکی دا بەرەو جۆرە ڕەفتارێکی دیاری کراو بێ ئەوەی خۆیشی هەستیان پێ بکات ... گوێ بگرە ! ئەوەتا دەڵێت : (من بەبێ خۆ بەستنەوە ، ئەو ڕیەم بێ پەسەندە کەبێی وایە زۆرێك لە چالاگیە هزریەکان لەدەرەوە ی چوار چێوەی کۆششی وشیارماندا ڕوو دەدەن ... هیچ بەر بەست ورێگری نابینملەوەی ئەو چالاکیانە بە نەست ناوزەد بکرێن ، هەر چەندە پێم باشترە گەر بە "ژێرە هەست " ناوبنرێن ... بەڕاستی ئەو چالاکیانە گرنگی یەکی گەورە یان هەیە.)[5]

بەسەرهاتێکی خۆش :

تکام وایە خوێنەر ڕێگەم بدات زنجیرەی ئەم باس وخواسە ببچڕێنم تاکو بەسەرهاتێکی دەگمەن وخۆشی بۆبگێڕمەوە کەبەسەر خۆمدا هات لەکاتێکدا سەرقاڵی نوسینی ئەم دێڕانە بووم ... لەکاتی سەرقاڵیم دا بەنوسینەوە ی:جانێ ﴿قاوە﴾

وشوشەیەك ﴿ مرەكەب ﴾م لەبەردەمدابوو سەری شوشەكەم لابرد تاكو قەڵەمەكەم پڕبكەم لەمرەكەب بەڵام لەبریتی ئەوەی قەڵەمەكەمی تێ بكەم شوشەكەم بەرزكردەوە بۆلای دەمم وەك ئەوەی بمەوێت لێی بخۆمەوە ۰۰۰ دەركم بەم هەڵەیەشم نەكرد تائەو كاتەی كەخەریك بوو مرەكەبەكە بكەمە دەمم و بڕژێت بەسەر جلە كانمدا .

ئەم چیرۆكە لەوانەیە نمونەیەكی سادەی ئەوە بداتە خوێنەر كەنەست لەمرقدا چۆن كار دەكات ۰۰۰ من كاتێ شوشەكەم بەرز كردەوە بۆ دەمم لەژێر كاریگەری پاڵنەری خواردنەوەی قاوەكەی بەر دەمم دا بووم ۰۰۰ ئەمەش یانی ، نیازی خواردنەوە یقاوەكە لەسەرەتادا هاتووە بەمێشكم دا ، بەڵام دوای ئەوەی هەستم بەووشك بوونی قەڵەمەكەم كردووە ئەو نیازەم لەبیرچووە ۰۰ كەچی ئەونیازە لە (ناوەزی ناوەكی) مدا بەقەتیس گراوی ماوەتەوە ، هەر ئەوەش هانی داووم بۆ خواردنەوەی مرەكەبەكە لەبری قاوەكە ۰ پێویست بەوە ناكات كەبڵێین ، ئەو كارەی من كردوومە زۆرینەی خەڵك لەكاروبارە جۆراوجۆرەكانی ژیانیاندا دەیكەن ، تەنانەت لەوانەیە كارەكانی ئەوان بەوشێوە كارە ساكارەی مندەوە نەوەستێت ۰۰۰ بەڵكو هەندێ جار كارەكانیان سەرەنجامی مەترسی داری دەبێت ۰ زۆری جاری وا هەیە مرۆڤ بەرەو كارێك پاڵ دەنرێت لەكاتێكدا خۆی كارێكی دیكەی گەرەكە ، نەخاسمە لەو كاتانەدا كە پاڵنەرەكانی هەست و نەست پێكدا دەگێشن ۰۰ بۆیە دەبینی سوێند دەخوات بەخودا كە ئەو كارەی بەنەنقەست نەكردووە ، كەچی خەڵكی بڕوای پی ناكەن !! ۰

زۆر جاری واش هەیە مرۆڤ سەهو دەكات ودەستەوسان دەبێت لەوەی شتێك لەنزیكی خۆیەوە ببینێت ، چونكە ئاوەزی ناوەكی ئەو كەسە ڕووی لەشتێكی تر كردووە ۰۰۰ بەردەوامیش بەبێ سوود بەشوێن شتە نزیكەكەدا دەگەڕێت ۰ دەگێڕنەوە ئافرەتێك منداڵەكەیی بە باوەشەوە دەبێت ، كەچی بەشوێنیشی دا دەگەڕاو لەخەڵكی دەپرسی : كوانێ ؟ بۆ كوێ چوو ؟ خەڵكیش نازانن بەدووی ئەو منداڵەدا دەگەڕێت كەلە ئامێزی دایە ۰۰ هۆی ئەم ڕووداوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەژنەكە زۆر ترساوە لەوەی كوڕە بچوكەكەیی لێ بزربێت ۰۰ ئەم ترسەش چۆتە نێو ئاوەزی ناوەكیەوەی وئەمەش

وایكردووە ونبونی منداڵەكەی بەخەیاڵدا بێت ، سەرەڕای ئەوەی لەبەر چاو و دەستیشی دا بووە ٠

ئەزموونەكەی(پاڤلـــۆڤ):

هەنوكە دەگەڕێینەوە سەر لێكۆڵینەوە لە (ئەست) لەرووی سروشتە بابەتیەكەیەوە ، لەوانەیە لێرەدا باسكردنی ئەو ئەزموونە بەكەڵك بێت كەمامۆستا (پاڤلۆڤ)لەسەر (سەگ) جێبەجێ ی كرد٠٠ بەڕای من ئەو ئەزموونە پەیوەندیەكی زۆری هەیە بە بابەتی ئەستەوە لەمرۆڤدا ٠

پوختەی ئەزموونەكەش ئاوایە : پاڤلۆڤ ، سەگێكی هێنا و شەویلگەی خوارەوەیی كون كرد، وبۆریەكی لەو كونە بەست بەجۆرێ لیكی سەگەكە لە وبۆریەوە بڕژێتە نێو دەفرێكی تایبەتی پێوانە كردنەوە٠٠٠ پاڤلۆڤ هەندێ جار خواردنێكی بەتام وچێژی بۆ دەهێناو لەهەمان كاتدا زەنگێكیشی لێدەدا ٠ مەبەستیشی لەوەبوو هەموو جارێ خواردنی خۆراكەكەهاوكات بێت لەگەڵ لێدانی زەنگەكەدا٠

لەكۆتایی دا (پاڤلۆڤ) تەنها زەنگەكەی لێ دەدا ، بەبێ ئەوەی خۆراكەكەی پێ بدات ، بۆی دەركەوت لیكی سەگەكە لەگەڵ لێدانی زەنگەكەشدا دەڕژێت ٠٠٠ لێرە وە پاڤلۆڤ گەشتە بەرەنجامگیری ئەو ڕێسا زانستی یەی كەدەڵێت : (بۆی هەیە هەر كاریگەریەكی لاوەكی ، ببێتە كاریگەری سەرەكی ، ئەگەر كاریگەریە لاوەكیەكە چەند جارێكی تەواو هاو كات وهاورێ بێت لەگەڵ كاریگەریە سەرەكیەكەدا٠٠٠) پاڤلۆڤ ئەم ڕیسا زانستی یەی ناونا (بەدەمەوەچوونی مەرج دار) ٠٠ [٩]

مرۆڤ و بەدەمەوەچوونی مەرجدار :

بەم دواییانە دەركەوتووە كەبەدەمەوە چوونی مەرجدار ، وەك چۆن بەسەر سەگدا دەچەسپێ ، بەهەمانشێوە بەسەر مرۆڤیشدا دەچەسپێ ، تەنانەت دەگونجێ زۆرێك لە دیاردە دەرونیەكانی پێ شرۆڤە بكرێت ٠

بابۆ نمونە وای دابنیین ، گەنجێکی عاشق ، دەرفەتی ئەوەی بەدەست کەوتووە چەند ڕۆژێك لە باخێکدا لەگەڵ خۆشەویستە کەیدا ژوان بگرن ، ئەو ڕۆژانە لە خۆشترین ڕۆژگارەکانی تەمەنی بوبێتن ، واش هەڵکەوتووە لە باخەکەدا (ناعور) ێك هەیە کە بەدرێژایی ئەو چەند ڕۆژە دەنگێکی تایبەت دەردەکات ئەو کات ئەنجامەکە چی دەبێت ؟؟ ئەو گەنجە بەتێپەڕینی کات ئەو ماوە خۆشەی لەبیر دەچێتەوە کەپیای دا گوزەری کردووە ، بەڵام هەمیشە ئارەزووی بەلای دەنگی (ناعور) دایە ، یان بەلای هەر دەنگێکدایە کە لەسەدای ناعور بچێت ٠٠ تەنانەت لەوانەیە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێت بەبیستنی ئەو دەنگە بکەوێتە گۆرانی گووتن وشانە لەرزە (دەربڕینی وەرگێڕ) ٠٠٠ دەگونجێت بڵێین کاریگەری دەنگەکە چۆتە قوڵاییەکانی دەروونی وئاسەواریان لەسەر هەڵس وکەتەکانی بەجۆرێکی ئەستی وخۆنەویستانە داناوە٠

زۆربەی ڕواڵەتەکانی ڕەفتاری مرۆڤ بەم جۆرە بەڕێوەدەچن ، مرۆڤ کۆمەڵێ کارو ڕەفتار دەکات بێ ئەوەی بزانێت سەرچاوەکانیان لەچ قوژبنێکی دەرونی دان ٠٠ جاری وا هەیە بۆ یەکەمجار کەسێك دەبینی ، بەڵام هەست دەکەیت ڕقێکی زۆرت لەو کەسەیە٠٠ کەلە هۆکاری ئەو ڕقەشت دەپرسیت ، وەڵامت پێ نیە ٠ لەڕاستی دا تۆ لەبەر هۆکارێکی شاردراوەی نێو قوڵاییەکانی ناخت ڕقت لەو کەسەیە، بێ ئەوەی تۆ بەجۆرێکی ووشیارانە ئاشنابیت بەو هۆکارە٠

ئەو کەسەی ڕقت لێیەتی لەوانەیە لەئەدگارەکانی ڕوخساری دا یاخود لەهەڵس وکەوتەکانی دا لە کەسێکی تر بچێت کەلەڕۆژگارەکانی ڕابردوو دا دەست درێژی کردۆتە سەرت یاخود ئازاری داویت ، بۆیە لەو کاتەدا زۆر ڕقت لێی هەستاوە و لەوانەشە هەوڵت دابێ تۆڵەی لێ بکەیتەوە بەڵام سەرکەوتنت بە دەست نەهێناوە٠٠٠ ڕۆژگاریش کەبەسەرتدا تێ پەڕیوە، ڕوداوی دەست درێژیەکەی لەبیرت بردۆتەوە، وەلێ بەردەوام ڕقت لە هەرشتێکە کە ئەو ڕوداوەت وەبیر بێنێتەوە٠

نمونەیەکی ڕاستەقینە :

خوالێ خۆش بوو (سلامە موسا) باسی پیاوێکمان بۆ دەکات کەزۆر ڕقی لە جگەرەکێشان بووە ، بۆیە هەرکات بەناچاری جگەرەیەکی بکێشایە ، گورج دەچوو بە ئاو

دەستی دەشۆرد ، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئەو کابرایە لەسەردەمی منداڵێتیدا لە ژێر چاودێری خزمەتکارێکی دابووە ، کەپیاوێکی قەڵەوی گەورە بووە ، پەیوەندی ئەم لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا باش نەبووە ، چونکە زۆر جار خزمەت کارەکە وەك ئەوەی بێ گاری پێ بکرێت دەیبردە قوتابخانە... جگە لەوەش ئەو پیاوە شێوازێکی زۆر قێزەونی دەبێت لە کۆکردنەوەی ئاغزە جگەرە وجگەرە کێشاندا ، بە جۆرێ بۆنێکی زۆر ناخۆشی جگەرە کێشانی گرتبوو ، منداڵەکە بەو بۆنە ناخۆشە ئازاری پێ دەگەشت لەو کاتەی دەیبردە مەکتەو ... بۆیە کاتێ منداڵەکە گەورە بوو بەو جۆرەی بینیمان، (ڕق) لەجگەرەکێشان) تیایدا بویە گرێ یەك و لەناوەزی ناوەکی دا بنجی داکوتا... [٧]

ئادەمیزاد وسپلۆت :

فرۆید ئەم دیاردە دەروونیەو دیاردە هاوشێوەکانی بەوە ڕاڤە دەکرد کەبەرەنجامی ئارەزوویەکی خەفە کراون... وەلێ بافلۆف بەرێسای (بەدەمەوەچوونی مەرجدار) ێکی دەداتەوە ... هەرچۆن بێت ، ڕاڤەکەی فرۆید ڕاست دەرچێت یان شرۆڤەکەی بافلۆف ، بەرەنجامەکەی هەر چوون یەك دەبێت ، ئەویش ئەوەیە کەمرۆڤ هەندێ کار دەکات ، بێ ئەوەی بیری کردبێتەوە لێ ی یاخود وەئاگا بێت لەکردنیان دا .

لێرەدا ئەوەی شیاوی ئاماژەپێدانە ، ئەوەیە کە (بافلۆف) بەو ئەزموونانەی شوازیاری ئەوە نەبوو لە ئەستی مرۆڤ بکۆڵێتەوە ، چونکە ئەو پسپۆڕ بوو لەزانستی فەسلەجە) دا ، بەو پێ ودانگەش لە (فەسلەجە)ی سەگی کۆڵیوەتەوە ، کەلە هەندێك ووە وە لەفەسلەجەی ئادەمیزاد دەچێت . لەڕاستی دا هەر وایە ، مرۆڤ جیاوازیەکی گەورەی نیە لەگەڵ سەگ و ئاژەڵە شیر دەرەکانی تردا لەڕووی فەسلەجیەوە... وەلێ لەلە ڕووی سایکۆلۆژیەوە لە سپلۆت و مرۆڤ دەکۆڵینەوە جیاوازیەکی گەورەیان لەنێواندا دەبینین .

سپلۆت ئاوەزی وشیار وبیرکردنەوەی نیە ، بەو جۆرەی کە مرۆڤ هەسی . ئەمەش انی سەگ وەك ئامێرێکی کەڕ دەچێتە ژێر کاریگەری بەدەمەوەچوونە مەرج دارە انیەوە .هیچ جیاوازیەك ناکات لەنێوان ئەو بەدەمەوەچوونە وبەدەمەوە چوونە

ئاساییەكانی دا٠٠ وەلێ مرۆڤ ئاژەڵێكی بەبیرە ، لەبەر ئەوە دووچاری هەندێ لە ململانێی دەرونی دەبێت لەنێوان ئەوەی بیر كردنەوەی وەناگای داوای لێ دەكات وئەوەشی كە بە دەمەوە چوونە مەرج دارەكانی دەیانەوێت ٠

مرۆڤ كاتێك ڕقی لەكەسێك دەبێت‌بەبێ‌ئەوەی پێشتر ناسیبێتی ئەوانا‌توا نێت بەهۆی ئەم هەستەوە ،وەكو سەگ خۆی بدات بەدەم ئەوپاڵنەرەوە،چونكە ئاوەزی وشیاری بەربەستی ئەوهەستەی لێدەكات ٠٠ لەوكاتەش دادەكەوێتەنێو هەڵوێستێكی بێزار كەرەوە ،لەلایەكەوە بەلایەوە نارەحەتە كەبانگەوازەكانی عەقڵی فەرامۆش بكات بەوەش بكەوێتە بەر ڕق وخەشمی خەڵكی ،لەلایەكی تریشەوە بەلایەوە نارەتەئەوهەستەی سەركوت بكات بەبێ ئەوەی لەدەرچەیەكە هەناسەیەكی پێ بدات .

ئەزمونێكی سێكسی :

یەكێكی‌تر‌لەتوێژەران ئەزمونێكی لەسەر سەگ پەیرەوكرد بەهەمان شێوە ئەزمونەكەی (بافلۆف)

- ئەوەبوو (گەماڵێك)ی هێنا ولەماڵەوە لەگەڵ خۆیدا پەروەدەی كرد ،هەمووجارێ دەڵێكی دەهێناو بۆناشنابونیان بەیەكتری وەوازی لێ دەهێناو لەدورەوە چاودێری دەكردن ٠٠٠ هەركات گەماڵەكە بیوستایە بەدەم غەریزە سێكسیەكەوە بچێت ولەگەڵ دەڵێك دائەو غەریزەیە تێر بكات ،زاناكە تەزویەكی عەلەتریكی دەخستە سەری وواى لێ دەكرد سەگەكە بلورێنێت وڕابكات ٠٠٠ توێژەرەكە ئەم ئەزمونەی چەندجارێك دووبارە كردەوە ،تاوای لێهات سەگەهەژارەكە هەركات دەڵێكی بەرچاو بكەوتایە ڕای دەكرد ٠٠ [٨]

ئەم ئەزمونە سەرەڕای ئەوەی سا دەو ساكارە ،وەلێ یارمەتیمان دەدات لەتێگەشتنی ئەولادانە ڕەوشتی یانەی كەهەندێ جار لەهەندێ خەڵك دا بەدی دەكەین ،هەروەها لەڕادەی كاریگەری ئەستیش لەولادانانەدا تێمان دەگەیەنێت ٠ مرۆڤ بەسروشتی خۆی ئارەزوی بەلای شتێك دادەبێ ،بەڵام دوای ئەوەی بەئەزمونی سەخت دادەڕوات ،وای لێ دێت ڕقی لەوشتە دەبێتەوە ٠

بۆنمونــەئەولادانــە سێکســیە وەربگرە،کەلــەنێو پیــاوانی لای ئێمــەدا لەســەردەمی عوسمانیەکانــدا تەشــەنەی کردبــوو ،وئێمــە دەزانــین ئــەو پیاوانــە بەسروشــتی خۆیــا ن حەزیان لەژن بووە،بەلام لەژینگەیەکدا ژیاون کەئافرەت قێزەون ونەزان بووە ولــەدنیادا هیچی نەزانیوە جگە لەهات وهاوار وسکالاکردن ٠ کەوابێ دەبوا پیاو خۆیبەگەورە تـر بزانیایە و لەگەڵیدا دانەنیشتایە وزۆرلەگەڵی دانەمایەتـەوە ،وئەگـەر پیاوێکیش بـەوە ناوبانگی پەیدا بکر دایە کەحەزی لە دانیشتن وتێکەڵاویـە لەگەڵ ژنـان دا ،هاوەڵەکانی بەوەتۆمەتباریان دەکرد کەژنانیەو پیاوەتی ی ناتەواوە ٠

دەگونجێت بڵێین ئەوبارو دۆخە کۆمەڵایەتیە ، دروست لەوڕوداوە دەچێ کەبەسـەر ئەوگەماڵەداهاتبوو ،هەرکات لەدەڵێك نزیك بكەوتایەوە تەزویەکی کارەبایی بـەگیانی دا دەهات ٠٠ هەرپیاوێکیش لەدۆخێکی وادا بژی ،هەوڵ دەدات فەرەبوی خۆش ویستنی ژن بەخۆش ویستنی مێرد منداڵان بکاتەوە !!. گرفتەکەش لێرەدا لەوە تێ پەڕ ناکات ، کە گـرێ یـەکی نەستی هەیـەو وا لـەپیاو دەکات کـەم تـا زۆرێـك تـەرێز لـە ژن بکات ٠ کاتێکیش وا دەکات خۆیشی نازانێت لە چ سەر چاوەیەکەوە حوکمی کردنی ئەو تەرێزەی بەسەردا دەدرێت ، بەڵکو لەژێر پاڵنانی ئەو گـرێ دەرونیـەدا کارەگە دەکات کە ژینگە کۆمەڵایەتی یەکەی تیای دا دروستی کردووە٠

لەم بارەوە باسێکی خۆش لەیەکێك لەشاعیرە عێراقیەکان دەگێرنەوە، ئەو هۆزانڤانە ئەوەیـەکی سـەدەی نۆزدەهـەم بووە و نـاوی (شـێخ صـــالح تـەمیمی) بـووە ٠٠ دەڵێن زۆری تەرێز لەئافرەتان وقسەکردنیان بووە و ، قەڵس بووە بەشێوەی لەشی ئافرەتـان ، تەنانەت یەکێك لـە لـە هۆنراوەکانی دا وەسفی سنگی ئـافرەتی کـردووە و گوتوویـەتی دومەڵێکە و بەتێپەڕینی کات دەپوکێتەوە٠٠٠ [٩]

بەهێزترین گومان ، ئەوەیە کەئەم شاعیرە ئەو قسەیەی لەژێر کاریگەری گرێ یـەکی دەرونی دا کردووە ، لەوانەشە گـەر ئـەو گـرێ یـەی نەبوایە قسـەیەکی پێچەوانەی ئـەم قسـەی ئێسـتەیی بکردایـە ، لـەو کاتەشـدا سـنگی ژن لەبەرچاوی دا دەبـووە جـوانترین گۆیەك (دەربڕینی وەرگێر) کـەخودا وەدی هێنابێت و دەنگی ناخاوتنیشیانی لەبـەر گوێ دا دەبووە سەدای چەهچەهەی هەزار دەستان ٠

خەڵکی لە زۆربەی دیاردەکانی ڕەفتار و ڕەوشتیاندا بەو جۆرەن ٠٠٠ لەژێر کاریگەری ئەو ئامازە کۆمەڵایەتیانەدا دەڕۆن بەڕێوە مەگە ڕۆدەچێتە نێو ئاوەزی ناوەکییان ، دوای ئەوە دێن دەست دەکەن بەهێنانەوەی بەڵگە گەلێ لۆژیکی بۆ پاساو دانی ئەو ئاکارەی لێیان وەشاوەتەوە٠

ڕاو بۆچوون و ئایدۆلۆژیاکان :

کاریگەری ئەست، تەنها لەئاستی ڕەوشت و ئاکاردا کورت هەڵناهێنرێ ٠ بەڵکو کاردەکاتە سەر ئەو ڕاو بۆچوون و بیر وباوەڕانەی ، کە مرۆڤ بڕوایان پێ دێنێت و ، واش گومان دەبات گوایە لە دوای بیر کرنەوەیەکی ساغەوە گەشتۆتە قەناعەت کردن بەو بیروباوەڕانە:

بۆ نمونە ، ئەو کەسە دۆگمایانە وەربگرە ، کە دەمارگیریەکی زۆریان هەیە بۆ نەریتی ڕوپۆش (حیجاب) ی ئافرەتان ، و بەڵگەی ئەقلی ونەقلیش دێننەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو نەریتە باشترین قەڵایە بۆ پاراستنی ئابڕو و داوێن پاکی ئافرەت ٠٠هۆی ئەوەیە هەر یەکێکیان بگریت لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاوە، نەریتی ڕوپۆشکردن تیایدا توند و تۆکمە بووە ، بەڕادەیەك خەڵکی لەو کۆمەڵگەیەدا کەوەسفی ئافرەتێکی بە ئابڕویان کردووە گوتوویانە (کیژی ماڵەوەیە) و دەنگی ناچێتە دەرەوە و کەس تاکە پەنجەیەکیشی نەدیووە ٠

ئەو ئامازەدانە کۆمەڵایەتیە دەچێتە قوڵاییەکانی دەروونەوە ، تازیاتر بەسەر مرۆڤدا چەند پات بکرێتەوە، هێندە زیاتر بە نێو قوڵاییەکانی ئاوەزی ناوەکی دا ڕۆدەچێت ٠٠٠ لە دوایش دا کەمرۆڤ بیردەکاتەوە ، واهەست دەکات لەبیرکردنەوەدا سەربەست وئازادە ، هیچ هەست بەبوونی ئەو ئەو پاڵنەرە نەستی یەی کەلەژێر ڕووبەری بیر کردنەوەی دا خۆی مەڵاس داوە و هانی دەدات بۆ تەرێزکردن لەهەر بیرۆکەیەك کەبانگەشە بکات بۆ دوور کەوتنەوە لە ڕوپۆش ٠

دەمارگیری و بیر وباوەڕ :

ئاسایی مرۆڤ لەژینگەیەكدا پێ دەگات ،كەخاوەنی بیروبا وە ڕێكی دیا ری كراوە ،هەرئەوەندەی چاوی هەڵهێنابەدنیادا، دەبینێ دایك وباوك وكەس وكارەكەی، بتێك یان گۆڕێك یان پیاوێكی مێژوبە پیرۆز دەزانن وەهەمووچاكەو فەزڵێكی دەدەنەپاڵ ٠٠ ئاوەزی مرۆڤیش لەوباروودۆخەدا گەورە دەبێت تاهێدی هێدی دەدرێ ٠٠٠ كەسەكە سنور بەندو كۆت كراوە وپێشی وایە سەربەستە ، لەبەرئەوەیە دەبینین هەموو خاوەن بیرباوەڕێك متمانەی پتەوە بەوەی ئایدۆلۆژیاكەی خۆی ڕاست ودروستە ،ئەوانەشی كەپێچەوانەی ئەمن ،كەسانی دەمارگیرن – بەدبەختی بۆیان !

زۆرجار هەندێ لەو خێڵە گیانە دەبینم ئەوانەی بیرو باوەڕیان لەباو باپیرانەوە وەرگرتووە ،كەچی دەڵێن دوای ئەوەی لێكۆڵینەوەی هەموو ئایدۆلۆژیاكانی ناو خەڵكمان كردووە بەراوردمان كردون ،ئەوجا ئەم ئیدۆلۆ ژیایەمان پەسەند كروە ٠٠٠ ماوەیەك لەمەو بەر وتارێكی ئاسكی یەكێك لەو كەسانەم خوێندەوە كەبەدڵنیاییەوە دەڵێت : هەموو خاوەن ئاینە كان دەمار گیرن جگە لە خۆی وكەسانێكی وەكو خۆی نەبێت ٠٠ ئەو پیا وە ،خوا چاو پۆشی لێ بكات ،نازانێت خۆی چی دەڵێت ، خاوەن ئاینەكانی تریش هەمان شت دەڵێن !!

هەریەكێكیان بگری سەرنجی هەموو ئاینە كانی داوە و ، لەئاینە كەی خۆی چاكتری نەدۆزیوەتەوە ٠ چونكە هە رلەمناڵیە وەلەگە لێدا ڕاهاتوە و، بەوەش ڕەگ وریشەی ئایدۆلۆژیاكە درێژ بۆتەوە بۆنێو قوڵایی ئاوە زی ئاوەكی ، كەواتە ئەم ئایدۆلۆ ژیایە بیركردنەوە كانی ئەوكەسە سنو ر بەند دەكات، بەبێ ئەوەی خۆیشی هەست بكات ٠ ئەمەش یەك لەو هۆكا رە سەرەكیانە بووە كەوای لە زۆربەی خەڵكی كردوە تابەرانبەركێ و دژایەتی پێغەمبەران بكەن وبیان چەوسێننەوە و بەردیشیا بۆ بهاوێژن ،لەوەدا جیاوازی نیە لەنێوان محمد وعیساو بو دا وسوكرات دا ٠٠ ئەگەر نوسەری ئەو وتارەی ئاماژەمان پێكرد لە سە ر دەمی پێغەمبەرەكەی دا بژیایا ، ئەوا بەهێزترین گومان ئەوە یە كەدژایەتی پێغەمبەرەكەی دەكرد!!٠

بەڕاستی (جاحظ) جوانی گوتووە كەدەڵێت : (ڕاو بۆ چوون وبیروباوەڕەكانی مرۆڤ خۆ ویست نین ، بەڵكو بەسەریدا سەپێنراون ، جگە لەوش بەرهەنجامێكی حەتمی چۆنێتی دروست بوون و پێكهاتنی ئەقڵی كەسە كەو، ئەو ڕاو بۆچونانەشە كەدەخرێنە بەر دەمی۰۰۰ هەركەس ئاینێكی بخرێتە بەردەم و، پێی پەسەند نەبێ ، ناچارە بەوەی پەسەندی نەكات ۰۰ لە توانایدا نیە پەسەندی بكات ، چونكە ئەم خۆی بەرپرسیاری بیر و باوەڕەكانی خۆی نیە ، خوداش داوای شتێك لە كەسێك ناكات گەر ئەو شتەی لە توانادا نەبێت ۰۰۰۰ هەركەس توشی كوێری ڕەنگەكان بوبێت و ، سوور بە ڕەش ببینێ ، نابێ سەر زەنشت بكرێ ، چونكە ئەم ئەوەندەی لەتوانادا هەیە پێڵوەكانی چاوی بەرز بكاتەوە و دایان بخاتەوە ، وەلێ ئەوەی كە ئەم شتە بەڕەش وئەوی دیكەیان بە سووری ببینێ ، ئەمەیان لەتوانای ئەمـــــدا نیە ، سەبارەت بە شتە ماقوڵەكانیش هەر وایە ۰۰۰۰) [10] ۰

خودا پاداشتی (جاحظ) بداتەوە ! ئەوەتا بەر لەنزیكەی هەزار ساڵ دەركـــــی بەكاریگەری (ئەست) كردووە لە بیرو باوەڕ و ڕاو بۆچوونەكاندا ، لە كاتێكدا زۆرێك لە ئەوەكانی سەدەی بیستەم تا ئێستاكەش لێی بێ ئاگان ۰

بەڵـــــگەكان و بیروباوەڕ :

بیرمەندانی دێرین ، كۆمەڵێكی كەمیان نەبێ ، هەوڵیان دەدا تەنها لەڕێی بەڵگە ئەقڵیەكانەوە بیروباوەڕەكانیان بڵاوبكەنەوە ۰۰۰ دەمارگیریش بە حاڵەتێكی ڕە فتەنی و لەناكاو دادەنێن كەبەسەر ئاوەزی مرۆڤـــــدا دێت و لە نەزانین ونەزۆكی بیركردنەوەوە سەر هەڵئەدات ۰ لەبەر ئەوەیە دەمانبینین بەڵگە گەلێ ئەقڵی جۆراو جۆریان دادەباراند بەسەر هەر كەسێكدا كە بۆ غەیری بیرباوەڕەكەی ئەوان دەمار گیر بوایە، وایان گومان دەبرد ئەو كابرایە هەركە گوێی لە بەڵگەكانی ئەوان گرت ، دان دەنێت بەڕاستی و دروستی بەڵگەكاندا و ، دەمارگیریە كۆنەكەی خۆی واز لێ دێنێت ۰ وەلێ هەر كەدەیان بینی بەڵگەكان كاریان لێناكات ، لێیان تورە و دڕدۆنگ دەبوون یان تەنانەت لەوانەیە لەبەر خاتری خودا بشیان كوشتنایە!!۰

ئەو جۆرە کەسانە، بێ ئاگان لەوەی ئەو بەڵگانەی لەدیدی خۆیاندا بەهێزن ، لەوانەیە لەدیدی کەسانی تردا وانەبن ، مرۆڤیش لەمیانەی ئەو پێوەرە نەستی یانەوە سەرنجی بەڵگەکان دەدات کەبەنێو ئاوەزی ئاوەکیی دا ڕۆچوە··· هیچ بەڵگەیەکی گشتی نیە کەهەموو خەڵکی وەکو ڕۆژی ڕوناك ببیبنن ··· گەر لە دنیادا بەڵگەیەکی ئاوها هەبوایە ، ئەوا خەڵکی لەدێر زەمانەوە حەوابوونەوە·

تۆ ناتوانیت کەسێك والێ بکەیت بڕوابەڕاستی نوێ بێنێت ، مەگەر لەسەرەتاوە بتوانیت پێوەرە نەستی یەکانی بەشێوەیەك بگۆڕیت کەلەگەڵ ئەو بیرو باوەڕەدا وێك بێتەوە··· بانگەواز کارانی بیروباوەڕە جیاجیاکان لە مێژە پەییان بەم ڕاستی یە بردووە ، ئەوەتا دەبینین هەوڵ دەدەن جەماوەر ڕابکێشن بەرەو بیرو باوەڕەکەی خۆیان لەڕێگەی ئاهەنگ و ، کەرنەڤـــاڵ و ، مەراسیمی جۆراو جۆرەوە، پتر لەوەی هەوڵ بدەن لەڕێگەی بەڵگە ئەقڵیەکانەوە ئەو کارە بکەن · لەهەمان کاتدا ئەو بەڵگانەش فەراموش ناکەن ، بەڵکە ئەو بەڵگانە دەخـزێننــــە نێو هوتـاف ومەراسیم وســروتەکان ، وبەو جۆرەش بەڵگەکان بەتواناتر دەبن لەوەی بەنێو قوڵاییەکانی دەروندا ڕۆبچـــن ·

لە کۆندا بانگەواز کارانی بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان ، مەراسیمی نزا وسروتە ئاینی یەکانیان بەکار دەهێنا بۆ بەهێز کردن وبنچ داکوتاندنی بیرو باوەڕەکە لەنێو ئاوەزی شوێنکەوتوانیاندا··· وەلێ بانگخوازانی ئەم ڕۆژگارە ، هوتاف و کەرنەڤاڵ وئاهەنگ بەکاردێنن ·· ئینجا هەرکامێشیان بگریت یەك سروشتیان هەیە و کاریگەریەکی وێکچووشیان دەبێت ·

سروشتی ئەم کارە کۆمەڵایەتیانە، ئەوەیە کاریگەریەکی قوڵی نەستی لەسەر هـزر بەجێ دێڵن · مــــرۆڤـ کاتێ بەشداری لەو مەراسیمانەدا دەکات هەست بە گەرمایی عاتیفی دەکات، کەبە قوڵاییەکانی دەرونی دا دێت و دەچێت ··· هەرگـــــا هوتاف بۆ بیرو باوەڕەکە زیاتر بدرێت ، مرۆڤ واهەست دەکات ئەو بیرۆکەیە بوەتە هەقیقەتێکی بەرجەستە و چیتر گومان لێکردنی سەختە ونەك هەر ئەوەندە بەڵکو

خەریكە بەچاو ببیبنێت ، جاگەر تۆ بوێریت مشت ومڕی لەگەڵدا بكەیت ، لێت تورە و قەڵس دەبێت و بە كوێرت دەداتە قەڵەم ،چونكە ئەو شتێ دەبینێ كە تۆ ناى بینیت!! ٠

لەوانەیە ئەو مرۆڤـە گۆڕانێكی بەسەردا بێت و، واوز لـەو بیرۆكەیە بێنێت كەپێشتر بڕوای پێی هەبووە ، وڕو لە بیرۆكەیەكی تر بكات ٠ لەو كاتەشدا شەرم ناكات لەوەی تۆمەتی كوێرێتی بداتە پاڵ ئەو كسانەی كەلەگەڵ ئەمدا واز لەبیرە كۆنەكەیان ناهێنن !!٠

پاڵنەری بەرژەوەندی تایبەت :

نكوڵ ناكـەین لـەوەی، زۆرینـەی ئەوانـەی دژایـەتی بـیرە نوێیـەكان دەكـەن، لەوكەسانەن كەخاوەنی بەرژەوەندی هەنوكەین بۆیە ڕقیان لەبیرە تازەكەیە چونكە دەترسن لەوەی بەرژەوەندیەكانیان هەرەس بێنێت ٠٠ ئـەم جۆرە كەسانە قورئان ناوی ناون ﴿موتریف﴾ەكان ٠٠٠ لێرەوە ئیتر دەتوانین لەوئایەتە قورئانیە بگەین كەدەڵێت : (مارسلنا في قرية من نذير الاقال مترفوها انا بما ارسلتم به كـــــافـــــرون) [٣]٠

لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو كۆمەڵگەیەكدا موتریفەكان كەمینـەن ، هەنـدی جاریش ژمارەیان لە ئەنگوستەكانی دەست وقاچ تێپەڕ ناكات ٠٠ هەرچی زۆرینـەی خەڵكیشە ، ئـەمانیش دژایـەتی بـیرە تازەكـە دەكـەن ، سـەرەڕای ئـەوەی لەتـەك بەرژەوەندیـە كانیشیانـــدا دەگونجێت ٠ هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕەكۆنەكەیان لەنێو قوڵاییەكانی دەرونیانـدا بنجی داكوتـاوە ، ئینجا موتریفـەكان ، دێـن وبەیـداخی پارێزگاری كردن لەو بیروباوەڕە"پیرۆز"انە ، بەرز دەكەنەوە ، خـەڵكیش وەكـو مێگـەل شوێنیان دەكەون٠

.خودی موتریفەكانیش، هەندێ جار بێ ئەوەی هەست بكەن ، خۆیان دەخەڵـەتێنن ٠٠٠ چـونكە بەرژەوەندیـەكانیان بـێ دەچـێت ڕەگ و ڕیشـاڵیان ڕۆچـوبێت بـە نێـو قوڵاییەكانی ناوەزی ناوەكییاندا و، ئەمەش هانیان دەدات بۆ شاردنەوەی هەقیقەت ، لە خۆشیان ولە خەڵكیش ،لەكاتێكدا واگومـان بـە خۆیان دەبـەن كەلـەپێناوی هەقیقـەت دا تێ دەكۆشن ٠٠٠ ئەوانەی بەرهەڵستی ودژایـەتی بانگەوازەكەی ﴿ موحەممەد﴾ یشیان

کرد پێک هاتبوون لە دوو بەش،بەشی هەرە زۆریان خەلکە ڕەشۆکیەکە بوون... بانگەوازەکەی (موحەممەد) لە بەرژەوەندی ئەم خەلکە بوو، کەچی ئەمانیش دژایەتی (محەممەد)یان دەکرد لەژێر کاریگەری ئەو پروپاگەندە چەواشەکارانەی کە گروپە بچوکەکە (خاوەن دەستەلات و بازرگان و پیاوە فێشمەکان) لەدژی (محمد) بەکاریان دەهێنا... کاتێک لە سایکۆلۆژیای ئەوانە دەکۆڵینەوە دەبینین دان نانێن بەهۆکاری راستەقینەی ئەو دژایەتی کردنەیان دا، بەلکو دەڵێن گوایە لەپێناوی پاراستنی ئەو کەلەپورە پیرۆزەدا خەباتیان کردوە کە لەباو باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، ڕەنگە هەندێکیشیان بروایان بەڕاستی ئەو قسەیان هەبێت، واتە ئەو فێڵە کاری لێکردوە کە خۆی خولقاندویەتی... بەو جۆرەش، بەلا و مەینەتی لەسەر کۆمەلگە سەخت تر دەبێ، بەتایبەت کە پالنەری بەرژەوەندی و پالنەری بیر و باوەڕ لە قولایی دەروونی دا یەک دەگرن... ئیدی بەو جۆرە پاڵ دەنرێ بەرەو کوشتنی کەسانی بێتاوان و، دەست درێژی کردنە سەر خەلکی، ئەم پاڵ پێوەنرانەش لە سنورێکدا ناوەستێ.

ئەست و ڕەوشت:

سیستەمی نوێی پەروەردە، چارەدۆزیی ڕەوشتی مرۆڤ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەزمونەی (بافلۆف)دا دەکات کە لەسەر سەگەکە پەیڕەوی کرد، پتر لەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئامۆژگاریە ئەبستراکتیکیەکاندا چارەسەری بکات، ئەو ئامۆژگاریانەی پیرانی کۆن لەبانگەوازە تۆباویەکانیان دا بەکاریان دەهێنا.

مرۆڤ ئاژەڵە، بەرلەوەی مرۆڤ بێت. بۆیە کاتێ ئامۆژگاری دەکەیت بەپێچەوانەی بەریت و بەدەمەوەچونە مەرج دارەکانیەوە، لەوانەیە بەڕێزەوە گوێشت بۆ بگرێت و، پێشت بلێت: "ئافەرینت کەم"، بەلام نابێت و ناسڵەمێتەوە لەوەی ئامۆژگاری خەلکی بکات... چونکە ئاوەزی وشیاری ئەو کەسە بەجۆرێک بیر دەکاتەوە و، ئاوەزی ناوەکیشی بە جۆرێکی دیکە، ئەو دوو جۆرەش جیاوازیان زۆرە!

هاورێیەکم سکالای دەکرد لەدەست ڕەوشت و ئاکاری مندالەکانی، ئەو لای وابوو پەروەردەیەکی باشی کردون... باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆنی پەروەردە کران و، و

دەیگوت: "زۆرم ئامۆژگاری دەكردن، ئەم دەمەیلا كاتژمێرێك تێپەڕێت بە بێ ئەوەی ئامۆژگاریەكی بەسودیان بكەم، بەلام بەداخەوە كە گەورە بوون پێچەوانەی ئەوە دەرچون كە من لێیانم دەویست" !!.

ئەو پیاوە وا گومان دەبا ئامۆژگاری ڕەوشتی مرۆڤ پاكژ دەكاتەوە، و هەر كات مرۆڤ لێوان بوو لە بیرۆكە باڵاكان ئەو دەمە لە ژیانی دا بەگوێرەی ئەو بیرۆكە بلندانە ڕێ دەكات... ئەمە نەك هەر بڕوای ئەو پیاوە یە (وەرگێڕ) بەڵكو بڕوای زۆرینەی پەروەردەكاران بوون لەسەردەمە كۆنەكان دا، زۆرێكیان تا ئەمڕۆكەش پەیڕەوی لێ دەكەن... ئەوانە دان نانێن بە بونی شتێك دا ناوی (نەست) بێ لەمرۆڤ دا، جگە لە (ئاوەزی وشیار) بەهیچ شتێكی دیكە لەمرۆڤ دا ئاشنا نین و ئەو ئاوەزمیان كردۆتە سەرچاوەی هەموو ڕەفتارە مرۆییەكان. هەر كات ڕێزبەڕی یەكیان لە ڕەفتاری مرۆڤێكدا بەدی كرد، بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە كە كەم و كورتی لە بیركردنەوی دا هەیە و، لە ئەنجامدا دەست دەكەن بە داباراندنی ئامۆژگاری و نەسیحەتی باڵا، گوایە دەیانەوێ چاكی بكەن، وەلێ لەو هەوڵەیان هیچیان دەستگیر نابێت جگە لەتۆز بەباداكردن!..

قەیمیەكان ئەو كەسە "خوێندەوارە تێگەشتوە"ی كە زۆرترین زانیاری كلاسیكی لە مێشكی دا هەلگرتوە، بە نمونەی كەسایەتی كامڵیان دەدایە قەڵەم. بۆیە هەر كات كەم و كورتیان لە ڕەفتاری دا بەدی بكردایە، لە چاو ئەوەی كە خۆیان ئومێدیان لێی كردوە، ئەوا سەریان سووڕ دەما و دەیان گوت وەكو نەخوێندەوارەكان ڕەفتار دەكات!.. بەدەربڕینێكیتر، ئەوان زانیاری ئەبستراكت دەكەنە چاوگی فەزیلەت و ئیدی ئاشزانن كاریگەری زانیاری ئەبستراكت لەچوارچێوەی وتە و زمان بادان تێپەڕ ناكات، هەر چی كردەوەشە، لەژێر كاریگەری هاندەرە ئاناگاكانی نێو قولایی دەروونەوە پەیدا دەبێ.

ئەزمونەكەی (بافلۆف) دەری خست، سەگەكە واز ناهێنێت لە نەریتەكانی سەبارەت بە لێدانی زەنگەكە، مەگەر بەهەندێ ئەزمونی دیكەدا تێپەڕ بێت كە لەڕوی كاریگەریەوە پێچەوانەی ئەزمونە كۆنەكەی بن... مرۆڤیش هەر وایە، لە نەریتەكانی دەست بەردار نابێت، لەكاتێكدا نەبێ كە كۆمەلگە هانی بدەن بۆ پەیڕەوكردنی نەریتێكی پێچەوانە... لەبەر ئەوەیە كە دەبینین مرۆڤەكانی لەمزگی دا چاكەكارن

نەخاسمە كە گوێ بۆ ئامۆژگارییەكان دەگرن، وەلێ هەر كە چونە دەرێ بۆ بازێڕ، دەست بەجێ هەڵدەگەڕێنەوە و دەبنە دز و جەردە، هیچ دڕدۆنگیش نابن لەو گۆڕانەیاندا، چونكە لە لایەن خەڵكی بازاڕەوە ئەو كردەوەیان بەسووك سەیر ناكرێت.

گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا:

لەبەر دا باسمان لەوە كرد كە مرۆڤ هەندێ جار دەكەوێتە نێو هەڵوێستی بێزاركەرەوە، ئەوەتا لە لایەكەوە لە كۆمەڵگەیەكدا دەژی كە بەهای كۆمەڵایەتی و نەریتی خۆی هەیە و، لە لایەكی دیكەشەوە لە قوڵاییەكانی دەروونی دا كۆمەڵێ ئارەزووی تایبەتی هەیە كە پێچەوانەن بە بەها و نەریتەكانی كۆمەڵگەكەی، دەی كەواتە چی بكات؟ سێ ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ چارەسەریی ئەو هەڵوێستە

بێزاركەرەی پێ بكات:

١. بەر لە هەر شتێ ، هەوڵ بدات ئارەزوە تایبەتیەكانی سەركوت بكات و دەریان نەبڕێ بۆ وەی خەڵكی پێی پێنەكەنن یاخود سزای نەدەن. وەلێ هەندێ جار ئەو ئارەزوانە بەهێز دەبن، تا ئەو ڕادەیەی بێئەوەی بەخۆی بزانێت لەدەستی دەردەچن، وەك ئەوەی لە بریتی قاوە، مەرەكەب بخواتەوە، یاخود ورد دیقەتی بەژن و باڵای ژنان بدات كە لەشەقامەكاندا بە بەردەمی دا دێن و دەچن.

٢. لەو بارەدا مرۆڤ پەنا دەباتە بەر فێڵی (پاساودان).[١٣]

واتە پەنا دەباتە بەر دروستكردنی بەڵگەیەكی ڕواڵەتی یاخود پاساوێكی لۆژیكی تاكو كردەوە ناشیرینەكەی خۆیی پێ بشارێتەوە... وەك ئەوەی دەڵێن بۆیە مەرەكەبی خواردۆتەوە چونكە بە سوودە بۆ تەندروستی، یان دەڵێ بۆ گندۆرەی میوەفرۆشەكەی نواڕیوە نەك بۆ سمت و كلۆكی ژنان !!.

٣ــ جاری وا هەیە مرۆڤ ناتوانێ ئارەزوە تایبەتیەكانی سەركوت بكات، بەڵكو بەجۆرێكی ئاشكرای وا لەژێر كۆنترۆڵی دەردەچن كە خۆیشی ناتوانێ پاساوی بدات، بۆیە هەر چەندە هەوڵ بدات پەردەپۆشی كات ، یاخود پاساوی بدات خەڵكی پێی

پێدەکەنن.. لەوکاتەدا مرۆڤ دەبینێت ناچار بوە بەوەی جیابونەوی خۆی ڕابگەیەنێت لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، ئیدی شوێنی ئارەزووەکانی دەکەوێت و گوێ نادات بەوەی خەلکی چی پێ دەڵێن... ئەوەش یەکەم هەنگاوی دەبێ لەسەرە ڕێگەی (شێت بوون)دا.

شێوەکانی پاساودان:

ئەو پاساوەی مرۆڤ بەکاری دێنێت بۆ پەردەپۆش کردنی پاڵنەرە خودیەکانی، شێوەی جۆراوجۆر و ئاستی جوداجودای هەیە، تاچەندە پاڵنەرەکە بەهێز بووبێت ، ئەوەندەش پاساوەکە باڵاترە و زیاتر بەئاسمانی خەیاڵ و نمونە باڵاکان دا دەفڕێت. ئەو کەسەی سەیری لەش و لاری ژنان دەکات، دەڵێ گوایە سەیری گندۆرەی میوەفرۆشەکەی کردوە (وەکو گوتمان)... ئەو کەسەش دژایەتی بیرێکی نوێ دەکات، ئەو دژایەتیکردنە بەوە پاساو دەدات گوایە جیهاد دەکات لەپێناوی خوادا یان لەپێناوی نیشتمان و ڕەوشت و هەقیقەت و ... هتد دا.

گرفتی مرۆڤ لەوەدایە کە تاچەندە زاناتر بێت لە هونەرەکانی قسەزانی دا، ئەوەندەش بە تواناتر دەبێت لە پاساودان و زیاتریش بەکاری دێنێ لە مامەڵەکانی ڕۆژانەی دا... لێرەوە دەرک بە مەترسی ئەو زمان لوسانە دەکەین کە لەمشت و مڕ دا لێزان و کارزانن... ئەمان لە ڕوی پاڵنەرە نەستیەکانیانەوە لەخەڵکیتر جیاواز نین، تەنها ئەوەندە هەیە ئەمان نمونە باڵاکان دەێننەوە و پێی دەدەن لەگەردنی هەر کەسێك، لە گەڵ پاڵنەرەکانیان دا هەڵ نەکات.

ئەو زمان لوسانە زیانبەخش ترن لە سەر کۆمەڵگە، لە نەخوێندەوارەکان.. چونکە کاورای نەفام و نەخوێندەوار، کاتێ ڕقێکی نەستی لێت بێت، جنێوت پێ دەدات یان زللەیەکت پێدادەکێشێ یان هەر نا خنجێرەکەیت لێ هەڵدەکێشێ... وەلێ کابرای زمان لوسی قسەزان کاتێ هەست بە ڕقێك بکات لەبەرانبەرت دا، وەك نەفامانت لێ ناکات، بەڵکو سڵ ناکاتەوە لەوەی شمشێری بەڵگە ئەقلی و نەقلیەکانت لە ڕوودا هەڵکێشێ،

ڕەنگە ئەم شمشێرەی ئەم مەترسیدارتر بێت ، لە شمشێرە ئاسنینەکەی کابرای نەخوێندەوار.

تاقیکردنەوەیەکی سادە:

ئەگەر بتەوێت لە هەقیقەتی خەڵکی بگەیت و بزانیت چەندە (مەعریفەی جەدەلی)ی کاریگەری هەیە لەسەر هەڵس و کەوتیان، پێویستە لەسەرت تاقیکردنەوەیەکی سادەی کرداری بکەیت، ئەم تاقیکردنەوەیەش هیچ قورساییەکت لەسەر دروست ناکات جگە لەسەرف کردنی کەمێ پارە و پول و هەوڵ و کۆششێکی ئەندک.

نێوەڕۆکی تاقیکردنەوەکەش ئەوەیە:خوانێکی چەور و بەچێژ برازێنیتەوە و جۆرەها خواردن و خواردنەوەی هەمەڕەنگی لەسەر دابنێیت، لەو خواردنانەی لێك بەلادەمدا دێننە خوارێ، لەوکاتەدا هەندێ لە هاوڕێ و ناسیاوەکانت بانگهێشت بکە بۆ سەر خوانەکە و هەندێکی دیکەیان فەرامۆش بکە، باشتر وایە ئەو گروپەی فەرامۆشی دەکەیت لەو کەسە خوێندەوارانە بن کە ڕۆشنبیری و پێگەیشتنی ئەقڵیانەوە دەمدرێژی دەکەن... ئنجا دوای ئەو داوەتە چەند ڕۆژێك چاوەڕوان بکە، ئەو سا دەزانیت ئەو (ڕۆشنبیرە زیرانە) چیت پێ دەکەن!!.

بەهێزترین گومان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو کەسانە ڕق و تووڕەییەکی زۆرت لێ هەڵدەگرن، ئیدی ئەو پاساوە ئەقڵی و بەڵگە زانستیانە هیچ سودێکیان نابێ کە بۆیان دێنیتەوە. چونکە ئەوان لەو ڕووەوە لە ئەقڵ و زانست تێ ناگەن. تەنها لەوە تێ دەگەن کە تۆ فەرامۆشت کردون و بەسوك سەیرت کردون، لە کاتێکدا ڕێزی کەسانیترت گرتوە و ئەو کەسانەش کە تۆ ڕێزت گرتون لە دیدی ئەماندا شایستەی ڕێز لێگرتن نین.

ئەگەر بتەوێت ئەزمونەکە بەرەنجامێکی ڕون و ئاشکرای هەبێت، چەند جارێك دووبارەی بکەرەوە.. بەوەش کاتێك بەخۆت دەزانیت دۆست و هاوەڵەکانت لێ بونەتە دوژمن، هەموو چاکەکانیشت لەدیدی ئەواندا بونەتە خراپە... بەدبەختیش بۆ کەسێك

بیەوێت لە لای ئەو کەسانەدا بەرەڤانیت لێ بکات، چونکە ئەویش لە بەر چاویاندا وەکو تۆ دەبێتە ناپاکێ بەرانبەر بە نیشتمان، یاخود هەڵگەڕاوەیەک لە دین!!.

مەبەست لە ئەزموونەکە:

ئەو ئەزموونە سادە و ساکارە، وەلێ مەبەست و ئامانجێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە... چونکە نموونەی زۆرێك لەو پەیوەندیانەی خۆشەویستی و ڕق لێ بوونە کە لەنێو خەڵکدا دروست دەبێت. خەڵکی دەرك ناکەن بەو هۆکارە ڕاستەقینانەی کە هانیان دەدات بۆ ئەو کارانەی پێی هەڵدەستن، تەنانەت لەوانەیە پاڵنەرەکان بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە بیر بکەن، وەلێ بەرەنجامە نەستیەکانی لە دەرونیان دا دەمێنێتەوە.. دەبینی باس لە خۆشەویستی خودا و نیشتمان دەکەن، یاخود باس لە هەوڵ دان دەکەن بۆ گەیشتن بە هەق و هەقیانەت. بەڵام هەموو ئەو باس و خواسانەیان نابێتە ڕێگر لە بەردەمیاندا بۆ وەی ئازارت نەدەن یان فێڵ و تەڵەکەت بۆ نەنێنەوە و ناوت نەزڕێنن.. گەر پرسیاریشیان لێبکرێت بۆچی وات لێدەکەن، دیارە لەوەڵامدا دەڵێن لەپێناوی خودا و نیشتماندا ئازار تیان داوە.

جارێکیان لەدوای چاپکردنی یەکێك لەکتێبە پێشوەکانم، چوومە جڤاتێکی گچکەی ماڵی یەکێك لە هاوەڵەکانم... دەم و چاوەکانم بە دڕدۆنگ و گرژ هاتە پێش چاو... هێندەی نەبرد چەند کەسێ لە دانیشتوان دەستیان کردە ڕەخنەگرتنی توند وتیژ لەکتێبەکانم.. لە ڕوخساری دانیشتوەکانیتریشدا وام دەبینی کە زۆریان ئەو ڕەخنانە پێخۆشە و پشتگیری لێ دەکەن... بەڵامێکم بەخت یاوەرم بوو، لەو کاتەدا کۆمەڵێك ڕوونوسی پەرتوکە نوێ کەمم پێبوو کە بەشی هەموو ئامادەبوانی دەکرد، بۆیە بەپەلە ئەو ڕونوسانەم بەسەردا دابەش کردن و لەسەر بەرگی هەر دانەیەك لەو پەرتوکانەش هەندێ ڕستەی ئیعجاب ئامێزم بۆ ئەو کەسە نوسی کە پەرتوکەکەم پێ بەخشی بوو. لەو کاتەدا هەستم کرد ڕووخۆشی و خەندەیەکی کت و پڕی ڕوخسارەکانی نەخشاند..!!. دواتر تێبینی ئەوەم کرد کە قسەکانیان هێدی هێدی گۆڕرا بۆ ستایش

کردنی من، بەجۆرێك کە لایان بوومە ئەو کەسەی شایستەی ڕێز لێنانم لەبەرانبەر ئەو هەوڵە زانستیانەم دا کە لەپێناوی خزمەتکردنی ئەم وڵاتەدا خستومەتە کار!

تکام وایە خوێنەر وا گومان نەبات کە خەڵکی هەموویان بەو شێوەیەن، چونکە خەڵکی لەم ڕووەشەوە جۆراوجۆرن، وەك چۆن لە ڕووەکانیتریشەوە چون یەك نین. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم : ناچون یەکیەکە لە پلە دایە نەك لەجۆردا. هەندێ خەڵك هەیە پاڵنەرە نەستیەکانیان پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو خراپەکاری و دەست درێژی کردن. هەندێکیتریان پاڵنەرەکانیان هانیان دەدات بۆ ڕق لێبوون و سەرکۆنەکردنێکی ئاسایی. بەڵام خەڵکی بەگشتی ناتوانن بەتەواوی قوتار بن لە هەستی پاساودان. ئەوەندە هەیە کاتێ مشت و مڕ دەکەن نکۆڵی لەبوونی ئەو هەستە لەخۆیاندا دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا درۆزنن، ڕەنگە بەخۆشیان نەزانن کە درۆزنن.

ئاسیاوێکم:

ئاسیاوێکم هەیە، لێوان لێوە لەگرێی دەروونی، سەرەڕای ئەوەی ڕۆشنبیریەکی فراوانی هەیە، گومانی خراپ بەهەموو کەسێ دەبات، هەر جوڵەیەك لە هەر کەسێکەوە ببینێ ڕاڤەیەکی خراپی بۆ دەکات.. زۆر بەدەگمەن دەبینرێ گومانێکی چاك ببات بە کەسێك، ئەم خەسڵەتەش بەڵگەیە لە سەر ناچیزەیی خاوەنەکەی، خۆی ناچیزەیە و، واش دەزانێت هەموو کەس وەك خۆی ناچیزەن.

وا دیارە ئەو ئاشنایەم، لێکۆڵینەوەیەکی باشی نەستی کردوە، وەلێ لەو لێکۆڵینەوەیەی شتێکی دەست نەکەوتوە کە سودی لێ وەربگرێ، بۆیە دەبینی لە زۆربەی کار و کردەوەکانی دا بەگوێرەی ئاماژەکانی گومانە خراپ و گرێ دەرونیەکانی ناخی دەجوڵێتەوە. هەر کە مشت و مڕیشی لەگەڵدا بکەین ، دەست دەکاتە داباراندنی بەڵگەی زانستی و ئەقڵی، و لەوانەشە نەقلی، تاکو بۆت بسەلمێنێ کە ئەوەی خۆی دەیەوێت ڕاست و دروستە و پێویستە هەموو خەڵك لەسەری بڕۆن، ئەو برادەرەم حەزی لەهەرشتێ بێ‌دەتوانێ بەبەڵگەی جۆراوجۆر بیسەلمێنێت و پشتگیری بکات، گەر واش ڕێ بکەوێ دوای ساتێکیتر ئارەزوی بچێتە سەر شتێکیتری پێچەوانەی ئەوەی یەکەمجاری، ئەوا

دەستە وسان نابێ لەوەی بەڵگەی زۆر و زەوەند بێنێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەمی کۆتایی و، ئەوەی لەبیر دەچێت کەساێ پێشتر بەڵگەی بۆ مەسەلەیەکی پێچەوانە هێناوەتەوە.

خەسڵەتێکی‌تری ئەو ناسیاوەم ئەوەیە کە بەهیچ بەڵگەیەك قەناعەت ناکات، جگە لە بەڵگەکانی. ئینجا ئەگەر بەڵگەیەك وەبیر بێنێتەوە کە پێشتر هێناویەتیەوە و، پێچەوانەوەبێت بەم بەڵگانەی بۆ هەنوکە دەیان هێنێتەوە، دەست دەکاتە نکۆڵی لێکردنی و بەڵگەهێنانەوە بۆ پشت ئەستوورکردنی ملەچەڕێکەی.. واتە ژیانی فیکری ئەو بوەتە زنجیرەیەك بەڵگەی یەك لەدوای یەك ... بێ‌کۆتایی.

هەمو شتێکی لەخەڵك دەوێت، ناشیەوێت لەبەرانبەردا هیچ شتێ بدات بەو خەڵکە، بێ‌گومان بەڵگەکانیشی پشتگیری خواستەکانی دەکەن، لەئەنجام دا وای لێهاتووە زۆرینەی خەڵك ڕقیان لێیەتی.

لەوانەیە زیادەڕەوییم نەکردبێ گەر بڵێم: هەر مرۆڤێ بگری، تووێکی گەورە یان گچکەی لەو خوە تێدایە کە لەو برادەرەماندا بینیمان. هەموو مرۆڤێ گرێی دەروونی تایبەت بەخۆی هەیە، سەرنج لە هەر مرۆڤێکیش بدەی دەبینی هەستی پاساودانی هەیە بۆ داپۆشینی ئەو گرێیە. بەڵام زۆرینەی خەڵك زۆر بەتوندی ناچنە ژێر کاریگەری ئەو پاڵنانەوە، چونکە دەزانن گەر وا بکەن ئەوا کۆمەڵگە تەرێزیان لێدەکات و ڕقیان لێ هەڵدەگرێ.

ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە جۆرێك لە (وەرگرتن و بەخشین)، هەر کەس خوازیارە لەژیانی دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ پێویستە لەگەڵ خەڵکیدا هەڵبکات و بەو ئەندازەشیان پێ ببەخشێ کە لێیان وەردەگرێت... وەلێ گەر بەتوندی دەست بگرێ بە داواکاریەکانیەوە، گوایە پێویست و ماقوڵن، لەو بارەدا خەڵکیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەوەش دنیا لەسەر ئەویش و کەسانی‌تریش دەگۆڕێت و دەبێتە دۆزەخ.

پوختەی مەبەست:

لەکۆتایی ئەم بەشە دوور و درێژەدا، دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە نەست و کاریگەریەکانی لەژیانی مرۆڤدا، بابەتێکی زۆرگرنگ و پڕ بایەخە و نابێت چاو لەئاستی

دا دابخەین یاخود بەكەم سەیری بكەین، بەرژەوەندی هەر مرۆڤێكیش لەوە دایە لەوبابەتە بكۆڵێتەوە تاكوو سودی لێوەربگرێ لە وەبەرهێنانی بەهرە دەروونیەكانی دا لە لایەك، و لەلایەكیتریشەوە بۆ وەی بتوانێ چارەسەری گرێ دەرونیەكانی خۆی پێ بكات.. وەڵێ تێڕامان و لێكۆڵینەوەكەی ناشێت (ئەزبەر)كردن بێت بە مەرەدی ئەو ناسیاوەمان كە ئامازەمان پێدا... چونكە هەر شتێكی ئەزبەركراو لەوانەیە سودیش بگەیەنێ و زیانیش. هیچ چاكەیەك لە زانینێكدا نیە كە مرۆڤ لەسەر كەسانیتر پیادەی بكات و بەخۆی هیچ كەلكێكی لێ وەرنەگرێت.

پەراوێزەکانی پاشکۆی چوارەم:

١. نەست و ناوەزی ناوەکی دو وشەی هاوواتان، ئەوی شیاوی باسە یەکەم کەس کە واژەی (ئاوەزی ناوەکی) لە وڵاتانی عەرەبی دا بەکار هێنا بریتی بوو لە (سلامە موسی)ی خوا لێخۆشبوو، وەلێ لەکۆتا ڕۆژگارەکانی دا وازی لەو واژەیە هێنا و دەستی کردە بانگەشە کردن بۆ بەکارهێنانی (العقل الکامل) گوایە ئەم واژەیەی کۆتایی پتر واتا بەخشە.. ئەم بانگەشەیەی لە لایەن زۆرینەی نوسەرانی عەرەبەوە گوێی پێ نەدرا، دوای ئەوەی بەکارهێنانی یەکەم واژە لەنێو خەڵکی دا بڵاوەی کرد.. من بۆ خۆم ڕاهاتووم لەسەر بەکارهێنانی هەر دوو وشەی (نەست) و (ئاوەزی ناوەکی) بەبێ جیاوازی، ئیدی باکم نیە بەوەی ئەمیان یان ئەویتریان ڕاست نەبێ، مادەم خوێنەران لێی تێدەگەن و لەنێویاندا بڵاوە، ئەمەش یانی من پەیڕەوی لەم ڕێسایە دەکەم کە دەڵێ (هەڵەیەکی بەربڵاو چاکترە لە ڕاستیەکی پشت لێکراو).

٢. بنواڕە: Tyrell, Personality Of Man, P 26

٣ـ بەڕاستی وەزارەتی (مەعاریف) گوناهە!! چونکە ئەگەر بەدەم هەموو ئەو داخوازیانەوە بچێت کەلێی دەکرێن، ئەوا لە پرۆگرامی قوتابخانەکانی دا تۆزقاڵێک زانیاری نامێنێتەوە.

٤. بنواڕە: احمد فهمي ابوالخير، السيكولوجيا و الروح، ل ١١ ـ ١٢.

٥. بنواڕە: Macdogal, Psychoanalysis and Social Psychology, P 18 – 19.

٦. بنواڕە: يعقوب فام، المذهب السلوكي، ل ٢ ـ ٤.

٧. بنواڕە: سلامة موسي، اسرار النفس، ل ١٩ ـ ٩٢.

٨. بنواڕە: يعقوب فام، المذهب السلوكي، ل ٦.

٩. بنواڕە: داود سلام، الادب العراقي، ل ٦٨.

١٠ـ بنوارە: احمد امين، ضحى الاسلام، ج ٢، ل ١٣٢ ـ ١٣٤.

١١ـ بنوارە: القرآن، سورة سبأ، آیە ٢٤.

١٢ـ بنوارە: زانایان (فێڵی پاساودان)یان ناو ناوە (Rationalzation) ئەمیش واژەیەکی داتاشراوە لە وشەی (Ration)ەوە کە بەمانای ئەقڵ (ژیری) دێت.

پاشکۆی پێنجەم:

لەنێوان دێوانەیی و بلیمەتی دا

دید و بۆچوونێ:

لەمانگی ئەپریلی سالی(١٩٥٨ز)دا، مامۆستایەکی پسپۆڕی دەروونزانی گۆوتارێکی گشتی لەهۆڵی کۆلیژی زانست دا پێشکەش کرد، لەو گۆوتارەدا باسی لە ئەست و کاریگەریەکانی ئەست کرد لەسەر ڕەفتار و هەڵس و کەوتی مرۆڤ... لەبڕگەیەکی گوتەکانی دا بەم شێوەیەدوا: "کاریگەری ئەست پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ ڕۆشنبیری و تەندروستی دەروونی کەسەکە دا، تاچەندە مرۆڤ خاوەنی ئەقڵ و بیری خۆی بێت، ئەوەندەش کاریگەری ئەست لەسەر ڕەفتاری کەم دەبێ... کە گوتمان ئەست کاریگەری دەبێ لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ، یانی کاریگەری ئەقڵ و بیر لەسەر ڕەفتاری لاوازە... ئەمەش بە حەتمی لەگەڵ سەرنجێکی سادەی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکاندا دەگونجێ".

مامۆستا بەم جۆرە لەسەر گوتەکانی بەردەوام بوو گوتی: "بەڵێ، ئەست هەوڵ دەدات لە ناوچەی هەست دا کار بکات و بەدەر بکەوێت، وەلێ چاودێرێك هەیە و بەربەستی لێ دەکات، ئەو چاودێرەش ئەقڵە، کان" تا دەڵێت: "تەنها لەیەك باردا ئەست ئاراستە و کۆنترۆڵی ڕەفتاری مرۆڤ دەکات ئەویش لەو کاتەدا کە مرۆڤ ئەقڵی نەخۆش دەبێت".(١)

ڕەخنە و توانجێك:

مامۆستا ئاوهای گوت: ...قسەکەیشی ڕاستە گەر ئێمە بەو واتا تایبەتە لەئەست تێبگەین کە زانا دەروونناسەکان بە باڵایدا بڕیویانە. ئەو زانایانەش، شاردراوە نیە کە چەمکی ئەست کورت دەکەنەوە لەو گرێ و ئارەزوو و حەزە خەفەکراوانەدا کە لەتەك چەمکەکانی ئاوەزی وشیاردا ناکۆکن، بەو پێودانگەش، ئەست زاڵ نابێ بەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ دا، لەحاڵەتی لاوازی ئەو ئاوەزە و ، نەخۆش بوونی دا نەبێ.

هەر چۆن بێت ئێمە دەتوانین لەو قسەیەی مامۆستادا دووخاڵ هەڵبهێنجین:

یەكەم: كاریگەری "نەست" پێچەوانە دەگۆڕێ لەگەڵ ڕۆشنبیرێتی تاك دا.

دووەم: كاریگەری (نەست) لە لایەنە بەدەكانی ڕەفتاری مرۆڤدا گورت هەڵدەهێنرێ، كەواتە نەست زیان لە مرۆڤ دەدات و سوودی پێ ناگەیەنێت. لەبەشەكانی ڕابردووی ئەم پەرتوكەدا خوێنەر ئەوەی لا ڕوون بوەتەوە كە بەندە ناكۆكم لەگەڵ مامۆستادا لەو دوو خاڵەدا، ڕا و بۆچوونی هەندێك لەو زانایانەشم گواستۆتەوە كە پشتگیری بۆچونەكەی من دەكەن، هەر چۆنیك بێت نازانم كاممان ڕاستیمان پێكاوە و كامیشمان بەهەڵەدا چووین.

وەك لەبەردا ئامازەم پێدا، من بڕوام وایە، ڕۆشنبیری هەندێ جار هیچ سوودیكی نابێ لەخەفەكردنی ئەو پاڵنەرانەی لەنەستەوە هەڵدەقوڵێن، چونكە لەوانەیە لەم ڕووەوە ڕۆشنبیرێك جیاوازی نەبێ لەگەڵ برادەرێكی نەخوێندەواری دا، تەنانەت لەوانەیە ڕۆشنبیری یارمەتی خاوەنەكەی بدات بۆ پاساودانی ئەو كارانەی دەیانكات هەر لە ڕق و كینە و ڕژدی و حەسادەتەوە تا ... هتد، بەوەش دەرگای ئەو ڕێگەیەی لێ دەكاتەوە كە خۆی بداتە دەم داخوازیەكانی ئارەزوە خەفە كراوەكانیەوە و، دواتریش بالۆرەی ئەوە لێ بدات كە لەپێناوی هەق و هەقیقەت دا ئەو كارانەی كردووە.

لەبەشی ڕابردوودا، باسی ئەو ڕۆشنبیرە خوێندەوارەم گێڕایەوە كە لێوان لێوە لە گرێی دەروونی، باسم لەوە كرد كە چۆن خۆی دەداتە دەم گرێ دەرونیەكانیەوە و دواتر بەڵگە و پاساو دێنێتەوە بۆ پشتگیری كردەوەكانی.. نمونەی ئەم ڕۆشنبیرە دەگمەن نیە ، لە نێو برادەرە ڕۆشنبیر و مامۆستا و موجتەهیدە مەزنەكانماندا. تەنانەت لەوانەیە ڕق لەیەكتر بوون و ململانێی ناچیزانە لە نێو ئەمانەدا زیاتر بێت تاكو لای خەڵكە بازاڕیەكە... ئەوەندە هەیە خەڵكە بازاڕیەكە ڕوهەڵماڵراون و پاڵنەر و هاندەرە نەستیەكانیان بەسەر ئەدگارەكانی ڕوخسار و زاربادانەكانیانەوە دەردەكەوێت...وەلێ ڕۆشنبیرەكان دەتوانن ئەوەی لە ناخیاندایە دەری نەبرن. بەدەربڕێنێكیتر: ڕۆشنبیرەكان بەتواناترن لە داپۆشین و پەردەپۆش كردنی پاڵنەرە شاردراوەكانیان،

بەهۆی ئەو زانیاریە جوانانەوە کەمێشکی خۆیانیان لێپڕ کردوە. هەر لەبەر ئەوەش دەبینین بەڵای ئەمانە لەسەر کۆمەڵگە سەختتر و مەترسیدارترە... زۆر بەداخەوە...

خاڵی دووەم:

سەبارەت بەخاڵی دووەمی نێو گوتەکانی مامۆستا، من پێم وایە کاریگەری (نەست) تەنها لە لایەنە خراپەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا کورت هەڵناهێنرێ، بەڕای من (وەك لە پێشەوەش ئاماژەم پێداوە) نەست بریتی‌یە لە گەنجینەیەکی گەورە و، لە قوڵاییەکانی دا پێك هاتوە لەشتی زیان بەخش و بەسوودیش. هەندێ جار لایەنە بەسوودەکان زاڵ دەبن بەسەر دەروونی گرۆهێکی خەڵکدا و، دەیانکەنە بلیمەت یاخود دەیانکەنە خاوەنی بەهرەی نائاسایی، لەو لاتر لایەنە زیان بەخشەکان بەسەر دەروونی دەستەیەکی دیکەی خەڵکی دا زاڵ دەبن و پاڵیان دەنێن بەرەو تێکچوونی دەماری یاخود بەرەو شێتی و دێوانەیی.

ئەمە ڕای زۆرێك لە توێژەر و زانایانە، لەو ڕوەشەوە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەیان کردوە و لێرەدا بواری ئاماژەپێدانیان نیە. تەنها لەم بەشەدا بەوەندە دەست کۆتا دەکەم کە سەرنجەکان چڕ بکەمەوە لەسەر لایەنێکی ئەو لێکۆڵینەوانە، ئەویش بریتی‌یە لە ڕوەکانی جیاوازی و لێکچون لەنێوان (بلیمەتی و شێتی)دا، هەر کام لە (بلیمەتی و دێوانەیی) لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، سەرچاوەکەش بریتی‌یە لە (نەست).

لێرەدا تکام وایە لەخوێنەر، چاوەڕوانی ئەوەم لێ نەکات بەهەمان شێوە ڕاڤەی نێو بەرتوکە زانستیەکان، ڕاڤەی ئەم بابەتە بکەم. چونکە سودێ لەو شێوە نوسینەدا نابینم بەتایبەت کەمن بۆ خوێنەرانی هەمەچەشن دەنوسم نەك بەتایبەت بۆ زانایان... لەهەموو بەرتوك و وتار و کۆوتار و کۆڕەکانمدا شێوازی ئاسانکردن و ساکارکردنەوە و ڕون کردنەوە و دووبارە کردنەوەم بەیڕەو کردووە، ئەمەش شێوازێکە، هەندێ لە مامۆستایان پێی قایل نابن بەو بەڵگەیەی کە لەگەڵ وردبینی زانستیدا وێك نایەتەوە. وەلێ من گوێ نادەم بەوەی ئەوان چی دەڵێن، چونکە بەلای منەوە ئەم شێوازە بەسوودترە بۆ خەڵکی لەو شێوازە وشك و برینگ و بڕ لە گرێ و تەم و مژەی هەندێ

لە مامۆستا بەڕێزەكان پەیڕەوی دەكەن.. چونكە من بازرگانم و ئەوان زانان. دەی كەواتە سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە لەسەر خراپە ، جگە ئەو سوپاسی كەسی دیكە ناگرێ.

ئەفسانەیەكی كۆن:

لێرەدا ئەوەی شیاوی باسكردنە، ئەوەیە كە عەرەبەكانی سەردەمی نەفامی هەر یەك لە (بلیمەتی و شێتی)یان دەدایە پاڵ كردەوەی پەری (جنۆكە). لای ئەوان دێوانە (شێت) پیاوێكە جنۆكە دەپەڕنە مێشكیەوەو یاری بە ئەقڵی دەكەن، وەلێ بلیمەت (العبقری) پیاوێكە نیگای ئەفراندنەكانی لەدۆڵی (عبقر)ەوە وەردەگرێ. دۆڵی (عبقر) دۆڵێ بوو عەرەبەكان بڕوایان وابوو پەریەكان لەوێندەر نیشتەجێن.

تەنها عەرەبەكانی سەردەمی نەفامی نەبوون، ئاوا بڕوایەكیان هەبێ، بەڵكو وشەی بلیمەت لە زۆرێك لە زمانە (ئیفرنج)یەكاندا نزیكە لە وشەی (جن)ی عەرەبییەوە.. لە زمانەكانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی دا بە (عبقری) دەڵێت: (جینس) یاخود (جینی)، ئەم وشەیەش بەجیاوازی فۆرمەكانیەوە لەبەرانبەر وشەی (دیمون)ی ئیگریكی دایە كە بەواتای (شەنینە یا خود شەیتان) دێت.[٢]

قەمیەكان تەنها بەوەندە دەستیان كۆتا نەكردووە، بەڵكو بەشێوەیەكی زۆر سەیر بلیمەتێتی و دێوانەییان تێكەڵ بەیەكتر كردبوو، هەندێ لە شێتەكانیان كردبوە بلیمەت و بەپێچەوانەشەوە، مێژوو باسی زۆرێك لەو بلیمەتانەمان بۆ دەكات كە لەسەرەتا دا بە (شێتی) تۆمەتبار كراون.

بەشێوەیەكی گشتی، گرفتی خەڵك لەوەدایە كە دەیانەوێت هەموو مرۆڤێك لە خوو و نەریت و بیر و بۆچوونەكانی دا وەك ئەوان وابێت، لەو كاتەدا بە ئاقڵ و (ژیر) ناوزەدی دەكەن.. وەلێ هەر ئەوەندەی كەمێك لە نەریتە باوەكانی ناو ئەو خەڵكە دەرچوو ئەوا دەست دەكەن بەگاڵتە پێكردنی و بەشێت لە قەڵەم دانی، لەوكاتەدا هیچ گوێ بەوە نادەن ئایا ئەو مرۆڤە هەر بەڕاستی شێتە یان بلیمەتە.. گەر لە دوایی دا بۆیان ڕون بویەوە كە لادان و ڕیزپەڕ بوونەكەی لە جۆری باڵا بووە و، بەڕاستی داهێنەرێكی گەورە

بووە، یا دەدەنەوە بەلای گەورەگردنی دا، ئەمە دوای ئەوەی گاڵتە و سوكایەتیان پێ كرد.. خەڵكی جار لەدوای جار و وەچە لەدوای وەچە ئەم نەریتە بە بێ شەرمانە و بێ‌پەشیمان بوونەوە دووبارە دەكەنەوە.

ئاقڵ كێیە؟:

وەك گوتمان، خەڵكی ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی ناوی (ژیر) بنێین لەهەموو ئەو كەسانەی كە لەگەڵ بەها كۆمەڵایەتی و خوو و نەریتەكانیان دا خۆ دەساچێنن... دایكان هەر لەدێر زەمانەوە ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی بەرگری بكەن لەوەی منداڵەكانیان هەر كردارێكی پێچەوانە بە خوو و نەریتە باوەكان بكەن.. هەر منداڵێك كارێكی پێچەوانەی نەریتەكان بكات، دایكی دەكێشێ بە سەر دەستی دا و پێی دەڵێ (عەیبە)!!. وەلێ گەر كارێكی گونجاوی كرد ئەوا دەست دەهێنێ بەسەر شانی دا و بزەیەكی بۆ دەكات و، شیرینی‌یەك یاخود پارەیەكی وەكو دەست خۆشانە پێ‌دەبەخشێ.

كاتێ زارۆ گەورەش دەبێ، هەمان ئەو شتە لەكۆمەڵگە وەردەگرێ كە لەسەردەمی منداڵێتی دا لەدایكی وەرگرتوە. خەڵكی بەئەندازەی گونجانی لەتەك بەها باوەكاندا ڕێزی دەگرن و بەئەندازەی پێچەوانەبوونیشی لەگەڵ ئەو بەهایانەدا بەسووكی سەیر دەكەن، زۆر جار كەسایەتی مرۆڤ لەسەر ئەو بناغەیە دروست دەبێ... لێرەوە دەبینن كەسی (ژیر)ی ئاسایی لەمیانەی ئەو دەلاقەیەوە لە مەسەلەكان دەڕوانێت كە كۆمەڵگە بۆیان دروستكردوە، و هەرگیز حەز ناكات لەو چوارچێوەیەش لا بدات.

مرۆڤ و شەرم:

مرۆڤ بەوە لە ئامۆزا ئاژەڵەكانی تری جیا دەبێتەوە، كە ئەم ئاژەڵێكی شەرمنە. چونكە هەمیشە ئارەزووی لە وەیە نەریت و بەها باوەكانی نێو خەڵكی لەبەر چاو بگرێت شەرم دەكا لەوەی لەو نەریتانە دەربچێت بۆ وەی خەڵكی پێی پێنەكەنن. هەر ئەمەش وای كردووە دەركەوتن و دروست بوونی كۆمەڵگە لەنێو ئادەمیزاد دا گونجاو بێت.

لە ڕاستی دا هەر مرۆڤێ بگری لە قوڵاییەکانی ناخیدا، ئارەزوگەلێ یاساغ و قەدەغەی هەیە و دەخوازێ لە دەرچەیەکەوە هەناسەیەکیان پێ بدات، هەروەها ئارەزوویەکی پەنهانیشی بۆ نوێ بوونەوە و داهێنان لەهەناو دایە، ئیدی ئەو ئارەزوە کەم بێت یان زۆر... مادەم مرۆڤ لەکۆمەڵگەیەکدا دەژی کە خاوەنی کۆمەڵێ بەهای دیاری کراوە، ئەوا هەر لەنێو ئەو بەهایانەدا هەندێ بەربەست دەبینێ کە دەبنە ڕێگر لەوەی ئارەزوە یاساغەکانی تێر بکات... کەوابێ ناچارە بەوەی ئەو هاندەر و ئارەزوانە سەرکوت و خەفە بکات و نەیانخاتە بەرچاوی خەڵکی، لەترسی ئەوەی نەبادا لەبەر ئەو ئارەزوانە خەڵکی ڕقیان لێی بێت و بەسوك سەیری بکەن.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم ڕێسایە، ڕێسایەکی گشتی نیە یاخود ڕێسایەك نیە هەڵا بواردنی تێدا نەبێ... جاری وا هەیە لەکۆمەڵگەدا کەسانێك وەدەر دەکەون (سروشتی شەرمنێتی) تیایاندا لاوازە.. بۆیە بێ‌پەروا شوێنی ئەو هاندەرە نەستیانە دەکەون کە لە قوڵاییەکانی دەرونیانەوە زریان دەکات... هاندەرەکانیش لەوانەیە زیان بەخش بن، لەوکاتەدا هاوەڵەکەمان شێت دەردەچێ، یان بەپێچەوانەوە هاندەرەکە بەسود بێ هاوڕێ کەمان دەبێتە بلیمەت.

پرسیارێ کە ڕەنگە لێرەدا بکرێ ئەمەیە: ئەم جیاوازیە بۆچی لەنێو خەڵکیدا هەیە؟ بۆچی لەکاتێکدا کۆمەڵێکیان ڕوە و شێت بوون دەچن، کۆمەڵێکی دیکەیان ملی ڕێی بلیمەتی دەگرن؟

خاڵی دەستپێکردن:

هاوڕێکەم هەیە لەخوێندنی زانکۆدا پێکەوە بووین، لەخوێندن دا زۆر لاواز و سست بوو، ئەمەش وای لێکرد واز لەخوێندنی زانکۆ بهێنێت و، بەشکست خواردوویی بگەڕێتەوە بۆ (بەغدا)... ماوەیەکی زۆر تێپەڕی هیچم لەبارەی ئەو هاوەڵەمەوە نەدەزانی و لێی بێئاگا بووم... لەم دواییانەدا ڕۆژێك لەناکاو هات بۆ ماڵەوە و کاغەزێکی بچوکی لە باخەڵ دابوو، دەیگوت گوایە دۆزینەوەیەکی گەردونی مەزنی تێدایە.

هاوڕێکەم دەستی کردە سکاڵاکردن لەدەستی خەڵك ، کە دژایەتی خۆی و بەرهەڵستی و بەربەرەکانێی دۆزینەوە مەزنەکەی دەکەن... هاوڕێکەم باسی ئەوەی دەکرد کە،

چوحتە لای هەندێ لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و داوای لێکردون دۆزینەوە گەورەکەی بۆ خەڵکی بڵاو بکەنەوە، وەلێ ڕۆژنامەکان داواکاریەکەیان ڕەت کردۆتەوە.. بۆیە هاتوە بۆ لای من داوام لێ لێبکات تاکو هاوکاری بکەم و یارمەتی بدەم لە بڵاوکردنەوەی دۆزینەوەکەی دا، لە ڕێ ڕۆژنامەکانەوە تاکو خەڵکی سودی لێ ببینن و زانیاری مرۆڤ گەشە بکات.

سەیری کاغەزەکەم کرد هیچم تێدا نەبینی، جگە لەهەندێ دێڕی بێ ناوەڕۆك لەبارەی هەیڤەوە. دواتر بۆم دەرکەوت هاورێکەم شێتە و، وا گومان دەبا ئەو دێڕە پوچانە دۆزینەوەیەکی گەردونی مەزنن... لەئەنجامی شکست هێنانی لە خوێندنی زانکۆدا ، گرێیەکی دەروونی بەهێز بەسەری دا زاڵ ببوو.. ئەو هیوای ئەوە بوو ببێتە زانایەکی بەناوبانگ و بەئەنگوست ئاماژەی بۆ بکرێ... وەلێ سەرکەوتوو نەبوو لە هیواکەیدا... ئەم ئاواتەش پاڵی پێوە ناوە تاکو لە ڕێی مانگەوە هەوڵ بدات بەدوای ناوبانگی زانستی دا !.

کاتێ سەرنجی بلیمەتە ناودارەکان دەدەین، دەبینین لەسەرەتا دا لەم هاورێیەی من دەچن... زۆر پێداگری دەکەن لە دۆزینەوەی شتێکی نوێ دا و، بەجۆرێکی سەیر پێیەوە سەرقاڵ دەبن، بە ئەندازەیەك سەرقاڵ دەبن خەڵکی گاڵتەیان پێ بکەن.. وەلێ لەکۆتایی دا سەرکەوتن بەدەست دێنن و ئەوەی گەرەکیان بوە دەستگیریان دەبێت، ئیدی دید و بۆچوون و تێڕوانینی خەڵکیش لە ئاقاریاندا دەگۆڕێت، لە شەو و ڕۆژێکدا لە شێتەوە دەبنە بلیمەت، خەڵکیش بۆیان پێ دەکەنن، لە بری ئەوە پێیان پێ بکەنن.

چیرۆکی دۆزینەوەی چەتر:

بێگومان ئەو (چەتر)ەی خۆمانی پێدەپارێزین لەباران دۆزینەوەیەکی گرنگە. دۆزەرەوەی ئەم داهێنانەش دەبێ کەسێکی بلیمەت بووبێ، لانی کەم لەکاتێکدا بەم دۆزینەوەیە هەستاوە... کاتێ لەو ماوەیەی ژیانی دەکۆڵینەوە دەتوانین هەندێ لە ڕوەکانی وێکچون و جیاوازی لە نێوان (دێوانە و بلیمەت) دا بدۆزینەوە.

ئەو قسەیە ڕاستەکە بڵێین داهێنەری (چەتر) لە هیچەوە داهێنانەکەیی نەکردوە، بەڵکو وەکو هەر داهێنەرێکی دیکە ، دوو بیرۆکەی کۆن لە ناوەزی ناوەکی دا یەکیان گرتوە و، بیرۆکەی داهێنانەکەیان لێ کەوتۆتەوە. وا دیارە زۆر سەیری ئەو ڕێبوارانەی کردوە کە لەکاتی باران بارین دا بەشەقامەکاندا ڕۆشتون... دوو شت سەرنجیان ڕاکێشاوە. یەکیان ئەوە بووە کە ڕێبوارەکان هەر یەکە و شتێ دەگرن بە سەریانەوە بۆ ئەوەی لە دڵۆپەکانی بارانەکە خۆیان بپارێزن.. دوەمیش ئەوە بوو کە هەندێکیان داردەستێك بە دەستەوە دەگرن تاکو خۆیان بپارێزن لە خلیسکان... لێرەوە بیرۆکەیەك بەمێشکی ئەو برادەرەماندا هاتوە کە شتێ دا بهێنێ ... هەم داردەست (گۆچان) بێت و هەم سەرچەفێ بێت بۆ پاراستن لەباران، لەوانەیە بێئەوەی خۆیشی بزانێ، ئەم بیرۆکەیەی دوای بینینی ئەو چەترە نەخشێنرا وانە بۆ هاتبێ، کە سوڵتانەکانی ڕۆژهەڵات لە کەژاوە قەشەنگەکانیان دا هەیان بوو... بەڵام ئەم سەرچەفە نەخشێنراوەکەی گۆڕیوە بەو سەرچەفەی کە بە پێی خواست دەتوانرێت بپێچرێتەوە و بڵاویش بکرێتەوە.

گومان لەوەدا نیە، خەڵکانێکی زۆر ئەو بیرە جوانەیان بەمێشك دا هاتوە، بەڵام لە قوڵاییەکانی ناخیان دا شاردوویانەتەوە و کاریان بۆ بەرجەستەکردنی نەکردوە، لەترسی ئەوەی خەڵکی پێیان پێ بکەنن... وەلێ ئەم برادەرەمان ئەو بوێریەی کردوە و بیرۆکەکەی خستۆتە بواری کرداریەوە بە بێترس و شەرم.

هیچ سەیر نیە گەر خەڵکی لەسەرەتاوە ئەم بلیمەتە بەشێت تۆمەتبار بکەن، و منداڵان بەدوایدا ڕابکەن و بەردی بۆ بهاوێژن... کە هەر بەڕاستیش وایان دەرهەقی کرد... چونکە ئەو دەرچوە لە بەها باوەکانیان... وەلێ نەهاتووە لە ڕێی (چاوبڕینە) لە مانگەوە داوای ناوبانگ بکات، وەك هاوڕێ شێتەکەی من، بەڵکو لە ڕێی ئەفراندنێکەوە کە سود بەخەڵکی دەگەیەنێت داوای ناوبانگی کردوە... بەوەش بوەتە بلیمەت!

هۆکارەکە چی‌یە؟:

جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر ئەم پرسیارە: ئەو هۆکارە چی‌یە کە جیاوازی خستۆتە نێوان ئەو دوو کەسەوە ، یەکێکیانی بەڕێگەی شێت بوندا بردوە و ئەوی دیکەشیان بەڕێگەی بلیمەتی دا؟

(فرۆید) بڕوای وابوو، هەر یەک لە (بلیمەتی و دێوانەیی) بەرەنجامی ئارەزویەکی خەفەکراون، بەڵام (شێت) هەوڵ دەدات لە ڕێی وەهمەوە هەناسە بدات بەو ئارەزوەوە، لەکاتێکدا کەسێکی (بلیمەت) لەڕێگەی هەوڵدان و داهێنانی بەسودەوە ئەو هەوڵە دەدات.

(ئەدلەر)یش ڕایەکی هاوشێوەی هەیە ، لەلێکدانەوەی شێتی و بلیمەتی دا، تەنها ئەوەندە هەیە (گرێی خۆبەکەم زانین) دەخاتە بریتی (ئارەزوی خەفەکراو).. بەڕای ئەمیش هەر یەکە لە (دێوانە و بلیمەت) دووچاری ئەو گرێیەن و هەر یەکێکیان هەوڵ دەدەن بەشێوازی تایبەت تێری بکەن.

هەر چۆن بێ، ئێمە ناتوانین بەو بۆچونەی (فرۆید) و (ئەدلەر) گرفتەکە چارسەر بکەین، سەرەڕای ئەوەی بەڕواڵەت ڕایەکی جوانن.. چونکە هێشتر دەستەوسانین لەوەی ئەو هۆکارە بزانین کە وا دەکات لەکەسێك، پەنا بەرێتە بەر وەهم بۆ هەناسەدان بە گرێکەی یاخود بە ئارەزوە خەفەکراوەکەی، و لە ولاتر کەسێکی تر هان دەدات تاکو پەنا بەرێتە بەر کۆشش و داهێنان... هەر یەکە لە (فرۆید و ئەدلەر) جیاوازی ئەو ڕێگەیان باسکردوە کە هەر یەك لەشێت و بلیمەت دەیگرنە بەر بۆ گەشتن بەیەك ئامانج... وەلێ هۆکاری ئەم جیاوازیەیان ئاماژە پێ نەداوە.

زیرەکی و بلیمەتی:

هەندێك لە توێژەران ڕایان وایە (بلیمەت) کەسێکە بەشێکی گەورەی زیرەکێتی هەیە، هەر ئەمەش وای لێکردوە، جیاواز بێت لە شێت، بەتایبەتی لەشێوازی هەناسەدان بە ئارەزوە خەفەکراوەکانی دا... ئەم، بە زیرەکێتی خۆی دەرکی بەو ڕاستییە کردوە کە

وەهەم هیچ سودێکی پێناگەیەنێت لەوە داکە ناوبانگ لەنێو خەڵکی دا پەیدا بکات. سەرباری ئەمەش، توانای ئەوەی هەیە کاری داهێنەرانەی وا بکات کە لەنێو خەڵکی دا ناوبانگی پێ پەیدا بکات. ئێمە هەر کات ویستمان دەست بەو ڕایەوە بگرین و پەسەندی بکەین، پێویستە بپرسین: ، ئایا هەموو بلیمەتەکان زیرەك و بیرتیژن، وەك هەندێ وا گومان دەبەن؟

ئەو لێکۆڵینەوانەی هەندێ لە زانا دەروونناسەکان پێی هەستاون، دەریانخستوە کە پەیوەستەگی تا ڕادەیەك لاوازە لەنێوان ڕادەی زیرەکێتی و بلیمەتیی دا.. ئەمەش ڕاستییەکە لەوانەیە خوێنەر پێی سەرسام بێت، چونکە لەنێو خەڵکی دا بڵاوە هەموو (بلیمەت)ەکان، زۆر زیرەك و بیرتیژن.. وەلێ ئەم ڕایە، ڕایەکی هەڵەیە.

ئێمە نکۆڵی ناکەین لەوەی هەندێ لەبلیمەتەکان زۆر زیرەك بوون، وەلێ هەندێکیتریشیان زیرەك نەبوون.. لانی کەم بەگوێرەی ئەو پێوەرەی کە خەڵکی زیرەکێتی پێ پێوانە دەکەن... ئەو توێژینەوەی مامۆستا (دکتۆرە کوکس) مامۆستا لەزانکۆی (ستانفۆرد) پێی هەستا، ڕون بویەوە کە زۆرێك لە بلیمەتەکان پلەی بەرزی تاقیکردنەوەی زیرەکێتییان بەر نەکەوتوە.[٢]

لەراستی دا کاتێ پەیوەست دەبین بەهەندێ لە بلیمەتە مەزنەکانەوە، لە هەڵس و کەوت و جموجوڵەکانیان دەکۆڵینەوە، لە ڕویەك لە ڕوەکانەوە هەست بەنادانی و گەمژەیەتی دەکەین تیایان دا. زۆر جار دەبینین ئەو بلیمەتانە لەساکارترین مەسەلە بێ ئاگان و لەهەندێ مەسەلەی دیکەش حاڵی نابن کە هەر کەسێکی ئاسایی بگری لەو مەسەلەیە بە ئاسانی تێدەگات .. چەندین جاریش مێژوو باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەچەندین کەسی بلیمەت هەبوون و کەس و کاریان لەسەرەتاوە بێئومێد بوون لێیان لەبەر تەمبەڵی و بیرکوڵیان.

پرسیارێ لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەمەیە: ئایا ئەو ناتەواوی زیرەکیەی بەروالەت لەهەندێ کەسی بلیمەت دا دەبینرێ، ناتەواویەکی ڕاستەقینەیە، یاخود ناتەواویە لەو پێوەرەدا کە زیرەکی ئەوانمان پێ پێواوە؟!.

ئاسایی ئەو پێوەرەی زانایانی دەروونناسی بەکاری دێنن بۆ پێوانە کردنی زیرەکی، ئەو جیاوازیە دەردەخات کە لەو زیرەکیە دایە کە لەناو خەڵکی دا بڵاوە، پشتیش بەو زانیاریانە دەبەستێ کە خەڵکی دەماودەمی پێ دەکەن و لەبەر دەستیان دایە لەو شارستانێتیەی تیای دا دەژین... جا ئایا ئەو پێوەرە دەگونجێت بۆ تاقیکردنەوە و پێوانەکردنی زیرەکێتی بلیمەتەکان کە لەوانەیە جۆرە زیرەکێتیەکی تایبەت بەخۆیان بێت؟!

گرفتی بلیمەتەکان لەوە دایە کە هەر یەکیان تایبەتمەندی لە بابەتێك دا پەیدا دەکات و تەواو تیای دا ڕۆ دەچێت تا ڕادەیەك جگە لەو بابەتانە هەموو شتێکی دیکە فەرامۆش دەکات. ڕەنگە هەر ئەمەش وایان لێ بکات لەبەر چاوی خەڵکی دا بەدەبەنگ سەیر بکرێن... وەلێ هەر چۆن سەیر بکەین، ناتوانین لەپەیوەندی (زیرەکێتی ـ بلیمەتی) تێبگەین، تاکو لەسروشتی زیرەکێتی تێنەگەین.. ئایا لە هەموو خەڵك دا یەك پێوەری هەیە؟ یاخود پێوەرەکەی دەگۆڕێ بەگوێرەی ئەو هونەرەی کە هەر کەسێ تیای دا شارەزایە.

بلیمەتی و تێکچوونی دەرونی:

هەندێ لەزانا دەروونناسەکان ڕایەکیان هەیە سەبارەت بە بلیمەتەکان کە بەڕاستی جێگەی سەرنج و تێڕامانە. ئەو زانایانە پێیان وایە بلیمەتێتی بارێکی ساغی کەسێتی مرۆڤ نیە!!. بەڵکو یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی تێکچونی دەرونی... ئەمەش هۆکاری ئەو ڕەفتارە ڕیزبەڕ و نامۆیانەیە کە زۆر جار لەکەسانی بلیمەتی دەبینین و، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ ئاکاری کۆمیدی لەو کەسە بلیمەتانەدا کە دروست لە ڕەفتاری شێت و گەلحۆکان دەچێت.

بەڕای ئەو زانایانە کەسی بلیمەت ،لەوانەیە جۆرێکی تایبەتی زیرەکێتی هەبێت، وەلێ لەگەڵ زیرەکێتیەکەی دا تێکچونێکی دەرونیشی هەیە کە دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزی دەماری تێدا دروست دەکات و دەبێتە هۆی هەمیشە ئازار بچێژێت و لەژیانی کۆمەڵایەتی دا ئاسودە نەبێت.. مامۆستا (کرسشمر) دەڵێت: "گەر بێت و کەسی بلیمەت

دابڕنین لەو دڵەڕاوكێ شەیتانی و ئاڵۆزیە دەرونیەی، ئەوا هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەكەسێتیەكی ئاسایی كە پشكێك لە زیرەكێتی هەیە" لەدیدی (كرشمر) دا تێكچونی دەروونی وا لەخاوەنەكەی دەكات نەتوانێ لەگەڵ كۆمەڵگەدا خۆی بگونجێنێت، لەبەر ئەوە دەست دەكاتە بەرانبەر كێی كۆمەڵگە و هەوڵ دان بۆ گۆڕینی لە ڕێگەی ئەفراندنەوە.[4]

بۆ ئێمە ئاسان نیە ئەو ڕایە پەسەند بكەین، چونكە ئێمە دەزانین زۆرێك لە بلیمەتەكان كەسێتیەكی هاوسەنگ و ڕەفتار گەلێ ئاساییان هەبووە، گەر لە هەندێكیشیان دا جۆرە تێكچونێكی دەروونی یاخود ڕەفتاری نامۆ دەربكەوێت، ئەوە بەو مانایە نایەت كە هەموو بلیمەتەكان بەو جۆرەن. تەنانەت لەوانەیە ئەو تێكچونەی باسی لێوە دەكرێ زیادەڕەوی تیادا كرابێت. خەڵكی بەسروشت، زیادەڕەوی دەكەن لە گێڕانەوەی هەر هەواڵێكدا كە كەمێك دیاردەی دەگمەن و سەیر لەخۆ بگرێت، ئەخاسمە گەر ئەو هەواڵە باس لە ڕەفتار و ئاكاری گەورە پیاوان و بلیمەتەكان بكات.

هەروەها دەتوانین بڵێین: هاندەرە ئەستیە داهێنەرەكان، كاتێ بەسەر بلیمەتاندا زاڵ دەبن، هەندێ جار وایان لێ دەكەن ئاكاری وا پەیڕەو بكەن كە پێی ئاشنا نەبن... لەوكاتەشدا ئیدی خەڵكی بەگوێرەی تێگەیشتنە سادە و ساكارەكانی خۆیان ئەو ڕەفتارانە لێك دەدەنەوە و ڕەنگە بەگوێرەی ئارەزووی خۆشیان زیادەڕەوی تێدا بكەن.

نمایش كردن و لێخوێندنەوە:

كاتێ ئەو ڕاو بۆچونانە نمایش دەكەین، لەكە و ناتەواویەكی گەورەی تێدا بەدی دەكەین، ئەویش بریتیە لە لەكەی لێخوێندنەوەی ناتەواو... شیاوی ئاماژەپێدانە بلیمەتێتی، هەمووی لەسەر یەك شێواز و مۆدیل نیە، بەڵكو فاكتەر و ڕواڵەتی جۆراوجۆری هەیە.. توێژەریش كاتێ لە بلیمەتێتی دەكۆڵێتەوە نا بێت سەرنجی چڕ كاتەوە لەسەر تەنها جۆرێكیان و دواتر بەرەنجام گیریەكەی بگشتێنێ بەسەر هەموو جۆرەكانی دیكەدا.

زۆر ئاڕەحەت نیە گەر لەگروپێكی بلیمەتەكاندا ئارەزووی خەفەكراو بدۆزینەوە و لەگروپێكی دیكەش دا زیرەكێتیەكی زۆر، و لە گروپی سێیەمیش دا تێكچونی دەرونی،

و لەنێو گرۆكانی دیكەش دا كۆمەڵە هۆكارێكی دیكە كە ئێمە ناتوانین پەنجەیان بخەینە سەر.. وەلێ لەو بارەش دا گرفتەكە بە بێچارەسەر لە لامان دەمێنێتەوە. ئایا كۆمەڵكەی هاوبەشی نێوان هەموو بلیمەتەكان چییە كە تیایاندا بەدەر كەوێت و وایان لێدەكات بیرۆكەی نوێ دابهێنن؟!

مامۆستا (هایلبرونر) هەوڵی داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. بەڕای من لەوەڵامدانەوەكەیشی دا سەركەوتنی بەدەست هێناوە... گۆڤاری (مایفیر) بەم دواییانە وتارێكی مامۆستا (هایلبرونر)ی بڵاو كردەوە كە باسی لەوە كردوە، هەموو بلیمەتەكان لە دوو خەسڵەتدا هاوبەشن، خەسڵەتەكانیش ئەمانەن:

یەكەم: توانای گەورەی بلیمەتەكان لەسەر چڕكردنەوەی هزر... هەموو بلیمەتەكان بەبێ جیاوازی بەهەموو هەستەكانیانەوە سەرقاڵی كارەكەیان دەبن، هەروەها توانای ئەوەیان هەیە لەهزریان دا چەندین ساڵ پرۆژەیەكی دیاریكراو هەڵبگرن ، بێئەوەی بێتاقەت و بێئومێد ببن.. بێگومان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی پەیوەستەگییەكی دەرونی قوڵ و بەتوانا لەسەر كۆكردنەوە و مۆڵدانی هەموو هەوڵە ئاگا و نائاگاكان لەخزمەتی یەك مەبەست دا.

خەسڵەتی دووەمی ئاشكرا لە كردەوەی بلیمەتەكاندا بریتییە لە بەتواناییان لە تێبینی كردن و دەرك كردن بە پەیوەندی نهێنی نێوان شتەكان.. بلیمەتەكان دەتوانن ڕواڵەتی دەرەكی هەقیقەتەكان تێبپەڕێنن و دووبارە لەشێوەیەكی نوێ و پاكیزە و جوان دا وێنای بكەنەوە... واتە بلیمەتەكان بەچاوی پشكنەرانەی منداڵ سەرنجی گەردون دەدەن، نەك بە چاوی ماندوی باڵغەكان، گەر ئەم بۆچونەی (هایلبرونر) ڕاست بێت، دەتوانین بڵێین: كەسی بلیمەت لەناخی خۆیدا دوو خاڵی هاودژ كۆ دەكاتەوە... لەیەك كاتدا منداڵیشە و پیاوێكی گەورەشە.. منداڵە، لەوەدا كە زۆر پرسیار دەكات و سەرسام دەبێت لەو دیاردانەی دەوروبەری كە پیاوی گەورە بەدیاردەی ئاساییان دەزانێت و پێی وایە هیچ پێویست بەوە ناكات پرسیاریان لەبارەوە بكرێت.

لە لایەكیترەوە، كەسی بلیمەت جیاوازیەكی هەیە لەگەڵ منداڵ دا، ئەو جیاوازەیش بریتییە لەوەی كە بەخێرایی هەراسان و بێتاقەت نابێت، بەڵكو زۆر پێداگر و

بەنارامە، و چەند جارێ توێژینەوەو بە دوداگەڕان لەسەر پرۆژەیەکی فیکری دەکات ئەو جا بەکردەوە دەستی پێ دەکات... لەو توێژینەوەیەشی دا، بەجۆرێ نقوم دەبێ تا خۆی و بژێوی ماڵ و منداڵیشی لەبیر دەکات (دەربڕینی وەرگێڕ).

پرسیارکردنی بلیمەت:

کەسی ئاسایی زیاتر بەلای ئەوە دایە کە بەبێ‌سەرسوڕمان و پرسیارکردن سەرنجی دیاردەکانی گەردون بدات. تەنها بەوەی بەدیاردەیەك ئاشنا بێت، ئیدی ئەو دیاردەیەی پێی ڕۆتینییە و لای وایە جۆرە نهێنییەك لەخۆ ناگرێت، تەنانەت گاڵتەش بەهەر کەسێك دەکات کە پرسیار بکات لەنهێنییەکان و سەرسام بێت پێی، و پێدەچێ بە بێ‌ئەقڵ و دێوانەشی بداتە قەڵەم !!.

بۆ نمونە، کەسی سادە ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی موگناتیس دەبینێ کە ئاسن بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت... لەڕاستیدا ئەم ڕاکێشانە موگناتیسیە دیاردەیەکی زۆر سەیرە... چونکە چۆن پارچەیە مادەی بێ‌گیان دەتوانێ پارچەی مادەیەکی دیکە بەرەو خۆی ڕابکێشێت بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی بەرهەست لە نێوانیاندا هەبێت... وەلێ کەسی سادە گوێ نادات بەوەی پرسیاری ئاوها لەخۆی بکات... هەر کات پرسیارێکی لەوجۆرەش هات بەمێشکی دا، دەچێت بۆلای (دانا) یانی نێو خزمانی خۆی و پرسیارەکەیان ڕوبەڕو دەکاتەوە، ئینجا ئەوان هەر چیان گوت، ئەم پێی قایل دەبێت و دەڕوات بە ڕێی کاری خۆیەوە.

وەلێ کەسی بلیمەت بەپێچەوانەی ئەوەوە، خاو نابێتەوە لە پرسیارکردن و بەو وەڵامانەش کومسایی نایەت کە دانایان پێی دەدەن... تایبەتمەندی وی لەوە دایە کە حەز ناکات چاولێکەری خەڵکی بکات لەو بیر و ڕەفتارانەی خەڵکی لەسەر ڕاهاتوون.. دزێوترین شت لای کەسی بلیمەت ئەوەیە کە ببێتە فۆتۆکۆپی دەقاودەقی کەسانیتر.. هەر ئەمەشە وا دەکات کەسی بلیمەت بتوانێ لەسادەترین دیاردەی باو، هەقیقەتی نوێ بدۆزێتەوە.

دەڵێن گوایە (نیوتن) لەکەوتنە خوارەوەی سێوێکەوە لەنزیکی دا یاسای کێش کردنی زەوی دۆزیەوە... لێرەدا دەمەوێت بپرسم: ئایا چەند کەس لەژیانیان دا کەوتنە خوارەوەی سێویان بینیوە؟، ئەی بۆچی وەکو نیوتن سودیان لێوەرنەگرتوە لە دۆزینەوەی هەقیقەتی نوێدا؟

هەروەها دەڵێن (گالیلۆ) یاسای (جوڵە و کەوتنە خوارەوەی تەنەکان)ی دوای ئەوە دۆزیوەتەوە کە سەرنجی گڵۆپی سەقفی دێری داوە، کە بەلای ڕاست و چەپ دا ئەملا و ئەولا دەکات... من بۆخۆم چەند گڵۆپی وام دیوە بەسەقفەکاندا دێنە خوارێ هیچ دیاردەیەکم تێدا نەدیوە کە شایستەی سەرنج لێدان و تێبینی کردن بێت، منیش وەکو خەڵکانی ڕەشۆکی تر جوڵە (لەرە)ی گڵۆپەکانم بەمەسەلەیەکی سروشتی دەزانی کەهیچ کات جێگەی سەرسوڕمان نیە!!.

سەبارەت بەو بلیمەتانەی توێژینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانیش دەکەن دەکرێت هەمان قسە بکەین... هەر یەکێ لەوانە بگری هەمیشە سەرنجی کار و کردار و گوفتاری خەڵکانی ڕەشۆکی دەدات و، بەسەرچاوەیەکی زانستی لەبن نەهاتوی لەقەڵەم دەدات، و جار لەدوای جاریش ڕاستی نوێ لەو سەرچاوەیەوە دەدۆزێتەوە.. بەڵام کەسی سادە، گوێ بەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دەوروبەری نادات، چونکە دەبینێ ڕۆژ بەڕۆژ ئەو دیاردانە دووبارە دەبنەوە، ئیتر بەبێ ئەرزشیان دەداتە قەڵەم، لەکاتێکدا گرنگیەکی زۆریان هەیە لەدیدی بلیمەتەکاندا.

سەرقاڵ بوون و نغرۆ بوونی بلیمەتەکان:

کەسی بلیمەت بەو سەرنجە قوڵانە لەدیاردەکانی گەردون دەست هەڵناگرێ، بەڵکو وەك ئاماژەمان پێدا، سەرقاڵ دەبێ بە لێکۆڵینەوە لەو نهێنیانەی کە لەوانەیە لەپشتی دیاردەکانەوە هەبن، بەجۆرێ تیای دا نغرۆ دەبێت و خۆی لەبیر دەچێت.

بەڕاستی کەسی بلیمەت هەندێ جار دەتوانێت خۆی بتوێنێتەوە و، خۆی لەنێو بەرێ لەنێو ئەو شتەدا کەلێکۆڵینەوەی لە سەردەکات، ڕەنگە ئەو سەراسیمەییەی لە بلیمەتەکان دەگێڕدرێتەوە، هیچ نەبێ جگە لەڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی لەناوبردنی

خود. لەم ڕووەوە لە سۆفیەکان دەچن، چونکە سۆفیەکانیش دەڵێن لەکاتی (وجد)دا لەنێو زاتی خوادا فەنا دەبن!!.

بلیمەتەکان لەنێو زاتی خوادا فەنا نابن وەکو سۆفیەکان، بەڵکو لەو نهێنیيانەدا فەنا دەبن کە خودا لەگەردوندا وەدی هێناوە، پێی دەچێ لەم ڕوانگەیەشەوە ئەمان لەسۆفیەکان لەخوداوە نزیکتر بن.

لێرەدا نامەوێت باسی خودی مرۆیی بکەم و ڕونی بکەمەوە کە چۆن دەگرێ لەشتێکی دەرەوەی خۆی دا فەنا بێت، چونکە ئەمە بابەتێکی پڕ لەگرێ و گۆڵە و لێرەدا بواری باسکردنی نیە.[٥] تەنها ئەوەندە دەڵێین: کەسی ئاسایی ناتوانێ خۆی لەبیر بکات، یاخود بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی فەرامۆش بکات لە پێناوی شتێکی دەرەکی دا. لەبەر ئەوەی هەمیشە سەرقاڵە بەخودی خۆیەوە و لەهەڵپەی ئەوەدایە پلە و پایەی مادی و مەعنەوی خۆی بەرز بکاتەوە. هەندێ جاریش دەمدرێژی دەکات و ئەو تۆمەتی خود پەسەندیە لەخۆی دوور دەخاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە. کاتێ دێینە سەر باسی (بلیمەتان)، دەبینین لەم ڕووەوە جیاوازن لەکەسانی ئاسایی، ئیدی ئەم جیاوازیە زۆر بێت یان کەم.. ئێمە ملە جەرە ناکەین لەوەی کەسی بلیمەتیش کەسێکی سادەیە بەر لەوەی بلیمەت بێت.. هەر چۆن بێت ناتوانێت خاڵی بێت لە هەستی خودپەسەندی... بەڵکو لەوکاتەدا جیاواز دەبێ لە کەسانی ئاسایی کە سەرقاڵ دەبێ بەکارە داهێنەرانەکەیەوە... لەو کاتەشدا گوێ نادات بەوەی زیانی لێ بکەوێت یاخود سوکایەتی پێ بکرێت، تەنانەت بەسنگێکی گوشادەوە بەرەو پیری مەرگ و ئەشکەنجە دانیش دەچێت.

دوبارە لێرەش دا هەست بە ناکۆکی دەکەین لە ژیاننامەی بلیمەتەکاندا، ئەوەتا کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرباری کەسێتیە ئاساییەکەی خۆی، وەك هەر کەسێکی دیکە گرنگی بەخۆی دەدات، وەلێ لەو کاتەشدا هەستی داهێنان سێبەری بەسەردا دەکات، خۆی لەبیر دەکات.

ئەم ناکۆکیەمان لەکاتێکدا بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ کە لەژیاننامەی ئەو بلیمەتانە دەکۆڵینەوە کە ڕێگەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەگرنە بەر... وا دەبێ یەکێکیان ڕێبازی

نوێ بۆ چاکسازی دێنێتە کایەوە، لەنێو ئەم ڕێبازەدا دەتاوێتەوە و هەر چی شتی دیکەیە (جگە لەڕێبازەکە) لە بیر دەکات، تاکو دەشمرێت پێداگر دەبێت لەسەر ڕێبازەکەی..

کەسی بلیمەت بەتەواوی دەرباز نابێ لە چلك و چەپەڵیە مرۆییەکان، لەبەر ئەوەشە کە دەبینین لە یەك کاتدا خودیشە و بابەتیشە. وەك چۆن لە بەردا بینیمان لەیەك کاتدا: منداڵیش بوو پیاویش بوو، دەبەنگیش بوو زیرەکیش بوو، دێوانەش بوو، زیریش بوو.

بەدەربڕینێکی تر، مرۆڤی بلیمەت بریتییە لە کۆمەڵێ ناکۆکی و جیاوازی، لەگەڵ خەڵکی دا دەژی و نامۆشە پێیان، بەسەر زەوی دا دەڕوات کەچی هزری بە عاسمانێ دا هەڵواسراوە.

ناکۆکی و بلیمەتێتی:

لۆژیکی نوێ دەڵێت: ناکۆکی خەسڵەتێکی ڕەسەن و بنەڕەتیە لەسروشتی هەموو شتێك دا.. چونکە ناکۆکی فاکتەری گۆڕانکاریە لەگەردوندا و پاڵنەری بازدانە یەك لەدوای یەکەکانیەتی بەرەو نادیار.

گومان وایە تاکو بونەوەر بەسەر پلەکانی پێشکەوتن دا سەربکەوێ، بەو ئەندازەیە ناکۆکیەکان تیای دا بەهێز دەبێ.. ئەمەش یانی: ئاژەڵ ناکۆکی و جیاوازی تیادا زۆرترە لە بێگیان، مرۆڤیش ناکۆکیەکانی پترە لە ئاژەڵ.. گەر وای دابنێین کەسی بلیمەت لەڕوی پێکهاتنی کەسێتییەوە لە مرۆڤی ئاسایی ناوازەترە، ئەوا دروستە بۆمان بێژین: بەو پێودانگە لەمرۆڤی ئاسایش ئاڵۆزتر و ناکۆك ترە لەنێوخۆیدا.

شیاوی باسە قەیمیەکان، لەم بۆچوونە نەدەگەشتن و پەسەندیان نەدەکرد، ئەم خاڵەش وای لێکردبوون لە وێناکردنی پیاوە مەزنەکانی مێژوو و بلیمەتەکاندا بەهەڵەدا بچن.. ئەوان وایان دێ بە ئەندێشەدا کە مرۆڤی بلیمەت وەدی هێنراوێکی تۆکمە و تەواوە و هەرگیز ناتەواوی ڕوی لێناکات، بۆیە گەر جارێ ببیستن کەسە بلیمەتەکە کارێکی دزێوی کردوە، ڕاستەوڕاست ئەو هەواڵە بەدرۆدا دەخەنەوە، چوون بڕوایان وایە بلیمەت کاری وا ناکات.

ئەم هەڵەیە تا هەنوکەش لەنێو خەڵکی دا باوە، ئەوەتانێ بەهالەیەك لە بێگوناهی و کامڵێتی دەوری مرۆڤی بلیمەت دەدەن.. گەر ڕێ بکەوێ یەکێك لە بلیمەتەکان لە نێویاندا بژی، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەن بەگوێرەی ئەندێشەکانی وان هەڵس و کەوت بکات، هەر ئەوەندەی هەندێ کەم و کورتی مرۆیی لێ بەدی بکەن ئیدی قیامەتیان هەڵدەستێ (دەربڕینی وەرگێڕ) و لەوانەشە لەهەمووی بەهرە و توانا و زیرەکیەکی دابڕنن (دەربڕینی وەرگێڕ). بەدبەختی بۆ بلیمەتێ کە لەناو ئەو خەڵکەدا بژی. ئەمیش وەکو هەمو خەڵکی گوزەران دەکات، خواردن دەخوات و بەبازاڕیش دا دەگەڕێت، وەلێ خەڵکی ئەمەی لێ چاوەڕان ناکەن، بەو پێیەی ئەم بلیمەتە، ئیدی لەبیریان چوە کە بەرلەوەی بلیمەتێ بێت مرۆڤێکە.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەم گوتەم و دەڵێم: بلیمەت ناتوانێ دەرباز بێ لە کەم و کورتیە مرۆییەکان، ڕەنگە ئەم ناتەواویانەش پتر لەمدا بەدەر بکەون وەك لە مرۆڤی ئاسایی دا. مرۆڤی ئاسایی حەزی لەوەیە چاولێکەری خەڵك بکات لەکردەوە و بیروبۆچونەکانیاندا. لەبەر ئەوە هاندەرە ئەستیەکانی خۆی خەفە دەکات. ئیدی ئەو پاڵنەرانە باش بن یان خراپ.. لەترسی ئەوەی نەبادا خەڵکی بەسوکی سەیر بکەن. هەرچی بلیمەتیشە ڕقی لە چاولێکەریە و سوکایەتیش بە شتە باوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات... هەر ئەمەش هەندێ جار وای لێدەکات بە بێ شەرم و سڵەمینەوە خۆی بدات بەدەست پاڵنەرە ئەستیەکانیەوە... وەك (ئەرخەمیدس) کە لە گەرماو هاتە دەرێ و بە ڕوت و قوتی بەسەر شەقامدا ڕای دەکرد: "خودایە وەك ئەو کاتەی دروستت کردم!"

مرۆڤی ئاسایی زۆرینەی کات مل کەچی ئاوەزی وشیاری دەبێت، وەك ئامازەشمان پێدا ئەو ئەقڵە چ نیە، جگە لە دروست کراوی کۆمەڵگە و بەرەنجامی نەریت و دیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگە.. وەلێ بلیمەت، دروستە گەر بەوەی وەسف بکەین کە خاوەنی دوو ئاوەزە.. جاری وا هەیە مل کەچی ئاوەزی وشیار دەبێ، لەو کاتانەدا وا دەزانین لە داناترین کەسانی نێو خەڵکە، جاری واش هەیە مل کەچی (ئاوەزی ناوەکیی) دەبێت و، لەو کاتەدا دەبینین وەك منداڵ سەراسیمەیە، یاخود هیچ و پوچە وەکو شێت.

بۆ زیاتر ڕون بونەوەی مەبەست، دەکرێ خەڵکی بەگشتی بپۆلێنین بۆ سێ گرووپ:

١ـ گروپێ مل کەچی ئاوەزی وشیارن، ئەمانە چینی ژیرەکانن.

٢ـ گروپێ مل کەچی ئاوەزی ناوەکین، ئەمانە شێت و دێوانەکانن.

٣ـ گروپێ مل کەچی هەر دوو ئاوەزەکەن، ئەمانەش بلیمەتەکانن.

جا ئایا خوێنەری بەڕێز دەخوازێ سەر بەکام لەم سێ گروپە بێت؟ گومانم وایە دەخوازێ سەر بەگروپی سێیەم بێت... بەڵام بەر لەوەی بڕیاری سەر پێبوونی خۆی بدات بۆ گرووپی سێیەم، پێویستە بزانێت، ئەم گروپە پڕە لە سەریەشە و ماندووبوون، لەدنیاشدا هیچ شتێ بە بێنرخ و بەها نیە.. وەك لە پەندە کۆنەکەشدا هاتوە: "هەنگوین جگە لە ڕێنگاڵی جوان، چزوی هەنگیشی تێدایە ـ دەربڕینی وەرگێڕ".

بلیمەت و خووگرتن:

(کاریل) لە پێناسەکردنی (بلیمەتێتی) دا دەڵێت: توانایەکی بێسنورە لە بەرگەگرتنی ئازاردا..[٦]

مەبەستی لەوەیە، کەسی بلیمەت توانا و وزەیەکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕان و بەردەوام بوون لەسەری.. لە ڕاستیش دا هەر وایە، کەسی بلیمەت زۆر خوگرە بە هەوڵ دان بەدوای هەقیقەتدا، زانیاریەکان کۆ دەکاتەوە و بەراوردیان دەکات و دید وبۆچون و سەرنجەکان لەبارەیەوە ئەمدیودیو دەکات. وەلێ ئەمە ناکاتە هۆکارێ بۆ زماندرێژی و شانازی کردن لە جڤاتەکان دا... بەم خەسڵەتەش لەو کەسانە جیا دەبێتەوە کە لەدنیادا هیچ نازانن، جگە لەبەرکردنی زانیاری لێرە ولەوێ، بۆ وەی دواتر بیڕشێننەوە بەسەر خەلکی دا بێئەوەی خۆیان هیچی لێ تێبگەن.

زۆربەی خەڵك حەز دەکەن بلیمەت بن، بۆیە حەزیان لێیەتی تاکو بەهۆیەوە خۆیان بەسەر خەڵکی دا بابدەن... وەلێ بلیمەتی ڕاستەقینە سەرقاڵی کاروباری خۆیەتی و نایەڕژێتە سەر خەڵکی... کاتێکیش سەرقاڵی کاری خۆی دەبێت و تیای دا نقوم دەبێت نە لەخەڵکی تێدەگات و نە ئەمانیش لەو تێ دەگەن.. لەوکاتەدا لە جیهانی کۆمەڵگە دەردەچێت و دەچێتە نێو جیهانی تایبەتی خۆیەوە.. هەر لەبەر ئەوەیە لەکەوتنە

خوارەوەی سێونك دا یان لە گلۆپێكی هەڵواسراودا، مانایەك دەبینێ كە خەڵكی ئاسایی
ئای بینن.. ئەو لە دۆڵێك دایە و خەڵكی لەدۆڵێكی‌تر دان...

بلیمەت و كۆمەڵگە :

(شوبنهور) پێناسەی بلیمەت دەكات، بەوەی كەسێكە هەوڵ دەدات كەسێتی خۆی
ەناو بەرێت و نكۆڵی لەخودی خۆی بكات، لەپێناوی ئەوە دا كەڕاستی‌یە دەرەكیەكان
وەك چۆن هەن وا ببینێت.

(شوبنهور) دەڵێت: "لەبەر ئەوە دەبینی مرۆڤی بلیمەت لەنێو خەڵكی دا نامۆیە،
ەدید و بۆچوون دا لەگەڵیاندا یەك ناگرێتەوە، ئەم شتانێك نابینێ كە لێیەوە نزیكن،
ەلكو سەرنجەكانی ئاراستەی ئاسۆی دوور دەكات.. بەم جۆرە ڕیزپەڕبوونی كەسی
لیمەت لەكۆمەڵگەداو تێكەڵ نەبوونی بەخەڵك دروست دەبێ، چونكە ئەم لەبنەڕەتی
شتگیر و نەمری شتەكان دەكۆڵێتەوە.. بەڵام خەڵك سەرنجی وێنەی شتەكان دەدەن،
ەوایە لەنێوان ئاوەزی ئەمان و ئەودا پانتاییەك نیە بۆ وێك هاتنەوە.. كابرای بلیمەت
ارەزووی لەگۆشەگیریە، هیچ پێویستی‌یەكی بەهێز و هاوڕێ نیە وەكو ئەو خەڵكانەی
ر، كە لەژیانیان دا پشت بەشتانێك لە دەرەوەی خۆیان دا دەبەستن. ئەو چێژ و تامەی
ەوێنەكانی جوانی وەردەگرێت و، ئەو سوكناییەی لە هونەرەوە چنگی دەكەوێت وای لێ
دەكەن سەرفاڵیەكانی ژیانی لەبیر بچێتەوە، چونكە جێگەی ئەو ئازارەی بۆ پڕ
ەكەنەوە كە لەمرۆڤ دا زیاد دەكات بە ئەندازەی ڕون بوونەوەی ئیدراكی"[٧]

ئەم وەسفەی (شوبنهور) بۆ بلیمەتێتی كرد، لەزیاد ڕۆچون خاڵی نیە، لەهەمان كاتدا
رۆكێكی گەورەی هەیە و، ڕەنگە كەمێكمان لەپەیوەندی كەسی بلیمەت بەكۆمەڵگەوە
ۆ ڕوون بكاتەوە.

یەكێك لەو گوتانەی زۆر دووبارە دەكرێنەوە، ئەو پەیڤەیە كە دەڵێت: مرۆڤ تاكو
ەمتر بیر بكاتەوە، زیاتر كەسێكی كۆمەڵایەتی دەبێت... ئەم پەیڤەش لە چەردەیەك
استی بێبەش نیە... لەولاتریش دەتوانین بڵێین: تا چەندە مرۆڤ تێكەڵ بێت لەگەڵ
ۆمەڵگەكەیدا، بەو ئەندازەیە لە بلیمەتێتی دوور دەكەوێتەوە.. ئەو كەسە

کۆمەڵایەتیەی کە نەریتی وایە بەجوانی ڕەفتار دەکات (لەگەڵ خەڵکی دا . وەرگێڕ) و هەوڵی ئەوە دەدات لە لای خەڵکی خۆی خۆشەویست بکات و ڕەزامەند بیان بەدەست بێنێ، ناتوانی بیری نوێ دابهێنێ کە پێداویستیەکی بلیمەتێتیەیە... دەتوانێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ... بەڵام سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی شتێکە و بلیمەتێتیش شتێکیترە.

ئێمە نکۆڵی ناکەین لەوەی هەندێ لە بلیمەتان سەرکەوتنی باشیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا بەدەست هێناوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە خواست و مەبەستی بەئەنقەستی ئەوان نەبووە، بەڵکو پێدەچێ هەر لە خۆوە دەستیان کەوتبێ، ئەمە دوای ئەوەی کەخەڵکی بە گەورەیی داهێنانەکەیان ئاشنا بووبن، ئیتر لەدەوریان کۆ بوونەتەوە و ڕێزیان گرتون و چاویان لە هەر کەلێنێکیش پۆشیوە کە لە ئاکاریاندا بەدەر کەوتبێ.

پەراوێزەکانی پاشکۆی پێنجەم:

١. بنواڕە: جريدة الشعب البغدادية، ژمارەی ڕۆژی ١٩٥٨/٤/٢٠.

٢. بنواڕە: Encyclopedia of Social Sciences, Art Genius

٣. بنواڕە: مجلة المختار، ژمارەی مانگی کانوونی دووەم ١٩٥٨.

٤. بنواڕە: Encyclopedia of Social Sciences, Art Genius

٥. ئەم ڕووە نهێنییەی سروشتی مرۆڤم لەیەکێك لە کتێبە ئامادەکراوەکانمدا بۆ چاپکردن بەوردی خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوە، کتێبەکەم ناو ناوە "لغز الشخصية البشرية" نیتر نازانم کەی دەتوانم بڵاوی بکەمەوە.

٦. بنواڕە: Tyrrell, Personality of Man. P 36

٧. بنواڕە: محمد امين و زكي نجيب محمود، قصة الفلسفة الحديثة، ج ٢. ل ٤٤٢ ـ ٤٤٣.

پاشکۆی شەشەم:

دێوانەیی و کۆمەڵگە

ڕێخۆشکاریەکی لۆژیکی:

بیرمەندانی کۆن وا ڕاهاتبوون، مرۆڤیان بەگشتی دەپۆلاند بۆ دوو گرۆی سەرەکی، کە سێیەمینی نەبوو: ژیر و شێت... مرۆڤ لەدیدی ئەواندا یان دەبوا ژیر بوبا یاخود دێوانە. هەرگیز نەدەکرا لەیەك کاتدا مرۆڤ هەم ژیر بێت و هەم دێوانە.

بیریارانی کۆن لەسەر ئەم پۆلاندنە دوو جەمسەریە دەڕۆشتن بەرێوە لەهەموو خەسڵەتە مرۆییەکانی تریش دا... لەهەموو خەسڵەتەکاندا مرۆڤ دەکەن بە دوو بەشەوە: چاکەکار و خراپەکار، دادگەر و ستەمکار، ئازا و ترسنۆك، چاك و خراپ، ناشیرین و جوان... هتد. لەنێوان هەر گرۆهێك و دژەکەیشی دا سنورێکی جیاکەرەوە دادەنێن کە لەحوکمداندا نابێ ئەو سنوورە پێشێل بکرێت، جگە لەوە، کەوشەنەکە بە زاکونێکی سروشتی دادەنێن. ئەگەر پیاوێ دادگەر بێت، ئەوا پێویستە لەهەموو جموجوڵ و کاروکردارەکانی دیکەشی دا هەر دادگەر بێت، وا دەزانن نابێ هیچ ئاماژەیەکی ستەمگەرانەی لێ دەربکەوێ با ئەو ئاماژە زۆریش بچوك بێت.

لەکتێب و نوسراوەکانی گرۆ ئیسلامیەکاندا ڕاستی ئەم قسەیە بەڕونی دەبینین. ئەوەتا دەبینین گەر باسی پیاوێك لە پیاوەکانی مێژوو بکەن و خەسڵەتێکی دیاریکرا و بدەنە پاڵی، ئیتر دوای ئەوە ناتوانن خەسڵەتێکی تری باس بکەن کەپێچەوانەی ئەوی یەکەمجار بێت.. لەبەر ئەوە هەردەم پێویستیان بەوە بوو پەنا ببەنە بەر لێکدانەوە و ڕاڤەکاری زۆر لەخۆکارانە لەکاتی وتووێژ و هەڤپەیڤینەکانیان دا. لەلۆژیکی کۆندا ئەم (گرێ ـ وەرگێڕ)یە ناو نراوە یاسای (نێوەندی بەرزەوەکراو) یاخود (سێیەمی بەرزەوەکراو)... ئەم یاسایەش بیریارانی کۆن بەیەکێ لەو زەروراتە عەقڵێنانەیان دەدایە قەڵەم کە ناکرێ گومانیان لێ بکرێ.. ئێستاکە ناڕاستی ئەو یاسایە و دووری وی لە بوپەری ژیانەوە دەرکەوتووە. هیچ خەسڵەتێکی ڕوت نیە لەهیچ مرۆڤێکدا، بەجۆرێ

کە ئەو مرۆڤە لەخەسڵەتە دژەکەی خاڵی بێت. هەر چەندە ئێمە بەلامانەوە ئەو مرۆڤە کامڵ و تەواو بێت.. دەبێ هەر مرۆڤێ لەهەر خەسڵەتێ هاودژەکەیشی تێدا بێ، تەنها ئەوەندە هەیە ڕێژەی یەکێك لە خەسڵەتەکانی تێدا زیاد دەبێ ، لەبەرانبەر کەم بوونەوەی ڕێژەی هاودژەکەی تری دا، بەو جۆرەش نازناوێکی دیاریکراوی بەسەردا دەبڕین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین لەهەندێ کاتدا خەسڵەتی پێچەوانەی نازناوەکەیی لێوە بەدەر بکەوێت.

لۆژیکی نوێ یاسای (نێوەندی بەرزەوەکراو)ی واز لێهێناوە، لەبریتی دا یاسای پلەبەندی (continum)ی داهێناوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە مرۆڤەکان لەهەموو خەسڵەتەکانیان دا لەپلەدا جیاوازن نەك لە جۆردا.. گەر بمانەوێت بیان پۆلێنین پێویستە لە پلەبەندی یەك بەدوای یەك دا دایان بنێین، بەگوێرەی زیاد وکەمی خەسڵەتێك تیایاندا.

بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست نمونەی کورتی و درێژی، نێو خەڵك دێنینەوە، ئێمە کاتێ ژمارەیەکی زۆری خەڵك کۆ دەکەینەوە بەگوێرەی درێژی و کورتی بالآیان دەیان خەینە ڕیزێکەوە، دەبینین سەریان شێوەی هێڵێکی لاری وەرگرتوە، بەو جۆرەش ناڕەحەتە بۆمان سنورێك بکێشین بۆ جیاکردنەوەی بالآبەرزەکان لە بالآکورتەکان.. گەر لەبەر هەندێ مەبەستی کرداری ناچار بین ئەو سنورە دیاری بکەین، ئەوا سنورێکی ئیعتیباری دەبێت و هیچ بناغەیەکی ڕاستەقینە و واقعی نابێت.. ئەو کەسەی بەتەنیشتی هێڵە ئیعتباریەکەوە دەوەستێ، بۆ نمونە لەوانەیە بە بالآکورتی بدەینە قەڵەم، ئەمە لەکاتێکدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ ئەو کەسەی تر دا کەهەر بە تەنیشتی ئەمەوەیە و کەوتوەتە ئەو دیوی هێڵەکە.

لەنێوان شێت و ژیردا:

زانایانی دەروونناسی، هەنوکە بەگوێرەی ئەو بیردۆزی پلەبەندیە سەرنجی شێت و ژیرەکان دەدەن. لەنێو خەڵکی دا ژیرێکی تەواو یان شێتێکی تەواو بوونی نیە. دەگونجێت خەڵکی لەڕوی شێتی و ژیریەوە ڕیزبەندی بکەین، بەهەمان ئەو شێوەیەی

کە ڕیزبەندیمان بۆ کردن لە ڕوی باڵاکورتی و باڵادرێژیەوە.. ئەو سنورەی خەڵکی لەسەری ڕاهاتون بۆ جیاکردنەوەی شێت لە ژیر، هیچ نیە جگە لە سنورێکی ئیعتباری. زۆر جاریش بەها کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەدیاریکردنی ئەو کەوشەنەدا، بەو پێیە کەسێك بەشێت لەقەڵەم دەدەن ، لەکاتێکدا هەر ئەو کەسە لەبەر ڕوناکی بەها گەلێکی دیکەدا بەگەورەی ژیران دێتە ئەژماردن.

جاری وا هەیە دەبینین ، پیاوێکی ژیر هەندێ جار کاری وای کردوە ئەقڵ قبوڵی ناکات. ئیتجا ئێمە پیاوەکەمان خۆش بوێ دەست بەجێ کردنی ئەو کارەی لێ دوور دەخەینەوە. لەدیدی ئێمەماناندا کابرایەکی ژیری وا کاری بەدی بەو جۆرەی لێناوەشێتەوە!! ئێمەش بەو حاڵ و باڵەمانەوە لە لۆژیکیستە کۆنەکان جیاواز نابین ، لەوە دا کە بڕوایان بە یاسای (نێوەندی بەرزەگراو) هەبوو، چوون ئێمەش گومانمان وایە کەسی ئاقڵ هەرگیز ناگونجێت کارێکی شێتانە بکات، و هەروەها شێتیش ناگونجێ کاری ماقوڵ بکات. ئەمە لەکاتێکدا هەر تکە ئەگەرەکە گونجاون. جیاوازی نێوان شێت و ژیر، وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا، جیاوازیە لە پلە دا نەك لەجۆردا.

هەر مرۆڤێ کەلەسەر ئەم زەویە دەژی، پێویستە لەقوڵایی دەروونی دا کەم تا زۆرێك تۆوی شێتێتی هەڵگرێ. وەڵێ زۆرینەی خەڵك دەتوانن لەگەڵ ئەم تۆوەدا خۆ بگونجێنن و دای بپۆشن، لەم پەردەپۆش کردنەشدا ماڵ و سامانیان یاخود پلە و پایەی بۆماوەیان یارمەتییان دەدات.. جا بەدبەختیش بۆ ئەو هەژارە داماوەی کە هیچکام لەو شتانەی نیە، چونکە زیاتر ئەگەری شێت بوونی ئاشکرای لێ دەکرێت بەر لەکەسانیتر... گەر دروست بێت قەمیەکان بڵێن: "خەریکە هەژاری ببێتە کوفر" ئەوا دروستە بۆ ئێمەش بێژین: "خەریکە هەژاری ببێتە دێوانەیی".

پوخت گیریەکی زانستی:

گەنجێك هات بۆ لای پزیشکێکی دەروونی و سکاڵای گرێیەکی دەروونی بەڵاوە کرد کە بەسەری دا زاڵ بوە و دەترسێ شێتی بکات. گرێی گەنجەکەش ئەوە بوو کچێکی خۆش ویستوە و بڕواشی وایە کیژەکە ئەمی خۆش دەوێ.. ئەم بڕوایەشی بۆتە هۆی

ئەوەی وەهمی زۆر هیچ و پوچ بێتە دڵیەوە.. پزیشکەکە پێی دەڵێت: "مادەم لەناخی خۆت دا بڕوات وابێ کچەکە خۆشی دەوێ و بەوەندە کومسایت بێت، ئەوە هیچ مەترسیەکت لێناکرێ، بەڵام ئەگەر بەشێوەی کردەیی ئەم بڕوایەت بەدەر بخەیت و لەژیانت دا بەگوێرەی ئەو بڕوایە بەڕێوە بچیت ئەوە تۆ شێتیت".[1]

قسەی ئەو پزیشکە کلیلێکمان دەداتە دەست، کە دەتوانین بەهۆیەوە لەسروشتی ژیریی و شێتی تێ بگەین.. هەر یەکێك لەئێمە بگریت، هەندێ جار وامان بەخەیاڵدا دێت کە جوانین و ژنان ئاشقمان دەبن، یاخود بلیمەتێکین بەئەنگوست ئاماژەمان بۆ دەکرێ، یاخود هێند قارەمان و پاڵەوانین خەڵکی لێمان دەترسن، بەڵام شەرم دەکەین لەوەی ئەم ئەندێشەیەمان ئاشکرا بکەین، تەنانەت ڕەنگە بیشارینەوە و بەپێچەوانەی ئەندێشەکەشەوە ڕەفتار بکەین.

چاودێری ئاوەزی ئاگا تیای دا بەهێزە، بەڕادەیەك ڕێگەی لێ دەگرێت بەجۆرێ خۆی نیشان بدات کەخەڵکی لێی قایل نەبن.. لەهەندێ ماوەی دیکەش دا ئەو چاودێریە تیای دا لاواز دەبێت، بۆ نمونە (مەی) دەخواتەوە یاخود توشی (تا)یەکی سەخت دەبێت، لەو کاتەشدا، ئەوەی لەژێر بەرەیە دەیخاتە سەر بەرە (دەربڕینی وەرگێڕ) و نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات..هەرچەندە ئەو ماوانە ڕەفتە نین و بەکۆتایی هاتنی هۆکارەکانیان کۆتاییان دێت.

وەلێ گەر ئەو ماوانە درێژەیان کێشا و مرۆڤ گوێ ی نەدا بەوەی خەڵکی چی لەبارەوە دەڵێن، ئەوا هێدی هێدی دەچێتە نێو بەهەشتی شێتیەوە.

مامۆستا (کمبال یانگ) دەڵێت: مرۆڤ لەژیانی دا بەرەو ڕووی دوو جیهان دەبێتەوە: جیهانێکیان ناوەکی و خودیە و پێك هاتووە لە هاندەر و حەز و خولیا و ئامانجە تایبەتیەکانی.. ئەوی دیکەشیان بابەتی و دەرەکییە و پێکهاتووە لە بەها کۆمەڵایەتیەکان و ئەو پێوەندانەی خەڵکی بەسەر تاکی دا دەسەپێنن، ئەو مرۆڤەی خاوەنی کەسێتیەکی هاوسەنگە دەتوانێت ئەو دوو جیهانە پێکەوە بگونجێنێت.. وەلێ مرۆڤی ریز پەڕی نێو خەڵك ئەوەیە کە لەشوێنی ئارەزوە تایبەتیەکانی دەچێت، بێ گوێ دانە ئەوەی خەڵکی چ بۆچونێکیان لەبارەیەوە هەیە"[2].

فاكتەری شێت بوون:

ڕەنگە یەكێك بپرسێت: ئەو هۆكارە كامەیە كە وا دەكات لەكەسێك لەخەڵكی‌تر دابڕێت و شوێن ئارەزووە تایبەتیەكانی بكەوێت تا ئەو ڕادەیەی كە شێت ببێت؟

تكام وایە خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەم لێ نەكات وەڵامێكی تێروتەسەل و وردی ئەم پرسیارەی بدەمەوە، چونكە ئەز پسپۆڕ نیم لە نۆژداری دەروونناسی دا، تاكو بتوانم وەڵامی دروستی ئەو پرسیارە سەختە بدۆزمەوە.

لەراستی دا گرۆی دەروونناسانیش تاهەنوكە فاكتەری شێت بوونیان دەست نیشان نەكردوە بەجۆرێ كە هیچ ناكۆكیەكی لەسەر نەبێت، هەر چۆن بێت، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم باس لەشێتی (یاخود شێت بوون) بكەم لەو ڕووەوە كە پەیوەندی بەكۆمەڵگەوە هەیە.. چونكە هەنوكە ڕون بۆتەوە، كە زۆرینەی تاكەكانی كۆمەڵگەی لەژێر قورسایی گوشاری بارودۆخە كۆمەڵایەتی و ئابوریەكانی دەوروبەریان دا شێت بوون.. ئەگەر لە بارودۆخێكی دی دا بژیابان لەوانەیە بیان توانیایە بەجۆرێك لەجۆرەكانم لەدەبەنگی شێت بوون خۆیان قوتار كەن.

قەیمیەكان فاكتەری شێت بوونیان دەگەڕاندەوە بۆ هۆكارە تاكەكەسیەكان و بەوەش فاكتەرە كۆمەڵایەتیەكانیان فەرامۆش دەكرد. ئەمەش هەڵەیەكی گەورەی ئەو قەیمیانە بوو، بەهۆی ئەو هەڵەیەوە زیانیان دا لەشێتەكانیش و ژیرەكانیش!!

میللەتە دێرینەكانیش هەر وایان دەكرد، شێت بونیان دەدایە پاڵ كاری (جندۆكە)، لەدیدی واندا (شێت) كەسێكە جنۆكە بەسەری دا زاڵ بووە، لەبەر ئەوە دەروێشیان دەهێنا تاكو جنۆكەكەی لەسەر دا دەربكەن، دەروێشەكان دوعایان بەسەر دا دەخوێند یاخود بە شوڵك (دەربڕینی وەرگێڕ) بەتوندی لێیان دەدا و هاواریان دەكرد: "بچۆ دەرەوە.. بچۆ دەرەوە"، بڕوایان وابوو بەو جۆرە جندۆكەكە لەكابرا دوور دەكەوێتەوە.. وەلێ لەوانەیە ئەنجام بەپێچەوانەی ئامانجی ئەوانەوە بێت، و جنۆكەكە پێدادەگرێت لەسەر مانەوە لە سەری كابرا دا و ماوەیەكی دورودرێژ و ململانێی مانەوە دەكات.

توێژینەوە تازەکان کە لەبابەت جنۆکەوە سازکراون، ڕەوتێکی پێچەوانە بە ڕەوتی قەیمیەکان وەردەگرن، چونکە گرنگی تەواو دەدەن، بەفاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان لەپێکهێنانی کەسێتی شێت دا.. نکولیش ناکات لەبوونی فاکتەرگەلێ دەروونی و فەسلەجی کە رۆڵی خۆیان دەگێڕن لە پرۆسەی شێت بووندا.. ئەوەندە هەیە ئەم فاکتەرە تاکە کەسیانەش لەمیانەی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە کار لەکەسەکە دەکەن.. بەوەش ئەو بیرۆکە کۆنەی پوچەڵ کردەوە کە پێی وابوو ئاوەزی مرۆڤ دەزگایەکی خۆڕسک و زگماکیە و بەسەربەخۆیی (کار دەکات ـ وەرگێڕ).

ئەقڵ وەك لەبەردا ئاماژەمان پێدا، دروستکراوی کۆمەڵگەیە، چ ئەقڵێکی ڕیزبەڕ بێت یان هاوسەنگ، لەهیچ کام لەو دوو بارەدا بەدەر نیە لەوەی بەرەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی بێت.

لەماوەی دادێ، کۆمەڵێ نموونەی ڕاستەقینە دێنینەوە، لەو نمونانەدا دەردەکەوێ کە سنوری جیاکەرەوەی نێوان (ژیری و شێتی) هیچ نیە جگە لەسنورێکی ئیعتباری کە لەنێو بەها کۆمەڵایەتیەکانی نێو خەڵکەوە هەڵدەقوڵێت و پەیدا دەبێت.

لەنێو گەلە سەرەتاییەکاندا:

کاتێ لە بەها کۆمەڵایەتیەکانی نێو هەندێ لەگەلە سەرەتاییەکان دەکۆڵینەوە، چەمکی شێت بوون و تێگەیشتنمان لەو چەمکە گۆڕانی گەورەی بەسەر دا دێت.. چونکە زۆر بەدەگمەن کەسێکی شێت لەنێو ئەگەلە سەرەتاییانەدا دەردەکەوێ بەو شێوەیەی کەسانی شارستانی لێی حاڵی بوون.. گریمان شتێکی نێو ئێمە دەچێتە نێو هۆزێکی سەرەتاییەوە، ئەو دەمە لەوانەیە لەنێویاندا ببێتە قەشە یاخود جادوبازێ و لەسەردەستی دا چەندین مۆجیزە، ڕو بدات.

ڕەنگە ڕاست بێت گەر بڵێین، لەدیدی هەندێ لەگەلانی سەرەتایی دا یەکێك لەپێداویستی یەکانی کەسێتی جادوگەر یاخود قەشە ئەوەیە کە لەڕەفتار و بیروبۆچوونەکانی دا ڕیزبەڕ بێت.. ئەوەتانێ تا ئێستەش پاشماوەیەکی ئەم باوەڕە لەنێو

نەخوێندەوارەکانماندا باوە و دەبینین جاری وا هەیە هەندێ لە گەرامەت یاخود پیرۆزێتی دەدەنە پاڵ هەندێ لە شێتەکان.

بەر لەچەند ساڵێك لەبەغدا شێتێکم بینی، ئەم شێتە ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی هەر گەڕۆك (سەیارە)یەك بەلایدا تێ پەڕیبا لەسەر پێشەوەی گەڕۆکەکە دادەنیشت، شۆفێرەکانیش ڕێگری ئەم کارە سەیرەیان لێ نەدەکرد، لەترسی ئەوەی نەبا دۆعایان لێ بکات و گەڕۆکەکانیان لەکار بکەوێت!!

مامۆستا (سزرلند) دەڵێت: "ڕیزپەڕبوونی جەستەیی یاخود ئەقڵی، یەکێکە لەپێداویستییەکانی کەسێتی جادوباز لەنێو گەلانی سەرەتایی دا.. جادووباز پێویستە دووچاری ئەو ریزپەڕبوونە ببێت، هەمیشە جادووبازەکان لە ڕوی جەستەییەوە تێکچون یاخود بەڵەکی یان هەیە یان کوێرن یاخود لادانی سێکسیان تێدایە یاخود زۆر کورتە باڵان و توشی تێکچونی دەماریی یاخود هیستریا بوون"[٣]

مامۆستا (باستید) باسی یەکێك لەهۆزە سەرەتاییەکانمان بۆ دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن پیاوێك لەناو ئەو هۆزەدا دەتوانێت ببێتە جادوباز، ئەو هۆزە پێیان وایە کاتێك کەسێك دەبێتە جادوباز کە کەسێکی تر بکوژێت و تەرمەکەی بخاتە چاڵێکەوە و لەشی خۆی ببەستێتەوە بە تەرمەکەوە بەجۆرێك لەشی بەرلەشی مردووەکە بکەوێت و دەمیان لەسەر دەمی یەکتر بێت، چەند ڕۆژێك بەو جۆرە بێ خواردن و خواردنەوە بمێنێتەوە.. ئەم وەرزشە دەرونیە قێزەونە جۆرێك لەتێکچونی دەماریی تێدا دروست دەکات، لەکاتێ تەواویش دەبێ، دەبێتە جادوگەر.[٤]

مامۆستا (بنکت) باسی هەندێ لەهۆزەکانی هندیە سورەکانمان بۆ دەکات، لەنێجو ئەم هۆزانەدا ئەو کەسەی بیەوێت ببێتە جادوباز پێویستە لەخەڵکی دوور بکەوێتەوە و بچێتە نێو جەنگەڵ و دارستانەکان و شوێنە چۆڵ و هۆڵەکان، لەوێندەر واز لەخواردن دێنێت و دەست بەوەرزشێکی توند و سەختی دەرونی دەکات و، خۆی سزا دەدات بەو وەرزشە، دەگری و لەگیانە شاردراوەکان دەپاڕێتەوە کە خەونە پیرۆزەکانی پێ ببەخشن، چەند ڕۆژێ لەسەر ئەم کارەی بەردەوام دەبێ، تاکو خەو دەبینێت و خەونەکەی

فەرمانی پێ دەدات بگەڕێتەوە بۆ نێو هۆزەکەی دوای ئەوەی بەهرە جادووییەکەی پێ بەخشراوە بۆ چاکردنەوەی نەخۆش، یاخود سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

لەنێو هۆزە دەشتەکییەکاندا:

لەڕۆژگارەکانی نەفامی دا، هۆزە دەشتەکییەکان بەجۆرێ سەرنجی (شێتی)یان دەدا کە کەمێك جودا بوو لە تێڕوانینی گەلە سەرەتاییەکان بۆ هەمان مەسەلە.

هەندێ جار لەنێویاندا (شێت) بەدەردەکەوت، ئەوانیش بۆ چارسەر کردنیان پەنایان دەبردە بەر لێدانی زۆر و (هەندێ چارسەری دیکەی وەك نزا و نوشتە و ... هتد ـ وەرگێڕ) شێتەکانیش هەندێ ڕەفتاریان دەکرد کە پێچەوانەی بەها باوەکانی دەشتەکێتی بوون، وەك ئەوەی هەندێ قسەی بێ مانایان دەکرد، یاخود هەندێ جموجوڵیان دەکرد کەهیچ هۆیەکیان نەبووە، بێگومان لەدیدی هاوتا دەشتەکیەکانیانەوە.

لەسەردەمی نەفامی دا جۆرە شێتێکی تر پەیدا بوون، بەڵام هۆزە دەشتەکیەکان بەچاوی ڕێز و حورمەت و لێترسانەوە سەیریان دەکردن.. ئەو شێتانە لەسەردەمی نەفامی دا ناو نرابوون (لەنێو بەری عەرەب).

(لەنێوبەری عەرەب)ی سەردەمی نەفامی لەهەڵس وکەوتی دا ریز پەڕ بوو، لەقوڵاییەکانی ناخیدا نارەزوویەکی زۆری مۆڵ دابوو بۆ کوشتن و خوێن ڕشتن. هەر ئەوەندەی کەسێکی بدیبا کە هەستی بە تەرێز و رق لێبوونی بکردایە، دەست بەجێ هەڵیەی کوشتنی دەکرد.. مێژوو باسی (لەنێو بەری عەرەب)مان بۆ دەکات کە وازیان لەهۆزەکانیان هێناوە و لە دەشت ودەردا ژیاون ئەو بیابانەیان کردۆتە لانکەی ژیانیان.. هۆزەکانیشیان لێنەدەگەڕان ئەو جۆرە کەسانە لەنێویاندا بمێننەوە، چونکە نەدەچوونە ژێر باری ئەو تۆڵەکردنەوانەوە کە لە ئەنجامی لە (نێوبردن)ە بەردەوامەکان ئەو جۆرە کەسانەوە سەری هەڵئەدا.. سەرباری ئەوەش هێشتر هۆزەکان رێزیان دەگرتن و بە نازا و قارەمانیان دەدانە قەڵەم.

یەك لەو ڕوداوە کۆمیدیانەی لەو بارەوە دەگێڕدرێنەوە، ئەم ڕوداوەیە: کابرایەکی دەشتەکی باس و خواسی "لەنێوبەری عەرەب" دەبیستێ و حەز دەکات وەکو ئەوان ئازا و فارەمان بێت، دەچێتە لای یەکێك لەو کەسانە و داوای لێ دەکات "لەنێو بردن"ی فێر بکات.. کابرا لەوەڵامی دا دەڵێت: "ئەگەر حەزت لێکرد، بیکە".. وادیارە دەشتەکیەکە لەم وەڵامەی تێ ناگات، بۆیە بۆ جاری دووەم و سێ یەم پرسیارەکە دووپاتە دەکاتەوە.. لەم کاتەدا کابرا شمشێرەکەی لێ بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: "لەنێو بردن ئاوایە... حەز دەکەم شمشێرەکەت لێ بدەم"[(٩)]

بەهێزترین گومان بەلای ئەوە دایە، ئەگەر بێت ئەو (لەنێو بەر)انە بەنێو کۆمەڵگەیەکی شارستانی دا بڕژابان، ئەوا بەزنجیر دەیان بەستنەوە و لەنێو سەردابەکان دا بەندیان دەکردن، تەنانەت لەوانەیە دەروێشیان بۆ بهێنانایە تاکو بەگاڵۆك لێیان بدەن بۆ وەی جنۆکەکن لەمێشکیان دەربکەن.

لەدیرۆکی ئیسلامیدا:

دروستە بێژین: ئیسلام ئەو شێتە "فارەمان"انەی لەنێو بردو چیتر ئەو بوارەیان لەبەردەمدا نەمایەوە کە تەراتێنی تێدا بکەن و خراپە لەسەر زەوی دا بڵاو بکەنەوە.. لەسەردەمی خەلیفەکانی راشیدینیش دا هەر وا مایەوە، چونکە سەردەمی خەلیفەکانیش درێژبونەوەی سەردەمی پێغەمبەرایەتی بوو.. وەلێ کاتێ معاویە هەوڵی دا عەرەب بگەڕێنێتەوە سەر سەردەمی نەفامی یان، ئەوانیش دوبارە سەریان هەڵدایەوە ... وادیارە معاویە لە هەندێ لەو جەنگانەشی دا سودی لەو کەسانە وەرگرتووە، کە گەرەکی بوە خەڵکی پێ بترسێنێ.

دەگێڕنەوەی یەکێك لەو کەسانەی ناوی (بسر کوڕی ارطأة) بوو، ئەم پیاوە (معاویە) بەسەرکردایەتی سوپایەك ناردی بۆ حیجاز و یەمەن، ئەو پیاوە لەوێندەر تاوان و خراپەکاری و خوێنڕێژیەکی ترسناکی بەرپا کرد، چێژیشی لەو تاوانکاریە دەبینی، تا ئەو ڕادەیەی کە دەڵێن منداڵیشی کوشتوە.

لەڕاستی دا ئەو پیاوە شێت بوو، لەو قۆناغە مێژوویەشدا ئەو بوارەی جنگ کەوت کە تیای دا بتوانێت ئارەزووەکانی تێر بکات.. ڕواڵەتی شێت بوون لەدوای خانەنشین کرانی بەسەری دا زاڵ بوو.. مێژونوسەکان لەبارەی ئەو پیاوەوە لەکاتی خانەنشین کرانەکەی دا دەڵێن: ئۆفرەی ئەددگرت تاکو شمشێری بەدەستەوە گرت و شمشێری دەوەشاند، تەنانەت کەس و کاری ناچار بوون لە تەختە شمشێرێکی بۆ دروست بکەن و سەرین (پشتی) بخەنە بەر دەستی، ئەوەندەی بەو شمشێرە دارینە دەکێشایە سەرینەکاندا، تاکو لەهۆش خۆی دەچوو، کاتێ وە ئاگاش دەهاتەوە هەمان کردەوەی دووبارە دەکردەوە، ئەمە خووی ئەو کابرایە بوو تاکو مرد و حەوایەوە.[٧]

لەنێوان گەلانی شارستانی دا:

مێژووی هیچکام لە گەلە جوداجوداکان خاڵی نیە لە کەسانێکی وەك (لەنێوبەرانی عەرەب).. ئەو جۆرە کەسانە هەندێ کاریان بۆخۆیان دۆزیوەتەوە کە لەگەڵ شێتێتی یەکەیاندا بگونجێت، گەر وا نەبا ئەوا شتێکی بێ پەردە دەبوون.. کەسانی لەو جۆرە لەسەردەمەکانی ستەم و چەوسانەوە دا پتر دەبن، لەو کاتەدا دەبنە جەلاد یان زیندانەوان یاخود لێکۆڵەرەوە.. لەوکاتە دا بەکوشتن و بڕین و ئەشکەنجە دان دا دەبارنە سەر قوربانیەکانی بەردەستیان، لەو کردەوەیەشیان چێژ وەردەگرن، دواتر پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە بۆ گوێڕایەڵی فەرمانی سوڵتان ئەو کارانە دەکەن، چونکە خودا گوێڕایەڵی فەرمانی سوڵتان ئەو کارانە دەکەن، چونکە خودا گوێڕایەڵی سوڵتانی لەسەر بەندەکانی فەرز کردوە.

هەروەها ئەو جۆرە کەسانە لەکاتەکانی جەنجاڵی و پاشاگەردانی دا ئەو ماوانەی دەستەڵاتی یاسا تێیدا لاواز دەبێت: پتر دەبن.

لەو کاتانەدا پێشڕەوی خەڵکی ئاژاوەچی دەکەن و هانیان دەدەن بۆ دەست درێژی و سزا و ئەشکەنجەدان، کە ئەم کارانە دەکەن هەست بە خۆشحاڵی، کەفاڵەکانی خوێن و ناڵە و هاواری بریندارەکان و قیژ وهوری ئافرەتان لەگەڵ ئەو ئارەزووە خەفەکراوانەدا دەگونجێن کە لەناخی دا پەنگیان خواردۆتەوە.

دێوانەیی پادشایان:

زۆر جار لەمێژووی نەتەوەکاندا هەبوە، پادشایەکی شێتۆکە چوەتە سەر تەختی دەستەڵات، هاوڵاتیە هەژارەکانیشی هیچ لەبارەی شێتی یەکەی پادشاوە نازانن.. پادشا دەورە دراوە بە خزمەتکار و دەست و پێوەند و وەزیر و گزیر، ئەمانە ئارایشتی کردەوەکانی بۆ دەکەن و ستایشی دەکەن، ئەمیش خۆی لێ دەبێتە سەردار و گەورەی ژیرانی دونیا، دەمێ دەچێتە دەرێ بۆ نێو خەڵکی، سوارەکان دەوری دەدەن و کەژاوە لەبەر دەستی یەوە و پیاو ماقوڵانیش لە دوایەوە دەڕۆن.. خەڵکیش کەبەو شێوە سەیری دەکەن وا دەزانن دانایی (هەموو دنیا ـ وەرگێڕ) تیای دا بەرجەستە و کۆبوەتەوە، ئیدی نازانن لەژیانی تایبەتی دا ڕەفتاری منداڵان دەکات!

(ئاغاخان) لەیاداشتەکانی دا باسی پادشای پێشوتری ئێران (موزەفەرەددین شا)مان بۆ دەکات.. (ئاغا) لەساڵی (١٩٠٠) دا لەشاری (پاریس) چاویبە پاشا کەوتوە و دواتر باسی ئەوە دەکات کە تا ڕادەیەك زۆر نەفام بوە، حول حولی بووە، میزاجێکی ڕیزپەڕ و نامۆی هەبووە.. ماڵ و سامانێکی زۆری بەفیڕۆ دەدا لەپێناوی مەراسیمی هیچ و پوچدا.. تا دەڵێ: سەرۆك وەزیرانەکەی ئەو ڕەفتارە منداڵانەی لەپێناوی مەرامەکانی خۆی دا دەقۆستەوە.. لەدانیشتنەکانی سەر لەبەیانیانی دا هیچ ڕاپۆرتێکی جیدی پێشکەش نەدەکرد، بەڵکو چیرۆکی ئەندێشەیی وای بۆ دەگێڕایەوە کە مرۆڤ بۆ منداڵی بچکۆلەی دەگێڕێتەوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی شادومانی و خۆشی بخاتە دڵیەوە.

ئەو دەمەی پادشا لە (پاریس) دەبێت هەواڵی دۆزینەوەی (ڕادیۆم) لەلایەن خاتوو (کوری)یەوە دەبیستێ، جەنابی شا حەز دەکات رادیۆم ببینێت، کوری خان بەدەم ئەم داوایەوە دێت و لەگەڵ مێردەکەی دا پارچەیەك لەمادەی (ڕادیۆم) دێنن و لەنێو هۆڵێکی تاریك دا[٨] نیشانی پادشای دەدەن، پادشا کە دەبینێ تیشکێکی لێوە دەرچێت و هەموو هۆڵەکە دەگرێتەوە، زۆر دەترسێت و لەناو هۆڵەکەدا دەست بە هات وهاوار و ڕاکردن دەکات و خاتو کوری و مێردەکەیشی بەوە تاوانبار دەکات گوایە دەیانەوێت بیکوژن.[٩]

ئاغاخان لەم چیرۆکە دەدوێت و ئاماژە بەوە دەکات کە چیرۆکێکی دەگمەن نیە لەمێژوی ئەو پادشایانەدا کە لە باپیانەوە پادشاییان بۆ ماوەتەوە.. لەهەموو ئەو بنەماڵانەدا کە مێژوو باسیانمان بۆ دەکات لەسەرەتاوە پێشەوایەکی بەهێز هەڵکەوتوە، ئەم پێشەوایە بناغەی پادشایەتی یەك دادەمەزرێنێ بۆ وەی دوای خۆی بیداتە دەست وەچەیەکی لاواز کە بە هالەیەك لە پیرۆزێتی دەوری خۆیان دەتەنن.. وەچەکانیش بە گەمژەیی کورت یان درێژ حوکمەکەیان هەرەس دێنێت، ئنجا پیاوێکی نوێ سەر هەڵئەدات تاکو بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای تۆی دروست بکات.. بەو جۆرەش بنەماڵە فەرمانداراەکان یەك لەدوای یەك دێن.

ئەم ڕایەی (ئاغا خان) ئەراستی یەکی زۆر بێ پشك و خالی نیە، وا دیارە ئەم ڕایەشی لە (ابن خلدون) وەرگرتوە[10] سەیریش لەوەدایە (ئاغا خان) کە بەو جۆرە خراپەکانی بنەماڵە فەرمانداراە بۆ ماوەگان باس دەکات، ئەوە لەبیر دەکات کە خۆیشی سەر بەبنەماڵەیەکی ویراسیە، تەنانەت لە جێگەیەکی دیکەش دا دان بەوەدا دەنێت کە لەتەمەنی هەشت ساڵی دا کراوەتە پێشەوای خێڵەکەی[11]، باپیشی هەر پێشی وابوە و باپیرانیشی هەر هەمویان پێشەوای ئەو خەڵکە بوون (سڵاوی خوایان لە سەر بێت)!

هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوانی ئەوەی میراتگرەکە پادشا بێت یان پێشەوا.. مادام هەر کامێکیان بگری لەماڵی بابی موتریفی دا پێگەشتوە و، چوار دەوری گیراوە بەخزمەتکار و کەسانی ماستاوچی.. ئەوا هەر دەبێ ستەمکارێ یان شتێکی لێ دەربچێت، سەرباری ئەوەش خۆی بە سێبەری خۆی بەسەر بەندەکانیەوە لەقەڵەم بدات!

هەر ئەم هۆکارە بوو، وای لەموسڵمانە یەکەمینەکان کرد، تەرێز و قێز بکەنەوە لەو کاردی (معاویە) لەکاتێکدا خەلافەتی گۆڕی بە پادشایەتی بۆ ماوەیی... کە هەر بەڕاستیش ئەوی لێ ی دەترسان ڕوی دا، ئەوە بوو چەندین ستەم کار و شێتی وەکو (هارونە ڕەشید) لەرێگەی ویراسەتەوە هاتنە سەر عەرشی خەلافەت.

هارونە ڕەشید:

خەڵکێکی زۆر بەم کابرایە خەڵەتاون، و بەیەکێك لە پادشا هەرە دادپەروەر و داناکانیان داوەتە قەڵەم، کە لەڕاستی دا ئەو لەهەمان کاتدا ستەم کاریش و شێتیش بوو.

مێژوو باسی ئەو کابرایەمان بۆ دەکات و دەڵێ هەندێ جار پێدەکەنی و شۆخی دەکرد، کەیف و خۆشیی دەکرد، هێندەی نەدەبرد لەناکاودا لەو بارە دەگۆڕا بەتایبەت ئەگەر گوێبیستی ئامۆژگاریەك یاخود هۆنراوەیەك بوبا لەبارەی دونیانەویستی یەوە، لەوکاتەدا لەترسی خودا دەستی دەکردە گریان و دادو فیغان.. گەر پیاوێکی هەژار ئاوهای بکردایە، جار لەدوای جاریش دوبارەی بکردایەتەوە، ئەوا خەڵکی پێی پێ دەکەنین و بەرد بارانیان دەکرد، تەنانەت لەوانەیە بەو هۆیەوە ببوایەتە شتێکی دەست بە زنجیر بەستراو.

خاوەنی پەرتوکی (الاغاني) دەڵێت: "لەکاتی ئامۆژگاری دا ڕەشید یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر بەخوڕ ئەسرین دەڕژن، لە ساتی تورەیش دا زۆر سەخت و دڵڕەق بوو" جگە لەویش گوتویانە: "هارونە ڕەشید زۆر ئایندار بووە، لە ڕۆژێك دا سەد ڕکات نوێژی کردوە" هێندە تورەش بووە بە بێ هۆ خوێنی ڕشتوە.. تا دەڵێت: ئەم خەسڵەتانەش ئاسان نیە لەیەك کەس دا و پێکەوە کۆ ببنەوە"[١٣].

هەندێك لەمێژونوسەکان وای بۆ دەچن کۆبونەوەی هەموو ئەو خەسڵەتانە لە (هارونە ڕەشید) دا، لەنیشانەکانی سوارچاکی و بەسۆزیە.. وەلێ من لەو مێژوونوسانە دەپرسم: گەر ئەو خەسڵەتانە لە میوە فرۆشەکەی هاوسێ پاندا یاخود لەو بارهەڵگرە دا کە کۆڵەکانیان بۆ هەڵدەگرێت ببینن، ئایا بەهەمان ئەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە بۆ هارونە ڕەشید لێکی دەدەنەوە؟

لەڕاستی دا ئەم خەسڵەتە پێچەوانانە، لەزۆر کەسی ئاسایی دا هەن، بەڵام ئەمان هەوڵ دەدەن بیان شاردنەوە و پەردەپۆشیان بکەن لەترسی ئەوەی نەبادا، خەڵکی تەریزیان لێ بکەن، ئەگەر نەشیان توانی بیشارنەوە، ئەوا دەبنە جێگەی گاڵتەپێکردن و چەوساندنەوە، لەوانەشە لەکۆتایی دا ببێتە هۆی شێت بونیان. ئەمەش ئەو ڕایەی

لەمەو بەرمان بەهێزتر دەکات کە گوتمان: بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکانی دەوربەری ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەدانانی مرۆڤەکە لەلیستی شێتەکان یاخود ژیرەکاندا.

هاودژبون (ناکۆک بون) و شێتی:

ناکۆک بون، وەك لەبەشی پێشوشدا ئاماژەمان پێدا، لەهەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە. لەمرۆڤی بلیمەتیش دا زیاترە وەك لەمرۆڤی ئاسایی.. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەدەین بەوەی (شێت)یش وەکو (بلیمەت) ناکۆکی زۆری تێدایە، وەلێ جیاوازیەکی گەورەش هەیە لە نێوان ناکۆکی نێوان ناخی بلیمەتەکان و ئەو ناکۆکیەی لەنێو کەسێتی شێتەکاندا هەیە.

بلیمەت لەخەسڵەتە ناکۆکەکانی دەسگایەك بۆ داهێنان پێك دەهێنێ، چونکە لەنێو خۆی دا تایبەتمەندیەکانی هەست و نەست (یاخود بابەتی و خودی) کۆ دەکاتەوە، هەردوکیان پێکەوە بەکار دەهێنێت بۆ گەشتن بە بیرۆکەیەکی نوێ.. وەلێ شێتی بابەتی بوون تیای دا زۆر لاوازە، ناشتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە لەبویەر حاڵی بێت، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین بێ ئەوەی بەربەستی هەبێت خۆی دەدات بەدەم پاڵنەرە نەستیەکانیەوە.. لێرەوە ئیدی ناکۆك بوون تیای دا دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە.

ئەمەش یانی: ناکۆکی لەشێت دا لەهەستە زۆر توندە خودیەکەیەوە هەڵدەقوڵێ، لە ڕەفتاری بەگوێرەی داخوازی گرێ دەروونی و ئارەزوەکانی دەڕوات بەڕێوە و هیچ گوێش نادات بەوەی پاش کاتژمێرێك کردەوەیەکی پێچەوانە بەهی ئێستای بکات.

بەم دواییانە زاناکان جۆرێکی دیکەی (شێتی)یان دۆزیوەتەوە و ناویان ناوە (شێتی سایکۆبایی).. خاوەنی ئەم جۆرەی (شێتی)، بەوە لە شێتیەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە کە ژیرە لەبارەی هەر شتێکەوە کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە هەبێت، زۆر جار ڕوخۆش و خۆساچێن دەبێت لەمامەڵەکردنی لەتەك کەسانی دیکەدا، تەنانەت هیچ جیاوازیەکی نیە لەو کەسانەی ئێمە ناومان ناون (ژیرەکان)! تەنها ئەوەندە هەیە ئەم خاڵێکی زۆر لاوازی تێدایە کە بریتی یە لەوەی لە ڕوی کاتەوە (پەیوەستەگی کەسێتی) زۆر لاوازە.. بۆ نمونە: جاری وا دەبێت، دێت قەرزێکت لێ دەکات بەو مەرجەی لەپاش

کاتژمێرێك بۆت بگەڕێنێتەوە، کەچی کاتژمێرێك و دوان و بەڵکو دەیان کاتژمێری تێ دەپەڕێت، بەبێ ئەوەی هەست بەگرنگی بەڵێن و پەیمانەکەی بکات. تەنانەت لەوانەیە بە ناشرینی یەکی سەیرەوە ڕوبەڕوت بێتەوە، وەك ئەوەی قەردی لێ وەرنەگرتبی یان هیچ بەڵێنێکی پێت نەدابێت. گەر پرسیاری لێ بکەین کە ئایا بۆچی، ئاوها ڕەفتار دەکات؟ لەوانەیە بەزەردە خەنەیەکەوە پێت بڵێت: "قەیدی نیە! ئەو برە پارەیەت پاش کاتژمێرێکی تر دەدەمێ، چاوەڕوانم بکە، تاکو دێمە لات" ئنجا دەڕوات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە.

کەسێکی ئاسایی ناتوانێت کاری بەو شێوەیە بکات و دڵنیاو بێ خەمیش بێت.. چونکە ئەگەر نەیتوانی بە ئەمەك بێت بەرانبەر بەو بەڵێنەی بەتۆی داوە، بە لایەنی کەمەوە لە لای تۆ دا شەرمەندەیی دەردەبڕێت.. کەسی ئاسایی دەتوانێت لەهەستی خەڵکی تێ بگات بەرانبەر بەخۆیی و بەڵێنەکانی.. وەلێ کەسی (سایکۆبایی) تا ڕادەیەکی زۆر سەیر بەهەست بە شەرمەزاریی ناکات[12] خود پەسەندیەکەی وی سەربەخۆ کار دەکات و هیچ گوێ نادات بەوەی کەسانی دی چۆنی لێ دەڕوانن.

مامۆستا (جرجیس) دەڵێت: ژیانی سایکۆبابیەکان لەچوارچێوەی بەها کورت خایەنەکاندا دەسوڕێتەوە، لەژیانیان دا بەگوێرەی بنەمای چێژ ڕێ دەکەن، چونکە هەمیشە هەست بەپێویستی بەخێرایی تێرکردنی ئارەزووەکانیان و قایل کردنی پاڵنەرەکانیان دەکەن.. دەستەوسانیش لەوەی ئەو قایل کردنە خێرایە پەی گیر کەن بۆ خودێ کە زیاتر بمێنێتەوە و سەقامگیرتر بێت.. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێگەیشتن و پێکفەگونجانی کۆمەڵایەتی، تا ڕادەیەك، بەندە لەسەر قوربانی دانی تاك بە خود کاتیەکەی لەپێناوی بەها دوور یاخود سەقامگیرەکاندا.. وەلێ کەسی سایکۆبائی چێژی بەپەلە و خێرا هەڵدەبژێرێت، سەرباری ئەوەش کە دەزانێت ئەو چێژە بەها سەقامگیرەکانی تەندروستی و ژیانی خێزانی و کاری پیشەیی یە لەنێو دەبات و دەیان ڕمێنێت.[14]

مامۆستا (سلامە موسی) کە پێناسەی سایکۆبابیەکان دەکات دەڵێت: "ئەوانە لەنێو خودگەرایەکی زیادەڕۆدا نقوم بوون.. دروشمیان تەنها بریتی یە لە من ...من.. من ..

مەبەستیانە سەر بکەون و زۆر جاریش سەرکەوتن بەدەست دێنن. کەسانی دی هیچ پلە و جێگەیەکیان نیە لەدیدی ئەمان دا و تەنانەت ئامادەباشن بۆ وەی کەسانی دیکە بپلیشێننەوە"[١٥].

دەگرێت بڵێین: ئەم خودگەراییە زیادەڕۆیە خەسڵەتی هەموو شێتەکانە، ئەوەندە هەیە کەسی سایکۆبایی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کاتی بەڕووی خۆشی و زمان شیرینی پەردەپۆشی بکات، ئیدی خەڵکیش بە زیری لەقەڵەم دەدەن، لەکاتێکدا ئەم شێتە.. یان ڕەنگە هەندێ کەس بیانەوێت کەسی سایکۆبایی چاك بکەن لەڕێگەی ئامۆژگاریەوە، بۆ نمونە پێی دەڵێت: "ئەمەکداری یەکێکە لەو خوە باشانەی خودا فەرمانی پێ کردوە" کەسی سایکۆبایی بەرێزەوە گوێ یان بۆ دەگرێت و لەگەڵیشیاندا کۆکە. لەوانەش بەڵگە و نمونەی دیکەش بۆ بەهێز کردنی ڕاکەیان بهێنێتەوە.. وا دیارە لە وتەکەی دا دڵسۆز بێت، وەلێ ئەم دڵسۆزیەی لەو چرکەیە گوزەر ناکات کە تێیدا دەدوێ.. هەر کە ئەو چرکەیەی تێ پەڕاند، ئەمیش هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە کەسێتی یەکی دیکە، بەگوێرەی ئارەزوە تازەکانی.

هەڵگەڕانەوەی پێوەرەکان:

گرفتی کەسی سایکۆبایش، وەك هەر شتێکی دیکە وایە، بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەسوك کردنی یاخود قەبەکردنی دا..

بۆی هەیە کەسی سایکۆبایی، دەوڵەمەند بێت، یان پلە وپایە دار وبەدەستەڵات بێت، لەم کاتەدا خەڵکی پاساو بۆ کارەکانی دەبیننەوە، تەنانەت لەوانەیە کردەوە ناکۆك و پێکەوە نەگونجاوەکانیشی بەنیشانەی بلیمەتی و مەزنێتی بدەنە قەڵەم.

یەکێك لەمنداڵەکانی خۆمم بینی، پەرتوکێکی دەخوێندەوە کەلەقوتابخانە پێی درابوو، پەرتوکەکە بەشێکی تێدا بوو بەناوی (مەزنێتی ڕەشید)ەوە، لەوەش سەیرتر، گوێم لێی بوو، هەر ئەو منداڵەی خۆم سرودی (بەغداد ئەی شاری ڕەشید)ی دەگوتەوە[١٦].. لەو کاتەدا زانیم کە چۆن دەستەڵات و دیاردە کەشخەکان و دەوڵەمەندی دەتوانن شێت بکەنە بلیمەت و کەسێکی سایکۆباییش بکەنە مەزنە پیاوێ.

دیتمان، ڕەشید ـ خودا لێی ڕازی بێت ـ چۆن پیاوێکی بوو، چەندە خوەکانی سەیر بوون، سەرگەرمی جوت و چەقەنەلێدان بوو (دەربڕینی وەرگێڕ) کەچی لەناکاودا، دەستی بەگریان دەکرد لە بەر دونیا نەویستی و پارێزگاری خۆی.. لە لایەکەوە بەماڵ و سامانی نەتەوە سێ هەزار کەنیزەکی دەکڕی و ئنجا لەترسی خودا دەبورایەوە.. لە وڵاتی ڕۆژانە سەد ڕکات نوێژی دەکرد، کەچی خوێنیشی لەبێناوی شتێك دا دەڕشت کەشیاوی خوێن بۆ ڕشتن نەبوو.[٧٧]

ئەگەر ڕەشید شێت نەبوبێت، ئەوە بە لایەنی کەمەوە کەسێکی سایکۆبایی بووە، لەهەمانکاتدا گەورەی بڕواداران و سێبەری خوداش بووە بەسەر جیهانیاندا!

پلەو پایە ساختەکان:

ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەم، گەر بڵێم، زۆربەی ئەو گەورە پیاوانەی لەسەردەمە سوڵتانیەکاندا ژیاون لەم جۆرەی ڕەشیدن.. لەقوڵاییەکانی دەرونیان دا تۆوێکی بەهێزی شێتی شك دەبەن، وەلێ دەستەڵاتە ساختەکەیان دەیان شارێتەوە.. ئەوان دەتوانن ئەو ناکۆك بونە بێ ئەرزشەیان بەلوت بەرزی و پۆزلێدان بشارنەوە. کاتێکیش قسان دەکەن هەوڵ دەدەن زمانێکی کەشخەی ناسك بەکار بێنن، خەلکیش کاتێ بەو شێوەیە گوێ یان لێ دەگرن، ئەو کەسانە لایان دەبنە زیرەك و دووربین و بیرتیژ.

لەسەردەمی رابردو و سەردەمی سوڵتانی تر دا ژمارەیەکی زۆرمان لە نمونەی ئەو کەسانە دێت.. بارودۆخی ڕیزبەڕ یارمەتی دابوون بۆ وەی پۆستی بەرز یاخود پلە وپایەی بەرێزی کۆمەڵایەتی بەدەست بێنن. خەلکیش ڕاهاتبون لەسەر ئەوەی سڵیان لێ بکەنەوە و لەهەموو جڤاتێك دا لەبەریان هەستن.. سەرەنجامی ئەمەش، ئەوە بوو سەرەداوی کاروبارەکان زۆر جار دەکەوتنە دەستی شێتەکان.

یەك لەتایبەتمەندیەکانی سەردەمە سوڵتانیەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە خەلکی بەگوێرەی ئەو ڕێز لەپیاوێك دەگەن کە چەندە ڕواڵەتی قەشەنگ و نارەزووی خۆسەپاندنی هەیە.. تا ئەمرۆکەش پاشماوەیەکی ئەم خوە لەنێو خەلکێکی زۆر دا ماوەتەوە، ئەوەتانێ تەنها ڕێز لە پیاوێ دەگرن کە بەشان و باهۆ بێت (دەربڕینی

وەرگێڕ) و کاتێکیش قسان دەکات لەلوتیەوە دەری بکات!! وەلێ گەر بزانن پیاوێکی بەستەزمانی و خۆبەکەم زانە، ئەوا هەرچی چاکە و تایبەتمەندی هەیە لێی دادەماڵن.. خەڵکی بەم کردەوەیە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن ستەم لەخۆیان دەکەن.. چەندە بلیمەت بەو هۆیەوە بلیمەتێتی یەکەی لەدەست دا، و چەند شتیش لە لایان بوەتە سەرتۆپی زانایانی!!

لەسەردەمی پێشوودا، کابرایە هەبوو، بەیەکێ لە مامۆستا مەزنەکان دادەنرا، دەوڵەت سەرتاپا، سەرسام بوون بەبلیمەتی ئەو مامۆستایە، بۆیە ئەرکی گرنگی پێ دەسپێردرا.. ئەوە بوو ئێستگەی ڕادیۆ خەریك بوو دەتوایە بۆ ڕێزلێنان لە وتە جوانەکانی.. وەزارەتی مەعاریفی بەرێزیش لوێ دەمردن!! کەش و هەوای کۆلێژ و پەیمانگا باڵاکانیش بێ دەنگی دای دەپۆشی بۆ گوێ گرتن لەو بیرۆکە نوێیانەی لەزگی مامۆستاوە دەردەچن.. ئەمز، ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا کە لەو پیاوە بکۆڵمەوە، لەئەنجامدا هیچ تایبەتمەندیەکم تێیدا نەبینی ئەوەندە نەبێت کە وا ڕاهاتبوو، لە لوتیەوە قسانی دەردەکردە دەرێ، بەختێشی باش بوو کەبۆیە زلی هەبووا!!

شێتی و گەلحۆیی:

مادامێك باسی (شێتی) و جۆرە جوداکانی دەکەین، پێویستە باسی (گەلحۆیی، گەمژەیی)ش بکەین، کە بەڕای بەندە ئەمیش جۆرێکی سوکە لەشێتێتی.. هەندێ کەسیش بەرەو شتێتی تەواوەتی دەبات لەکاتێکدا بارودۆخە کۆمەلایەتیەکان و ئابوریەکان لەسەریان سەخت دەبن.

(گەلحۆیی) ئاسایی لەو گوفتار و کردارە (بێتامانە) دا خۆی دەبینێتەوە کە خەڵکی بێزیان لێی دەێتەوە، کەچی خاوەنەکەی پێی وایە باشترین کردار و گوفتارێکن مرۆڤ بیان کات!! بۆ نمونە: نوکتەیەکی (بێ تام) دەگێڕێتەوە و خۆیشی یەکەم کەسە بە نوکتەکەی خۆی پێ دەکەنێت، زۆر جار ئەوەندە پێدەکەنێت وا گومان دەبات دانیشتوان هەموویان پێدەکەنن بەنوکتەکەی، کەچی دانیشتوان بەکابرا پێدەکەنن نەك بە نوکتەکەی!!

دەگونجێت هەمان قسە بكەین لەمەڕ هەموو ئەو كردار و گوفتارانەی گێلەپیاوەكان دەیكەن.. كاتێ بەڵاكە سەخت تریش دەبێتەوە لەسەر خەڵكی كە ئەو گێلە پیاوانە خاوەنی كورسی بۆماوەیی و سامانی زۆر و زەوەند و دەستەڵات بن.

یەكێكی دیكە لە بەڵاكانی گەلحۆیی، ئەوەسانێ كە پەتاناسایە.. گەر بێت و سوڵتان كە سەری كۆمەڵگەیە، لەو جۆرە پیاوانە بوو، ئەوا وەزیر و گزیر و دەستە و پێوەندەكانیشی كەم و زۆر چاوی لێدەكەن و توشی ئەو پەتایە دەبن.. چونكە ئەوان لەڕێگەی ماستاوكردن بۆ (سوڵتان)ەوە گەشتونەتە ئەو پلە وپایەیە، بۆیە وا چاوەڕوان دەكەن دەست و پێوەندەكانی خواری خۆشیان وایان بۆ بكەن، ئەمان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سوڵتان كردووە، خوارەوەی خۆشیان بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەماندا بكەن.. بەو جۆرە ماستاوچێتی و خۆبردنە پێشەوە دەبێتە نەریتێكی كۆمەڵایەتی گشتی، هەر كەسێك بگری بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ كەسێكی لەخۆی پلەدارتر و بەرزتر دادەكات.. بەو جۆرەش پەتای گەلحۆیی و گێلەپیاوی بەجۆرێكی ترسناك لەنێو خەڵكی دا بڵاو دەبێتەوە، قورساییەكەیشی دەكەوێتە سەر چینی خوارەوەی هەژار ونەدارەكان. چونكە چینی هەژارەكان و نەدارەكان پێویستە بۆ هەر كارێكی گەمژانە و ستەم كارانەی چینی باڵا، پاساوێك بدۆزنەوە، بەڵام ئەبێ باجی گوناهی كردەوەكانی خۆیان بدەن!!

گوناهەكانی هەژار:

لەسەردەمە سوڵتانیەكاندا پێویستە مرۆڤی هەژار تاوان وگوناهەكانی دنیا و پاشەڕۆژیش پێكەوە لەئەستۆ بگرێت، پێویستە لەبەرانبەر گوناهە زۆرەكانیشی دا بچێتە ئاگرەوە، لەدنیادا بەچاوی سوكایەتیەوە سەیری دەكرێت. لەسەردەمە سوڵتانیەكاندا خەڵكی ڕاهاتبوون لەسەر لێپرسینەوەی هەژار لەسەر هەموو جموجوڵێكی. لەبەرچاویاندا بێ ئەرزش و بێ بایەخە بەجل و بەرگی دڕاو و شێوە ناشیرینەكەیەوە.. بۆیە هەر ئەوەندەی كەمێك گەلحۆیی یاخود (ناكۆكی كەسێتی) تێدا بەدی بكەن، بەگاڵتە پێكردنەوە دادەبارێنە سەری.

خەڵكی كاتێ بەو شێوەیە لەگەڵ هەژاردا دەجوڵێتەوە، بڕكێشی ئەوە ناكەن هەمان ڕەفتار لەتەك دەوڵەمەندێكدا بكەن، نەخاسمە ئەگەر كابرای دەوڵەمەند ڕوخساری جوان و گەشخە بێت.. گەر دەوڵەمەندێكی بەو شێوەیە قسەیەك بكات، پێی دەڵێن: "ئافەرین"، بەوەندەش دەست هەڵناگرن بەڵكو ڕوی دەمیان دەكەنە ئەو هەژارەی لەتەنیشتیانەوە دانیشتوە و سەرزەنشتی دەكەن و پێی دەڵێن: "كابرای هەژاریش بێدەنگە و نازانێت چۆن وەڵام بداتەوە. چونكە ئەم لە بابای دەوڵەمەند جوانتر دواوە. وەلێ گرفتەكە گرفتی سامانە خودا دزیوی بكات، سامانە كە لەدەبەنگی دانایی و لەقسەی پوچ و بێناوەڕۆكیش ڕەسەنایەتی دەخوڵقێنێ"[78]

هەژارێ كەلە كۆمەڵگەیەكی بەم شێوەیەدا بژی بەر لەهەر كەسێكیتر مەترسی شێت بوونی لەسەرە. هەر ئەمەیشە وای كردوە لای ئێمە زۆرینەی شێتەكانی شێتخانەكان لەچینی هەژار و ڕوخسار دزێوەكانن.

شێتێك دەناسم لەسەرەتادا گەنجێكی ڕێك و پێك بوو، بەڵام ناشیرین و هەژار بوو، حەزی لەوە بوو وەكو هاوڕێكانی دیكەی لای ژنان خۆشەویست بێت.. هاوڕێكانی لەم ڕووەوە (داو)یان بۆ دەتەنی، نامەی دڵدارییان لەسەر زمانی كیژانەوە بۆ دەنوسی، ئەمیش بڕوای پێ دەكرد و هیوایەتی زۆر و زەوەندیشی لەسەر بنیات دەنا.. هاوڕێكانی حەزیان لەوە بوو پێی ڕاببوێرن، پێی پێ بكەنن.. تاكو زیاتریش پێی پێ بكەنینایە، ئەو لەلای خۆیەوە زیاتر بەعاسمانی ئەندێشە و هیوا جوانەكاندا دەفڕی.. دواتر وای لێهات خۆی لێ بوبە (یوسف) لەڕوی جوانیەوە و، وای دەزانی ژنان لەبەر جوانی وی خۆ بەكوشت دەدەن.. كاتێ هاوڕێكانی لەپێكەنین بەو گەنجە بێ تاقەت بوون، دەستیان كردە ئازاردان و دەست درێژی كردن بۆ سەری.. ئەم لە لای خۆیەوە وای گومان دەبرد هاوڕێكانی ڕژدی پێ دەبەن چونكە لە ڕوی سێكسیەوە توانای سەرنج ڕاكێشانی كیژانی زۆرە (دەربڕینی وەرگێڕ).. هیچ چارەیەكی نەدیتەوە، ئەوە نەبێ قەمە (كێردی گەورە)یان لێ ڕابكێشێت و هەڕەشەیان لێ بكات. بەوجۆرە لەناو هاوەڵەكانی دا بە(پاڵەوانی قەمەكێش) ناوی دەركرد.. ئەو هەنوكە لە ژێرزەمینێك دا بەزنجیر بەستراوەتەوە لەترسی ئەوەی نەبادا

کەسێك بەقەمە بڕندەکەی بکوژێت.. بەڕاستی ئەو کەسە جوانی گوتوە کە دەڵێت: کۆمەڵگە هەندێ جار بکوژانی خۆی بەدەستی خۆی دروست دەکات!

گەر ئەو گەنجە ڕۆڵەی دەوڵەمەند بوایە، لەژیانی واقعی خۆیدا ئارەزوی سێکسی سەرکوت کراوی خۆی بۆ تێر دەکرا، ڕەنگە کێژێکیشی بدۆزیایەتەوە کە بەدڵخواز ئەمی قبوڵ بکردایە.. دواتر ماستاوچیەکانیش دەهاتن و جوانیە (یوسفی)یەکەیان بۆ ئارایشت دەدا.. لەوکاتەشدا ئیتر ئەمیش هۆکارێکی تەواوەتی نەدەبینی بۆ وەی شێت ببێت.

شێتی وبارودۆخی خێزانی:

بارودۆخی خێزانی کاریگەری گەورەی هەیەلە سەر پێکهێنانی کەسێتی شێت. تەنانەت پێ دەچێ ئەم بارودۆخە ئاسەواری بەهێزتر بەجێ بهێڵێت لەبارودۆخە کۆمەڵایەتیە گشتی یەکە.. ئەوانەی سەرقاڵی پەروەردەی نوێن دەرکیان بەم ڕاستی یە کردوە و گرنگی زۆریان پێی داوە.

بۆ نموونە: سەرنجی منداڵێك بدە کە لەنێو خێزانێکی هەژاردا پێ دەگات، خێزانەکەی دەیانەوێت ئەو منداڵە بچێتە قوتابخانە و، وەك منداڵی خەڵکی لە پاشەڕۆژدا ببێتە کارمەندێکی گەورە یان پزیشکێکی ناودار یان ئەندازیارێکی سەرکەوتوو .. هتد. منداڵە هەژارەکە ئەو بەهرە و ئامادەسازیانە لەخۆی دا نابینێت کە بیکەنە قوتابیەکی سەرکەوتوو.. لەوانەیە باشتر بێت ئەگەر ببێتە وردەواڵە و داو دەرمان فرۆش یاخود دارتاش یان قۆندەرە فرۆش.. وەلێ کەس و کاری هەرگیزاوهەرگیز ئەوەی لێ قبوڵ ناکەن. چونکە ئەمان دەیانەوێت سەری خۆیان بەم منداڵە لەناو خەڵکی دابەرز بکەنەوە، وەك فلان وفیسار کە بەهۆی منداڵەکانیانەوە سەریان بڵندە!! (دەربڕینی وەرگێڕ).

لێرەدا ئەوەی شیاوی باسکردنە، ئەوەیە منداڵی دەوڵەمەند، دەتوانێت بگاتە مەرامی خۆی ئیدی چ پۆستی بڵند بێت یان پیشەی بەرێز و چاك.. چونکە ڕێگەکانی واسیتەکاری و بەرتیل دان لەبەردەمیدا واڵا وکراوەن، خەڵکیش بەهەموو جۆرێك

ئامادەن هاوکاری بکەن. لەو کاتەشدا لوتی بەرز دەکاتەوە و وادەزانێت بەتوانا و هەوڵی خۆی گەشتۆتە ئەو قۆناغە .. لەوانەشە ئەسڵەمێتەوە لەوەی شانازی بکات بەسەر هاوەڵەکانی دا و پێیان بڵێت: (هەر کەس بەڕاستی هەوڵ بدات دەگاتە مەبەست) یاخود (هەر کەس بەسەر ڕێگەیەکدا بڕوات دەگاتە مەنزڵ!!) هەژارەکانیش کاتێ ئەم قسەیەی لێ دەبیستن بڕوای پێ دەکەن، بۆیە دەبینین دەست دەکەنە ئامۆژگاری وشکی منداڵەکانیان و بەسەریاندا دەقیڕێنن و دەڵێن: "هەر کەس بەڕاستی هەوڵ بدات دەگاتە مەبەست"، کابرای هەژاریش دەیەوێت منداڵەکەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت وەکو منداڵە (بەناز)ەکەی کابرای دەوڵەمەند!!

منداڵە هەژارەکە سەری هەڵدەکرێنێ و هەموو هەوڵی دەخاتە کار، بەڵام بێ سودە.. هەمیشە شمشێری (هەر کەس بەڕاستی هەوڵ بدات دەگاتە مەبەست) بەسەر سەریەوە ڕاست کراوەتەوە.. ئنجا لە لایەکەوە ناتوانێ دەمبەدەمەی ئەو پەندە بکات و ئەی سەلێنێت، لە لایەکی تریشەوە ناتوانێت سودی لێ وەرگرێت.. ئەمەش لەسەرەتاوە دەبێتە هۆی ململانێی دەرونی تیای دا، لەکۆتایش دا دەبێتە هۆی شێت بوونی.

شێتێك دەناسم:

گەنجێك دەناسم ئێستاکە شێت و دێوانەیە. من ئەو هەلەم دەست کەوت کە هەر لەسەرەتایەوە سەرنج و تێڕامانی ژیانی ئەو گەنجە بدەم، دەرکم بەوە کرد کە (شێتی) تیای دا سەری هەڵداوە، بەهۆی ململانێیەکی بەهێزەوە کە کەوتۆتە نێوان جیهانی ناوەکی ئەو گەنجە و جیهانی دەرەکی دا، دواتر ئەم ململانێیە تیای دا ئاڵۆز وگەورە بوو، تا بوە هۆی ئەوەی لەکۆمەڵگە دابڕێت ولەجیهانی ئەندێشە تایبەتەکانی خۆی دا بژی.

ئەم گەنجە لەسەردەمی منداڵێتی یەوە لەژینگەیەکی پڕلە هەژاری و نەفامیدا دەژیا، دایکێکی هەبوو زۆر لوت بەرز بوو، بەچاوی سوکایەتیەوە سەیری هەموو خەڵکی دەکرد.. ئامازەی ئەم لوت بەرزیەشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەدایە کوڕەکەی.. وەکو هەموو منداڵانی تری هاوسێ و خزمەکانی ئەم کوڕەش خرایە بەر خوێندن، وەڵێ تیای دا

سەرکەوتوو نەبوو، ساڵ لەدوای ساڵ لەوانەکانی دا دەکەوت، دایکی بەهۆیەوە زۆری ئازار دەچەشت.. ئەو دەیویست بەهۆی کوڕەکەیەوە شانازی بکات بەسەر خزم و هاوسێکانی دا، کەچی بینی لەمنداڵانی دیکە خوارترە.. ئیدی دەستی کردە سەرزەنشت کردنی و پێی دەگوت: "ئەی بەدبەخت! تۆیش وەکو باوکت وایت، خەڵکی بەرەو سەرەوە دەچن، تۆ بەرەو خوارەوە دێیت!".

بەم هۆیەوە ماڵ لەم گەنجە هەژارە بویە دۆزەخ، لە لایەکەوە دەیەوێت لوت بەرزی خۆی و دایکی تێر بکات، لە لایەکی دیکەشەوە هەست دەکات ناتوانێ شان بەشانی هاوڕێکانی لەخوێندن دا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.. هەر سەرزەنشت کردنێکیش کە لەدایکی دەبیست، ململانێی ناخی ئەمی پتر ئاڵۆز و گەورە دەکرد.

سەردەمێك هاتە پێشەوە، هەندێ لە هاوڕێکانی چونە نێو ئەرك و وەزیفەی دەوڵەتیشەوە و تیایشی دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئەمیش لەجێگەکەی خۆی دا مایەوە و، داوای درهەمێ یان دوو درهەمیشی لە باوکی دەکرد، بە ناڕەحەتی پێی دەدا.. ئەمیش وەکو هاوڕێکانی حەز و ئارەزووی هەیە و خوازیاری ئەوەیە تێریان بکات بەڵام ناتوانێت!!

لێرەوە ئیدی ئەو هەژارە بەسەر خۆی دا مۆڵی خوارد و دەشکایەوە، ناچار لەڕێگەی خەونەوە ئارەزووەکانی خۆی تێر دەکرد.. خۆیی بە بلیمەتێکی ستەملێکراو و بیریارێکی مەزن دەهاتە بەر چاو کە خەڵکی بەچاکی رێزی ناگرن.. تا خەڵکی کەمتر رێزی بگرن ئەو زیاتر بەنێو ئەندێشە و خەونەکانیدا دەفڕی.

ئەمڕۆکە ئەو گەنجە بێ دەنگە، بەتەنها دەڕوات بەڕێدا و ئاوڕ بە لای کەسدا ناداتەوە، وەلێ لەناخی خۆیدا شۆڕشێکی بەڵێشاوە.. جارێکیان چاوم بەو گەنجە کەوت و پرسیاری حاڵ وباڵیم لێکرد، ئەوە بوو دەستی کردە باسکردنی مەزنێتی خۆی بیرە بلیمەتانەکانی و، ئاماژەیشی دا بەوەی کە چۆن ئیمپریالیزم لێی دەترسێت.. ئەو وای دادەنێت کە لەهەمموو لاوە سیخوڕان چاودێری دەکەن و دوژمنەکانیشی گۆبەندی بۆ دەنێنەوە.. منیش دەترسم ئەو گەنجە سەرمەستانەتر بەنێو ئەندێشە باڵاکانیدا نغرۆ

ببێت، لەئەنجامیشدا (قەمە) لەدژەکانی ڕاکێشێت وەك هاوڕێکەی لەمەوبەر قەمەی لە دژەکانی ڕاکێشا.

سەردەمی ڕابردوو:

بارودۆخی ئەو گەنجە دەگمەن لەنێو لاوەکانماندا، بەڵکو لەسەردەمی ڕابردودا نمونەی ئەو لاوە زۆر بوون.. وادیارە بارودۆخەکانی ئەو کەم تا زۆرێ یارمەتی زیادبوونی ژمارەیانی دابوو.

سەردەمی ڕابردوو لەدوای جەنگی گەردونی یەکەمەوە دەست پێ دەکات، ئەو دەمەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەلایەنە باش و خراپەکانیەوە ڕوی تێکردین، ئەوێ دەمێ قوتابخانە نوێکان دەرگاکانیان واڵا کرد، دۆخی نێو ئەو قوتابخانانە پڕ بوو لە ئامۆژگاری بەتاڵ لەجۆری (هەر کەس بەڕاستی هەوڵ بدات دەگاتە مەبەست). منداڵانیش بەو هۆیەوە کەوتنە بەر ڕەحمەتی هەر تکە بەردی دەستارەکە.

قوتابخانەکان دەزگایە بوون بۆ دەرچواندنی کارمەندان (ی دەوڵەت ـ وەرگێڕ) ئەرك و وەزیفەی میریش جێ تەماحی زۆربەی دایکان و باوکان بوو. بۆیە پاڵیان بەمنداڵەکانیانەوە دەنا ڕووەو مەکتەب بەهیوای ئەوەی لەپاشەڕۆژ دا ببنە (ئەفەندی) و بەئەنگۆستی ئامازەیان بۆ بکرێ.. قوتابی لە قوتابخانەدا کۆمەڵێ بیرۆکەی دەخوێند کە پێچەوانە بوون لەگەڵ واقعی ژیانی دا.. بۆیە ئەگەر بۆی هەڵکەوتایە لەقوتابخانە دەربچونا، دەبینی دنیا پێچەوانەی ئەندێشەکانی وی ڕێ دەکات. ئەوەتا فەرمانگەکان پڕن لە هامشۆکەرانی ناوناباتگ و دەستەڵات دار، کە دێت واسیتە بۆ منداڵەکانیان یان بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە هانایان بۆ هێناون، ئینجا هەژارەکان با هەر خۆڵ بخۆن!!

لەیادمە کاتێ لەساڵی (١٩٢٧) دا لەقوتابخانەی دواناوەندی دەرچوم، بومە خۆش هامشۆکەرێکی فەرمانگەکانی میری بەتایبەت فەرمانگەکانی وەزارەتی مەعاریف (بەڕێز) .. ئەوە بوو لەبەیانی تا ئێوارێ بەنێو ڕێڕەوەکانی دا دەهاتم و دەچوم یاخود خۆم بەسەر حەسارەکانی دا دەدا.. ڕۆژێك پیرەژنێکم بینی کە وەکو من لەسەردانی فەرمانگەکاندا بوو، بۆ دامەزراندنی کیژەکەی بەمامۆستا... پرسیارم لێکرد: "پورێ

گیان، واسیتەت هەی؟!" پیرەژنەکە دەستی کردە گریان و گوتی: "واسیتەی من تەنها خوایە". هیچ وەڵامێکی ئەم قسەیەم پێ نەبوو، ئەوە نەبێ کە گوتم: "پلکە گیان، بەدوای واسیتەیەکی دیکەدا بگەڕێ!".. ناشزانم ئایا ئەو پیرەژنە سودی لەو ئامۆژگارییەم وەرگرت، یاخود پشتی بە واسیتەی خودا بەستبوو لە سەردەمێکدا کە شەیتان زاڵ وبەدەستەڵات بوو!

کاتێ ئەو پیرەژنەم بینی، ڕۆڵەی دەوڵەمەندەکانیشم دەبینی کە دنیایان لوش دەدا، دەست درێژییان دەکردە سەر خەڵك و یاساغ گراوەکانیان پێشێل دەکرد و ماڵ و سامانی خەڵکیان تاڵان دەکرد، میریش پاساوی ئەو کارانەی دەدانەوە.. ئەدی چۆن پاساویان بۆ ناهێنێتەوە لەکاتێکدا واسیتەکان لە هەموو لاوە دەوریان گرتوون. گریمان یەکێك لەو مێردمنداڵە بەنازانە، بەگەڕۆکەکەی کەسێکی بەئەنقەست کردە ژێرەوە و کوشتی، یان یەخەی ئەفسەرێکی پۆلیسی لەسەر شەقامێکدا گرت و زللە و بۆکس و جنێوی زۆری ئاراستە کرد، یاخود پارمەتی دزینی ڕۆنی دا بەناوی دۆشاوی خورماوە.. ئایا حکومەت چ کارێکی لەگەڵدا دەکات؟ زۆرینەی گومان بەلای ئەوە دایە کەچاوپۆشی لێ دەکات و لێی دەبورێت... وەلێ گەر ڕۆڵەی چەوساوەکان بوایە و ڕەخنەی لەحکومەت بگرتایە کە لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا خاوخلیچك و نەرمە، ئەوا دنیای لێ دێتە سەر جنگ و داناکەون تا دەیکەنە پەند بۆ هەموو بەچکەی هەژارەکانی تریش..(دەربڕینی وەرگێڕ).

حکومەتی پێشوو بەوەندە دەستی هەڵنەدەگرت، بەڵکو زۆربەی نێوەند و پۆست و پەیمانگاکانی خۆی قۆرخ کردبوو بۆو مێردمنداڵە بەنازانە.. هەندێ جاریش بنکڕ و پاشماوەی ئەو نێوەندانەی دەهاویشت بۆ هەندێ لە ئەوەی چەوساوەکانی وەك من بۆ داپۆشینی ئەو ریسواییە.

لەسەردەمی ڕابردوودا، ساڵێکیان پڕوپاگەندەیەك بڵاو بوویەوە، گوایە ئەوانەی لەیەکێك لە کۆلیژەکاندا وەرگیراون دوو گرووپ بوون: گروپێکیان بەواسیتەی پیاوە پلە وپایە دارەکان وەرگیراون.. گروپی دووەمیشیان بەواسیتەی خاتو (عفیفە ئەسکەندەر) وەرگیراون.. ئەم چیرۆکە بڵاو بویەوە، لەوانەیە پڕوپاگەندەیەکی ناڕاستیش بووبێت.. چونکە پڕوپاگەندەی بەو شێوەیە لەو سەردەمەدا زۆر بوو، ئێمە بەلامانەوە گرنگ نیە

ئەو چیرۆکە ڕاست بوو یان نا، گرنگ ئەوەیە بڵاو بویەوە و کەسانێکی زۆریش بڕوایان پێی کرد، چونکە لەدەوروبەری خۆیاندا ئاماژەی ڕاستێتی بەسەرهاتی ئاوهایان هەست پێ دەکرد.. بەهەر حاڵ ئەو ڕوداوە وێنەیەکی (کاریکاتێری) ئەو دۆخی ناشایستەیەمان دەداتێ کە وڵات لەو سەردەمەدا لەسەری ڕێی دەکرد.. جا ئێمە سەخت گیر دەبین لەبەرانبەر منداڵە چەوساوەکانمان دا کاتێ داوایان لێ دەکەین لەو بارودۆخە سەیر و سەمەرەیەدا هەموویان (ژیر) بن!!

پەروەردەکردنی ساغ:

ئێمە لەکاتێکدا لەخراپەکاریەکانی سەردەمی ڕابردوو دەکەین، پێویستە خراپەی ئەو بەهایانەشمان لەبیر نەچێت کە لەچاخە پیشوەکانەوە بۆمان ماونەتەوە و ڕۆڵ و کاریگەریشیان هەبوو لە تێکدانی پەروەردەی زۆرێک لەمنداڵەکانماندا.

یەکێك لەخەسڵەتەکانی پەروەردەی ساغ و تەندروست ئەوەیە کەمنداڵ کورت هەڵناهێنێ لەو شتەدا کە توانای نیە بیکات.. ئەمرۆکە ئەو ڕاستیە سەلێنراوە کە زیرەکی و بیرتیژی و بەهرە جۆراوجۆرە، لەوانەیە منداڵێك بۆ پیشەیەك نەشێت، کەچی بۆ پیشەیەکی دیکە زۆر باشە.. وەلێ بەهاکانی پەروەردەی کۆن هیچ گرنگی یەك بەم مەسەلەیە نادەن.. لێرەوەیە کە دەبینین دایکمان داوامان لێدەکات ئەو پیشەیە هەڵبژێرین کە خۆی ئارەزووی دەکات، بێ ئەوەی سەرنجی زیرەکێتی ئێمە و توانا ئەقڵیەکانمان بکات!!

خودا بەزەیی بەدایکمدا بێتەوە،

حەزی لەوە بوو من ببمە "عەتار" و لەو پیشەیەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم تا لەکۆتایی دا ببمە "پیری عەتاران": ئەو زۆر سەرسام بوو بەعەتارێکی دەوڵەمەندی ئاسیاوی خۆی، بۆیە دەیویست جێ پێ ئەو هەڵبگرم و بەجێ کەوشەکانی وی دا هەنگاو بنێم. ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی وایان لێکردم لەهەرزەکاریم دا پێنج ساڵی ڕەبەق لە قوتابخانە دوور بکەومەوە و لەسەرەتاوە ببمە "عەتار": وەلێ لەم پیشەیەم دا شکستێکی ترسناکم بەرکەوت.

هەر لەمنداڵیمەوە حەزم لەخوێندنەوەی کتێب بوو، وەلێ مامۆستا عەتارەکەم پێ وابوو، کتێب خراپترین بەڵایە کە دامێنی کاسپێ دەگرێ کە لەبەر دەروازەی خوا دا دانیشتوە (بۆ بژێوی) لەدیدی وی دا پەرتوك نە نانێك دەبەخشێت و نەبرسیەیەکی پێ تێر دەکرێت ... وەستاکەم دەیویست قنج و قیت لەبەر ئەو کڕیارانە هەستمەوە کە دێنە دووکانەکە و بەڕوویەکی خۆشەوە ڕووبەڕوویان ببمەوە، بەڵام لەناخی خۆمدا ڕقم لەهەموو کڕیارەکان بوو هەر ئەوەندەی یەکێکیان ڕووی لەدوکان دەکرد، لە ژێر لێوەوە دەستم دەکرد بەنەفرەت کردن لەویش و لە وەستاکەیشم.. ئەو کاتانەم بەهەل دەقۆستەوە کە مامۆستاکەم لەدوکان نەدەبوو، سەرقاڵی خوێندنەوەی پەرتوك دەبووم، لەو کاتانەدا گوێم نەدەدا بەوەی کڕیار دێتە دوکان یان نا... سەرئەنجام وەستاکەم زۆر بەخرایی لەدوکانەکەی وەدەر نام. سوپاسی خوا دەکەم لەسەر ئەو دەرکردنە، چونکە توانیم یەك لایی ببمەوە بۆ کتێبە خۆشەویستەکانم.. گومانیشم وایە گەر هەر عەتار بوومایە، هەنووکە لەشێتخانە دەبووم (پەنا بەخوا!).

پەراوێزەکانی پاشکۆی شەشەم:

١. بنوارە: Young, Personality, P 765

٢. بنوارە: eit. Loe

٣. بنوارە: Sutherland, Introductory Sociology. P 145

٤. بنوارە: روجيه باستيد، مبادىء علم الاجتماع الديني، ل ٣٩ ـ ٤٠.

٥. بنوارە: Benedict, patterns of Cultture, P 72 - 80

٦. بنوارە: محمد بن حبيب، المحبر، ل ١٩٢.

٧. بنوارە: طه حسين، الفتنة الكبرى، ل ١٥١.

٨. مامۆستا دەڵێت (في فبو مظلم) فبويە مانای شوێنێکی تری و گەوانەی دێت وەك لە منجد دا هاتوە، من پێم جوان بوو بە (هۆڵ) لێکی بدەمەوە.

٩. بنوارە: آغاخان، مذكرات آغاخان، ل ١٢١ ـ ١٢٢.

١٠. بنوارە: ابن خلدون، المقدمة، ل ١٢٦ ـ ١٢٧.

١١. بنوارە: آغاخان، مذكرات آغاخان، ل ١١.

١٢. بنوارە: عمر ابوالنصر، هارون الرشيد، ل١٦.

١٣. بنوارە: Bowlbey, Personality and Mental Illnese, P 179.

١٤. بنوارە: صبري جرجيس، مشكلة الملوك السيكوباني، ل ٢٥٨.

١٥. بنوارە: سلامة موسي، عقلي و عقلك، ل ١٧٥.

١٦ـ زۆر بەداخەوە کە لەم ڕۆژگارەماندا ئەم سرودە لەقوتابخانەکانماندا و زۆر جاریش لەئێستگەی ڕادیۆدا دەخوێندرێتەوە.. لەسەردەمی رابردوودا وتنەوەی ئەو سرودە جێگەی سەرسامی نەبوو، چونکە ئەو سەردەمەش زۆر جیاواز نەبوو لەسەردەمەکەی ڕەشید یان سەردەمی هەر سوڵتانێکی تر، بەڵکو سەیر لەوە دایە ئەو سرودە لەسەردەمی کۆمارە میللی یەکەماندا بگوترێتەوە!!

١٧ـ بنوارة: أحمد امين، ضحي الاسلام، ج ١، ل ١١٧.

١٨- بەڕاستی دەوڵەمەندی زۆرێک لەپێوەرە ئەقڵییەکان لنگە وقوچ دەکاتەوە، ئەو بەیڤانەی مامۆستا وەردی ئەو هۆنراوەی قانعی شاعیری وەبیر هێنامەوە کە بە (فلس) دەڵێت:

وابزانم بێ ئەدەب نابم ئەگەر ئەمرۆ بڵێم
تۆ لەلوقمان ونەرستۆ عالم و داناتری
تا دەڵێت:
کلکی کەر بەرز کەیتەوە نەیکەیتە پێشەنگی قەتار
نافەرین بۆ تۆ فلس، بێشك لەمن داناتری

ئێمە لەئاقار ئەو واقعەدا کە مامۆستا وەردی و قانعی لەمەڕ خۆمان ئامازەیان پێ داوە، هەر ئەوەندە دەڵێین: ئێمەش ئەمرۆ بەچاوی سەر دەبینین. چەندین قورمساخ و زەبەلاح و تەڕاح و گەلحۆ، پارە و سامان کردوینەتە پیاوی باڵەبان و فۆشمە و دەمڕاست.. ئیدی ئەمە واقعی ژیانە و پێویستە لەگەڵی دا هەڵبکەین (وەرگێڕ).

ووتەی ماڵئاوایی:

لەکۆتایی ئەم پەرتوکەدا کە پێم وایە کۆتا کتێبمە کە بۆ خەڵکی بڵاو دەکەمەوە حەز دەکەم کورتە وتارێك بۆ ماڵئاوایی کردن لەخوێنەران بنوسم.. لام وایە زۆرێك لەخوێنەران هیچ ئەفسوس ناخۆن بۆ ئەم ماڵئاوایی کردنە، بگرە هەندێکیان پێشی شادومان دەبن. لەسەردەمی ڕابردودا پێنج دانە پەرتووکم بڵاو کردەوە، ئەم پەرتووکەش شەشەمین و دوایەمین پەرتوکمە... لەمەڕ پەڕاوەکانی پێشووم ڕاو بۆچوونی خوێنەران جودا جودا بوو. هەندێکیان لایان وایە زەمینە سازی کردن و ئاوات خواستن بۆ شۆڕش، هەندێکی تر لەخوێنەران بەپێچەوانەوە لایان وابوو پەڕاوەکانم هیچ نین جگە لەئامرازێ بۆ تێکدانی هزرەکان وبڵاوکردنەوەی بیری ئامۆ و ئاوردەکراو.. من بۆ خۆم سەبارەت بەو دوو گروپەی لە ئاقار پەرتووکەکانم دا دروست بوون هیچم نیە بیڵێم، بەڵکو خۆیشم و ئەوانیش دەدەمە دەست دیرۆکێ، تاکوو حوکمی خۆی بەسەر منیش و ئەوانیش دابدا.

بەهەر حاڵ، من پڕوپاگەندەی ئەوە ناکەم کە لەسەردەمی ڕابردوو بووم یەکێك بووم لەنوسەرە خەباتکار و تیکۆشەرەکان، چونکە ئەمە سیفەتێکە وەها جوانترە نەیدەمە پاڵ خۆم، لەسەردەمی رابردوو دا نووسەرانێك وەدەر کەوتوون کە لەمن پتر ئامانجیان روون بوو، کەواتە ئەوان لەبەندە شایستەترن بۆ هەڵگرتنی ئەو سیفەتە جوانە.

نکولی ناکەم لەوەی منیش چەردەیەکم لەهەستی میللی و چەپڕەوی هەڵگرتبوو، ئەو هەستەش بەڕادەیەك پێگەشتنەوە لەهەندێك لەپەرتووکە پێشوەکانم دا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێ جار میری بەو هۆیەشەوە تۆمەتباری کردووم.. هەرچەندە کە ئەمڕۆ دان بەوڕاستیە دادەنێم، نامەوێت شانازی و زمان درێژی پێوە بکەم، ڕەنگە پاڵنەرێکی خودی لەناخمدا هەبووبێت و هانی دابم بەرەو ئەو هەستە میللی یە.. پاڵنەرەکەش ئەوەیە کەمنیش وەکو میلۆنەها ڕۆڵەی ئەم گەلە بەشی خۆمم لە تاڵاوی هەژاری و ئازار و بێبەری بوون چێشت.. لەبەر ئەوە من ئەوەم بۆ پاساو نادرێت گروپێکی کەم پۆز

لێدەن بەسەر خەڵکی دا و قۆرخی هەموو فەزڵێك بۆ خۆیان بکەن. بەڕاستی هیچ دووڵ نیم کاتێ دەڵێم جیهانی نوێ بەهەموو ڕێچکە و ئارەزووەکانی یەوە بەرەو ئەو هەستە دەچێ.. چونکە لەراستی دا ئەمە ئامانجی مێژووە.. ئێستاکە لەوانەیە نەتەوەکان جیاوازییان هەبێت سەبارەت بەوردەکاریەکانی ئەو ئامانجە و شێوازی گەیشتن پێی، بەڵام ناتوانێ لەو ڕاستییە خۆ هەڵاوێرێ کە گەل سەروەرێتی و هەزاریش پتر پێویستی بەچاودێری و یارمەتی و گرنگی پێدانە وەك لەدەوڵەمەند.

ژەهر لەنێو هەنگوین دا :

یەکێك لەبەرپرسان لەسەردەمی رابردوو دا متی وا پێناسە کردبوو گوایە "ژەهر دەکەمە نێو هەنگوین"ەوە.. هەنووکە پێویستیم بەڕاڤەی مەبەستی ئەو گوتەیە نیە لە نەریتی ئەو سەردەمەدا.. چونکە لەو سەردەمە دا ژەهر بەهەموو ئەو ڕاو بۆچوونانە دەگوترا کە دەسەڵاتداران پێی قایل نەبوون.. هەر چەندە نایشارمەوە، لەو سەردەمەدا دریغیم نەدەکرد لە "ژەهر" کردنە نێو هەموو ئەو بابەتانەی دەمنوسین یاخود وتارم لەسەر دەدان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەو ڕاستییەدا دەنێم کە "ژەهر"ەکەی من هێندە پەنامەکی بوو هیچ تامێکی نەبوو، بەرەنجامی داخوازی لێکراویشی لێ نەدەکەوتەوە.

بەدەربڕینێکیتر، من شێوازی خۆگونجاندن و "مراوغە"م پەیڕەو دەکرد لەهەموو نوسین و گۆڕ و گوتارەکانم دا، یانی شێوازی "کەلیلە و دیمنە"م پەیڕەو دەکرد کە "بەیدەبا" لەدێر زەمان دا دایناوە.. هەندێکی دیکە ڕەخنە توند و تیژتریان ئاراستە دەکردم لەسەر ئەوەی ئەو شێوازە "بەیدەبا"یی یەم گرتۆتە بەر. لەمەڕ من دەیانگوت گوایە بەدەوری بیرۆکەکەدا دەسوڕێمەوە بێ ئەوەی بچمە نێو کرۆکەکەیەوە، و تەنانەت زۆر جاریش بە بێ ئەنجامێك لێ دێمە دەرەوە. هەموو ئەمانە ڕاستن و نامەوێ خۆمیان لێ بێ بەری بکەم.

من لەسەردەمی ڕابردوودا سەرپشك بووم لەنێوان دوو ڕێگەدا: یان ئەوەیە بەڕاشکاویەکی تەواوەتیەوە ڕای خۆم دەربڕم و بەو هۆیەشەوە ملی ڕێگای زیندان

بگرمە بەر، یاخود بێنەوبەرێ لە ڕایەکانم دا بکەم و بەوەش خۆم لە گرتووخانەش و لە ڕۆژی بڕینیش دەرباز بکەم.. ئینجا لەدوای سەرنج و تێڕامان، هەستم کرد ڕێگەی دووەم بۆ منیش و بۆ خوێنەرانیش بەکەڵك ترە. هەر چۆن بێت، کتێبەکانی پێشووم ڕەواجێکی باشیان لە لای خوێنەران هەبوو، بە گوێرەی ئەو ژمارە زۆرانەی لێیان چاپ کرا، ئەوە بوو لەدوای ماوەیەکی کەم لە چاپکردنیان لەبازاڕدا نەمانەوە.. ڕەنگە خوێنەران - سەرەڕای ناتەواوی پەرتوکەکانم- هەندێ شتی باش یان ئازاربەخشیان لەپەرتوکەکانم دا چنگ کەوتبێ.. سەیریش لەوەدایە زۆرێکیان پەرتوکەکانیشمان دەخوێننەوە و جنێویشیان پێ دەدا... لەم ڕووەوە پەرتوکەکانم هەمان ئەو قسەیان بەسەر دا دەبڕێ کە لەبارەی گۆشتی ماسی یەوە کراوە و پێیان دەگوت "ماکول مژموم"!!.

لایەنێکی دی:

لەپەرتوکەکانم دا لایەنێکی دیکە هەیە کە هەندێ لەخوێنەران لێی ڕازی نین، ئەویش بریتییە لەشێوازی "گومان کردن".. من بەزۆری واژەکانی ("پێ دەچێ" و "لەوانەیە" و هتد...) م بەکار هێناوە لەکاتێکدا بۆچونێك دەخەمە ڕوو.. بەڕاستی من لەژیانی زانکۆم دا ئەم شێوازەم بەکار هێناوە و ماوەیەکی زۆریش لەگەڵی دا ڕاهاتووم و خۆ لێ قوتارکردنیش سەختە بۆم. سەرباری ئەوەش لەچەرخی نوێ دا، ڕێبازی زانستییانە لێکۆڵینەوە ئەو شێوازە دەسەپێنێت بەسەر نووسەر و توێژەردا.

گرفتی هەندێ لەنووسەرەکانمان لەوەدایە کە شێوازی دڵنیا و یەکلاکەرەوە و دەرکردنی حوکمی بێ مشت و مڕ و گومان هەڵنەگریان گرتۆتە بەر.. ئەو شێوازەش دیارە لەسەردەمە دێرینەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەو دەمەی ڕێچکەی "عەقلی" زاڵ ببوو بەسەر هزرەکاندا.. یەکێك لەچەمکەکانی ئەو ڕێبازە کۆنە ئەوە بوو کە پێ وابوو ئاوەزی مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوەی ئەبستراکتەوە دەتوانێت بگاتە دۆزینەوە ڕاستی ڕەها، بەو بێودانگەش بیرمەند بۆی هەبوو "لەکاتێکدا ڕاستییەکەی دەدۆزیتەوە"

حوکمی یەکلاکەرەوەی تێدا دەربکات و سەرجەم ڕاو بۆچوونە پێچەوانەکانیشی بەناڕاست و هەڵە بزمێرێت.

لەیەکێك لەبەشەکانی ئەو پەڕاوە دا ئاماژەم داوە بەڕادەی ئەو هەڵەیەی کە لەم چەمکە "ئەقڵی"یە کۆنەدا هەیە.

جێگەی نیگەرانیمە کە لەم سەردەمەدا و "بەتایبەت لەم وڵاتەشدا" هەندێ خەڵك دەبینم، دەخوازن نوسەر بەوشێوازە بۆیان بنوسێت کەهیچ گومانی تێدا نیە، یاخود بەوشێوەیەی کە "دوو کەس لەسەری ناکۆك نین".. خۆیان لەبنەڕەتەوە بڕوای تەواویان بەهەندێ بۆچوون هەیەو دواتر گەرەکیانە نووسەریش هاوڕاو گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بۆچوونانەیاندا.. بۆیە کە نووسەر ملەجەڕێ دەکات دەست بەجێ گومان لەنیاز و مەبەستەکانی دەکەن و تەرێزی لێ دەکەن.

خەڵکی لەو هەڵوێستەیان دادروست لەو پیاوە لادێیە دەچن کە براکەی خۆی بە کوژراوی دەبینێتەوە، و دەست بەجێ و بەهەڵەداوان ڕادەکاتە سەر دوژمنە بکوژەکانی بۆ وەی بیانکوژێتەوە، لەوکاتەش دا بڕوای تەواوی هەیە بەوەی کە ئەو دوژمنانە براکەیان کوشتوە.. لەم دەمە دا ئەگەر لێکۆڵەرەوەی دادگەر هاتن و لەگەڕانیان دا بەدوی بکوژدا شێوازی گومان کردن و لێکۆڵینەوە بابەتیان گرتە بەر، لەودەمە دا پیاوە لادێیەکە دەکەوێتە گومان لێیان و پێیان دا هەڵدەشاخێ، و تەنانەت لەوانەیە بەلایەنگیری کردنی دوژمنەکانی تۆمەتباریان بکات.

خوێنەرانی سەردەمی شۆڕش:

لەسەرەتای ئەم کتێبەدا باسم لەوە کرد کە ئارەزووی خوێنەران لەسەردەمی شۆڕشدا گۆڕانی بەسەر دا هاتووە لەچاو سەردەمی پێشوو، گەر لەبەر دا خوێنەران نوسراوی من و کەسانی وەك منیان قبوڵ دەکرد، هەنوکە نوسەری تازە بابەتیان گەرەکە، ئەم گۆڕانەش کە لەئارەزووی خوێنەران دا ڕوی داوە شتێکی سەیر نیە، چونکە لەسەرەتا و دەستپێکی هەموو شۆڕشەکاندا ئەم جۆرە گۆڕانە ڕوو دەدات، مێژوو باسی زۆرێك لەو دانەرانەمان بۆ دەکات کە لەسەردەمانی بەر لەشۆڕشەکان دا ڕەواجێکی زۆریان هەبووە،

ئینجا کە شۆڕش سەری هەڵداوە لە ماڵەکانیان دا دانیشتوون و چی دی نەیانزانیوە چۆن بیر بکەنەوە و بنوسن.

ئاسایی هەر شۆڕشێ بگری لەنێو ڕۆڵەکانی گەل دا دڵ گەرمی یەکی زۆر دروست دەکات بۆ پشتگیری کردنی .. ئەم دڵ گەرمیەش پێویستی بەدانەرانێکی نوێ هەیە کە لەگەڵ خەلکەکەدا خۆیان بگونجێنن و شێوازێکی پڕلەحوکمی یەکلا کەرەوە و ئاراستەکاری توندو تۆڵیان بۆ پەیڕەو بکەن.. ئەو دانەرەش کە ڕاهاتووە لەسەر شێوازی بەر لەشۆڕش، لە ڕووی پەیڕەوکردنی گومان کردن یان خۆ گونجاندن، ئەوا پێویستە مل کەچی بویەر بێت و لەپلە پێشوەکەی دابەزێت و بەدڵخوازی خۆی بیبەخشێتە ئەو نوسەرانەی خاوەنی شێوازی دوای شۆڕشن.

هەرکەسێکیشیان پێداگری بکات لەسەر پاراستنی پلە و پایەکەی، ئەوا تەوژمەکە تێك وپێکی دەشکێنێ، لەدنیاش دا شتێکی دیکە نیە وەکو تەوژمی کات تێکشکێنەرێکی باڵادەست بێت!.

هەندێ جار لەماوە مێژوویەکاندا، نوسەرانێ پەیدا دەبن کە دەتوانن شێوازی خۆیان بگۆڕن بەگوێرەی ئاڵ و گۆڕەکان.. وەلێ ئەو جۆرە کەسانە کە من یاخود دەگمەنن.. لەم ماوەیەی رابردوو دا کتێبێکی مامۆستا (لنین)م دیتەوە کە لەسەردەمی (قەیسەری) دا نوسیویەتی و لەدوای لەناوچونی (قەیسەر)یش پێشەکی یەکی نوێی بۆ نوسیوە (لنین) لەپێشەکی یەکەی دا دەڵێت: مەترسی (سانسۆری قەیسەریی) لەبەرچاو گرتوە کاتێ پەرتوکەکەی نوسیوە، ئەویەڕی حەزرەتیشی کردوە کاتێ تێبینی بە سیاسیەکانی تۆمار کردوە، لەو ڕووەوە شێوازی ئاماژە دانی گرتۆتە بەر لە ڕێگەی (ئیزۆب)[1]ەوە.. ڕەنگە خوێنەر پرسیار لەبارەی ئەو ئیزۆبەوە بکات کە لنین باسی کردوە.. ئیزۆب کەسایەتیەکی شێوە ئەفسانەییە و ئیغریقە کۆنەکان بەسەرهات و چیرۆکە جەفەنگ ئاساکانیان داوەتە لای وی، بەهەمان شێوەی چیرۆکەکانی (کەلیلە و دیمنە)...

ئەمەش بەو مانایە دێت کە (لنین) بەدوای شۆڕش توانیویەتی شێوازی خۆی بگۆڕێت.. لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێ کە (لنین) بەر لەوەی نوسەر بێت سەرۆکی پارتێك و خاوەنی (مبدا)ێك بووە...

لەو ڕووەشەوە (لنین) جیاوازە لەنوسەرە پرۆفیشناڵەکانی هاوشێوەی نوسەری ئەم چەند دێرە.. ئێمە دەمانەوێت بنوسین بۆ ئەوەی بژین، وەلێ ئەو لەپێناوی پارتەکەی و بیر وباوەڕەکانی پارتەکەی دا دەژیا، ئەو بلیمەت بوو، وەلێ ئێمەی خەڵکی ڕەشۆکی لەخۆمان و منداڵەکانمان دەترسین تەنانەت لەوەڕەی سەگیش دەسڵەمینەوە.

بازاڕی کتێبت:

وا ڕێ دەکەوێ نوسەرێك کتێبێك بڵاو دەکاتەوە لەماوەیەکی زەمەنی تایبەتدا، کتێبەکە ڕەواجێکی زۆری دەبێ.. کابرای نوسەریش وا دەزانێ خەڵکی سەرسام بوون بەشێوازی نوسینەکەی و بیرۆکە (بلیمەتانە)کانی.. بۆیە بەپەلە پەرتوکێکی دیکەی دەرکرد، ئەمیان بەپێچەوانەوە هیچ ڕەواجێکی لەلایەن خوێنەرانەوە نەبوو.. لەم کاتەدا نوسەرەکە دەستی کرد بەشەردان لەخوێنەران گوایە زۆر لەبابەتە (بلیمەتانە)کان ناموژێنەوە!!

من بۆ خۆمی بەڕەوا نابینم وەکو ئەو پیاوە بم.. چونکە بوغزایی پەتاو بەڵایەکی ناڕەحەتە و لەخەڵکی تر زیاتر ئازاری خاوەنەکەی دەدات.. لەکتێبی (ئەفسانەی ئەدەبی باڵا) دا گوتومە: خەڵکی وەك چۆن ڕو دەکەنە کڕینی قۆندەرە یان هەر کاڵایەکی دیکەی بازێڕێ، ئاوهاش ڕو لەکڕینی پەرتوك دەکەن، کەواتە لەم ڕووەوە هاندانی بلیمەتێتی یان بەکەم زانینی لەگۆڕێ دا نیە.. نوسەر لەم ڕووەوە لە دوکاندار دەچێت، پێویستە ئەو کاڵایە بخاتە بەردەمی خەڵکی، کە خەڵکەکە گەرەکیانە، نەك ئەوەی ئەم لێیانی دەوێت.. لەوانەیە بەناڵ وگۆڕی بارودۆخ خوێنەران لەپەرتوکێکەوە ڕو بکەنە کتێبێکیتر.. کەواتە لەو کاتەشدا پێویستە نوسەر لەگەڵیاندا هەڵ بکات، یان لەماڵەکەیدا کڕ بێت و خۆشی بحەوێتەوە و، خەڵکیش بحەوێنێتەوە.

وێژەوانان و بازرگانی:

هەندێ لەوێژەوانان لەو قسەیەم دڕدۆنگ بوون لە پەرتوکی (ئەفسانەی ئەدەبی باڵا) دا خوێندبویانەوە.. لەدیدی واندا نوسەر نابێت بازرگان بێت، چونکە لایان وایە بازرگانی پیشەیەکی ناشیرینە و، ناشایستەیە بەو کەسانەی خاوەنی وێژەی باڵان!!

شاردراوە نیە کە برادەرە ئەدیبەکانمان ئەم بۆچونەیان لەسەر دەمە سوڵتانیەکانی رابردووەوە بۆ ماوەتەوە.. لەو سەردەمەدا ئەدیبەکان لەسەر پاشماوەی سەرسفرەی سوڵتانەکان و دەست و پێوەندەکانیاندا دەژیان، لە ڕاو بۆچون و تێگەشتنیان دا چاویان لەسوڵتانەکان دەکرد، سوڵتان و دەست و بۆچۆن و تێگەشتنیان داچاویان لەسوڵتانەکان دەکرد، سوڵتان و دەست و پێوەندەکانیشیان بەچاوی سوکایەتیەوە سەیری بازرگانی و هەموو کارو پیشە بەرهەم هێنەرەکانیان دەکرد گوایە پیشەی سەرشۆڕەکانە![2]

هەر لەبەر ئەوەیە کە دەبینین ئەدیبەکان ئەوەیان پێ باشترە کەیەکێکیان لەبەر دەم ماڵی گەورەکانی دا سواڵ کەرێك بێت، وەك لەوەی بازرگان بێت و بەئارەقی نێو چاوانی بژێوی پەیدا بکات، تا ئەمڕۆکەش پاشماوەیەکی ئەو حەزە لەنێو هەندێ لەئەدیبەکاندا ماوەتەوە، ئەوەتا دەبینین رێزی کەسێك دەگرن کە بەهۆنراوەیان بەکتێبەکانی ماستاوچێتی بۆ (ستەم کار) و موتریفەکان بکات، بەڵام کەسێك بەسوك سەیر دەکەن کە لەبازاڕی کتێب دا بیرۆکەکانی خۆی بفرۆشێت.

بەڕاستی لەم سەردەمەدا چەمکەکانی خەڵکی ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا هاتوە، وەلێ برادەرە ئەدیبەکانمان تا هەنوکەش دەستیان گرتوە بەچەمکە کۆنە سوڵتانەکانیانەوە.. تا ئێستاش وا دەزانن بازرگانی بە مانای چاو بەست و خەڵەتاندن و دەست بڕین دێت.. ئیدی ئەوەیان لەبیرچوە کە ئەمانە خەسڵەتی ئەو بازرگانانەن کە لەبازرگانیەکاندا پەنا دەبەنە بەر بەرتیل دان بە ئەمیر و موتریفەکان و خۆنزیك کردنەوە لێیان[3].

ئەو بازرگانەی کە لەکارەکەی دا تەنها پشت بەخۆی دەبەستێ بە بێ یارمەتی و هاوکاری دەستەڵات دار و سوڵتانەکان ناتوانێ لەکارەکەی دا سەرکەوتن بەدەست بێنێت

ئەگەر دەست پاك و ڕاستگۆ نەبێت، هەر ئەمەشە وا دەكات خەڵكی ڕوی تێ بكەن و لەمامەڵە كردنیان لەگەڵی دا دڵنیا بن.

كاڵا مادی و فیكری یەكان:

ئەوەی شیاوی باسە، لەم ڕووەوە جیاوازیەك هەیە لەنێوان بازرگانی كاڵا مادیەكان و بازرگانی كاڵا فیكریەكان دا.. ئەویش بریتی یە لەماوەی كاڵا و شت و مەكە مادیەكان پێوەری ڕون و ئاشكرایان هەیە و، كڕیارەكان دەتوانن جۆری كاڵاكەی پێ بپێون و بەگوێرەی ئەوە هەند مادە لەهەندێكی دیكەیان بەباشتر بزانن. وەلێ كاڵا فیكریەكان ئەو جۆرە پێوەرە ئاشكرا یان نیە، زۆر جاریش خەڵكی لە ئاقاریاندا ناكۆك دەبن و هەندێكیان ستایشی دەكەن و هەندێكی دیكەشیان سەركۆنەی دەكەن، بەگوێرەی ئەو ئاراستە كۆمەڵایەتی و دەرونیانەی لەناخیاندایە.

هەر ئەمەشە كە ئەو هەڵەی ڕەخساندوە بۆ هەندێ لە بازرگانە چاوبەست كارەكانی فیكر تا سەركەوتن بەدەست بێنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ لەم سەركەوتنەیان بەردەوام بن. هەر دەبێ ڕۆژێك لەڕۆژان دەمامك لەڕوی فێڵ و چاوبەستەكەیان هەڵبماڵرێت. بەتایبەت لەدوای ئەوەی خەڵكی ڕۆشنبیر دەبن و دەتوانن جیاوازی بكەن لەنێوان بیرە چاك و خراپەكاندا.

بازرگانی دەست پاكی نێو فرۆشیارانی بیر، ئەم ڕاستیە بەباشی دەزانێت و دەرك دەكات بەوەی چاوبەست كردن لەفرۆشتنی فیكرەكاندا زیان لەبەرژەوەندی هەمیشەیی دەدات.. ئەمەش بەو مانایە نایەت كەپێویستە لەهەموو بیرۆكەكانی دا ڕاستی بپێكێت.. وەلێ دەبێ بەلایەنی كەمەوە بڕوای بە ڕاستی و دروستی بیرۆكەكەی خۆی هەبێت لەوكاتەدا كە دەیخاتە بەر دەمی خەڵكی.. بەدەربڕینێكی تر، فیكرەكە بەخۆی بفرۆشێت بەر لەوەی بەكەسانی دیكەی بفرۆشێت، ئنجا دوای ئەوەی دەرك بەهەڵەیەتی ئەو بۆچونە دەكات، قەیدی نیە پشتی تێ بكات و وازی لێ بێنێت...

هەندێ جار بازرگانی دەست بكات ڕێگە وشێوازی خۆگونجاندن و مراوەغە دەگرێتەبەر، بەتایبەت لەو كاتانەدا كە مەترسی یەكی لەخۆی هەبێت، بەڵام گرتنە بەری ئەم

شێوازە ناگاتە ئاستی چاوبەست کردن و دەست بڕین.. لەوکاتەدا ئیدی داخستنی دوکانەکەی پێ باشترە لەوەی کاڵای غەش تیاکراو بفرۆشێت بەخەڵکی.

ئەوەی لێی دەترسێم:

پڕوپاگەندەی ئەوە ناکەم کە لە پەرتوکە پێشوەکانم دا لەجۆری ئەو بازرگانە دەست پاکە بووم، وەلێ دەتوانم پڕوپاگەندەی ئەوە بکەم کە هەوڵم داوە بە پێی توانا لێکچونم هەبێ لەگەڵی دا.. سەرباری ئەوەش هەڵەی وام بەسەر دا تێ پەڕیوە تا ئێستاکەش پەژیوانم لێیان.

هەر چۆن بێ، لەسەردەمی رابردوو دا چەند پەڕاوێکم نوسین بێ ئەوەی بڵاویان بکەمەوە بۆ نێو خەڵکی ... گەر ئەو پەرتوکانەم بڵاو بکردایەتەوە بێگومان توند دەکرام لە قوڵاییەکانی بەندیخانە.. گومانیشم وایە لەم سەردەمە نوێیەشدا هەر ناتوانم بیانخەمە بەر دیدی خەڵکی.

لێرەدا دەخوازم ڕاشکاوانەتر لەگەڵ خوێنەردا بدوێم و قسەیەکی بدەم بەگوێدا کە لەوانەیە لێم وەرنەگرێت و پێی قایل نەبێ.. قسەکەشی ئەوەسانێ من لەسەردەمی رابردوودا لە توڕەیی (دەستەڵات داران) دەترسام، تکام وایە سەردەمە نوێ یەشدا لەتوڕەیی (ئاژاوەچییەکان) دەترسێم. تکام وایە خوێنەر بەخراپ لەم پەیڤەم حاڵی نەوێ. چونکە ئاژاوەچێتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، ئاسەواری ئەو دیاردەیەمان لەعێراقیش و کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکەشدا بینیوە.. تاکو ڕادەی نەزانین لەوڵاتێکدا زۆر بەهێز بێت مەترسی ئاشوبچیەکانیشی تێدا فرە دەبێت.

هەندێ لەو بیریارانەش کە ئێمە گومانمان نیە لەمیللی بوون و دیموکراسیخوازییان ئاماژەیان بەمەترسی ئاشوبچیان داوە.. مارکس و ئەنگلس لە (مانیفستۆی کۆمۆنیزم)دا ئاماژەیان پێ داوە، بەر لەسەدان ساڵیش (عەلی کوڕی ئەبی تالب) ئامارەی پێ داون، ئەوەتا لەبارەی ئەو جینە (هەرجی و پەرجی)یانەوە دەڵێت: "ئەوانە خەڵکی هەرجی و پەرجین و وەك مێگەلی لاتۆکە بەدەم هەر ئاوازێکەوە دەچن و بۆ هەموو بایەکیش

خوار دەبنەوە" هەروەها، هەر لەبارەی ئەو چینەوە دەڵێت: "ئەو چینە ئەگەر کۆ ببنەوە زیان دەگەیەنن و ئەگەر پەرتەوازە بن سودبەخشن"[4]

جێگەی سەرنجە هەندێ لە بیرمەندەکانمان دڕدۆنگ دەبن لەئاماژەدان بە (ئاشوبچیەکان)، چوون پێیان وایە ئەوانیش بەشێکن لەمیللەت، یاخود گەل بریتییە لەوان، ئەمەش هەڵەیەکە هەندێ جار بەرەنجامی کۆمەڵایەتی زیانبەخشی لێ دەکەوێتەوە.

لەراستی دا گەل بریتی نیە لەئاشوبچیان... ویستی گەل لەو بڕیارە هێمن و تۆکمانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەبەرژەوەندی زۆرینەوە هەڵدەقوڵێن.. وەلێ ئەو چینە زۆربەی جار سەدایان بەشێوەیەکی شپرز و بێ بەرنامە و بەربەست دەردەکەوێ.. بەڵام نکولی ناکەین لەوەی هەندێ جار (گەل وئاشوبچیەکان) پێکەوە لەیەک سەنگەر و یەک بەرەدا بەدەردەکەون، سەرباری ئەوەش هێشتر ڕەوا نیە بۆمان لەهەموو کاتەکاندا ئەو دووە تێکەڵاو کەین.[5]

هەواڵی هەندێ لەڕووداوە دڵتەزێن و ترسناکانەم بیستوە کە ئاشوبچیەکان لەهەندێ ناوچەی عێراقدا بەرپایان کردوە، کەسانی بڕواپێکراو و متمانەدار کەبەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان دیوە، بۆمیان گێڕاوەتەوە، کەچی خەریک بوو بڕوام نەدەکرد لەبەر ترسناکی و بیمداری ئەو ڕوداوانە.. جاری وا هەبووە ئاژاوە چیەکان، هەڵیان کوتاوەتە سەر پیاوێک و لەبەر دەمی خێزانەکەی و منداڵەکانی دا بەخنجێر لەت و پەتیان کردوە، چاویان دەرهێناوە و بەگوریس ڕایان کێشاوە، ئەمیش بە بێ سود هەر لێیان لاڵاوەتەوە و هانای بۆ بردون.

یان ئاشوبچیەک قەمەیەک دەگرێت بەدەستەوە و شاڵاو دەباتە سەر ناسیاو و نەناسەکانیشی، ڕەنگە بیکێشێت بەڕوخسارو شان و سنگی کابرایەکی هەژاردا، وەک ئەوەی خنجێری دابێت لەفەردەیەکی "کا"! زۆرینەی هەر زۆری ڕۆڵەکانی گەل پاساوێ بۆ ئەو کارانە نابینن و بەرگەی بیستنیشی ناگرن. تەنانەت لەوانەیە هەندێکیان بەرگەی ئەوە نەگرن لەبەرچاویاندا ئازاری مشکێک بدرێت یاخود باڵندەیەک سەر ببڕدرێت، ئەمە سروشتی هەر مرۆڤێکی ئاساییە کە تۆزقاڵێ بەزەیی لەدڵی دا بێت.

مرۆڤ هەر چەندە لەهەست و خولیاکانی دا میللی بێت، ناتوانێت بگاتە ئەو پلە سەیر و سەرسام کارە.

ناچیزەیی ئاشوبەچیەکان: لەڕۆژێك لەڕۆژگارەکانی خەلافەتەکەی دا کابرایەکیان هێنایە بەردەستی (عەلی کوڕی ئەبی تالب). کابراکە تاوانێکی لەدەست قەومابوو، کۆمەڵێ ئاژاوەچی دەوریان گرتبوو، هەوڵیان دەدا دەست درێژی بکەنە سەری.. ئیمام هاوارێکی بەناودا کردن و فەرمووی: "مەرحەبا نەبێت لەو ڕوخسارانەی کە نابینرێن لەکاتی ڕودانی خراپەیەکدا نەبێ"!

خۆیشم ڕۆژێك کۆمەڵێ ئاژاوەچیم بینی، تەرمی کەسێکیان بەگوریس ڕادەکێشا و تەرمەکەیان تێك دەدا، تاقەکەسێکم لەو کۆمەڵەدا نەبینی ڕێزی خۆی بگرێت.. لەوکاتەدا ئەو فەرمودەیەی ئیمامم بیر کەوتەوە کە کەمێك لەبەردا باسکرا.. ئەو کەسانەی بەوجۆرە کردەوە ترسناکانە هەڵدەستن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکەن هاوڵاتی باش بن. بەڵکو خەڵکی هیچ و پوچ و بێ ئەرزشن.. توێژینەوە کۆمەڵایەتیە نوێکان، دەریان خستوە زۆربەی تاکەکانی نێو ئەو گروپە ئاژاوەچیانە لەژێر کاریگەری پاڵنەرە ناچیزەکانی نێو قوڵاییەکانی ناخیان دا ئەو کردەوانە دەکەن[٦] چونکە لە ساتەوەختە ئاساییەکاندا ناتوانن ئەو مەبەست و پاڵنەرانەی نێو ناخیان بەرجەستە بکەن و بەدی بێنن، بۆیە چاوەڕوان دەکەن هەلێکیان دەست بکەوێ، زۆر جاریش لەنێو پانتایی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و خرۆشانە میللیەکاندا ئەو هەلەیان دەست دەکەوێ، ئیدی خۆیان دەخزێننە نێو ڕیزەکانی گەل و، ئەو بارە دڵگەرمی یەی نێو گەل دەقۆزنەوە و دەست دەکەنە کوشتن و برین.

گەل پێکهاتوە لەکۆمەڵێك هاوڵاتی باش، کە لەژێر کۆڵی قورسی ژیاندا دەناڵێنن.. بۆیە پێویستە لەسەرمان هەوڵ بدەین و کۆشش بکەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و کۆمەڵایەتی ئەو هاوڵاتیانە، هەر چەندە نابێ ئەم ڕاستیە هاندەرمان بێت بۆ چاودێری کردنی ناچیزە و خوێنڕێژەکان، بەبەڵگەی ئەوەی گوایە ئەوانیش ڕۆڵەی گەلن.

دید وبۆچوونێ:

لەسەردەمە سوڵتانیە بەسەرچوەکاندا، دەستەڵاتداران ڕاهاتبوون لەسەر بەسوک سەیرکردنی گەل و لەقەڵەمدانی هەموو میللەت بەئاژاوەچی.. هەموو رابەرێکی میللیشیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە ئاژاوەگێر و ئاشوبچیە. لەیەکێك لە پەرتوکە پێشوەکانمدا باسم لەم مەسەلەیە کردوە و لایەنە هەڵەکانیم ڕون کردۆتەوە[٧] لەڕاستی دا ئەم بۆچونە، راوبۆچونی چینە ستەمکار و زاڵ دەست و خۆسەپێنەکانە. هەر ئەم پێرەش ئەو دید وبۆچونە لەنێو خەڵکی دا بڵاو دەکەنەوە تاکو لەو ڕێگەیەوە پلە وپایە و تایبەتمەندیەکانی خۆی بنچ داکوتاوتر بکات.. گەل لەدیدی وی دا نەفام و دوژمن کارە، بەو پێیەش شایستە نیە بەوەی جڵەوی فەرمان ڕەوایی بگرێتە دەست یاخود ململانێی ئەو چینە بکات لەسەر دەستەڵات. ئێمە لەکاتێکدا، ئەمرۆکە دان بەهەڵەیەتی ئەو دیدو بۆچونەدا دەنێین، نابێت لەکاردانەوەی بەرانبەری دا توندڕەو بین بەڕادەیەك هەر گردبونەوەیەکی ئاژاوەچیانە، بەوە بناسین کە کرۆکی گەلە و پێویستە ڕێزی بگرین!! فەرمانداران لەسەردەمی رابردوودا هەموو گەلیان بەئاشوبچی لەقەڵەم دەدا، ئێستاکەش لەسەردەمی شۆڕش دا هەندێك لەئێمە هەموو ئاشوبچیان بە گەل دەزانین، بەو پێیەش ڕاستی (نێوەندگی) لەنێو ئەوان و ئەماندا بزر بووە!

(مارکس) ئاشوبچیانی بە (لۆمپ برولیتاریا) ناوزەد کردوە، مەبەستیشی لەو توخمە لە پەت بەربویە گەلەپەراوێزی چینی کرێکاردا دەژین، مارکس بەم جۆرەیان پێناس دەکات: "ئەو جانەوەرە دۆگمایانە، خڵتەی نزمترین گرۆی کۆمەڵگەی کۆنن، لەوانەیە شۆڕشی برۆلیتاریا ڕایان کێشێتە نێو بزاڤ و جموجوڵ، بەڵام بارودۆخی ژیانیان و حاڵ و باڵی بژێویان وایان لێدەکات زیاتر لەئامادەباشی دابن بۆ خۆفرۆشتن بەکۆنەپەرستی"[٨] ئەم قسەیە زۆر ڕاستە... ئەو ئاژاوەچی یانەی ئەمرۆکە دەیان بینین زۆر دڵگەرمن بۆ شۆڕش، لەوانەیە سبەینێ هەڵگەڕێنەوە و ببنە سەرسەخت ترین دوژمنی، گەر خوانەکردە شۆڕش ڕو لەپاشەکشە بێت.

من و ئاژاوەچییان:

ئەم قسەیە بەبێ هۆ دە ناکەم، چونکە بەخۆم مەترسی ئاژاوەچییەکانم تاقی کردۆتەوە و بەیەم بەڕادی ناچیزدییەکەی بڕد، لەکاتێکدا پەرتوکی (واعیزەکانی سوڵتان)م لەساڵی (٢٠٠٤) دا چاپ و بڵاو کردەوە. من لەترسی و چاپکردنی پەرتوکی (واعیزەکانی سوڵتان) دا مەبەستم لەوە بوو (دین) خاوێن بکەمەوە لەو چڵک و چەپەڵیە سوڵتانیەی کە پێوەی لکاوە... چونکە ئاین لەبنەڕەتی سروشتەکەیدا بزاڤێکی شۆڕشگێڕیە، وەلێ سوڵتانەکان و واعیز و یاساوڵەکانیان، ئاینیان لەو سروشتە یەکەمینەیەوە گۆڕیوە و کردویانەتە ئامرازێ بۆ بێهۆش کردن و لەخشتەبردن و گۆێڕایەڵی کوێرانە. هەر چۆن بێت، ئاژاوەچییەکان بەجۆرێکی زۆر سەیر لە ئاشار نوسەری ئەم جەنت دژەدا خرۆشان، پتر لەجارێکیش هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد... هەندێکی تریان ئەدەسڵەمینەوە لا زۆی لەسەرێ دا ویێیەن کە بەردو دۆزەخ دەچێ و نەفرەتی خودا و هەموو فریشتەکانیشی بەسەردا دەبارێ.

پێمیان دەگوت: چۆن دەگونجێت تۆ پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەکانی و ئال وبەیتە پاکیزەکەی ئاوزەد بکەی بە (شۆڕشگێڕان - بزار)، لەکاتێک دەشزانیت وشەی (شۆڕش - الپورة) لەوزەی (تا - الثور)ەوە هاتوەدا چونکە ئەمە یاخی بونە لە فەرمانی خودا و بانگەشە کردنە بۆ ئاشوب و فەوزا.. من لە ئاشار ئەو قسەیەدا کەوتومە هەڵوێستێکی بێزارکەرەوە.. لە لایەکەوە نەمدەتوانی بە شێوە زانستییەکەی وشەی (شۆڕش - الپورة)یان بۆ ڕوون بکەمەوە، چونکە دەستەڵاتداران وێی قەلی و قورە دەبوون، لە لایەکی دیکەشەوە نەم دەتوانی بێدەنگ بم و بواز ڕاڵ بکەم ئاژاوەچییەکان پێی لێ ڕابکێشن.. بەو هۆیەوە وەک کەسێکم لێهات کە دەرزی یان مەرسی قوت دابێ، نەمدەتوانێ لەگەرویدا دەری بێنیتەوە و نەیدەشتوانێ قیروسیایی لێ بکات و وازی لێ بێنێت.

سەیریش لەوەدایە ئێستا هەندێک لەو کەسە ئاشوبچیانەی گەردیان دەرو بەکرۆن دەبینم، ڕەوتێکی پێچەوانەیان وەرگرتوە، هەنوکە دەیانەوێت دژەکانی من بکوژن، ئیدی نازانم سوبحەینێ چی دەکەن، لەوانەیە هەوڵ بدەن منیش دژەکانیشم پێکەوە بکوژن!

مەترسی لاوە دڵ گەرمەكان:

لێرە خەڵكانێكی دیكە هەن، كە بەئەندازەی ئاژاوەچی یەكان لەمەترسی ئەمانیش دەترسێم.. ئەوانیش ئەو گەنجە دڵگەرمانەن كە كەم تا زۆرێكیان لە رۆشنبیری نوێ هەڵگرتوە. بە لای منەوە هەندێ جار ئەمانە لە ئاژاوە چی یەكان مەترسی دارترن، چونكە ئەمان بە چەكی بەڵگە و ئەقڵی و ئەقلیەكان دەجەنگێن... ئەم چەكەش وەك لەبەشێكی رابردوودا گوتومە، زۆر لەو چەكە ترسناك ترە كە لەئاسن دروست كراوە..

گرفتی ئەوان لەوە دایە كەم دەخوێننەوە و زۆر دەمبەدەمە دەكەن، ئەر بیرۆكەیەكی دیاریكراویشیان وەرگرت، بە لەبەر كردنی تێكستە ڕواڵەتیەكەی دەست هەڵ دەگرن و ئیدی هەر دەی هێنن و دەی بەن، تەنانەت لەوانەیە هێرشیشی پێ بكەنە سەر هەر بیرۆكەیەك كە نەچێتە دڵیانەوە، بائەو بیرۆكەیەش لە كرۆكی ئەو فیكرەیە دابێت كەخۆیان بانگەشەی بۆ دەكەن.

ڕەنگە لەو سنورەش دا نەوەستن، بەڵكو شێوازی توندوتیژی و ڕەقێتی‌وە كار دەبەن لەهەر دەمبەدەمەیەك كە لەگەڵیاندا دەكرێ.. هەندێكی دیكەیان پەنا دەبەنە بەر دەست بەجێ تۆمەتباركردنی ئەو كەسەی هاوڕا نیە لەگەڵیاندا و بۆی هەیە دەست درێژی بكەنە سەر و سوكایەتیشی پێ بكەن.. نازانن بەو كارەیان خەڵكی دور دەخەنەوە لەو بیروباوەڕەی بانگەشەی بۆ دەكەن و دڵگەرمن بۆی.

بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤ خاوەنی (دڵ و سۆزە) وەك لەوەی خاوەنی (ئاوەز و لۆژیك) بێت، هەر بۆیە خەڵكی لەهەر ڕێبازێك ئەو شێوەیە وەردەگرن كە شوێنكەوتوانی ڕێبازەكە پەیڕەوی لێدەكەن، ئەگەر شوێنكەوتەكان خراپ بوون، خەڵكی وا گومان دەبەن كە ڕێبازەكەش خراپە، زۆربەی جاریش هەقیقەت لەسەر دەستی شوێنكەوتەكانیدا بەو هۆیەوە بزر دەبێ.

قورئان لەئامۆژگاری كردنی شوێنكەوتوە یەكەمینەكانی دا دەڵێت: "لاتستوی الحسنة و لا السیئة، إدفع بالتي هی احسن، فاءذا الذي بینك و بینه عداوة كأنه ولیي حمیم"[9]...

چەندە گونجاو و شیاوە گەنجەکان سود لەم ئامۆژگاریە وەربگرن کە قورئان سەدان ساڵ لەمەوبەر هێناویەتی.

ڕونکردنەوەیەکی پێویست:

تکام وایە خوێنەر لەقسەکانم بەو جۆرە تێ نەگات کە مەبەستم گەنجەکانی پارتێکی دیاری کراوە، لەو پارتانەی کە لەم ڕۆژگارەماندا لە ململانێی یەکتر دان، ئەوەی من ئاماژەم پێداوە دەچەسپێت بە سەر زۆرێك لەگەنجە دڵگەرمەکانی نێو هەموو پارتەکان و لەهەموو وڵاتێکیش دا، ئەخاسمە لەم وڵاتە ئارامەی هێمەدا!

هەر حیزبێك بگری، گەر بواری سەرکەوتنی بۆ بڕەخسێ لەماوەیەکی مێژوویی دا، ئەوا گەنجەکانی هەمان ئەو کردەوەیە دەکەن کە گەنجەکانی حیزبێکی تر کردویانە.. ئەزمونی زۆرمان گوزەراند و، زۆربەی لاوەکانمان، لەهەموو بیرو شێوە و ڕەنگەکان تاقی کردەوە، دیتمان لە ڕەفتاریاندا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە، لەکاتێکدا دڵگەرمی زۆریان بۆ دێنێ.

ئێستاکە من هەواڵی زنجیرەیەك دەست درێژی بێ پەردە دەبیستم کە باندەکانی گەنجان لە هەندێ ناوچەی (بەغدا) دا پێی هەڵدەستن، سواری دووچەرخە دەبن و بەدوی نێچیرێکدا وێڵ دەبن تاکو تێر وپڕی بکوتن، گەر هەلی تەواو بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێ، هیچ دوودڵ نابن لەوەی دزێوترین کردار ئەنجام بدەن.

سەرانی حیزبەکان:

سەرکردەی حیزبەکانیش لەم قۆناغە جەنجاڵەدا بەدەست گرفتێکی سەختەوە دەناڵێنن، ئێمەش ستەمیان لێ دەکەین لەکاتێکدا ئۆباڵی هەموو ئەو کردەوانە دەخەینە ئەستۆیان کە لایەنگر و شوێنکەوتەکانیان پێی هەڵدەستن. بەپێچەوانەوە هەقە خەفەتیان بۆ بخۆین (دەربڕینی وەرگێڕ) لەبری ئەوەی سەرزەنشتیان بکەین. هەمان ئەو گرفتەیان هەیە کە سەرانی ڕێباز و بیروباوەڕ و پارتەکانی بەر لەمان هەیانبوو، هەر کامیان بگری کەوتۆتە نێوان دووباری یەك لەوی دی تاڵ ترەوە: یان ئەوەتا جڵەو

شل دەکات بۆ شوێنکەوتەکانی و بەگوێرەی دلگەرمی خۆیان چی دەکەن بیکەن، یان ئەوەتا توند دەبێ لەگەڵیاندا بەو جۆرەش دلگەرمی یان نامێنێت و هێز و پێزیشیان لاواز دەبێت.

شیاوی گوتنە هەموو حیزبێک هێز وتوانای خۆی لەزۆری شوێنکەوتوەکانیەوە وەردەگرێ، بەلاّم کاتێ شوێنکەوتەکانی زۆر دەبن خەلّکانی هەلپەرست و خوێنرێژ و ستەم کار خۆیان دەخزێننە نێوانیانەوە.. سەرکردەی حیزبەکانیش بەو هۆیەوە دەکەوێتە نێو سەرسامیەکی ناتەندروستەوە.. ناشزانێت لەو دوو لایەنەدا کامیان وەربگرێت... ڕەنگە لادانێکی کەم بەلای هەر لایەکیاندا ببێتە هۆی پاشەکشەکردن و شکست هێنانی حیزبەکە.

هەلی ئەوەم بۆ ڕەخساوە کەلەگەڵ هەندێ لەسەرکردەی حیزبەکانی لای خۆماندا بدوێم، هەستم دەکرد خاوەنی نەرم و نیانی و پیاوەتی و هەقپەیفینی هێمنی و تۆکمەن... یەکێك لەو سەرکردانە باسی ئەوەی بۆ کردم کەچۆن هەوڵی داوە دلگەرمی نێو لایەنگرانی کەم بکاتەوە و ڕێنمایان بکات بەرەو ڕێگەی ڕاست و مام ناوەند بەلاّم ئەوا گوێیان پێ نەداوە.. چیرۆکێکی دیکە هەیە و کەسانێکی زۆر دەیگێڕنەوە.. چیرۆکەکەش باس لەوە دەکات پیاوێکی ناوداری نێو حیزبێک، لەنێو ناپۆرەیەك لەئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی دا دەبێت، دەستی کردۆتە هات و هاوار بۆ ئامۆژگاری کردنیان، ئەوانیش نایکەنە نامەردی (دەربڕینی وەرگێڕ) دەست دەکەن بە لێدانی تەنانەت خەریکە بیکوژن... ئەمەش کاتێ دیویانە قەوی و قۆڵ و گۆشتن بوە و وایان زانیوە دەرەبەگە یاخود یەکێکە لە بەکرێ گیراوانی ئیمپریالیزم.. ئەگەر بهاتبا و هەندێ لە هاوڕێکانی لەدەستی خەلکەکە ڕزگاریان نەکردایە، ئەمڕۆکە لەژێرخاکدا شاردرابویەوە و خەلکیش فاتیحایان بۆ دەخوێند (دەربڕینی وەرگێڕ) و حەسرەتبار بوون بەمردنی.

کورتە بەرەنجامگیریەکی کۆمەڵایەتی:

مێژوو باسی زۆرێک لەو بزاڤ و ڕاپەڕینە میللیانەمان بۆ دەکات کە لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا لەکۆن و نوێ دا سەریان هەڵداوە، لەزۆرینەی ئەو ڕاپەڕینانەدا ئاژاوەچێتی‌یەکی خراپ و دڵگەرمییەکی ستەمگەرانە هەست پێ دەکەین.. وەلێ نابێ ئەو ڕاستی‌یەمان لەیاد بچێت کە ئاژاوەگێڕی و دڵگەرمی لەڕوی بەرەنجامەکانیانەوە بەگوێرەی سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆڕێن کەتیای دا بەدەر دەکەون.

لەشۆڕشی فەرەنسیدا بینیمان چۆن قەنارە بەرپا دەکرا و بەلێشاو خەڵکی تاوانبار و بێ تاوانی پێدا دەکرا، جەماوەریش لەدەوری قەنارەکاندا دادەنیشتن و بەقوربانیەکان پێ دەکەنین.

لەشۆڕشەکەی ئێمەدا قەنارە بەرپا نەکرا وەك لەشۆڕشی فەرەنسی دا بەرپاکرا، بەڵکو گوریس و خنجەر و گاڵۆك و بتڵی تێدا بەکار هێنرا، گەر ماوەی شۆڕشەکەمان زیاتر درێژەی بکێشایە، لەوانە بوو شتی وامان تێدا بدیبا کە جگە خودا کەس نازانێت ئەو شتانە چۆن دەبوون و هەروەها ڕوایەکان باسی ئەو ڕوداوانەمان بۆ دەکەن کە لەسەرەتای شۆڕشە مەزنەکەی (چین) دا ڕویان داوە، لەساڵی (١٩٥١)دا، لە وڵاتی چین بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بەدەر کەوت بەزمانی چینی ناو نرا (سن فن وو فن)، مەبەست لەو بزاڤە پاککردنەوەی وڵات بوو لە خیانەتکاران و گەندەڵکارانی دەسگا و دامەزراوەکانی حوکم.. جاری وا هەبوو خەڵکی لەدەوری یەکێك لە (گەنجینە)کان کۆ دەبونەوە ئەمە لەدوای ئەوەی حکومەت لە ڕوکاری دەرەوەی گەنجینەکەدا ئاگاداری یەکی هەڵدەواسی و تۆمەتێکی دەدایە پاڵ خاوەنی گەنجینە کە، لەوکاتەشدا خاوەنی گەنجینەکە هەستی بە سەرشۆڕی و ریسواییەکی زۆر دەکرد و لەبەردەمی خەڵکەکەدا لەسەر زەوی و، گەر ڕەوانەی دادگاش بکرایە خەڵکی ئابۆرەیان لێ دەدا و سوکایەتیان پێ دەکرد و تەماتە و هێلکەی بۆگەن کردویان بۆ دەهاویشت.

خەڵکی (چین) هەر چی بکەن دەرهەق بەو تۆمەتبارە، هێشتر ناوێرن بەقەمە هێرشی بکەنە سەر یاخود بەگوریس ڕای کێشن، ئەو پەڕی شتێ کە لەبەرانبەریدا

بیکەن ئەوەیە چاوەڕوان بکەن تاکو فەرمانی دادگای لەسەر دەردەچێت، لەدوایدا ئەوان داوا بکەن سزاکەی سەخت تر بکرێت یاخود لەسێدارە بدرێت.. زۆر جاریش کابرای تۆمەتبار کراو دان بەگوناهەکەی دادەنێت و پەژیوان دەبێتەوە و بەوجۆرەش بە بێ وەی دەگەڕێتەوە نێو ماڵی خۆی.

وادیارە خەڵکی (چین) کەلتورێکی کۆمەڵایەتی وایان هەیە کە ڕێیان لێدەگرێت لەوەی لەدلگەرمی شۆڕشگێڕیاندا بەئەندازەی ئێمە زیادەڕەوی بکەن... تەنانەت لەوانەیە دروست بێت بێژین ئێمە هێندە زیادەڕەویمان کردوە لەدلگەرمی یەکەماندا، بەجۆرێ نمونەی لەهیچ جێگە و ولاتێکی تردا نیە.

گوێم لێ بوو یەکێك لەگەنجەکانمان بەشانازیەوە دەیگوت: (گەلی عێراق لەناو هەموو گەلانیتردا ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە شێوازی سەرکوت کردن و پێست کەنینی داهێناوە) نازانم ئەم گوتەیە چەندە ڕاستە، بەڵام لە قوڵایی دڵمەوە هیواخوازم ڕاست نەبێت، چونکە نەتەوەکانی ئەمرۆ هۆکارگەلی جوداجودا دادەهێنن بۆ چونە سەر هەیف و مەریخ... ئێمەش شانازی بەداهێنانی شێوازی ئەشکەنجە و ئازاردانەوە دەکەین.

لە پشتی حیزبەکانەوە:

لەم رۆژگارەدا ململانێی حیزبی لای ئێمە توند بوە، هەر حیزبە و دژەکانی خۆی جنێوباران دەکات و توندڕەوی و تاوانکاریان دەداتە پاڵ، ڕاستی زانستیش لەنێوەندی ئەو ململانێ توندوتیژەدا وون بووە.

بەرای من، ئێمە نابێ لەجنێودانە حیزبەکانماندا زۆر بڕۆین، بەجۆرێ ئەو باکگراوەندە لەیاد بکەین کە لەپشتی حیزبەکانەوەیە و خۆی لەسروشتی کۆمەڵایەتی دا دەبینێتەوە.. ئەو حیزبەی کردەوە ترسناکەکان دەداتە پاڵ دژەکانی، بیر لەوە ناکاتەوە کە خۆیشی هەمان ئەو کارانە دەکات، یاخود بەلایەنی کەمەوە بەشێك لەو کارانە دەکات، ئەمە گەر بێت و هەلی لەباری بۆ برەخسێت ـ ئەمیش لەو کۆمەڵگەیەدا دەژی کە دژەکانی تێیدا دەژین. کەواتە ئەمیش دوچاری هەمان ئەو ئەخۆشیانە بوە کە ئەوان توشی بون.

بۆ نمونە سەرنجی ئەو کردەوە ترسناکانە بدە کە لە (کەرکوك) ڕویانـدا.. لای هەندێکمان ئەو ڕوداوانە وەکو (کراسەکەی عوسمان)یان لێ هاتووە، ئەوەتا هەندێك لەبەها و قورساییەکەی کەم دەکەنەوە یاخود لەئاستی دا چاو دادەخەن، کەچی هەندێکی‌تر زیادەڕەوی تێدا دەکەن و، لە گێڕانەوەیدا ترش و خوێی پێدا دەکەن (دەربڕینی وەرگێڕ). هەر هەموشیان لەگۆشەنیگای حیزبی تەسکەوە سەیری دەکەن و ئەو ڕوکارە کۆمەڵایەتیەی تێیدایە پشت گوێی دەخەن.. تەنانەت لەوانەیە هەندێکی‌تر هەمان ڕێگەی پێشینان بگرنە بەر، ئەوەندەی بۆ دەربڕینی ڕق لە عەلی بەسەر کراسەکەدا دەگریان، بۆ دەربڕینی خۆشەویستی معاویە نەبوو.

نابێت نکولی لەو کردەوە ترسناکانە بکەین کە لە (کەرکوك) و شوێنەکانی دیکە دا ڕویانداوە، کە بەڕاستی، کردەوە گەلێکی دڕندانە بوون و هەر مرۆڤی هەست بەکەرامەتی خۆی بکات ناتوانی خۆی لێ بێئاگا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ هەموو تۆباڵەکەی بدەینە لای فلان یان فیسارە حیزب.. ئەو کەسانەی کردەوەکانیان ئەنجامدا، گەنج و دلگەرمەکان بوون، بەر لە هەر شتێکی تریش عێراقی بوون، من بەدوری نازانم لەگەڵ ئاواز هەڵبڕینی هەر بانگ دەرێ یان لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەکدا هەمان کردەوە دووبارە بکەنەوە.

گرفتەکە، گرفتی حیزب نیە، بەئەندازەی ئەوەی کێشەی کۆمەڵگەیەکی ناساغ و ناتەندروستی وایە کەچەندین پەتا ونەخۆشین وەچە لەدوای وەچە ڕویان تێکردوە. بۆیە لەکاتێکدا ئەم ڕاستیەیە فەرامۆش دەکەین، پارەمەتی دەر بین تاکو جار لەدوای جار ئەو ڕوداوانە لەوڵاتەکەماندا دووبارە و چەند پات ببنەوە.

دەڵێن: دەستی بیانی لەپشتی قەسابخانەکانی کەرکوکەوە بوون. ئەم گوتەیەش ڕاستە، بەڵگە گاڵتەپێنەکراو لەبەردەست دان کە پشتگیری ئەو قسەیە دەکەن. سەرباری ئەوەش لەکاتێکدا دان بەو ڕاستیەیە دادەنێین، پێویستە دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە دەستی بیانی کاتێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەیەك دادەنێت کە بواری دەست تێوەردان و کاریگەری دانانی هەبێ... ئەو پریشکەی ئاهر دەنێرێتە سەر خەڵکی، جا ئەگەر لەنێو خەڵکی دا بواری نەبێ بۆ ئاگرکەوتنەوە، ئەوا پریشکەکان دەست بەجێ خامۆش دەبن.

سروشتی گەلان:

ئەگەر هەر کەسێك خاوەنی کەسێتی تایبەتی خۆی بێت و لەکەسانی دیکە جیاواز بێت، ئەوا هەر گەلێکیش لەجیهاندا، سروشتی تایبەتی یاخود مۆرکێکی هەیە کە لەسەرجەم گەلانی دیکە جیاوازترە و پێی دەناسرێتەوە. هەر چەندە گەل، هەر گەلێ، لەهەندێ خەسڵەتی دا باش و رێك وپێك بێت، ئەوا لەخەسڵەتگەلێکی دیکەی دا خراپ و دزێو دەبێ. لەدنیادا گەلێکی کامڵ بونی بەمەرەدی ئەوەی مرۆڤی بێگوناه بوونی نیە.

لەوانەیە هەندێ گەنجی دلگەرممان ئەم قسەیان پێ هەرس نەکرێ، چونکە لەم رۆژگارەدا هەستیاریەکی زۆریان لەمەڕ گەلان بۆ دروست بوە، دەشیانەوێت ئێمە کاتێ باسی گەلان بەگشتی و گەلی عێراق بەتایبەتی دەکەین، بەرز و پیرۆزی ڕاگرین و هەموو چاکە ورەفتارێکی بڵندی مرۆڤانەیە بیدەینە پاڵی.

ساڵی (١٩٥١) نامیلکەیەکم بڵاو کردەوە، ناوم نا (کەسێتی تاکی عێراقی)، لەو نامیلکەیەدا گوتومە خەڵکی عێراقی خاوەنی کەسێتییەکی دوو جەمسەرن.. کەچی ئەم قسەیە روداوێکی کۆمێدی ئاوقە کردم، ڕوداوەکەش ئەوە بوو کە یەك رۆژ لەدوای هەڵایسانی شۆڕش یەکێك لەگەنجە دڵ گەرمەکانم بینی کە پێشتر هاوڕێی زۆر نزیکم بوو، کەچی لەو رۆژەدا بینیم مۆنە و حەز ناکات لەگەڵمدا بدوێ، دواتر بۆم ڕون بویەوە کە ڕاستەوخۆ لەدوای ڕودانی شۆڕش ئەو برادەرەم ڕقی لەمن هەڵگرتوە.. ئەم بڕوایەشم کاتێ لا دروست بوو کە سەرنجم دا لۆمەم دەکات ولێم دەپرسێ: (چۆن دەگونجێت ئەم گەلە کەسێتییەکی دوو جەمسەری هەبێت، ها؟) لەوکاتەدا نەمدەزانی چۆنی (تێ بگەیەنم ـ وەرگێڕ) بۆیە بەناچاری داوای لێبوردنم لێکردو گوتم: "من تاوانم دەرهەق ئەم گەلە مەزنە کردوە، بۆیە داوای لێبوردن لەخودا دەکەم و پەشیمان دەبمەوە".

نکولی ناکەم لەو ڕاستییەی کە ئەو گەنجەو هاوشێوەکانی دڵسۆزن لەو گوفتارو رەفتارەیاندا. زۆریش دلگەرمن بۆ پشتگیری کردنی شۆڕش.. جگە لەوەش شۆڕشەکە بەلای هەموانەوە ئازیزە و پێویستە هەرچی دەتوانین لەپێناویدا بیکەین.. سەرباری

ئەوەش، کاتێ پشتگیری ئەو دلگەرمیەی لاوەکان دەکەین، ناتوانین لەگەڵیاندا بڕۆین تا ئەو ڕادەیەی ئەرکی زانستی خۆمان لەهەمبەر شۆڕشەکەدا ون دەکەین.

بەڕاستی شۆڕشەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، وەك چۆن پێویستی بەپشتگیری دلگەرمانە هەیە.. بێگومان لەهەر شۆڕشێکدا، گەنجەکان ئەرکێکی زۆریان لەسەر شانە.. چونکە ئەمان دەبنە سوتەمەنی بزاوت و ژیلەمۆی هەڵایسانی شۆڕش (دەربڕینی وەرگێڕ).. هەر شۆڕشێکیش بگری، پێویستی بەسوتەمەنی هەیە تاکو بتوانێ ڕێ بکات، بەو جۆرەی (کەشتی هەڵمی) پێویستی پێیەتی، وەلێ ئەوەندە هەیە (کەشتی) پێویستی بە کەشتیەوانی دانا وشارەزا هەیە بۆ وەی سوتەمەنیەکە بکاتە شوێنی گونجاویەوە و پاشان ئاراستەی بکات بەرەو ئامانج، دەنا لە جوڵەی بێبەرنامە دا بەرەو لەناوچوون مل دەنێ.[١٠]

گەلی عێراق: داوا دەکەین لەگەنجەکانمان بەر لەوەی دلگەرم بن بۆ گەلەکەیان، پێشەکی لەسروشتی ئەو گەلە بکۆڵنەوە، چونکە پێدەچێت دلگەرمی زۆر لەهەموو گەلانی دیکە پتر، زیان بەخش بێت بۆ ئەم گەلە.

گەلی عێراق ماوەیەکی دوور و درێژە لەژێر کۆلی فورسی بارودۆخی ئابوری و ڕامیاری ستەمکارانە دا ژیاوە، بەئارامگریەکی زۆر سەرسوڕهێنەوە چوەتە ژێر باری ستەمەوە، هەر چۆن بێت، سەردەمی عوسمانی یان مەغۆلی و تەتەریش لەسەردەمی ڕابردوو باشتر نەبوون.. ئەمەش یانی: خەلکی عێراق لەو ماوە شۆمانەدا لەگەڵ ئاکار و ڕەوشتێکدا ڕاهاتووە، کە بەخێرایی لەدوای هەڵایسانی شۆڕش، ئاسان نیە بۆی دەست بەردار بێت لەو ڕەوشت و ئاکارانە.

لەلایەکی دیکەشەوە خەلکی عێراق لەگەڵ ئاکارێکی دیکەش دا ڕاهاتوە کە لە بیابانەوە بۆی هاوردە کراوە.. ئەم ئاکارەش، وەك ئاشکرایە، لەڕوی هۆکار و بەرەنجامە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەو ئاکارە جیاوازە کە لەژێر فامچی یاساولەکاندا بۆی دروست بوە.

لەوانەیە زیادەڕەویم نەکردبێ لەو بەرەنجامگیریەمدا کە بێژم، تاکی عێراقی، بە شێوەیەکی گشتی هەلگری دوو کەسێتیە، لەکەسێتیەکیانی دا دەشتەکی و زۆر توڕەیە،

وەلێ لەكەسێتی دووەمیدا شارستانی‌یەكی مل كەچە و سكاڵاكەر و گازندەكارە لە دەست زەمانە. بەگوێرەی بارودۆخیش یەك لەو دوو كەسێتی‌یە لەخۆیدا نمایش دەكات.

ڕاستی ئەم قسەیە لەو كەسە نەخوێندەوارەكاندا دەبینین، بەتایبەت لەكاتێكدا یەكێكیان ئارەق دەخواتەوە و سروشتی شاردراوەی نێو قوڵاییەكانی ناخی دەردەخات.. ئەوێ دەمێ دەست دەكات بە سكاڵا و هات و هاوار و ڕەنگە لەپڕمەی گریانیش بدات. بەڵام هەر ئەوەندەی بینی خەڵكی سوكایەتی پێ دەكەن، ئەوا بەیەكجاری دەبێتە شێرێكی دڕندە و قەمەكەی هەڵدەكێشێت و پەلاماری دەوروبەری دەدا.

هەر ئەو كەسە ئاسلەمێتەوە لەوەی لەژیانی (ئاسایی)شدا، هەندێ جار بەو جۆرە بجوڵێتەوە.. لەبەرانبەر قامچی پاسەوانەكاندا پەنا دەباتە بەر سكاڵا لەقاپی خودادا.. ئنجا هەر كە كەمێك رۆشتە ئەولاتر و كەسێكی لەخۆی لاوازتری بینی، ئەوا بەسەریەوە دەبێتە (پاساوێ) و لەو دەمەشدا خواوەندی بەخشندەی خۆی لەبیر دەكات!

بەدەربڕینێكی كورت: هەندێ جار ڕەفتاری دەشتەكیەكەی زاڵ دەست دەكات و هەندێ جاری دیكەش ڕەفتاری شارنشینێكی ژێردەستە. وا دیارە لە ماوەیەكی زۆر دوور و درێژەوە ئەم دوو جەمسەریتی‌یەی وەرگرتوە، تا ئەوەتا لە لای بوەتە نەریتێكی كۆمەڵایەتی كە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە."[11]

هەڵاوێردكاریەك:

مەبەستم لەوە نیە بڵێم هەموو گەلی عێراق لەهەمان مۆدیلی ئەو كابرا نەخوێندەوارە نەفامەن. گەلی عێراق كۆمەڵێ چاكە و ڕەفتاری جوانی هەیە كە نكوڵی لێ كردنی ئاسان نیە بۆمان، وەك هەموو گەلانی تر كە هەم چاكەیان هەیە و هەم خراپە.

تەنها گەرەكمە سەرنجی هەموان رابكێشم بۆ لای بوونی كەسانێك لەنێوماندا كە بەرروونی لە ئاكاریاندا ئەو توراسە دو جەمسەریە ڕەنگ دەداتەوە، و لە قوڵاییەكانی ناخیاندا سەرەڕۆیی دەشتەكیەك و مل كەچی شارنشینێك هەڵدەگرن. ئەمانەن كە لە لای ئێمە گرۆی ئاژاوەگێران پێكدێنن. نەخاسمە لەدوای هەڵایسانی شۆڕشەوە. ئەو پێرە

لەهەمووان زیاتر توند وتیژ بوون و تەرمی مردوانیان دەشێواند، لەکاتێکدا پێشتر لەهەموو خەڵکی زیاتر مل کەچ بوون و بەسەر مردووان دا دەگریان.

رۆژێکیان ئاپۆرایەکی جەماوەری بەرفراوانم بینی، بەشەقامەکانی (بەغدا)دا دەهاتن و دەچوون و هوتافیان بۆ ئاشتی دەکێشا و بۆ ئاشتەوایی دەتوانەوە (دەربڕینی وەرگێڕ). بەڵام لەهەمان کاتدا گوریسیان هەڵگرتبوو بۆ هەڕەشەکردن لەو کەسانەی مل نادەن بە بانگەشە ئاشتیخوازەکانیان.. ئاشتی و ئاشتەوایی شایستەی ئەوەیە هەر مرۆڤێ بانگەشەی بۆ بکات کە گەردیلەیە بەزەیی لە دڵی دابێت، چونکە لە پاکیزەترین هەستی مرۆڤ و نمونە باڵاکانیەوە هەڵدەقوڵێ، بۆیە پێویستە بانگەشەکارانی شێوازی نەرم و هێمنانە بگرنە بەر. کەچی دیتمان لەعێراق دا، توندڕەوبون لە ئاشتی خوازیش دا، بەجۆرێ هەر کەس لێی بنواڕیبان پێی وابوو بانگەشەکاری (جەنگ)ن، نەك (ئاشتی).

لەدوای شۆڕش کۆمەڵێ ڕوداو وبەسەرهاتی دیکەم کۆکردۆتەوە، سەرجەمیشیان بەڵگەن لەسەر ڕادەی ئەو دوو جەمسەریەی بەناخی هەندێکمان دار ڕۆچوە، بەڵام من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ئەو ڕایەی پێی گەشتوم لەئەنجامی شیتەڵ کردن شرۆڤە کردنی ئەو (دوو جەمسەرێتی)یەدا ڕاست و دروستە، بگرە لەوانەیە بەهەڵەشدا چوبم. هەر چۆن بێت هەوڵێکی سەرەتاییە، لەوانەیە ڕاست بێ و لەوانەشە هەڵە بێ.. لەم ڕوەشەوە هەڵەکردن ڕێگەی بەرەو (ڕاستی) چوونە!

ڕەخنەیەکی بەجێ:

لەوانەیە کەسێك پێم بڵێت: ئەو شێوازەی تۆ گرتۆتە بەر لەگەڕان وەدوی ناتەواویەکانی گەلەکەماندا، لەم قۆناغە کۆمەڵایەتیەدا کە پێیدا گوزەر دەکەین زیان لەگەلەکەمان دەدات. چونکە هەر گەلێ چاو داچەقێنێ بەسەر ناتەواویەکانی دا، متمانەی بەخۆی لاواز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی هێز و پێزی گەل لەبەرانبەر دوژمنەکانیدا.

ئەم قسەیە ڕاستە، هەر ئەمەشە وای لێکردووم لەسەردەمی کۆمارە گەشەکردوەکەماندا واز لە نوسین بێنم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم: زیادە

ۆزچون لەشوێن كەوتنی ئەم ڕایەشدا، دووبارە زیان بەخشە بۆ گەل.. چونكە ئەگەر ـەران بەدوی ناتەواویەكانـدا متمانـەی گـەل بـەخۆی لاواز بكـات، پەردەپۆشـكردنی ناتەواویەكانیش لە ڕوبەكی‌ترەوە گەل لاواز دەكات، چونكە پاڵی پێوە دەنێت بەرەو ئتەمكاری و دلگەرمی زیاد لەپێویست. ئەو گەلەی ناتەواویەكانی خۆی نەزانێت و پەی ەبات بە خاڵە لاوازەكانی ئاسان نیە بۆی لەبەرانبەر دوژمنەكانی دا بەهێز وتوانا بێت. وژمنی ناوخۆ، هەندێ جار لەو دوژمنە مەترسی‌دارترە كە لەدەرەوە خۆی مەڵاس داوە.

ئێمە ئەگەر دامان بەگوێی گەل دا، كە گەلێكی تۆكمە و تەواوە و ئەویش بڕوای كرد ەو قسەیە، ئەمە دەبێتە هۆی لە خۆبایی بوونی، لەوانەشە بەهۆی ئەو لەخۆبایی ونەیەوە بە ئاقارێكدا بڕوات كە بەسودی دوژمنان بشكێتەوە، یان كەلێنێكیان لە یزەكانی خۆی دا بۆ بكاتەوە كە لێیەوە بتوانن جارێكی دیكە بێنەوە سەری و دەست ڕێژی بكەنە سەر.

هەڵەیەكی بەربڵاو:

هەنـدێ لەبیرمەنـدەكانمان پێیان وایە پێویست ناكات لەناتەواویـەكانی گەلەكەمان كۆڵینـەوە، چونكە لەدیـدی وانـدا ئـەو ناتەواویانـە لـە بارودۆخ و كـەش و هەوایـەكی ەسەرچودا دروست بوگن، هەر گا ئەو بارودۆخانە گۆڕان دەست بـەجێ ناتەواویـەكانی ەلیش لەتەكیدا دەڕۆن، و هیچ گرفتێ لەئارا دا نامێنێ.

ئەم ڕایەی لەساڵانی ڕابردوودا شوێنكەوتوانێكی زۆری هەبوو، كە دەمارگیری بون و ەدلگەرمیـەكی سـەختەوە بـەرهڤانیان لـێ دەكـرد، وەلـێ بـەم دوایيانـە شـوێنكەوتەكانی ێدی هێدی لە كەمی دەدەن، بەتایبەت پاش ئەوەی توێژینـەوە كۆمەڵایەتیـە نوێ كان وچەڵی و ناڕاستی بۆچونەكەیانی سەلاند.[٧٢]

هەنـدێ خڵتـەی فیكـری و كۆمەڵایـەتی هـەن كـە لـە مـاوەی چـەندین وەچـەدا بـە ولاییـەكانی دەروونمانەوە نیشتون، بۆیە ناگونجێت تەنها بەگۆڕانی سیستەمی ئابوری و امیاریمان دەست بەجێ ئەو خڵتەنیشتوانە لەناو بچن.. چونكە بەڵخێ نیە لە ڕۆژێكدا روست بوبێ تا لەڕۆژی دوەمدا ئاسەواری نەهێڵدرێ.. بەڵكو بەهێزترین گومان ئەوەیە

کە تا ماوەیەکی دور ودرێژ کاریگەر دەبێت لەسەر ڕەفتار وناکارمان.. تەنانەت لەوانەشە ببێتە کۆڵەکەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت گۆبەنگ بۆ ڕژێمە تازەکەمان بنێنەوە. ئێمە پێویستمان بە شۆڕشی فیکری و سۆسیۆلۆژی هەیە، وەك چۆن ئاتاجمان بەشۆڕشی رامیاری و ئابوری هەیە.. بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە ناکەین لە شۆڕشەکەمان کە بەڕێبازی ڕێکی خۆیدا بڕوات، ئەگەر نەتوانین ڕێنمایی گەل بکەین بۆ ئەو خڵتە نیشتوانەی نێو (ئاوەزی ناوەکی)یان، کە دەخزێنە نێو قەوارەی کۆمەڵایەتیان و ژیانیان لێ پڕدەکات لە کۆسپ و لەمپەر.

ئالیاریکی شۆڕشگێڕ:

یەکێك لەوەزیرەکانی (مەعاریف) لەسەردەمی شۆڕشدا بانگهێشتی مامۆستاکانی کرد بۆوەی لە نوسینگەی خۆی دا لەدیوانی وەزارەت کۆبونەوەی لەگەڵدا گرێ بدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە بوو، شۆڕشەکەمان وەك چۆن شۆڕشێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیە ئاوها شۆڕشێکی فیکری و کۆمەڵایەتیش بێت.. وەزیرەکە داوای لە ئامادەبوان کرد ڕۆڵی خۆیان لەو ڕووەوە بگێڕن.

وەزیرەکە بیرۆکەیەکی مەزنی پێ بوو، ئامادەبوان پێی سەرسام بوون و بەڵێنیان دا هاوکاری بکەن و پشتگیری بن، منیش یەکێك بووم لە ئامادەبوان، منیش وەك هاوڕێکانی دیکەم بەڵێنی هاوکاریم دا بەوەزیر، بەڵام زۆر بەداخەوە! دواتر بەڵێنەکەمم شکاند و لێی پاشگەز بومەوە.

لێرەشدا ئەو قسەیە دووبارە دەکەمەوە کە پێشتر کردومە: ئێستاکە ئێمە پێویستمان بە جۆرە نوسەرێکیترە، جیاواز لەو شێوە نوسەرانەی جەنابی وەزیر گەرەکیەتی. کاتەکە، کاتی ئەو نوسەرەیە کە بەشێوازی توند وپاراو بەرەو کامڵ و تۆکمەکردنی کۆمارەکە دەچێت، نەك کاتی ئەو نوسەرە (سارد)ەی کە لەسەر گردۆڵکەیەك ڕادەوستێ و بەدوی هەڵە و ناتەواویەکاندا دەگەڕێت و لەم ڕووشەوە جارێ ڕاستی دەپێکێ و چەندین جاری دیکەش هەڵە دەکات.

عەبدولکەریم قاسم:

بەرلەوەی کۆتایی بەم (وتەی ماڵئاوایی)ە بهێنم، دەخوازم ئاماژە بکەم بۆ هەڵوێستی پێشەوا (عەبدولکەریم قاسم) لەم قۆناغە کۆمەڵایەتیە گرنگەی مێژووەکەماندا.. ئەو پیاوە پتر لەجارێك ڕای گەیاندوە کە لەسەروی ئارەزوو ڕەوتەکانەوەیە. بڕوام وایە لەو قسەیەدا راستگۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم ئەو هەڵوێستەی بەوە بژمێرم کە خاڵیە لە وردبینی و قەڵس بوون.

ئەو سەرکردەی پارت نیە، بەڵکو سەرکردەی وڵاتێکە تیایدا پارتەکان ململانێی یەکدی دەکەن. بەم پێودانگە پتر لە هەر سەرکردەیەکی دیکەی حیزبی ڕووبەڕوی سەراسیمەبون دەبێتەوە.. هەر چەندە بیر لە قەڵسی هەڵوێستی ئەو کابرایە دەکەمەوە هەست بەو قورساییە زۆرە دەکەم کە کەوتۆتە سەر شانی ـ خودا یارمەتی بدا!

لەلایەکەوە ناتوانێ گرنگی دلگەرمی میللی لە پشتگیری کردنی شۆڕشدا فەرامۆش بکات، ئەو شۆڕشەی دوژمنانی لەسەر زۆر بوون، هەروەها ناشتوانێ لەگەڵ ئەو دلگەرمیە دا ڕێ بکات تا ئەو ڕادەیەی دەمارگیرەکان دەیانهەوێ..

لە لایەك وڵاتێکی لەبەردەستدایە کە پێویستی بەسەقامیگریە، لەو لاشەوە شۆڕشێکی هەیە کە پێویستی بە پشتیوانیە، بۆیە ئەو کابرایە پێویستە جارێك بەم لادا بنواڕێ و جارێك سەرنج لەو لا بدات.

من بۆخۆم هەست بەدەستەوسانی دەکەم لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پۆلێکی قوتابیاندا لەکاتێکدا دەمبەدەمە و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئیدی ئەبێ حاڵی ئەو پیاوە چۆن بێ کە شۆڕشێکی گەورەی وەك شۆڕشی (١٤ی تموز) بەڕێوە دەبات لەکۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی عێراقی دا.

هەر چۆن بێت، پێویستە سەرمان دانەوێنین بۆ دان نان بە لێهاتوویی ئەو کابرایەدا، لەسەرکردایەتی کردنی کەشتی ئەم وڵاتەدا لەنێو ئەو هەموو شەپۆلە سەرشێتەدا.

پەراوێزەكانی وتەی ماڵئاوایی:

١. بنوارە: الاستعمار اعلى مراحل الرأسمالية، ل ٥ ـ ٦.

٢ـ بنوارە: Veblen, Theory of Leisure Class

٣ـ لەنێو بازرگانەكاندا چەند برایەك دەناسم كە لەشەقامی ڕەشید كۆگایەكی گەورەیان هەیە و، لە هەموو كەس زیاتر لە بازرگانیەكەیاندا سەركەوتنێكی گەورەیان بەدەست هێنا، لەم سەركەوتنەشیاندا پەنایان بردوە بەر خۆنزیك كردنەوە و ماستاوچێتی بۆ دەستەڵات دارانی دەوڵەت و وەزیرەكان، بەرتیل یان پێ دەدان و كاڵای گرانبەهاشیان بەنرخی هەرزان پێ دەدان.. ئێمەش ئاواتە خوازین ئەو كەسانەو هاوشێوەكانیان ڕیسوا ببن لەدوای واژگون بونی ئەو سەردەمە ستەمكارە قێزەونە.

٤ـ بنوارە: محمد عبدة، نهج البلاغة، ج٢، ل ١٩٨.

٥ـ لەنێو رۆشنبیری میللی و شۆڕشگێری كوردیش دا ئەو چینەی مامۆستا علی الوردی بە (ئاژاوەچی یان غەوغا) ناویان دەبات، پانتاییەكیان داگیر كردوە، لە ساتەوەختەكانی ڕاپەڕینەكەی گەلی كوردستان دا ئەو چینە بە ڕونی بەدەر كەوتن و دەستیان كردە تاڵان وبڕۆ لە پەنای ڕاپەڕین و ڤین و تۆڵەی بەریش خەڵكی ستەمدیدەدا خزمەتی بەرژەوەندیەكانی خۆیان دەكرد، لەئەدەبیاتی كوردی دا ئەو چینە بە (فەرهودچییەكان) ناوزەد كران. وەرگێڕ.

٦ـ بنوارە: Young, Social Psychology, P 397

٧ـ بنوارە: علي الوردي، خوارق اللاشعور، ج١، ل ٢٧٢ ـ ٢٧٣.

٨ـ بنوارە: ماركس و انجلز، البيان الشيوعي، ل ٢٨.

٩ـ بنوارە: القرآن الكريم، سورة السجرة، آيه ٢٤.

١٠ـ دەمەوێ ئەم هەلە بقۆزمەوە و ستایش و سوپاسی قوتابیەكانم بكەم لە كۆلێژە جیاجیاكاندا... لە زۆرێك لەو قوتابیانە هەستم بە ڕۆحی زانستی و ئارەزووی جەدەلی

زانستی كردوە. گەر ئەو نەبوایە ناچار دەبوم واز لە (تەدریس)یش بێنم، وەك چۆن ناچار بوم واز لە نوسین و دانان بێنم.

١١ـ هەندێ لەمامۆستایان ڕەخنەیان هەبوو لە واژەی (كەسێتی دوو جەمسەر) كە وەسفی خەڵكی عێراقم پێ كردوە، بەلایانەوە واژەیەكی زانستی نیە، من تكام وایە لەو مامۆستا بەڕێزانە لە ڕوی وێناكردنی واقعی حاڵەوە سەرنج لەو واژەیە بدەن، نەك لەڕوی دەربڕینەوە، بەلای منەوە راستی واتا گرنگترە لە (لفظ).

١٢ـ بنوارە: ابراهیم كبە، نظرة سریعە في تطور النظام الاقتصادي، ل٩.. وە بنوارە: ماوتسی تونگ، حول التناقض، ل ٤٥ ـ ٤٦.

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی (خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما)

ژ	ناوی کتێب	بابەت	نووسەر	وەرگێڕ	ساڵی چاپ
١	هونەری هاوڕێگرتن /چاپی یەکەم	دەروونزانی	دیل کارنجی	عدنان سجادی	٢٠٠٤
٢	عەشقێکی شووم /چاپی یەکەم	ڕۆمان	طیبە ی تشکینی	فواد کەولۆسی	٢٠٠٤
٣	ڕێنەری کابان /چاپی یەکەم	دروستکردنی خۆراك	دەستەیەك	محمد وصمان	٢٠٠٥
٤	خۆشەویستی قۆناغەکان و پەرە پێدانی / چاپی یەکەم	دەروونزانی کۆمەڵایەتی	ناصر جرجیس	کمال عەلی	٢٠٠٥
٥	حەوتتایبە تمەندیکەسە سەر کەوتووەکان / چاپی یەکەم	دەروونزانی	ستیفن ر. کوبی	عمران هاواری	٢٠٠٥
٦	کەسێتی خۆت بناسە /چاپی یەکەم	دەروونزانی	سهام ابوروس	دیاری عەلی	٢٠٠٥
٧	من و میکانیزمەکانی بەرگری / چاپی یەکەم	دەروونزانی	انا فروید	هەژار جوانرۆیی	٢٠٠٥
٨	دەروونزانی ورفتار /چاپی یەکەم	دەروونزانی	فرانك .س . کابریز	سۆران خورمالی	٢٠٠٥
٩	پانەی دڵان / چاپی دووەم	شیعر	حەمە عەلی مەدهۆش	....	٢٠٠٥
١٠	ڕەخنە لە بەختیار عەلی / چاپی یەکەم	ڕەخنە و لێکۆڵینەوە	نعمانەحمەدرسوڵ و حەمەدینەحمەدرسوڵ	....	٢٠٠٥
١١	خەونەکان لەنێوان زانست و بیروباوەڕدا /یەکەم چاپی	لێکۆڵینەوە	د. عەلی وەردی	عەبدولا جەبار	٢٠٠٥

Xeunekan
Le Newan Zanistu Biru Bawerda

بەشەکانی ئەم پەرتوکە :

لەسەرەتای ئەم پێشەکیەدا وئاماژەم کرد بو ئەوەی ئەم پەرتـوکە کراوەتە سێ بەش . شیاوی گوتنە مەبەسـتی یەکەمینی دانـانی ئەم پەرتوکە لەبەشی یەکەمیدا قەتیس دەبێت ، چونـکە لەم بەشەدا لەرووی کومەلایەتییەوە تاوو توێی خەون دەکەین . بەلام دوای ئەوەی دەستم پەتـال بوو لەنووسیـنی ئـەم بەشە هەستم کرد ، بابەتەکە ناتەواو دەردەچێت ، ئەگەر هاتوو توێژینەوەیەکی لەمەر بیردوزو بوچوونەکانی تایبەت بە خەون ، بەدوادا دەنوسرێت

ئەم بیردوزو رایانەش دابەش دەبن بو دووبەش ، لقێکیان لە خەون دەکولێتەوەو لە ژێر رووناکی (زانستی شیکردنەوەی دەروونی) دا ، لقەکەی دیکەشیان لەخەون دەکولێتەوە لە ژێر رووناکی زانستێکی نوێدا ، کە هەنوکە ناونراوە (زانســتی پاراسایکولوژی) . لەبەر ئەوە لە بەشی دووەمدا هەولمداوە بیردوزدەروونیەکانی تـایبەت بەخـەون کورت بکەمـەوە . پاشـان لەبەشی سێیەمدا هەولـم داوە بیر دوزە پاراسایکولوژیەکان کورت بکەمەوە

لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما
٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣

نرخی (٦٠٠٠) دینار